

نووسەر لە تەمەنی لاوی دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی کتێب :

# بەدەم ڕێگای ژیانەوە

ن : ئەحمەدی قادری

بەر لەوەی بیــر لە داهاتوو بکەیەوە،
ئاوڕێك وە ڕابردوو بدەوە و لە هەڵە و کەم
و کووڕی یەکانت دەرس وەرگرە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێناسەی کتێب:

| | | |
|---|---|---|
| ناوی کتێب | : | بەدەم ڕێگای ژیانەوە |
| بابەت | : | یادداشت و بیــرەوەری ئەحمەدی قادری |
| تایپ | : | سیدجەلالی ساڵحی و ئاکامی قادری |
| مونتاژ | : | خالید یوسفی |
| وێنەی سەر بەرگ | : | ئەیــوبی شەهابی ڕاد |
| ئیسکانی وێنەکان | : | فایەق مەحــموودی |
| چاپ و بڵاوکردنەوە | : | چاپخانەی سەرکەوتن |

ژمارەی سپاردنی وەزارەتی ڕۆشنبیــری :

نۆبەتی چاپ :

تیــراژ :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانگەی من لە سەر ئەم کتێبە:

لەم کتیبە دا کاك ئەحمەدی قادری وەك زۆر کەس کە لە دوو دەیەی دوایی دا بیــرەوە ریەکانی خۆیان نووسیوە، بەسەرهاتی بەشێك لە دەورەی پێشمەرگایەتی خۆی لە ڕیزی حیزبی دێمۆکرات دا نووسیوە کە بەڕاستی بۆ ئەم جیلەی تازە پێدەگەن یا لە ساڵانی دوایــیدا هاتوونە ڕیزی پێشمەرگایەتی بەڵام لەبەر هەل و مەرجی نالەبار مەجالی چوونەوەی ناو خەڵکی خۆیانیان نی یە، زۆر بەسوودە .

ئەم بیــرەوەری یە دنیایەك ئەزموونی سەرنج ڕاکێشی تێدا هاتوە کە بۆ ئەوەی دەبن جیلی نوێ شتی لێ فێر بن و لە کاتی خۆی دا کەڵکی لێ وەرگرن .

کاك ئەحمەد لێرە دا لاسای هێندێك کەسی نەکردۆتەوە کە مادەکەیان بە ویشکی هێناوە و لە چوارچێوەی سیاسەت دا قەتیس یان کردووە مرۆڤــ لە خوێندنەوەی ماندوو دەبێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی ئەدەبی و کوردێکی پەتیو ڕەوان نووسیویەتی . گەلێك جار وەك نیگارکێشێکی بە توانا تابلۆی ڕەنگیی دیــمەنی سروشتی ڕازاوەی ئەو ناوچانە وا دەخاتە بەرچاو کە هەست دەکەی خۆت لەگەڵی و چێژی لێ دەبینی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم سەربردەیە جگە لەوەی بەرِەوانی و پاراوی و زمانی خەڵکی ئاسایی نوسراوە پڕ لە زاراوەی رۆژانەی خەڵکی دڵساف و دڵسۆزی ئەم ناوچانە . پڕیشە لەوانەی وەرگیــرانەی لە ژیانی پڕ مەینەتی خەڵك و دنیایەك لە حورمەت کە خەڵك بۆ پێشمەرگە وەك رۆڵانی راستەقینەی خۆیان قایلن . جارجار بە پارچە هەڵبەستێکی خۆشی دەکاتە چاشنیی بەم شێوە هەستی نەتەوەیی خوێنەر زیاتر دەبزوێنێ و بە وشە گەلی جوان مێشکی خوێنەر دەلاوێنێ .

بێ گومان بیــرەوەری یەکانی کاك ئەحمەد بەوەندە کۆتایی نایە و تەواو نابێ و هیوادارم لە داهاتوو دا باقی بیــرەوەری یەکانی خۆی بنووسێ . بە باوەڕی من ئەو بیــرەوەری یانە بەشێك لەمێژووی گەلە چەوساوەکەمانن و پێویستە بێنە ڕوو، بە شاراوەیی نەمێننەوە و بۆ جیلەکانی داهاتوو ببنە وانە و کەڵکیان لێ وەرگیــرێ . خوازیاری تۆفیقی زیاتر لە بواری نووسین و هەڵبەستوانی دا بۆ کاك ئەحمەد .

**جەلیلی گادانی**

**1 ی ڕێبەندانی 1386ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نامەیەکی هاورێی دڵسۆزم
## کاك عوسمانی ڕەحیمی کە لە پێوەندی لەگەڵ پێدا چوونەوەی ئەم کتێبە دا بۆی نووسیبووم .

**برای بەڕێزم کاك ئەحمەدی قادری!**

ڕێز و سلاوی برایانەم !

هیوام وایە شاد و بە کەیف و تەندروست بی و بە دوور لە دەرد و بەلایان فەلەك بۆت وەسووڕێ . سلاو و ڕێزم هەیە بۆ براژن و چاوی جەنابی میرزا ئاکام و کاك ئالان ماچ دەکەم و هیوادارم ئاکام، ئالانیشی فێرە قسەی زل زل کردبێ . پەخشان سلاوی هەیە بۆ خۆت و براژن و چاوی وردیلان ماچ دەکا . تا پێش دەگەن بۆخۆم وەکیلی سلاو و دەست ماچ کردنی سامان و سوورکێوم بۆتان .

کاکە گیان! تەمبەڵی لێی نەدابووم و خۆت ئەزانی نەزمی مامۆستا وات لێ دەکا کە دەرفەتت بۆ تەمبەڵییە نیە، بەڵام کاری زۆر و ڕاسپاردەی یەك لە دوو یەکی کە کاری وەك ئێوەیان هەبوو و پێشتر دابوویانمێ کارێکی وای کرد چاولێکردنە کە تائێرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـخايەنێ . ئەوا دەفتەری یەکەمم ناردەوە خزمەتت و قۆڵم لە دەفتەری دووهەم هەڵماڵیوە و بەخت یار بێ هەر زوو بە زوو دەیـــخوێنمەوە .

ئەمــما سەبارەت بە کارەکە : خۆم لەو ڕادەیە دا نابینم کە بڵێم پێیدا چوومەوە، و ئەوەش تەعارف نیە و هەر لە بەر ئەوە کە بۆخۆم ڕەنگە لە بەشێکی زۆری ڕووداوەکان دا بووم هانیدام ئەم کارە بکەم، چونکە نەخۆم بەشارەزای ڕێ نووس و ڕێزمانی کوردی دەزانـم (خۆت دەزانی کوردی نووسینەکەش هەروا لە پێشمەرگایەتی دا فێربووم) و نە شیعر ناسم و نە شارەزای فۆلکلۆری کوردی و چۆنیەتیی کاری پێدا چوونەوە بە کتێب و نووسراوان . فۆلکلۆرم بۆیە هێناوە چونکە بەڕاستی نووسینەکەت بێ تەعارف پڕیەتی لە وشە و ئیستلاحی ڕەسەن و جوانی کوردی و چێژم لێ وەرگرت .

هێندێك وشە یان ڕستە یان پاراگراف و تەنانەت یەك دوو لاپەڕەیشم (شوێن شوێن) بە دەورەدا خەت لێداوە و پێشنیارم کردوە لەم هەلومەرجە دا نەبن باشترە و حەزف بکرێن . ئەویش خۆت دەزانی لەبەر چی یە (هەم خۆت و هەم حیزب) . پێم خۆشە خۆت بە وردی سەرنج بدەیە کارەکەم و تێ بینی یەکان، هەرچەند بڕوای قوڵیشم بەوەیە کە : " صلاح مــملکت خویش خسروان دانند " . زیاتر سەرت نایەشێنم، وەکیلی سلاوان بە بۆ دۆستان و بە تایبەت " حضرت اجل اکرم، جناب مصتطاب اقای مهندس رضا خیاطی " . ماڵ ئاوا و هەربژین بۆ گەل .

ئەمڕۆکە لەگەڵ ڕەحیم و کاك محەمــمەد و کاك حەسەن چوارتایی کە بۆ سەردان هاتبوون زۆرمان غەیبەت کردی . سلاویان هەیە .

**برات : عوســمانی ڕەحیمی**

1381/5/25



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرکوتێك

ئەوەی بۆتان دەگێرمەوە، نە ئەفسانەیە و نە ڕۆمانێکی خەیاڵی . بەڵکوو کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕاستەقینە و بێ پێچ و پەنای سەردەمی ژیانی پڕ لە چەرمە سەریی خۆمە . بەڵگەی حاشا هەڵ نەگر و زیندووی پڕ لە کارەسات و کەلاو ڕێژ لە تەنگ و چەڵەمەی تێکۆشەرێکی بنەچەکە هە ژاری سەردەمی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە . گۆشەیەك لە تراژیدیی قۆناغی خەباتی ڕەوای گەلێکی غەدر لێ کراوی دوا هەنگاوەکانی خولی بیستەم و سەرەتای چەرخی بیست و یەکەمە کە پڕا و پڕ لە سەرکەوتن و تێ شکان و ڕووداوی دڵ تەزێن و کارەساتی حەرگ بڕ و بیرەوەریی تاڵ و شیرینە . داستانێکی پڕ لە ڕاستی و زیندووی مێژووی تەمەنی خۆمە کە هەتا ئەم قۆناغەش حەسانەوەی بێ چەوسانەوەم بە خۆمەوە نەدیوە . قەت بە خەمی کۆنەوە سەرم نەناوەتەوە و هەر ئەو ساڵ خۆزگە بە پار بووم . بۆ دەرباز بوون لە نەداری و بێ دەرەتانی هانام وەبەر گەلێك پیشەی جۆرا و جۆر بردوە و لە هیچ کامیان بە مراد نەگەیشتووم . هەر لە کاری وەرزێری و کشت و کاڵەوە بگرە هەتا دەگاتە کرێکاری، ئاڵو وێر، کاروان و کەڵەك، ولاغ داری، ئاشەوانی، کەتیرە کردن، گەزۆ بڕین، مازوو چنین، خەیاتی، سەمپاشی، کاری دەرمانی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامۆستای قوتابـخانە و . . . . . . . هەموویانـم بەسەر کردەوە و لە بەرو بوومی هیچکامیان بە ئاوات نەگەیشتم . دوایـیـن پیشەم لێ خوڕینی ماشێن بوو کە پەنام پێ برد و لەویش دا سەر نەکەوتـم . ئیتـر لەوە بە دواوە بە دوای هیچ کارێکی دیکە دا نەگەڕام و هەولّم بۆ نەدا و بە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە سالّی 1357ی هەتاوی دا و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا، بە لەبەر کردنی بەرگی پیـرۆزی پێشمەرگە کە ئاواتی هەرە لە مێژینەم بوو، تێکۆشانی تەواو وەخت و ڕاستە و خۆم لە پێناوی وەدی هێنانەوەی مافی زەوت کراوی نەتەوە یەخسیـر کراوەکەم دا دەست پێ کرد و هەتا ئێستاش لەگەلّ ئەوە دا کە قەت لەشی ساخم لە خۆمەوە نەدیوە و چەندین جاران نەشتەرگەری کراوم، هەر بەو ئیمان و بڕوا پتەوەی بە ڕێبازەکەم هەمە، هەروا لە ڕیزی خەبات دا ماومەوە .

لە تێپەڕ بوونی ژیانی پێشمەرگایەتیشم دا، زۆر قۆناخی دژوار و پڕ مەترسی و دارمالّ لە هەوراز و نشێوم بڕیون . زۆر جاران هێندێك هاوڕێی نیوە ڕێ کە زۆری نەخایاندوە مێـژوو لە بێژنگی داون و ڕووی ڕاستی یەکان خۆی نواندوە، کەند و کلّۆیان خستۆتە سەر ڕێگای تێکۆشانـم، بوختانیان بۆ هەلّ بەستووم و ڕێگای درێژە دان بە خەباتیان لێ دژوار تر کردووم . گەلێك چەلان لەگەلّ برسی یەتی و تینویێتی، سەرما و گەرمای تاقەت پڕووکێن، ڕێگا ڕۆیشتـن و مەنزلّ بڕی و کەم و کووڕی و بێ ئیمکاناتیی ژیان بەرەو ڕوو بووم و بەر بەرەکانیم لەگەلّ کردوون . بە شەوگاری درێژی پاییـز و زستانان، لە ژێر تەوژمی وشکە سەرما و، ڕەهێلّەی تەرزە و باران و بەفرە پشۆ و بەند و بەستەلّەك دا، ڕایەخم زەوی و پێ خەوم عاسـمان و، بە وەتەی مامۆستا هێمن : " سەرینم قۆنداغی ڕەقی تفەنگ بووە " هەوەها لە ژێر گەرمای پشوو بڕی هاوینان دا بە دەیان جار و بگرە زیاتریش لە ژێر لێـزمەی مووشەکی کاتیۆشا و ڕاکیت و گووللەی تۆپ و خومپارە و دۆشکەی دوژمن دا، لە چەند هەنگاویی مەرگ ڕزگار بووم . لەگەلّ شەکەتی و شەو نـخوونی و ترس و لەرز دا ململانێم کردوە و بە

چۆکم دا هێناون و له یەك قسه دا زۆر قۆناخی پڕ مەترسیم وه دوا خۆ داون . بەڵام هیچکامیان نەیان توانیوه چۆکم پێ دادەن و شوێنەواری دوو دڵی و ڕا ڕایی لەسەر وره و ئیـرادەی شۆڕشگێڕانەم دا بنێن . بێ ئەوەی منەتـم لەسەر کەس دانابێ به ئەرکی سەر شانی خۆم زانیوه که باشتـرین ساتەکانی تەمەنی خۆم له پێناوی بەرژەوەندیی گشتیی حیزب و نەتەوەکەم دا بەخت بکەم . له هەموو قۆناغەکانی خەبات دا ئەرکی پیـرۆزی پێشمەرگایەتیم بۆ گرنگ بووه و گوێ ڕایەڵ و دەست لەسەر سنگ بۆ بەڕێوه بردنی بڕیاراتی حیزب بووم و ماندوویی نەناسانه درێژەم به تێکۆشان داوه .

کاتێك وه بیـر خۆم دێنمەوه که له گەڕانەوەی عەمەلیات و ئەنـجام دانی مەئمووری یەتەکانی حیزب دا خەڵکی دڵ پاك و پێشمەرگه خۆشەویستی گوند ەکان، چۆن به باوەشی ئاوەڵاوه بەرەو پیـری جگەر گۆشه به سەرکەوتن فێرەکانیانەوه دەهاتن و، فرمێسکی شادی له کالانی چاوەکانیان دا قەتیس دەما و له تاڵی و سوێری و خۆشی و ناخۆشی دا لێ یان هەڵ نەدەبڕان، شانازی به خۆمەوه دەکەم که پێشمەرگەم . له هەموو بوارکانی ژیان دا ئەرکی ویژدانی و ئینسانیی خۆمم له بەرانبەر ئەو بەر پرسایەتی یه دا که مێژوو خستوویەته سەر شانـم به جێ هێناوه . بەڵام هیچکامیانـم به ڕادەی ئەرکی پێشمەرگایەتیم که توانیومه به هەموو وجوودمەوه له خزمەت بەرژەوەندیی گەلەکەم دا بـم به دڵ نەبوه . هەر بۆیه له مێـژ بوو به ئاواتەوه بووم سەر بردەی ژیانی خۆم به لاپەڕە کاغەزان وەرکەم و بۆ بەرەی داهاتووی گەله خۆشی لێ تاراوەکەمی به جێ بێڵم . بەڵام لەبەر تەنگه بەر بوونی کات و باری نا لەباری ژیانی گەڕۆکی و جانتا به کۆڵی و شاخه و شاخ و دوەنا و دەوه ن و گوندا و گوند و، نەبوونی هێمنایەتی له ناوچەکه دا و، سەر باری دەردانیش تەوژمی ئەرکی حیزبی و کار و باری ڕۆژانەم، وێ ڕا نەدەگەیشتم و ئەو ئاواتەشم وەك زۆربەی خۆزیاکانـم هەر له چاوەڕوانی دابوو .

ئێستاش کە لێ بڕاوانە شانــم وەبەر داوە و ماندوویی نەناسانە تێ ڕا چووم، وە نەبێ لەبەر دەست بە تاڵی و بێ کاری دەستم دابێــتێ . نەخێر نا وەڵڵاً، نە لە کاری حیزبی مەعاف کراوم و نە کاتیشم ئەوەندە بەر فراوانە بێ پشوو دان و نێو بڕ شانی لێ داخەم و هەتا قوتاری نەکەم سەری لەسەر هەڵ نەگرم . بەڵام هەر چۆنێك بێ قۆناغی دیزە بە کۆڵێم لە کۆڵ بۆتەوە و هەر نەبێ کەمێك داوم دامەزراو ترە .

هەر چەند بە داخەوە بە هۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست و تێدا چوونی بەشی هەرە زۆری یادداشتەکانــم، ڕەنگە بە تەواوی بواری چارەسەر کردنی هەڵە و کەم و کووڕی یەکانــم بۆ لە بار نەبێ و، لە بیــر چوونەوەی بەشێکی بەرچاو لە کات و شوێنی ڕووداوەکان بە هۆی ئاڵۆزیی فکریــمەوە نەك هەر هێز و پێزێکی ئەوتۆی نەبێ، دوور نیە بەشێکی بەر چاوم هەر لێش بە جێ بــمێنێ . بەڵام کورد گوتەنی : " زیان لە نیوەش وەگەڕێ هەر قازانــجە" و لە نەبوونێ هەر باشتــرە . خۆ هەر نەبێ لە هەشتێ مشتێکم وەگیــر دەکەوێ و دەینداری خۆزیا و ئاواتەکانی خۆم نابــم و، ویژدانــم ئاسوودە دەبێ . خۆزگە دەخوازم بە گێڕانەوەی ئەو هێندە بەسەرهاتە توانیبێتم سووچێك لە ژیانی کۆیلەتی و بەش مەینەتیی نەتەوە بەش کراو و بەش خوراو و سەر کوت کراوەکەم و، هەر لەو کاتەش دا فید ا کاری و لە خۆ بووردوویی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو ماوە کورتە دا بــخەمە بەر چاوی خوێنەران و خێر خوازان و هەموو ئەو کەس و لایەنانە کە بە شێوەیەك دڵیان بۆ ئازادی لێ دەدا و لایەنگریی لە مافی مرۆڤ دەکەن . ئێستا بۆ شارەزا بوونی زیاتری خوێنەری خۆشەویست لە نێوەرۆکی مەبەستەکانــم، ڕوون کردنەوەی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بە پێویست دەزانــم :

1 ــ لە گێڕانەوەی ئەم بەسەر هاتە دا نەم ویستوە بە خڕ و پڕی خۆ لە قەرەی مێژووی حیزب لەو قۆناغە دا بد ەم . چونکە یەکەم : باسەکان زۆر لەبەر یەك دەکشانەوە و ئەو تام و چێژەی خۆی لە دەست دەدا و، دووهەمیش : نووسینی مێژووی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دێمۆکڕات بەو هەموو ڕووداو و کارەساتانەوە لە وزە و توانای زمان و پێ نووسی من بە دەرە و، بۆ مێژوو نووس و توێژەرەوانی بە جێ دێڵم . تەنیا ئەوەی بە چاوی خۆم دیتوومە و بە گوێی خۆم بیستوومە و پێوەندیی بە باسەکانمەوە هەیە باسی دەکەم .

2ـ ئەگەر لە باس کردنی بەشێك لە ڕووداوەکان دا کەم و کووڕی بەر چاو کەوت، هەلی نا لە بار مەودای نەداوە ئەو شێوە کە هەڵ دەگرێ شی کردنەوەیان لەسەر بکەم . جگە لەوەش هێندێك شتی وا هەیە کە لەم قۆناغە دا هەر بۆ لێ دوان نابێ و هەڵی دەگرم بۆ هەلێکی لە بار تر .

3 ـ ڕیز کردنی هەموو ڕووداوەکان بە زنجیرەیی دەبێتە هۆی ئاڵۆز بوونی باسەکان . هەر بۆیە بەشێك لە ڕووداو، یان بیرەوەری یەکان بە جیاواز تۆمار دەکەم و لە باسە سەرەکی یەکانیان هەڵ داوێرم .

4 ـ بە وەبەر چاو گرتنی ئەوە کە باسەکان وشك و برینگ و ڕەق و تەق نەبن و خوێنەر ماندوو نەکەن، نێو بە نێو قسەی بە تام و نوکتەی پێکەنیناویم ئاوێتە کردوون . بۆ زیاتر بە پێز کردنی ئەدەبیاتەکەش لە زۆر شوێن دا لە پەندی پێشینانیش کەڵکم وەرگرتوە .

5 ـ چەندی لە وزەم دا بوو بێ لە وشەی ڕەق و نامۆ خۆم بواردوە و، بە ئەدەبیاتێکی ساکار و خۆماڵی و، بە زمانێکی پاراوی دێهاتی یانە مەبەستەکانم هەوێن کردوون .

6 ـ ئەو نوکتە و قسە جەفەنگاویانەی لەملا و لاوە کۆم کردوونەوە و دۆست و ناسیاوان بۆیان گێڕاومەوە، هەر بە زمانی ئەو کەسانەوە تۆماریان دەکەم کە لێم بیستوون و لە خێر و شەڕیان بێ بەریم .

7 ـ بۆ کەڵك وەرگرتنیان لە کاتی پێویست دا، گوڵ بژێرێکم لە ڕووداوە گرنگەکانی جیهان، ئێران و کوردستان کردوە و نێو بە نێو لەگەڵ باسەکان گونجاندوومن .

8 ـ ئەو کەسانەی پێوەندی یان بە باسەکانـمەوە هەیە، زۆر بە کورتی، یان بە واژەی ئێستایی، تەلگرافی ناساندوومن و لە باس کردنیان بە چاك و خراپ خۆم بواردوە . ئەوەش لەسەر پێشنیاری هاورێ یەکی دڵسۆزم بوو .

9 ـ لە سەرەتاوە تەنیا ژیانی دەورانی پێشمەرگایەتیم وەبەر چاو گرتبوو و لەسەری دوابووم، بەڵام لەسەر پێشنیاری هاورێ یەکی دڵسۆزم ئاورێکی سەر پێییم لە ژیانی سەردەمی منداڵی و سەرەتای لاوەتیشم داوەتەوە .

لە دوایی دا داوام لە خوێنەران بە تایبەت ئەو کەسانەی هاوسەنگەرم بوون و لە نێو جەرگەی ڕووداوەکان دا بوون ئەوەیە : بە چاوێکی مامۆستایانەوە لە نووسراوەکەم بڕوانن و، دڵسۆزانە تێی ڕا مێنن و، لە هەڵە و کەم و کووڕی یەکان بەنووسراوە ئاگادارم بکەنەوە . تابەڵکوولە داهاتوو دا هێز وپێزی زیاتری پێ بدەم . بە هیوای گەیشتـن بە دوا ڕۆژێکی ڕووناك و دابەزاندنی بووکی ئازادی لە کەژاوەی نەورۆزی ڕزگاری .

**سلێمانی**

**7ی پووشپەڕی ساڵی 1366ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێ داچوونەوەیەکی سەر پێ یی بە ژیانی منداڵی و سەرەتـای لاوەتیم دا .

گوندێکی خونچیلانە و بە دیـمەن ناسراو بە " نـجنێی سەروو " کە لە هەناوی کۆمەڵە چیایەکی سەرکێش و شاخاوی و لە پاڵ چۆمێکی بە زەوی ڕۆچوو دا هەڵ کەوتووە، یەکێك لەو گوندە دڵگرانەیە کە لە ناوچەی مەیدانانی مەڵبەندی بانە دارِزقاوە . دیـمەنی هەست بزوێن و خەم بەزێن و دڵ لاوێن و ئەفسووناویی کە ڕازاوەیە بە هەوای بێ گەرد و سازگار، شیناورد و لێرەوار، مێرگ و مێرغوزار، بێشەڵان و چەم و بەستێن، لووتکە و بەندەن و قەد پاڵ و داوێن، زەمەن و بژوێن، تاڤگە و قەڵپەزە و ئاو هەڵ دێر، نسێ و لاپاڵی زەنوێر، قۆپی و بنار، دارستان و لێرەوار، چیمەن و گوڵزار، ئاسۆگە و ڕەوەز و دەم یاڵ، بە ڕۆژ و لانواڵ، بە تایبەت لە سەرە بەهاران دا کە دەشت و دەمەنی بە مافوورەی گژ و گیا دەنەخشێندرێ، سەرنـجی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و دڵ نەرم بۆ لای خۆی ڕا دەکێشێ و، بە چاو لێك نانێك مەلی تاسەی شاعیـران و جوانی پەرستان دەفڕێنێتە سەر لق و پۆپی شا گوڵی مێلاقە و بەرەزای شاخان و لە ڕاستی دا زمان و قەڵەم لە باس کردنی، لاڵ و کۆڵن .

لە هەر ئاقارێکەوە بڕوانی، مەل و پەلەوەر و باڵندەی خۆشخوان لە شەققەی باڵ دەدەن و بەستەی ئەویندارِی و ژینگە خۆشەویستی بۆ یەك هەڵ دەدەن . سروەی بلاوێن تارای سروشتێ ڕا دەژەنێ و گوارەی گوێی دار بەڕووەکان بە ناز دەلەرێنێتەوە . شەماڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شلکە گیا خاویَ بە لادا دەخا و کەروێشکە ڕاوی پێ دەکا . فرمێسکی شەونمی سەر پەلکی شا گوڵان لووزەو دەبەستێ و، بولبولی هەزار داستان خونچەی کچی پرچ زێڕینی بەیان دەدوێنێ . بۆن و بەرامەی سوێسنە و بەیبوونە و جاترە خاسەی کوێستانێ بە دەشت و دەر وەر دەبێ و، دڵان دەڕفێنێ و هەستان دەبزوێنێ .

بە دەیان سەرچاوەی کانیاوی سارد و سووك لە بن گاشە و بەردەڵانی هەر چوار دەوری ئاوایی، گۆران گوتەنی : " لەبەر تریفەی مانگە شەو، بەسەر مرواریی زیخ و چەو " دا، وەك چاوی قرژاڵی دەبریسکێنەوە و وەك ئەسپی سەر کێش بەسەر تاشە بەردی چەشنی ئەڵماسی نەتاشراو دا دەدرەوشێنەوە و، وەك بووکی شەرم نەشکاو و شەرم نەشکانە پێ نەدراوی خەیاڵ بە لەنجە و لار خۆ دە لەنگێنن و، دەڕژێنە نێو ئامێزی گوڵ و گیا و، گیانی نوێی وەبەر دێننەوە .

کەوانەی باخات و دارە سەمەری یەکان چوار دەوری ئاوایی یان لە ئامێز وەرێناوە و سەیرانی باخی بەهەشتێ وە بیر تەماشا چیان دێننەوە . لە تەختی چۆمی داوێنی ئاوایی سەرچاوەی ئاوێك بە ناوی " چاوگەی بن گوێزان " هەڵ دەقوڵێ کە لە زەمانی زوو دا چوار ئاشی ئاوێی دەگێڕان و ئێستاش بەشێکی بەر چاو لە مەزرای پێنج ئاوایی داوێنی خۆی بە تەسەلی پاراو دەکا . زەوی و زار و کوێستان و لێڕەوارەکانی، چ لە باری کشتوکاڵی و چ لە بواری ئاژەڵ داری یەوە، یەکێك لەو شوێنە تایبەتی و دەست بژاردانەن کە دانیشتوانی لەبەر و بوومی بەهرە وەر دەگرن . دانیشتوانی گوندەکە زیاتر لە سەد بنەماڵە دەبن و ئەگەر بە بەخۆ دا هەڵ گوتنم بۆ لەقەڵەم نەدەن، ئاستی تێ گەیشتنی ڕامیاری و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی یان لە زۆربەی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری خۆیان بەرزتر وەبەر چاو دەکەوێ . لە یەك قسە دا نـجنێ ئەو گوندە دڵگر و نەخشینەیە کە شایەرە خۆ ڕسکەکان دەیانگوت : " خۆزگەم بە چەرچی دەفرۆشێ مووروو، ماڵە و ماڵ دەکا لە نـجنێ ژووروو " .

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست! لە نێو سروشتی ئەو بەهەشتە خوا کردە و، لە داوێنی ئەو چیا لە عاسـمان هەڵ چووانە دا، لە بەرە بەیانی یەکێك لە ڕۆژەکانی ساڵ دا، لە سەردەمێکی پڕ لە چەوسانەوە و ژان و ئازار دا، لە کاتێك دا باوکم بۆ وەدەست هێنانی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خاو و خێـزان لە کاروان بووە، لە داوێنی بنەماڵەیەکی بنەچەکە وەرزێری هەژار و زەحمەت کێش چاوم بۆ ژیانێکی لیپا و لیپ لە مەینەت و کوێرەوەری هەڵێناوە . ڕێکەوتی لە دایك بوونـم بە هۆی ئەوە کە باوکم لە کاتی خۆی دا بۆ ئەوەی بە ئیجباری نەگیـرێم و خزمەتی زۆرە ملی بۆ ڕێژیـمی پاشایەتی نەکەم، پێناسەی بۆ وەر نەگرتووم، نا ڕوونە . بەڵام بە پێی نووسراوی پێناسەکەم کە ساڵی 1348ی هەتاوی وەرم گرت و لە دەورانی چوون بۆ ئیجباری خۆم ڕزگار کرد، ساڵی لە دایك بوونـم 1320ی هەتاوی یە و، بە قەرینەش کە دوایە باوکم بۆی باس کردم، ڕەنگە هەر لەو دەورووبەرانە دا بێ . باوکم ناوی قادر و دایکم حوسنی و حەسەن و ڕابیعا و خالید و سەبری خوشك و برامن کە لە هەر چواریان بە تەمەن ترم . لە پێش دا بنەماڵەمان لە گوندی " دۆڵە هەرزن " هەر لە ناوچەی بانە دا ژیاون . پاش ئەوەی خاوەن موڵکە دەسەڵات بە دەستەکان لەو نێوە زەوی و زاری جووتیارانی گوندی ناو براویان زەوت کردوە، بنەماڵەی ئێمەش وێڕای بەشێك لە خەڵکی ئاوایی، بە ناچار ئەو گوند ەیان بە جێ هێشتوە و پەڕیوەی ئاوایی یەکانی دەورووبەر بوون و لە گوندی نـجنێ گیـرساونەوە . باوکم لەو پەڕی هەژاری و نەداری دا ژیاوە و لە کاتێك دا پێنج برا و هەشت خوشکی کەم تەمەن و سەر و پێچکەی هەبوون، باپیـرم کۆچی دوایی کردوە و ئەرکی پێ ڕاگەیشتـن و پێ گەیاندنی ئەوانیش کەوتۆتە سەر شانی باوکم و لێی بوون بە سەر باری ژیانی نا لە بار و پڕ لە تەنگ و چەڵەمەی ئەو کاتی .

لێرە دا نامەوێ ژیان نامەی باوکم بۆ خوێندەوارانی بەڕێز بنووسم، بەڵکوو مەبەستم بەر چاو خستنی سووچێك لە ژیانی ئەو ڕۆژگارە پڕ لە ئاستەنگ و مەینەت بەشی و کوێرەوەری یە بوو کە بە هەموو کەم و کوڕی و ناتەواوی یەکانی یەوە منی تێ دا پێ

گەیاندوە و پێم چاراوە . ئەمن هەر ئەوەندەم لە بیرە کە گوێم بە ناوی ئەحمەد و ناسناوی قادری زرنگاوەتەوە و بە ئەحمەدی قادری ناسراوم . بەرەبەرە خڕەکە بووم و قۆناغەکانی سەردەمی مندالّیم یەك لە دوا یەك وە دوا خۆ داون . ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خۆمم ناسیوە و کەم تا کورتێك چاکە و خراپەم لێك جوێ کردۆتەوە و دۆست و دوژمنی خۆمم ناسیوە . لەو قۆناغە دا یەکەم دیاردە کە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام جیاوازیی چینایەتی بوو . لە کاتی یاری کردن دا لەگەلّ مندالّە زەحمەتکێشەکانی ئاوایی، چەند مندالّێکی پۆشتە و بە جل و بەرگم وەبەر چاو دەکەوتن کە لە زۆر بارانەوە دەگەلّ ئێمە لە جیاوازی دا بوون . بە من و مندالّەکانی دیکە دەستووریان دەدا و تەنانەت لە قسەی سارد و سووك و بێ حورمەتی کردنیش خۆیان نەدەبوارد . ئێمەش بەو پەڕی بێ دەسەلاّتی یەوە لەبەر دەستیان دا دەهاتین و دەچووین و لە ڕوویان وەر نەدەگەڕاینەوە!! وەك ئەوە دەچوو کە لە یاسای سروشت دا ژیانی مندالانی هەژار دەبێ هەر وابێ! زۆرم پێ سەیر بوو، بێ پسانەوە بیرم لێ دەکردەوە و سەری ئەو هەودا ئالۆزاوەم بۆ نەدەدۆزرایەوە . وام دەزانی سەردەمی ژیانی مندالّی هەر وا دەبێ کە ئەوان پاك و خاوێن و زیتەلّە و، ئێمەش ڕووتەلّە و چاو لە دەست بین .

ڕۆژێك چوومە لای نەنکم ( دایکی باوکم ) کە بە ڕەحمەت بێ لەگەلّ مردووی گوێ دێران، لەگەلّ ئەوە دا کە نەخوێند ەواریش بوو، ژنێکی بەش بە حالّی خۆی زیت و وریا و تێ گەیشتوو بوو . زۆریش جانمی منی دەویست و زۆر جاران ئامۆژگاریی دەکردم و دەی لاواندمەوە . هەر گرێ کوێرەیەك لە کارم کەوتبایە هانام بۆ دەبرد و داوای یارمەتیم لێ دەکرد . تەنانەت ئەگەر باوکم یان دایکم لێم تووڕە دەبوون، لەسەری دەکردمەوە و بەسەریان دا دەهات، باس و بەسەر هاتەکەم بۆ گێڕایەوە و گوتم :

ـ داخوا ئەو جیاوازی یە لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە و چ شتێك بۆتە هۆی پێك هێنانی ئەو یاسا نا بەرابەریە؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاره ئەوەم بە زمانی مند الآنەی ئەو دەورانەی ژیانــم پێ گوت و داوای وەڵامم لێ کرد و بەو پەڕی چاوەڕوانی یەوە گوێم بۆ هەڵ خست .

کاتێك ئەوەی لێ بیستم وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئەو پرسیارە نەبووبێ، هێندێك تێم ڕاما و چاوێکی پڕ بەزەیی یانەی لێ کردم . دوای قەدەرێك بیــر کردنەوە سەرێکی لەقاند و گوتی :

ـ ڕۆڵە گیان! ئەوانە کوڕی خان و بەگلەرانن، نەچی لە گژیان هەڵ چیەوە و جوابە جەنگی یان بکەی، ئێمە بەرگەی ڕق و قینی ئەوانە ناگرین، ئەوانە ئاغا و ئاغازادەن، دەسەلاّت دارن، ئەوانە وەك مەمانان نیــن .

بەو وەڵامەی نەنکم ئەوەند ەی دیکەش سەری هەوداکەم لێ هاڵۆزا . لە دڵی خۆم دا دەمگوت : داخوا ئاغا چ بێ؟! هەر بۆیە لەسەری ڕۆیشتم و وتــم :

ـ نەنە گیان! ئاغا چیە؟!

ـ ڕۆڵە گیان! ئاغا گەورەی ئاوەدانی یە، دەسەڵاتی بەسەر هەموو کەس دا هەیە، لە هەموو خەڵکی دێ گەورەترە، کەس ناتوانێ قسەیان لە قسە دا بکا و . . . . .

بەڵام ئەمن بەوەش دڵم ئاوی نەخواردەوە و دیسان لە سەری ڕۆیشتم و گوتــم :

ـ نەنە گیان! بە خودای ئەوانیش هەر بەقەد ئێمە دەبن و هیچ گەورەتر نیــن .

دیارە من لام وابوو مەبەستی نەنکم لە قەد و بالآدایە! بەڵام ئەمــجارەیان نێو چاوانی لێ وێك هێنام و بە تووڕەیی یەوە گوتی :

ـ ئەحــمەد! بۆ خاتری ئەو خودایە لێمان مەبە مایە فیتنە و گۆڵمەزمان بۆ مەحایشێنە، با بە ڕەحەتی دانیشیــن و بەم چلەی زستانە لە دێ یەکە مان وەدەر نەنێن . بۆ خۆت بە حاڵ و ساڵی لە ماڵی خۆت دا سەکنێ و کارت بەسەر کاری کەسەوە نەبێ!

ئەو هەڵوێستە توند و تیــژ و لە ناکاوەی نەنکم کە قەت چاوەڕوانی نەبووم بە تەواوی دای چڵەکاندم . ئیتــر بــبــڕای بــبــڕای نەم وێرا لەسەری بڕۆم و ملم بە لارەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نا و تێ گەیشتم کە ئەوانە لە چینی ئێمە مامان جیاوازن . دیارە ئەوە بەو مانایە نەبوو کە لە باری سیاسی یەوە لە مەسەلەی چینایەتی گەیشتبم . بەڵام ترسێکی وام ڕێ نیشتبوو کە لام وابوو باس کردنی باسی سەرە و نابێ لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم . کەچی بەو حاڵەش هەر بیـرم لێ دەکردەوە و ببوو بە مار و دوو پشك و لە مێشکم دا تریتانەی دەکرد و نەم دەزانی لەسەر چی دوژمنایەتی مان دەکە ن و بۆ چی خۆیان لە چینی ئێمە بە جیاواز دەزانن ؟؟ !! هەستێکی شاراوە لە دەروونـم دا پەنگی خواردبۆوە و لە فکران ڕا دەچووم و پێ یەوە دەتلامەوە . تا زیاتر پێ دەچوو، ڕق و قینێکی پیـرۆز لە هەناوم دا زۆر تر جێ گیـر دەبوو . بە تەواوی هەستم بە کۆیلەیی و مەینەت بەشی دەکرد و ڕێگای دەرباز بوونیشم بەدی نەدەکرد .

تای ماشەری ژیان مەند و لەسەرە خۆ هەڵ دەکرا و تەمەنـم گەیشتە قۆناغی چوون بۆ خوێندنگە . کاتی ئەوە گەیشتبوو کە دەبێ دەرس بـخوێنم و فێری زانست ببم . بەڵام لە بەختی بەد ئەو سەردەمە خوێندنگەی میـری مەگەر بە دەگمە ن دەنا لە هیچ گوندێکی ئەو نێوە دا نەمەزرا بوو . بە هۆی تەنگ دەستی و بێ دەرەتانیی بنەماڵەکەشـمان، بواری چوون بۆ ئەملا و لام بۆ نەڕەخسا و ئاسۆیەکی ڕوونـم بە دی نەکرد . بەڵام باوکم کە بڕوایەکی قووڵی بە زانست و پێش کەوتن هەبوو، مشووری لێ خواردم و بۆ ئەوەی لە شەوە ڕەشی نەخوێند ەواری دا بەجێ نەمێنم، سەر لە بەیانی یەك دەستی گرتـم و بەرەو حوجرە گچکەلانەکەی مزگەوتێ وە ڕێ کەوتیـن و بە مامۆستای ئایـینیی گوند ەکەمان ( مامۆستا مەلا برایـمی حیکمەت (1) ی سپاردم .(بڕوانە وێنەی ژمارە1) .

ئەوەشـمان لە بیـر نەچێ کە بەگزادەکانیش هەر لەو حوجرەیە دا کە ئەو کات وام بیـر دەکردەوە هەر بۆ ئازار و ئەشکەنـجە دان و سووکایەتی کردن بە ئێمە نێردرابوون، دەرسیان دەخوێند و سەرجەم دە پازدە قوتابی بووین . سەرەتا لە تێکەڵ بوونـمان لەگەڵ بەگزادەکان هێندێك نیگەران بووم و بە کۆسپی سەر ڕێگای هەڵ دان و پێ گەیشتنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆمم دەزانین . لەوە دەترسام کە مامۆستاش لایەنی ئەوان بگرێ و ئێمەش هەر زولّم لیّ کراو و ژێر چەپۆکە بین . بەلاّم بۆ چوونەکەم بە تەواوی پێچەوانە دەرچوو . زۆری نەخایاند کە تەمی ئەو گومانەم ڕەوی یەوە و بە کردەوە هەستم پیّ کرد کە بۆچوونی مامۆستا دەگەلّ هی بەگزادەکان جیاوازە . بە ڕوونی تیّ گەیشتم کە خۆی بە مامۆستای هەمووومان دەزانیّ و خۆشی دەویێــن و هەر بە چاوێك لیّمان دەڕوانیّ . ئەو ڕەوشتە بەرزەی مامۆستا هانی دام کە زۆر تر ئۆگری ببم و چێژی باوکەتی لیّ بچێژم . سەرەنــجام نیگا مەزلّوومانە و شەرماوی یەکانی منیش زۆر تر شوێنەواری لەسەر هەستی مامۆستا دانا و ئەو هەلەی ڕەخساند کە خۆشەویستیی زۆر تر لە نێوانــمان دا جێگیــر ببیّ . لە ڕادە بەدەر مەحەببەتی پیّ دەکردم و ئامۆژگاریی دەکردم . دیارە ئەو تایبەتــمەندی یە پەسەندانەی مامۆستا تەنیا بۆ ئێمە مند الّە ناز لیّ شێواوەکان نەبوو، بەلّکوو دوایە کە بۆم دەرکەوت لە جیّ دا مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر، مرۆڤـ دۆست، خاوەن بەزەیی، ئاشتی خواز، لایەنگری چەوساوە و زۆر لیّ کراوان و دژی زۆلّم و سەرە ڕۆیی بوو . هەر ئەو تایبەتــمەندی یانە ئەویان لەبەر چاوی ئاغاکان کردبوو بە دێو و درنج و لە دلّەوە دەیان بوغزاند و بەردەوام دژایەتی یان دەکرد . سەرەنــجام دژایەتی و بەربەرەکانی گەیشتە قۆناغێك کە پاش ماوەیەك بارگە و بنەیان پیّ تێکەوە پێچا و گوندەکەی ئێمەیان پیّ بە جیّ هێشت .

ئەو ماوەیە لەگەلّ ئەوە دا کە مند الّ بووم و لە زۆر شت حالّی نەدەبووم، کەلّکی باشی هەبوو، هێندێك چاو و ڕووم کرابوونەوە و تا ڕادەیەك چاکە و خراپەم لێك هەلّ داواردن . بە دوای ڕۆیشتنی ناو براو دا زۆری پیّ نەچوو کە مامۆستا ( مەلا ڕەحیمی وردی (2) دلّخۆشی دراوە و بوو بە مامۆستای ئایینیی گوندەکەمان . ئەو جاریش وەك جاری هەوەلّیّ باوکم دەستی گرتــم و بە مامۆستای سپاردم و وەبەر خوێندنی نامەوە . (بڕوانە وێنەی ژمارە 2)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماموّستا مەلا ڕەحیم بە ڕوالّەت هێندێك تووڕە و توّسن بوو، بەلام لە نێوەڕوّك دا ئەویش وەك ماموّستا مەلا برایم خەمخوّری مند الّە هەژارەکان و پشتیوانی زەحمەت کێش و چەوساوان بوو . بێ پسانەوە خەلّکی ئاوایی بوّ یەك گرتن و هاو دەنگی هان دەدا و فێری دەکردن کە لە بەرانبەر چەوسێنەران و زوّر داران دا یەك گرتوو بن و بەر بەرەکانی بکە ن . لە بیرمە کە بە ناوی سەیرانەوە خەلّکی بوّ دەرەوەی ئاوایی بانگ دەکرد و قسەی بوّ دەکردن و ڕێگای دەرباز بوون لەو ژیانە داسەپاوەی بوّ دەست نیشان دەکردن . لەگەلّ باوکیشم نێوانیان زوّر خوّش بوو . زوّر شەوان دەهاتە مالّمان و هەتا شەو شەق دەبوو لەگەلّ باوکم سەریان بەسەری یەکترەوە دەنا و سرت و خورتیان بوو . ئەمن بە تەواوی لێیان تێ نەدەگەیشتم، بەلاّم ئەوەندەم لە بیر ماوە کە شیعری بوّ باوکم دەخوێندنەوە و باسی زولّم و زوّری دەرەبەگایەتیی بوّ دەکرد و ڕێگای بەر بەرەکانی کردنی لەگەلّ وان پێ نیشان دەدا . ئێستاش ئەم دێڕە شیعرەیم لە بیر ماوە کە ناش زانم ئی چ شاعیرێکە و ڕەنگە هەر هی خوّی بووبێ کە دەیگوت :

**گا ە گا ە لە شەودایە کە دەگرێ بەری دەرگا**

**هەر عەینی دلّوّپەی سەری چاوانە ببەخشید**

مەبەستی ماموّستا لەو شیعرە دا گزیر و کار بەدەستی ئاغا بوو کە چوّن لە نا وەخت دا بەری دەرگایە بە جووتیارە زەحمەت کێشەکان دەگرن و فەرمانی بەگەکانیان پێ ڕا دەگەیەنن . هەر وەك ئێستا لە بیرم ماوە کە باوکم گوتی :

ـ باشە ماموّستا! توّ ئەوەند ەم بوّ بە حیزبی دێموّکڕات هەلّ دەلّێی، ئەگەر ڕوّژێك لە ڕوّژان حیزب سەر کەوت، پاداشی من وەك ئەند امێکی ئەو حیزبە چ دەبێ و حیزب چم لەگەلّ دەکا؟

ماموّستا چاوێکی لێ کرد و سەرێکی بوّ لەقاند و گوتی :

ـ بەر لە هەموو شتێك دەستی ئاغا و دەرەبەگانت لەسەر کورت دەکاتەوە .



کتێبخانەی دیجیتالّی
www.rabari.org

به دوای قسەکەی مامۆستا دا باوکم بە بزەیەکەوە گوتی :

ـ دەی وەڵڵاهی ئەگەر وابێ هەر ئێستا پەتی ئیعدامێم بۆ هەڵ واسن دەستی لێ هەڵ ناگرم و بۆ هەر ئەمرێکی ئەو حیزبە سەر لە پێناوم .

ئیتــر لەو ڕۆژەوە منیش ئاشق و ئەویند اری ڕێبازی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بووم و، ئاواتــم ئەوە بوو کە بگەمە تەمەنی لاوەتی و پێوەندیی پێوە بگرم و ئەرکی سەر شانــم بەڕێوەبەرم .

ئەو قۆناغە بوارێکی لە باری بۆ ڕەخساندم، دەستم دایەوە دەرس خوێندن و بەو پەڕی دڵ گەرمی یەوە هەوڵم دەدا ڕادەی زانیاریی خۆم بەرمە سەرێ . لەگەڵ چەندین مند اڵی دیکەش کە لە ڕیزی وان دا بەگزادەکانیش هەبوون، هاو پۆل بووین . ئەمــجارەیان وێڕای خوێندنی ئایــینیی دەرسی فارسیشمان دەخوێند و فێرگەیەکی خونچیلانەمان پێك هێنابوو . مامۆستاش بێ پسانەوە ئامۆژگاریی دەکردین و هانی دەداین کە یەکتــرمان خۆش بوێ و لەگەڵ یەك نیاز پاك بین و دژایەتیی یەکتــر نەکەین . بەڵام دیسانیش کوڕە بەگەکان لەگەڵمان ڕێك نەدەکەوتن و بیانوویان پێ دەگرتین و سووکایەتی یان پێ دەکردین . منیش تووڕە بوونەکەی نەنکمم لە بیــر نەچووبۆوە و نەم دەوێرا لە ڕوویان وەر گەڕێمەوە و هەر خۆم لێ لا دەدان . ترس و قین لە نێو مێشکم دا میچ کوت ببوو . لەوە دەترسام ئەگەر لە ڕوویان وەرگەڕێمەوە مامۆستاش پشتیوانیم لێ نەکا . ڕۆژێکیان لەگەڵ جەلال بەگی(3) دەمە قاڵێمان لێ پەیدا بوو، منیش لێم نەپێچاوە و هەموو قسەکانــم بێ زیاد و کەم پێ گوتنەوە . جەلال بەگ کە قەت چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستەی من نەبوو، زۆری لەبەر گران هات و نازانــم هۆیەکەی چ بوو کە لەبەری دابردم! بەڵام مەسەلەکە هەر بەوە کۆتایی پێ نەهات و شکایەتی مامۆستای لێ کردم . مامۆستا بانگی کردم و بە تووڕەیی یەوە گوتی :

ـ  ئەمن چەند جار ئامۆژگاریم کردوون کە نابێ لەگەڵ یەکتـر بەشەڕ بێن و دژایەتیی یەکتـر بکەن؟ بۆ چی بە قسەت نەکردووم و قسەی ناشیـرینت بە جەلال گوتووە؟!

منیش لە ترسی مامۆستا ڕەنگم زەرد هەڵ گەڕابوو و فرمێسك لە کالانی چاوەکانـم دا قەتیس مابوون، سەرم وەبەر خۆم نا و بە دەنگێکی لەرزۆك و بە چەند ڕستەی پچڕ پچڕ گوتـم :

ـ مامۆستا! ئەوانە بیانوومان پێ دەگرن، دەڵێن ئێمە کوڕە ئاغاین، هەرچی گوتـمان دەبێ بەقسەمان بکەن، هەر لە خۆڕا جنێومان پێ دەدەن و قسەی سووکمان پێ دەڵێن! ئەوانەش وەك باوکیان لەگەڵ ئێمە دەجووڵێنەوە!

مامۆستا کە ئەوەی لێ بیستم، زۆر زوو لە مەبەستەکەم تێ گەیشت و زگی پێم سوتا . دەستی گرتـم و لە پەنا خۆی دانام و زۆر دڵخۆشیی دامەوە . پاشان جەلال بەگی بانگ کرد و بە توندی هەڕەشەی لێ کرد . ئیتـر لەو ڕۆژە بە دواوە خوا وە تـحەسێنێ لە بڕ و بیانووی کوڕە بەگان ڕزگار بووین و لە ترسی مامۆستا نەیان دەوێرا بە گژمان دا بچن و شەڵتاغمان پێ بکەن . ئێمەش تا ڕادەیەکی زۆر سامـمان لێیان شکا و قورس و قایم لە بەرانبەریان دا ڕاوەستاین و قسەمان لێ نەدەخواردنەوە . با ئەوەشـمان لە بیـر نەچێ کە تەنیا جەلال بەگ بوو کە سەری لەو کێشەیە دەخورا، دەنا ئەوانی دیکە لەگەڵمان ڕێك دەکەوتن .

ڕەورەوەی مێژوو بە هێوری قۆناغەکانی وە دوا خۆ دەدان و جێ گۆڕکیی بە وەرزەکان دەکرد. منیش ڕۆژ بە ڕۆژ شتی نوێ فێر دەبووم و کەم تا کورتێك لە ژیان تێ گەیشتبووم و دۆست و دوژمنی خۆم باشتـر دەناسین . نووسین و خوێندنەوەش تا ڕادەیەك فێر ببووم و ڕەش و سپیم لێك جوێ دەکردەوە . بەڵام چەرخی سپڵە دیسان بە چەپی سووڕایەوە و ئەو هەلە لەبارەی پێ ڕەوا نەدیتم . بە دوای کوودیتای 28ی گەلاوێژی ساڵی 1332ی هەتاوی و لەبەر یەك هەڵوەشانی دەوڵەتی دوکتور "



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موسەددیق" لە لایەن دەسەڵاتی حەمە ڕەزا شاوە، زەبر و زەنگی مەئموورانی دەزگا سەرکوت کەرکانی ڕێژیـمی پاشایەتی توونـد و تیژ تر لە پێشوو دەستی پێ کردەوە . مامۆستا لە لایەن چڵکاوخۆرانی ڕێژیـمەوە خرایە ژێر چاوەدێری و بە وردی لە دووی دەگەڕا ن و ژیانی ئاسایی یان لێ تاڵ کرد. سەرەنـجام کار گەیشتە قۆناغـێك کە بواری حەوانەوەی لێ تەندرا و بە ناچار پەڕیوەی هەندەران بوو. بەڵام ئەوە خوێی چێشتێ بوو. ئەو ترس و دڵە خورپەیە خەلکی نـجنێشی نەبوارد و زیاتر لە بیست بنەماڵە کە هاو بیـری مامۆستا بوون و تێکۆشانی حیزبی یان هەبوو، لە ترسی شەڵتاغ و بڕوبیانووی بەگەکان و جەندرمەکانی شا، ئاوایی نـجنێ یان بە جێ هێشت و پەڕیوەی گوند ەکانی دەورووبەر بوون . باوکیشم کە یەکێك لە هاوبیـرانی مامۆستا بوو، هەر لەو ترسانە و بۆ خۆ دەرباز کردن لەو گەڕ و گێچەڵانە، شەوێك پاش ماڵ نووستنان بارگە و بنەمان تێك نا و بـــەرەو ئــــــاوایی " سووتوو " هەر لە ناوچەی بانە کۆچمان کرد . ئیتـر منیش ئەوەند ەی دیکە نازم لێ شێوا و گلۆڵەم کەوتە لێژی و لەوە بە دواوە دەرگای خوێدنگەم لەسەر گاڵە درا و بواری فێر بوون و خۆ پێ گەیاندنـم لێ بەربەرست کرا. بە ناچار بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەمان شانـم دایە بەر کاری وەرزێری و، بەدرێژایی ڕۆژێ شانـم دەکوتا و ئارەقەم دەڕشت .

نەداری و تەنگ دەستی لەو ماوەیە دا گاڵەی پی کردین . ڕۆزیـمان سوار و خۆمان پیادە بە هیچ باران نەی دەگەیشتینێ . باوکم لەو پەڕی هەژاری و بێ دەرەتانی دا ژیانی تێپەڕ دەکرد . هەر لەو سەر و بەند ە دا مامەکانیشم لێمان جوێ بوونەوە و باوکم یەك تەن و یەك باڵ تەنیا منی بە دەستەوە مابووم کە گۆشە گلەمێکی بۆ بگرم و دڕوویەکی لە لەشی دەرێنم . بە وەرزێری و ئالۆ وێر و کاروان و کەڵەك و . . . . ململانێمان دەگەڵ ڕۆژگاری نا سازگارەدەکرد. سەرەڕای هەموو ئەو تەنگ و چەڵمە و نابەرابەریانەش، هاوینە شەوێك کە لە حەساری ماڵێ نووستبووین، دزان(4) ماڵەکەیان بڕین و تەنانەت پەڕۆ و پریسکەشیان بۆ بە جێ نەهێشتین و هاتینەوە سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساجی عەلی . بۆیە پێشینان گوتوویانە : " ئەگەر نەگبەتی شانی گرتی بە سواری وشتــرێ سەگ دەتــگرێ" .

ماوەی چوار ساڵان بەو شێوەیە ژیانــمان بردە سەرێ و لەوێش ئاغا دێ لێمان کەوتە ڕوبیانوو. بە ڕادەیەك تەنگی پێ هەڵ چنین کە ناچار بە پەلە پڕووزە خۆمان پێچاوە و چارەنووس بەرەو گوندی نـجنێی سەروو ڕای کێشاینەوە . لەگەڵ کەم و کووڕی یەکانی ژیان کەوتینەوە ململانێ و بە هێزی باسك و دەست و مەچەك ڕۆزیــمان لە زەوی دەستاند . بە ڕەنــجی شان و پیلی خۆمان دەژیاین و چاو لە دەستی نامەردان نەبووین . ژیانێکی ساکار و فەقیــرانەمان درێژە پێ دەدا و لەگەڵ کەم و کووڕی یەکان لە چنگەڵ پۆپان دا بووین . بەڵام وەك مەینەت و ئازار کراسێك بێ و بە باڵامان بڕابێ، فاك و فیکی خان و بەگلەران بە پشتیوانیی جەندرمەکانی شا سەری هەڵ دایەوە و ڕوبانوو و گەڕ و تەشقەڵە دەستی پێ کردەوە! هەر دەمە نا دەمێك بە بیانوویەك لە لایە ن دەزگای سەر کوت کەری ڕێژیم (سازمانی ئەمنییەت) و پاسگاکانەوە ڕاکێش دەکراین و دەخراینە ژێر پرسیارانەوە .

ڕۆژگارێکی پڕ لە ڕەنج و سەردەمێکی بێ تروسکە بوو، ساڵی 1338ی هەتاوی خەڵکێکی زۆر بە تاوانی لایەنگری لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە هۆی ساواکی شاوە ڕاپێچی چاڵە ڕەشەکانی " ساواکی مەهاباد" و " تەورێز " و " قزل قەلعە " و " قەسری قاجار لە تاران" درابوون و لە ژێر تەوژمی ئازار و ئەشکەنــجەی جەللادە چنگاڵ بە خوێنەکان دا بوون . نەمان دەوێرا لە پێستی خۆمان وە جووڵێین . جەند رمەکان کە لەگەڵ ئاغاکان هاو بەرژەوەندی بوون، لە خوایان دەویست بیانوویەکیان بۆ بڕەخسێ و گەڕێکمان پێ بکەن . هەر جارێکیش سەر و سەکوتیان لە ئاوایی وەدەر کەوتبایە کە وەخت و بێ وەختیان بۆ نەبوو، بێ ئەملا و ئەولا دەبا " قولغ " یان بدرێتێ! قولغ ڕادە دراوێکی دیاری کراو بوو کە بە هۆی گزیری ئاغاوە لە دێ

نشینەکان دەستێندرا و لەگەڵ ئاغاکان قاو و قووچیان دەکرد . ئاغاکانیش چەندی بڵێی دەست کورت بوون و لە هەلێکی وا دەگەڕان کە نانێکی بۆ وانیش تێدا بێ .

ئەو سەردەمە کە سەرەتای دەست پێ کردنی تەمەنی لاوەتیم بوو شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر هەستم بە جێ هێشت . بە تەواوی هەستم بە کۆیلەتی و بن دەستی کردبوو . شەپۆلی قینێکی پیـرۆز لە مێشك و هەناوم دا پەنگی خواردبۆوە و سەرتاپێی ئەند امەکانی لەشی داگرتبووم . نە تروسکەی ڕووناکی یەکم بە دی دەکرد و نە هەناسەیەك هەڵی دەکردێ تەمی خەمی ئەو ڕۆژگارە نا سازگارەم لەسەر وەڕەوێنێ و نە مامۆستا و ڕێ نوێنێکم وەبەر چاو دەکەوت بواری لەبارم بۆ دەست نیشان بکا و لەو قۆناغە پڕ لە ئاستەنگە ڕزگارم بکا . وەك مەلی پەڕ و باڵ کراوی لە ڕکەی دا قەتیس ماو بە هیچ لایەك دا دەرەتانی دەرباز بوونـم نەبوو . هانام بردە بەر دیوانی شیعری شاعیـرە ناودارەکانی وەك : مامۆستا نالی و تاهیـر بەگی جاف و مامۆستا قانیع و . . . . کە نازانـم باوکم بە چ لەونێك وە دەستی هێنابوون؟ هەر چەند ئەو دەم بە تەواوی لە مانا و نێوەڕۆکیشیان تێ نەدەگەیشتم، دیسانیش لە خوێندنەوەیان سەر خۆش بووم و کەڵکی باشم لێ وەر دەگرتن . بە تایبەت شیعرەکانی مامۆستا قانیع کە هێندێك ساکار و لەسەر زمانان سووك و ڕەوانتـر بوون و لە سەر و پێستی ئاغا و دەرەبەگانیشی دابوو، پڕا و پڕی بیـر و بۆ چوونی خۆم بوون و لەو سەردەمە دا باشتـرین مامۆستا و ڕشێ نوێنم بوون . کوڵی دڵی کەیلی خەمانـم پێ دادەمرکاندنەوە و تا ڕادەیەکی بەر چاو فێری خوێندنەوە و نووسینی ڕێ نووسی کوردیشی کردم . ئیتـر لە ئاخر و ئۆخری سی یەکان دا بە تەواوی ئۆگر و ئەویند اری ئەدەبیاتی کوردی بووم و کۆرپەی شیعر لە هەستم دا وە گڕ و گاڵ کەوت و دەستم دایە شیعر نووسین . بەڵام لە سەرەتاوە بە هۆی ئەوە کە خۆ ڕسك و بێ مامۆستا دەستم دابوویە و ڕێ نوێن و ڕەخنە گرێك لە گۆڕێ دا نەبوو لە هەڵە و کەم و کووڕی یەکان ئاگادا رم بکاتەوە، هەر کێش و قافیەم بۆ ڕێك کەوتبایە ئیتـر زۆر بایەخم بە مانا و

نێوه رۆك نەدەدا و پێم وابوو كار تەواوه و بووم به شاعیـــر! لەبەر ئەوەش كه مەئمووره‌كانی شا نووسراوه‌یەكی كوردی یان له هەر ماڵێك دا دۆزیبایەوه باسی سه ر و ماڵ بوو و مەردی ئازا له سێبەری خۆی دەسڵەمیەوه، نەم دەوێرا بۆ هەموو كەسیان وەخوێنم و دەبا له كەلێنه بەرد و قەڵشته دیوا ر و كلۆره دا ران دا شا ردبامنەوه و ئەگەر نیشانكردم بۆ دانەنابان هەر ڕێشم وەسەر نەدەبردنەوه، هەڵه و كەم و كووڕی یەكان هەر له جێی خۆیان بوون و پەیم پێ نەدەبردن . له پێوەندی لەگەل ئەو ترس و لەرز و دڵه خورپێ و بەد گومانی یه دا پا رچه شیعرێكم نووسی كه تەنیا ئەم چەند دێڕەم له بیـــر ماوه :

دەروونــم پڕ له ناسۆره له دەس ئەم چەرخه ســـەفـــاكه
دڵــم تۆقی لــه داخی ئــەم گــەلــه بێ دەرك و ئید ڕاكــــه
دەمت پڕ بێ له خوێن ناوێری لای كەس تف وەكەی چونكه
ئــەوەی لات وایه دۆستی گیانی یه جاسووس و نـــاپـــاكـــه

زۆرم شایی پێی بوو، لام وابوو شاكارێكی مەزنـم خولقاندوه . پێم خۆش بوو بۆ كەسێكی وەخوێنم و لەوەش دەترسام لێم ئاشكرا ببێ و تووشی گۆنـجەرێك ببم . سه رەنــجام ئۆقرەم نەگرت، له تەنكەی باخەڵم ناو بۆ لای : " كارزان " كه له هاوبیـــركانی مامۆستا بوو فیزماڵكم دایه . پاش چۆن و چاكی به دڵه خورپێ تێم گەیاند كه كارم پێ یەتی و بەرەو لای مزگەوتی ئاوایی كه بەو هاوینه كەس گومانی پێ نەدەبرد، ڕاكێشم كرد . به ترس و له رزەوه دەستم له باخەڵم نا و شیعرەكەم دە رێنا و گوتـــم :

ـ شیعرێکم دەست کەوتووە و لە تۆش ئەمین ترکەسم پێ شك نەهاتوە بۆی وەخوێنم، گوێم بۆ ڕادێرە و دوایەش لە بۆ چوونی خۆت بۆ چاك و خراپیی شیعرەکە ئاگادارم بکەوە .

دەستم پێ کرد و ئەویش بە ئۆگری یەوە هەستی بۆ هەڵ خستم . بەڵام زۆریش دەترسا و ڕەنگی لە ڕوو بڕابوو . پاش تەواو بوونی شیعرەکە کە وا دیار بوو بە دڵی بوو، پرسیاری نووسەرەکەی لێ کردم و منیش ڕێ و ڕاست پێم گوت کە هی خۆمە . بزەیەکی ئافەریناویی وەسەر لێوان پەڕی و گوتی :

ـ جا با پێت بڵێم : ئەم شیعرە بۆ تۆ باسی سەرە، نەچی هەر کەس تووشی بووی بۆی وەخوێنی! بە خودای دەوڵەت بزانێ ملت هەڵ دەکەنێ و پێستی سەرت بە کایە داخنێتەوە . ئەتۆ ئێستا مند الّی و دنیات قوونە کەو نەکردوە، وریای خۆت بە خۆت نەدۆڕێنی، دوایەش بە درێژی قسان دەکەین .

ئیتـر لێك جوێ بووینەوە و ئەو ساڵە هەلـمان بۆ نەڕەخسا ئەو شێوە کە پێویست بوو پێکەوە بدوێین . بەڵام ئەو لێم خافڵ نەبوو، هێندێك جار لە سووچ و کەنارانەوە شتی بە گوێ دا دەدام و بەرنامە و ئەساس نامەی حیزبی دێمۆکڕاتیشی بۆ پەید ا کردم . ئیتـر بەرە بەرە نامۆیی لە نێوانـمان دا هەڵ گیـرا و بە ڕاشکاوی باسی حیزبایەتیی بۆ دەکردم . شیعرەکەم کە شاردەوە ئێستاش کە ئێستایە چاوم پێی نەکەوتەوە و لێم ڕەش ڕا هات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەڕاوێزەکان :

1 ـ ماموّستا هەر ئەو کات ئەند ام و هەستەی نەهێنیی حیزبی دێموّکڕاتی کوردستان بوو کە ئێمە نەمان دەزانی . سەرەنــجام سالّی 1359ی هەتاوی، لەسەر هەق وێژی کەوتە بەر قین و غەزەبی دەسەلاّت بە دەستانی ڕێژیــمی کۆماری ئیسلامی و ڕاپێچی بەندیــخانە درا . پاش ئازار و ئەشکەنــجەیەکی زۆر هەر بە تاوانی ئەوە کە دەیگوت : ئەمن جوابی ئێوە نادەمەوە، بــمبەن بۆ لای خومەینی بە ئایەتی قورعانێ بۆتان مەحکووم دەکەم کە من لەسەر هەقم، لەگەڵ وەستا ئەحــمەدی میعمار و لاوێك بە ناوی باسیتی عەزیــمی، بە فتوای خەڵخالّی لە شاری بانە ئیعدام کران .

2 ـ ماموّستا مەلا ڕەحیم ئەو کات ئەند امی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموّکڕاتی کوردستان و، بەر پرسی تەشکیلاتی ناوچەی بانە بوو کە بە نەهێنی کاری. دەکرد . لە باسەکانی داهاتوو دا بە وردی لەسەری دەدوێم .

3 ـ جەلال بەگتان لە باسەکانی داهاتوو دا بە تەواوی پێ دەناسێنم .

4 ـ دزەکان نێو خۆیی بوون و ناسراویش بوون . تەنانەت شکایەتی دەوڵەتیشمان لێ کردن، بەلاّم لەبەر ئەوە کە لەگەڵ ئاغاکەمان هاوبەرژەوەندی بوون چمان بۆ لەگەڵ نەکران .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شۆڕشی سپی و پێوەندی گرتنی ڕاستە و خۆم بە حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانەوە .

ساڵی [illegible] ی هەتاوی بوو، دەنگۆ بڵاو بۆوە کە گۆیا " شا " شیـــرە شوانەی بۆ وەرزێر و زەحـــمە تکێشان هێناوەتەوە و مەسەلەی زەوی و زار چارەسەر دەکا و دەستی خان و بەگانـــمان لەسەر کورت دەکاتەوە! . ڕوداوێکی سەیر و سەمەرە بوو، کەس لەو بڕوایە دا نەبوو ئاڵووگۆڕێکی ئەوتۆ سەرسوڕهێنەر لە ئێرانێك دا کە بناغەکەی لەسەر زوڵم و ناهەقی دامەزرابوو، بێتە دی . بەڵام وا دیار بوو جەبری زەمان کاری خۆی کردبوو . ڕەوتی ڕووداوەکان ڕێژیـــمی شایان ناچار کردبوو کە دەبێ ئاڵووگۆڕێکی هەر چەند ڕواڵەتیش بێ لە ئێران دا پێك بێنێ . هەر بۆیە زۆری نەخایاند کە خەونە کە وە ڕاست گەڕا و " شۆڕشی سپی " لە زمان کار بە دەستانی ڕێژیـــمەوە بە ڕاشکاوی کەوتە سەر زار و زمانان . ئەو ڕووداوە بوو بە هۆی ئەوە کە بەرەبەرە هەڵوێستی جەندرمەکان لە بەرانبەر ئاوایی نشینەکان دا هێندێك نەرمتـــر لە جاران بێ و بە ڕواڵەت ئەو توند و تیژی یەیان کەمتـــر ببێتەوە .

بە بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە دێ نشینەکانیش تا ڕادەیەکی بەر چاو سامیان شکا و ئەو ترس و لەرزە ی پێشوویان لە نێو دڵ چووە دەرێ . ئەو جار دەیان وێرا لە چوار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیواری ماڵە قوڕینەکانیان دا لە دەوری یەك کۆ ببنەوە و پرێسکەی دڵیان بۆ یەکتـر بکەنەوە و ڕازە دەروونی یەکانیان لێك ئاشکرا بکەن . تەنانەت بواری تێکۆشانی سیاسی بۆ کادرەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانیش هێندێك هەموار بوو . سرت و خورت لە نێوان کۆنە ئەند امانی حیزب دا سەری هەڵ دایەوە و لە هەوڵی خۆ ڕێك خستنەوە دابوون . منیش کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی هەوڵێکی ئەوتۆ بووم، بوارم بەلە بارزانی و بۆ لای کارزان دەرە دزەم دایە و گرێی دڵم بۆ کردەوە و بە ڕاشکاوی لە بنی کوولەکەم دا . ئەویش کە ئەو هێز و پێزەی تێد ا بە دی کردم، سەبارەت بە سیاسەتی حیزب بە درێژی قسەی بۆ کردم و پاش سوێند خواردن بە قورئانێ کە ئەو دەم یەکەم هەنگاوی حیزبایەتی لەسەر ئەو بناغەیە دامەزرابوو، بەڵگەی لایەنگریی پێ پڕ کردمەوە . دیارە ماوەی گرتنە ژێر چاوەدێریش بۆ من پێویست نەبوو، چونکە لە مێژ بوو لە ژێر تاقی کردنەوە دا بووم و ئەو قۆناغەم تێ پەڕاندبوو . هەر چەند ئەو دەم لە ئێستاش کاڵ تر بووم و کەمتـر سەرم لە سیاسەتی حیزب دەردەچوو، بەڵام هەستێکی شاراوە سەر تا پێ ئەندامەکانی لەشی داگرتبووم . هەستم بە خۆشحاڵی و لە خۆ ڕازی بوون دەکرد . وەرگیـرانـم لە حیزبی دێمۆکڕات دا بە دەسکەوتێکی مەزن و بایەخد ار دەزانی و شانازیم بە خۆمەوە دەکرد کە ناوم چۆتە نێو ناوی خەباتگێڕانەوە . بەڵام دیسانیش قایـمەکاری و نەهێنی پارێزی مان بە تەواوی تواناوە، وەبەر چاو گرتبوو . ئەندامانی شانەکان بە تەواوی نەهێنی بوون و کەمتـر یەکتـر مان دەناسی . تەنانەت ئەندام بوونی من لە حیزب دا لە باوکم شاراوە بوو . ئەمن دەم زانی ئەو ئەندامی حیزبە، بەڵام ئەو بە منی نەدەزانی .

ڕۆژان هاتن و چوون و تا پێ دەچوو بواری تێکۆشانی سیاسی لەبار تر خۆی دەنواند . ڕۆژی ی مانگی ڕێبەند انی ساڵی ی هەتاوی لە ڕاپرسی ( ڕیفراندۆم ) ێکی گشتی دا . لابردنی وشەی ئاغا و ڕەعیەتی( ئیلغای ڕێژیـمی ئەرباب و ڕەعیەتی ) لە یاسای ڕێژیـمی شا دا جێگیـر بوو، دابەش کردنی زەوی دەستی پێ کرد و گلۆڵەی خاوە ن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ملـكه گەورەكان كەوتە لێژی . ناوی وەرزێر و جووتیاران بوو بە بنێشتە خۆشکە سەر زاران و لە کەشکەشان دەنگی دایەوە . هەروەك ئێستا لە بیـرم ماوە لە ڕادیۆ کرماشان بەرنامەیەکیان بە ناوی " بەرنامەی کشت و کالٚ " گونـجاندبوو کە بە شان و باڵی جووتیاران یان دا هەڵ دەگوت . سەرەتای بەرنامەکەیان بەم شیعرە دەستی پێ دەکرد کە شوکروڵڵای بابان دەی خوێندەوە :

سڵاوت لیٚ فەلای خاوەن شەن و داس

کەبیـر و باوەڕت پاکە و قسەت ڕاس

جا ئاغاکان پێچەوانەیا ن کردبۆوە و دەیانگوت :

سڵاوت لیٚ فەلای خاوەن جل و هـــۆڕ

کەبیـر و باوەڕت پیسە و قسەت قـۆڕ

ئەو سەردەمە هەلێکی لە بار بوو کە توانیم داخی دڵی خۆم بە ئاغا و بەگلەرەکان بڕێژم . لە توێی شیعر دا لە سەر و پێستم دەدان و بە ڕاشکاوی لە مزگەوتیٚ و شوێنە گشتی یەکان بۆ خەڵکم دەخوێندنەوە، جار و بارە بۆ ڕادیۆ کرماشانیشم دەناردن و لە وێش بلاو دەکرانەوە . ئەم شیعرەشم ئەم شیعرەشم خستبوە سەر زاری منداڵان و بە کۆمەڵ دەیان خوێندەوە :

ئـاغـا باوکە ڕۆیەتی

فەلا مولٚکی خۆیەتی

هەر بۆیە ئاغاکان ئەوەندەی دیکەش ڕقیان لیٚ هەڵگرتـم و ڕۆژ نەبوو پیلا نێکم بۆ وەرِیٚ نەخە ن . بەلاٚم بە هۆی ئەوە کە شیعرەکانـم بە ڕواڵەت دژی ڕاپەڕینی سپی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوون و خەڵكی ئاوایی شم لە پشت بوو، دە ڕۆستم نەدەهاتن . كاتێك ڕاپۆرتیشیان لێ دەدام و لە لایەن مەئموورانی دەوڵەتەوە لە پرسیاران دەگیــرام دەمگوت :

من شیعرم بۆ ڕاپەڕینی سپی داناون و بۆ خەڵكم ڕوون كردۆتەوە كە شاهەنشا دەستی زاڵمانی لەسەر كورت كردووینەوە و نیزامی دەرەبەگایەتیی لەبەر یەك هەڵوەشاندوە . ئەوانە دژی ڕاپەڕینی سپین بۆیە بیانووم پی دەگرن . ئیتــر بەو قسانە خۆم دەپەڕاندەوە و پێ یان وابوو بە یەكجاری لە شۆڕشی سپی دا كولاوم !!

كاتێك ئاغاكان بە تەواوی لەو ڕاستی یە تێ گەیشتــن كە دەورانی دەرەبەگایەتی باوی بەسەر چووە و، جووتیاران هەر چەند بە نرخێكی گرانیش بووبێ بوو نە خاوەنی زەوی و ئیتــر مل بۆ فەرمان و دەستوورەكانیان ڕاناكێشن و بەڵێ قوربانیان بۆ ناڵێن، باریان لێ گۆڕی و بە تەمای داسەپاندنەوەی دەسەڵاتە شوومەكەیان و سەر لە نوێ چەوساندنەوەی زەحــمەتكێشان، پیلانێكی نوێ یان وەڕێ خست . بە چەكدار كردنی ژمارەیەك لە ئەفرادی خۆیان دەستیان دایە ڕاو و ڕووت و جەردەیی . شەوێك لە شەوان بەسەر خەڵكی گوندەكانی " نــجنێی خوارێ " و " سپیدارێ " یان دا دا و خەڵكیان گرت و تەنانەت لە ئەزیەت و ئازار دانی پیاوە پیــرەكان و بێ حورمەتی كردن بە ژن و مند اڵیش دەستیان نەپاراست و دراوێكی زۆریان لێ ئەستاند ن . شەوێكی دیكە چوونە سەر ماڵی حاجی ئەحمەدی خەڵكی گوندی " شێنان " كە بێ زەڕ ترین مرۆڤی ئەو ناوچەیە بوو، پووڵ و پارەیەكی زۆریان لێ بە تاڵان برد و گیــرفانیان لێ ئاخنی . شەوێكی دیكە هێرشیان كردە سەرماڵی فەتاحی حەمەد بەگی لە گوندی " پیاوێن " كە ناو براو مەردانە بەرهەڵستیان بۆوە و پاش تەقە و لێك دانێك بە سەر شۆڕی پاشە كشەی پێ كردن . شەوێكی دیكە لە نەخافڵ هەڵیان كوتایە سەر ماڵی حاجی كەریــمە ڕەشی گوندی " سوورە بان " وەبەر دەست ڕێژی گوولەیان دان و سێ كەسیان لێ شەهید كردن و ماڵیان بەسەر دا سووتاند ن و كەل و پەلیان بە تاڵان بردن . كورت



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کرمانــجی بە عالەمی ئاشکرا کەڵەگایەتی یان دەکرد و مەئموورانی ڕێژیــمیش زەق زەق لیٚ یان دەڕوانین و متەقیان لەبەر دەر نەدەهات!!

ئەوە لە کاتێك دا بوو کە پەیتا پەیتا لە ئێمەشیان ڕا دەسپارد کە ئەگەر بستێك لە چوار چێوەی بەرژەوەندی یەکانی ئەوان کلا ببیــن، چارەنووسی خەڵکی سپید اریٚ و نــجنیٚ خواروو چاوەروانــمانە! بەڵام ئێمەی خەڵکی نــجنیٚ کە بە تەواوی یەك دەنگ و یەك گرتوو بووین، هەر لە سەرەتاوە ئاوی گوێچکەمان دا دابوون کە بە نیشان دانی هەر چەشنە جــموجووڵێکیان بە نیسبەت خەڵکی نــجنیٚ وە، پێش هەموو شتێك ماڵەکانیان دەسووتێنین و ئەوانەی لێرە بە جیٚ ماون لە ئاوایی وەدەریان دەنێین و ئەوجار ئێمەش لیٚ یان وەدەر دەکەوین . هەر لەگەڵ ئەوەش دا کۆ بوونەوەیەکی بە پەلەمان پێك هێنا و لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە هەر کەس لە توانای دا بیٚ چەکێك بکڕیٚ و دەبیٚ بە چنگ و نینۆك دیفاع لە کەسایەتی و شەرەف و نامووسی خۆمان بکەین . سەرەنــجام لە ماوەیەکی کورت دا  وەخۆ کەوتین و دە دوازدە چەکمان وە دەست هێنان . ئەوجار لە بوومە لیٚلەی نوێژی شێوانەوە هەتا کاز و کووزی بەیانی لە چوار دەوری ئاوایی کێشکمان دە داشت و هەستی مار و مێروومان دەگرتە ژێر چاوەدێری . بە ڕۆژانەش لە ترسی جەندرمەکانی ڕێژیم چەکەکانــمان لە کەلێن و کوونان دا دەشاردنەوە و ملمان لە کار و کاسبی دەنا . کاتێك چەتەکان هەستیان بەو هەڵوێستە لیٚ بڕاوانەی ئێمە کرد، ترسیان ڕیٚ نیشت و بێجگە لە یەك دوو جاران کە پارێزیان دێنا و لەگەڵ بەر بەرەکانیی توندی ئێشك گرەکان بەرەو ڕوو دەبوون، نەیان دەوێرا خۆمان لە قەرە بد ە ن و ئاوە ڕۆیان نەبڕی . جێی سەرنــجە لەو پێوەندی یە دا حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای حەید ەری کە مامۆستای ئاییــنیی گوندەکەمان بوو، نەخشی بەرچاوی لە ڕێك خستــن و هان دانی خەڵکە کە دا گێڕا و ئەرکی سەرەکیی وە ئەستۆ گرت . زۆربەی شەوان هەتا بەرە بەری ڕۆژیٚ بەسەر بنکەکەکانەوە دەگەڕا و قسەی بۆ دەکردین و لەسەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی گرتبوومان سوور تر و پیٚ داگر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تری دەکردین . با ئەوەشـــمان لە بیــر نەچێ کە لەو ماوەیە دا خەڵکی ناوچەی بانە وە خۆ کەوتبوون و چەك و چۆڵێکی زۆریان وە دەست هێنابوو و بە تەواوی مەید انیان لە جەردەکان بەر تەسك کردبۆوە و ناچار بە خۆ بە دەستەوە دان بە ڕێژیــمیان کردنەوە .

ڕەورەوەی مێژوو هێدی هێدی ئا ژوا و ئەو قۆناغەشی وە دوا خۆ دا . جووتیاران و زەحــمەتکێشان ئاهێکیان وەبەر هاتبۆوە و تا ڕادەیەك لە زوڵم و زۆر و گەڕ و گێچەڵی ئاغا دێ خەلستبوون . بەڵام گەڕی گەردوون چاوی بە دیتنی ئەو وەزعە هەڵ نەهات و بۆسەیەکی دیکەی بۆ نانەوە . ڕێژیم لەو شێوە چەکد ار بوونەی ئاوایی نشینەکان بە تەواوی ترسی ڕێ نیشتبوو . مەترسیی ئەوە لە دڵی دا جێگیــر ببوو کە ئەگەر بە تووند ترین شێوە سەر کوتی نەکا، لەوانەیە بار و دۆخەکە بە تەواوی لە گرێژەنە بــچێ و شێوە ڕاپەڕینێکی جەماوەری و هەمە لایەنە بە خۆوە بگرێ و لە دوا ڕۆ دا کۆنتــڕۆڵ کردنی بە نرخێکی گرانتــر بۆ تەواو ببێ . لە لایەکی دیکەشەوە هەستی بەوە کردبوو کە تێکۆشەرانی دێمۆکڕات خۆیان گەیاندۆتەوە بەشێك لە ناوچەکانی کوردستان و لەگەڵ ئەندامەکانی حیزب لە پێوەندی گرتن دان . هەر بۆیە بە پەلە وە خۆ کەوت و بە هەموو توانایەوە کەوتە گیان و گۆڕی خەڵکی زەحــمەتکێش و تامی تاڵی چێشتوو . بە بیانووی چەك داماڵین و بۆ چاو ترسێن کردن، خەڵکێکی زۆری ڕاپێچی چاڵە ڕەشەکان دا و خرانە ژێر ئازار و ئەشکەنــجەوە . بە شێك لە بەگەکانیش بەسەر ئەو هەلەوە نەچوون و بە ناوی " چریك " چەکیان بۆ ڕێژیم دەست دایە و کران بە مەئمووری چەك داماڵینی گشتی( خەلع سلاح عمومی ) . بۆ ئازار و ئەشکەنــجە دانی زۆر لێ کراوان کە یەکێك لە ئاواتەکانیان بوو، دەست بە کار بوون و بە کەیفی خۆیان دەستیان لێ وەشاند ن . هەر کەس بە پێچەوانەی ویستی وان جوولابایەوە، بە بیانووی چەکدا ر بوون و هاوکاری لەگەڵ ئەشرا ر! (﴿) چۆڵە پێچەنیان دەدا و خەشی خۆیان پێ دەڕشت . سەرەنــجام ئەوەی چەکی لەو ناوچەیە دا بوو کۆ کرایەوە و زەوت کرا، یان لە بن گڵ نرا و لە کا ر کەوت . زۆر جاران کابرا ئەگەر چەکیشی نەبایە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەندەیان ئەشکەنــجە دەدا کە ناچا ر بوو مۆڵەتیان لێ بــخوازێ و چەکێکیان بۆ بکڕێ و تەحویلیان بد اتەوە .

---

**پەڕاوێز :**

⁽¹⁾ ــ مەبەست لە تێکۆشەرانی دێمۆکڕات واتە کادرەکان بوو کە بۆ دزێو کردنیان لەبەر چاوی خەڵکی ناوی ئەشراریان بۆ دا تاشیــبوون .

---

# شكانی بڕبڕەی پشتم و كۆمەڵێك تەنگ و چەڵەمەی چاوەڕوان نەكراو .

سەرەتای مانگی ڕە زبەری ساڵی [illegible] ی هەتاوی بوو . لەگەڵ باوكم و خاو و خێزان، بۆ كۆ كردنەوەی خەلە و دان و كلۆش و خەرمانی بەرهەمی فەلاحەتی ئەو ساڵەمان شەویشمان بە دەم ڕۆژەوە دابوو . بێ ئۆقرە و هەدا دان ئارەقەمان دەڕشت و بە زەبری شان ڕۆزیـمان لە زەوی دەستاند . یەكێك لە ئەركەكانی ئەو ساڵەمان، ڕەنێو هێنانی ئەو پەڵە تووتنە بوو كە لە دێ بەری بەر دەرگای ماڵەكەمان دا چاندبوومان . شەو درەنگانێك باوكم كە سەردانی تەرە تووتنەكەی كرد، كە كاتی دەرهێنان و هەڵ خستنی هاتبوو . ئەگەر بكەوتایە بەیانی، لەوانە بوو برزێ و ڕەنج بە خەسار ببین، دەبا هەر ئەو شەوە پێی بچارێین . لێی وە خۆ كەوتین و باوەشێك تووتنم هەڵ گرت و بە نەردیوانی دا بۆ سەر بانی حەوزی مزگەوتی ئاوەدانی پێ هەڵ گەڕام . بێ خەبەر لە گەڕی گەردوون، گەیشتمە دوا پلەی نەردیوانەكە و نەردیوان بە پشتەوە دا وەر گەڕا و دەستم بۆ لە هیچ كوێ گیـرنەكرا . ئیتـر هەر ئەوەند ەم خۆشیی دی، تارمایی یەك بەری چاوانی گرتـم و نەمزانی هەتا بەرەو پشت بە باوەشە تووتنەوە بە كەڵەكە بەردێك دا درام و بڕبڕەی پشتم شكا و لە پشتێنێ بەرەو خوارم لە كار كەوت . بە چوار دەست بردیانـمەوە ژووری و لە جێ و بانیان خزاندم . ئەوەی ئەو شەوە بە سەرمن هات



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمن لە ماڵت نا هومێد بێ . هەتا کەوتــمە بەیانیی چەند جار مەرگم بە چاو بینی و زیندوو بوومەوە . وە سبەینێ ڕا خەڵکی ئاوایی لێم وە کۆ هاتن و بارگەیان بۆ هەڵ بەستم و بە هەورازی ئاشقە ڕێ یە دا تێ هەڵ بووین و بە نیوە مەرگی گەیاندنیانــمە سەر جاددەی بانە سەردەشت و لە بن دارێك ڕایان کێشام . ئەو کات هاتووچۆی ماشێن بەو جاددەیە دا زۆر دەگمەن بوو . ناردیانە گوندی " سەید سارم " کە تەلەفوونی لێ بوو و نەخۆشخانەی بانەیان ئاگادار کرد . ماڵیان ئاوەدان بێ لەگەڵ ئێوە، هەر ئەوەندەی سەبیل کێشێك ئامبوولانسیان بۆ ناردین و گەیاندیانــمە نەخۆشخانەی شاری بانە . بەڵام دەردەکە کاری و کارم کرابوو . هەموو هەوڵی دوکتۆرەکان بێ ئاکام مایەوە و ڕەوانەی سەقز و پاشان بۆ نەخۆشخانەی سنەیان بەڕێ کردم . لەوێش بە ماوەی نزیك بە چوار مانگان لە نێو قاڵبێکی گەچ دا بە ژان و ئازارانەوە نوارامەوە و ئیفاقەم نەهات و لەبەر بێ کەسی و بێ دەرەتانی، سەر لە نوێ بۆ نەخۆشخانەی بانەیان بە ڕێ کردمەوە .

باوکی مەینەت بەشم سەرەڕای نەداری و بێ دەرەتانی، منیشی لێ بووم بە سەرباری دەردان و بە ماوەی نزیك بە هەشت مانگان شارە و شاری پێوە کردم و بۆ چارەسەر کردنــم بە دەستی بە تاڵ گەڕایەوە . سەرەنــجام دەستە و داوێنی شێر و خورشیدی سووری بانە بووین کە ئەو کات بەرپرسایەتی یەکەی لە ئەستۆی میــرزا مەجیدی تووتن چی بوو . خودا جەزای بە خێری بداتەوە بۆمان تێ کەوت و پاش بەڕێ کردنی بروسکە و کێشە و بەرەیەکی زۆر بواری ناردن بۆ تارانی بۆ ڕەخساندم و بۆ نەخۆشخانەی " فیــروزگەر " بە ڕێ کرام . ئەوە لە کاتێك دا بوو کە لەو ماوەیە دا هێندێك وە دارە دارە کەوتبوومەوە و بە دار و دیوارانەوە کورتە هەنگاوم هەڵ دێنانەوە .

کاتێك لە نەخۆشخانەی فیــرووزگەر وەرگیــرام، بە پەلە لێم وە خۆ کەوتن و پاش هەڵگرتنەوەی زیاتر لە بیست پەردە وێنەی ڕەش و و سپی و ڕەنگی و لێکۆڵینەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ورد و زانستی یانه که زیاتر له حەوتوویەکی خایاند، کەوتمە بەر ساتۆری نەشتەرگەران و چەقۆ ئاژن کرام . به وتەی کاك دوکتور " خەلعەت بەری " که دوکتوری چارەسەرم بوو سەرەڕای شارەزایی و لێ زانی یەکەی مرۆڤێکی دڵ نەرم و خاوەن بەزەیی بوو، چەندی بلێی دڵسۆزانه پێم چارا و پاشان بۆی گێڕامەوه بۆ نەشتەرگەری له ڕاپرسیی ﴿ پسپۆڕ له بواری نەشتەری دا، کەڵکی وەرگرتبوو . ئەو مۆره پشتم که ورد و خاش ببوو، به یەکجاری له سمتی ڕاستم کوته ئێسقانێکیان دەرێناوه و لەگەڵ مۆرەکانی دیکەی بڕبڕه پشتم لەحیمیان کردۆتەوه و، ئەو نەشتەرگەری یه که به گەوره ترین نەشتەرگەریی ئەو سەردەمه له ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا ناویان دەبرد، گیانێکی نوێ یان پێ بەخشیمەوه . پاشان له جووجکەی سمتانمەوه هەتا بن هەنگڵم گرتیانه گەچ و بەرێ یان کردمەوه و ماوەی شەش مانگیش بوومه باگردێن و له نێو جێ دا تلا و تلم دەکرد .

لەو ماوەیه دا پلەی داهاتی ژیانی ڕۆژانەی بنەماڵەمان بۆ سفر دابەزیبوو، باوکم به ڕادەیەك وه ژێر باری قەرزان کەوتبووکه خەوی شەوانیشی لێ حەرام ببوو . دکتۆریش بەرگریی کاری قورسی لێ کردبووم و نەدەبا خۆم زەحمەت بد ەم . هەر چەند بیرم لێ کردەوه پیشەیەکم به دی نەدەکردگۆشه گلەمێکی بۆ باوکم پێ بگرم و لەو بزمار به گایه ڕزگاری بکەم . پاش بیر و ڕا گۆڕینەوه لەگەڵ باوکم لەسەر ئەوه ڕێك کەوتین که ماکینەیەکی بەرگ دروون وه دەست بێ نین و کەلەبەرێکی له ناگوزیری یەکان پێ پڕ کەینەوه . بەڵام ئەویش پێویستیی به کۆمەڵه دراوێك هەبوو که له وزه و توانای گیرفانی بەتاڵی ئێمه دا نەبوو . سەرەنجام پەنامان به ئاغای "کەریمی وسووقی" برد که ئەو دەم له شاری بانه نوێنەرایەتیی فرۆشتنی ئەو جۆره ئامرازانەی له ئەستۆ بوو . ماکینەیەکی گچکەمان به چاو ئەنگاوت که نرخەکەی **550** تمەن بوو . پاش تکا و ڕەجا و یەکتر سوونەوه لەسەر ئەوه ڕێك کەوتین که پەنجا تمەنی نەختی بدەینێ و ئەوی دیشی بەره بەره به قیست له داهاتوو دا بۆ وەبژێرین . ماکینەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێنایەوە و دەستم دایە بەرگ دروون (خەیاتی) . هەر چەند ئەو کارەش زۆری ماندوو دەکردم و بۆ نەخۆشی یەکەم زیان بار بوو، بەڵام چ دەکرا، هەر ئەوەی کە بە ڕەنــجی شان و ئارەقەی نێوچاوانی خۆمان دەژیاین، بۆمان گەورەترین سەرکەوتن و شانازی بوو . خەڵکی ئاوەدانیش کە لە هەموو ئەو ماوەیەش دا لە یارمەتی دانی باوکم تەنەخی یان نەکردبوو، حورمەتیان دەگرتــم و هەر نەبێ جل و بەرگی ساڵانەیان بەملا و ئەو لا دا نەدەبرد و لەگەڵ ئەوەش دا کە کوڵی وەستا و بێ مامۆستا فێر ببووم و کارەکەشم ئەو کەیفیەتەی نەبوو، بۆ منیان دێنایەوە و منیش لە نرخەکە دا خاترم دەگرتن .

تەمەن بە هەورازی هەڵ دەزنا و ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو قۆناغی نوێ دەئاژوا . ئێمەش هێندێك وەسەر خۆ کەوتبووینەوە و هەر نەبێ باری قەرزانــمان نەختێك لەسەر شان سووکتــر ببوو . وەزعەکە تا ڕادەیەك بەرەو هێمنی هەنگاوی دەنا و گرژی و ئاڵۆزی بەو شێوەیە لە گۆڕێ دا نەما بوو . پێوەندیی نێوان ئەندامانی حیزب و کادرەکان پێڵۆز کرابۆوە و، بواری تێکۆشان بۆ بووژانەوەی تەشکیلات هەموار بوو . لەگەڵ ئەوە دا کوردستان بە مۆڵگەی نیزامی کون بڕ کرابوو، هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم وەك ماری سڕ لە عەزیەت و ئازاردانی خەڵکی ئاوایی یەکان هێندێك سرەوتبوونەوە . تێکۆشەرانی حیزب بە شێوەی چەکدار و نیوە ئاشکرا لە بەشێکی ناوچەکان دا سەرقاڵی پێوەندی گرتنەوە لەگەڵ خەڵك و خۆ سازمان دان بوون . ئەو دیــمەنە دڵخۆش کەرە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە حاڵی تەنینەوە و ڕیشاژۆ دابوو، بڕە هیوایەکی لە نێو دڵمان دا بنیات نابوو . هەر وەك ئێستا لە بیــرم ماوە کە ساڵی **1346**ی هەتاوی شەو زستانێکی بەفر لە سنگ، لە کاتی پارشێو دا(**1**) کاك ســمایلی شەریف زادە(**2**) (مەلاعەزیز) و کاك خەلیلی مستەفا زادە(**3**) (خەلیل شەو باش) بە چەکەوە خۆیان بە ژووریێ دا کرد . ماوەی سێ چوار شەوان لامان مانەوە و لەگەڵ ئەند امانی حیزبی پێوەندی یان نوێ کردەوە و بە دڵێکی پڕ لە هیواوە باسی سەر هەڵ دانی خەباتی

چەکدارانەیان دەکرد و ئێمەش چاومان لە ئاسۆ بڕیبوو(**4**). بەڵام هەیاران! پیلانی دوژمن زۆر لەوە بە هێز تر بوو کە دەلاقەیەکی ڕوون بە ڕووی گەلی بەش کراو و سەر کوت کراوی کورد دا بکرێتەوە . لە نکا و شەختەی تاوان بۆ جارێکی دیکەش بەهاری خەملاوی ئارەزوومانی ژاکاند و، چڵکە هەوری نەدامەت ئەستێرەی شۆق هاوێژی ساماڵی ئاســمانی شین و بێ گەردی چارەنووســمانی شاردەوە . ڕەشەبای بێ دادی هەڵی کرد و نەمامی شلك و ساوای هیواکانی بادا و ئەستووند ەکی تاولّی هومێدی تێك شکاند . زەردەی ئاسۆی چاوەڕوانیمان تەمی خەم دای گرت و حەزیای ڕەزا گرانی شەڕ خوازی بۆ جارێکی دیکەش ڕووی دزێوی نواند ەوە . یاساولّە شەو پەرستەکانی " ساواك " بە هاوکاریی بەشێك لە دەرەبەگە گوێ لە مستەکان، بۆ ڕاوی تێکۆشەرانی دێمۆکڕات وە خۆ کەوتن و لە ئەنــجام دانی هیچ تاونێك دەستیان نەپاراست . ڕۆژی **12** ی مانگی بانەمەڕی ساڵی **1347**ی هەتاوی، کاك سـمایلی شەریف زادە لەگەڵ پێنج هاوسەنگەری دیکەی لە چۆمی دارێنە کە بە هۆی خۆ فرۆشێك بە ناوی " کوێخا شەریف (**5**)" ڕاپۆرتیان لێ درابوو، کەوتنە بەر هێرشی دڕند انەی زیاتر لە چوارسەد چەکد اری جەندرمە و ئەرتەشی و زۆڵە کوردی خۆ فرۆش و پاش خۆ ڕا گری یەکی قارەمانانە کاك سـمایل لەگەڵ میــرزا مـحەمـمەدی شادمانی، کاك حسێینی ڕەحــمان ڕابی، میــرزا مـحەمـمەدی بۆکانی و عەلی عەولا کۆڵ شەهید کران و ئەوی دیکەشیان بە ناوی عەولا ڕەش بە برینداری خۆی بە چۆمی دا دا و ڕزگاریی بوو .

بە دوای ئەو ڕووداوە جەرگ بڕە دا چڵکاو خۆرانی ساواك بە یارمەتیی هێندێك لە کۆنە بەگلەرە خۆ بە دەستەوە دەرەکان بە گیان و گۆڕی دڵسۆزانی دێمۆکڕات وەر بوون و ڕادەیەکی زۆریان گرتن و ڕاپێچی چاڵە ڕەش و ئەشکەنجەگاکانیان دان . ئەو ڕەوتە تۆقێنەرە گوند ەکەی ئێمەشی بەسەر کردەوە و ڕۆژێك پاش بوومەلێڵەی نوێژی شێوان کاتێکمان پێ زانی کە هەر چواردەوری ماڵەکەمان گەمارۆ درا و بێ ئەوەی مەودا بە تاقە کەسێکمان بدەن لە ژوورێ وەدەر کەوین، باوکمیان ڕفاند و، وەك پۆلە جنۆکە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەر چاومان ون بوون . هەر ئەو شەوە و هەر بەو شێوەیە حاجی " ئەحــمەدی سالْحی" شیان تێکەوە پێچا و خەرمانێك خەمیان بەسەر دا بە جێ هێشتین .

ڕۆژگارێکی بێ تروسکە، قۆناغێکی نا هەموار و پڕ لە ئاستەنگ، سەردەمێکی لیپا و لیپ لە دلْە خورپێ و ترس و خۆف بوو . پادگانی " جەلْدیان " کە ئەو دەم بە قەسابــخانەی جەلْدیان بە ناوبانگ بوو، لە ڕۆلْەئازادی خواز و ئەرك وە خۆگرەکان میچ کوت بوو . بە ئاماژەی هەر خۆ فرۆشێك کۆمەلێك مرۆڤی نیشتمان پەروەر چۆلْە پێچەن دەدران و دەخرانە ژێر ئازار و ئەشکەنــجەی پیاو کوژەکانی ساواکی جەهەننەمیی شاوە . قورسایی باری خەمان بە ڕادەیەك شان و پیلی داگرتبووم، وام دەزانی هەموو دنیا بەسەر من دا رووخاوە . بە حەوت عاســمانان ئەستێرەیەکم بە دی نەدەکرد و داهاتووم وەك گۆمێکی قوڕاوی بێ بن دەهاتە بەر چاوان . دیــمەنی ئەو ڕۆژگارە تەماوی و خەماوی یەم لە پارچە شیعرێکی دوور و درێژ لە ژێر ناوی " چەرخی چەپ " دا وێنە کێشابوو کە تەنیا ئەم چەند دێڕەم لە بیــر ماوە :

دیسان چــەپ گــەردیی چەرخی بەدکردار
بە پێچەوانەی بــەختــم ســــــــــووڕاوە
تــەمی خەم دای گرت ئاسۆی هــومێــدم
دیــوە زمەی مەینەت سەری هــــەلْ داوە
ســامالْی شــینی جوانی ئــــــاســمــانــم
بــە چلْکە هــەوری ڕەش داگــیــر ســـــاوە
ئــەستێرەی هــیــوام کــــەوتــە تاریــکی
چــــرای شــــەوگـــاری ژیـــنــم کــــوژاوە



کتێبخانەی دیجیتالْی
www.rabari.org

سەرەڕای هەموو ئەو تەنگ چەڵەمە و گیــر و گرفتانە کە ڕێگای داهاتوویان لێ نا هەموار کردبووم، چەندی سەرم دێنا و دەبرد، نەم دەزانی چ کار و پیشەیەکی باشتــر ڕەچاو کەم کە وەڵام دەری تەنانەت ژیانێکی نەمر نەژیی ڕۆژانەی بنەماڵەکەمان بێ . خوشك و براکانیشم بەو شێوەیە باو خۆش نەببوون کە لە ئاوەزیان دا بێ کەلەبەرێك لە نا گوزیری یەکان پڕ کەنەوە . ئەو ماوەیە هەتا باوکم ئازاد کرا، بە درێژایی دەیان ساڵ ئازاری پێ چێشتم و ئەوەندەی دیکەش لە پەل و پۆی خستم . لە فکران ڕا دەچووم و خەوی شەوانیشم لێ حەرام ببوو . ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە وە ئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی بنەماڵە چەندە قورسە و باوکم تووشی چی ها ڕەنج و ئازار و چەرمە سەری یەك بووە . بیــرم لە هەر پیشەیەك دەکردەوە دڵم نەی دەگرت و لەسەری ساخ نەدەبوومەوە . وام دەزانی لە بن دارێك دانیشتووم پەلکی گەڵای پێوە نیە و سەری هەموو کێوانــم لێ وێك هاتبوو .

ساڵی **1355**ی هەتاوی لەسەر پێشنیاری دۆستێکم دەستم دایە خوێندنەوەی کتێبە دەرسی یەکان و لە تاقی کردنەوەی پەڕەوازە ( متفرقة ) دا بەشد اریم کرد و بڕوا نامەی پێنجی نیزامی نوێم وەر گرت . هەر ئەو ساڵە لە دەورەیەك دا کە ئید ارەی پەروەردە و فێر کردن پێکی هێنابوو، بەشد اریم کرد و بروانامەی مامۆستای دژی نەخوێند ەواریم وە دەست هێنا و، هەر لە گوند ەکەی خۆمان لەگەڵ کاك حەسەنی عوســمانی کە ئەویش لە دەورەکە دا بەشد ار بوو، ملمان دایە دەرس گوتنەوە . ( بڕوانە وێنەی ژمارە **3** و **4** ) .

ئیتــر بە ڕۆژانە کاری خەیاتیم دەکرد و شەوانەش هەتا پاڵی وە نیوە شەوێ دەدا، دەرسم دەکوتەوە . ئەو ماوەیە بە تەواوی لە بەرهەمی کارەکەم رازی بووم . هەم بۆ منـد اڵە زەحـمەتکێش و بێ دەرەتانەکان کە بۆیان نەدەلوا لە خوێندنگەی ڕۆژانەدا دەرس بـخـوێنن و هەم بۆ گەورە ساڵەکانیش بە خزمەتێکی باشم دەزانی . بەڵام گرانی و چوونە سەری ڕۆژ بە ڕۆژی نرخی کەل و پەل و ئاوسانی دراو ( تورم ) و . . . . . تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ دەچوو ئەرکی سەر شانی قورستــر دەکردین و ئەو جۆرە داهاتانە بەکەم و کوورِیش وەلاّم دەرەوەی ژیانی ڕۆژانەمان نەبوون . دەبا زیاتر هەوڵ بد ەین و زۆر تر خۆ ماندوو بکەین . هەر بۆیە ساڵی **1356** ی هەتاوی، بە ناچار پەنام بردە بەر ناوەندی لەشساخی و لە بەشی مالاریا دا بە ڕۆژ کاریی بەرپرسایەتیی تیمێکی ژار پژێنی ( سەمپاشی )م پێ سپێردرا . بەو هیوایە کە پاش تەواو کردنی کارەکەمان و دیتنی دەورەیەکی دەرمانی ( واکسیناسیۆن ) بە ڕەســمی دامان مەزرێنن . دیارە ئەمن پێشتــر دەورەی دەرمانیم دیتبوو، دەرزی لێ دان و برین پێچی و . . . بە تەواوی شارەزا بووم و لەو ناوچەی خۆمان کە ئەو کات نە دەرمانگای لێ بوو و نە شوێنێك بۆ دەرزی لێ دان، هەر کەس دەرزی یەکی هەبایە بۆ منی دێنا و منیش بێ ئەوەی چاوەڕوانیی هەق دەستم لە کەس بێ کارەکانــم بۆ ڕا دە پەڕاند ن کە لەو سەردەمە دا خزمەتێکی کەم نەبوو بە زەحــمەتکێشانی ناوچەکەمان .

بەهاری ساڵی **1356** ی هەتاوی کاری ژار پژێنیمان دەست پێ کرد . هاوکارەکانــم ( سەرپەرستی تیمەکان ) ئەوەی لە بیــرم مابێ کاك سەددیقی گەوهەری، کاك ڕەسووڵی ئەحــمەدی، کاك ئەحــمەدی بەققاڵی، کاك زاهیدی تەهایی و وابزانــم دوو سێ کەسی دیکەش بوون کە ناوەکەیانــم لە بیــر نەماوە . ناوچەکانی مەئمووریــیەتــمان پەڕا و پەڕ کەوتبوون . ئەمن کە زیاتر لە بیست کرێکار و ئەگەر باش لە بیــرم مابێ دوو سەر کارگەرم لەگەڵ دا بوون، بەشێك لە ناوچەکانی نەنۆر، پاش ئاربەبا، سیوچ و بەردەڕەشم وەبەر کەوتبوو . سەرەتا بە سەرکارگەر دامەزرابووم، بەلاّم پاش چەند ڕۆژان بەرپرسەکەمان نەقڵ کرا و بەرپرسایەتیی تیمەکە بە من سپێردرا و بە وتەی ئەو کات بووم بە ڕەئیس!

کاری ژار پژێنی کۆتایی هات و نۆبە گەیشتە سەر بەسەر کردنەوە(مراقبت) . کرێکار و سەر کارگەرەکان هەر کەس وە دوای کاری شەخسیی خۆی کەوت . ئێمەش سەر پەرستەکان هەر کام ناوچەیەکیان بۆ دیاری کردین و، بەرپرسەکەشــمان کاك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعیدی سولّتانیان خەلّکی مەهاباد بوو . دەبا مانگی جارێك دێ بە دێ و کۆخ بە کۆخ بەسەرمان کردبانەوە . بەیانیی لە ئید ارەی مالاریا پڕ بە ساکێك دەرمانی سەرەتایی (کمکهای اولیه) مان هەلّ دەگرت و هەر کەس بۆ ناوچەی پێ سپێردراوی خۆی بە ماشێنی ئید ارە بەڕێ یان دەکردین و ئێوارەش کۆیان دەکردینەوە و بەرەو شاری بانە دەگەڕاینەوە . هاوکارەکانــم هەموویان مالّیان لە شار بوو، بەلاّم ئەمن کە مالّمان لە دێ بوو، ژوورێکم بە کرێ گرتبوو . بە تاقی تەنیا دەژیام و هەموو کارێك لە ئەستۆی خۆم بوو . بەلاّم خاوەن مالّەکەم مالّیان ئاوەدان بێ نەیان دەهێشت دەست بۆ هیچ کارێك بەرم . بەیانی کە دەڕۆیشتم کلیلەم بە دەرگاوە بەجێ دەهێشت و ئێوارێ کە دەهاتــمەوە و مالّ دەتگوت ئەسپی زین کراوە .

دەچووینە هەر گوندێك مالّ بە مالّ دەگەڕاین، کارتەکەمان ئیمزا دەکرد و ئەگەر نەخۆشی تا و لەرزیان هەبایە، خوێن ( لام ) مان لێ دەگرت و دەمان بردەوە بۆ تاقیگە ( ئازمایشگا ) ی ئید ارە و پاش تاقی کردنەوە ئەگەر دەرکەوتبا نەخۆشیی مالاریایەتی، دەرمانــمان بۆ دەبرد و دەمان گرتە ژێر چاوەدێری هەتا چاك دەبۆوە . ئەمن سەرەتا ناوچەی بەردە ڕەش و پاشان ناوچەی خێلّە ڕەشم پێ بڕابوو کە لەو ماوەیە دا نەخۆشی مالاریام تێ دا وەبەر چاو نەکەوت . بەلاّم دەرمانی باشــمان پێ بوو کە بە سەر نەخۆشە سەرپێیی یەکان دا دەمان بەشیەوە و ئەگەر کەسێکیش دەرزیی هەبایە لێمان دە دا .

کاری بەسەر کردنەوەش کۆتایی پێ هات و چاوەڕوانی ئەوە بووین کە بە ڕەســمی دامان مەزرێنن . بەلاّم ئەمن بە بیانووی ئەوە کە تەمەنــم بە سالاّن دا چوە، وەر نەگیــرام . دیارە لەسەر پێشنیاری کاك سەعیدی سولّتانیان هەولّێکی زۆریشم دا کە پێناسەکەم هێندێك کەم بکەمەوە . دادگاش شاهیدەکانی لێ قەبوولّ کردم و بەلّێنی پێ دام، بەلاّم تا بە خۆم زانی خێر خوایەك (**6**) لە ئید ارەی ئامار بۆی تێ چاندبووم کە کاتی خۆی فێلّم کردوە و لەبەر ئەوەی خزمەتی سەربازی نەکەم، پێناسەکەم بە زیاد

وەرگرتوە . پیاو هەق بلێ بوختانیشیان پێ نەکردبووم و ڕاستیی مەسەلە کە هەر وا بوو . هەر بۆیە ئید ارەی ئامار لێم بە قارِ دا چوو . ئەویشم لێ هەڵ وەشاوە کە هیچ، ئەوەند ەی نەمابوو هەر بە تاوانباریش بناسرێم . سەرەنجام لەوێش وەدەر نرام و پیشەی بەرگ دروون و ئەرکی مامۆستایی دەستیان گرتمەوە و نەیان هێشت بێ کار دانیشم .

ئەمجارە بیرێکی نوێ مێشکی هە ژاندم و پیشەی ماشێن لێ خوڕینی بۆ هەڵ نام . دیارە لە ماوەی کار کردنی ئەو ساڵەم دا کە لە ئید ارەی مالاریا دا کارم دەکرد، دوا نیوەڕۆیان و تەنانەت شەوانەش لە کاتی پشوو دان دا ئاغای " فەیزی (**7**)" بە جوانی فێری لێ خوڕینی کردبووم . پاشان بۆ وەدەست هێنانی بڕوا نامەی ڕانند ەگی شاری ورمێم هەڵ بژارد کە کاربەدەستانی ئید ارەی ڕێنما و ڕانندەگی کەمتر فێری بەرتیل خواردن کرابوون . ئەویش لەبەر ئەوەی کە پێناسەی من سەر بە پارێزگای کوردستان ( سنە )بوو، ناو نووسی کردن هاسان نەبوو . بەڵام بە هەوڵی حاجی" عەزیزی ئاسیابانی(**8**) " کە دۆستی کاك ئەحمەدی قەسیمی(**9**) و کاك ناسیحی قەسیمی(**10**) بوو، ناو نووسی یەکەمان جێ بە جێ کرد و بە بێ ژانە سەر لە تاقی کردنەوەی ئاین نامە دا سەرکەوتم . لە تاقی کردنەوەی نێو شاریش لەسەر نەکێشانی تورموز دەستی ڕەدیان کردمەوە و ماوەی مانگێکیان بۆ دیاری کردم کە بچمەوە و ئیمتیحان بد ەمەوە . پاش ماوەی دیاری کراو بە دڵێکی پڕ لە هیواوە خۆم بۆ کوتا و لە بوومە لێڵەی نوێژی شێوان دا خۆم گەیاند ە گۆڕەپانی تاقی کردنەوە . بەڵام وەك نەگبەتی کراسێك بێ و بە باڵای من بڕابێ، لە نێو چوار سەد و پەنجا کەس لە بەشد اربوانی ئەو دەورەیە دا، پەروەند ەی من بە نان هات و بە ئاو خوراو ناوم هەر نەخوێنرایەوە! چەندی دەستە و داوێنی ئەفسەر بووم و پەنام بە ئید ارە بردەوە فاید ەی نەبوو . بە دەستی بەتاڵ خۆم گەیاند ەوە میوانخانە و ئەو شەوە خەوم لێ نەکەوت و هەتا بەیانی کەلەکا و کەلەکەم کرد . کەچی بەیانی کە چوومەوە بۆ ئید ارە، پەروەندە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆر لەسەر مێزی بەردەمی جەنا ب سەروان قوت ببۆوە! سەر لە نوێ مانگێکی دیکە وەختیان بۆ دیاری کردمەوە .

بۆ جاری سێ یەم هێشتا ماوەکەم تەواو نەببوو کە خۆ پیشان دان و ڕێ پێوان بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی سەری هەڵ دا و بەرە بەرە بۆ شارەکانی کوردستانیشی تەنیەوە . بەشێك لە ئید ارەکان ئاڵۆز بوون و دەزگای نیزام بەرەو لەق و لۆق بوون سەری پێوە نا . منیش کە هەلەکەم بەو شێوەیە بینی، ئیتر تاقی کردنەوە و بڕوا نامە و ماشێن لێ خوڕین و هەموو شتێکم لە بیر چۆوە و تێکەڵ بە شەپۆلی نا ڕازی یان بووم . ئێستاش کە ئێستایە سەرم پێ دا نەکردەوە و لەگەڵ خۆ پیشاند ەران ئەم شیعرەم کردە سەر مەشقی ژیانی داهاتووم :

**بە پیری مەرگەوە بۆ نیشتمان هەنگاو دەنێم تا هەم**
**ئەگەر باکم لە مردن بێ، دەسا تف لەو ژیانەی مـن**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەراوێزەکان :

1 ــ مەبەست لە پارشێوی ڕۆژووی ڕەمەزانە کە ئەو کات مانگی ڕەمەزان بوو .

2 ــ کاك سـمایل خەڵکی مەهاباد و چەندی بلێی ئاستی خوێند ەواری و زانستی سیاسیی بەرز بوو . لە ساڵی **1346** ی هەتاوی یەوە بەرپرسی ڕاستە و خۆی تەشکیلاتی ناوچەی بانە بوو . بە تەواوی خۆیان بۆ خەباتی چەکد ارانە لە دەست نابوو . بەڵام بە داخەوە ڕۆژی دوازدەی بانەمەڕی ساڵی **1347** ی هەتاوی لە چۆمی دارێنەی ناوچەی بانە شەهید کران .

3 ــ خەلیل شەوباش خەڵکی بانە و ساڵی **1347** ی هەتاوی بە هۆی سەرکردایەتیی ئەو کاتی شۆڕشی کوردستانی عێراق بێ سەر و شوێن کرا .

4 ــ کاك سـمایل زۆر لە خۆ ڕادیوانە باسی خەباتی چەکد ارانە و دڵنیا بوون لە سەرکەوتنی خۆیانی دەکرد . بەڵام ئەمن بەش بە حاڵی خۆم کە زۆربەی ئەند امانی حیزبیش لەسەر ئەو ڕایە بوون، زۆری لێ دەترسام . چونکە شا ئێرانی بە دوڕگەی ئارامی دنیا لە قەڵەم دابوو و هەموو توانای نیزامیی خۆی بۆ لە داو خستـن و لە نێو بردنیان وەگەڕ خستبوو . هەر بۆیە لە قسان دا گوتـم :

ــ مامۆستا گیان! بۆ خەباتی چەکد ارانە زۆر زووە . د وژمن زۆر بە هێـزە . ئێوەش کەمن . ئەوەی بە دڵیش لە گەڵتانە، ڕووناکبیـر و زەحـمەتکێشانی گوند ەکانن . ڕووناکبیـر پیاوی شاخی نیە و چەکت بۆ لە شان ناکا و خۆی لەو ئاورە ناوێ . خەڵکی دێهاتیش بە هۆی چارەسەر کردنی زەوی، شا زەخت و زۆری ئاغا و دەرەبەگانی لە کۆڵ خستوون و بوون بە خاوەن زەوی و بە ژیانی ئاسایی خۆیانەوە خەریکن . ئەوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به دڵ له گەڵتانن و هاوکاریتان دەکە ن، بەڵام چەك لە شان ناکەن و نابن بە پێشمەرگە . ئەمن نازانـم هێزی ئێوە چەند ەیە و پشتیوانتان کێ یە؟ بەڵام لەوە دەترسم بە مفتێ تێ دا بچن کە تێ دا دەچن .

بەڵام کاك سـمایل کە حاڵەتی تووڕەیی لە سیمای دا بە دی دەکرا، لە وەڵام دا گوتی :

ــ ئێمە بە دڵنیایی یەوە بڕیارمان داوە و پاشگەز بوونەوەشی تێ دا نیە . بێ لێك دانەوەش بڕیارمان نەداوە . ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی بە وردی لە سەریان دواوین و هەموو لایەنەکانـمان وەبەر چاو گرتوون .

ئەمن وام هەست پێ کرد کە لە ناچاری بڕیاریان داوە . بەڵام بە داخەوە لەگەڵ ئەوە دا لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەیان لە مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان زیاد کرد ، سەر نەکەوتن و تێ دا چوون و گەلی کوردیان ڕەش پۆش و تازیە بارکرد .

5 ــ کوێخا شەریف خەڵکی ئاوایی سیادەر بوو . لەگەڵ ئامۆزایەکی بە ناوی پێشمەرگە ڕەگەڵیان کەوتبوون و لە نێوەڕۆك دا جاسووسی ڕێژیم بوون . ئەو شەوە لە گوندی دارێنە هەلی ڕەخساند و لە نۆبە نیگابانیی خۆی دا تەقەی لێ کردن و میـرزا مـحەمـمەدی بۆکانیی بریند ار کرد و خۆی گەیاندەوە شاری بانە . بەیانی بە بریند ارەوە داگەڕان بۆ چۆمی دارێنە و ئامۆزاکەی کوێخا شەریفیش خۆی لێ دزینەوە و شوێنەکەی بۆ هێزە سەرکوت کەرەکانی ڕێژیم دەست نیشان کرد و ئەوانیش هێرشیان کردە سەریان .

6 ــ ئەو خێر خوایەش هەر جەلال بەگی عوسـمانی بوو .

7 ــ فەیزی ڕانند ەی ئید ارکەمان بوون . پەیکانێکی خۆی هەبوو لە کاتی پشوو دان دا سەعاتی بەسی و پێنج تـمەن خەڵکی فێری لێ خوڕینی ماشێن دەکرد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

8 ـــ حاجی عەزیز خەڵکی شنۆیە بوو . لە ورمێ چاخانەی دانابوو . پیاوێکی مەشرەف خۆش و بێ دەعیە و دەمار و بە مشور بوو . بە هاسانی جەواز کەسبی بۆ دەرێنام و کردمی بە شەریکی خۆی .

9 ـــ کاك ئەحمەد خەڵکی گوندی سەرچاوەی سەقز و بە خزمایەتیش پێك دەگەیشتینەوە . ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە پەنا بەری دەژی .

10 ـــ ناسیح خەڵکی گوندی سەرای سەقز و بن ئامۆزای دایکمە .

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی تەشکیلاتیی حیزبی دێمۆکڕات لە ناوچەی بانە دا

لە مێژ بوو گەلانی ئێران بە گشتی و بەتایبەت گەلی کورد لە ژێر باری زوڵم و سەرە ڕۆیی دەسەڵاتی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی دا وە زاڵە هاتبوون و دەیان ناڵاند . چکۆلە ترین دەنگی ئازادیـخوازی لە گەروو دا خنکێنرابوو . کەس نەیدەوێرا لە پێستی خۆی وەجووڵێ و مەردی ئازا لە سێبەری خۆی دەسڵەمی یەوە . زۆر جاران باوکم بە ڕەحـمەت بێ لەگەڵ مردووی ئێوە، لە دەوری خۆی کۆی دەکردینەوە و دەیگوت :

ــ ڕۆڵە گیان وریای خۆتان بن، " دیوار موش دارد و موش گوش دارد " .

ئاخر ئەو هەقی بوو لەوەش زیاتر ئیحتیات بکا، چونکەهێشتا تاڵاوی ئەشکەنـجەی دەستی جەللادە چنگاڵ بە خوێنەکانی ساواکی لە بەندیـخانەی " جەڵدیان " کە ئەو دەم بە قەساب خانەی جەڵدیان بە ناوبانگ بوو، بە تاوانی حیزبی بوونی لە بیـر نەچووبۆوە . هەر بۆیە بە لێکدانەوەی زانایان و ئەو کەسانەی سەر دەرچووی بواری سیاسی بوون، ئەگەری سەر هەڵدانی ڕاپەڕینێکی گشتی و هەمە لایەنەی گەلانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران بە دژی ئەو نیزامە بێزراوە لە گۆڕێ دا بوو . زۆر جاران مرۆڤە ژیر و بە بیـرەکان بۆ دڵخۆشی دانەوەمان دەیانگوت :

ــ خەمتان نەبێ پیشینان گوتوویانە : " هەموو شتێك لەباریکی دەپسێ بەڵام زوڵم لە ئەستووری " یان " کاسە کە پڕ بوو بە سەری دا دەڕژێ " .

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو ورد بینی یە لە چوارچێوەی بیـری ئێمە مامان، هەر نەبێ منێکی کاڵی کەم ئەزموون بە دەر بوو کە بەو زوانە تۆماری تەمەنی نیزامێکی خاوەن دەسەڵات و سەرەڕۆی ئەوتۆ کە لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتە شوومەکەی دا دەستی لە ئەنـجام دانی هیچ جینایەت و کردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتی نەدەپاراست، بە دەستی ڕۆڵە ئەرك وە خۆ گرەکانی گەلانی ئێران ئاوا سووك و هاسان هەڵ وێزندرێ و بە زبڵد انی مێژوو بسپێردرێ و پڕ بە سی یەکانـمان کەش و هەوای ئازاد هەڵ مژین . هەر چەند کەم تا کورتێك ئاگاداری جـموجووڵی هێزە ڕکەبەرەکانی نێو خۆ و دەرەوەی وڵات بووم، ئەوەم بە ڕوونی بۆ وەسەر یەك نەدەکەوتەوە کە ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵانی **46** و **47** ی تێکۆشەرانی دێمۆکڕات، دواتر گیـران و ئیعدام کرانی کۆمەڵێك لە خەباتگێڕانی حیزبی دێمۆکڕات و هێندێك لە ڕێکخراوە سیاسی یەکانی دیکە، گیـران و دوور خرانەوەی بەشێکی بەرچاو لە ئاخووندە شیعە مەزەبەکان، بە تەواوی ڕێگای بۆ ئەو ڕاپەڕینە خۆش کردبوو .

کاتێك بە دەستووری حەمە ڕەزا شا لە ڕۆژنامەی " ئێتیلاعات " دا بێحورمەتی یەکی زۆر بە خومەینی کرا، خۆ پیشاندانێکی بەرین لە شاری قووم بە دژی ڕێژیـمی پاشایەتی وەڕێ خرا کە گیـران و کوشتارێکی زۆری دیکەی بە دوا دا هات . بەڵام ئەوەش نەیتوانی خەڵك چاو ترسێن بکا و لە چلەی ئیعد ام کراوەکان دا خۆ پیشاندان سەری هەڵدایەوە و شاری تەورێزیشی ئاڵۆز کرد . سەرەنـجام بوو بە چل چلە و بەرە بەرە بۆ هەموو شارەکانی ئێرانی تەنیەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو پێوەندییــە دا کوردستانەکەی خۆشــمان کە ئەزموونی ڕابردوویەکی لە مێژینەی پڕ لە خەبات و فید اکاریی ڕۆڵە ئەرك وە خۆ گرەکانی وەسەر یەك نابوو، هەلەکەی قۆستەوە و لە گەلانی ئێران وە دوا نەکەوت . ئەو ئەرکەی مێژوو پێی سپاردبوو، بە هەست کردن بەو بەر پرسایەتی یە قورسەی لەسەر شانی بوو، دەوری چالاکانەی خۆی گێڕا . ڕۆڵە ئازا و بە جەرگەکان، بە تایبەت لاوە ئەرك وەخۆ گرەکان سنگیان ڕە پێش کرد و دەنگی نا ڕەزایی خۆیان تێکەڵ بە هاواری زۆر لێکراویی گەلانی ئێران کرد . لە مەودایەکی کورت دا کوردستانیش بوو بە گۆڕەپانی حەماسە و قارەمانەتی و، شارەکان بە تەواوی ئاڵۆز بوون . یەکەم ڕێ پێوان لە کوردستان لە **15** جۆزەردانی **1357** ی هەتاوی لە مەهاباد ڕا دەستی پێ کرد، لە ناشتنی تەرمی عەزیزی یوسفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا کە دوای **25** ساڵ لە زیندان ئازاد کرا و لە تاران کۆچی دوایی کرد . لە سێ ڕۆژانەکەشی دا کۆمەڵێکی زۆر بەشدار بوون . ئەو ڕێوڕەســمانەش بەهۆی چەند کەسێك لەسەر پێشنیاری کاك جەلیلی گادانی بەڕێوە چوون .

خۆ پیشاندانەکان بە زنــجیــرە لە دوو یەك کشان و، دروشــمی " مرگ بر شا " لە کەشکەشان دەنگی دایەوە . کار گەیشتە جێگایەك کە ڕێژیم بە هەموو توانای سەر کوتکەرانەی خۆی، باشاری تەوژمی شەپۆلی ڕقی پیــرۆزی خەڵکی پی نەکرا . ڕاگەیاندنی حوکوومەت نیزامی و گرتن و ئەشکەنــجە و ئیعد ام بۆ دامرکاند نەوەی هەستی شۆڕشگێڕانە و ڕقی پەنگ خواردووی خەڵك، خەونێکی وە دی نەهاتووی ڕێژیم بوو .

بانەی ئێمەش کە یەکێك لە دەروازەکانی هاتووچۆی کادرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بوو، ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی ڕابردوویەکی لە مێژینەی تێکۆشانی سیاسی یان هەبوو، بە تەواوی بواری لەباری ئەو جــموجووڵەی تێ دا ڕەخسابوو . هەر بۆیە لاوە خوێن گەرمەکانی ئێمەش وێڕای خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان ، بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشتیوانیی دێ نشینه تامی تاڵی چێشتوەکان ڕژانه نێو شەقام و کۆڵانەکانی شار و، ڕێ پێوان و خۆ پیشاند ان لە وێش سەری هەڵ دا کە بە هەق لەو هەلە دا مامۆستا سەید جەلالی حسێنی ئالاّ هەڵ گری ڕاپەڕینەکە بوو . ئەوە ڕاستی یەکە کە لە زۆربەی ڕێ پێوانەکان دا بە چاوی خۆم بینیومە .

ساڵی **1357** ی هەتاوی بە تێکەوە پێچانی بارگە و بنە، خۆی بۆ سەفەری یەك ساڵە لە دەسك نابوو . لە گوندەکەی خۆمان (نـجنێ سەروو) مامۆستای خوێندنگەی شەوانە بووم . دەبا هەموو شەوێك پاش نان خواردن چوبامایە سەر کلاس و بە ماوەی چەندین کاتژمێران دەرسم گوتبایەوە . چونکە هەم کلاسی وردیلەکانم لە ئەستۆ بوو، هەم کلاسی گەورە ساڵان . شەوی**22** ی مانگی ڕێبەند ان بوو، چرا تۆڕی یەکەم هەڵ کردبوو کە بەرەو قوتابـخانە وەڕێ کەوم . هێشتا بە تەواوی خۆم نەپێچابۆوە کە بە توندی لە دەرکەیان دا، فریا نەکەوتم بڵێم فەرموو کە عەزیزی مامە ڕەسووڵم(**1**) بە هەناسە بڕکێ خۆی لە ژووری کوتا و بێ ئەوەی سلاوێ بکا دەستی بۆ لای ڕادیۆکە درێژ کرد کە لە تەنیشت خۆمەوە دام نابوو گوتی :

ـ کاکە! کاکە!

ـ چیە دیسان عەزیز! بۆ وا شێت بووی؟ چیت دەوێ؟

ئەویش کە دەیەویست هەرچی زووتر مەبەستەکەی بد رکێنێ، قسەکانی لێ پـچڕ پـچڕ بوون و لە کاتێك دا وەك چەوەندەری سوور هەڵ گەڕابوو گوتی :

ـ ڕادوێ تاران بگرە، ڕادوێ تاران .

منیش کە لەو دەمە دا چاوەڕوانی هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ گرنگ نەبووم، بە تووڕەیی یەوە گوتم :

ـ چ قەوماوە! ڕادیۆ بۆچی بگرم ؟

ئەویش هێند ە لە ڕاگەیاندنی هەواڵەکە بە تاڵووکە بوو، دەستی ڕاداشتە ڕادیۆکە و گوتی :

ـ ئەتۆ بیگرە ئەو جا دەزانی چ قەوماوە .

کاتێك ڕادیۆکەم کردەوە، ئەوەم بیست کە بە خەوی شەوانیش چاوەڕوانی نەبووم . بۆ یەکەمجار لە ئێران دا و ئەویش لەسەر ڕادیۆ سروودی ڕاپەڕین و شۆڕشگێڕانە پەردەی گوێمی زرینگاندەوە . ئای خزمینە لەو خۆشی یە! هەتا دەمرم لە بیرم ناچێتەوە و هەر لە مێشکم دا دەنگ دەداتەوە . هەستام بە پەلە ڕۆ بوومە چرا تۆڕەکە و بەرەو خوێندنگە وەڕێ کەوتم . کوڕ و کاڵم لە خۆم کۆ کردنەوە و لە جیاتی دەرس خوێند ن کردمانە شایلۆغان و چەپڵە ڕێزانێك هەر وەرە سەیرێ . سەرتان نەیەشێنم، هەتا شەو شەق بوو شایی و داوەتمان گێڕا و گۆرانیمان گوتن و زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئاوایی مان لێ وە کۆ هات .

کورت و کرمانجی شا کە پێشتر قووچاندبووی دام و دەزگاکەی زۆری دەوام نەکرد و گەلانی ئێرانی تامەزرۆی ئازادی بە یەکێك لە ئاواتە لە مێژینەکانیان گەیشتن . دام و دەزگا و بنیاتە سەرکوتکەرەکانی ساواك تێکەوە پێچران و تۆماری تەمەنی **2500** ساڵەی پڕ لە جینایەت و پڕ لە شەرم و شوورەیی بنەماڵەی سەڵتەنەتی هەڵ وێزندرا و بە دەستی بە توانای ڕۆڵە خوێنگەرم و بە هەستەکانی گەلانی ئێران خرایە نێو زبڵدانی مێژوو . بەڵام سەد مەخابن بە هۆی بێ ئەزموونیی خەڵك و ئامادە نەبوونی ڕێکخراوە سیاسی یە پێشکەوتنخوازەکان بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی گەلانی ئێران، دەسەڵات کەوتە دەست تاقمێك ئاخوندی شیعە مەزەبی کۆنە پەرست و، کەمی خایاند هەموو ئاواتەکان لەگەڵ ناکامی بەرەو ڕوو بوون . ئاخوندی شیعەی تازە پێدا کەوتوو کە پێش بە دەسەڵات گەیشتنیان وادەی بە هەشتی بەرینیان بە گەلانی ئێران دابوو، کت و مت لە پەیمان و بەڵێنان پاشگەز بوونەوە و ئاگر و ئاسن جێگای مافە نەتەوایەتی یەکان و ئازادی یە سیاسی و فەردی یەکانی گرتەوە و، وەڵامی ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بە گوللە و باڕووت درایەوە!!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێی سەرنــجە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە و پێش ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی سیاسەتی پاوانــخوازی و دڵڕەقیی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستان دا بسەپێنن، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان هەلی بە هەڵکەوت زانی و لەو بوارە لەبارە کەڵکی وەرگرت و لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەرین دا لە مەیدانی ئابیاری مەهاباد و پاشان لە شارەکانی دیکەی کوردستان، تێکۆشانی خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاند و، ئەرکی پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دا وە ئەستۆ گرت .

هەر وەك لە پێشەکیی کتێبە کە دا باسم کردوە، بە پێویستی نازانــم لێرە دا مێژووی پڕ لە فرمێسك و خوێن و دارماڵ لە حەماسە و فید اکاریی دەیان ساڵەی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانتان بۆ باس کەم و داستانی خۆ ڕاگری و ئیــرادەی پۆڵایــینی پێشمەرگە حەماسە نوێنەکانتان بۆ لە بنی کوولەکەی دەم . چونکە شی کردنەوە و لێدوان لەسەر ئەو باسە مێژوویی یە لە وزە و توانای زمان و پێنووسی من بە دەرە و بۆ مێژوو نووسانی بە جێ دێڵم . تەنیا بۆ ئەوەی بە قوڵایی باسەکەم دا ڕۆچم و هێندێك هێز و پێزی پێ بد ەم، سووکە ئاوڕێك لە یەکەم هەنگاوی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب پاش بە ئاکام گەیشتنی ڕاپەڕینی پڕ شکۆی بە تالان براوی گەلانی ئێران لە ناوچەی بانە دا کە مەڵبەندی تێکۆشانی یەکەم قۆناغی ژیانی پێشمەرگایە تیمە بد ەمەوە و، باسەکەی پێ هەوێن کەم .

ناوچەی بانە بە هۆی ئەو بار و دۆخە جوغرافیایی یەوە کە لەسەر سنووری ئێران ـ عێراق هەڵ کەوتوە، یەکێك لەو ناوچانەی کوردستانە کە هەر لە دەورانی ڕێژیــمی پەهلەوی دا گەرای بیــری ئازادی خوازیی تێ دا گوورابوو . یەکێك لەو مەڵبەند انە بوو کە بە قەڵە مند ارەی هاتووچۆی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە ناوبانگ بوو . ڕەنگە هەر بەو هۆیەشەوە بوو بێ کە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەوە چەندین دەستە و تاقم و ڕێکخراوی سیاسی سەریان هەڵ دا و هەر یەك بە ناوێکەوە دەستیان دایە پڕ و پاگەند ە و تەبلیغات بە دژی حیزبی دێمۆکڕات و، دەیان

بوختان و تۆمەتیان ڕەپاڵ دان و، خۆیان کردە میــراتگری خەڵکی کوردستان و پشتیوانی چەوساوە و زەحــمەتکێشان .

لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی ئەوە کە ڕاپەڕینە کە بە ناوی ئیسلامەوە سەری گرت و، مامۆستا "سەید جەلالی حسێنی(**2**)" یش کە لەو نێوە دا بە ڕێبەرێکی ئایــینیی بە ناوبانگ ناوی دەرکردبوو، کۆمیتەی ئینقیلابی پێك هێنا و دەستی بەسەر تەواوی بنکە نیزامی و ئابووری یەکانی ناوچەی بانە دا گرت و حیزبی دێمۆکڕات هیچی پێ نەبڕا . هەر بۆیە لەو سەر و بەندە دا حیزب لە باری ئیمکاناتی ماددی، بە تایبەت چەك و چۆڵەوە لە ناوچەی بانە دا چەندی بڵێی بێ هێز بوو . زۆر باش لە بیــرم ماوە کاتێك کۆمیتەی حیزبی لە بانە دەستی بە تێکۆشان کرد، تەنیا حەوت چەکی هەبوو، ئەویش یەکێکیان " غەددارە " بوو کە فیشەکی چواردە خۆری دەخوارد و یەك فیشەکیشیان نەبوو . بەڵام بە هۆی بڕوای بەهێزی کۆنە ئەند امانەوە هەر بەو پێێد اویستی یە سەرەتایی یەوە تێکۆشانی دەست پێ کرد و کاك " هاشــمی کەریــمی(**3**)" یش وەك بەرپرسی کۆمیتە کە دیاری کرابوو . ئەند امانی کۆنی حیزبی پۆل پۆل دەچوون ناوی خۆیان نوێ دەکردەوە و کاریان بۆ دیاری دەکرا . منیش لەگەڵ مامە قالەی سووتوو(**4**)، کاك ئەحــمەدی ساڵحی(**5**)، میــرزا حسێینی بەدیعی(**6**)، مەلا حەسەنی شەید ایی(**7**)، مەلا ئەحــمەدی ڕەسووڵی(**8**) و کوێخا خدری هەورازە(**9**)، بۆ نوێ کردنەوەی ناوی خۆمان کە هەموومان ڕابردووی تێکۆشانــمان هەبوو، چووین بۆ کۆمیتەی بانە و داوای کارمان کرد . کاك هاشــمی کەریــمی و کاك ئەحــمەدی عەزیزی(**10**) لەگەڵمان دانیشتــن و پاش هێندێك قسە و باس و بیــر و ڕا گۆڕینەوە، ناوچەکەمان کە دەکەوێتە پشت جاددەی بانە سەردەشت بە سێ کۆمیتە بۆیان دابەش کردین و کاری تەشکیلاتی و تەبلیغاتی یان پێ سپاردین . دابەش کردنی کۆمیتەکان بە شێوەی خوارەوە بوو :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**1** ــ ناوچەی  " شوێ " لە هۆمەرە شاڵەوە هەتا دەگەیشتە ئاوایی سیوچ بە میــرزا حسێینی بەدیعی سپێردرا .

**2** ــ ناوچەی "بنار ـ چۆمی نەمەشیــر" کە لە ئاوایی زێویەوە هەتا کۆخانێی وەبەر خۆ دابوو، لەگەڵ چۆمی نــجنێ و مەنیجەلان و . . . بە من سپێردرا .

**3** ــ ناوچەی " بەردەڕەش " لە ئاوایی هەورازەوە هەتا دەهاتەوە هەلۆ و پەڕشە و بەردەڕەش بە مامۆستا مەلا حەسە ن سپێردرا و، کوێخا خد ر و مەلا ئەحـمەدیش بوونە هاوکاری . مەلا حەسەنیشمان وەك نوێنەری هەرسێك کۆمیتە کە هەڵ بژارد و، هەرکام لە ناچەی خۆمان تێکۆشانـمان دەست پێ کرد . بەڵام بۆ مامە قالە کە لە لایەن کۆمیتەی ئینقیلابەوە بەرپرسایەتیی گورهانی دۆڵە هەرزنی پێ سپێردرا بوو، لەبەر ئەوەی مامۆستا سەید جەلال گومانی لێ نەکا کە ئەند امی حیزبە و لەسەر گورهانەکە وەدەری نەنێ، کاری حیزبی یان بۆ دیاری نەکرد .

ماوەیەکی زۆر هەروا بە پرش و بلاوی کارمان کرد و لە ئاخر و ئۆخری پایــیزی ساڵی [illegible]ی هەتاوی دا بوو کە نوێنەری کۆمیتەی شارستان هاتن و لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا لە گوندەکەی خۆمان (نــجنێ سەروو)، بە ڕەســمی دەفتەری کۆمیتەی ناوچەمان کردەوە و، بە ناوی ناوچەی بنار ـ چۆمی نەمەشیــرەوە نێوکمان برِی . ئەم پارچە شیعرەم بۆ ئەو ڕۆژە نووسیبوو کە لە کۆبوونەوەکە دا خوێندمەوە و بۆ بیــرەوەری بە هێندێك دەست تێوەردانەوە لێرە دا تۆماری دەکەم :

## بە خێرهاتن

بەخێر بێـــــن ئەی گوڵی گوڵزاری ئێران!

بەخێر بێن ئەی نەوەی چـــــازان و مێران!

بەخێر بێـن هـەڵــبــــژاردەی کــــوردەواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەخێر بێن شـــێری بیشـــەی بـــێڵـــەواری
بەخێر بێن ئەی نەوەی کوردی بە هەڵمەت!
بــەخــــێر بێن شۆڕە لاوانی بـــە هیبەت
ئـــــەوا دیـــتم نــــەمردم چـیـنی وەرزێـر
چـەکی دەس دایـە، ڕاسـاوە، وەکـوو شـێر
سەری هەڵ داوە حـیزبی پـێـشـــەوامـــان
وەدی دێـــنـــێـــتـــەوە مـــافی ڕەوامـــان
وەکـــۆی کـــردن فـــەلا و پـالە و کرێـکـار
دژی چەوسێـنەر و خوێــــن ڕێـــژ و زۆردار
بـە ئیـمانـن لـــە مـەیدانی خـــەبـاتـــا
فـــیـــدا کـــارن لـــە پـــێـــنـــاوی وڵاتـــا
کوڕی کـوردی لـــە خۆ ڕادیوی وشـــــیار
دژی داگـیـــر کـــــەر و پـــیـــــلانی زۆردار
وەکوو پـێـشـمـەرگـە خـەونـاچێـتە چاوی
دەبـەخشێ خـوێـنی بـۆ مـــافی خـــوراوی
چیـا و دەشـت و دەری کردۆتـــە ســـەنگـەر
بە جەرگە و ڕادەماڵێ کۆسـپ و لـــەمـپـەر
پـشـوو نـــا دا لـــە هـــەوراز و نشـێـوان
دەکـــاتـــە گڕ لـە دوژمن شـاخ و کــێـوان
ئەمەگناسـە، وەفـــادارە، بـــە هـــەســـتـــە

له پێنا و کوردەواری چەك بە دەستە
دەنەخشێنێ چیا و لاپاڵ و کاوان
دەپارێزێ وڵات بە خوێنی لاوان
فەزای بێ دەنگی دەشکێ بۆ هەمیشە
دەماری دوژمنان دەردێ لە ڕیشە
لە نێو باڕووت و گڕ دا لالە دەڕوێ
نەمامی خوێن بە های کوردی وەبر دێ

بەڵێ : دەفتەری کۆمیتەیان بۆ کردینەوە، بەڵام تەنیا چەکێکیان نەبوو بمان دەنێ! ئەمن بۆ خۆم ڕفیقێکم (ڕەسووڵی ئەحمەدی) لە کۆمەڵە دا هەبوو، ژێ سێ یەکم بە ئەمانەتی لێ وەرگرت و زیاتر لە ساڵێك هەر بە لامەوە بوو . خەڵکی ناوچەکەش چەندی بڵێی ئاشقە چەك بوون و بە گشتی ئەند ام و لایەنگرەکانی حیزبی داوای چەکیان لێ دەکردین . کاتێك مامۆستا سەید جەلال لەوە ئاگادار بوو، بە مەبەستی وە خۆ کردنی خەڵکی ناوچەکە، هەلەکەی بە سودی خۆی قۆستەوە و چوارسەد تفەنگی بڕنووی دار شووشەی کە لە حکوومەتی وەرگرتبوون و گۆیا لە بەرانبەر دا چەکی قورسی تەسلیم کردبوونەوە، بەسەر خەڵکی ناوچەکە دا بەشینیەوە . بەڵام ئەوەی زانیبای لایەنگری حیزبە قتی دەکرد و ئەوەی کە پێشتریش پێی درابوو لێ یان دەستاند ەوە . زۆر باش لە بیرم ماوە کە پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕین دوو چەکیان دابوون بە من و ئەحمەدی ساڵحی، بەڵام کاتێك بۆیان دەرکەوت ئەندامی حیزبین جێ بە جێ چەکد اریان ناردینە سەرێ و لێ یان ئەستاندینەوە . ئەوانەش کە لە لایە ن کۆمیتەی ئینقیلابەوە بەر پرسایەتیی گورهان و پاسگاکانیان پێ سپێردرابوو و ئەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

امی حیزب بوون، نەیان دەوێرا خۆیان ئاشکرا کە ن و پێوەندی یەکەیان لەگەڵ حیزب دە با بە تەواوی نەهێنی بایە دەنا چەکیان دەکردن .

کۆمیتەکەمان ئەوکات نە کادری هەبوو نە پێشمەرگە . تەنیا سێ مامۆستای قوتابخانە کە لە ناوچەکەمان(11) بوون یارمەتی یان دەکردم و چەند کەسیش لە کۆنە ئەند امانی گوندەکەمان کە پێشتر دڵسۆزانی وەك مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی(12)، کاك قادر شەریف ( هاشم )(13) و کاك سمایلی شەریف زادە( مەلا عەزیز) پەروەردەیان کردبوون، ڕێ نوێنی و یارمەتیم لێ وەردەگرتن .

# پەراوێزەکان :

**1** ــ عەزیز مەحمودی ناسراو بە عەزە شەل خەڵکی نجنێ و ئامۆزای خۆمە . ساڵی **1358** ی هەتاوی چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان و، پلە تەشکیلاتی یەکانی تا فەرماند ەری لك برین . ساڵی **1363** ی هەتاوی بە هۆی پێك هێنانی ژیانی هاوبەشی، بۆ ماوەیەك چەکی دانا و لە گوندی ڕەشکی و دواتر لە قەڵاچوالان کاسبی دەکرد . ساڵی **1365** ی هەتاوی چەکی هەڵ گرتەوە و بە فرماند ەری لکی دوو دیاری کرا . بە دوای کۆنگرەی هەشت دا ئەویش تێکەڵ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕش گێڕ بوو . پاشان دیسان چەکی دانا و بە نیازی چوونە دەرەوە لە ئۆردووگای حیللە جێگیر بوو . بە دوای شەڕی کەند او و بۆمباران کردنی حیللە دا بە سەڵت و قوڵتی لەگەڵ مند اڵەکانی پەڕیوەی ڕۆمادیە بوو . لەوێش زەوت نەبوو بەرەو ڕانیە گەڕایەوە . چەند جار لە شەڕ دا بریند ار بوو . سەرەنجام ساڵی **1374** ی هەتاوی ڕەگەڵ کاروانی ئووروپا کەوت و ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ بە پەنابەری دەژی .

**2** ــ مامۆستا سەید جەلال خەڵکی بانە و ڕێبەرێکی ئایینیی بەناوبانگی ئەو ناوچەیە بوو . لە سەردەمی دەسەڵاتی شا دا سەری وەبەر باری ساواك نەبرد و، حوجرەکەی وەك بنکەی حیزبی دێمۆڕاتی کوردستان دەچوو . نازانم داخوا ئەندامی حیزبی دێمۆکرات بوو یان نا، بەڵام زۆر باش لە بیرم ماوە کە ساڵی **1349** ی هەتاوی شیعری " تەپڵ و تاژی " ی مامۆستا لە ڕۆژنامەی کوردستان دا چاپ کرا . لە ڕاپەڕینەکەش دا بە هەق لە بانە دا یەکەم ئاڵا هەڵ گر و ڕێبەر بوو کە لاوەکانی بۆ خۆ پیشاندان بە دژی ڕێژیمی پاشایەتیی هان دەدان .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی ئینقیلاب و، پاشان ڕێکخراوی خەباتی ئیسلامیی نەتەوایەتیی پێك هێنا و، ئێستاش تێکۆشانی هەر بەردەوامە .

**3** ــ کاك هاشم خەڵکی بانە و ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی بوو . دوای کۆنگرەی شەشەم بە ئەند امی دەفتەری سیاسی هەڵبژێرا . ساڵی **1367** ی هەتاوی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ جیا بۆوە . پاش یەك گرتنەوە و وەسەر یەك کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێمۆکڕات، بەمەستی سەردان لە منداڵەکانی بەرەو بەریتانیا کۆچی کرد و تا ئێستاش نەگەڕاوەتەوە .

**4** ــ مامە قالە خەڵکی نـجنێ سەرووی ناوچەی بانەیە و، یەکێك لە کۆنە ئەند امانی حیزبی دێمۆکڕاتە . بە ماوەیەکی دور و درێژ لەسەر حیزبایەتی لە بەندیـخانەکانی ڕێژیـمی پاشایەتی دا ئازار و ئەشکەنـجە درا . ساڵی **1358** ی هەتاوی بە فەرماند ەری لك کە ئەو کات ئامیـر بە تالیۆنـمان پێ دەگوت هەڵبژێرا . ساڵی **1360** ی هەتاوی لە ئاوایی زێویە وەسەر مینی دوژمن پەڕی و لاقێکی لە دەست دا . لە هەموو ئەو ماوەیە دا ئەند امی کۆمیتەی شارستانی بانەش بوو . بۆ ماوەیەکیش بە کەم ئەند امی بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی مەید انانی پێ سپێردرا و ئێستاش هەر لە سەنگەری دیفاع لە مافی گەلەکەی دایە .

**5** ــ کاك ئەحـمەد خەڵکی نـجنێ سەروو و یەکێك لە کۆنە ئەند امانی حیزبی دێمۆکڕاتە . ئەویش لە زەمانی شا دا لەسەر حیزبایەتی ماوەیەکی دوور و درێژ گیـرا و لە چاڵە ڕەشەکانی ساواکی شا دا ئەشکەنـجە درا و، ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

**6** ــ میـرزا حسێن خەڵکی ئاوایی شوێ و لە کۆنە ئەند امانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بوو . ئەویش لە بەندیـخانەی زەمانی شا بێ بەش نەمایەوە و، بە

ماوەیەکی دوور و درێژ لە ژێر ئازار و ئەشکەنـجە دا بوو . ساڵی **1358** ی هەتاوی بە ئەند امی کۆمیتەی شارستانی بان هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی شوێیی پێ سپێردرا . پاشان ئەند امی کۆمیتەی ناوچەی مەید انان و، دوای میلیتاریزە کرانی ناوچەکان لە لایەن ڕێژیــمەوە، ماوەیەك لە دەور و بەری دەفتەری سیاسی مایەوە و، دواتر بە هۆی پیــری و نەخۆشی لەسەر بڕیاری حیزب خۆی تەسلیم کردەوە و، لەم دواییانە دا کۆچی دوایی کرد .

**7** ــ مەلا حەسەن خەڵکی بەردەڕەش و یەکێك لە کۆنە ئەند امان و، ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەندیــخانەی ڕێژیــمی شا دا ئەشکەنـجە درا . ساڵی **1358** ی هەتاوی بە ئەند امی کۆمیتەی شارستانی بانە هەڵبژێردرا و، بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی بەردەڕەشی پێ سپێردرا . دواتر بە بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی مەید انان دیاری کرا و، سەرەنــجام ساڵی **1361** ی هەتاوی بە هەر هۆیەك بوو خۆی تەسلیم کردەوە . بەڵام بە دڵ هەر لەگەڵ حیزبەکەی دەژیا و بۆ دەمێك لێی دوور نەکەوتەوە . بە داخەوە ساڵی **1385** ی هەتاوی لە شاری مەهاباد وەبەر ماشێن کەوت و ماڵاوایی لە حیزب و گەلەکەی کرد .

**8** ــ مەلا ئەحــمەد خەڵکی ئاوایی سووتوو، کۆنە ئەند ام و بەندیــخانە دیتوو بوو . ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

**9** ــ کوێخا خدر خەڵکی هەورازە و کۆنە ئەند ام و، یەکێك لە ئەشکەنــجە دیتوانی بەندیــخانەکانی زەمانی شا بوو . ئەویش ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

**10** ــ کاك ئەحــمەد خەڵکی شاری بانە و ئەوکات ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕات بوو . لە کۆنگرەی چوارەم دا بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێرا و، ساڵی **1359**ی هەتاوی لەگەڵ تاقمی حەوت کەسی جیابۆوە . دوای پرش و بڵاو بوونی ئەو تاقمە، ئێستا لە وڵاتی سوئێد بە پەنا بەری دەژی و، پێوەندی لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کردۆتەوە . هاوکار بوو دوای لەت بوونی حیزب چالاکانە هاتەوە مەید ان و یەکێك لە کادرە تێکۆشەر و ماندوویی نەناسەکانی حیزبە .

11 ــ مامۆستاکان بریتی بوون لە : ناسری خۆشکەلام، ناسری نەویدی و مەنسووری نەویدی کە هەر سێکیان خەڵکی شاری بانە بوون و، هەموویان ڕەگەڵ تاقمی حەوت کەسی کەوتن . ناسر و مەنسووری نەویدی ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیانن و ناسری خۆشکەلامیش سەرەنــجام کۆماری ئیسلامی گرتی و پاش ماوەیەك بەند کردن ئیعدامی کرد .

12 ــ مامۆستا مەلا ڕەحیم ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی و بە نەهێنی کاری بۆ حیزبی دێمۆکڕات دەکرد و، بەرپرسایەتیی ڕاستە و خۆی تەشکیلاتی ناوچەی بانەی پێ سپێردرابوو . لە گوند ەکانی نـجنێ، مەنیجەڵان و دۆڵە هەرزن مامۆستای ئایــینی بوو . بە دوای کۆدیتای 28ی گەلاوێژ و تێك شکانی دەوڵەتی دوکتور موسەددیق لە ساڵی 1332ی هەتاوی دا، لە ترسی ساواکی شا پەڕیوەی کوردستانی عێراق بوو . ساڵی 1346ی هەتاوی لەلایە ن سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەوکاتی کوردستانی عێراقەوە گیــرا و لە ئاوایی تەوێڵە شەهید کرا .

13 ــ کاك قادر شەریف (هاشم ) کادرێکی ڕاستەوخۆی حیزب بوو . پلەی خوێند ەواریی زۆر لەسەری نەبوو . بەڵام چەندی بلێی زیرەك و وریا بوو . دوای پەڕیوە بوونی مامۆستا وردی، بە گەرمی هاتووچۆی دەکردین و ئاڵقەی پێوەندیی نێوان ئەند امان و حیزب لە ناوچەی بانە بوو . سەرەنــجام بە دەسکیسی ساواکی شا لە شاری سلێمانیەی کوردستانی عێراق تیرۆر کرا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تەنگ و چەڵەمەی چەك، سەردانی بەرپرسانی حیزبی و بووژانەوەی تەشکیلاتـمان

هەروەك پێشتـر باسم کرد، بە هۆی دەست بەسەر دا گرتنی تەواوی بنکە و بنیاتە نیزامی و ئابووری یەکانی ڕێژیـمی شا لە ناوچەی بانە دا لە لایەن مامۆستا سەید جەلالی حسێنی و، سەرهەڵ دانی تاقم و دەستە و ڕێکخراوی سیاسی کە هەر یەك ل ئاوازێکیان دەخوێند و بە جۆرێك کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە سەر ڕێگای تێکۆشانـمان لە ناوچەی بانە، چەندی بڵێی بێ هێـز بووین . بەڵام ئەوە قۆناغێکی کاتی بوو . کۆمیتەی شارستان تێکۆشانی پەرە پێ دا و بەم لا و لا دا پەل و پۆی هاویشت و ڕیشاژۆی کرد . کۆنە ئەند امانی حیزبی بانگ هێشتـن کرانەوە و هەر کەس بە پێی توانا و لێ هاتوویی خۆی کاری بۆ دیاری کرا . لەو لاشەوە ئەند امانی ڕێبەرایەتیی حیزب وە خۆ کەوتن و لە هەلی ڕەخساو دا هاتووچۆی ناوچەکانیان دەك و لە کۆبوونەوە گشتی یەکان دا سیاسەتی حیزبیان بۆ خەڵکی شی دەکردەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەمــجار کاك دوکتور قاســملوو بۆ ناساندنی کاك فارووقی کەیـخوسرەوی(**1**) کە لە لایە ن حیزبەوە بۆ مەجلیسی شوورای ئیسلامی کاندید ا کرابوو، هاتە بانە و لە میتێنگێکی بەر بلاو دا کە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە بەشد ار بوون، بە درێژی قسەی کرد . لەو کاتە دا رێکخراوە سیاسی یەکان بە تایبەت کۆمەڵەی زەحـمەتکێشان زۆریان هەوڵ دا کۆبوونەوە کە بشێوێنن . تەنانەت کرێکارەکانیان هان دابوون کە بە پاچ و پێمەڕەوە بێن و بە دژی حیزبی دێمۆکڕات و دوکتور قاســملوو دروشم بد ە ن و بیکەنە هەرا و هۆریا و قسەکان لە دوکتور قاســملوو تێك بد ە ن . کاتێك شەپۆلی کرێکارەکان بە جل و بەرگی کار و پاچ و پێمەڕەوە هات، ئێمە زۆر لەوە نیگەران بووین کە کۆبوونەوە کە بشێوێنن . بەڵام بە پێچەوانە بوو، هەر کە هاتن بە گشتی بە پشتیوانیی حیزبی دێمۆکڕات و دوکتور قاســملوو دروشــمیان دا . چاك لە بیــرم ماوە کە گوتیان : " بژی دوکتور قاســملوو " خەڵکەکەش چەندین جاران دووپاتیان کردەوە . کاك دوکتور قاســملوو ڕاوەستا هەتا خەڵکەکە ئارام بوونەوە و گوتی :

ـ ئەوە شوعاری ئێمە، شوعاری ئێمە بژی حیزبی دێمۆکڕاتە، دوکتور قاســملوو یەکێك لە ئەند امانی ئەو حیزبەیە .

ئەوجار خەڵکە کە چەپڵەیەکی دوور و درێژیان لێ دا و بۆ ماوەیەکی زۆر گوتیان : " بژی حیزبی دێمۆکڕات پێشاندەری ڕێی خەبات " . پاش کۆبوونەوە کە خەڵکە کە داوایان کرد کە دوکتور قاســملوو وەڵامی پرسیارەکانیان بد اتەوە . ئەمــجار چووینە مزگەوتی جامیعە و هەتا تاریکایی داهات پرسیاریان لێ کردن و کەسی بێ وەڵام نەهێشتەوە . ( بڕوانە وێنەی ژمارە **5** )

ئەو کۆبوونەوەیە شوێنەواری بەرچاوی لەسەر بیــر و بۆچوونی خەڵکی ناوچەی بانە دانا و سەرنــجی زۆر کەسانی بۆ لای تەشکیلاتی حیزب ڕاکێشا . بە دوا ویش دا لە مانگی جۆزەردانی ساڵی **1358**ی هەتاوی دا بوو،کە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زاده (**2**) سەردانی کردین و کۆبوونەوەیەکی بەرینمان لە ناوچەکەی ئێمە (ناوچەی بنار ـ چۆمی نەمەشیـر) لە گوندی نـجنێ خواروو بۆ پێك هێنا . بە ماوەی چەند سەعاتان قسەی بۆ خەڵکی کرد و، وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە . ئەو کۆبوونەوەیەش دەنگدانەوەیکی بەرینی بە دواوە بوو . ( بڕوانە وێنەی ژمارە **6** )

ئەو کۆبوونەوە و هاتووچۆیانە بە تەواوی لەسەر بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەی بانە دا شوێنەواریان دانا و کۆمیتەی شارستانی بانەش هێندێك تینی تێ گەڕایەوە . لاوە ئەرك وە خۆ گرەکان شان بە شانی کۆنە ئەند امەکان کە بەردی بناغەی تەشکیلاتی ناوچە کە بوون، بەرە بەرە خۆیان بە کۆمیتەی شارستان و کۆمیتەی ناوچەکان ناساند ەوە و، شانە تەشکیلاتی یەکان بەشێوەیەکی بەر بڵاو بووژێندرانەوە و زۆربەی خەڵکی ناوچەکە ڕوویان لە تەشکیلاتی حیزب کرد . دەسەڵاتی ناوچەکە بە تەواوی هاتە ژێر ڕکێفی حیزب و خەڵك بۆ چارەسەرکردنی گیـر و گرفتەکانیان، یارمەتی یان لە کۆمیتەکانی حیزب وە دەگرت . ئەو لایەنگری و پشتیوانی کردنەی خەڵك بوو بە هۆی ئەوە کە کار و بارێکی زۆری کۆمەڵایەتی و قەزایی و . . . بەسەر حیزب دا کەڵەکە بن و ئەرکی سەرشانی کادرەکان دوو چەند انە قوورستـر ببێ . بەشێکی زۆر لە کار و تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب بۆ چارەسەر کردنی تەنگ و چەڵەمەکانی خەڵك تەرخان کرا و تا ڕادەیەکی بەرچاو لە کاری تەشکیلاتی وە دوای خستین . لەبەر چارەسەر کردنی گیـر و گرفتی زەوی و زار و ژن بە ژنە و گەورە بە چووکە و . . . وێڕا نەدەگەیشتین ئەو شێوە کە پێویست بوو، ئەند امانی حیزب بۆ دوا ڕۆژ پێ بگەیەنین و پەروەردەیان بکەین و لە یەك قسە دا بە هێندێك جیاوازی یەوە و لە هێندێك بارانەوە جێگای جەندرمەکانی زەمانی شامان گرتبۆوە .

سەرەنـجام هاتینە سەر ئەو بڕوایە کە کار و باری ڕۆژانەی خەڵك بە خۆیان بسپێرین . بۆ ئەو مەبەستەش لە زۆربەی ئاوایی یەکان دا شووڕامان هەڵبژارد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێکی زۆر لە کارەکانــمان بە شوورِا و پیاو ماقوولّ و مامۆستایانی ئایــینی سپاردن . لەو شێوە کارە دا تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتنمان وەدەست هێنا و ئەرکی کاری ڕۆژانەمان هێندێك لەسەر شان سووك بوو . با ئەوەشــمان لە بیــر نەچێ کە ئەو کات لە کاری تەشکیلاتی و پێ گەیاندنی ئەند امانی حیزب دا زۆر کرچ و کالّ و ساوا بووین . لە بیــرمە بۆ یەکەمــجار مامۆستا مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی(**3**) فێری کردین کە ئەوانەی پێوەندی بە حیزبەوە دەگرن چۆن بەڵگەی لایەنگری یان بۆ پڕ کەینەوە و ئیمزا و وێنەیان لێ وەرگرین . ( بڕوانە وێنەی ژمارە **7** ) .

هەروەها لە باری تەبلیغاتیشەوە زۆربەمان لە دوا بووین . ئەمن بەش بە حالّی خۆم هیچم لێ نەدەزانی . لە کۆمیتەی شارستانەوە کاك سەددیقی فەڕڕوخی(**4**)یان نارد و جەولەیەکی ناوچەکەی لەگەڵ کردم . لە هەموو گوندەکان کۆبوونەوەی گشتی مان دەکرد و تا ڕادەیەك فێری قسە کردنی کردم و لە باری تەشکیلاتیشەوە ڕێنوێنیی کردم . تەنانەت لە باری سازمان دەهی سیاسیشەوە هەر کرچ و کالّ بووین . هیچکام لە ئەند امانی کۆمیتەی شارستان لە ڕێگای هەڵبژاردنی قانوونی یەوە نەبوون . هەرکەس بەرپرسایەتی یەکی لە ئەستۆ بایە، ڕاستە و خۆ ئەند امی کۆمیتەی شارستان بوو . لە پەنا کۆمیتەی شارستان دا کۆمیتەی شاریشمان هەبوو کە بەشێك لە ئەند امانی کۆمیتەی شارستان(هەیئەتی ئیجرایی) هەر لە خۆوە ئەند امی کۆمیتەی شار بوون . هەر بۆیە کۆمیتەی شار کە ئۆرگانێکی چکۆلە تریش بوو، دەسەڵاتی لە کۆمیتەی شارستان زۆرتر بوو . هۆیەکەشی ئەوە بوو کە جیا لەوە خەڵکی شار بوون و دەسەڵاتی کۆمیتەی شارستانیش بە دەست ئەوانەوە بوو و بەملاولاش دا نەدەچوون و هەر لە دەوری یەکتــر بوون . هەروەها لە باری خوێندەواریشەوە لە زۆربەی ئێمە شارەزا تر بوون .

هەر چەند تەشکیلاتەکەشــمان لەو سەر و بەند ە دا زۆر پوخت و پالّاوتە نەبوو و هێندێك کەسی بەدناو و بەرژەوەندی ویست خۆیان تێ خزاندبوو، لەسەر یەك زۆر لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوا نەبووین . سەبارەت بە چەك و چۆلێش کە ڕێژیم لە ساڵی **1358**ی هەتاوی دا نەورۆزی خوێناویی لە شاری سنە دا وەڕێ خست و شەڕی بەسەر دا سەپاندین، بۆ بەشد اری کردن لەو شەڕە دا چەند چەکێکمان لە مامۆستا سەید جەلال وەر گرت و پاشان تەحویلمان نەدانەوە و بەشێك لە تەنگ و چەڵەمەی بێ چەکیمان پێ چارەسەر کردن .

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەڕاوێزەکان :

**1** ــ فارووقی کەیــخوسرەوی خەڵکی سەقز و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەقز بوو . ئەویش ڕەگەڵ تاقمی حەوت کەسی کەوت و لەوکاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لە بەدگۆیی حیزبی دێموکڕات و دژایەتی لەگەڵ تێکۆشەرانی ئەو حیزبە خافڵ نەبوە .

**2** ــ مامۆستا پێویستی بە ناساندنی من نیە . هەر ئەوەند ە بەسە کە بڵێم زیاتر لە سێ دەیە ئەند امی ڕێبەرایەتی حیزب و دەفتەری سیاسی و، سێ دەورەش سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوە، بە لێ وەشاوەیی تەواو ئەرکەکانی بەڕێوە بردوون .

**3** ــ مامۆستا مەلا ئەبووبەکر کۆنە ئەند ام و بە ماوەیەکی دوور و درێژ لە چاڵە ڕەشەکانی ساواکی شا دا بەند کرابوو . ساڵی **1358**ی هەتاوی بە ئەند امی کۆمیتەی شارستانی بانە و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچە دیاری کرابوو . ساڵی **1364**ی هەتاوی بە هەر هۆیەك بوو چەکی دانا و پەڕیوەی کوردستانی گەرمێن بوو . دواتر خۆی تەسلیم کردەوە و پاش ماوەیەك کۆماری ئیسلامی گرتی و بە ئیعد ام مەحکوم کرا . بەڵام بە ناوی مەرەخەسی یەوە بۆ چەند ڕۆژێك مۆڵەتی درا و، هەلی ڕەخساند و خۆی دەرباز کرد . ئێستا لە وڵاتی فینلاند بە پەنابەری دە ژی . ئەمن وەك خۆم زۆر شتی لێ فێر بووم و بە مامۆستای خۆمی دەزانــم .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

4 ــ كاك سەددیق ناوی ئەسڵیی مەلا ڕەسووڵ و خەڵكی بەسرێی ناوچەی سەردەشتە . یەكێك لە كۆنە ئەند امانی حیزب بوو . ماوەیەك بەرپرسی بەشی تەشكیلاتی كۆمیتەی شارستانی بانە بوو . ماوەیەكیش بەرپرسی كۆمیتەی شارستانی مەریوان بوو . سەردەمێك بەرپرسی كۆمیتەی ناوچەی ئاربەبا و، سەرەنجام خۆی تەسلیم كردەوە و ئێستا كاسبكاری ماڵی خۆیەتی .

---



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەڕی سێ مانگە و فتوای جیهاد لە لایەن خومەینی یەوە بۆ سەرگەلی کورد

کار و بارمان بەباشی بەرەو پێش دەڕۆیشت . چاوەڕوانی باشتــر بوونیشی لێ دەکرا و ڕەوتەکە تا پێ دەچوو باوخۆشتــر دەبوو . خەڵکی ناوچە بە دڵگەرمی یەوە پشتیوانی یان لێ دەکردین و بۆ هەر پێد اویستی یەك بە دەنگمانەوە دەهاتن . بەڵام ئەو قۆناغەش زۆری نەخایاند و هیواکان بە ئاکام نەگەیشتــن . بە هۆی قوڵە چۆماخ و ژێ سێ بە دەستەکانی ڕێژیــمەوە لە شارەکان دا پشێوی و نا ئارامی سەری هەڵ دا . واتە وات دا کەوت کە ڕێژیم لە قەول و بەڵێنان پاشگەز بۆتەوە و مافی کوردان ناسەلــمێنێ و لە بیانوویەك دەگەڕێ شەڕمان بەسەر دا بسەپێنێ . نەورۆزی خوێناویی شاری سنە کە پێشتــر باسم کرد ، یەکەم پیلانی ڕێژیم بوو بە دژی گەلی کورد و داخوازە ڕەواکانی . تەقە کردن لە میتینگی بەربلاوی حیزب لە شاری نەغەدە لە **31**ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی **1358**ی هەتاوی دا و ، هەڵایساندنی شەڕی نێوان دوو گەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زوڵم لێکراوی کورد و ئازەری، سەرەتایەك بوو بۆ هەڵایساندنی شەڕێکی نەخوازراوی خوێناوی و ماڵوێران کەر و درێژ خایەن و بەر بڵاو لە دژی کورد و داخوازە ڕەواکانی . حیزبی دێمۆکڕات لە هەموو هەوڵەکانی دا بۆ بەرگری کردن لە شەڕ و خوێن ڕێژی لە کوردستان دا ناکام مایەوە . ئاڵۆزی و پشێوی بەرە بەرە زۆربەی شارکانی کوردستانی تەنیەوە و لە **28**ی مانگی گەلاوێژی ساڵی**1358** ی هەتاوی دا فتوای جیهاد لە لایەن خومەینی یەوە بۆ سەر گەلی کورد دەکرا . حیزبی دێمۆکڕات هەڵوەشاوە ڕاگەیاندرا و تێکۆشانی لێ قەدەغە کرا و بە حیزبی شەیتان، دەستند ە خۆری " سەهیۆنیزم " و هاودەنگی " ئیمپریالیزم " ی دنیا خۆر و دوژمنی خەڵکی خودا لە قەڵەم درا . هرووژمی پەیتا پەیتای کاروانە نیزامی یەکانی بە ناو سوپای ئیسلام لە ژێر کاریگەریی فانتۆم و هێلی کۆپتێڕە شەڕ کەرەکان دا بۆ سەر شارەکان دەستی پێ کرد و کوردستان کەوتە بەر ڕێژنەی تۆپ و خومپارە و کاتیۆشا و ڕاکێت و بۆمبای ناپاڵم و، نوقمی ساچمە و بارووت و گڕ و دووکەڵ کرا . بەو هۆیەوە هێندێك لە وردە ڕێکخراوەکان کەوتنە جموجووڵ و لە کوردستان جێگایان پێ لێژ بوو و بەرەو سنوور بارگە و بنەیان تێك نا .

ئەو قۆناغە بۆ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردی لە ئەستۆ بوو، قۆناغێکی نوێ بوو . کاتی ئەوە گەیشتبوو کە ئێمەش وە خۆ کەوین و هەلەکە بە سوودی بزووتنەوەکەمان وەقۆزین . کۆمیتەی شارستان بە تاڵووکە وە خۆ کەوت و لەگەڵ ئەند امانی شاراوەی حیزب کە لە لایە ن کۆمیتەی ئینقیلابەوە بەرپرسایەتیی بنکە نیزامی یەکانیان پێ سپێردرابوو، پێوەندی گرت و بڕیاری ڕاگواستنی ئەو چەك و چۆڵ و تەقەمەنی یەی لەبەر دەستیان دا بوو بۆ شاخ و چیاکان پێ ڕاگەیاند ن . ئەو کەسانەی لە بیرم ماون کە لە ناوچەی بانە بەسەر بنکە نیزامی یەکان ڕادەگەیشتن بریتی بوو لە : کاك ڕەشیدی ئەحمدی

(**1**)، مامه قالەی سووتوو، کاك سالّحی ئەمین زادە(**2**) و حاجی سالّحی کۆخان(**3**) و . . . بوون .

هێرشی ڕێژیم لە **28** ی مانگی گەلاوێژی سالّی **1358**ی هەتاوی دا بۆ سەر هەموو شارکانی کوردستان دەستی پێ کرد . کاروانێکی نیزامیی پڕ چەك و پۆشتە و پەرداخیش بەرەو شاری بانە وەڕێ کەوت . لەگەلّ ئەوە دا کە پێشی پێ گیــرا و شەڕێکی باشی لەگەلّ کرا، باشاری نەکرا و خۆی لە شاری بانە پەستاوت . پێشمەرگە لە شار وە دەر کەوتن و سەر و سەکوتی پاسد ار و کۆنە ساواکی یەکان لە شەقام و کۆلّانان وە دیار کەوت . پۆل پۆل و دەستە دەستە وە گیان و گۆڕی خەلّکی بێ دیفاع وەر بوون و شەل و کوێرم کەس نابوێرم، ئەوەی بەر دەستیان کەوت ڕاپێچی چالّە ڕەشەکانیان دا(**4**) .

قۆناغێکی تا بلّێی پڕ مەترسی بوو . ئەند امانی کۆمیتەی شارستان بەرەو سنووری کوردستانی گەرمێن کشابوون و کەس نەید ەزانی چیان بەسەر هاتوە . پێوەندیی تەشکیلاتیی نێوان حیزب و ئەند امان بە تەواوی پسابوو . بەشێکی بەرچاو لە خەلّك کە چەکیان هەبوو، لەبەر ئەوە کە نەیاند ەزانی چارەنووسیان بە کوێ دەگا، لە ژێر فشاری توووندی پاسد اران دا چەکەکانیان تەحویلی ڕێژیم دابوونەوە . خەلّك بە ڕادەیەك زراویان چووبوو، لە سێبەری خۆیان دەسلّەمینەوە . زۆریش ناهەقیان نەبوو، چونکە لە لایەك کلکە نەوتینەکان گوێ یان لە کولّاوی تێ پەڕاندبوون و ســمێلّیان لەو کەسانە مالّیبوونەوە کە لایەنگری یان لە حیزب دەکرد و لە هەلێکی وا دەگەڕان خەشی خۆیان یان پێ برێژن . لەولاشەوە کەس لە بەرپرسانی حیزب لە ناوچە دا نەمابوو دلّخۆشیی خەلّك بد اتەوە و لەو دلّە ڕاوکێ یە ڕزگاریان بکا . منیش لە ناوچە کە دا تەك و تەنیا مابوومەوە و هەوالّم لە کەس نەبوو . لەبەر ئەوەش کە نەمد ەزانی داخوا حیزب خەباتی چەکد ارانە درێژە پێ دەدا یان پەڕیوەی هەند ەران دەبێ، نەمد ەوێرا لە ناوچەکە دوور کەومەوە و بە تەواوی لێی دابڕێم . لە ترسی کۆنە بەگەکانیش کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسی وایان تێ دا هەبوون لە هەلێکی وا دەگەڕان بە هەر شێوەیەك بێ داوێکم بۆ بنێــتەوە، بە ڕۆژانە لە نێو ئاوایی دا نەدەمامەوە و ڕووم لە هەردی دەکرد و لە مەزرای وەرزێرەکان دەمامەوە . جار و بارەش بە پارێزەوە لەگەڵ کۆنە ئەند امانی حیزب پێوەندیم دەگرت و ڕێنوێنیم لێ وەردەگرتن . بەڵام لە قسەی هیچکامیان بە مراد نەدەگەیشتم . خەڵك بە گشتی و بەشێك لە ئەند امان بە تایبەتی، واتە ئەوانەی ورەیان بەردابوو و چاوەڕوانی ئەوەش نەبوون حیزب وەبووژێ و خەباتی چەکد ارانە درێژە پێ بد ا، پێشنیاری خۆ تەسلیم کردنەوەیان پێ دەکردم و دەیانگوت :

ــ براله! خۆت بەدبەخت مەکە، ئەوە ڕۆژەکەیە و ئا لێرە قسان دەکەین، بە خوای بە تاقی تەنێ دەمێنی یەوە و لە دەس ئەم دەوڵەتە غەددارەش دەرناچی . هەتا ناحەزان کلکیان لە کارەکەت وەرنەداوە و بە تەواوی قاچاخ نەبووی، بیــرێك لە حالێ خۆت وەکە .

منیش لەو نێوە دا تێ مابووم، کەوتبوومە دڵە ڕاوکێ و نەمد ەزانی بە هەوای کێ هە ڵ بەزم! بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەرچەندی بیــرم لێ دەکردەوە، دڵم بە لای خۆ تەسلیم کردنەوە دا نەدەچوو . هەستێکی شاراوە هانی دەدام کە ددان بە جەرگی خۆم دا گرم . قسەیەکی باوکیشم زۆری کار تی کردم کە دیگوت :

ــ دنیا هەروا نابێ، پێشینان گوتوویانە : " خوا لە سوڵتان مەحــموودی گەورەترە " تەنگانەش بەریان کورتە و خوا دەروویەکی بەخێر لەم خەڵکە ڕەش و ڕووتە هەر دەکاتەوە .

ڕۆژێکیان کە هاتــمەوە حەسەنی برام بە پەلە بەرەو ڕووم هات و گوتی :

ــ ئەوە تۆ لە کوێ بووی ماڵ ئاوەدان ئەو هەموە بە دوات دا گەڕاین سەر و سۆراغت نەبوو؟!

لەو پرسیارە هەڵ بەزیــمەوە و ترسم ڕێ نیشت . وام زانی پاسد ار و . . . هاتوون بە دوام دا گەڕاون . بۆیە بەپەلە گوتــم :

ــ چ بوە؟ بۆچی بە دوام دا گەڕاون؟ کێ هەواڵی منی پرسیوە؟

ئەویش بە بزەیەکەوە گوتی :

ــ ئەوانەی لە مێژە لە دوویان دەگەڕێی و خەوت پێوە دەبینین! مەترسە پێشمەرگە بوون، پێشمەرگە . ئەمڕۆ پێشمەرگە هاتبوون و هەواڵی تۆیان دەپرسی .

زۆرم پێ سەیر بوو، قەت بڕوام نەدەکرد پێشمەرگە مابێ . بە سەرسوڕمانەوە :

ــ پێشمەرگە؟! لە کوێوە هاتبوون وکێت لێ ناسین؟

ئێتر لەوە زیاتر قسەی نەکرد، دەستی بە گیرفانی دا کرد و نامەیەکی چووکەڵەی دەرێنا و لە مستی نام .

نامەکە وا پێچرابۆوە و چەسپ کرابوو هەر بەقەدەر شوکولیاتێکی دەنواند . ڕاست ئەو سەردەمانەم وەبیر هاتەوە کە برادەرانی حیزبی لە دەورانی شای گۆڕکرا و دا بۆ یەکتریان دەناردن . نامەکەم کردەوە و پێش ئەوەی وەی خوێنم لە ئیمزاکەیم ڕوانی . نامەکە هی " مەلا عەلی کیتابی (5)" بوو، لە بەشێکی نامە کە دا نووسیبووی :

ــ . . . ئەحمەد گیان! پاش چۆنی و چاکی پێویستە بڵێم : مزگێنیم دەرێ حیزب خەباتی چەکد ارانەی دەست پێ کردوە و کۆمیتەی شارستان لە نزیك سنوور بنکەی داناوە . ئێمەش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك بۆ بووژاندنەوەی شانە تەشکیلاتی یەکان و خۆ سازمان دان گەڕاوینەوە بۆ ناوچە . ئەوەی دەمەوێ لەگەڵت باس کەم لە نامە دا بۆم ناگونجێ و ناشتوانم شوێن و ڕێ ڕەوی خۆمانت بۆ بنووسم . بەڵام بەم زوانە چاوەڕوانی گەڕانەوەمان بە . مەترسە و هێندێکیش ئاگاداری خۆت بە، لە کاتی گەڕانەوەمان دا بە درێژی قسان دەکەین و لە زۆر بارانەوە پێکە دەدوێین . بەڵام هەتا دێمەوە لە تۆم دەوێ پارچە شیعرێك بۆ جاش و خۆ فرۆشان بنووسی بزانم چۆنیان ڕیسوا دەکەی!

کاتێك نامەکەم خوێند ەوە هەر شاگەشکە بووم و لەوانە بوو لە خۆشیان باڵ بگرم . بەچاوێکی پڕ لە هیواوە سەیری حەسەنم کرد و ئەویش بزەیەکی هاتێ و گوتی :

ــ وا دیارە بەکەیفێتە .

ــ چۆنم بە کەیفێ نەبێ، ئەو شتێکە کە لەمێژ بوو بە ئاواتم دەخواست و خەونم پێوە دەبینی .

هەر ئەو شەوە قەڵەم و کاغەزم دەست دانێ و نەنووستم هەتا شیعرەکەم تەواو کرد . ئەو کورت کراوەکەی لێرە دا تۆمار دەکەم . لەبەر ئەوە هەمووی نانووسم قسەی قۆڕی زۆر تێ دان :

کوردەکان وا من دەڕۆم و شۆڕشێ بەر پا دەکەم

بۆ لە نێو چوونی نەیارم ڕێی خەبات واڵا دەکەم

خۆ لە پێناو گەل دەنێم و گیانی خۆم فید ا دەکەم

بمکوژن یا بمبڕن ئەم کارە هەر ئاوا دەکەم

تا بە هەوڵ و کۆششی خۆم نیشتمان ئاوا دەکەم

تازە کۆڵ نادەم، هەدا نادەم، ئەبەد نادەم وچان

سەر نەوی ناکەم هەتا ماوم لەبەر داگیر کەران

ڕادەماڵم زۆڵە کورد و خۆ فرۆش و میر و خان

ڕێگە نادەم خۆ بەسەر گەل دا سەپێنن لادەران (**6**)

شەرتە ئەم زۆڵا نە ڕیسوا و ڕووڕەشی دنیا دەکەم (**7**)

تێ گەیشتووم، پێ گەیشتووم، بۆ گەلم ڕەند و بەکار

ئاو دراوی مەجمەرم وەك شیری تیژ و تازە کار

ڕا دەماڵم کۆسپی ڕێگام چەشنی سێلاوی بەهار

خوێن مژان یەکسەر دەتارێنم لە هەڵدێر و بنار

خاکی کوردستان لە دوژمن پر لە وا وەیلا دەکەم

دەی وەرن جووتیێر و پاڵە و ڕەنج دەر و چەوساوەکان
یەك گرن ریێك بن مەترسن هەڵ برن چەوسیێنەران
ڕێ مەدەن بیێگانە داگیر کا وڵات و نیشتمان
شان بە شانی " قادری" دوژمن دخەینە ئەلئەمان
پیێشی دەگرم، دەی تەزیێنم، زوو لە ناخی ڕا دەکەم

## نـجنێ سەروو ـ ساڵی 1358ی هەتاوی

چەند ڕۆژیێك بەسەر دا تێ پەڕی و بەوپەڕی تامەزرۆیی یەوە چاویێکم لێ ببوو بە حەوت چاو و لە ڕیێگام دەڕوانی . بە دریێژایی ڕۆژێ بیرم لێ دەکردەوە، داخوا ئەو پیێشمەرگانە کێ بن؟ چەند کەس بن؟ ڕادەی زانست و تێ گەیشتنیان لە چ ئاستیێك دا بێ؟ لە کام چین و توێژی کۆمەڵ بن و . . . ؟

سەرتان نەیەشیێنم زۆری نەخایاند گوڵی هیوا پشکووت و مەلی ئاوات باڵی لیێك دان و نەهیێنی یەکان ئاشکرا بوون . هەر ئەوەند ەمزانی ڕۆژیێك کاز و کووزی بەیانی ناردیان بە دوام دا و شویێنی دیاری کراویان بە گوێ دا چپاندم . هەستام و بەرەو لایان وەڕێ کەوتم . تا گەیشتمە لایان لە دوو جیێگایان ڕایان گرتم و بە وردی پرسیاریان لێ کردم . کاتیێك نەهیێنی یەکەی خۆیانم پێ ڕاگەیاند ن و خۆم پێ ناساند ن و لیێم دڵنیا بوون، دەستیان گرتم و بردیانم بۆ لا ی کاك ڕەشیدی ئەحمەدی (ڕەشیدخانی کیوەرۆ) یە کە بەرپرسیان بوو و لە لای سەرەوە لەگەڵ چەند کەسیێکی دیکە دانیشتبوون . سڵاوم لێ کردن و زۆر بە ڕوو خۆشی یەوە لەبەرم هەستان و بەو پەڕی تامەزرۆیی یەوە یەکترمان لە ئامیێز گرت . لە چاو لیێك نانیێك دا تەمی خەمی ڕۆژانی دووری و لیێك دا برانمان وەك گەڵاڕیێزانی سارده پاییزی داوەراند و فرمیێسکی شادی و خۆشحاڵیمان بۆ یەك ڕۆ ڕشتن .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له مەزرایەك بەرامبەر ئاوایی بە ناوی گەلۆڕ لەسەر کانی و ئاوێکی سارد و سووك کە چواردەوری بە دارە سەمەری یەکان داپۆشرابوو، بارگە و بنەیان بە زەوی دابوو . تازە گزنگ لووتکەی چیاکانی ئەنگاوتبوو . هێشتا بە تەواوی تۆزی ڕێگایان لە خۆیان نەتەکاندبوو . چاوەکانیان لێڵ و وێڵ بوون . وا دیاربوو ئەو شەوە نەنووستبوون و ڕێگایەکی دوور و درێژیان بڕیبوو . ئەوەی زیاتر لە هەموو شتێك سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشام ئەوە بوو کە سەرەڕای هەموو ئەو ماندوویی و شەکەتی و بێ خەوی و مەنزڵ بڕی یە . تەنیا تۆزێك وەڕەزی و ڕووگرژی بە ڕووخساریانەوە هەست پێ نەدەکرا . هەر دەتگوت لەسەر شایی گەڕاونەوە و بزەی خەم بەزێن نیشتبوە سەر لێوانیان .

ئەو دیمەنە بە تەواوی کاری تێ کردم و ئەوەند ەی دیکەش ژیانی پێشمەرگایەتیی لەبەر دڵ شیرین تر کردم . تا زۆرتر پێ دەچوو زیاتر لە هەست و بیرم دا ڕیشاژۆی دەکرد و پنج بەست دەبوو . پێشمەرگەکان بەر لە حەسانەوە و نان و چا خواردن خەریکی شۆرینی گۆرەوی و ژێر کراسەکانیان بوون و ئارەقە و تۆز و خۆڵی ڕێگایان لێ دوور دەخستنەوە . وا دیار بوو لە بەرزایەکانی زاڵ بەسەر ئەو مەڵبەند ەش دا دید ە بانیان دانابوو و هەست و خوستی ئەو دەور و بەرەیان گرتبوە ژێر چاوەدێری، بۆیە ئاوا بێ خەم خۆیا لێ بڵاو کردبۆوە . کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی باشیان ڕەگەڵ کەوتبوون کە لە جوانی وڕێك و پێکی دا چاوی کوێریان پێ ڕوون دەبۆوە . هەرچی سەری خۆم دێنا و دەبرد نەمد ەزانی بەو پەلە پڕووزە ئەو نەزم و دیسیپلینە چۆن و لەکێ فێربوون و ئەو هەموو ئەزموونەیان لە چی پاشەکەوت کردوە . هەر وەکی ئەوە دەچوو کە زیاتر لە سالێك مەشقی نیزامی یان پێ کرابێ و لە فێرگەی سیاسی دا پێ گەیشتبن . پیاو حەزی دەکرد چاویان لێ نە تروکێنێ و هەر دە بەژن و بالاًیان بڕوانێ . لە دڵی خۆم دا دەمگوت :

ـ ئۆخەی کە نەمردم بە چاوی خۆم کوڕی کوردم ئاوا بە چەکد اری و لە مـحەك دراوی بینی کە بۆ دیفاع لە مافی نەتەوەکەی هاتۆتە مەید ان و دە گڕ کورد کوژان ڕا چۆتەوە و ژینگە و زێدی باوانی دەپارێزێ .

ئـــەوا دیتم نـــەمردم چـینی وەرزێر
چەکی دەست دایە ڕاساوە وەکوو شێر
ســـەری هەڵد اوە حیزبی پێشەوامان
وە دی دێـنـێـتـەوە مـافی ڕەوامـان

دانیشتین و لەسەر چۆنیەتیی گەشە پێدانی بزووتنەوە و بار و دۆخی چەکد اری و هەڵوێستی خەڵك لەو هەلومەرجە دا و زۆر شتی لەو بابەتانە بە درێژی دواین و لێکد انەوەمان لەسەر کرد و بیـر و ڕامان لەسەر گۆڕی یەوە . پاشان لەسەر بڕیاراتی کۆمیتەی شارستان و چۆنیەتیی تێکۆشانـمان لە داهاتوو دا بە پێی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەوکات باس کرا . یەکێك لە بڕیارەکانی کۆمیتەی شارستان ئەوە بوو کە چەند کەسێك یەك لەوان ئەمن، لە شوێنی خۆمان وەمێنین، هاتووچۆی شار بکەین و چی هەواڵ و دەنگ و باسی وەگیـرمان کەوت بە نەهێنی ڕەوانەی کۆمیتەی شارستانی بکەین . بە شێوەیەکی تەواو نەهێنی کاری تەشکیلاتی بکەین و ئەند امانی ڕاڕا و دوو دڵ لە نێو شانە حیزبی یەکان دا بژار کەین و تەشکیلاتێکی پوخت و پاراو دامەزرێنین کە وەڵامد ەرەوەی هەلومەرجی بزووتنەوەکەمان بێ . ئەند امانی حیزبی وەها بە بیـر و باوەڕ و توونـد و تۆڵ بار بێنین کە لە تەنگانە دا خۆیان نەدۆڕێنن و توانای بڕیاردانیان هەبێ .

ئەو بڕیارەم هێندێك لە شانان گران بوو . لەوە دەترسام ڕۆژێك دوژمن بەو کەین و بەینە بزانێ و تووشی گۆنـجەڕێکم بکا . بەڵام هاوڕێ یان گوتیان : " بڕیاری حیزبە و

دەبێ بەڕێوە بـچێ " . قسەی خۆمـان بێ ئەوکات بۆ بڕیارکانی حیزب لە ئێستا زیاتر بایەخ دادەندرا و بێ ئەملا و ئەولا بەڕێوە دەچوون . وا دیار بوو ئەو بڕیارەش لێکدانەوەی تەواوی لەسەر کرابوو و بڕیارێکی گشتی بوو، بۆیە لەسەری نەڕۆیشتم و قەبووڵم کرد . ئینجا ڕێ نوێنیی تەواوم لێ وەر گرتن و چوارچێوەی ئەرك و بەرپرسایەتی یان بۆدیاری کردین . بەڵام شەرەفی ئەند امەتیی کۆمیتەی شارستانـم هەر هەبوو .

لای ئێوارێ هاتنە نێو ئاوایی و کاك سەید برایـمی هاشـمی(**8**) لەبەر دەرگای مزگەوتێ وچانێکی باش سەبارەت بە سیاسەتی ڕێژیم بە نیسبەت مافی گەلی کورد و خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ئەرك و بەرپرسایەتیی خەڵك لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی چەکد ارانەی ئەو قۆناغەی خەباتـمان قسەی بۆ خەڵك کرد و ڕێ نوێنی پێویستی کردن . پاشان بێ ئەوەی کەسێك لە شوێنی دیاری کراویان ئاگادر بێ، ماڵاوایی یان لێ خواستین و لێ یان دا و ڕۆیشتـن . ئێمەش بەرە بەرە دەست بە کار بووین و بۆ بووژاندنەوەی شانە تەشکیلاتی یەکان هەنگاوی پێویستمان هەڵ گرت . بەڵام کارەکەمان بە تەواوی نەهێنی بوو . تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانە کە بە تەواوی جێی متمانە بوون پێوەندیـمان دەگرت .

قۆناغێکی تا بلێی ناسك و پڕ مەترسی بوو . خەڵکی بە گشتی هاتووچۆی شاریان دەکرد و لەوە دەترسام ڕێژیم هێندێکان فریو بد ا و ڕیسەکەمان لێ بکاتەوە بە خوری . هەر چەند بە ڕواڵەت لەبەر چاوی خەڵك خۆم وا نیشان دەدا کە بێ لایەن دانیشتووم و فڕم بەسەر سیاسەتەوە نەماوە و خەریکی ژیانی خۆمـم، بەڵام دیسانیش لەوە دەترسام کە شەیتان و شۆفار بۆم تێ چێنن و لە نکاو بە داومەوە کەن . هەر بۆیە پاش ماوەیەك ئیتـر نەم وێرا هاتووچۆی شار بکەم و لەو شوێنانەی کە ڕێ ڕەوی دوژمن بوون بە تەواوی خۆم دەبوارد . تەنیا لە ناوچەی ئازاد کرا و دا بە بیانووی دید ەنی و سەردانی خزمان هاتووچۆی گوند ەکانـم دەکرد و لەگەڵ ئەند امانی باوەڕ پێ کراو

پێوەندیم دەگرت . هەر بۆ ئەوەی کەس لێم وەسەر شك نەکەوێ، هێندێك جاران هاتووچۆی ئەو گوند انەشم دەکرد کە سەر بە ناوچەکەی خۆمان نەبوون و هیچ پێوەندی یەکیان بە کۆمیتەکەمانەوە نەبوو .

بۆ وێنە براکانم لە گوندی بانەزێری ناوچەی ڕەبەت تفاقیان کڕیبوو، ئەو ڕۆژەی کە دەچوون بۆ هێنانەوەی، منیش بە بیانووی سەردانی خزمان خۆم ڕەگەڵ خستن و بە سواری تەراکتۆرێك بەرەو کۆخان وەڕێ کەوتین . پاسگای کۆخانیش لە لایەن ڕێژیمەوە ئاودان کرابۆوە . بەڵام دەیانگوت لە ژووریٔ نایەنە دەر و کاریان بە کاری کەس نیە . گەیشتینە سەر جاددەی بانە سەردەشت و تەراکتۆرەکە بەرەو بانە دەڕۆیشت دای بەزاندین و تێی تەقاند . کاتێك ئاوڕمان دایەوە هەر لەسەر جاددەکە لەبەردەمی قاچانەکەی کۆخان پۆلێك عەجەم ڕاوەستابوون و بە وردی خەڵکیان دەپشکنی . ئەمن و براکەشم هەردووکمان دەمانچەمان لەبەر پشتێنیٔ دابوو . تازە نەشد ەکرا بگەڕێینەوە، چونکە بەرەو ڕوومان بوون و زیاتر لێمان وەسەر شك دەکەوتن و لەوە دەترساین تەقەمان لیٔ بکە ن . بەڵام خاڵی پشکنین چەند هەنگاوێك لەو لای چاخانەکە بوو . بە براکەمم گوت :

ــ چایچی یەکە ڕفیقمە، کە چووینە ژووریٔ لەگەڵی دەچمە دیوی ئاشپەزخانەکە و ئەتۆش بە دووم دا وەرە . دەمانچەکان لە کن ئەوی بە جیٔ دێڵین هەتا لەولاوە دەگەڕێینەوە .

بەڵام هەر کە چووینە ژووری چاخانەکە ئەفسەرێك بە دوامان دا هاتە ژووریٔ و ماوەی نەداین کارەکەمان بکەین . بە ناچار دانیشتین و ئەفسەرەکەش لەگەڵ گرووبانێك لە پەنام دانیشتن . چایان بۆ هێناین و پیرە ئەفسەر لە پرسیارانی گرتم . پرسیارەکانیش لە پێوەندی لەگەڵ پێشمەرگە و چۆنیەتیی خەباتی چەکد ارانەی حیزب و . . . دابوون . منیش خۆم لە وەڵامەکەیان دەبوارد و خۆم وا نیشان دەدا کە ئاگام لە مەحموودی بیٔ زەواد نیە(9) . بە هەڵکەوت ڕاست ئەو ڕۆژە بوو کە

شەش حەوت پێشمەرگەی ناوچەی سەردەشتێ، بە فەماندەیی مامۆستا مەلا حەسەنی شیوەسەڵی(10) لە تەنگی گرژاڵێ کاروانێکی نیزامیی ڕێژیمیان تێك شکاند . ئەفسەرەکە هەواڵی شەڕەکەی زانیبوو، دەیەویست بزانێ داخوا منیش ئاگادارم یان نا . منیش بە هیچ باران خۆم لێ نەدە دا .

سەرتان نەیەشێنم چامان خواردەوە و چای ئەفسەرەکەشم حیساب کرد و وە دەر کەوتین . کاتێك چووینە دەرێ، چاوم لە ئەفسەرێك هەڵنگوت کە پێشتر لە گورهانی دۆڵە هەرزن بوو . گرووبانێکیشم وەبەر چاو کەوت کە هەردووکیان زۆر باش دەیان ناسیم و ئاگاداری ئەوەش بوون کە پێش شەڕی سێ مانگە لە مزگەوتێ بە دژی ڕێژیم قسەم کردبوو . هەردووکیان زۆریان چاو لێ کردم و منیش ڕووحم هاتە سەری لوتم . بەڵام ئێستاش بۆم پرسیارە کە بۆچی خۆیان تێ نەگەیاندم؟!

ئێستا کاتی ئەوە هاتبوو کە بمان پشکنن و بەرەو سەردەشت وەڕێ کەوین . تووشی دڵە خورپەیەك هاتبووم هەر مەپرسە . لەو کاتە دا کە لەسەر جاددەکە ڕاوەستابووین، تویێتایەك لە لای بانەوە بەرەو سەردەشت گەیشتە لامان . مەئموورەکان ڕایان گرت و خەڵکەکەیان دابەزاند و ملیان لە پشکنینیان نا . ئێمەش هەر چۆنێك بوو خۆمان دزیەوە و تێکەڵ بەو کسانە بووین کە پشکنرابوون و لەولاوە ڕایان گرتبوون . خوا و ڕاسان وایان زانی ئێمەش هەر لەگەڵ تویێتاکە هاتووین و پشکنراوین و کەس لێی نەپرسین . ئیتر سواری تویێتاکە بووین و چاوێکم لە شۆفێرەکە داگرت کە قسە نەکا . گڤڤەمان لێ کرد و گیانێکی مفتمان دەربرد . بەڵام باشی یەکەی لەوە دا بوو کە ئەو دەم بەو شێوە جاش و جاکەش پەرەی نەستاندبوو . ئەو لای کۆخانێ کەوتین و ماشێنەکەم بە شۆفیرەکە ڕا گرت و لام کێشا و بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕاوە . ئەویش زۆری پێ خۆش بوو کە ئاوا بە هاسانی ڕزگاریمان هاتوە و هەتا دار ساوێنی داینەبەزاندین .

ئەو قۆناغە هەرچەندە کە دژوار و پر مەترسی بوو، بەڵام درێژ خایەن نەبوو . کەمی پێچوو کە ناو و ناوبانگی پێشمەرگە و هەواڵی خەباتی چەکد ارانە هەموو ناوچکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیەوە لە هەر جێگایەك گوێت گرتبایە، باس هەر باسی پێشمەرگە و شەڕ و تێك هەڵچوون لەگەڵ بەکرێ گیــراوانی ڕێژیم بوو . لاوە خوێن گەرمەکان پۆل پۆل دەهاتنە ڕیزی خەبات و بەرگی پیــرۆزی پێشمەرگەیان دەبەر دەکرد و لە دەستە و پەلەکان دا سازمان دەدران . سەرکەوتنی یەك لە دوا یەکی پێشمەرگەکان تەنگی بە دوژمن هەڵچنی بوو . هەواڵی قارەمانەتی و سەرکەوتنی پێشمەرگە لە سەرانسەری ناوچەکە دا دەنگی دایەوە . زۆربەی کۆنە مۆڵگەکان کە ئەفرادی ڕێژیــمیان تێ خزابوونەوە، دەستیان بەسەر دا گیــرا و بێجگە لە شاری بانە ناوچەکە بە گشتی کەوتەوە دەست پێشمەرگە و شوێنەواری دژی گەلی یەکان خاشەبڕکرا . سەرەڕای پێشمەرگەی سازماندراوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان، بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچەی بانە، چ ئەوانەی حیزب چەکی دابوونێ و چ ئەوانەی بە پووڵی خۆیان چەکیان کڕیبوو، بە ناوی هێزی بەرگری یەوە شان بە شانی پێشمەرگەکان دە گژ دوژمن ڕا دەچوونەوە و شەڕیان دەگەڵ دەکرد . بە کرێگیــراوانی ڕێژیم کە ئەو کات ناوی " موجاهید" یان لەسەر دانابون، لە سێبەری خۆیان دەسڵەمینەوە و بە هیچ باران باشاری پێشمەرگەکانیان نەدەکرد . بەرەو هەر جێگایەك لە پێستی خۆیان دەجوولا نەوە . لە چەند کیلۆمیتــریی مۆڵگەکانیان لەگەڵ پەلاماری کوڕە کوردان بەرە ڕوو دەبوون و کونە مشکیان لێ ببوو بە قەیسەری و، کوردستانیان لێ کرابوو بە گۆڕستان . لەو پێوەندی یەدا دوو هۆی سەرەکی لە گۆڕێ دابوون(**11**) .

دوا پەلەقاژەی ڕێژیم لە ناوچەی بانە دا ئەوە بوو کە بەهەر نرخێك بۆی دەست بد ا، دەست بەسەر جاددەی نێوان بانە ـ سەردەشت دا بگرێتەوە و لەو ڕێگایەوە سامی دەسەلاتە شوومەکەی بەسەر خەڵکی نیاز پاك و پشتیوانی ڕاستەقینەی بزووتنەوە ڕەواکەمان دا بسەپێنێ . هەر بەو مەبەستە لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی **1358**ی هەتاوی دا، کاروانێکی نیزامیی تەیار بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و سووکی پێشکەوتوو کە زیاتر لە هەشتا ماشێنی گەورە و گچکە بوون و لە ژێر پشتیوانیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆپخانەی قورس و ڕاکێت بارانی هێلی کۆپتێرە شەڕ کەرەکانی دا سازمان درابوو، بە مەبەستی مانۆڕ دان و چاو ترسێن کردنی خەڵکی ناوچەکە، لە شاری بانەوە بەرەو سەردەشت وەڕێ خرا . ئەو جارەیان بەختی یار بوو، بە هۆی نەبوونی پێشمەرگە لەو نزیکانە بێ ئارەق دەرچوو . تەنیا لە خوار ئاوایی زێویەوە چەند پێشمەرگە و چەکد اری هێزی بەرگری پێشمان پێ گرتن و لە تێك هەڵچوونێکی چەندین سەعاتە دا بە هەڵدێرانی ماشێنێك و کوژرانی چەند کەسێك ڕزگاریی هات و خۆی گەیاندە شاری سەردەشتێ . بەڵام ئەو سەرکەوتنەی بە گران بۆ تەواو بوو . پاش چەند ڕۆژان کە بە لە خۆ بایی بوونەوە بەرەو بانە گەڕایەوە، پێشمەرگەکان لە هژدە دۆڵانێوە هەتاکەوپێچی بۆی لە بۆسە خزابوون و هەتا ئاخرماشێن لە هەوەڵ بۆسە تێ نەپەڕی تەقەیان لێ نەکرد . کاتێك بە تەواوی وەنێو خۆیان گرت، لە هەر چوار لاوە تێ یان سرەواند و ئەوەیان بەسەر هێنان کە بە خەوی شەوانیش چاوەڕوانی نەبوون . زەبرێکی ئەوەندە کتو پڕ و لە نکاویان لێ وەشاند ن، ئەوەی لەسەر پشتی بێژنگێ خواردبوویان، پێ یان هێنانەوە . کورت و کرمانـجی ئاخر ماشێنیان لەسەر پردی شاری بانە سووتێنرا و تاقەواریان لێ دەرنەچوو .

هەر ئەو سەرکەوتنە بوو پێشمەرگەکان خۆیان هاویشتە نێو شار و دەسەڵاتی تەواویان بە دەستەوە گرت . دوژمن تەنیا پادگان و چەند شوێنێکی لە نێو شار بە دەستەوە مابوو . ئیتـر کڕ و مات لە ژووریێ خزان و ببـڕای ببـڕای نەیان دەوێرا لە مۆڵگەکانیان سەر وەدەر نێن . دیارە ئەو سەرکەوتنە تەنیا بۆ ناوچەی بانە نەبوو . بەڵکوو دوژمن لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەختی خۆی تاقی کردبۆوە و سەری وە بەردی ئەلـحەدێ کەوتبوو . تێك شکانی یەك لە دوا یەکی کاروانە نیزامی یەکانی لە هەموو شەڕگە کان دا ئەو ڕاستی یەی بۆ سەلـماندبوو کە لە باری نیزامی یەوە باشاری گەلی کوردی پێ ناکرێ و هەر گزی و گەڕ و کەڵەك و داوێك پەنای پێ بردبوو، لەگەڵ تێ شکان و ناکامی بەرەو ڕوو ببوو . ئەو بەسیجی و پاسد ارە هەڵخەڵەتاوانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کلیلی بەهەشتیان بۆ لە مل دەکرد و تینووی شەربەتی شەهادەت بوون، بە ڕادەیەك زراویان لە سامی پێشمەرگە چوو بوو، بۆ هەر جێگایەك مەئمووری یەتی بە ناو پاکسازی یان پێ سپێردرابایە، پێش ئەوەی تێك هەڵچوون ڕوو بد ا، ڕێگای هەڵاتن و خۆڕزگار کردنیان بە چاو دەنگاوت و خۆیان لە شەڕ و کێشە دەبوارد . هەر بۆیە ڕێژیم ناچار بوو کە ڕێگای دووهەم کە وتوویژ و ئاشت بوونەوە بوو بگرێتە پێش کە ئەویش یەکێك لە فێڵەکانی بوو .

## پەڕاوێزەکان

**1** ــ کاك ڕەشید خەڵکی گوندی کیوەڕۆ و پێشتــر ئەند امی حیزبی دێمۆکڕات بوو . بەڵام بە هۆی ئەوە کە لە ساڵەکانی **46** و **47** دا چەکد اری ڕێژیــمی شا (چریك) بوو و گومانی دەست تێ دا بوونی لە شەهید کرانی شەهید ســمایلی شەریف زادە و هاوڕێکانی لە بەهاری ساڵی **1347** ی هەتاوی دا لەسەر بوو، بە ئەند امی حیزب وەر نەگیــرابۆوە و، بەرپرسی بەشی نیزامیی کۆمیتەی ئینقیلاب سەر بە (مامۆستا سەید جەلال) بوو . لەو ماوەیە دا کە ڕای گەیاندبوو لەو تاوانە دا بەشد ار نەبوە، مەسەلەکە ڕوون کرایەوە و وەك فەرماند ەری هێــز و ئەند امی کۆمیتەی شارستانی بانە دیاری کرا . دواتر ئەگەر باش لە بیــرم مابێ ماوەیەك لە دەور و بەری دەفتەری سیاسی و ماوەیەکیش بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی حەوتەواونە بوو . دواتر بە هەر هۆیەك بوو لە حیزبی دێمۆکڕات دابڕا و پاڵی وە ڕێکخراوی خەبات دا . ئێستا لە وڵاتی سوئێد بە پەنابەری دەژی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**2** ــ كاك سالْح خەڵكی بەنەژاژ و كۆنە ئەند امی حیزب و بەرپرسی پاسگای بەنەژاژ بوو . ئەویش لە بەشی نیزامی دا كاری بۆ دیاری كرا . پاش گیــرانەوەی ناوچەكان چەكی دانا و لە گوندی ڕەشكی و . . . درێژەی بە ژیانی شەخسی دا . ساڵی **1367**ی هەتاوی تێكەڵ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو . پاش وەسەر یەك كەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزب زۆری پێ نەچوو بەرەو ئورووپا كۆچی كرد و ئێستا لە وڵاتی سوئێد بە پەنابەری دە ژی . جێی سەرنــجە ئەویش لە ئەشكەنــجەگاكانی زەمانی شا بێ بەش نەبوو .

**3** ــ حاجی سالْح خەڵكی كۆخان و بەرپرسی پاسگای كۆخان بوو . دوای شەڕی سێ مانگە چەكی دانا و بە ژیانی شەخسیی خۆی ڕادەیشت .

**4** ــ ئەو زانیاری یانەم لە كەسانێك وەرگرتوون كە بۆ خۆیان لە نێو جەرگەی ڕووداوەكان دا بوون و بە چاوی خۆیان ئەو دیــمەنە دزێوەیان دیتبوو .

**5** ــ مەلا عەلی خەڵكی گوندی دۆڵە گوێزی ناوچەی بانە و لە زەمانی شا دا یەكتــرمان دەناسی . بەڵام نەمان دەوێرا وەك ئەند امی حیزب خۆ بە یەكتــر بناسێنین . ماوەیەكی زۆر ئەند امی كۆمیتەی شارستانی بانە بوو . جارێكیش بە جێگری ئەند امی كۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و بەرپرسی وابزانــم كۆمیتەی شارستانی سەقز بوو . پاشان بوو بە بەرپرسی كۆمیتەی ناوچەی حەوتەوانە . سەردەمێكیش ئەند امی هەیئەتی ئیجرایی كۆمیتەی شارستان بوو . دواتر چەكی دانا و لە شارۆچكەی قەڵا چوالان كاسبیی دەكرد . ئەوجار تێكەڵ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو . سەرنــجام ڕێگای دووره وڵاتی گرتە بەر و لە وڵاتی دانــمارك بە پەنابەریی دە ژیا . ساڵی **1377** ی هەتاوی بە هۆی تەسادوفی ماشێن كۆچی دوایی كرد .

6 ــ مەبەست لەو کەسانە بوو کە بۆ بەرژەوەندیی دوژمن لە ڕێگای ڕاستی خەبات لادەدن .

7 ــ مەبەست لەو زۆڵە کوردانە بوو کە ئەو کات کەمیش بوون .

8 ــ سەید برایم خەڵکی قایی بەردی ناوچەی بانە و پلە تشکیلاتی یەکانی بە شێوەی خوارەوە بڕیون : کادری نیزامی، ئەند امی کۆمیتەی شارستان، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچە، جێگری فەرماند ەری هێــز، پارستنی بنکەی دەفتەری سیاسی، فەرماند ەری هێــز، جێگر و ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی ناوەند .

9 ــ لە ڕاستی دا مەعبوودی بێ زەواڵە، بەڵام لەسەر زمانان سواوە بۆتە مەحــموودی بێ زەواد!

10 ــ مامۆستا مەلا حەسەن خەڵکی شیوەسەڵی ناوچەی سەردەشتە . لە کۆنە ئەند امانی حیزبە و وابزانــم لە کۆنگرەی چوار بەملاوە لە هەموو کۆنگرەکان دا بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوە . فەرماند ەری هێــزی شەهید موعینی و پاشان گیا ڕەنگ بوو . ساڵی **1366**ی هەتاوی بە هۆی تەقینەوەوەی بۆمبێك کە لە نێو کتێب دا شاردبوویانەوە، هەرتك دەست و هەرتك چاوی لە دەست دان . بەو حاڵەش لە هەموو کۆنگرەکان دا بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ دەبژێرایەوە . ساڵی **1374**ی هەتاوی حیزب بۆ وڵاتی سوئێدی بەڕێ کرد و ئێستا لەوێ بە پەنابەری دەژی .

11 ــ بە کرێ گیــراوانی ڕێژیم فێری تاکتیکی شەڕ نەببوون . هەروەك مریشکی ماشێنی وەسەر جاددەی دەکەوتن و " شەربەتی شەهادەت " یان هەڵ دەقوڕاند .

## بانگەوازی خومەینی بۆ وتووێژ

ڕۆژی **26**ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی **1358**ی هەتاوی بوو . ئیمام خومەینی بە بانگ و سەڵا هاواری کرد کە " مەسەلەی کوردستان ڕێگا چارەسەری نیزامیی نیە و، ئەوە بەدخواهان بوون ئەو شەڕەیان هەڵایساند! دەنا کۆماری ئیسلامی ئامادەیە لە ڕێگای وتووێژەوە مەسەلەی کورد چارەسەر بکا " و بە ڕاشکاوی داوای تەقە وەستاندنی کرد . حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانیش کە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لەو بڕوایە دا بوو کە مەسەلەی کورد ڕێگا چارەسەری نیزامیی نیە و دەبێ لە ڕێگای ئاشتی خوازانەوە چارەسەر بکرێ، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بوو کە پێشوازیی لە پەیامی ئاشتی کرد، یان بە وتەی کاك دوکتور قاسملوو بە " لەبیەیك " جوابی دایەوە و بڕیاری ئاگر بەسی لەسەرانسەری کوردستان دا بە هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاند . ئەوە لە کاتێك دا بوو کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەك پێشتــر باسم كرد، پێشمەرگەكان لە نێو شاری بانە دا بە شەوانە دەسەڵاتی تەواویان بە دەستەوە بوو . هێــزەكانی ڕێژیم تەنیا بە ڕۆژ دەیان توانی لە بنكەكانیان وەدەركەون و بە نێو شار دا بگەڕێن ئەویش بە بێ چەك .

چەند ڕۆژێك بەسەر ئاگر بەست و تەقە وەستاندن دا تێ پەڕێ . ڕۆژێكیان دەماودەمی نیوەڕۆیە بوو، لە ماڵێ دانیشتبووم و بیــرم لەوە دەكردەوە داخوا چۆن دید ار لەگەڵ كۆمیتەی شارستان نوێ كەمەوە . هێشتا بە تەواوی ساغ نەببوومەوە كە چ بكەم، ماشێنێك خۆی بە ئاوایی دا كرد و ڕاست لەبەر دەرگای ماڵی ئێمە ڕاوەستا و سێ كەسی لێ دابەزین . كاتێك چووم بە دەمیانەوە، مامۆستا مەلا حەسەنی شەید ایی، كاك ئەحــمدی عەزیزی و كاك عوســمانی ئەسراری(1) بوون كە هەر سێك ئەند امی كۆمیتەی شارستانی بانە بوون . یەكتــرمان لە ئامێــز گرت و ماچ و مووچێكی یەكتــرمان كرد . ئاخر چەند مانگ بوو لێك بێ خەبەر بووین . بۆیە لە خۆشیان پێمان وە زەوی نەدەكەوت . پاش چاك و چۆنی و هەواڵ پرسی، هێشتا بە تەواوی نەحەسابوونەوە كە مامۆستا مەلا حەسەن سەری هێنایە پەنا گوێمەوە و بڕیاری كۆبوونەوەی كۆمیتەی شارستانی بە گوێ دا چپاندم . بە پەلە نان و چامان خوارد و بەرەو شارۆچكەی ئارمردە كە بنكەی كۆمیتەی شارستان لەوێ جێگیــر ببوو وەڕێ كەوتین . بە نێو شاری بانە دا تێ پەڕین و بۆ زەردە پەڕی ئێوارێ گەیشتینە شوێنی دیاری كراو . ئەند امانی كۆمیتەی شارستان بە گشتی لەوێ بوون . یەكتــرمان لە ئامێــز گرت و بە تاسەوە یەكتــرمان ماچ كرد . ئەوەش یەكێك لەو ئارەزووانە بوو كە بە ئاواتی یەوە بووین . ئاخر لە مێژ بوو لێك هەڵ بڕابووین و یەكتــرمان نەدیبوو. ئەو پێك شاد و شكور بوونەوە و دید ار نوێ كردنەوە، قۆناغێكی نوێ بوو لە ژیانی شۆڕشگێڕی مان دا كە لە چڵە پۆپەی ئاوات و هیواكان نزیك تری كردینەوە و بزەی شادیی وەسەر لێوان پەڕاندین و ئۆخژنی بە دڵ دا هێنـاین .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نانی شەومان خوارد و کۆبوونەوە دەستی پێ کرد . ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی ئەو سێ مانگەی کۆمیتەی شارستان و کۆمیتەی ناوچەکان خرایە بەر باس و لێ کۆڵینەوە و بڕیاراتی پێویست بۆ کاری داهاتوو پەسند کران . پاش تەواو بوونی کۆبوونەوە، بەرپرسانی کۆمیتەی ناوچەکان گەڕانەوە بۆ شوێنی تێکۆشانیان و کۆمیتەی شارستانیش بۆ نێو شاری بانە ڕاگوێزرایەوە . ئیتر لەوە بە دواوە بەشەو و بە ڕۆژ دەسەڵاتی نێو شار کەوتەوە دەست حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکان و هێزەکانی ڕێژیم تەنیا بە بێ چەك هەقی هاتووچۆی نێو شاریان هەبوو . ئیتر لەوە بە دواوە ئەرکی پاراستنی نێو شار و پێداویستی یەکانی خەڵك بە تەواوی کە وتە ئەستۆی حیزبی دێمۆکرات و، لە بەرانبەر هەر چەشنە ئەرك و داخوازێکی خەڵکی شار دا حیزب بەرپرسیار بوو .

ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بەرەو قۆناغێکی نوێ تر هەنگاوی دەنا . پێشوازیی خەڵکی خەباتگێڕ و خۆ ڕاگری ناوچەکەمان لە حیزبەکەیان و ئامیزی ئاوەڵایان بۆ پێشمەرگە بوێرەکان، وره و ئیرادەی کوڕانی دێمۆکرتی بە هێزتر دەکرد و بۆ درێژە پێد انی خەبات و خۆ ڕاگری و سەرکەوتنی یەکجاری، هەنگاوی توووند تر و ئیرادەی پتەو تر دەکردن . فرمێسکی قەتیس ماوی شادی لە کالانی چاوی دایکانی خاوەن بەزەیی لە دیتنەوەی جگەر گۆشەکانیان، دڵۆپەی شەونمی سەر پەلکی گوڵ و گیا خاوی کوێستانی بەهاری ئازادیی وە بیر ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاری دێنایەوە . خوشکانی ڕەش پۆش و باوکانی ماتەم بار بەرگی پرسەیان لە بەر خۆ دارنی و بزەی سەر لێوانیان دیمەنی تیشك و پرشنگی زەردەی زێڕینی خۆرەتاوی دەخولقاند و چەشنی کۆلکە زێڕینە لە حەوت ڕەنگانی دەنواند . دەنگی بە ئاهەنگی خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی " ئەی ڕەقیب . . . " مزگێنیی هاتنەوەی پێشمەرگەکان و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی بە ئەویند ارانی ئاشتی و ئازادی ڕادەگەیاند و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له حەوت عاسمانان دەنگی دەدایەوە . ئەند امان و لایەنگرانی حیزب بە دیتنەوەی کادر و پێشمەرگەکان فیکەی سمێڵیان بوو .

هەلی ڕەخساو و لە بار بۆ بەرەو پێش بردنی زیاتری کاری تەشکیلاتی بە تەواوی ئامادە بوو . بۆیە ئێمەش هەلەکەمان قۆستەوە و بە تالووکە وە خۆ کەوتین . شا قەلمان لێ بە لا دا کردن و قۆڵمان لێ هەلماڵین و بە مەبەستی بووژاندنەوەی کۆمیتەکەمان و نوێ کردنەوەی پێوەندی لەگەڵ ئەند امانی حیزب هەنگاوەکانمان توند تر کردن . گەشتی سیاسی مان دەست پێ کرد و لە کۆبوونەوە گشتی یەکان دا سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبمان بۆ خەڵکی شی دەکردەوە و بۆ تێکۆشانی توند و تۆڵ تر هانمان دەدان . لە پێوەندی لەگەڵ کاری تەشکیلاتیش دا هێدی هێدی ملمان پێوە نا و لەگەڵ کۆنە ئەند امەکان پێوەندیمان نوێ کردەوە و سەر لە نوێ شانە تەشکیلاتی یەکانمان دارشتنەوە . دیارە هەروەك پێشتر باسم کرد ئەودەم کۆمیتەکەمان کادر و پێشمەرگەی نەدرابوویە و تەنیا خۆم بووم و سێ مامۆستای قوتابخانەش کە پێشتر ناوم بردوون و چەند کەسێکیش هێزی بەرگری یەك لەوان لەتیفی ئامۆزام(**2**) هاوکاری یان دەکردم . بەڵام خەڵکی ناوچەکەمان بە هۆی ئەوە کە پێشتر لە باری حیزبایەتی یەوە ڕوون کرابوونەوە، زۆر باش بە دەنگمەوە دەهاتن و هاوکاریی تەواویان دەکردم . دیارە ئەرکی ئێمە لە ناوچەکە دا تەنیا کاری تەشکیلای نەبوو، بەڵکوو قڕە و قوولەی کار و باری کۆمەلایەتی و زەوێ و زار و ناکۆکیی نێوان وەرزێر و کۆنە بەگەکانیشمان لە ئەستۆ بوو . بەڵام بۆ سووك کردنی ئەرکی سەرشانمان و سپاردنی کاری خەڵك بە خۆیان، لە زۆربەی ئاوایی یەکان شووڕامان هەڵبژاردن و کار و باری ئاوەدانیمان پێ سپاردن . ئەگەریش کارێکیان لێ عاسی بایە و بۆیان چارەسەر نەکرابا، ئێمە هاوکاریمان دەکردن و لە مامۆستایانی ئایینیش یارمەتیمان وەردەگرت . بەڵام کار و باری ژن بە ژنە و گەورە بە چووکە و زەوی و زار و . . . بە ڕادەیەك بەسەر یەك دا کەڵەکە ببوو، نەك شووڕا و مامۆستایانی ئایینی لە

حەودەی نەدەهاتن، بەڵکوو ئێمەش لە دەستانی وە زاڵە هاتبووین و دەبا کاتێکی بەرچاوی خۆمانی بۆ تەرخان کەین .

ماوەیەك بەو شێوەیە تێ پەڕی و تا ڕادەیەك لە بەڕێوەبردنی ئەرکی ڕۆژانەمان دا سەرکەوتوو بووین و خەڵکی ناوچەکەش لێ مان بە گلەیی نەبوون . بەڵام دیسانیش کار کردن بەو شێوەیە دژوار بوو و لە حەودەی نەدەهاتین . ڕۆژ نەبوو چەندین شکایەت و سکاڵامان بۆ نەیەن و هەموو کاتی ڕۆژانەمانیان بە کاری کۆمەڵایەتی و قەزایی و ئەو بابەتانەوە خەریك کردبوو . لە ڕاستی دا وەك پاسگایەکی دەورانی عەجەمەکانی زەمانی شا دەچووین و کاری تەشکیلاتیمان لە بیر چووبۆوە . بۆ چارەسەر کردنی ئەو گیر و گرفتە مەسەلەکەمان لەگەڵ کۆمیتەی شارستان باس کرد و داوای کادر و پێشمەرگەی تەواو وەختمان لێ کردن .

## پەڕاوێزەکان :

1 ــ کاك عوسمان خەڵکی بانە و ئەند امی کۆمیتەی شارستان بوو . پاش کۆنگرەی پێنج بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و، بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی دیواند ەرەی پێ سپێردرا . دواتر گەڕایەوە بانە و ماوەیەك بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی حەوتەوانە بوو . دوای گیرانەوەی ناوچەکان چەکی دانا و ماوەیەك لە سلێمانی و پاشان خۆی تەسلیم کردەوە . ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

2 ــ لەتیف کوڕی مامە عەبەم بوو . پاش گیرانەوەی شاری بانە لە لایەن ڕێژیمەوە، خۆی تەسلیم کردەوە و بە نەهێنی کاری تەشکیلاتیی دەکرد . جارێکیش گیرا و خرایە ژێر ئازار و ئەشکەنجە . سەرەنجام بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد .

## کۆنفرانسەکانی کۆنگرەی چوارەم و ئاڵوگۆڕ بەسەر کۆمیتەکەمان دا

سەر و بەندی بەستنی کۆنگرەی چوارەم، یان ڕوونتــر بڵێم یەکەم کۆنگرەی ئازاد لە کوردستانی ئێران بە دوای جوانە مەرگ کرانی کۆماری کوردستان دا بوو . کۆنفرانسی ناوچەکان دەستی پێ کرد و نوێنەریان بۆ کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان هەڵبژاردن . ئەمن لە ناوچەکەی خۆمان دا بە تەواویی دەنگی بەشد ارانی کۆنفرانس، بۆ کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان هەڵبژێرام . ئەگەر بە باشی لە بیــرم مابێ لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ ناوچەی بانە حەڤدە یان نۆزدە نوێنەر بۆ کرنگرە وەبەر چاو

گیــرابوون کە بە پێی ڕادەی ئەند امانی حیزب لە ناوچەکەمان دا زوڵم مان لێ چوو بوو، قرم و قاڵێکی زۆری بە دواوە بوو . هەر بۆیە لەسەر داوای ئێمە کۆمیتەی شارستان مەسەلەکەی لەگەڵ دەفتەری سیاسی هێنابوە گۆڕێ و، دەفتەریش بەڵێنی پێ دابوون کە داواکەمان وەبەر چاو گرێ .

کۆنفڕانسی کۆمیتەی شارستان دەستی پێ کرد و پاش لێ کۆڵینەوە و بیــر و ڕا گۆڕینەوە، نوێنەرانی کۆنگرە هەڵبژێران . بەڵام ئەوانەی هەڵبژێرابوون، زۆربەی هەرە زۆریان لە کادرەکانی دەور و بەری کۆمیتەی شارستان بوون کە لەسەر ئەوەش هەرا و هۆریا دەستی پێ کرد و جیاوازیی نێوان شاری و دێهاتی هاتە گۆڕێ(1) پاشان بە پێی ڕێژەی دەنگەکان حەوت کەسیان وەك ڕێــزێڕف دیاری کردن کە ئەگەر دەفتەری سیاسی داواکەی وەبەر چاو گرتین و نوێنەری بۆ زیاد کردین، لەو حەوت کەسانە هەڵبژێرن کە ئەمن نەفەری دووهەم بووم . دەفتەریش دەستی بە ڕوومانەوە نەنا و حەوت کەسی دیکەی بۆ زیاد کردین . بەڵام دیسانیش ئەمن هەر بە جێ مام و شانازیی بەشد اری کردن لە کۆنگرەی چوارەمم پێ نەبڕا! . لە دوای تەواو بوونی کۆنگرە کە چوومە بنج و بناوانی مەسەلەکە، کاك غەفووری هەمزەیی(2) بۆی گێڕامەوە کە گۆیا بە تاوانی ئەوە کە ناسری خۆشکەلام هاوکارم بووە و، ئەویش مەیلی وە لای حیزبی توودەوە بووە، گومانی ئەوە کراوە کە نەکا شوێنەواری لەسەر بیــر و بۆچوونی من دانابێ، بەو هۆیەوە متمانەی چوون بۆ کۆنگرەم پێ نەکراوە!! سەیر ئەوە بوو کە کاك ناسری خۆشکەلام متمانەی چوون بۆ کۆنگرەی پێ کرا و مافی منیش لەبەر پێ یان دا فلیقایەوە! . لە کورتی وەی برین لەگەڵ ئەوە دا ئەو زوڵمە ئاشکرایەم گەلێك لە شانان گران بوو، بەڵام وەسەر خۆم نەهێنا و هەر بەو ئیــرادە و ئیمانەی جارانەوە دەستم پێ کردەوە و درێژەم بە تێکۆشان دایەوە .

با لە مەبەست لا نەدەم و بێمەوە سەر باسی باسە گۆرینی . هەروەك پێشتــر باسم کرد، ئەرکی ڕۆژانەم لە ناوچەکە دا بە ڕادەیەك زۆر بوو، کورد گوتەنی : " سەری خۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ نەدەخورا " . مامۆستای قوتابخانەکانیش کە هاوکارم بوون، بە هۆی ڕاگەیشتن بە خوێندنگە و قوتابی یەکانیان وێڕا نەدەگەیشتن بە ڕۆژانە یارمەتیم بد ە ن و هیچ حسابێکیان لەسەر نەدەکرا . ئەوانەش کە هێزی بەر گری بوون و یارمەتی یان دەکردم کاری وەرزێری و مووچە و مەزرایان بۆ پێ گەیشت و سەر نەپەرژان ئاوڕێکم وێ دەن و دڕوویەکم لە قالبی دەرێنن . قڕە و قوولە و ناکۆکی و دووبەرکایەتیی خەڵکیش لە ناوچەکەمان دا بەپێی فیلان بوو . بە ناچار تەك و تەنیا ملم پێوە دەنا و، دێ بە دێ و کۆخ بە کۆخ و مووچە بە مووچە شەویشم دەخستە سەر ڕۆژ و ئاو ڕاوەستابایە ئەمن ڕاوەستانم بۆ نەبوو . لە هەمووی ناخۆشتر ناکۆکی و دوو بەرەکایەتیی نێوان وەرزێر و بەگەکان بوو . نەگبەتی یەکەشم لەوە دا بوو، ئەگەر هەقم بە هەق دار دابایە، ئەوە بەگەکان چاویا ن دەچوونە پشتی سەر و دەیانگوت " شەڕ بە کۆنە قین دەکا و لایەنگری لە وەرزێرەکان دەکا " . ئەگەریش لایەنی بەگەکانم گرتبایە، دەیند اری وەرزێرەکان دەبووم و ویژدانم لە عەزاب دا بوو . ئەوەی هێندێك یارمەتیی دابام تەنیا مامە قالەی سووتوو بوو کە فەرماندەری لکێك پێشمەرگە بوو و بنکەیان لە سپی داری بوو .

لەگەڵ مامە قالە کە بە خزمایەتیش لێك نزیك بووین و چەندی بڵێی خۆشی دەویستم و حورمەتی دەگرتم، گەلێك جاران لەگەڵ هەموو پێشمەرگەکان جەولەیەکی ناوچەکەیان لەگەڵ دەکردم و بۆ چارەسەر کردنی گیر و گرفت و تەنگ و چەڵەمەکانیش یارمەتیی دەدام . دیارە مامە قالە کە هەم لە من بە تەمەن تر و هەم لە ناوچەکەش دا ناسراو تر و هەمیش هێزی نیزامیی لە پشت بوو، قسە و ڕا و بۆچوونەکانی لە نێو خەڵکی ناوچەکە دا برەویان زیاتر بوو . بێجگە لەوەش ئەمن کە ئەو دەم ئەزموونێکی ئەوتۆم لە بەڕێوەبردنی کار و باری کۆمەڵایەتی دا نەبوو، بە دایم هەم لەگەڵ وی و هەم لەگەڵ کاك ساڵحی بەنەژاژی کە ئەویش هەر لەگەڵ مامە قالە

بوو، ڕاوێژم دەکرد و ڕێ نوێنیم لێ وەردەگرتن . چونکە لە باری داب و نەریتی ناوچەکەشەوە ئەوان لە من سەر دەرچوو تر بوون .

سەرەنجام کاتێك کۆمیتەی شارستان بە ڕوونی بۆی دەرکەوت کە ناوچەکەمان پێویستیی بە چارەسەر کردنێکی سەرەکی هەیە، لەسەر ئەوە ساخ بۆوە کە ئالوگۆڕێکی بنەڕەتیی تێ دا پێك بێنێ . هەر بەو مەبەستە ئاگاداریان کردین کە سەرجەم ئەند امانی حیزب لە هەردووك ناوچەکانی بەردەڕەش و نەمەشیر بانگ هێشتن کەین و کۆنفڕانسێك پێك بێنین . ئێمە بە پەلە دەست بە کار بووین و نوێنەری هەموو ئەند امەکانمان ئامادە کردن . لەو لاشەوە کۆمیتەی شارستان لەگەڵ نوێنەرانی دەفتەری سیاسی کە کاك مەلا ڕەسووڵی پێشنماز(3) و کاك ئەبووبەکری هید ایەتی(4) بوون، خۆیان گەیاندینێ و کۆنفڕانس لە مزگەوتەکەی ئاوایی نەمەشیر دەستی پێ کرد . پاش باس و لێ کۆڵینەوەیەکی زۆر و بیر و ڕا گۆڕینەوە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە هەرتك ناوچە کە واتە ناوچەی نەمەشیر و بەردەڕەش تێکەڵ کەین و، وێکڕا بەسەری ڕابگەین . پاشان ئەند امانی کۆمیتەمان بە دەنگی نهێنی هەڵبژاردن و کۆمیتەکەشمان بە ناوی " بەردە جەمات(5)" ەوە نێوك بڕی . کادرەکان بریتی بوون لە . کاك ڕەحمانی مستەفایی(6)، کاك خالیدی ڕەسووڵی(7)، کاك عەلی حەسەنی(8)، کاك عەبدوڵڵا(9) و یەکی دیکەش بوو کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە . مامۆستا مەلا حەسەنی شەید ایی و ئەمنیش بووم .

بە دوای کۆتایی هاتنی کۆنفڕانسە کە دا نوێنەرانی دەفتەر و کۆمیتەی شارستان ماڵاوایی یان لێ خواستین و لێ یان دا و ڕۆیشتن . لە دابەشکردنی کاریش دا مامۆستا مەلا حەسەنی شەید ایی بە بەرپرسی کۆمیتە کە هەڵبژێرا و ئەمنیش بە جێگری مامۆستا و بەرپرسی بەشی تەشکیلات هەڵبژێردرام .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کادرەکانی دیکەش بە ناو کاریان بۆ دیاری کرابوو، بەڵام زۆرتری بەڕێوەبردنی ئەرکەکان لە ئەستۆی مامۆستا مەلا حەسەن بوون . بۆ پارێزگاریی مەقەڕ و دیفاع لە خۆشمان چەند پێشمەرگەیەکیان بۆ ناردین . بە دوای دابەشکردنی کارەکان دا، بۆ جێگای بنکەکەشمان لەسەر ئاوایی نەمەشیر ساغ بووینەوە و لە مەدرەسە کە دا کە نەمامۆستای هەبوو نە قوتابی، بارگە و بنەمان لێ بە زەوی دا دا . خەڵکی ئاوایی نەمەشیر لە ڕادە بە دەریان پێ خۆش بوو کە بنکەمان لەوێ دانا . هۆیەکەشی ئەوە بوو کە لە کاتی چارەسەر کردنی زەوی( انقلاب سفید ) لە زەمانی شا دا، ئاغاکان هەرچی زەوی و زاری بە دەست وەرزێرەکانەوە بوو بە ناوی خۆیانەوە نووسیبوویان . پاشان ئەوەی بە کەڵك و بەراو بوو بۆ خۆیان دەیان کێڵا و زەوی یە ڕەقە ن و دێمەکارەکانیشیان بە سێ یەك بەری و نیوە کاری و دە و دوو دابوو بە وەرزێرکان . بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ کۆمیتەی شارستان زەوی یەکانمان لە ژێر دەستی ئاغاکان دەرێنانەوە و بەسەر وەرزێرەکان دا، دابەشمان کردن .

ئاوایی نەمەشیر لەگەڵ ئەوە دا ناوەندی بەخشی ناوچەکە بوو، لە هەموو ئاوایی یەکانی دەور و بەری خۆی دواکەوتووتر بوو . دانیشتوانی کە لە دە دوازدە ماڵ تێ نەدەپەڕین، بەڕادەیەك بە دەستی ئاغاکان چاو ترسێن و سەر کوت کرابوون، لە سێبەری خۆیان دەسڵەمینەوە . تەنانەت لە نێو خۆشیان دا لێك دڕدۆنگ بوون و لە ترسی یەکتری نەیان دەوێرا لە پێستی خۆیان وەجووڵێن . ورد و درشتیان نەخوێندەوار و لە هەر چەشنە پێد اویستی یەکی پێشکەوتوانەی ژیانی سەردەم بێ بەش کرابوون . ئاوی خواردنەوەیان کانیلۆکێك بوو لە خوار ئاوای یەوە کە بە کۆخیلکێك داپۆشرابوو . ژنان بە گۆزە ئاویان لێ دەبرد و بۆ هەموو شتێك کەڵکیان لێ وەردەگرت . مزگەوتێکی کۆن و لا ڕووخاو و بێ مەلا و بێ حەوز و ئاوایان هەبوو کە بە ڕۆژی ڕووناك پیاو سامی لێ دەکرد . حەوزی پیاوان چۆڕە ئاوێك بوو لە داوێنی ئاوایی کە بە وشکە کەڵەك قوڵکەیەکی بە پانایی میترێك بۆ دروست کرابوو . ئەویش نە بەربێڵایەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوو لە کرێوە و بەفرە پشۆی زستا ن و نە گەرمای هاوینی بپارێزێ و، نە عەدەبـخانەشی بۆ دروست کرابوو . پێتان سەیر نەبێ کە دەڵێم هەم بۆ تارەت و هەم بۆ دەسنوێژ گرتن و هەم بۆ خۆ شۆردنیش کەڵکیان لێ وەردەگرت!! . زۆر جاران لە کوولە کوولی زستانێ دا کابرا کە خۆی تێ هەڵ دەکێشا بە کەسیـرەیی دەهاتەوە دەرێ و بە نیوە گیانی خۆی دەگەیاند ەوە ماڵێ . ئاوایی یەکی پڕ لە پەین و پاڵ و ماڵەکانیان هەر لەسەر دۆخی پەنـجا ساڵ لەوە پێش مابوونەوە و هیچ کەس لە ترسی ئاغا و دەرەبەگەکان زاتی ئەوەی نەکردبوو ماڵێکی پاك و خاوێن بۆ خۆی دروست بکا و تێی دا وەحەسێ . بەڵام بە چوونی ئێمە بۆ ئەو ئاوایی یە خوا وەتـحەسێنێ ئاغاکان ئاسۆیان نەقەڵاشتەوە و پێی دا نەهاتن . ئەو بار و دۆخە بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵکە کە هێندێك سامیان شکا و چاو و ڕوویان کرانەوە . ئێمەش لەگەڵ ئەوە دا ورەمان بەر نان و سامی ئاغامان لەسەر ڕەواندنەوە، لە باری پاکووخاوێنیی ئاوەدانیشەوە یارمەتیمان کردن و سەر پەنا و . . . مان بۆ حەوزەکەیان پێ دروست کردن . با ئەوەش بە جێ نەهێڵین . باخێکی لێ بوو بە نـاوی " باخی حەسەن خانی " کە دەتگوت باخی شەددادی یە . لە هەموو جۆرە میوەیەکی تێ دا بوو . بەڵام ئەوەمان دەستکاری نەکرد و باخەوان بە پوخت و پاراوی بەرهەمی دێنا و تەسلیمی ئاغاکانی دەکردەوە .

بە تێکەڵ بوونی ئەو دوو کۆمیتەیە و، بەرین تر بوونەوەی ناوچەکەمان کە لە ئاوایی هەورازەوە هەتا دەگەیشتەوە زێویە، **21** گوندی بەر خۆ دابوو، ئەرکی ڕۆژانەمانی گران تر کرد و دەبا تیمی تەشکیلاتیمان زۆر تر لە گەڕان دا بایە . بە دوای دامەزراندنی بنکەکەمان دا گەشتێکی تەشکیلاتی مان دەست پێ کرد و بەر و دوای ناوچەکە گەڕاین . خەڵکی ناوچەکەش بە دڵ گەرمی یەوە پێشوازی یان لێ کردین . پیـر و لاو پۆل پۆل دەهاتن و بەڵگەی لایەنگریی حیزبی یان پڕ دەکردەوە و ئامادەی بەڕێوەبردنی هەرچەشنە ئەرکێك بوون کە حیزب پێی سپاردبان . بۆ ئەو مێر مند ااڵنەش کە تەمەنیان لە **18** ساڵ بۆ خوارێ بوو، یەکێـتیی لاوانـمان بۆ پێك هێنان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ پێگەیاندنیان هەنگاوی پێویستمان هەڵ گرت . لاوە خوێن گەرمەکان بە دڵ گەرمی یەوە دەهاتنە ڕیزی پێشمەرگە و چەکی دیفاع لە شەرەف و کەرامەتی گەلەکەیان دەکردە شان . یارەمەتی پێشمەرگەش ئەوکات ئەگەر بە باشی لە بیــرم مابێ لە **30** تــمە ن و پاشان گەیشتە **150** تــمە ن و بەرە بەرە زیاتر و زیاتر بوو .

لە سەرەتای دەست پێکردنی خەباتی چەکد ارانەمان دا چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ئەوتۆمان بۆ هێــزی پێشمەرگە نەبوو . تەنیا ئەو کەسانەی لە باری نیزامی یەوە شارەزا و سەر دەرچوو بوون، چەند پێشمەرگەیان ڕەگەڵ دەخستــن و تەعلیمیان دەدان و پێ یان دەگەیاند ن . بەڵام لە دوایی دا هێز و لك و دەستە و پەلیان بۆ دیاری کرا و سازمان دران (**10**) .

هێــزی بانە بە ناوی هێــزی " شەهید انی وردی " یەوە بوو . لك و دەستە و پەلیش هەر بە ناوی شەهید ەوە ناودێر کرابوون . فەرماند ەری گشتیی هێــزی پێشمەرگە لە بانە دا کاك ڕەشیدی ئەحــمەدی بوو . بنەماڵەی شەهید انی وردی کە هێزی بانەی بە ناو کرابوو بریتی بوون لە مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی کە پێشتــر بە کورتی باسم کرد و شەهید مەلا قادری وردی(**11**) کە کوڕی مامۆستا مەلا ڕەحیم بوو . بڕوانە وێنەی ژمارە **8** ) .

لە بنەماڵەی وردی یەکان کوڕێکی مامۆستا مەلا ڕحیم بە ناوی تەها بە جێ ماوە کە بە داخەوە لەگەڵ نەخۆشیی ڕەوانی بەرە ڕوویە و لەگەڵ مەلا ژنە فاتــمی دایکی لە دالڵد ەی حیزب دان . دوو کوڕی شەهید مەلا قادریش بە ناوەکانی سەلاح و ئاسۆ بە جێ ماون . کاك سەلاح ماوەیەك لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزب دا مامۆستای قوتابــخانە بوو . کاك ئاسۆش ماوەیەك پێشمەرگە و دواتر هەر لە ژێر چاوەدێریی حیزب دا فرۆشگای دانا و کاسبیی بۆ خۆی دەکرد . بەڵام ئێستا هەردووکیان چوونەوە بۆ دەوری سلێمانی و کاسبکاری ماڵی خۆیانن .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

---

## پەراوێزەکان :

1 ــ ئەوەم بە گوێی خۆم لە کاك سەددیقی فەڕڕوخی بیست کە بە ڕاشکاوی گوتی : " بۆیە نوێنەری زیاترمان لە شارستانی یەکان هەڵبژاردووە چونکە ئەوان خوێندەواری یان لە ئێوەی دێهاتی زیاترە و لە باری سیاسیشەوە لە ئێوە زانا تر و شارەزا ترن " .

2 ــ کاك غەفوور خەڵکی بانە و ساڵی **1358**ی هەتاوی هاتە ڕیزی پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتەوە . لە شەڕی سێ مانگە دا خۆی تەسلیم کردەوە و پاش ئاگر بەست پێوەندیی بە حیزبەوە گرتەوە . بە ماوەیەکی زۆر ئەند امی هەیئەتی ئیجرایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمیتەی شارستانی بانە بوو . پاشان بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی بۆکانی پێ سپێردرا . لە کۆنگرەی شەش دا بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی بانەی پێ سپێردرا . پاش کۆنگرەی حەوت کە خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی کاندید نەکرد، بەرپرسایەتیی پێوەندی یەکانی دەرەوەی لە شاری سلێمانی پێ سپێردرا . لە کۆنگرەی هەشت دا بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و بەرپرسایەتیی پێوەندی یەکانی دەرەوەی لە بەغد ا پێ سپێردرا . سەرەنــجام ڕۆژی **13**ی مانگی گەلاوێژی ساڵی **1373**ی هەتاوی، لە بەغد ایە لە ماڵی خۆیا ن بە شێوەیەکی گوماناوی تیرۆر کرا .

**3** ــ کاك مەلا ڕەسووڵ خەڵکی مەهاباد و یەکێك لە کۆنە کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو . بە هەر هۆیەك بوو چەکی دانا و ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە پەنابەری دەژی .

**4** ــ کاك ئەبووبەکر خەڵکی مەهاباد و یەکێك لە کادرە لە مێژینەکانی حیزب بوو . بە هۆی نەخۆشی لە لایە ن حیزبەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ کرا . پاش ماوەیەکی دوور و درێژ لە نەخۆشخانە دا سیپەلاکیان بۆ گۆڕی . بەڵام هێشتا بە تەواوی وەسەر خۆ نەکەوتبۆوە کە بە هۆی تەقینەوەی بۆم کە بۆی لە نامەوە پێچرابوو، دەست و چاوێکی لە دەست دان . ماوەیەکیش بەو شێوە مایەوە و سەرەنــجام بە داخەوە کۆچی دوایی کرد .

**5** ــ بەردەجەمات چیایەکی لە عاســمان هەڵچوو لە باکووری ڕۆژئاوای گوندی نەمەشیــر هەڵ کەوتوە . لەسەر لوتکەی چیاکە تەختایی یەکی ڕاوند و بەرین خۆ دەنوێنێ کە سەرنــجی بینەران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ . دەگێڕنەوە کە : " لە زەمانی زوو دا خەڵکی ئاوایی بۆ یاریی میــر مێرن لە گۆڕایی سەر ئەو تەپۆڵکەیە کە تەختە بەردێکە کۆ بوونەوە و، هەتا چەند حەوتوان بە بەرینایی ناوچەکە حوکماتیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردووه . دار و لەلەیان دامەزراندوه و، پاشا و وەزیر و دست و پێوەندیان دیاری کردوون . دادگا و قانوون و بەندیـخانەیان پێك هێناوه . کەسانی سەر ڕەق و لە خۆ بایی بوویان گرتوون و سەزایان بۆ لەبەر چاو گرتوون و جەریـمەیان کردوون . تەنانەت خان و بەگلەرەکانی ناوچەکەشیان کە خاوەنی هێـز و دەسەڵات و توانایەکی لە ڕاده بە دەریش بوون، هێناونە ژێر ڕکێفی خۆیان و ملکەچی قانوونیان کردوون . هەر کەس بە پێچەوانەی ئەو قانوون و دار و لەلەیە جووڵابایەوە، دەگیـرا و مەحاکەمە دەکرا و سەزای بۆ لەبەر چاو دەگیـرا .

کاتێك هەواڵە کە بە حوکوومەت گەیشتوه، مەترسیی شۆڕش و ڕاپەڕینی گشتیی لە دڵیان دا جێ گیـر بووه . هەر بۆیە بە پەلە ئەرتەش و قشوون یان ناردۆتە سەریان و بەهێـزی نیزامی بڵاوەیان پێ کردوون " . ئەو زانیاریانەم لە کاك حسێینی جەواهێـرێ بیستوون کە ئەویش لە پیشینانەوه بۆی بە جێ مابوون .

با ئەوەشـمان لە بیـر نەچێ کە تەختایی یەکەی سەر لوتکی چیاکە، تەختە بەردێکی ڕێك و لووس و لێکەهەروەك ئەوه دەچێ کە بە تەشوێ تاشرابێ و بە ڕەند ەی ساف کرابێ . جا وێ دەچێ کە لە کاتی خۆی دا ناوی بەردە جەماعەت بووبێ و، بە هۆی سوانی وشەکە لەسەر زار و زمانان بووبێتە بەردە جەمات .

6 ــ کاك ڕەحـمانی مستەفایی خەڵکی بەردە ڕەش و بە ڕەحـمانی عەلیە کۆڵ ناسرابوو .

7 ــ کاك خالید ناسراو بە مەلا خالید خەڵکی سپی داریێ بوو .

8 ــ کاك عەلی حەسەنی خەڵکی پیاوێن و بە عەلی ئەحـمەد تەنەکە بە ناو بانگ بوو .

9 ــ کاك عەبدوڵلا و ئەوی دیکەش کە ناوەکەیم لە بیـر نەماوه خەڵکی گوندی هەڵۆ بوون .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە هەموویان کادر بوون و بەر و دوا سەنگەریان چۆڵ کرد و تەسلیم بە ڕێژیم بوونەوە و، ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیانن . دیارە کاك ڕەحمانی مستەفایی دووجار خۆی تەسلیم کردەوە .

10 ــ هێزێك سێ لك بوو کە ئەو دەم بەتالیۆن مان پێ دەگوت . بە تالیۆنێك سێ دەستە بوو . دەستەیەکیش سێ پەل بوو .

11 ــ شەهید مەلا قادر کە پێکەوە لە خزمەت مامۆستا مەلا ڕەحیمی باوکی دا قوتابی و هاو پۆل بووین، ماوەیەك دوای هەلاّ تنی باوکی وێڕای بنەماڵەکەیان لە ترسی چڵکاو خۆرانی شا پەڕیوەی هەندەران بوون و، لە کوردستانی گەرمێن گیرسانەوە . بە دوای شەهید کرانی مامۆستا دا، بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکڕات هەڵبژێرا . ساڵی 1352ی هەتاوی بۆ ئەنجام دانی مەئموورییەتی حیزبی بەرەو ناوچەی بانە گەڕایەوە . سەرەنجام لە شاری بانە کە لە ماڵێك دا لەگەڵ محەمەد سەددیقی ساڵحی خۆیان حەشار دابوو لە لایەن خۆ فرۆشێکەوە ڕاپۆرتیان لێ درا و بە هێزی نیزامی گەمارۆ دران . مەلا قادر شەهید کرا و محەمەد سەددیق خۆی دەرباز کرد . بەلاّم دوو ڕۆژ دواتر بە بریند اری لە باخی لەتیفاوی دەور و بەری شار گیرا و، دواتر لەگەڵ عەزیزی مستەفازادە لە شاری سنە لە سێد ارە دران . ئەو خۆ فرۆشەی ڕاپۆرتی لێ دان، سەلیمی شەرافەتی بوو .

تێ بینی : مەلا قادر جارێك لە لایە ن ڕێژیمەوە و گیرا و بە دەرزی فەلەج کرا . پاش ماوەیەك چاکیان کردەوە و ئازاد کرا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەڵیساندنەوەی شەڕ و گیــرانەوەی شاری بانە .

زەمان هەروا بە هێوری ڕەورەوەی مێژووی پاڵەستۆ دەدا و قۆناغەکانی وە دوا خۆ دەدان . پاش چەندین جاران هاتووچۆی بە ناو نوێنەرانی ڕێژیم و بیــر و ڕا گۆڕینەوەیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەل نوێنەرانی گەلی کورد، بە ڕوونی دەرکەوت کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی لەو بە ناو نیاز پاکی و ئاور بەستە، تەنیا بە مەستی ڕێك خستنەوە و بردنەوە سەری ورەی هێــزە نیزامی یە تێك شکاوەکانی بووە و، بێجگە لە کات وە دەست هێنان بۆ خۆی هیچ شوێنەوارێکی ئاشتی خوازانە لە نێوەرۆکی سیاسەت و بۆچوونەکانی دا وەبەر چاو نەدەکەوت . بەرە بەرە لە جیاتی ناردنی نوێنەرانی سولّح و ئاشتی، کاروانە نیزامی یەکانی لە کوردستان دا ئەم شار بۆ ئەو شار لە هاتووچۆ دابوون و بە تەیار کردن و بە هێــز کردنی بنکەی هێــزە سەرکوتکەرەکانی، خۆی بۆ شەرێکی ماڵ وێرانکەر و بەر بلاّوتر لە جاری پێشوو ئامادە دەکرد . بۆ ئەو مەبەستە چەپەڵەی بە دوای بیانوو دا دەگەڕا و چاوەڕوانی ڕەخسانی هەلێك بۆ دەست پێ کردنەوەی شەڕێکی خوێناوی بە پانایی و بەرینایی کوردستان بوو . زستان بەسەر دا تێ پەڕی و ڕۆژی **30**ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی **1359**ی هەتاوی، شاری سنە کەوتە بەر پەلاماری هێــز سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم . حیزبی دێمۆکڕات بە هەموو توانایەوە هەوڵی دا کە بەر بەرسیاسەتی چەوت و شەڕخوازانەی ڕێژیم بە دژی گەلی کورد بگرێ و شەڕ بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان نەتەنێتەوە و گەلی کورد لەوە زیاتر تووشی مەرگ و ماڵ وێرانی نەبێ . بەلاّم وا دیار بوو ڕێژیم لەسەر درێژەدانی شەڕ بڕیاری لێ بڕاوانەی خۆی دابوو . هەر بۆیە لە فەرهەنگی ئەو ڕێژیــمە دژی گەلی یە دا وشەی ئاشتی و ئازادی هیچ مانا و مەفهوومێکی نەبوو .

سەرەنــجام کورد وتەنی : " تیغ بە ئێسقان گەیشت " و " کاسەی سەبر لێو ڕێژ بوو "، حیزبی دێمۆکڕات هیچ ڕێگایەکی لەوە زیاتر لەبەر نەبوو کە بە زمانی خۆیان وەلاّمیان بد اتەوە . بۆیە لە هەر جێگایەك هێرشی کردبایە، لەگەڵ بەرەنگاریی توند و تیژی پێشمەرگە ورە بەرزەکان بەرەو ڕوو دەبوو . لە هەموو شەڕگەکان دا سەری وەبەردی ئەلــحەدێ دەکەوت و لەگەڵ شکست و ناکامی بەرەو ڕوو دەبوو . ئەو جــموجووڵە ناوچەی بانەشی لە بیــر نەبردەوە و لە ڕێکەوتی **4**ی مانگی خاکەلێوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی **1359** دا تەقە و لێك دان دەستی پێ کرد . لە هەوەڵین تێك هەڵچوون دا مۆڵگەی ئاربەبا کە زاڵ بەسەر شاری بانە و هەموو دەر و بەری دابوو، لە لایەن پێشمەرگەکانەوە دەستی بەسەر دا گیـرا . دژی گەلی یەکان کە بە لە دەست دانی ئەو شوێنە ئاستەمە هەستیان بە زەبوونی و داماوی کردبوو و زەبرێکی گوورچوو بڕیان وێ کەوتبوو، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئابڕووی ڕژاویان و دەست بەسەر دا گرتنەوەی ئەو شوێنە حاستەمە وە خۆ کەوتن و، چەندین جارن بە هێلی کۆپتێر هێـزیان لێ دابەزاند . لە ژێر ئاوری بێ ئەمانی تۆپخانەی قورس و بۆمبا و ڕاکێت بارانی فڕۆکە فانتۆمەکانیان دا، هێرشی پەیتا پەیتایان بۆ سەر پێشمەرگەکان دەست پێ کردەوە . بەڵام هەموو جارەکان بە هۆی دەست و بردی پێشمەرگە نەبەزەکان، لەگەڵ تێ شکان و ناکامی بەرەو ڕوو دەبوون . سەرەنـجام بە لە دەست دانی هێلی کۆپتێرێك و ژمارەیەکی زۆر لە هێـزە زراو تۆقیوەکانی، هەموو هەوڵ و پیلانەکانی بوونە بلّقی سەر ئاو و لەگەڵ تێ شکانی یەکجاری بەرەو ڕوو بوو . پێشمەرگەکان بەوێشەوە نەوەستانەوە و پەلاماری پادگانیان دا و هەر چوار دەوریان لە ئاڵقەی گەمارۆ وەرێنا و ڕێگای هاتووچۆیان لە دژی گەلی یەکان بەربەست کرد . چلّکاو خۆران کە ڕێگای دەرباز بوون لە زەبری پێشمەرگەکانیان بە دی نەکرد، بێ هەدەف شاری بانەیان وەبەر تۆپ و خومپارە دا و، هەشت فڕۆکەی شەڕ کەری فانتۆم و چەند هێلیکۆپتێرێش، بێ سپانەوە بۆمبا و ڕاکێت و گوللەیان بەسەر خەڵکی بێ دیفاع و سەنگەری پێشمەرگەکان دا هەل دەڕشت و بۆ تاوێك نەدەسرەوتن .

کاری ئێمە لەو ماوەیە دا بە ڕۆژانە کۆ کردنەوەی نان و پێ خۆر و کەرەسەی شەڕ بۆ پێشمەرگەکان بوو کە لە چاخانەی کەو پێچی وەسەر یەکمان دەنا و لە تاریکایی نوێژی شێوان دا دەمان برد بۆ نێو شار و بەسەر پێشمەرگەکان دا بەشـمان دەکرد . شەوانە هەتا بەری بەیانی لە نێو شار دا بۆ یارمەتیی، پێشمەرگەکان دەماینەوە و بەیانیی زوو وەدەر دەکەوتین . هەر لەو پێوەندی یە دا لەسەر داوای کۆمیتەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارستان بۆ کۆ کردنەوەی یارمەتی بە هاوکاریی مامە قالەی سووتوو، ناسری خۆشکەلام، ناسر و مەنسووری نەویدی و چەند پێشمەرگەی دیکە گەڕانێکمان بۆ دیوی گەورکان لە مێر گەنەخشین و شێخ چۆپان و . . . تا دەگاتەوە گرشیلان و . . . دەست پێ کرد و، ڕادەیەکی باش بەڵگەی یارمەتیمان گۆڕینەوە . لە گەڕانەوە دا کە بەرەو شاری بانە دەهاتینەوە لە دەشتی کانی سووریّ بە دوو هێلیکۆپتێڕان دایانگرتین چۆن داگرتنێك، ماشێنەکەمان لە نێو تۆزی گوولّلان دا ون ببوو . نەفەرێکی لیّ بریند ار کردین و ئەوانی دی بە سلامەت دەرچووین .

ئێوارەیەك لەگەڵ لەتیفی مامە عەبەم و کاك کەمالی کەریمی(1) و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە لە بوومە لیّلەی نوێژی شێوان دا لە چاخانەی کەوپێچەوە بە نیازی چوون بۆ نێو شار وەڕیّ کەوتین . ئێمە وامان لێك دابۆوە کە تا دەگەینە دەشتی شاری ماشێنەکان بە دوامان دا دێن و سوار دەبین و تیّ دەپەڕین . بەڵام هەر ئەوەندەمان خۆشی دی هەتا وەڕووی پادگان کەوتین . جاددە کە ڕاست بەرانبەری پادگان بوو . بە دۆشکە و خومپارە و تۆپی سەد و پێنج و سەد و شەش بست بە بستی جاددەکە و دەور و بەری دەکوتا . دەیجا لەو ئاوربارانە دا ماشێن کە بە بیّ چرا وەسەر جاددەی کەوتبوون، خۆ شێت نەبوون هەتا بە لای ناخێرمان سوار دەبین و لەو هەموو ئاگر و ئاسنە کە بەسەرمان دا دەهاتە خواریّ پڕیشکیان وەبەر نەکەویّ بۆمان ڕاوەستن . سەرتان نەیەشێنم لەو دەشتە ساباقە دا بە نێو گڕ و باڕووت و ساچمە دا سیّ کیلۆمیتر ڕێگامان بڕی . باوەڕ بکە ن ئەگەر بلّێم زیاتر لە پەنجا گوولّەی دۆشکە بە پەنای گوێمان دا ویزەی هاتووە و تیّ پەڕیوە و، دەیان گوللە تۆپ لە دەور و بەرمان تەقیونەوە، هێشتا کەمم گوتوە . بەڵام بە قودرەتی ئەو خودایە دەتگوت گوللە بەندمان لە ملی دایە هەتا چووینە نێو شاری خوێن لە لووتیشمان نەهات .

کۆمیتەی شارستان ئەو کات لە لای حەمامی شارەداری لە ماڵی کاك عوسمانی ئەسراری دا بوو . لەگەڵ هاوڕیّ یانی کۆمیتەی شارستان دید ارمان نویّ کردەوە و پاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواو بوونی کارەکانــمان دەبا لە شار وەدەر کەوین . کاتێك بەملا و لای خۆمم دا ڕوانی، تەنیا من و لە تیف مابووین و ماشێنیشمان پێ نەبوو لە پادگانیمان نەدیو کا . لەو کاتە دا حاجی سەددیقێك کە خۆی بە حیزبی دەزانی و هێندێکیش گوماناوی بوو، بە لەند ەروێرێکەوە لەبەر دەمــمان قوت بۆوە . کاك هاشــمی کەریـمی کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو، داوای لێ کرد هەتا چاخانەی کەوپێچیمان بگەیەنێ . ئەویش زۆر بە ڕوو خۆشی قەبووڵی کرد و لێی سواری ماشێنەکەی بووین و گڤڤەمان لێ کرد . بەڵام هەر کە گەیشتینە سەر پردی شاری و چاوی بە بڵێسکەی خۆمپارە و گوولـلەی گڕ دار کەوت، لاقی لە بەند ەوە چوون و بە سوێند انەوە ڕەش بۆوە کە ماشێنەکەی بەنزینی تێ دا نیە! هەر چەندی لە بەری پاڕاینەوە و شێر و ڕێوی مان بۆ هێنانێ فاید ەی نەبو . بە ناچار دابەزین و بە دەشتێ دا ملمان پێوەنا . بەڵام کام مل پێوەنان! ئەو حاڵەی ئێمەی پێ ڕزگار بووین، دوژمن لە ماڵت نا هومێد بێ و لە چەند هەنگاویی مەرگ ڕزگار بووین .

بە ماوەی 37 ڕۆژان پادگان لە گەمارۆی پێشمەرگەکان دا بوو . چەندین جاران بە شەوانە پێشمەرگەکان لە تێل دڕووی تێ دەپەڕین و خۆیان لە حەوشەی پادگان داویشت و بەشێکی زۆریان دەست بەسەر دا دەگرت . بەڵام بە هۆی کاناڵ کێشیی نێو پادگان و قایم بوونی سەنگەرەکانیان، بە تەواوی دەستیان بۆ بەسەر دا نەدەگیــرا و ڕۆژیان لێ دەبۆوە و ناچار بە پاشە کشە دەبوون . لە ماوەی ئەو 37 ڕۆژە دا دوژمن بە تۆپ و خومپارە و ڕاکێت و بۆمبا نێو شاری ئاور باران کرد و زیانێکی بەرچاوی گیانی و ماڵی وە خەڵکی بێ دیفاع کەوت . گەلێك ماڵ تێك ڕووخان و زۆر کەس شەهید بوون . بەڵام تەنیا کەسێکیش شاری چۆڵ نەکرد و شان بە شانی پێشمەرگەکان لە نێو گڕ و باڕووت دا بوون .

بە کرێگیــراوانی ڕێژیم لە نێو پادگان دا بە تەواوی شپرزە ببوون و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هێــز و پێزیان لەبەر دەبڕا و لە توانای دیفاعی یان دادەشکا . سەرەڕای ئەوە کە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆی ماندوویی یەوە پشوو بڕ ببوون، لە باری تەداررووکاتیشەوە بە تەواوی کەوتبوونە تەنگانە و، تەنیا لە ڕێگای هێلیکۆپتێڕ و فڕۆکە بار هەڵگرەکانەوە زەخیـرە و کەل و پەلیان بۆ دەهات . ئەویش لە ترسی دژی هەوایی پێشمەرگەکان نەیان دەوێرا بنیشنەوە و بە مەودایەکی دوور لە حەوا ڕا بۆیان هەڵ دەڕشتـن کە زۆر جاران لە دەرەوەی حەوشی بادگان وە زەوی دەکەوت و نە نسیب پێشمەرگەکان دەبوو . ئەو بارە نا لەبارە بوو بە هۆی ئەوە کە ڕێژیم وە پەلە پڕووزە کەوێ و لە سەقزەوە کاروانێکی نیزامیی پۆشتە و پڕ چەکی بە هاوارەوە ناردن . پێشمەرگەکان کە ئاگاداری ئەو پیلانە بوون، بە هاوکاریی هەموو هێزە سیاسی یەکان کە پێشتـر شووڕای نیزامی یان پێك هێنابوو، لە کەلی خان بەم دیو دا بەرەنگاری بوون و زەبرێکی بە ژانیان لێ وەشاند . دەیان دەزگا ماشێن و تانگی چیفتێن و نەفەر بەر بە دەسکەوت گیـران . بە سەدان قەبزە چەکی قورس و نیوە قورس و بە سەدان چەکی سووك و لە ڕادە بە دەر تەقەمەنی و کەل و پەلی نیزامی کەوتە دەست پێشمەرگەکان . سەرەڕای کوژراو و بریند اریکی زۆر، بە دەیان کەس لە خۆ فرۆش و هەڵخەڵەتاوان بە دیل گیـران . بەڵام بە هۆی کەمتەرخەمی یان ڕوونتـر بڵێم خەیانەتی هێندێك چەکد اری یەکێك لە ڕێکخراوە سیاسی یەکان، ڕێگای پاشەکشەی بۆ ئاوەڵا کرا و ئەو بەشە کەلە مەرگ ڕزگار ببوون، بە شپرزەیی بەرەو کەلی خان و ئاوایی کێلەشین تێ یان قووچاند و دەرباز بوون .

پێشمەرگەکان کە لە ڕادە بە دەرشەکەت و ماندوو بوون، دەبا شەڕگە چۆڵ کەن و لە بیـری ڕاگواستنی دەسکەوت و ئەسیـرەکان دا بن . هێـزێکی پشتیوانیش لە گۆڕێ دا نەبوو کە شەڕگەکەی پێ بسپێرن و بەرەو شار بوونەوە . بە هۆی ئاڵۆزیی نێو شار و خۆ سازمان دانەوەیان ئەو شەوەش ماوەی حەسانەوەیان نەبوو . دوژمن لەو هەلە کەڵکی وەرگرت و لە ژێر پشتیوانیی فڕۆکە و تۆپخانەی قورس دا، بە هێـزێکی تازە نەفەسەوە سەر لە نوێ هێرشی هێنایەوە . پێشمەرگەی ڕێکخراوە سیاسی یەکانیش زۆربەیان گەڕابوونەوە و بەشد اریی شەڕی سەر لە نوێ یان نەکردەوە . هەر بۆیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەڕای هەموو هەوڵی پێشمەرگەکان بۆ بەرپێ گرتنی، باشاری نەکرا و نەکشایەوە و دەستی بەسەر شار دا گرتەوە . هاوڕی یانی ئێمەش بە ناچار شاریان بە جێ هێشت و بەرەو گوند ەکان پاشە کشەیان کرد . کۆمیتەی شارستان بەرەو سنوور کشانەوە و هێـزی پێشمەرگەش لە ناوچە دا بڵاو بۆوە . بەڵام کۆمیتەی ناوچەکان هەر کام لە شوێنی خۆمان ماینەوە و بە شێوەی پێشوو درێژەمان بە تێکۆشان دا . خەڵکی ناوچەکەش هەروا لەگەڵ مان بوون و هاوکاری یان دەکردین . پێشمەرگەکانیش لە گوند ەکان جێگیــر بوون و چاوەڕوانی بەرنامەی داهاتوو بوون .

**پەراوێز :**

**1**ــ کاك کەمال خەڵکی بانە و لە ساڵی **1358**ی هەتاوی یەوە لە ڕیزی خەبات دایە . ساڵی **1365**ی هەتاوی بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەتی پێ سپێردرا . دوای کۆنگرەی هەشت لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ تێکۆشانی درێژە پێ دا . دوای یەك گرتنەوە لەگەڵ دەستەی نووسەرانی چاپەمەنی ئەرکی سەرشانی بەڕێوە برد . دواتر بەرپرسایەتیی یەکێك لە کۆمیتەکانی مەڵبەندی سپی سەنگی پێ سپێردرا . لە کۆنگرەی یازدە دا بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و، بەرپرسایەتیی ناوەندی سێی پێ سپێردرا . دوای هەڵبژاردنەوەی لە کۆنگرەی دوازدە دا، بەرپرسایەتیی پێوەندی یەکانی دەرەوە لەشاری هەولێری پێ سپێردرا . لە کۆنگرەی سێزدەش دا بە ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێراوەتەوە و ئێستاش هەر لە هەولێر درێژە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێردراوی دەدا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تاقمی حەوت کەسی و هێندێك ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکەمان دا

ڕۆژی 25ی مانگی بانەمەڕی ساڵی 1359ی هەتاوی، لە کاتێك دا کوردستان بە درِند انەترین شێوە لە لایەن ڕێژیـمەوە پەلامار درابوو و هێزی پێشمەرگە لە هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕگەکان دا زەبری بەژانیان لە بەکرێگیـراوانی کۆماری ئیسلامی دەوەشاند، تاقمی حەوت کەسی بە دەرکردنی پەڕتووکێکی 28 لاپەڕەیی ڕیزی خۆیان لە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان جیا کردەوە و، بە ناوی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار مەوجوودیـیەتی خۆیان ڕاگەیاند . شەڕی چەکد ارانەیان مەحکوم کرد و بانگەوازیان بۆ کادر و پێشمەرگە و خەڵکی کورد بڵاو کردەوە کە پشتیوانی یان لیٚ بکەن . حیزبیش لێبـڕاوانە لە بەرامبـریان دا هەڵوێستی گرت و بە دەستند ە خۆری حیزبی توودەی ئێرانی ناو بردن و کردەوەکەیانی بە خەیانەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریـخوازانەی گەلی کورد لە قەڵەم دا و ناوی تاقمی حەوت کەسی بەسەر دا بڕین(1). زۆر باش لە بیـرمە کە کاك دوکتور قاسـملوو لە میتینگی گەورەی چوارچرای شاری مەهاباد لە قسەکانی دا پرسیاری لە بەشد ارانی میتینگە کە کرد و گوتی :

ـ ئێستا کە کوردستان لە لایە ن پەلامار دەرانەوە کەوتۆتە بەر هێرش و پەلامار، ئێمە چەك دانێین یان دای نەنێین؟!

خەڵکە کە بە گشتی گوتیان :

ــ چەك دانانێین و تەسلیم نابیـن .

ئەوە مۆری مەحکومییەت بوو بە نێو چاوانی تاقمی حەوت کەسی یەوە نرا و خەڵکی لیٚ تەکاندنەوە . بەڵام دیسانیش مەسەلەکە بەوەند ە دانەکوژا و قرە و قوولەی دیکەشی بە دوا دا هات . هێندێك لە کادرە مایل بە چەپەکان ڕاستە و خۆ ڕەگەڵیان کەوتن و هیواش هەبوو لە دڵە ڕاوکێ دابوو . هەر لەو پێوەندی یە دا حیزب یەکیەتیی لاوانی سەقزی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و لە ناوچەکانی دیکەش کێشە و بەرە بەردەوام بوو . لەو پێوەندی یە دا بۆ چارەسەر کردنی هێندێك تەنگ و چەڵەمەی دیکە کە بەرەو ڕووی کۆمیتەی ناوچەکان ببوونەوە، کۆمیتەی شارستان بۆ کۆبوونەوەی گشتی بانگ هێشتی کردبووین .



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بنکەی کۆمیتەی شارستان لە ئاوایی گەرماو نزیك سنووری کوردستانی عێراق جێگیــر ببوو . ئەند امانی کۆمیتەی شارستان و فەرماند ە نیزامی یەکان بە گشتی لە بنکەی کۆمیتەی شارستان یەکمان گرتەوە و کۆبوونەوە دەستی پێ کرد . لە سەرەتای کاری کۆبوونەوە دا باس لەسەر تاقمی حەوت کەسی هاتە گۆڕێ و پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە هەڵوێستەکەیان بە خەیانەت بەبزووتنەوە لە قەڵەم درا و بڕیار نامەمان لەسەر ئیمزا کرد . پاشان لەسەر چۆنیەتیی کاری داهاتوومان باس کرا و لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە هێندێك لە ناوچەکان تێکەڵ کەین و چوارچێوەی کاری داهاتوومان بەشێوەی نوێ تر لە پێشوو داڕێژین . پێشتــر کە کۆمیتەی ناوچەی بنار و بەردەڕش لێك درابوون، ئەمــجارە کۆمیتەی شوێ و گەورەقەڵاشیان پێوە لکاند ن و لە جاددەی بانە سەردەشت بە پشتەوە بوو ناوچەیەك و بە ناوی کۆمیتەی مەید انانەوە نێوکمان بڕی(2) .

بەرین بوونەوەی ناوچەکەمان کاری ڕۆژانەی هێندێك لەسەر شان قورس تر کردبووین و پێ ڕا گەیشتــن بە هەموو ئاوایی یەکان کارێکی هاسان نەبوو . بنکەی کۆمیتەکەمان هەر لە ئاوایی نەمەشیــر نەگواستەوە، چونکە بە نیسبەت ناوچەکەوە لە هەموو ئاوایی یەکانی دیکە باشتــر هەڵ کەوتبوو . ئەوەی زیاتر لە مەنگەنەی دابووین، نەبوونی کادری شارەزا و هەڵسووڕ و دەراتە بوو . چونکە مامۆستا مەلا حەسەنی شەید ایی کە بەرپرسی کۆمیتەکەمان بوو، بە هۆی هاتووچۆی خەڵك و چارەسەر کردنی گیــر و گرفتەکانیان کە دەبا بۆ خۆی پێ یان بچارێ، زۆر چاوەڕوانیی چوون بەملا و لای دا لێ نەدەکرا . کاك میــرزا حسێینی بەدیعی کە پێشتر بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی شوێ بوو، بە هەورازی تەمەن هەڵزنابوو و بۆ کار پێ سپاردن نەدەبوو . کاك سەیفەی ئەمین نەژاد(3)یش دەم و پلێکی ئەوتۆی نەبوو . دوو سێ کادری دیکەش کە پێشتر باسم کردن، هەموویان گەنج و بێ ئەزموون و کەمتر سەریان لە کاری تەشکیلاتی دەردەچوو . بۆ خۆشم کە بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ناوچە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووم بە تەنێ پێ ڕا نەدەگەیشتم . بەڵام دەگەڵ هەمووی ئەو تەنگ و چەڵەمانەش دا باری تەشکیلاتی مان لە ناوچەکانی دیکە باشتــر بوو . لە هەمووی ئەوانەش گرنگ تر، یەکەم کۆمیتەی بووین لە ناوچەی بانە دا کە بۆ دامەزراندنی تەشکیلات لە نێو ژنان دا هەنگاومان هەڵ گرت . لە زۆربەی هەرە زۆری ئاوایی یەکان دا شانە بەندیــمان لە نێو خوشکان دا ڕێك خستبوو کە خوشکان بەو پەڕی فید اکاری یەوە ئەرکە پێ سپێردراوەکانیان ڕادەپەڕاند ن . بەڵام کار و باری کۆمەلایەتی و قەزایی بە ڕادەیەك بەسەر یەك دا کەوتبوو کە نەك هەر شووڕا و مامۆستایانی ئایــینی بەڵکوو بۆ خۆشــمان لە حەودەی نەدەهاتین .

قەتــماغەی کۆنە برینە بە ناسۆر کەوتوەکانی ناکۆکیی نێوان وەرزێر و هێندێك لە کۆنە بەگەکان هاتبوونەوە سۆ و تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆریان خولقاندبوو . هێندێك لە بەگ و خانەکان بە فریودانی هێندێك خەڵکی ساویلکە دەستیان دابوە ئاژاوە نانەوە و هێندێك لە ڕەشایی و خۆش نشینەکانیان دژ بە جووتیارەکان هان دەدان و لە ئاوی لێڵ ماسی یان دەگرتن . ناکۆکی یەکان زۆرتر لەسەر ئەو زەوی و زار و باخ و باخاتانە بوون کە بە هۆی " شۆڕشی سپی " لە ساڵی 1341ی هەتاوی دا چارەسەر کرابوون . لەو نێوە دا هەم بەگەکان و هەم وەرزێرەکانیش خۆیان بە غەدر لێ کراو دەزانی! دیارە چارەسەر کردن و تەنانەت دەست تێ وەردانیش لەو مەسەلەیە بە تایبەت لەو قۆناغە ناسکەی بزووتنەوەکەمان دا، کارێکی هاسان نەبوو . چونکە چارەسەر کردنی زەوی و زار کاتی زۆر بەرین و دەستی ئاوەڵای پێویست بوو . جگە لەوەش دەبا هێزێکی بە توانا و پشتیوانێکی قایم لە گۆڕێ دا بایە . ئێمە ئەوەمان باش لێك دابۆوە کە ڕەنگە درەنگ یا زوو ناوچەکەمان لێ تەنگەبەر ببێتەوە و ڕۆژگارێك بێتە پێش کە هەر تێشی دا نەحاوێــینەوە . هێرشی پەیتا پەیتای ڕێژیم بۆ سەر ناوچە ئازاد کراوەکان بێ سپانەوە درێژەی هەبوو . شەوانە لە هەر جێگایەك باین دەبا زۆر وریا بین نەوەکا هێرشــمان بکرێتە سەرێ . هەر لە پێوەندی دەگەڵ ئەو ئاڵۆزی و دوو بەرەکایەتی یە دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژیــمیش هێندێك لایەنگری بۆ خۆی پەید ا کردبوون و بە نەهێنی کاریان بۆ دەکرد . ئێمە لێ یان وە گومان کەوتبووین کە شتێکیان لە بن سەردایە، بەڵام کوردە کە دەڵێ : " دزی نەگیــراو سوڵتانە " .

سەرجەمی ئەو ئەگەرانە و زۆر شتی وە دینەهاتووی لەو بابەتە کە چاوەڕوان دەکران، هەڕەشەی بەر تەسك تر بوونەوەی ناوچەکەیان لێ دەکردین و بۆ کشانەوە بەرەو شاخ و چیاکان دنەیان دەدایـن . جا لەبەر ئەو هۆیانە پێمان وابوو لەو قۆناغە دا هەڵەیەکە دەست لە چارەسەر کردنی زەوی و زار دەین و شوێنەواری نێوان ناخۆشیی زیاتر لە دوا خۆمان بۆ خەڵکی ناوچە کە بە جێ بێڵین . چونکە لێمان ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەو هەلپەرستانەی پاڵیان وەڕێژیم دابوو، بۆ بەرژوەندیی خۆیان و گەیشتــن بە ئامانــجە چەپەڵەکانیان لە هەلێکی وا دەگەڕێن کە بۆیان بلوێ بە سوودیی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن . بەڵام خەڵکی ناوچە کە ئەو تێ بینی یەیان وەبەر چاو نەدەگرت و تەنیا ڕواڵەتی مەسەلەکەیان لەبەر چاو بوو! تەنانەت هێندێکان لێشمان بە گلەیی بوون و لایان وابوو کە ئێمە دژ بەوان لایەنگری لە ئاغاکان دەکەین! لەوەش ناخۆش تر هێدێك لە ڕێکخراوە چەپئاژۆکان کە بەردی دڵسۆزی یان بۆ چەوساوە و زەحــمەتکێشانی سەرانسەری دنیا لە سنگ دەدا، هەلەکەیان بە سوودی خۆیان قۆستەوە و دەستیان دایە بڵاو کردنەوەی پڕ و پاگەندە بە دژی حیزب و لەگەڵ هەڵوەراندنی فرمێسکی دڵسۆزی بۆیان، پێ یان دەگوتن :

ــ ئەگەر حیزب لە سەرەتاوە پێشی بە ئێمە نەگرتبایە زۆر لە مێژ بوو مەسەلەی زەوی و زارمان چارەسەر کردبوو . لە بیــرتانە کە هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دا دەمان گوت حیزبی دێمۆکڕات پشتیوانی لە بورژ وازی دەکا و ناتوانێ وەڵامدەرەوەی ویست و داخوازی یەکانی زەحــمەتکێشانی کوردستان بێ؟! چارەسەر کردنی زەوی چی بەسەر کاتەوە هەیە؟ ئێمە ئێستاش ئەگەر حیزب لێ مان گەڕێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێند ەی بلێی یەك و دوو زەوی چارەسەر دەكەین و نایەلێن ئاو لە ئاو تەكان بـخوا و هیچ هێزێكیش توانای هەلوەشاندنەوەی نیە .

بەو قسە نەخشینانە ئەوانیش هێندێك خەلكی ساویلكە و تێ نەكەوتەیان بۆ لای خۆیان ڕاكێشابوون و بە دژی حیزب هانیان دەدان . پیاو هەق بلێ لە نێو ڕیزەكانی خۆشـمان دا هێندێك لەو ڕزە شۆڕشگێڕانەمان هەبوون كە " شەریكی دز و ڕفیقی قافلە بوون " . بە ڕوالەت دۆستی چەوساوان و لایەنگری بەش خوراوان بوون . بەلام لە نێوەرۆك دا بە كردەوەی چەپ ڕوانەیان زۆر كەسیان لێ تەكاندینەوە و كردەوەكەیان نا ڕاستە و خۆ لە خزمەت بەرژەوەندیی دوژمن دابوو .

لەو ماوەیە دا كەند و لەند و كۆسپ و لەمپەری زۆر هاتبوونە سەر ڕێگای تێكۆشانـمان و گەلێك گرێ كوێرە لە كارەكانـمان كەوتبوون . بەلام ئێمە بە مەتانەت و لەسەرە خۆیی یەوە هێدی هێدی پیلانەكانـمان پووچەل دەكردنەوە و ڕاستی یەكانـمان بە كردەوە بە خەلكی دەسەلـماند ن . بە پێك هێنانی هێندێك ئالوگۆڕی سەرەتایی تا ڕادەیەكی بەرچاو هەم ئاغاكان و هەم وەرزێرەكانیشمان ڕازی كردبوون و بە ڕوونی تێ مان گەیاندبوون كە ئێمە كاری گەورەترمان لەبەرە و دەبێ گرنگیی زیاتر بە بەرژەوەندیی گشتیی گەلەكەمان بد ەین .

بەرە بەرە قۆناغەكە هەموار تر و باوی تێكۆشانـمان خۆشتـر دەبوو . زۆربەی هەرە زۆری خەلكی ناوچە كە ڕووی ڕاستی یەكانی بۆ دەركەوتبوو و دۆست و دوژمنی خۆیان لێك هەلاواردبوو . ئێمەش لەو هەلە كەلكمان وەرگرت و شووڕای ئاوایی یەكانـمان دامەزراندنەوە و كار و باری خۆیانـمان بە خۆیان سپاردەوە . هێمنایەتی و نیازپاكی تا ڕادەیەكی زۆر بالی بەسەر ناوچەكە دا كێشابوو . كاتی ئەوە گەیشتبوو كە ئاوڕێك وەسەر كاری تەشكیلاتی بد ەینەوە . چونكە یەكەم : بەو هۆیانەوە كە باسم كردن، هێندێك زڕە شۆڕشگێڕ و مەسلەحەت ویست بۆ بەرژەوەندیی كاتیی خۆیان و لە پێناوی خزمەت بە دوژمن دا، وەك مۆرانە خۆیان خزاندبوە نێو شانە حیزبی یەكان و



كتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

بژار کردنێك پێویست بوو . دووهەمیش : لێك دران و بەرین تر بوونەوەی ناوچەکەمان کە بە قۆناغێکی نوێ دا تێ دەپەڕی، پێویستیی گۆڕینی شێوەکاری تەشکیلاتی داهاتوومانی خولقاندبوو . هەر بەو مەبەستە گەشتێکی تەشکیلاتیمان بە بەرینایی ناوچە کە دەست پێ کرد . سەرەتا بە یارمەتیی کادرەکانی کۆنە کۆمیتەکانی شوێ و گەورە قەلا، شانە حیزبی یەکانمان بە گشتی لە بەر یەك هەڵ وەشاند ن و جێمان لە جێ هەواری نەهێشتن . پاشان لە ئەلف و بێ یانەوە دەستمان پێ کردەوە و تاك و تووك لەگەڵ ئەو کەسانەی جێی متمانە بوون پێوەندیمان گرتەوە و بە شێوەیەکی نوێ دەستمان پێ کردەوە . بە کوردی و بە کورتی، بە وردی لە تەتەڵەم دان و بە وتەی مامۆستا هەژار : " زیوان و داڕوجانم لێ هەڵاواردن " و کەم و نەخت و پوخت و پاڵاوتە تەشکیلاتێکی نوێم بناغە دانایەوە . ئەرکی پاراستنی نەهێنی کاری یەکێك لە خاڵە سەرەکی یەکانی شێوەکاری داهاتوومان بوو کە لێبڕاوانە پێ مان لەسەر داگرت و دوایەش بە کردەوە هەنگاومان بۆ هەڵێنایەوە .

سوود و بەرژەوەندیی ئەو گەشتەمان کە نزیك بە مانگێك درێژەی کێشا، لە هەموو بارانەوە لە گەشتەکانی پێشوومان بەرچاو تر بوو . بیر و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ شووڕکان و ئاشنا بوونمان دەگەڵ خەڵکی ناوچەکەمان، یارمەتی دانی شووڕاکان بۆ ئەو کارە کۆمەڵایەتی و قەزایی یانەی بەسەریان دا مابوونەوە، شی کردنەوەی سیاسەتی داهاتووی حیزب لە کۆبوونەوە گشتی یەکان دا، ناسینی هێندێك کەسی ئاژاوە گێڕ و مەسڵەحەت ویست لە ناوچەکە دا و سەرەنجام داڕشتنی چوارچێوەی ئەرکی شووڕا و ئەند امان و لایەنگرانی حیزب لە داهاتوو دا، نێوەرۆکی بەرهەمی گەشتەکەمان بوو .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەراوێزەکان

**1** ــ سەرانی تاقمی حەوت کەسی بریتی بوون لە : کاك غەنی بلووریان، دوکتور ڕەحیمی سەیفی قازی، فەوزی یەی قازی، مامۆستا هێمن، کاك ئەحــمەدی عەزیزی، کاك نەویدی موعینی و کاك فارووقی کەیــخوسرەوی کە هەموویان ئەند امی کۆمیتەی ناوەندی بوون . دیارە مامۆستا هێمن ئەند امی ئیفتیخاری بوو .

**2** ــ مەید انان زنــجیــرە چیایە کە لە پشتی گوندی ساوانەوە دەست پێ دەکا و هەتا پشتی گوندی مەنیجەلاَن لێك ناپسێتەوە و، سنووری نێوان بانە و گەورکی سەقز لێك جیا دەکاتەوە . کوێستانێکی سەر سەوز و پاراو و دڵ گرە . لە بەهاران دا دیــمەنێکی ڕازاوە و سیحراوی و سەرنج ڕاکێشی هەیە . بۆن و بەرامەی هەڵز و مەندۆك و کەما و جاترە خاسە و گوڵ و گیا خاو، گیانی نوێ وەبەر مرۆڤ دێنێتەوە و، دڵان دەڕفێنێ و هەستان دەبزوێنێ . جێگەی هۆبە و هەوار و لەوەڕ گە و تفاق جاڕی بەشێکی زۆر لە ئاژەڵدارنی ئەو مەڵبەند ەیە .

بەرینایی ناوچە کە لە ئاوایی هۆمەرە شاڵەوە کە سنووری کۆمیتەی بابۆس و مەید انان لێك جوێ دەکاتەوە دەست پێ دەکا و، هەتا ئاوایی هەورازە کە سنووری بانە و کەڵوێ نێوان دەکا درێژەی هەیە . لەگەڵ کۆمیتەی حەوتەوانەش جاددەی بانە ـ سەردەشت لێکیان جوێ دەکاتەوە و لەسەر یەك **32** ئاوایی گەورە و گچکە و نێوەنــجی وەبەر خۆ دەدا . خەڵکێکی کراوە و لە باری سیاسی شەوە ڕەنگە لە خەڵکی

ناوچەکانی دیکە سەر دەرچوو تر بن . هەربۆیە کار کردن لەو ناوچەیە دا خۆشتر بوو . دیارە لەبەر جاددەشەوە هەڵۆ و پەڕشە و کاولان هەر لەسەر ئەو ناوچە یە .

3 ــ کاک سەیفە یەکێك لە کۆنە ئەند امانی حیزب و ئەشکەنجە دیتووی بەندیخانەکانی شا بوو . خەڵکی شاری بانە و ئەگەر باش لەبیرم مابێ ساڵی 1360ی هەتاوی خۆی تەسلیم کردەوە و ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

---

## سمیناری شووڕا و کردنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جەبهە لە ناوچەی بانە

مەسەلەی زەوی و زار و گیـر و گرفتی کۆمەڵایەتی و قەزایـی و . . . لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەسەر یەك دا ترشابوون و بە تەواوی پێشیان بە بەرەو پێش چوونی کاری تەشکیلاتی و تێکۆشانی کادرەکانی حیزب گرتبوو . ئەوە شتێك بوو کە نە دەکرا چاوی لێ بنووقێنرێ و دەبا حیزب ڕێگای چارەسەرێکی بنەڕەتیی بۆ دۆزیـبـایەوە . هەر لەو پێوەندی یە دا ساڵی **1360** ی هەتاوی، ڕێبەرایەتیی حیزب هاتبوە سەر ئەو بڕوایە کە مەسەلەی شووڕا لە ئاوایی یەکان دا جیددی تر بگرێ و، بۆ پێ سپاردنی بەرپرسایەتیی قوورس تر دەسەڵاتی زۆر تریان پێ بدا و قایم تر پشتیان بگرێ و مەسەلەی زەوی و زاریش بە شێوەیەك چارەسەر بکا . هەر بەو مەبەستە لە دەفتەری سیاسی کە ئەو کات لە شیوە جۆیە بوو، سـمینارێکیان لەسەر چۆنیەتیی ئەرك و سەڵاحییەتی شووڕا و ڕادەی دەسەڵاتی شووڕا پێك هێنا و، لە هەموو کۆمیتەی شارستانەکانیشیان گێڕاوە کە نوێنەری خۆیان بۆ بەشداری کردن لەو سـمینارە دا بنێرن . لە کۆمیتەی شارستانی بانە کاك سەیفەی ئەمیـن نەژاد و ئەمنیان دیاری کرد و بەرەو دەفتەری سیاسی وە ڕێ کەوتیـن . بە ماوەی چەند ڕۆژان لەو سـمینارە دا کە کاك دوکتور قاسـملوو بە سەری ڕا دەگەیشت، باس و لێ کۆڵینەوە کرا و بە تێر و تەسەلی لەسەر ئەرکی شووڕا و مەسەلەی زەوی و زار دواین و بیـر و ڕامان ئاڵو گۆڕ کرد . پێشنیاری بە کەڵك هاتنە گۆڕێ و بڕیار درا کە حیزب لە هەموو توانای ماددیی و مەعنەویی خۆی بۆ پشتیوانی کردن لە شووڕا کەڵك وەر گرێ . لەسەر ئەوەش ڕێك کەوتیـن کە لە بەهاری ساڵی **1361** دا بە کردەوە هەنگاوی بۆ هەڵ گرین و مەسەلەی زەوی و زاریش بە شێوەیەك چارەسەر بکرێ .

ئەوە لە کاتێك دا بوو کە ڕێژیم تەنیا لە شارەکان دا دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو . هەموو دێهاتەکان و زۆربەی شا ڕێ یەکانی نێوان شارەکانیش لە دەست پێشمەرگە دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون . هەر بۆیە چاوی لێ چووبوونە پشتی سەری و لە هەوڵی ئەوە دا بوو کە بە هەر نرخێك بۆی دەست بدا، جاددەی نێوان شارەکان دەست بە سەر دا بگرێ . هەر بۆیە لە هەموو لاوە کەوتبووە جـمووجووڵ و بەختی خۆی تاقی دەکردەوە . ئەو خۆ تاقی کردنەوە ناوچەی بانەشی گرتەوە و بۆ دەست بەسەر دا گرتنی جاددەی نێوان بانە سەردەشت چەندین جاران بە هێزی زۆر و لە ژێر پشتیوانیی تۆپخانە و ڕاکێت بارانی هێلیکۆپتێرە شەڕ کەرەکانی دا هێرشی دێنا و لەگەڵ بەرهەڵستی تووند و تیـژی پێشمەرگەکان بەرەو ڕوو دەبوو و زەبری قورسی وێ دەکەوت و پاشەکشەی پێ دەکرا . شەڕە بە ناو بانگەکانی کەوپێچ، چەمی سوێروێ، هەژدە دۆڵان، مەردەکان و پشتی کانی سوور کە لە هەموویان دا بەختی خۆی تاقی کردەوە و تێك شکێنرا، وێنەیەکن لەو زەبرە گورچوو بڕانە کە لە لایەن پێشمەرگەکانەوە وێی کەوتن و تێك شکێنرا .

دیارە ڕێبەرایەتیی حیزبیش پاراستنی ئەو جاددەی بە پێویست دەزانی، هەر بۆیە لە ناوچەکانی دیکەشەوە هێزی پێشمەرگەی بۆ بەڕێ کرد و جەبهەیەکمان بۆ پێك هێنا و بۆ بەر پەرچ دانەوەی هەر چەشنە جمووجووڵێکی دوژمن قورس و قایم ڕا وەستاین و قوربانیی بە نرخـمان لە قەبەڵ کرد . سەروان ئەحـمەدی جاویدفەڕ ناسراو بە کاك هەژار کە یەکێك لەو ئەفسەرە نیشتمانپەروەرانە بوو کە هەر لە زەمانی شا دا پێوەندیی بە حیزبەوە گرتبوو و بە یەکێك لە فەرماندە نیزامی یە لێ وەشاوەکانی حیزب دەژمێردرا و تەنیا پێنج ڕۆژ بوو لە کۆنگرەی پێنجەم دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردرا بوو، پاییـزی ساڵی **1360** لەو جەبهەیە دا کە بۆ سەردانی پێشمەرگە و ڕێك خستنی جەبهە کە هاتبوو، بە پڕیشکی خۆمپارە شەهید کرا . دیارە پێ ڕا گەیشتــن بە جەبهە کەش لە باری تەدارووکاتی یەوە لە ئەستۆی کۆمیتە کەی ئێمە بوو . هەر بۆیە کاروباری کۆمیتە کەمان وەلا نا و هەموو توانای خۆمان بۆ پێ ڕا گەیشتــن بە پێشمەرگە کان تەرخان کرد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێژیم ئەو ساڵە پاش چەندین جار تێ شکان و پاشەکشە پێ کرانی، بە دانانی چەندین مۆڵگەی نیزامی لە دەور و بەری جاددە، توانیی هەتا پشتی ئاوایی کانی سوور بێتە پێشێ . جەبهە کەی ئێمەش لە ئاوایی زێویە بوو کە تەنیا کێوی " داوگە " نێوانی کردبووین . بە ڕۆژ و بە شەو لەسەر ئەو کێوە کەمیــن و دید ەبانــمان هەبوو . چەند جارێکیش پێشمەرگە کان بە شەو دەچوونە سەریان و زەبریان لێ دەوەشاند ن، بەڵام ئەوان بە تەواوی حاڵەتی دیفاعی یان بە خۆوە گرتبوو . تەنانەت بۆ نێو ئاوایی کانی سووریش کە لە بەردەمیان دا بوو کەمتــر هاتو چۆیان دەکرد .

زستان بەسەر دا هات و بەفرێکی قورس بە سەر دا باری . بنکەی کۆمیتە کەمان هەر لە گوندی نەمەشیــر بوو، کادر و پێشمەرگەکانیش هەر لە وێ بوون و تەنیا مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی و ئەمن لەگەڵ پێشمەرگە یەك لە گوندی زێویە لەگەڵ جەبهە کە بووین . پێشمەرگەی زۆر لێ بوو، مزگەوتەکەمان کردبوو بە مەقەڕ و لە ئاوایی یەکانی دەور و بەریشەوە نان و پێ خۆرمان بۆ دەهات و ئێمەش بە دەستند ە دەمان دا بە پێشمەرگە کان . بەڵام مەقەڕی هێزی شەهیدانی وردی لە ئاوایی سیاومە جێگیــر ببوو و بە بێ سیم پێوەندیــمان پێکەوە هەبوو . نێرەوی زستانێ بوو کاك دوکتوور قاســملوو هات بۆ سەردانــمان، قسەی بۆ کردین و لەسەر پاراستنی جاددەی بانە سەردەشت پێی دا گرت و گوتی :

ـ هەتا ئەو جێگایە جیزب لە توانای دا بێ، نابێ ئەو جاددەیە لە دەست بدەین .

خەڵکی ناوچەکەش بە گشتی پاراستنی ئەو جاددەیان بە ئەرکی سەر شانی خۆیان دەزانی . هەر بۆیە یارمەتیی تەواویان دەکردین . خواردەمەنی یان بۆ دەناردین و سەردانیان دەکردین و هانیان دەداین کە ورەمان بەرز بێ . بە تایبەت خەڵکی ئاوایی زێویە زەحــمەتێکی ئێجگار زۆریان لەگەڵ کێشاین . با ئەوەشــمان لە بیــر نەچێ کە ئێمەش لەگەڵ ئەوە دا کە حورمەتی تەواومان دەگرتن، دڵنیامان کردبوون کە تا ئەو جێگایەی لە توانامان دا بێ، لە فیداکاری و ئەرك وە خۆ گری تەنەخی نەکەین .

شەوێکیان لەگەڵ مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی و مامە قالەی سووتوو کە فەرماندەری لکی دووی شەهیدانی مستەفا زادە بوو(1)، بڕیارمان دا ئەو شەوە هەر سێکمان بچین بۆ کەمین . ئەویش لەبەر ئەوە بوو کە چەند پێشمەرگەیەك دەستیان کردبوو بە پرتە و بۆڵە و پاشە ملە گوتبوویان :

ـ مەسئوولەکان ئاگایان لە حاڵی ئێمە نیە داخوا لەو بەفر و قوڕاوە دا چمان بە سەر دێ و شەوانە بە چ لەونێك ڕۆژمان لێ دەبێتەوە !

ئێوارێ نوێژی عەسری بوو، مامە قالە لەگەڵ چەند کەس لە پێشمەرگەکان بەو بەر ئاوایی بەرەو جێ کەمینە کە هەڵ گەڕان و ئێمەش قەرار بوو بە دوایان دا بڕۆین . بەفرێکی زۆر باری بوو، پێشمەرگەکان ڕچەیان شکاندبوو و هەموویان بە ڕیز دەڕۆیشتن و مامە قالەش لە پێشیانەوە بوو . لێمان نەدیو بوون و هێشتا ئێمە وە ڕێ نەکەوتبووین کە پێشمەرگەیەك بە هەڵە داوان خۆی لە ژووری مزگەوتێ کوتا و مینێکی دژی نەفەری لە دەست دا بوو و گوتی :

ـ ئەوەم لە ڕچەکە دا لەسەر ڕێگای پێشمەرگەکان دۆزیوەتەوە و لەوە دەترسێم هی دیکەشی لێ داندرابن .

ئەوانەی لە مزگەوتێ بووین سەرمان بە سەری یەکترەوە نا و خەریکی لە کار خستنی مینە کە بووین کە ڕمبەیەك گوێمانی زرنگاندەوە . ئەوەندەی پێ نەچوو بە چەند پێشمەرگە و یەك دوو کەس لە خەڵکی ئاوایی مامە قالەیان بە کۆڵ هێنایەوە . مینێك لە ژێر پێی دا تەقیبۆوە و لاقێکی پەڕاندبوو و لاقەکەی دیکەشی ورد و خاش کردبوو . هەموو لەشی خوێنی لێ دەچۆڕا و لە پشتێنێ بەرەو خواری ونجڕ ونجڕ ببوو . تەنانەت جلەکانیشی هەموو تیتۆڵ تیتۆڵ ببوون . لە تابووتمان خست و هەشت نۆ دە کەس یەك لەوان مامۆستا مەلا حەسەن بەرەو نەخۆشخانەی حیزب کە ئەوکات لە قالوێ بوو ڕفاندیان و منیش لەگەڵ پێشمەرگەکان مامەوە . ئەوەی ڕاستی بێ کەس بە هیوا نەبوو بە زیندوویی بگاتە نەخۆشخانە . بەڵام خوا لە نەبوو دایەوە و دوکتۆرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەڕانسەیی یەکانی بۆ کردن بە واسیتە و لە مردن خەلست . ئەوانـمان بە ڕێ کردن و ئێمەش خەمناك و دەستەوئەژنۆ بە جێ ماین .

وەزعی پێشمەرگەکان لەو پەڕی شپرزەیی دا بوو . لەسەر لوتکەی کێوە کە هێندێك نەدیو لە مۆڵگەکانی دوژمن کۆخەڵێکیان دروست کردبوو و ئاوریان تێدا گڕ دابوو، لە ژووریٚ لەبەر دووکەڵێ و لە دەرەوەش کرێوە و سەرما و با کوتە بڕستی لێ بڕیبوون . ئەوەی بەیانی دەهاتەوە هەتا سبەینێ ئێوارێ وەسەر خۆ نەدەکەوتەوە . بەشێکی زۆریان نەخۆش کەوتن و بێ دوکتۆر لە جێی خزان . خێر خوازان هێندێك دەرمانیان فریا خستیـن و بۆ خۆم دەرزیم لێ دە دان و دەرمـانـم دەرخوارد دەدان هەتا وەسەر خۆ دەکەوتنەوە . هەر چۆنێك بوو ئەو زستانە لەگەڵ ڕەشەبا و زوقم و سەهۆڵ بەندان و بێ ئیمکاناتی دا هەڵمان کرد و جەبهە کەمان چۆڵ نەکرد .

---

**پەڕاوێز :**

1 ـ شەهیدانی مستەفا زادە بریتی بوون لە : خەلیل شەو باش کە پێشتـر باسم کرد و، عەزیزی مستەفا زادە کە پاش زیندان و ئەشکەنـجە و ئازاری جەللادەکانی ساواکی شا، لەگەڵ مـحەمـمەد سدیق لە شاری سنە ئیعدام کران . دیارە جەلیلی براشیان هەر پێشمەرگە بوو کە دواتر بە هەر هۆیەك بوو چەکی دانا . بەڵام لەگەڵ بڕ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بیانووی ڕێژیم و ڕاپۆرت و ڕاپۆرتکاریی گوێ لە مستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نە حەوایەوە و پەڕیوەی هەندەران بوو . ساڵی **1384**ی هەتاوی لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کر

## هێرشی دوژمن و داستانی ساکە بۆری

ئاخر و ئۆخری مانگی ڕەشەمــەی ساڵی **1360**ی هەتاوی بوو . بای وادە جێی بە بەفر و بەستەڵەك و سەرما و سەهۆڵ بەندان لێژ كردبوو . سروەی بلاوێنی پیــرە شەماڵ پەلاماری كەویە بەفرانی دە دا و دابڕ دابڕ و شەقار شەقاری دەكردن . مامە نەورۆز گۆچانەكەی دەست دابوویە و مژدەی وەرزی فەرحانیی بە گوێی كەل و كۆسار و پێ دەشت و بناران دا دەچپاند . لەگەڵ مامۆستا مەلا حەسەنی شەیدایی و برادەرێكی خەڵكی زێویە بە مەبەستی سەردانی مامە قالەی سووتوو بۆ نەخۆشخانەی حیزب لە قالوێ وەڕێ كەوتیــن . دەفتەری تەشكیلاتی ناوچە و هەرچی سەنەد و بەڵگەی حیزبی بوون لە ساكێكم ئاخنیــن و لە كاتی خوا حافیزی دا بە خوشكە (تاڤگە) م سپارد كە ئەندامی حیزب بوو . هەر چەند بیــرم لەوە نە دەكردەوە كە هیچ مەترسی یەك لە گۆڕێ دا بێ، بەڵام هەر بۆ قایــمكاری گوتــم :

ـ خوشكە تاڤگە! ڕۆژگار هەزار گەڕ و گێچەڵی لە دوایە، ئەگەر خوای نە خواستە ڕووداوێك هاتە پێش ئاگات لە ساكە بۆری بێ .

ئەویش بە ڕۆح سووكی گوتی :

ـ بە چاوان تۆ خوات لەگەڵ، خەمت نەبێ .

سەفەرەكەمان شەش حەوت ڕۆژانی كێشا تا سەردانی مامە قالەمان كرد و گەڕاینەوە . لە كاتی گەڕانەوە دا هێشتا نەگەیشتبووینەوە دیوی لێڕەواری هەواڵمان بیست كە ڕێژیم بەرەو سەردەشت هێرشی كردوە كردوە و پێشمەرگە باشاری نەكردوە و ئاوایی زێویەش گیــراوە . كاتێك ئەوەم بیست و بیــری ساكە بۆریم كردەوە، قەڵەمی ئەژنۆیانــم شكا . سەری هەموو كێوانــم لێ وێك هات و دنیام لەبەر چاوان تاریك بوو . بە هەر دووك دەستان لە چۆكی خۆم ڕاكێشا و لە دڵی خۆم دا گوتــم :

ـ ئای چم كرد بە خۆم ! تازە هەموو خەڵكی ئەو ناوچەیە بەر بەلا بوون، جا من بە چ ڕوویەكەوە لە بەرانبەر حیزب و خەڵك و ویژدانی خۆم دا چاو هەڵێنم .

مامۆستا مەلا حەسەن هەستی پێ كرد و گوتی :



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ ئەوە چی یە بۆ ئاوا خەجلاّی ؟

ـ شتێکی تایبەتی لە گۆڕێ دا نیە، بەلاّم بۆ خۆت باش دەزانی کە لە دەست چوونی ناوچە کە شتێکی کەم نیە .

ـ زۆر قوولّی بۆ دا مەچۆ، ئەوە شۆڕشە، سەرکەوتن و تێ شکانی تێدایە، ڕەنگە خەساری لەوەش گەورە تر بدەین .

بەلاّم ئەمن بۆ خۆم دەمزانی کوێم دێشێ، ملێکم بە لارەوە نا و لێم ئاشکرا نەکرد و چی دیم نەگوت .

بانگی شێوان بوو گەیشتینە ئاوایی بەردە ڕەش . بە پەلە نان و چایەکمان خوارد و هەستام خۆم پێچاوە و ماڵ ئاوایم لێ خواستن . هەرچی گوتیان تاریکە و ڕێگا بە ترسە و لەوانەیە بەسەر کەمینی دوژمن دا بکەوێ و . . . فایدەی نەبوو . ئاوری جگەر هەڵی گرتم و لە دڵی خۆم دا بڕیارم دا هەتا هەواڵی ساکە بۆری نەزانم خەو لە چاوی من حەرام بێ . بەو شەوە ڕەشەی بەهارێ ملی ڕێگام گرت . پێشمەرگەیەکیان ڕەگەڵ خستم تێنەکەوتە و منداڵ کار، لە دەشتی قەل

گری بەرەو نەمە شیر ڕێگامان ون کرد و لەو ئەنگوستە چاوە دا بە نێو دەوەنان دا دەگەڕاین و نەمان دەزانی بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین ! کەم و زۆر نازانم چەندی پێ چوو کە تروسکەی چرا نیوە گیانەکان لە پشت پەردەی دەلاقەکانەوە سەرنجیان بۆ لای خۆیان ڕا کێشام کە کز دەسووتان . ئاوایی هێندە بێ هەست و خوست بوو دەت گوت زیندەواری تێدا نەماوە . وە نێو مالاّن کەوتین و ناسیمەوە کە گوندی نەمە شیرە . چوومە بەر دەرگای بنکەکەمان و بەسەر هەواری خالّی دا کەوتم . هەرچەندی چاوم بەم لا و لا دا گێڕا بز گوڕێکم لێ نەبینی و خەمی ئەویشم لەسەر شانان بار بوو . خەمی کەل و پەلی مەقەڕ، خەمی کتێب خانەکەم، خەمی وردە کەل و پەلەکانی خۆم و . . . . خۆمان ئاشکرا نەکرد و بەرەو گوندی قەلاّ وە ڕێ کەوتین . شەکەت و ماندوو خۆمان بە ئاوایی دا کرد . دنیا کش و مات و ولاّت بێ هەست و هەرا بوو، تەنانەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی سەگ و پشیلەشــمان وەبەر گوێ نەکەوت . چوومە بەر دەرگای مالّی (دووزین) و بە پێی نەهێنی یەك کە پێشتــر دامان نابوو بە گۆچانەکەم لە پەنــجەرەم ڕا کێشا . ( ئاوات ) لێم وەدەر کەوت و بە سەر سوڕمانەوە لە کاتێك دا فرمێسك و خەو لە چاوانی دا قەتیس مابوون پرسیاری لێ کردم و گوتی :

ـ ئەوە بەو درەنگ وەختە لە کوێوە هاتووی ؟

ـ جارێ کاتی ئەو پرسیارانە نیە، پێم بلّێ داخوا خەلّکی زێویە پەڕیوەی کوێ بوون ؟

ـ زۆربەیان هاتوونە ئێرە .

ـ ئەی فلاّن مالّ ؟ (مەبەستم ئەو مالّە بوو کە ساکەکەم لێ بە جێ هێشتبوو)

ـ ئەوانیش لێرەن .

ـ ئەدی فلاّن ژن ؟(مەبەستم خوشکە حیزبی یەکە بوو کە ساکەکەم پێ سپاردبوو)

ـ ئەویش لێرەیە .

ـ بچۆ بۆم بانگ کە کارم پێ یەتی .

ـ کاکی خۆم! شەو درەنگە، خێزان هەموو نووستوون، ئەمن بچم لە خەوێ ڕاستیان کەمەوە، لێم ناپرسن بەو نیوە شەوە کارت بەو ژنە چیە ؟ ئەتۆ وەرە دانیشە و هێندێك وەحەسێ کار نیە خوا چاکی نەکا .

قسەکانی ڕاست بوون بەلاّم دیسانیش ئۆقرەم نەگرت و بە زۆری زۆر داری ناردم . کاتێك هاتەوە گوتی :

ـ گوتوویەتی : دەزانــم بۆچی بانگم دەکا، پێی بلّێ خەمی نەبێ، ئەمانەتەکەم تاقەت کردوە .

کاتێك ئەوەم بیست ئاهێکم وەبەر هاتەوە و ئۆخژن بە دلّم دا هات . ئای لەو خۆشی یە! وام زانی هەموو دنیایان لە قەبەلّ کردووم . ئەوجار بە خاتر جەمی دانیشتم و نان و چامان خوارد و لێی نووستم . بەلاّم کەمی پێ چوو کە بە دەنگی تەقەی وە خەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتــم . تازە درکەی دابوو . هەستام و خۆم پێچاوە و دەرکەوتــم و پێشمەرگەکەم لێ بە نان هات و بە ئاو خورا، ئێستاش کە ئێستایە نەم زانی بە کوێ دا ڕۆیشت و چۆنی خۆ تەسلیم کردەوە ؟! بە دەنگی تەقەکەوە بۆ هەردی هەڵ کشام و بۆم دەرکەوت کە تەقەی دوو لایەنە بوو . دوژمن لە زێویەوە بە مەبەستی داگیــر کردنی چۆمی نەمەشیــر دزەی کردبوو . هێدی هێدی ملم بە هەورازیەوە نا و لە بەندەنی نێوان زێویە و سپی داریَ گەیشتمە پێشمەرگەکان . پاسدارەکان شەوی مابوو کە هاتبوون و سەنگەریان لێ دابوون . پێشمەرگەکانیش کە ڕادەیەکی کەم و زۆربەشیان هێزی بەرگری بوون، لەگەڵ کاک حەبیب ساوانی (**1**) ئاگادار کرابوون و بۆیان ڕا خزیبوون . ئەم دیوا و دیوی تەپۆڵکەیەك ئەگەر بە پێوە ڕاوەستابان هەردووك لا لە یەکتــرەوە دیار بوون و زیاتر لە سەد میتــرێك لە یەك تر دوور نەبوون، لەبەر یەك ڕا چووبوون . پاسدارەکان سەنگەریان لێ دابوون بەڵام پێشمەرگەکان هەر دەشتەکی لە بن قەدی دارانەوە شەڕیان لەگەڵ دەکردن . سەرەڕای ئاور بارانی پاسدارەکان، دوو هێلی کۆپتێری شەڕ کەریش بەردەوام بە سەرمان دا دەگەڕان و بە دۆشکە و ڕاکێت تەقەیان لێ دەکردین . بەڵام مەودای ئێمە و پاسدارەکان هێندە کەم بوو کە گوللەکان بە سەریان دەکرد و ئێمەیان نەدەگرتەوە .

لە کورتی وەی بڕین هەتا ئێوارێ نەمان هێشت سەر لە سەنگەرەکانیان وەدەرێنن، بەڵام هۆی ئەوەی کە نەمان توانی دەست بەسەر سەنگەرەکانیان دا بگرین ئەوە بوو کە تەقەمەنیمان لە کورتیی دا بوو . تەنانەت بەرنامەی هێرشەکەشــمان دا ڕشتبوو، بەڵام کە سەر و بەری تەقەمەنی یەکەمان گرت، هەڵمان وەشاندەوە . چونکە تەنیا ئەوەندەمان فیشەك پێ مابوون کە خۆمانی پێ ڕا گرین و بەرگری لە هاتنە پێشی بکەین . ئەوەشــمان لە بیــر نەچێ کە هێلیکۆپتێرەکان کۆمەڵێك تەقەمەنی و کەل و پەلی دیکەیان بۆ پاسدارەکان هەڵ ڕشتبوو کە لە نێو بەندی هەردووك لامان دا وە زەوی کەوتبوو، نە پاسدارەکان لە ترسی ئێمە دەیان وێرا بۆی بێن و نە ئێمە لە ترسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان دەمان وێرا بۆی بچین . سەرەنجام خۆر لە کەلە پۆ ئاوا بوو و ئێمە پارتیزانانە پاشە کشەمان کرد . دوژمنیش کە دەنگی تەقەی لە بن گوێ بڕا بوو، لووس و باریك خۆی لە ئاوایی زێویە کوتابۆوە . بەڵام ڕۆژی دوایە کە خەڵکی ئاوایی چوو بوونە نێو سەنگەرەکان، سەنگەری پڕ لە خوێن و جل و بەرگی خوێناویی زۆریان بە چاوی خۆیان بینیی بوو کە لەگەڵ تەقەمەنی و کەل و پەلێکی بەرچاوی نیزامی بە جێ مابوون . تازە بۆمان دەرکەوت کە زۆر بە شپرزەیی دەرچوون، ئەگەر ئەو کات زانیبامان ئاوان و سووکەڵە هێرشێکمان بۆ کردبان، ، تەسلیم بوونیان مسۆگەر بوو . بەڵام تازە قوولەی پاش گورگی بوو!

شەو بە سەر دا هات و برادەرانی هێزی بەرگری بەرەو ماڵ بوونەوە و پێشمەرگەکان بۆ شوێنی دیاری کراویان ڕیزیان بەست و منیش بەرەو گوندی " قەڵا " خۆم باریك کرد و چوومەوە ماڵە گۆرینی و ناردم بە دوای ئەو شێرە ژنە دا کە ساکە بۆرم پێ سپاردبوو . چایەکیان لە پێش دانام و قارەمانی داستانەکەم " تاڤگە " ی فیداکار سەری وە دیوی ژووریّ نا و سڵاوی کرد و لە پەنام دانیشت . پاش ماندوو نەبوونی و چۆن و چاکی، لە نووکەوە بۆی گێڕامەوە کە چۆن ئەو سەندد و بەڵگانەی لە قورگی هەژدیهای هێناونەوە دەرێ و لە مەترسیی تێدا چوون ڕزگاری کردوون . بۆ ئەوەی زیاتر چێژی لێ وەرگرن حەز دەکەم لە زمان خۆیەوە بۆتان باس کەم کە ئاوای بۆ گێڕامەوە :

ـ کاز و کووزی بەیانی بوو . تازە تاك و تووك سۆفی لە خەو هەستابوون و بۆ نوێژی بەیانی بەرەو مزگەوتێ دەبزووتن . هێشتا منداڵە وردەکان لە خرپەی خەوێ دا بوون و گاوگۆلی ئاوایی بەر نەدرابوو . بەرە بەرە وڵات ڕووناك دەبۆوە و دۆست و دوژمن لێك دەناسرانەوە . وڵات ئارام و بێ دەنگ بوو . یەکەم جار گرمەی تۆپ و قریشکەی تفەنگان هێمنایەتیی نێو دێی پێك دا دا . کاتێکم دی کە پێشمەرگەکان بە پەلە خۆیان کۆ کردەوە و لەگەڵ ئەوە دا بە ئیشارەتی دەستان خەڵکیان لە هێرشی دوژمن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگادار دەکرد، بە مەبەستی پاراستنی گیان و ماڵی خەڵکی بێ دیفاع لە ئاوایی وەدەر کەوتن و بە هەردی هەڵ گەڕان . شەڕێکی گەرم دەستی پێ کرد . تەقەی تفەنگان و گرمەی تۆپان ئەوەندە بە دوای یەك دا بوو، لێك جوێ نە دەکرانەوە و هەر هاشەی دەهات . شەڕە کە ئەوەندە گەرم بوو سام دار سامی لێ دەکرد . هێزی دوژمن وەك شارە مێروولە ڕێچکەی بەستبوو و لە هەموو ئەقارانەوە جـەمەی دەهات .

جـموجووڵ و زاق و زووقی ژن و منداڵ و پیـر و پەك کەوتان وە نێو ئاوایی کەوت . پیـرێژنان لەگەڵ ئەوە دا بۆ سلامەتیی پێشمەرگەکان دە پاڕانەوە، تف و نەحلەتیان بۆ پەلامار دەران دەنارد و سنگیان لێ دەکوتان . ترس و لەرزە کە بە ڕادەیەك بوو کە هەر کەس لە هەوڵی خۆ ڕزگار کردن دا بوو . باوك وەسەر ئەولادی خۆی نە دەپەرژا و برا ئاگای لە خوشکی خۆی نەبوو . پیاوان بە دەنگی بڵیند هاواریان دەکرد و دەیان گوت : " کوڕینە هەتا لە بەین نەچووین سەری خۆتان دەرکەن و چش لە ماڵی دنیایە . ماڵی دنیایە چڵکی دەستانە بۆیە نابێ خۆی لەسەر بە کوشتـن بدەی "

لەو کاتە دا کە تەنانەت فریای ئەوە نەکەوتـم جلەکانـم بگۆڕم، بیـرم لە ساکەکەی تۆ کردەوە و هەرچی سەری خۆم دێنا و دەبرد نەم دەزانی چی لێ بکەم . ئەگەر لەگەڵ خۆم هێنابام ئەوا پاسداران لە دەستیان وەر دەگرتـم و چش لە گیانی خۆم ئابڕووی بە هەزار ساڵم دەچوو . ئەگەر بەجێم هێشتایە ئەوا لێم ڕوون بوو کە بەر دەستی دوژمن دەکەوت و ڕوو زەردی دنیا و قیامەتان دەبووم . بە ناچار هەڵم گرت و لە کاتێك دا گوللە وەك تاوە تەرزەی دا دەبارینە سەرەسوانە و دیواری حەوشەکەمان، لە بن لیـژنە داریٚ دا قایـم کرد . ئیتـر ئاگام لەوە نەبوو کە هەموو بنەماڵەکەمان و هەر سێك منداڵە وردیلەکانـم لە ترسی گوللان خۆیان وە بن دیواری حەوشەکەمان دابوو و چاوەڕوانی من بوون کە بچم ڕەگەڵیان کەوم و بە لایەك دا سەری خۆمان دەر کەین . هەتا ئەوەم کرد چەند جاران لێم تووڕە بوون و بە سەرم دا گوڕاندیان کە بۆچی هێندە مەحتەل بووم . بەڵام ئەمن شلوێ نەبووم و تەنانەت هەر پێشم نەگوتن خەریکی چ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووم . کاتێك بە تەواوی لە شاردنەوە کە دڵنیا بووم، بە جێم هێشت و پیلی منداڵەکانـم گرت و ڕەگەڵ بنەماڵەکەمان کەوتـم و بە نێو گووللان دا بەرەو ئاوایی قەلایە ملمان پێوە نا .

شەڕێکی خوێناوی قەوما و دوژمن گەلێکی لێ کوژران . پێشمەرگەیەکیش بە ناوی قادری یووسفی کە خزمی خۆمان بوو شەهید کرا . پێشمەرگەکان باشاری هێرشی دوژمنیان نەکرد و ناچار بە پاشە کشە بوون . جاش و پاسدار بە کەیفی خۆیان بە نێو ئاوایی وەر ببوون، بەڵام ئاوایی زیندەواری تێدا نەمابوو . تەنانەت پیـرێژنێك، پیـرە پیاوێکیشیان وەبەر دەستی نەکەوتبوو . بەڵام چیان هەڵ گرتوە و کوێ یان تاڵان کردوە، خۆیان و خوای خۆیان . هەر بۆیە زۆر نیگەران بووم و ترسی ئەوەم ڕێ نیشتبوو کە ساکەکەیان وەبەر دەست کەوتبێ . هەمیشە بیـرم لێ دەکردەوە و ئۆقرەم نە دەگرت . ئەمرۆ لەو کاتە دا کە ئێوە لە جەنگەی شەڕ دا بوون، بە بزنە ڕێ یان دا تێ کشام و خۆم بە ئاوایی دا کرد . پاسدارەکان پێشیان پێ گرتـم و دەیانەویست وەم گێڕن، بەڵام بە بیانووی سەردانی ماڵەکەمان و بردنی جل و بەرگی منداڵەکانـم خۆم لە دەست ڕزگار کردن . خۆم بە حەوشی ماڵەکەمان دا کرد و بە پەلە چوومە لای لیـژنە دارە کە، ساکم دەرکێشا و لە بنی تووربێنەکەم ئاخنی . هێندێك جلە کۆن و پەڕۆ و پڕێسکەم لەسەر دانان و بە تاڵووکە گەڕامەوە . زۆریش لەوە دەترسام کە لە ڕێگایە دا پێشم پێ بگرن و لێم ئاشکرا ببێ . بەڵام خوا و ڕاسان نەیان پشکنیم و لە دەستیان ڕزگار بووم .

ساکی لە نێو پەڕۆ و پاڵان دەرێنا و لە پێش دەمی ڕۆ نام و گوتی :

ـ ئا براله! ئەوە دڵم حەسایەوە کە بە ڕوو سووری ئەمانەتەکەم تەسلیم کردیەوە .

دەی جا خوێنەری بەڕێز! خۆت لە جێگای من دابنێ و هەر خۆشت داوەر بە، داخوا لەو دەمەی دا دەبێ چەندە خۆشحاڵ بووبـم و چۆن وەك گوڵی بەر خوناوەی بارانێ گەشابـمەوە . تەنیا خەمی ئەوەم لەبەر بوو کە زمانێکی ئەوتۆم پێوە نەبوو ئەو شێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە شیاوی ئەو شێرە ژنە ڕوو سوور و فیداکارەیە، سوپاسی بکەم . سەری ڕێز و پێ زانینی لەبەر دا نەوێنم . دیسانیش بە داخم لەوەی کە بە مەبەستی پاراستنی گیانی ئەو شێرە ژنە گیانبازە، لەم قۆناغە دا ناتوانــم بە ڕوونی ناوی بەرم و پێتان بناسێنم . بۆ ئەوەی کە ئێستا ئەمن دوورم و دەستم پێی ڕا ناگا، ئێوە لە جیاتی منیش سەردانی بکەن و هەستی ئەمەك ناسیی پێ ڕا بگەیەنن . سوپاسی ئەوەی لێ بکەن کە لە دژوارترین قۆناغ دا و لە تاڵ ترین و پڕ مەترسی ترین ڕۆژ دا، بە نێو بارانەی گوولله و تۆپ و خومپارە و گڕ و باڕوت و ساچمە دا، بەبەر چاوی چەندین کەمینی دوژمن دا، سەنەد و بەڵگەی تەشکیلاتی سەرجەم ناوچەکەمانی بۆ ڕا گوێزاین و گیانی سەدان کەس لە ئەندام و لایەنگر و دۆستانی وەفا داری حیزبی لە مەترسیی مەرگ و نەمان ڕزگار کرد . لە کاتێك دا سەرجەم کەل و پەلی بنکەکەمان کە وەبەر هێرشی دوژمنیش نەکەوتبوون، لە نێو چەند کادر و پێشمەرگە دا بە پەلە پڕووزە بار کرابوون و لە نێو مەدرەسەی بێ دەرگا و بێ پەنــجەرەی ئاوایی سووتوو دا هەڵ ڕێژرابوون و کەس نەی زانی چیان بەسەر هات ؟ خۆشیان وەك بیسمیللایان لێ کرابێ هەر یەك بە لایەك دا غەیب بوون .

خۆزگە بە خۆزگەی ئیمانداران، لە جیاتی ئەو هەموو کادر و پێشمەرگانە دوو شێرە ژنی ئاوای لێ بان و ئەو هەموو کەل و پەل و کتێب و بەڵگە و سەنەدانە بەو شێوە حەیف و مەیل نەکرابان . خۆزگە دەخوازم ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو دەسەڵاتەم هەبایە لەبەر چاوی خەڵکی ئەمەکناسی زێویە و هەموو ناوچەی بانە دا، لە وەکیلیی حیزبی دیــموکراتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو خوشکە فیداکارەم کردبا و قەرەبووی ئەو هەموو نیاز پاکی و شەهامەتەیم بۆ کردبایەوە کە ڕەنگە بۆ خۆی بە هێندیشی نەگرتبێ و لای وا بێ کەمی لە دەست هاتوە . سەد ڕەحــمەت لە پێشینان کە گوتوویانە : " شێر کە لە بیشەی وەدەر کەوت چ نێر بێ و چ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەڕاوێز

1 ـــ كاك حەبیب خەڵكی ئاوایی ساوان و لە زەمانی شا دا هات و چۆی كوردستانی عێراقی دەكرد و لەگەڵ تێكۆشەرانی دیموكرات بە تایبەت بنەماڵەی كەریمی یەكان ئاشنایەتی یەكی نزیكی هەبوو . لە بەهاری ساڵی 1358ی هەتاوی یەوە بەرپرسایەتیی دەستەیەك لە پێشمەرگەكانی لە ئەستۆ بوو . پاشان بە هەر هۆیەك بوو چەكی دانا و لە شاری سلێمانی كاسبكاری ماڵە خۆی بوو . سەرەنجام لە بیرم نەماوە كە ساڵی چەند بوو كۆچی دوایی كرد و، بنەماڵەكەشی چوونەوە بۆ كوردستانی ئێران .

## لە بەر یەك هەڵوەشانی
## كۆمیتەكەمان و نوێ كردنەوەی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێرشی دوژمن بە مەبەستی دەست بەسەر دا گرتنی جاددەی بانە ـ سەردەشت، هەر بە گرتنی گوندی زێویە و دانانی چەندین مۆڵگە لەو نێوە دا کۆتایی پێ نەهات . بەڵکوو بێ پسانەوە هێزی زۆر و زەوەند و پۆشتە و پەرداخی لە ژێر پشتیوانیی چەکی قورس و ڕاکێت بارانی فانتۆم و هێلیکۆپتێران دا وە ڕێ خست و بە هیچ باران باشاری نەکرا . هەر تەپۆڵکەیەکی لەدەوروپشتی جاددە داگیـر دەکرد مۆڵگەیەکی لێ بە جێ دەهێشت و زۆری نەخایاند خۆی گەیاندە شاری سەردەشت . پێشمەرگە کان بەرەو خوار جاددەی بانە ـ سەردەشت پاشەکشەیان کرد و منیش بە مەبەستی دۆزینەوەی کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی مەیدانان گەڕامەوە پشت جاددە . سەرەتا بۆ بەسەر کردنەوەی کەل و پەلی بنکەکەمان چووم بۆ گوندی سووتوو، بەڵام بەسەر هەواری خاڵی دا کەوتـم و ئەوەش کە نەبرابوو لە مەدرەسە کە دا بە دڵۆپان تلێسابۆوە و لە کەڵك کەوتبوو . هەواڵی کادر و پێشمەرگەکانـم پرسیار کرد، بەڵام کەس نەبوو بزانێ پەڕیوەی کوێ بوون . ڕێژیـمیش سەرەڕای ئەوە کە دەوروپشتی جاددەی بەمۆڵگان کون بڕ کردبوو، بە ڕۆژانەش هەر بە مەودای چەند سەد میتـرێك لەسەر جاددە چاوەدێر(تەئمیـن) ی دا دەنا و ڕێگای هاتوچۆی بۆ ئەم بەراوبەری جاددە بەربەست کردبوو . تەنیا و بێ داشدار لە پشت جاددە بەجێ مام و چۆلەکە کوژم بە دەورەوە نەما . بە ناچار هەرچی سەنەد و بەڵگەی بە لا خۆمەوە مابوون قایم شاردمنەوە و خۆم و گوێچکەم و سـمینۆفەکەم ماینەوە . هەر ڕۆژە لە جێگایەك و هەر دەم لە شوێنێك، سەر لێ شێواو گوندا و گوندم دەکرد و نەم دەزانی چ بکەم ! .

قۆناغێکی تا بڵێی سامناك و پڕ مەترسی بوو . چاوەڕوانی ئەوە دەکرا ڕێژیم هێرشی دوو بارە دەست پێ بکا و دەست بەسەر تەواوی ناوچەکە دا بگرێ . هەر بۆیە شەوانە لە هەر جێگایەك بام دە با سەعاتێك شەوی بـمێنێ وە هەردی هەڵ گەڕێم و هەتا وڵات بە تەواوی ڕوون دەبۆوە و دۆست و دوژمن لێك دەناسرانەوە، لە جێگایەکی قایم خۆم مات دەکرد و کاتێك لە پەلاماری دوژمن دڵنیا دەبووم، دەهاتـمەوە نێو ئاوایی .

خەڵکی ناوچەکەش لەوەی کە پێشمەرگە لەو نێوە نەمابوو، شوێنەواری ناهومێدی لە سیمایان دا بەدی دەکرا . لەوە دەترسان کە خەباتی چەکدارانە سەرکوت کرابێ و پێشمەرگە سەر بە ناوچەکە دا نەکاتەوە . هێندێکان بە تەواوی ڕووخابوون و ورەیان بەر دابوو . کاتێك قسەم لەگەڵ دەکردن دەیانگوت :

ـ بابە تۆ خەریکی چی و بە تاقی تەنیا چیت پێ دەکرێ؟ پێشمەرگە خوا نەبێ کەس نازانێ بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵ گرتوە! بە خوا بڕوا ناکەم جارێکی دیکە سەر بەو ناوچەیە دا بکەنەوە . بۆچی ناچی خۆت ئەمیــن کەیەوە و مل بدەیە کار و کاسبیی خۆت . ئەوە دەوڵەتە دەوڵەت، بە خوا ڕۆژی هەزار کەسی لێ بکوژرێ بە خەیاڵی دا نایە، خۆ کوڕی خۆی ناکوژرێ چ دەربەستی کوڕی خەڵکیە! ئاخری ڕۆژێك دەکوژرێی و دەبڕێیەوە و کەسیش منەتت لێ نازانێ .

ئەوەی ڕاستی بێ بۆ خۆشم ترسێکی زۆرم ڕێ نیشتبوو . لە دڵی خۆم دا دەم گوت : باشە ئەمن تا کەی دەتوانــم ئاوا خۆم ڕا بگرم ؟ ئەدی سبەینێ کە ڕێژیم ئەم ناوچەشی گرتەوە بۆ کوێ بچم؟ ئەوەش بۆچوونی ئەو خەڵکەیە کە من خۆی بۆ بە کوشتــن دەدەم ! بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە هێندێك ئەزموونی شەڕی سێ  مانگەم لە دەست دا بوو . پێم وا بوو ئەو خەباتە دا نامرکێتەوە و سەرەنــجام پێشمەرگە سەر هەڵ دەداتەوە .

ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند پیاوێکی ڕیش سپی و هێندێك بە ساڵان دا چوو دا کە هەموویان کۆنە ئەندامی حیزب بوون و ئەزموونیان لە ڕابردوو پاشەکەوت کردبوو، دانیشتبووم و داوای ڕێ نوێنیم لێ کردن . یەك لەوان (کارزان ) بوو کە تەمەنیشی لەوانی دیکە هێندێك کەمتــری دەنواند . دەستێکی بە دەم و چاوی خۆی دا هێنا و سەری هەڵ بڕی و گوتی :

ـ گوێ بگرن براله! با شتێکتان پێ بڵێم : هەمووتان لە من دنیا دیدە ترن و دەزانن کە لە هەموو شۆڕشێك دا سەرکەوتن و تێ شکان هەیە . شۆڕشگێڕ ئەو کەسەیە کە

له تێ شکان دا نا هومێد نەبێ . هەر کارێك دەستت دایە دەبێ پیاوانە شانی وەبەر دەی و تاڵی و سوێریشی بۆ بچێژی . هەمووتان لە من باشتــر دەزانن کە ئەو گەلە هەژارە چەندە کوێرەوەری و چارە ڕەشیی دیوە و چەندە چەوسێنــراوەتەوە، بەڵام هەر نەتواوەتەوە و نەش بەزیوە . کێ دیگوت پاش قازی مــحەمــمەدی ڕەحــمەتی جارێکی دیکە حیزبی دیــموکڕات سەر هەڵ دەداتەوە؟ کاکی خۆم! ئەو حیزبە لەو خەڵکە هەژارە پێك هاتوە، بە خودای هەتا کوردێك لەو دنیا ڕوونە دا مابێ ئەو حیزبەش هەر دەمێنێ و ناتوێتەوە . حیزب وەك زیلك وایە، دا دەمرکێ بەڵام سارد نابێتەوە . ئەوا من مردوو، ئێوە زیندوو، بە خودای بەو چاوانەی خۆتان دەبینــن لەم چۆمی نــجنێ و نەمەشیــران دا پێشمەرگە وە دوا پاسداران دەکەون و کەوکەوێنیان پێ دەکەن . ئەمن بزانــم بناغەی ئەو حیزبە کەسێك دای نەڕشتووە کە هەروا سووك و حاسان بە منداڵە پاسداران کە دەڵێی مریشکە ئەمریکاییــن لەبەر یەك هەڵ وەشێ . ئێمە تازە بۆ خۆمان هیچمان لە دەست نایە، بەڵام وەسیەت بێ : گەنــجەکان هان بدەن با ببــن بە پێشمەرگە . کوڕە ڕۆژێکە و ئەوڕۆ، بە خوای تا دنیا دنیایە کورد هەلێکی دیکەی ئاوای بۆ هەڵ ناکەوێ . دەخیلتان بــم لە دەستی مەدەن، بە خوای ئەو حوکمەتە سەری بچێتە عاســمانێ لە دەوڵەتی شای بە قەوەت تر نابێ . ئەی بە چاوی خۆتان نەتان دی چی بەسەر هات ؟

ئەو قسانە کە بەڕاستی لە هەستێکی پاکەوە هەڵ قوڵابوون و لە دڵێکی پڕ لە هیواوە سەرچاوەیان گرتبوو، وتەی یەکێك لە زانایانی وەبیــر هێنامەوە کە گوتوویەتی : " پاڵەوان ئەو کەسە نیە قەت نەکەوێ، بەڵکوو ئەو کەسەیە لە دوا هەموو کەوتنێك هەستێتەوە " . وتەکانی بە تەواوی شوێنەواریان لەسەر ورە و ئیــرادەم دانا و زامی نا هومێدیــمیان ساڕێژ کردەوە . هەتوانی لوقمانی بوون و بەسەر ناسۆری دوو دڵیم دا کێشران . هەر لەو جێگایە لە دڵی خۆم دا بەڵێنم دووپات کردەوە کە " نەژیم بۆ مردن، بــمرم بۆ ژیان " . لێبــڕاوانە بڕیارم دا کە سەر نەوی نەکەم و

هەر چۆنێك بێ لەو گێژاوە سامناكەش خۆم ڕزگار كەم . زۆرم سوپاس لێ كرد و بەڵێنم پێ دا كە ئامۆژگاری یەكانی بكەمە سەر مەشقی ژیانی داهاتووم . هەستاین و ماڵ ئاویـیم لێ خواستـن و بەجێم هێشتـن .

زۆرم هەوڵ دا لەگەڵ پێشمەرگەكان كە نەم دەزانی لە كوێن پێوەندی بگرم . بەڵام لەبەر ئەوە كە بێتەل و شتی وام بە دەستەوە نەبوو، هەموو هەوڵەكانـم بێ ئاكام دەمانەوە . چاوم لە ڕێگاكان بڕیبوو داخوا لە چ ئاقارێكەوە سەر هەڵ دەدەنەوە . چونكە وام هەست پێ دەكرد كە دەستیان لە ناوچە كە دا نەشۆریوە و هەروا سووك و هاسان ئەمەكناسی و نیازپاكیی ئەو خەڵكە پێشمەرگە خۆشەویستە لە بیـر نابەنەوە و ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆی بۆ دەكوتن . هەربۆیە گوێ قوڵاغ بووم و هەستم هەڵ خستبوو .

چەند ڕۆژێكی دیكەش لەو چاوەڕوانی یە دا مامەوە و هیچ هەواڵێك نەبوو . ڕۆژێك لە ئاوایی مەنیـجەڵان لە ماڵی یەكێك لە ئەندامانی حیزب " دوو سەرە " دانیشتبووم و باسی حیزبایەتی و ژیانی پێشمەرگایەتی و . . . . مان دەكرد . چای بۆ دەم كردبووم و سەرمان لێ ڕووت كردبوو . شەق و گۆ پێكمان دا دەدا و كەسێك نەشارە زابایە دەیگوت : سیاسەت زانی وەك خۆیان هەر نابێتەوە . لە گەرمەی قسان دا بووین كە لە نكاو منداڵێك بە هەڵە داوان خۆی لە ژووری كوتا و بە هەناسە بڕكێ و پچڕ پچڕ كوتی :

ـ با . با . بابە گیان ! ها . هاتنەوە .

منداڵە كە بە تەواوی ڕەنگی بڕسكابوو . ئەمن مەسەلەكەم بە پێچەوانە لێك دایەوە . لە من وا بوو پاسداران هەستی منیان كردوە و هاتوون بـمگرن و ئەو منداڵەش لە ترسی وان خەجڵاوە . لێتان ناشارمەوە لە ترسان كەوتـمە دڵە كوتە . بەڵام لەبەر كابرا زۆر وەسەر خۆم نەهێنا و لە سەرەخۆ گوتـم :

ـ دادەی براڵە ! سەرێك بكێشە دەرێ داخوا كێن ئەم كوڕەی تۆیان ئاوا شێت كردوە! تفەنگەكەشم لەسەر باوەشی خۆم دانا و بە خەیاڵی خۆ تەسلیم كردن نەبووم . چونكە

ماڵەکەیان کەلێن و قوژبنی زۆری تێدا بوون . لە دڵی خۆم دا لەسەر ئەوە ساخ بوومەوە کە ئەگەر توانیم خۆم حەشار بدەم ئەوە باشە، ئەگەر نەم توانی، لە کوژران بەو لاوە شتێکی دیکە نیە و شەڕیان دەگەڵ دەکەم هەتا دەکوژرێم . ئەمن لەو ڕا و بۆچوونە دا بووم، کابرا شکی وەسەر بردم و بزەیەکی تاڵی هاتە سەر لێوان و گوتی :

ـ مەترسە ئیشەڵڵا هیچ نابێ .

لە دەلاقەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد و بە دەنگی بەرز گوتی :

ـ ئەرێ وەڵڵا خۆیانن .

ئەمنیش ڕۆ بوومە تفەنگەکەم و بێ ئەوەی پرسیار بکەم کێن ؟ لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد، دیتم چەکدار بوون . دوو دوو بە مەودایەکی دیاری کراو لە سەرەخۆ بەرەو ئاوایی دەجولان . بەڵێ پێشمەرگەکان بوون . هەر لەوێوە یەك دوانێکم لێ ناسینەوە . ئاهێکم وەبەر هاتەوە و لەگەڵ کابرای خاوەن ماڵ سەیرێکی یەکترمان کرد و بزەی شادی نیشتە سەر لێوانمان . نازانم بە چ زمانێك بۆتان بگێڕمەوە کە چەندە خۆشحاڵ بووم؟ بڕوام پێ بکەن هەر وام دەزانی عەمرم لە نوێ نووسراوەتەوە و هەموو دنیایان لە قەبەڵ کردووم . تا من گەیشتمە بەر دەرگای حەوشی ماڵە کە، ئەوانیش خۆیان بە ئاوایی دا کرد و بەرەو ڕووی یەکتر بووینەوە . خۆم لە ئامێزێ هاویشتن و هەتا شل بووین یەکترمان ماچ کرد و فرمێسکی شادیمان بۆ یەکدی ڕۆ ڕشتن و بە چاو لێك نانێك خەمی دووری و لێك دابڕانی ئەو ماوەیەمان وەك گەڵاڕێزانی ساردە پاییزی داوەراندن و پێك شاد و شکور بووینەوە . ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو کە منیان بینی یەوە، چونکە تا ئەو کاتە وایان زانیبوو کە خۆم تەسلیم کردۆتەوە و ئیتر یەکتری نابینینەوە . پێش هەموو شتێك پرسیاری کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی مەیدانانیان لێ کردم و منیش کورت و کرمانجی وەڵامی نازانمم پێ دانەوە . ئەوانیش کە پێشمەرگەی دەستەی شەهید محەممەد سەددیق (1) لە لکی شەهیدانی مستەفازادە بوون، بە دوای شەڕەکە دا لێك هەڵ بڕابوون و

لەگەڵ پێشمەرگەکانی لك یەکتــریان نەگرتبۆوە . هەر چۆنێك بوو خوا بۆ منی گەیاندبوون . پاش ئەوەی دوا پێشمەرگەیان گەیشتە نێو ئاوایی، ڕیزەڵەیان بەست و لەبەر دەرگای مزگەوتێ کۆ بوونەوە . خەڵکی ئاوایی لە دەوریان هاڵان و لە هاتنەوەیان پێ خۆشحاڵی یان دەر بڕی . بە تامەزرۆیی یەوە دەستیان دەگوشیــن و لە ئامێزیان دەگرتن و ماچیان دەکردن .زۆر بە تاسەوە تێ یان دەڕوانیــن و فرمێسکی شادی لە کالانی چاوان یان دا قەتیس مابوو .بە گوێی خۆم بیستم یەکێك دەی گوت :

ـ ئەمن نەم گوت خۆیان پێ ناگیــرێ و هەر دێنەوە نێومان؟ بابە بە خوای ڕاستە کە دەڵێن :" پێشمەرگە پۆڵایە، دەشکێ بەڵام ناچەمێ، یا خوا بەخێر بێنەوە " .

فەرماندەری دەستەکەیان کەریــم سووتاو بوو (2) . دەستە پێشمەرگەیەکی تا بڵێی ئازا و ڕێك پێك بوون . بەڵام بێ گومان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو هێرشەی ڕێژیم و لە دەسچوونی بەشێك لە ناوچە کە بە هۆی گیــرانەوەی شا ڕێی بانە ـــ سەردەشت و هەروەها لێك دابڕانیان لە گەڵ هێز و لکەکەیان، هێندێك دڵە ڕاوکێ و سەر لێ شێواوی بۆ بەشێك لە پێشمەرگەکان پێك هاتبوو . لە هەموو ئەو ماوەیەش دا کەسێکی شارەزا بەسەر سیاسەتی حیزب دا قسەی بۆ نەکردبوون و هەر لە بێ خەبەری دا مابوونەوە و لە داهاتووی خەبات هیچ ئاگاداری یەکیان نەبوو .

کات بەرەو ئێوارە دەچوو، بەسەر ماڵان دا بەشیان کردین و ئەو شەوە هەر لە مەنیجەڵان ماینەوە . شەوێ لەگەڵ بەرپرسەکەیان و چەند کەسێکی دیکە لە پێشمەرگەکان ڕاوێژمان کرد و لەسەر ئەوە ساخ بووینەوە کە لە شوێنێکی بێ قرە کۆ وەبیــن و قسەیان بۆ بکەین . کەوتینە بەیانی و دوای نان و چا خواردن دیدەوانەکانــمان کە شەوی مابوو بە بەرزایەکان هەڵ گەڕابوون و ناوچەکەیان گرتبوە ژێر چاوەدێری، بانگ کردنەوە و هەمووومان لەبەر دەرگای مزگەوتێ کۆ بووینەوە . دوای ئەوە کە دڵنیا بووین کەس بە جێ نەماوە، ماڵاوایی مان لە خەڵکی ئاوایی خواست و دوان دوان بە مەودایەکی دیاری کراو سەربەرەو خوار ملمان پێوە نا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەرزی بەهار بوو . لە مێژ بوو تێرەخۆر پێ گەیشتبوو . نزار بە تەواوی سێبەری کردبوو . دەشت و دەر خۆش ببوون و مانەوە لە هەردی سەخڵەت نەبوو . لە نێوان ئاوایی یەکانی سپی داریّ و نـجنیّ خواروو دا لە بن دارێکی پەل و پۆ بلاّو کۆ بووینەوە و شانازیی باسەکەیان بە من ڕەوا بینی . هەستامە سەر پێ و ڕوخسەتـم لێ وەر گرتن و دەستم پێ کرد . سەبارەت بە مانەوەمان لە ناوچەکە دا و هەڵس و کەوتـمان لەگەڵ خەڵك و چوارچێوەی قسە کردنـمان بۆ دێ نشینەکان و . . . . . . بە درێژی قسەم بۆ کردن . پاشان لەسەر درێژە دان بەو ڕێبازەی گرتوومانە، دوو ڕێگام لە پێش دانان و لە هەڵ بژاردنی هەر کامیان کردمن بە سەرپشك . دڵنیاشم کردن کە لە هەڵ بژاردن دا ئازادن و هیچ زەخت و فشار و توند و تیـژی یەك لە گۆڕێ دا نیە . ڕێگاکانیش ئەوە بوون :

ــ مردن بە سەربەرزی یان ژیان بە لارە ملی ؟!

هەموو وێکڕا دەستیان هەڵێنا و بە دەنگێکی مێرانە گوتیان :

ــ مردن بە سەربەرزی و چەپڵەیەکی توندیان لێ دا .

پاشان لەسەر چۆنیەتیی دیفاع کردن لە خۆمان و شێوەی کەمیـن و ئێشك گرتنی شەوانە و . . . . بە وردی دوام . ئینجا بۆ پرسیار و پێشنیارەکان گوێمان شل کرد و هەمووومان پێکەوە چوارچێوەی کاری داهاتوومان دیاری کرد و بڕیارمان لەسەر دا . دواتر بە دڵێکی پڕ لە هیواوە بەڵێنمان بە یەکتـر دا کە پێکەوە بژین و پێکەوە بـمرین . دوایەش بە کردەوە دەرکەوت کە باسەکان شوێنەواریان لەسەر ئیـرادەی پێشمەرگەکان دانابوو و دەمە زەرد ببوونەوە . بە دوای کۆبوونەوە کە دا بەرەو سپیداریّ وەڕێ کەوتیـن و لەوێش هەروەك مەنیجەلانێ بە دەنگمانەوە هاتن و بە گەرمی پێشوازی یان لێ کردین . شەو لە مزگەوتێ کۆبوونەوەی گشتیمان بۆ خەڵك کرد و بە تێر و تەسەلی قسەم بۆ کردن .

ئەو خۆ ڕاگرتن و گەڕان بە نێو ئاوایی یەکان دا، کەمی پێ چوو کە لە هەموو ناوچەکە دا دەنگی دایەوە و لە هەر جێگایەك گوێت گرتبایە، باس هەر باسی هاتنەوەی پێشمەرگە بوو . ئێمەش گەشتێکی ڕێك و پێکمان دامەزراند و هەر شەوە لە دێ یەك کۆبوونەوەمان بۆ خەڵك پێك دێنا و لەسەر درێژە دان بە خەباتی چەکدارانە دڵنیامان دەکردن . جیا لەوەش لەگەڵ بەشێکی زۆر لە ئەندامە تەشکیلاتی یەکان بە نەهێنی پێوەندیم گرتەوە و چۆنیەتیی تێکۆشانی داهاتوومان پێ ڕا گەیاندن . پاشان بە هۆی کەسانی باوەڕ پێکراو لەگەڵ کۆمیتەی شارستان پێوەندیم گرتەوە و بە نامە لەسەر چۆنیەتیی بزر بوونی کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی ناوچەکەمان و بار و دۆخی ناوچەکە و یەك گرتنەوەم لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەستەی شەهید محەممەد سەددیق بە درێژی بۆم باس کردن و داوام لێ کردن بۆ بووژاندنەوەی کۆمیتەکەمان یارمەتیم بدەن . زۆری نەخایاند کاك غەفووری هەمزەیی وەك نوێنەری کۆمیتەی شارستان لەگەڵ ئەرکانی هێز و دەستەیەك پێشمەرگەی دیکە سەریان هەڵ دا و لەگەڵ ئەوانیش پێك شاد و شکور بووینەوە . چەند ڕۆژێکان لەگەڵ ئەوانیش بە ناوچەکە دا گەڕاین و کۆبوونەوەی گشتیمان بۆ خەڵکی ناوچە کە پێك هێنا . بە ڕوون کردنەوەی سیاسەتی حیزب بۆ داهاتووی خەبات و دەست نیشان کردنی ئەرکی سەر شانی خەڵکی کوردستان لەو قۆناغە دا درێژەمان بە گەشتەکەمان دا و دڵنیامان کردن کە حیزب لەسەر درێژە پێ دانی خەباتی چەکدارانە سوورە و تا گەیشتن بە ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران واز لە خەبات ناهێنێ و ئاڵای خەبات هەڵ نا پەسێرێ .

پاش چەند ڕۆژان هەواڵمان پێ گەیشت کە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەکەمان بەرەو گەورکایەتی ملیان پێوە ناوە و لە ئاوایی " گەنمان"(3) گیرساونەوە . ئێمەش بە مەبەستی حەسانەوە و پشوو دانێکی کاتی و پێوەندی گرتنەوەشمان لەگەڵ ئەوان، بەرەو گوندی ناو براو کەوتینە ڕێ . نزیکەی نوێژی شێوان خۆمان بە ئاوایی دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد و بەسەر ماڵان دا بەشیان کردین . پاش نان و چا خواردن لەسەر بانێك کۆبووینەوە و هەموو خەڵکی ئاواییمان بانگ کرد و کاك غەفوور وچانێکی چاك قسەی بۆ کردن . کەوتینە بەیانی و کادروپێشمەرگەکانمان کۆ کردنەوە و بە مەبەستی دڵخۆشی دانەوەیان بۆ درێژە دان بە ئەرکی حیزبی، بە درێژی قسەمان بۆ کردن . مامۆستا مەلا حەسەن کە بەرپرسی کۆمیتەکەمان بوو، جوابی کردین و بە ڕاشکاوی ڕای گەیاند کە چەك دادەنێ . دیارە دانیشتنەکەی مامۆستا تەنیا ترس و ماندوو بوون نەبوو، بەڵکو بە هۆی هێندێك نیگەرانی لەگەڵ هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان، ماوەیەك بوو هەر گزە گزی دانیشتنی بوو . بەڵام ئەو ڕۆژە ئەوەی باس نەکرد و هێندێك شتی دیکەی هێنانە گۆڕێ کە بوو بە هۆی دانیشتنەکەی . کاتێك لەوی هیوا بڕاو بووین، کاك عەلی خورشیدی(4)، کاك ڕەحمانی مستەفایی، کاك برایمی برایمی(5)، کاك میرزا حسێنی بەدیعی و کاك عیززەتی مەحموود زادە(6)، ئامادەگیی خۆیان دەربڕی و هەر لەوێ خۆمان ڕێك خست و کارمان دابەش کرد و بەرەو ناوچە گەڕاینەوە . لەو دابەش کردنە دا بەرپرسایەتیی کۆمیتەکە بە من سپێردرا و ئەوانی دیکەش وەك کادر کارمان بۆ دیاری کردن .

کۆمیتەی مەیدانانمان بووژاندەوە، بەڵام لەوە دوا بنکەی سابتمان نەمابوو . ئەوەی سەنەد و بەڵگەیەك پێویستمان بوون لەگەڵ خۆمان هەڵمان گرتن و بووین بە کۆمیتەیەکی گەڕۆك و پارتیزان . چەند پێشمەرگەیەکیشمان وەخۆ کردن و ئیتر پێویستمان بە هاوکاریی پێشمەرگەی لك و دەستەکان نەبوو . دەستمان کرد بە گەڕان و هەر دێ یەك دەچووین لە کاری تەبلیغاتی ڕا بگرە هەتا تەشکیلات و کۆمەڵایەتی و قەزایی و . . . . هەتا هەموومان تەواو نەکردبان لێمان نەدەگواستەوە .

بە ڕۆژانە لە نێو ئاوایی یەکان بووین و شەوانەش دوای کۆبوونەوەی گشتی لە مزگەوتێ و تەواو کردنی کارەکانمان پێ خەومان هەڵ دەگرت و بە هەردی هەڵ دەگەڕاین . لە بەرزایی یەك زاڵ بەسەر ناوچەکە دا ئێشکمان دا دەنا و دەخەوتین و

بەیانی پاش هەتاو کەوتنان بەرەو ئاوایی دا دەگەڕاینەوە . خەڵکی ناوچەکەش هاوکاریی تەواویان دەکردین و لیّمان خافڵ نەبوون . لە چۆنیەتیی بار و دۆخی ناوچە کە، شێوەی پێوەندی گرتنی خەڵك لەگەڵ ڕێژیم و چکۆلە ترین جموجووڵی هێزە نیزامی یەکانی دوژمن لە هەر جێگایەك و لە هەر کاتێك دا بایە، بێ ڕاوەستان ئاگاداریان دەکردین . بەتایبەت تێکۆشانی ژنان و هاوکاری کردنیان لەو قۆناغە دا، شوێنەوارێکی بەرچاوی لەسەر بەرەو پێش چوونی کار و تێکۆشانی ڕۆژانەمان دانابوو . لە زۆربەی ئاوایی یەکان شێرە ژنان و شێرە کچانی شۆڕشگێڕمان لە شانەی تایبەت بە خۆیان دا سازمان دابوون و کاری تەشکیلاتیمان لەگەڵ دەکردن . هەرچەند بە داخەوە بە هۆی هێندێك داب و نەریتی کۆن و دوا کەوتوانە لە ناوچەکەمان دا، لە زۆربەی گوندەکان نەیان دەوێرا بە ئاشکرا ناوی خۆیان بنووسن، بەلاّم دیسانیش ژمارەیان لە شانە حیزبی یەکان دا کەم نەبوو . ئێستاش ئەو تەشکیلاتە وەك خۆی ماوەتەوە و نەفەوتاوە و نەگەر هەلە کە لە بار بێ سازمان دانەوەیان هاسانە .

بە هاتنە پێشی ئەو ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ قۆناغێکی نوێ تر بەرەو ڕوو بووین . کاری تەشکیلاتیمان شێوەیەکی تازە تری بە خۆیەوە گرت و دەست تێوەردانێکی دیکەی پێویست بوو . چونکە تاك و تووك لە نێو شانەکان دا کەسانێك هەست پێ دەکران کە ورەیان لە نزمیی دابوو و کەمی مابوو ڕیزەکانی تەشکیلاتمان لیّ گەندەڵ کەن . بۆیە ناچار بووین سەر لە نوێ شێوەی تەشکیلاتەکەمان بە بارێکی دیکە دا بگۆڕین و ئەویش لیّ زانین و خۆ ماندوو کردنێکی فرەی گەرەك بوو . کارەکان وەها بەسەر یەك دا ترشابوون کە ئاو ڕاوەستابایە ئێمە حەجمینمان نەبوو . لە هەر گوندێك شەو نەبوو چەند کۆبوونەوەی جیا جیا لەگەڵ خەڵکی نەکەین . بە شێوەیەکی تێر و تەسەل خۆراکی تەبلیغاتیمان دەرخواردی خەڵکی گوندەکان دە دا . کارەکانمان بۆ ڕا دەپەڕاندن و هەر کەس مافی خۆی دەدرایە . بە تەواوی خۆمان لەگەڵ هەلومەرجە کە گونجاندبوو . خەڵکیش لیّمان ڕازی بوون و بڕوای تەواویان پێمان بوو . بەلاّم وەك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڵێن : " چەم بێ چەقەڵ نابێ " . لە دوا ئەوەش سرت و خورتێك جار و بارە وەبەر گوێ دەکەوت کە گۆیا هێندێك لە کادرەکان لە باری ئەخلاقی یەوە لاوازن . سەرەتا هەروا شتەکەمان بە ئاسایی گرت و منیش زۆر گوێم پێ نەدا، بەڵام بە داخەوە بەرە بەرە تەشەنای کرد و خەڵکیی بە گەرمە لە دەمیانەوە دەدا . تا وای لێ هات هێندێك لە کۆنە ئەندامەکان بێ پێچ و پەنا لەگەڵ خۆم باسیان کرد و ڕاستە و خۆ قامکیان بۆ سەر سێ کەس لە کادرەکان ڕا کێشا . منیش بەو مەبەستە کە زوو تر مەسەلە کە خاشە بڕ بکرێ و نەهێڵێن لەوە زیاتر بتەقێتەوە، کۆبوونەوەیەکی تایبەتیم بۆ کادرەکان پێك هێنا و نا ڕاستەوخۆ تێم گەیاندن کە هێندێك کردەوەی دوور لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە لە نێو ئەندامانی کۆمیتەکەمان دا هەست پێ دەکرێ کە بە پێچەوانەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتی یەکانی ناوچەکەمان و تەنانەت سیاسەتی حیزبیشە . ئەو مەسەلەیە کە هیوادارم ڕاست نەبێ، خەڵکی ناوچەکەی هێندێك سەخڵەت کردوە و ئەگەر لە ئێستاڕا بەری پێ نەگرین و چارەسەری نەکەین، لەوانەیە لە ناوچەکە دا جێمان پێ لێژ کا و تەنانەت کەسایەتی و پڕێستێژی حیزبیشمان بخاتە ژێر پرسیارەوە . بۆیە پێویستە هەموومان هێندێك بە خۆمان دا بێینەوە و بە هەست کردن بەو بەرپرسایەتی یەی کە مێژوو خستوویەتە سەر شانمان، لە بەرانبەر هەر چەشنە کردەوەیەکی نا پەسند و دوور لە ئەخلاقی شۆڕشگێڕانە دا بە توندی ڕاوەستین .

کاتێك قسەکانم تەواو کردن کە هێندێك تێر و تەسەل تریش لە مەسەلە کە دوام، بە ڕواڵەت هەموویان بۆچوونەکەی منیان سەلماند . بەڵام لە نێوەرۆك دا هەستم پێ کرد کە ئەو سێ کەسە چرژان و ڕەنگیان برسکا . هەر چەند بە ڕواڵەت وەسەر خۆیان نەهێنا بەڵام بە ڕوونی پێ یانەوە دیار بوو . ئەمن لە دڵی خۆم دا وام لێك دابۆوە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگە لە خەوی بێ خەبەری وەخەبەر هاتبــن و ڕەخنەیان لە خۆ گرتبێ، کەچی ڕاست بە پێچەوانە بوو .

## پەراوێزەکان

1 ــ شەهید مــحەمــەد سەددیق خەڵکی ئاوایی مەنیجەلان و لە ترسی زوڵم و زۆری بەگەکان بە بنەماڵەوە پەڕیوەی کوردستانی عێراق ببوون . لەوی لەگەل تێکۆشەرانی دێمۆکڕات پێوەندیی گرتبوو و ببوو بە پێشمەرگە . ساڵی 1352ی هەتاوی کە بۆ ئەنــجام دانی مەئموورییــەتی حیزبی لەگەڵ مەلا قادری وردی گەڕابوونەوە بۆ ناوچە، بە هۆی ڕاپۆرتی خۆ فرۆشێك مەلا قادر لە شاری بانە لە لایەن هێزە نیــزامی یەکانی ساواکی شاوە گەمارۆ درا و شەهید کرا و مــحەمــەد سەددیقیش بە برینداری خۆی دەرباز کرد . بەلام لە باخی لەتیفاوایە مەئموورانی ساواکی شا گرتیان و لە پایـــزی ئەو ساڵە دا لەگەڵ عەزیزی مستەفا زادە لە شاری سنە ئیعدام کران .

2 ــ کەریــم سووتا و ناسراو بە خاڵە کەریــم کە مامی مــحەمــەد سەددیق بوو، خەڵکی مەنیجەلان و لە زەمانی شای دا لە ترسی بەگەکان پەڕیوەی کوردستانی عێراق ببوو . لەوێ بە هۆی مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی یەوە پێوەندیی بە حیزبی دێمۆکڕاتەوە گرت و کاری دەکرد . لە شەڕی 37 ڕۆژەی پادگانی بانە دا گوللەی وە باسکی کەوت و ورد و خاشی کرد . پلاتینیان بۆ تێ کردبوو، بەلام ئەو دەستەی لە کار کەوتبوو . ساڵی 1362ی هەتاوی وەك کەم ئەندامێك لە قەلاچوالان دانیشت و لە ژێر چاوەدێریی حیزب دا بوو . دواتر لەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دەستی دایەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێکۆشان . سەرەنــجام دوای شەڕی کەنداو بەرەو ئورووپا شانی پێدا کرد و ئێستا لە وڵاتی سوئێد بە پەنا بەری دەژی .

3 ــ گەنــمان گوندێکی ئازاد کراو لە نێوان ناوچەکانی بۆکان، مەهاباد، ڕەبەت و بانە دا هەڵ کەوتوە . لە هەموو ڕێکخراوە سیاسی یەکانی تێدا بوو . ئێستاش بە تەواوی ڕوون نەبۆوە داخوا سەر بە کام ناوچەیە و لەسەر کامەیان ماڵە .

4 ــ کاك عەلی خورشیدی خەڵکی بۆکان و لە گوندی سپیدارێ مامۆستای قوتابــخانە بوو . بەڵام وەك ئەندامی حیزب کاری دەگەڵ دەکردین . پاش گیــرانەوەی جاددەی بانە سەردەشت چەکی دەست دایە و لە کۆمیتەی مەیدانان بوو بە کادر . ماوەیەك دوای من بەرپرسایەتیی کۆمیتەی مەیدانانی پێ سپێردرا . دواتر بۆ کۆمیتەی حەوتەوانە وەك کادری کۆمیتە نەقڵ کرا . سەرەنــجام خۆی تەسلیم کردەوە و لەم دوایی یانە دا کۆچی دوایی کرد .

5 ــ برایــم خەڵکی بەردەڕەش و لە سەرەتای بەهاری 1358ی هەتاوی یەوە پێشمەرگە بوو . پاشان بوو بە کادری کۆمیتەی مەیدانان و سەرەنــجام بە دەردی کاك ڕەحــمانی مستەفایی چوو .

6 ــ کاك عیززەت خەڵکی دۆڵە هەرزن و سەرەتا لە گوندی کۆخان مامۆستای قوتابــخانە بوو . بەڵام وەك ئەندامی حیزب کاری لەگەڵ دەکردین . پاش گیــرانەوەی شا ڕێی بانە ــ سەردەشت چەکی دەست دایە و بوو بە کادری کۆمیتەی مەیدانان . سەرەنــجام ڕۆژی 12ی مانگی خەزەڵوەری ساڵی 1362ی هەتاوی لە کۆنفرانسی کۆنگرەی شەش دا لە گوندی نیــروان بە هۆی تۆپ بارانی ڕێژیم لەگەڵ کاك عومەری ڕەحیمی کادری کۆمیتەی شارستانی بانە، کاك ڕەحــمانی مەولوودی کادری کۆمیتەی مەیدانان و کاك ئەنوەر هەڵۆیی کادری کۆمیتەی مەیدانان شەهید کران .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پیلانی هاوڕێکانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەك پێشتــر لە كۆبوونەوەی كۆمیتەی شارستان دا بڕیارێکمان پەسند كردبوو كە ئەندامانی كۆمیـتەی شارستان بەتایبەت بەرپرسی كۆمیتەی ناوچەكان، لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزب دا و بە ئاگاداریی هەیئەتی ئیجرایی كۆمـیتەی شارستان دەتوانن لەگەڵ ئەفرادی ڕێژیم بەتایبەت جاشە سەر شناسەكان پێوەندی بگرن و كاریان پێ بسپێرن . ئەو هەواڵە نازانــم بە چ شێوەیەك بە جاشەكان گەیشتبوو . بە دوای ئەوە دا " عیززەتی شەهیدی "(1) كە جاشێکی سەرناسی ئیتتیلاعات بوو، بە هۆی ئامۆزایەكی باوكمەوە(عەزیزی تابانی) هەواڵی دابوو كە پێوەندی لەگەڵ بگرم . منیش كە بە تەواوی لێی ئەمیــن نەبووم و لەوە دەترسام كولاوم سەركا، لە چاو پێ كەوتنی خۆم بوارد و نامەیەكم بۆ نووسی . لە نامەكە دا چەند خاڵێکم بۆ دەست نیشان كردن و دڵنیاشم كرد ئەگەر نێوەرۆكی ئەو خاڵا نە وەبەر چاو بگرێ، ئەوە ئامادەم لەگەڵی دانیشم و بەڵێنیشی پێ دەدەم سەرەڕای ئەوە كە حیزب لە تاوانەكەی خۆش دەبێ، وەك دڵسۆزێکی بزووتنەوەش چاوی لێ دەكا . (بە داخەوە نامەكەم نەماوە كە لێرە دا تۆماری بكەم ) . عیززەتیش نازانــم بە چ مەبەستێك لەگەڵ " جەلال بەگ "(2) ی نــجنێ سەروو كە هەر لە منداڵی یەوە بە هۆی ناكۆكیی نێوان وەرزێر و بەگەكانەوە چارەی منی نەدەویست، مەسەلەكەی بە وردی بۆ باس كردبوو . جەلال بەگیش كە لە ڕۆژێکی وا دەگەڕا سەرە بەنێکی دەست كەوێ و منی لە لای حیزب و خەڵکی ناوچە كە پێ بەدناو كا، بە هۆی زڕە كورد و كلكە نەوتینەكانەوە لە ناوچەكە دا بڵاویان كردبۆوە كە ئەحــمەدی قادری پێوەندیی بە ئیتتیلاعاتەوە گرتوە و لە هەوڵی خۆ تەسلیم كردنەوە دایە . دەنگۆكە لە ماوەیەكی كەم دا وەسەر زار و زمانان كەوت و لە ناوچەكە دا بڵاو بۆوە . هاوڕێکانیشم لەسەر ئەو مەسەلە كە لەگەڵم باس كردبوون و چاوەڕوانی ئەوە بووم بە خۆیان دا بێنەوە و بە كردەوە بە خەڵکی ناوچەكەی بسەلــمێنن ئەوەی باسیان كردبوو بوختان بوە و لەگەڵ ئەخلاقی شۆڕشگێڕانەی ئێمە لە نا تەبایی دایە، بە داخەوە هەلەكەیان بە هەڵ كەوت زانیبوو . بە پەلە وەخۆ



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتبوون و لەگەڵ جەلال بەگ پێوەندی یان گرتبوو . داوایان لێ کردبوو کە لەو بارەوە زانیاریی زیاتریان بداتێ و چۆنیەتیی پێوەندی گرتنەکەیان باشتــر بۆ ڕوون بکاتەوە . جەلال بەگیش کە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ڕۆژە بوو، بە کەیفی خۆی کری دابوو . بە سوێندانەوە ڕەش ببۆوە کە بە چاوی خۆی نامەی دەست خەتی منی لە ئیتتیلاعات چاو پێ کەوتوە کە داوای ئەمان نامەم کردوە و هەر کاتیش پێویست بێ وێنەی نامە کە دێنێتە دەرێ و لە مستیان دەنێ! ئەوانیش بۆ پاساو دانەوەی کردەوەکەی خۆیان و لە ترسی ئەوە کە نەوەکا ئەمن لە کۆمیتەی شارستان باسی بکەم و تەقەڵیان دەرکەوێ، تەنانەت ئەوەندە ڕا نەوەستابوون داخوا جەلال بەگ بەڕاستی بەڵگەی زیندووی لە دەست دایە و دەیان داتێ یا خۆ مەبەستێکی تایبەتی هەیە، بێ سێ و دوو لێ کردن و بە زیادەوە نووسیبوویان و بێ ئەوەی من ئاگادار بکەن پێچابوویانەوە و ڕەوانەی کۆمیتەی شارستانیان کردبوو . دڵنیاشیان کردبوون کە هەر کات پێویست بێ، بەڵگەی زیندوویان بۆ دەنێرن .

کاتێك نامەکەیان گەیشتبوە کۆمیتەی شارستان، لەگەڵ ئەوە دا هەموان سەبارەت بە ڕابردووی من ئاگادار بوون و هیچ خاڵێکی لاوازیان لە کارنامەی پێشمەرگایەتیم دا شك نەدەبرد، نامە کە ئەوەندە بە دڵنیایی یەوە نووسرابوو کە بڕوایان پێ کردبوو . هەر ئەوەندەم زانی ڕۆژێك نامەیەکم بە مۆری کۆمیتەی شارستانەوە پێ گەیشت کە نووسرابوو :

ـ بەڕێــز کاك ئەحــمەدی قادری!

بۆ ڕوون کردنەوەی هێندێك مەسایل سەبارەت بە خۆت بە گەیشتنی ئەم نامەیە بە زووترین کات خۆت بە کۆمیتەی شارستان بناسێنە و . . . . .

نامەکە ئەوەندە توند و بە جیددی نووسرابوو کە دای چڵەکاندم و تەزووی ساردی بە لەشم دا هێنا . لەوە دەترسام کە تووشی خــەیانەتێك بووبــم و بە خۆم نەزانیبێ! ئەمن لە دڵپاکی و سەداقەتی خۆمەوە دەم ڕوانی و هیچم لە خۆم دا شك نەدەبرد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له کورتی وەی برین بە پێی چوارچێوەی کاری داهاتوومان و بە هۆی دڵپاکی خۆم، نەمتوانی لە هاوڕێکانمی وەشێرم . هەربۆیە کۆبوونەوەیەکم بۆ پێك هێنان و نامەکەم پێ نیشان دان . ئەوانیش هێندێك دەستا و دەستیان پێ کرد و لە یەکدی ڕا مان و بە ڕواڵەت خۆیان لە مەسەلەکە گێل کرد . بەڵام لە نێوەڕۆك دا هەستم پێ کرد کە ئەو ماستە بێ موو نیە و لە ژێر ئەو کاسەوە نیو کاسەیەك هەیە و ببێ و نەبێ ئەوان شتێکی لێ دەزانن . بەڵام هەرچی بیرم لێ دەکردەوە سەری هەوداکەم نەدەدۆزیەوە و قەت بە بیرم دا نەدەهات ئەوان دەرهەق بە من ئەوەندە نمەك بە حەران بن و ئاوا شمشێریان بۆ تەپڵی سەرم داهێنابێتەوە . نەشیان دەگوت کە دەنگۆیەکی ئەوتۆمان سەبارەت بە تۆ بیستوە کە گۆیا نیازی خۆ تەسلیم کردنەوەت هەیە هەتا پاکانەیان بۆ بکەم و دڵیان پاك وەکەم . ئەوانەی کرابوون و بێژرابوون، هەموویان لە ژێر پەردەیەکەوە بوون کە من لێ یان بێ خەبەر بووم . ماوەیەك هەموو بێ دەنگ بوون و پاشان گوتم :

- دەی براله ئێوە نەزەرتان چیە؟ خۆ ناکرێ بە دەنگیانەوە نەچم . بەڵکوو مەسەلەیەکی گرنگ لە گۆڕێ دا بێ و ئێمە لێی بێخەبەر بین .

ئەوانیش هێندێکی دیکە لە یەکتریان ڕوانی و وێکڕا گوتیان :

ـــ جا وەڵا کەیفی خۆتە دەتوانی بچی و ئەگەریش ناچی ئێمە هەقمان بە سەرتەوە نیە !!

زۆرم پێ سەیر بوو، دیسانیش تێ نەگەیشتم و گوتم :

- باشە براله! ئەمن خۆ ناتوانم بە تەنیا بڕۆم، ئەدی چۆنم بەڕێ دەکەن؟

- کاکە ئێمە پێمان گوتی کەیفی خۆتە، ئێمە ناتوانین بەڕێت کەین .

هەرچی لەگەڵم ڕستن و پرسیارم لێ کردن لەسەر چی ئەو هەڵوێستەتان گرتوە؟ لەوە زیاترم لێ نەبیستن و هەستاین وەدەر کەوتین و بڵاوەمان لێ کرد . کاتێکم پێ زانی کە خۆیان پێچابۆوە و بێ ئەوەی من بزانم بۆ کوێ چوون، لێیان دابوو و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆیشتبوون و منیش وه دوایان نەکەوتم و بە تاقی تەنیا مامەوه . بڕیارم دا به تەنێ مل پێوه نێم و بچم بۆ کۆمیتەی شارستان، بەڵام لەبەر ئەوه که دەبا بەشەو لە جاددەی وەپەڕم و ڕێگاکەش بە باشی شارەزا نەبووم، لەویش ژێوان بوومەوه . ئەوان بۆ لای بەردەڕەشی چووبوون . منیش خۆم و گوێچکەم بەرەو لای نجنێ وەڕێ کەوتم . پێشمەرگەی دیکەش لەو نێوه نەبوون که ڕەگەڵیان کەوم و هەستم پێ کرد که له ناوچەکەش دا هێندێکان لێم دڕدۆنگ بوون و وەك جاران خۆیان تێ نەدەگەیاندم . ڕۆژێك یەکێك لە ئەندامە باوەڕ پێ کراوەکان دەستی گرتم و چووینە سەر خواجە نشینەکانی مزگەوتێ، لەوێ دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی :

ـ براله! بۆ خوات پێ دەڵێم زۆریان بۆ تێ چاندووی و هەموو خەڵکی ناوچه که لێت بە گومانن . دەڵێن خۆت تەسلیم دەکەیەوه . ئەمن دەزانم پیلانە و بۆیان ڕێك خستووی و دەشزانم مەسەلەکە له چ سەرچاوەیەکەوه هەڵ قوڵاوه . بەڵام نەقلێکی کوردی هەیە دەڵێ : " ڕێوی تا قەواڵەی خوێندەوه کەولیان لە حاجەت خست " ئاگات له خۆت بێ .

قسەکەی زۆر فیلسووفانە بوو، بە تەواوی کاری تێ کردم و لە خۆش باوەڕی ڕزگاری کردم . بە ناچار لە ئاوایی یەکەی خۆمان دوور نەکەوتمەوه و بەملا و لا دا نەدەڕۆیشتم . بە ڕۆژانە دەچوومە مووچە و مەزرای خزمەکانی خۆم و ئەو کەسانەی بڕوایان پێم مابوو . شەوانەش کیسە خەویکم هەڵ دەگرت و لە دەوەنێك دا دەخەوتم . زیاتر لە حەوتوویەك تێ پەڕی، ڕۆژێکیان نامەیەکم بە مۆری هێزەوه(4) پێ گەیشت کە نووسرابوو " . . . بە پەله خۆت بە هێز و کۆمیتەی شارستان بناسێنە " . مەسەلەکە تا پێ دەچوو قووڵ تر دەبۆوه، لەوه دەترسام ئەو درەنگ چوونەشم بۆ بە تاوان بژمێردرێ .دەی خۆ نەشم دەتوانی بە تەنێ وەسەر ڕێیە کەوم، پاشان بیرم کردەوه داخوا تا کەی ئەمن دەتوانم بە تاقی تەنێ لەو ناوچەیە دا و لە نێو ئەو خەڵکە کە لێم بە گومانن خۆم ڕا بگرم؟ پاشان ئەگەر نەچم بۆ کۆمیتەی شارستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵوێستیان لە بەرامبەرم دا چ دەبێ! تۆ بڵێی ئەوانیش وا بیــر نەکەنەوە و نەڵێن ئەگەر شتێك لە خۆی دا شك نابا بۆ بە دەنگمانەوە نایە؟! خۆ ئەوان ئێستا نازانن ئەمن لەبەر چی ناچم بۆ لایان . ئەوانە و زۆر پرسیاری دیکە لە مێشکم دا تریتانەیان دەکرد و خەو و خۆراکیان لێ حەرام کردبووم . وەڵامی هەمووشیان ئەوە بوو کە هەر چۆنێك بێ خۆم بگەیەنــمە کۆمیتەی شارستان و لەم ترس و لەرزە خۆم ڕزگار بکەم . بە ناچار هەستام و ملی ڕێم گرت، دەما و دەمی نوێژی عەسری بوو گەیشتمە کۆخەکانی سیوچی و لەوێ تووشی مام خدر بووم(5). ماندوو نەبوونیم کرد و گوتــم :

- چۆنە بە تاقی تەنێ لێرە بە جێ ماوی؟

- لە پێشمەرگەکان هەڵ بڕاوم و نازانــم چۆن بچمەوە لایان؟

- ڕێگای پەڕینەوە لە جاددەی شارەزای ؟

- بەڵێ ڕێــیە دەردەکەم .

- پێت خۆشە پێکەوە بڕۆین؟

- لە ڕۆژێکی وا دەگەڕێم و ڕفیقی لە تۆش باشتــرم ناوێ .

ئەوجار چووینە ماڵێك نان و چامان خوارد و نوێژی شێوان نەفەرێکمان لەگەڵ خۆ برد و ملمان پێوە نا . لەسەر جاددەی چەمی سوێروێ کە تەواو تاریك ببوو، نەفەرەکەمان گێڕاوە و لە جاددەی سەربەرەو خوار پەڕینەوە . بەڵام هێشتا زیاتر لە کیلۆمیتــرێك لە جاددەکە دوور نەکەوتبووینەوە کە ڕێگامان هەڵە کرد و تووشــمان بە تووشی زەرد و هەڵدێرێکەوە بوو کە بە گاگۆڵکان نەبایە پێــیەوە زەرد نەدەبووین . وەرزی پایــیز و سەر و بەندی هەقە تەپەڵە بوو . شەوێکی تاریك و ئەنگوستە چاو بەر پێی خۆمان نەدەبینی . خوناوەی باران نــمە نــمە دەهاتە خوارێ و دوو چەندانە شان و پیلی داهێزاندبووین و نیوا و نیو لە هێز و توانای داشکاندبووین . ڕووناکی و ڕێ نیشاندەرمان تەنیا بریسکە و چەخــماخەی هەورە تووڕە و ڕوو گرژ و نێوچاوان تاڵەکان بوو کە مەسیــری دیاری کراومانیان بۆ دەستنیشان دەکردین . شەکەت و ماندوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوراز و نشێومان دەبڕین و ئاسۆگە و تەپۆڵکەمان وە دوا خۆ دەدان . سەرمان لە دار و دەوەنان دەکوتا و لە ئاودڕ و خەند دڕکان بەر دەبووینەوە و تاشەشینکە بەلەك و لەپی دەستمانی هەڵ دڕ هەڵ دڕ دەکرد . قریشکەی دۆشکە و پەدافەندی مۆڵگەی بە کرێگیـراوانی کۆماری ئیسلامیش ئەوەندەی دیکە سەری لێ شێواندبووین و گوللەی گڕ دار وەك پۆلە ئەستێرە بە سەرمان دا تێ دەپەڕین . چەندی بیـرمان لێ دەکردەوە نەمان دەزانی بەرەو کوێ هەنگا و دەنێیـن و لەبەردەم کام مۆڵگەی دوژمن دا ڕۆژمان لێ دەبێتەوە و چارەنووس بەرەو کوێمان ڕا دەکێشێ ؟! تەنیا هارەی چۆمە خوڕێن و تووڕە و تۆسنەکە بوو کە بە هیچ باران نەمان دەوێرا خۆی لە قەرە دەین و تـخوونی کەوین، بەرەو ناوچەی ئازاد کراو بانگی دەکردین و ڕای دەکێشاین .

بە دەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە کە خوا وەکیل هەنگاوم دەنا و نەم دەزانی بەرەو کوێ دەچم، خەیاڵ هەڵی گرتبووم و ئاگام لە خۆم بڕابوو . ئەوەندەم زانی مامە(ئەو پێشمەرگەی لەگەڵم بوو) هەر دووك دەستی لەسەر شانـم دانان و بە دوا دا شکاندمیەوە و گوتی :

ـ ئیتـر بڕستم لێ بڕاوە و تاقە هەنگاوێکی دیکە ناتوانـم بڕۆم .

مـنیش هەڵویستەیەکم کرد و گوێم هەڵ خست و بە قەرینە بۆم دەرکەوت کە هێندێك لە تەقەی مۆڵگەکان دوور کەوتووینەوە و، وێ دەچوو لە ناوچەی ئازاد کراو دا بیـن . هەورەکانیش هێندێك ڕەویبوونەوە و ڕێگاکەش نەختێك لەبەر پێمان دا ڕاوەندی دەنواند . هەر لە جێی خۆمان دانیشتیـن و پاڵمان وە گاشە بەردێکەوە دا و سەر و جگەرەمان دا گیـرساندن و لە نێو دەستمان دا هەڵمان مژین . کاتێك چاوم لە سەعاتەکەم کرد پاڵی بە دووی دوانیوەشەوێوە دابوو کە زیاتر لە هەشت کاتژمێران بە ڕێگایە دا ڕۆیشتبووین . هێندێك حەساینەوە و هەستاین و ملی ڕێمان گرتەوە . ئەم جارەیان ڕێگاکە بە جوانی دیار بوو . کەم و زۆر هێندێکی دیکە ڕۆیشتیـن و وە نێو ماڵی سالۆکی سەرو کەوتیـن . لام کردەوە و گوتـم :

ـ مام خدر! لێرە کێ دەناسی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ هیچ کەس ناناسم .

ئەمن بۆ خۆم جارێك چووبوومە ماڵی "سەربەست" . چووینە بەر دەرگایە و لە دەرکەم دا و بانگم کردن . بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە . دوو بارە لە دەرکەم دایەوە و گوتــم :

ـ ئەمن فڵانکەسم، پێشمەرگەی هێزی شەهیدانی وردیم، شەکەت و ماندووم و هەتا دەرگام لێ نەکەنەوە بە جێتان ناهێڵم .

هێندێك ورتە ورتیان لێ هات و یەکیان گوتی :

ـ لە هێزی شەهیدانی وردی کێ دەناسی؟

منیش چەند کەسم ناو بردن و دەرگایان لێ کردینەوە و گوتیان :

ـ برا داوای لێ بووردن دەکەین . بە خوای وامان زانی جاشن بۆیە دەرگامان لێ نەدەکردنەوە .

چایان بۆ لێ ناین و نان و چامان خوارد و هێندێك حەساینەوە و جلەکانــمان وشك کردنەوە و گوتیان :

ـ جا براله! ئێرە بۆ مانەوە نابێ، چونکە مۆڵگەی دوژمن دوور نیە و لەوانەیە جاش و پاسدار بێن و تووشی کێشەتان کەن .

ناچار بەرەو ساڵوکی خوارێ وەڕێ کەوتیــن . لەوێ ماڵی شێخ سەددیقم (6) دەناسی . لە دەرگای وەتاغێمان دا و دەرگایان لێ کردینەوە . براکانی نەیان دەناسیم و شێخ سەددیقیش لەوێ نەبوو . منیش زۆر بە باشی خۆم پێ ناساندن و گوتــم :

ـ پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتیــن و ئەم شەو لێرە ئیسراحەتێ دەکەین .

ـ زۆر باشە، بە خێر بێن، نان و چاتان خواردوە؟

ـ بەڵێ خواردوومانە .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جێگایان بۆ ڕاخستین و ڕۆیشتنە دەرێ و دیوەکەیان بۆ چۆڵ کردین . بەیانیی کە هەستام چوومە دەرێ، شێخ سەددیق لە سووچێکی کۆڵانەکەوە سەیری کردم و هات بە لامەوە و پاش بەخێرهاتن و چۆنی و چاکی، بزەیەکی هاتێ و گوتی :

ـ یا خوا عەمرت درێژ نەبی، بە خوای شەوی ئەو شۆ لە ترسی تۆ لە کادێنێ دا خۆم حەشار دابوو . پێم وابوو جاشن و هەموو دەوری ئاوایش گیراوە . ئێستاش دڵم وەك گوونی هەلاجی لێ دەدا و هەڵ دەپەڕێ .

پاشان چووینە ژوورێ و قەدەرێك قسەی خۆشمان کرد و نان و چامان خوارد و بەرەو کۆمیتەی شارستان کە ئەو کات لە گوندی نیروان بوو ماڵاوایيمان لێ کرد .

دەما و دەمی نوێژی عەسری بوو گەیشتینە گوندی گەورە دار کە بنکەی لکی دووی لێ بوو . مام خدرم تەسلیم کردنەوە و بە بێ سیم کۆمیتەی شارستانم ئاگادار کرد کە هاتووم و ئەوا لە گوندی گەورە دارم . وەڵامیان دایەوە :

ــ هەیئەتی ئیجرایی کۆبوونەوەیان هەیە و بە گشتی لە مەقەڕی هێزن .

ئەو کات مەقەڕی هێز لە گوندی چرووش بوو . سەر بەرەو خوار ملم پێوە نا و خۆم گەیاندێ . بەڵام ڕێگای ژوورێ یان پێ نەدام . لەسەر بانێك دانیشتم و نامەیەکم بۆ کاك هاشمی کەریمی بەرپرسی کۆمیتەی شارستان نووسی و داوای چاو پێ کەوتنم لێ کرد . زۆری نەخایاند کاك هاشم و کاك حامیدی گەوهەری هاتنە دەرێ . منیش وەك هەمیشە بە پیریانەوە چووم و سلاوم لێ کردن . وەڵامی سلاوەکەیان دامەوە، بەڵام لە جیاتی بە خێر هاتن و چۆنی و چاکی، تێروپڕ بەسەرم دا هاتن و تانە و تەشەریان لێ دام! قەت ئەوەندەم خۆ بە گوناح و بێ دەسەڵات نەدیبوو . هەرچی داوام لێ کردن لەسەر چیە؟ وەڵامیان نەدامەوە و گوتیان :

ـ بچۆ بۆ کۆمیتەی شارستان سبەینێ پێت دەڵێین .

ملم بە لارەوە نا و بەرەو گوندی نیروان وەڕێ کەوتم . کاتێك گەیشتمە نێو ئاوایی، بردیانم لە ماڵێك دایان نام و هەتا بەیانیی کەس بە لام دا نەهات . ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵویستە ئەوەندەی دیکەش سەری هەوداکەی لێ هاڵۆزاندم . لە دڵی خۆم دا دەمگوت : دەبێ تووشی خەیانەتێکی گەورە بووبم و بە خۆم نەزانیبێ، چونکە تا ئەو کاتە هەڵوێستی ئاوا تووند و تیژم بە نیسبەت خۆمەوە نەدیتبوو . هەر چەندیش لە کارنامەی خۆمم دەڕوانی، خاڵێکی لاوازم پێوە نەدەبینی . سەرەڕای ئەو هەموو شەکەتی و ماندوویی یە، ئەو شەوە خەو میوانی چاوانم نەبوو . دەیان بیری جۆرا و جۆر بە مێشکم دا دەهاتن و لە دەریای خەیالات و سەر لێ شێواوی دا نوقم ببووم .

هەر چۆنێك بوو ڕۆژ بۆوە و بەیانیی تاو کەوتنان لەسەر گوێ سوانەی بانێك بە خەمناکی هەڵ تروشکابووم و لە ئاسۆی لێڵ و تەماویی خۆمم دەڕوانی . لە حەوت عاسمانان ئەستێرەیەکم بەدی نەدەکرد و چاوەڕێی بریارێك بووم کە نەم دەزانی چ دەبێ . کاتێك ئاورم دایەوە، کاك غەفووری هەمزەیی لە دوامەوە ڕاوەستابوو . لەبەری هەستام و پاش چۆن و چاکی بۆم دەرکەوت کە ئەویش بە نیسبەت جارانەوە گۆڕابوو . ئەوەندەی دیکەش نارەحەت بووم و پێم وابێ ئەگەر خەنجەرێکیان لێ دابام خوێنم لێ نەدەهات و گوتم :

ـ ئەرێ برا ئەوە چ ڕووی داوە؟ هەمووتان بوونە ئاغاکانی قەدیم بە هەڕەشە و گوڕەشە لە گەڵمان دەدوێن و قسە و تەمەنیشمان لەگەڵ ناکەن !!

کاتێك دیتی زۆر نا ڕەحەتم، هاتە پێشێ و دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی :

ـ گوێ شل کە با پێت بڵێم : ئەمن و تۆ پێش ئەوەی پێشمەرگە بین دۆست بووین . ئەمن قەت ئاوام لە تۆ ڕا نەدەبینی!

منیش بە سەرسوڕمانەوە گوتم :

ـ دە فەرموو پێم بڵێ چ قەباحەتێك ڕووی داوە و چ تاوانێکم کردوە ئاوا کەوتوومە بەر غەزەبی ئێوە؟

کاك غەفوور هێندێك چاوی لێ کردم و گوتی :

ـ ئەمن وەك ڕفیق و دۆست پێت دەڵێم، کۆمیتەی مەیدانان بە گشتی بە کادروپێشمەرگەوە نامەیان لەسەر نووسیوی کە پێوەندیت بە ئیتتیلاعاتەوە گرتوە و نیازی خۆ تەسلیم کردنەوەت هەیە . هەر بەو بۆنەوە فەرماندەری هێز داوای کردوە کە شەرەفی ئەمدامەتیی کۆمیتەی شارستانت لێ وەستێندرێ و لە کۆبوونەوەش بێ بەش کرێی، بەڵام هەیئەتی ئیجرایی قەبووڵی نەکردوە و پێشنیاری کردوە کە کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی شارستان پێك بێ و ئەتۆ لەو کۆبوونەوە دا محاکەمە بکرێی . جا ئەگەر توانیت ئەو تاوانە لەسەر خۆت لابەی، ئەوە ئاو بە ئاوری دا دەڕژێ و هەقی خۆت پێ دەدرێ . ئەگەر مەحکومیش بووی، جیا لەوە کە شەرەفی ئەندامەتیی کۆمیتەی شارستانت لێ دەستێندرێتەوە و بەشداری کۆبوونەوەش نابی، سەزاشت بۆ دیاری دەکرێ . هەر ئێستا پاش تاوێکی دیکە کۆبوونەوە دەست پێ دەکا .

کاتێك ئەوەم بیست، ئاهێکم وەبەر هاتەوە و تێ گەیشتم کە پیلانە دەسکردەکەی هاوڕێ خاسەکانمە . سەرێکم بۆ لەقاند و بە بزەیەکەوە گوتم :

ـ مردووتان مرێ، بە ژێرپیاڵەیەك ئاو وە سەر مەلە دەکەون ! پێم وابوو تووشی خەیانەتێکی گەورە بووم و بە خۆم نەزانیوە . بەو بڕیارەی فەرماندەری هێزیش نەقلێکی خۆشم وە بیر هاتەوە کە بێ جێ نازانم بۆت بگێڕمەوە .

دەڵێن ڕۆژێك ڕێوی یەك بە غاردان لە خۆی نووسابوو . ڕێوی یەکی دیکە لێی پرسی بۆ وا بەلە سە بووی؟ گوتی دەڵێن پاشا نەخۆشە و دەرمانەکەشی گوونی ڕێوی یە . جا هەر ڕێوی یەك سێ گوونی هەبن یەکیان دەردێنن و بۆی دەبەن . ڕێوی یە کە گوتی باشە خۆ تۆ هەر دوو گوونت هەن بۆ لە خۆت دەترسی؟ ڕێوی هەر بەدەم هەڵاتنەوە گوتی : ئاخر بەدبەختی یەکە لەوە دایە کە دەری دێنن جا دوایە دەی بژێرن!

کاك حەمیدی گەوهەریش شەرەفی ئەندامەتیمان لێ زەوت دەکا جا محاکەمەمان دەکا . بە هەر حاڵ سوپاسی ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی دەکەم کە بە قسەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرماندەری هێزیان نەکردوە . دڵنیابە منیش لە دادگایی کردن ناترسم و لە خۆم ڕوو سوورم . ئەگەر شتێکم لە خۆم دا شك ببردایە ئاوا بە بێ دەسەڵاتی نەدەهاتمە بەر دەست تان .

کاك غەفوور کە بینی ئاوا سەد و هەشتا دەرەجە گۆڕانم بەسەر دا هات پێی سەیر بوو و گوتی :

ـ تۆ شەرەفت تێم گەیەنە مەسەلە چیە؟

ـ ئەمن پاشەملە شتێك لەسەر کەس نالێم . وەرە بۆ ناوچەکە و لە خەڵکی پرسیار بکە ، ڕاستیی مەسەلەکەت بۆ دەگێڕنەوە .

کاك غەفوور ماڵاوایی لێ کردم و، کۆبوونەوە بە بەشداریی تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی شارستان کە ئەو کات وا بزانم زیاتر لە پازدە کەس بووین دەستی پێ کرد . کاك هاشم نامە بۆری(7) دەرێنا و بۆ بەشدارانی خوێندەوە . نێوەرۆکی نامەکە خرایە بەر باس و لێ کۆڵینەوە و هەر کەس بە پێی سەلیقە و بۆچوونی خۆی قسەی لەسەر کرد . کاك حامیدی گەوهەری نەزەری خۆی نەشاردەوە و داوای لە کۆبوونەوە کرد کە شەرەفی ئەندامەتیی کۆمیتەی شارستانم لێ وەر بگریرێتەوە . پاش ئەوەی هەموان لەسەری دوان، کاتی ئەوە گەیشتبوو کە من داکۆکی لە خۆم بکەم و داوام کرد کە ئیجازەم بدەن قسە بکەم . بەڵام کاك هاشم گوتی :

ــ با چایەك وەخۆین و ئەتۆش هێندێك بیری لێ وەکە .

نازانم مەبەستی کاك هاشم لەو پشوو دانە چ بوو؟ لەسەر داوای ئەوان ئەمن هەستام چوومە دەرێ و تۆزێك پێ چوو کاك غەفوور بە دوام دا هاتە دەرێ و دەستی گرتم و گوتی :

ــ براله! ئەو برادەوانە بە دڵنیایی یەوە ئەو نامەیان نووسیوە و بۆ سەلماندنی هەموو ئەو خاڵانەش کە لە نامەکە دا نووسیویانە ، بەڵگەی زیندوویان بە دەستەوەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەر كات پێویست بێ بۆمان دەنێرن . جا بۆیە دۆستانە پێت دەڵێم چی لە خۆت دا شك دەبەی لە منی مەشارەوە، منیش قەولی شەرەفت پێ دەدەم بە هەموو توانامەوە دیفاعت لێ دەکەم و کارێکی وا دەکەم بۆت بە هەڵە بگرن و سزات بۆ دیاری نەکەن .

وادیار بوو کاك غەفور بە نوێنەری بەشدارنی کۆبوونەوەکە هاتبوو کە هەڵم پشکنێ داخوا چ لە خۆم دا شك دەبەم . منیش سوپاسم کرد و گوتم :

ـ کاکە گیان! بەڵێنت پێ دەدەم کە ئەوەی نووسیویانە هەمووی دروستکراوە . ئەمن جیا لە نامەیەك کە بە پێی بڕیاری کۆمیتەی شارستان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی حیزب دا بۆ نەفەرێکم نووسیوە و وێنەکەشم پێ یە، لە ئاوی شەوی پاکترم . فەرموو با بچینە ژووری بزانە چۆن هەموو خاڵەکانت بە دەلیل و مەنتیق بۆ وەدرۆ دەخەمەوە .

چووینەوە ژووری و دەستم پێ کرد . بێ ئەوەی خۆی پێوە ماندوو بکەم هێنامنەوە ژێر سفر(8) بێجگە لەو نامەی کە بە کاربۆن بۆ عیززەتی شەهیدیم نووسیبوو و، هەموو خاڵەکانم بە دەلیلەوە ڕەت کردنەوە . ئەو جار وێنەی نامەکەم لە گیرفانم دەرێنا و لەبەر دەمی کاك هاشمی کەریمیم ڕۆ نا و گوتم :

ــ ئا براله! هەموو تاوانەکانی من کە برادەران زەحمەتیان پێوە کێشاون و کۆیان کردوونەوە ئەو نامەیە . داوا لە کۆبوونەوە دەکەم کە ئەو مەسەلەیە بە جیددی بگرێ و داوای بەڵگەی ئەو تاوانانەی من لەو برادەرانە بکا کە ڕەپاڵیان داوم . هەروەها داوا لە کۆبوونەوە دەکەم بە زووترین کات داوەری بکا و کام لایەن شیاوی سەزادانە بە پێی ئاییـن نامە بۆی دیاری بکا .

دیارە ئەوان بیست و یەك خاڵیان لەسەر من جێ کردبوو . پاشان منیان ناردە دەرێ و لەسەر ئەوە ساخ ببوونەوە کە شەرەفی ئەندامەتیم لێ وەرنەگیرێتەوە و لە کۆبوونەوەش دا بەشدار بم . بانگیان کردمەوە ژووری و بڕیارەکەیان پێ ڕا گەیاندم . بەڵام تێ بینی یەك لە گۆڕێ دا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو ئەمن لە کۆمیتەی شارستان وەمێنم و ئەگەر لەو ماوەیە دا بەڵگەی تاوانەکانی منیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەست کەوت، ئەوا سەزا بدرێم و ئەگەریش دەست نەکەوت ئەوان واتە کادرەکانی کۆمیتەی مەیدانان سەزا بدرێن . کۆبوونەوە پێك هات و بڕیار درا کە ئەو ماوەی کە لە کۆمیتەی شارستان دەمێنمەوە لە بەشی قەزایی کۆمیتەی شارستان دا کار بکەم . بەڵام چۆن کار کردنێك؟ تاوانبارم مـحاکەمە دەکردن و پەروەندەم بۆ دەنووسیـن، بێ ئەوەی هەقی نەزەر دانـم لەسەر پەروەندە کە هەبێ!! (بڕوانە وێنەی ژمارە 9)

---

## پەڕاوێزەکان :

1 ـ عیززەت خەڵکی شێنان و کوڕی مـحەمـەد بەگ بوو . پێشتـر زۆر باش یەکتـرمان دەناسی و هیچ ناکۆکی یەکیش لە نێوانـمان دا نەبوو . ئیتر نازانـم کاتێك بوو بەجاش بە چ مەبەستێك ڕای سپاردبوو ؟! چونکە نەوەڵامی نامەکەی دامەوە و نە خاڵەکانیشی وەبەر چاو گرتن . وێ دەچوو هەر پیلانێك بووبێ کە لەگەڵ جەلال بەگ بۆ بەدناو کردنی من دایان ڕشتبێ .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

2 ـــ جەلال بەگ کوڕی مستەفا بەگی نتجنێ سەروو، مرۆڤێکی وریا و زیرەك بوو . هەمیشە سەری لە ئاژاوە و گێرە شێوێنی دەخورا . لە زەمانی شا دا پێوەندیی لەگەڵ ساواك بە تیــن بوو . کلکە نەوتینەی نێوان وەرزێر و بەگەکان بوو . پاش ڕووخانی شا پێوەندیی بە حیزبی دێمۆکڕاتەوە گرت . بەڵام بە هۆی ڕابردووی ئاژاوە گێڕانەی، کۆمیتەی شارستانی بانە متمانەی پێ نەکرد و وەر نەگیــرا . دواتر لەگەل عیززەتی شەهیدی کە هەردووك بەگزادە بوون دەستیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تێکەڵ کرد . دواتر هاتوچۆی عێراقی کرد و لەگەڵ ڕێژیــمی بەعسی عێراقیش تێوەگلا و دوو لایەنە کاری دەکرد . سەرەنــجام بە تاوانی لایەنگری لەگەڵ موجاهیدینی خەڵکی ئێران و، بردنی مەوادی تەقەمەنی و تەقاندنەوەی لە تاران و . . . . ڕێژیم گرتی و پاش ماوەیەك بەند کردن لەگەڵ هەموو هەولێ بنەماڵە و کەس و کاری بۆ ئازاد کردنی، ئیعدام کرا و وەك بەفری پار توایەوە .

3 ـــ کاتێك وەدەر کەوتیــن کە ئەگەر باش لە بیــرم مابی لە ئاوایی شێنان بووین، ئەو سێ کادرەی کارەکەیان کردبوو، کاتێك لەوە دڵنیا بوون کە لە پیلانەکەیان دا سەرکەوتوون، لەگەڵ کادروپێشمەرگەکان کۆبوونەوەیان کردبوو، بە سوێندانەوە ڕەش ببوونەوە کە بە ڕوونی بۆیان دەرکەتوە ئەحــمەد بە نیازی خۆ تەسلیم کردنەوەیە و، لەو پێوەندی یە دا کۆمیتەی شارستان بانگی کردوە . کەوابوو نەوەکا شەیتان زەللەی پێ بکا و شتێکمان بەسەر بێنێ، وا چاکە بە جێی بێڵیــن و شوێنەکەمان پێ نەزانێ .

4 ـــ کاك حامیدی گەوهەری ئەوکات فەرماندەری هێز و خەڵکی مەهاباد بوو . لە ڕابردووی زۆر ئاگادار نەبووم . ئەوەندەی دەزانــم کابرایەکی قۆرغەدەمار و بە تەك و پۆز بوو . وابزانــم لە زەمانی شا دا ئەرتەشی بووبێ . ماوەیەك فەرمانەدەری هێزە لە بانە و، سەردەمێك بەرپرسی بەندیــخانەی ناوەندی بوو . بە دوای کۆنگرەی شەشەم دا بەرەو ئورووپا کۆچی کرد و ئێستا بە پەنا بەری دەژی .

5 ــ مام خدر پێشمەرگەیەکی بە ساڵان دا چووی لکی شەهیدانی مستەفا زادە و خەڵکی گوندی نەمەشیـر بوو . لە پێشمەرگەکان هەڵ بڕابوو . ئەویش سەرەنـجام بە هۆی پیـری و تەنگ و چەڵەمەی بنەماڵەی، خۆی تەسلیم کردەوە .

6 ــ شێخ سەددیق خەڵکی ساڵووکی خواروو، بە ڕواڵەت لایەنگری خەبات بوو . بەڵام دۆستی دڵسۆزی حیزبی دێمۆکڕات بوو . شووڕای ئاوایی بوو، زۆر هاوکاریی دەکردین . سەرەنـجام ڕێژیم گرتی و بە پێی هەواڵ لە ژێر ئەشکەنـجە دا شەهیدیان کرد .

7 ــ ئەو سووڕەت جەلەسەی برادەرانی کۆمیتەی ناوچە بۆ منیان دروست کردبوو . کە بۆ تاوانبار کردنـم بیست و یەك خاڵیان ڕیز کردبوون .

8 ــ بۆ وێنە : ئەوان نووسیبوویان لە بنەماڵەکەی دا حەڤدە چەکی تەسلیمی ڕێژیم کردوون !! لە حاڵێك دا ئێمە دوو چەکمان بوون و هەردووکیشیان مابوون . نووسیبوویان لەگەڵ عیززەتی شەهیدی چەند جار چاو پێ کەوتنی بوە! لە حاڵێك دا دوورا و دووریش نەم دیبوو . نووسیبوویان بە نووسراوە داوای ئەمان نانەی کردوە! ئەمن وێنەی ئەو نامەم لە گیـرفان دا بوو کە بۆ عیززەتـم نووسیبوو .

بە کورتی بیست و یەك خاڵی ئاوا نا ڕوون و بێ بەڵگە و دەلیلیان ڕیز کردبوون بێ ئەوەی بیـریان لەوە کردبێتەوە کە سبەینێ وە درۆ دەخرێنەوە .

## کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان و تێکۆشانـم لە کۆمیتەی ناوچەی ئاربەبا دا

کارکردن له بەشی قەزایی دا بەتایبەت بۆ من کە فێری کوێستان و لێڕ و، گەڕان بە نێو ئاوایی یەکان دا و کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ خەڵك و کاری سەرپێیی بووم، ئەویش بەو شێوەیە کە تەنیا دەمپرسی و دەم نووسی، زۆر ناخۆش بوو . بەرپرسی بەشی قەزایی کۆمیتەی شارستانیش ئەو کات کاك محەممەدی کەریمی(1) (قاقە) بوو . ئەویش کە ماڵەکەی لە ئاوایی گەرماو بوو، بە هۆی نەخۆشی و لەش بە باری نەی دەتوانی هەمیشە لە کۆمیتەی شارستان وەمێنێ . حەوتووی جارێك دەهات چاوێکی بە پەروەندەکان دا دەخشاند و ئیمزای دەکردن و دەڕۆیشتەوە ماڵی خۆیان . کاك ئەسعەدی تاتایش(2) کە خەڵکی سەقز و کادری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو، مانگی جارێك دەهات نەزەری خۆی لەسەر پەروەندەکان دەنووسی و دەڕۆیشت .

چەند مانگێك بەسەر دا تێ پەڕی و هاوڕێکانم بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان بانگهێشتن کران . بەڵام ئەو جارەش بە دەستی بەتاڵ هاتن و بەڵگەی خەیانەتەکانی منیان لەگەڵ خۆیان نەهێنابوون . منیش زۆر بێ تاقەت بووم . داوام لە کۆمیتەی شارستان کرد کە بە ماوەی چەند ڕۆژێك ئیجازەم بدەن سەرێك لە ناوچە هەڵێنم و دیدارێك لەگەڵ خزم و دۆستان نوی کەمەوە . لەبەر ئەوەش کە هێشتا هەر بەتەما بوون برادەرانی کۆمیتەی مەیدانان بەڵگەی خەیانەتەکانم وەدەست خەن، هەیئەتی ئیجرایی و بەتایبەت کاك حامیدی گەوهەری متمانەیان پێ نەکردم و ڕازی نەبوون . بەڵام کاك هاشمی کەریمی بە مەسئوولی یەتی خۆی ئیجازەی پێ دام . ڕەگەڵ ڕفیقە ناموافیقەکانم کەوتم و سەر بەرەو ژوور ملمان بە هەورازی یەوە نا . نمە نمە باران دای کردبوویە و هێدی هێدی شان و شەپیلکی داهێزاندین . بۆ نوێژی شێوانێکی درەنگی گەیشتینە ئاوایی بەردە بووك کە سنووری ناوچەی ئازاد کراوی دیاری دەکرد .

خوناوەی باران بەرەبەرە لەگەڵ کرێوە و بەفرە پشۆ جێ گۆڕکێی کرد و دەشت و دەر و کەل و کۆساری سپی پۆش کردن . درێژەمان بە ڕێگا ڕۆیشتن دا و تاریك داهاتبوو کە خۆمان گەیاندە گوندی ئاڵی ماکان . خۆمان بە ماڵان دا کرد و تا نان و چامان خوارد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەفر گەیشتە ئەژنۆیان . هەرچەند کە ناوچەکە میلی تاریزە کرابوو و دەبا بە نەهێنی بڕۆین و کەس بە شوێن و جێمان نەزانێ، لە ترسی ڕێ لێ گۆڕان، دوو کەس لە خەڵکی ئاوایی مان بانگ کردن و وە پێش خۆمان دان .

شەوێکی تا بڵێی تۆف و سەرما بوو . ڕەشەبا و کڕێوە مەودای چاوهەڵبڕینیان پێ نەدەداین . بێ سەر بەرگ و گۆرەوی و پێڵاوی زستانی، بە کۆڵێك چەك و تەقەمەنی یەوە لەو بەفر و سەرما و سۆڵە دا، ڕێگا ڕۆیشتن کارێکی هاسان نەبوو . بەڵام ئەو دوو کەسەی لەگەڵمان بوون زۆر شارەزا بوون و ڕێگایان هەڵە نەکرد . هەر چۆنێك بوو گەیشتینە نزیك ئاوایی سیاومە و ماڵاوایی مان لە دوو کەسەکە کرد و بە ڕێمان کردنەوە . ئەمن زۆر لەوە دەترسام کە ڕێگا بزر کەین و لەو دەشتە کاکی بە کاکی یە دا سەرمان لێ بشێوێ . هەربۆیە پێشنیارم کرد کە لە گوندی سیاومە کەسێکی شارەزا لەگەڵ خۆمان بەرین . بەڵام بە قسەیان نەکردم و کاك عیززەتی مەحموود زادە گوتی :

ـ بۆ خۆم شارەزام و گوندی دارێنەش دوور نیە، خەمتان نەبێ .

هەر بۆخۆی وە پێشمان کەوت و ملمان پێوە نا . بەندەنی دارێنە کە لەو شوێنەوە زیاتر لە بیست دەقیقە ڕێگا نەبوو، ئێمە زیاتر لە سەعاتێك ڕۆیشتین و هەر نەی گەیشتینێ! بەڵێ گومان لەوە دا نەما کە هاوڕێی پێشەنگ ڕێگای هەڵە کردوە و بۆ خۆشی نازانێ بەرەو کوێ بەری پێوە ناوە! ویستمان بە ڕێی خۆمان دا بگەڕێینەوە، بەڵام پێرە زریان تێکیەوە دا و هەر بە دوای خۆمان دا جێ پێ کانمانی پڕ کردبوونەوە و ئاسەواری ڕچەی نەهێشتبۆوە . بەفر خۆی لە پشتێنێ دەکوتا و ئێمەش هێدی هێدی گوڕ و تینمان لە دەست دەدا و هەنگاومان پێ شل تر دەبوون . سمێڵ و برۆمان چلوورەی دا هێشت و دەست و پەنجەمان لە گۆ چوون . تا زۆر تر پێ دەچوو، زیاتر ورەمان بەر دەدا و برستمان لێ دەبڕا . بێ ڕاوەستان ڕێگامان دەبڕی و نەمان دەزانی بۆ کوێ دەچین . هەر کامێکمان دە دەقیقە وە پێش دەکەوت ئەژنۆی شل



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبوون و پێشەنگی بە یەکێکی دیکە دەسپارد . تا وای لێ هات بەر و دوا هەموومان لە گل کەوتیــن و دەست و پێمان هەڵاوسا . لەسەر تەپۆڵکەیەك لە بن قەدە دارێکی ئەستوور دا بۆ دەمێك سەرمان وەبەر خۆ نا و بە ناهومێدی لە فکران ڕا چووین . جگەرەکم لە نێو دەستە لە گۆ چوەکانــم دا داگیــرساند و هەڵم مژی . پاشان دەستم لەسەر شانی میــرزا حسێنی بەدیعی دانا و بە گوێم دا چپاند و گوتــم :

ــ براله! تۆ پیاوێکی تێکەوتە و دنیا دیدەی . ئەگەر بە قەرینە بزانی ڕۆژ لە کوێوە هەڵ دێ و لە کوێوە ئاوا دەبێ، ئەمن بە هاسانی ڕێگات بۆ دەدۆزمەوە .

کەچی لە وەڵام دا گوتی :

ــ کاکە گیان! لەم کرێوە و با کوتە دا کە عەرز و ئاســمانی کردۆتە جەهەننەم و بەرپێی خۆم نابینم، ڕۆژهەڵات و ڕۆئاوات چۆن بۆ بناســمەوە؟ بە خوای سەهلە من، هیچ ئەستێرە ناسێك سەرەندەری لێ دەر ناکا .

چاوێکم لە سەعاتەکەم کرد، چارەکێکی مابوو بۆ دووی دوا نیوە شەوێ . هەر کام لەوی دیکەمان دەپرسی : چ بکەین و بەرەو کوێ بڕۆین کە بە کەسیــرەیی نەکەوینە بەر دەستی دوژمن؟ بەڵام کێ هەبوو لەو تەنگانەیە دا وەڵامی ئەو پرسیارەی پێ بێ . هاتینە سەر ئەو ڕایە کە لە جێی خۆمان نەبزووین هەتا ڕۆژ ڕووناك دەبێتەوە و ئەوجار بە لایەك دا سەری خۆمان دەرکەین، بەڵام لەوە دەترساین کە لە مۆڵگەی سیاوەمە نزیك بیــن و بەیانیی ئاوقای شەڕ و تێك هەڵ چوون ببیــن کە دەستمان پێ نەدەکراوە و مفت و مەرحەبا تێدا دەچووین . لە نێو خۆف و ڕەجا دا مابووینەوە و بڕیاردان کارێکی هاسان نەبوو . کەچی لە پڕ و نکاوێك دا هەورەکان لێك ڕەوینەوە و بە قەدرای جێ بەرەیەك عاســمان دەرکەوت و مانگی چواردە و پازدە تیشکی هاویشت . ئای لەو خۆشی یە کە هیچ زمانێك توانای گێڕانەوەی نیە . کاتێك ڕوانیمانە بەرانبەر خۆمان، بە مەودای سەد میتــرێك جادەکەمان ناسیەوە کە باپزووی بەسەر کێشابوو . بەڵێ سەرتان نەیەشێنم هەموو ئەو ماوەیە هەر بە دەوری

خۆمان دا خولابووینەوە و کیلۆمیتـریێك لەو شوێنە دوور نەکەوتبووینەوە کە لەگەڵ دوو کەسەکەی لەگەڵمان هاتبوون جوێ ببوینەوە .

شادە و ئیمانێکی بە هەقمان هێنا و هەستاین وە ڕێ کەوتیـن . هەر بە چارەکە سەعاتێك گەیشتینە سەر کەل و بە دیوی گوندی دارێنەی دا شۆڕ بووینەوە . دارێنەش تەنیا سێ ماڵی فەقیـری لێ مابوون . بەو درەنگ وەختە لە دەرگاکانـمان دا و لێمان وەدەر کەوتن . بردیانینە ژووری و جلە تەڕەکانیان لەبەر داماڵیـن و کوورەی دارانیان بۆ نێڵ داین . خۆماڵیانە پێمان ڕا گەیشتـن و چایان بۆ دەم کردین و بێ ئێوە ناخۆش نان و پەنیـرێکی بەلەزەتیان لە پێش ڕۆ ناین . جا فەقیـر! وەرە بـخۆ نەت دیوە . دوای نان و چا خواردن کەم و زۆر نازانـم چەندە نووستیـن کە ڕۆژ ڕووناك بۆوە . بەڵام لە ترسێ دەرچووبووین . لە مۆڵگەی سیاومە نەدیو بووین و لەو بەریشمانەوە دوژمن دوور بوو . خۆمان پێچاوە و گوندی هەلۆ! بـمگرە و هاتـم . لەوێ وچانێکی باش حەساینەوە و تێر خەو بووین . خۆر لە کەلەپۆ ئاوابوو و سەربەرەو ژوور ملمان پێوە نا .

ماوەی چەند ڕۆژێکان لە ناوچە دا ماینەوە و خزم و دۆست و ناسیاوم بەسەر کردنەوە . تەنانەت لە چەند کۆبوونەوەی گشتی دا خۆم کردە نوێنەری کۆمیتەی شارستان و(3) بە درێژی قسەم بۆ خەڵك کرد . پاشان ماڵاوایـیم لێ خواستـن و بەرەو خوار جاددە شۆڕ بوومەوە . پیاو سپڵە نەبێ هەتا لە جاددەی پەڕیـمەوە دوو پێشمەرگەیان ڕەگەڵ خستم . بەڵام ڕەنگە ئەوەش دەفعول بەڵای ئەوە بوو بێ کە ناوچەکەم بۆ بە جێ دەهێشتـن .

کاتێك گەیشتمەوە کۆمیتەی شارستان، هاوڕێ یان تەدارەکی گرتنی کۆنفرانس بۆ هەڵ بژاردنەوە و نوێ کردنەوەی کۆمیتەی شارستانیان بە دەستەوە بوو . هەر ئەوەندەم لە بیـر ماوە کە زستانی ساڵی 1361ی هەتاوی بوو . کادرە نیزامی و سیاسی یەکان بە گشتی بانگ هێشتـن کران و کۆنفرانس لە مزگەوتەکەی گوندی نیـروان دا کە ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کات بنکەی کۆمیتەی شارستانی تێدا بوو دەستی پێ کرد(4). کاک دوکتور سەعید لە دەفتەری سیاسی یەوە بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆنفڕانسە کە هاتبوو . هاوڕێکانی منیش بە گشتی بەشدار بوون . کاتی ئەوە هاتبوو بەڵگەی تاوانەکانم ئاشکرا بکرێن و سەزام بۆ دیاری بکرێ . بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ کاک هاشم باسم کرد و ئەویش بە ڕاشکاوی پێی لێ نا کە هیچ بەڵگەیەکیان بۆ تاوانبار کردنی من بەدەستەوە نەبوو . ئەوجار لەگەڵ کاک هاشم ڕاوێژمان کرد و ئەویش موافیق بوو کە لە هەقی خۆم خۆش نەبم و قسەیان لەسەر بکەم . لەو لاشەوە هاوڕێکانم تینیان بۆ هاتبوو و ڕایان سپاردبوو کە ئەگەر ئەمن قسەیان لەسەر بکەم، بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی شارستان دەنگم پێ نادەن . بەڵام بیستنی ئەو هەڕەشە ئەوەندەی دیکەش لەسەر لە قاودانی ئەو بوختانەی بۆیان هەڵ بەستبووم، مکووڕ تری کردم . نۆبەی قسە کردنم گەیشتێ و هەستام بە ڕوونی مەسەلەکەم خستە بەر چاوی بەشدارانی کۆنفڕانس و داوام کرد کە ئەو هاوڕێ یانە چ بەڵگەیەکیان بۆ تاوانبار کردنی من بەدەستەوەیە، لەبەر دەمی بەشدارانی کۆنفڕانس دا ئاشکرای کەن . بەڵام دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو و مەتەقیان لەبەر دەر نەهات . چاویان شۆڕ کردنەوە و لەبەر دەم بەشدارانی کۆنفڕانس دا ئارەقەی شەرمەزاری بە تەویڵیان دا هاتە خوارێ . ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە بە دوای قسەکانی من دا کاک هاشمی کەریمی هەستا و گوتی :

ــ هەرچی بە فلان کەس گوتراوە بوختان بوە و دەبێ ئەو برادەرانە داوای لێ بووردنی لێ بکەن .

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ڕوون کردنەوانە، نە ئەوان سەزا دران و نە منیش بۆ کۆمیتەی شارستان هەڵ بژێردرام . دیارە ئەوانیش هیچ کامیان دەنگی متمانەیان پێ نەدرا .

کۆنفڕانس کۆتایی پێ هات . کۆمیتەی شارستان سەر لە نوێ هەڵ بژێردرایەوە و کار دابەش کرایەوە . زۆران لەو بڕوایە دا بوون کە ئەو مەسەلە شوێنەواری لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووحییه و بۆچوونی داهاتووم دانابێ و ئیمان و بڕوای لاواز کردبم و تازه له باری سیاسی یه‌وه جێی خۆم نه‌گرمه‌وه! هەر بۆیه له کاتی دابەش کردنی کار دا کۆمیتەی شارستان بانگی کردم و سەبارەت به وەزعی داهاتووم نەزەریان لێ خواستم . منیش به دڵنیایی یه‌وه پێم گوتن : که بێجگه له کۆمیتەی مەیدانان له هەر جێگایه‌کی دیکه کارم بۆ دیاری کەن به گیان و دڵ ئامادەم . سەرەنجام کاك سەددیقی فەڕڕوخی که بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی پاش ئاربەبای پێ سپێردرا بوو، هاته لام و پێشنیاری پێ کردم که پێکه‌وه کار بکەین . منیش ڕەفیقایەتی یه‌کەیم به دڵ بوو . بەڵێنم پێ دا و کۆمیتەی شارستانیش ڕەزامەندیی دەربڕی و شڕە و شەپیتەمان تێك نان و بەرەو شوێنی تێکۆشانمان وەڕێ کەوتین .

ناوچه که هێندێك ئاڵۆز بوو . به هۆی بازاڕێکی سنووری یه‌وه که له ئاوایی بلەکێ بوو، هێندێك ئاکاری نا لەباری وەك ئارەق خۆری و فەسادی ئەخلاقی و . . . له نێو لاوەکان و خەڵکی ناوچەکه دا بلاو ببوونه‌وه که کۆمیتەی پێشوو پێ یان نەچارابوو . هەروەها هێندێك کێشەی نێو خۆیی له گۆڕێ دا بوون که چارەسەر کردنیان پێویستیی به کاتێکی بەرین هەبوو . بەشی زۆری ئاوایی یه‌کان شووڕایان هەر نەبوو، ئەوەش که هەبوو هەر به ناو شووڕا بوون و هیچ کارێکیان پێ نەسپاردبوون . له نێو بازاڕەکەش دا بێ سەرە و بەرەیی و پشێوی یه‌کی زۆر وەبەر چاو دەکەوت . به کورتی دەبا له سفرەوە دەست پێ بکەین و نەزمێکی نوێ دا بمەزرێنین . بەلام کۆمیتەی شارستان هێندێك دەستی ئاوەلا کردبووین و چ له باری ماددی و چ له بواره مەعنەوی یه‌وه یارمەیەتیی دەداین . کادرەکان ئەوەی له بیرم مابێ بریتی بوون له :

1 ــ کاك سەددیقی فەڕڕووخی که بەرپرسس کۆمیتەکەمان بوو .

2 ــ کاك ئەکرەمی فیرووزی(5) .

3 ــ کاك ڕەئوفی سەلیمی(6) .

4 ــ مەلا حسێین(7) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

5 ــ كاك سەلامی ئەحــمەدی(8) .

6 ــ بەندەی موخلیستان .

هێندێك كادروپێشمەرگەی دیكەشــمان هەبوون كە هەموویان دوایە خۆیان تەسلیم كردەوە و لەسەر ڕویشتنیان بە پێویست نازانــم .

لە دابەش كردنی كار دا بەشی تەشكیلات وەبەر من كەوت و كاك ڕەئووفی سەلیمیش كە لە ناوچەكە دا بە تەواوی شارەزا بوو، بوو بە هاوكارم . پێش هەموو شتێك بۆ هێندێك ئاڵوگۆڕ لە بازاڕەكە دا دەست بە كار بووین و تا ڕادەیەكی زۆریش تێیدا سەركەوتیــن و سەرنــجی خەڵكمان بۆ لای خۆمان ڕاكێشا . پاشان وێكڕا گەشتێكی تەبلیغاتیمان دەست پێ كرد و، دەورێكی تەواو بە ناوچەكە دا گەڕاین . لە هێندێك لە ئاوایی یەكان شووڕاشــمان هەڵ بژاردەوە و چوارچێوەی كارمان بۆ دیاری كردن و بەڵێنی هاوكاریی تەواویشمان پێ دان . لەو كۆبوونەوە گشتی یانە دا شارەزایی یەكی باشــمان لەسەر ناوچە كە وە دەست هێنا و بە وردی سیاسەتی حیزبــمان بۆ شی كردنەوە . بە دوای ئەو گەشتە دا و چەند ڕۆژێك مانەوەمان لە مەقەڕ كە لەگەڵ خەڵكی ناوچە كە هێندێك ئاشنایەتی مان پەیدا كردبوو، داوام لە كۆمیتە كرد گەڕانێكی تەشكیلاتیش بە ناوچەكە دا دەست پێ بكەین . لەسەر ئەوە ڕێك كەوتیــن كە خۆم و كادرێك و پێشمەرگەیەك زیاتر نەبیــن . بۆ كادرەكەش كاك ڕەئووفی سەلیمیم پێشنیار كرد .

نێرەوی زستانێ بوو . بەفرێكی قەبە لەسەر زەوی كەوتبوو . مەترسیی هێرشی دوژمن كەمتــر بوو . ورد و لەسەرە خۆ ملمان لێ نا . دێ بە دێ و كۆخ بە كۆخ دەستمان پێ كرد . بە یارمەتیی ڕەئووف كە شارەزایی تەواوی لەسەر ناوچەكە هەبوو و سەرجەمی ئەندامەكانیشی دەناسیــن، زۆربەی نزیك بە تەواوی ئەندامانی تەشكیلاتیم بینیــن و بە وردی قسەم لەگەڵ كردن و شێوەی كاری نوێم پێ ڕاگەیاندن . نزیكەی مانگێك لە ناوچەكە دا گەڕاین و زۆربەی ئاوایی یەكان چووین . گەلێك مرۆڤی باش و

خراپـمان ناسیـن . هەڵ سەنگاندنێکی باشـمان کرد و لە زۆر بارانەوە شارەزایـی مان پەیدا کرد و گەڕاینەوە . ماوەیەك بەو شێوە تێ پەڕی و بە تەواوی بیووینە جێی متمانەی خەڵکی ناوچە کە . بە دڵگەرمی یەوە هاوکاری یان دەکردین، لە کۆبوونەوەکان دا چالاکانە بەشداری یان دەکرد و گوێڕایەڵی ڕێنوێنی یەکانـمان بوون . کەمی خایاند کە بۆ نێو شاریش پەڕمان هەڵاویشت و سەرنـجی زۆر کەسانـمان بۆ لای کۆمیتەکەمان ڕا کێشا . لەگەڵ زۆر کەسان پێوەندیـمان گرت و تەشکیلاتـمان لەگەڵ نوێ کردنەوە .چ لە باری ماددی و چ لە بواری مەعنەوی یەوە هاوکاری یان دەکردین . ئەو بازاڕە کە ببوە بنکەی فەساد، کردمانە ئاڵقەی پێوەندیی نێوان حیزب و خەڵك . بەڵام مەخابن، تەمەنی ئەو قۆناغەش زۆر کورت بوو .

ڕێژیم بۆ گرتنەوەی ناوچە کە وە جـموجووڵ کەوت . هەموو شەوێك هەواڵیان پێ دەدراین کە دوژمن پەلامارمان بۆ دێنێ . لێی کردبووینە نەخۆشیی ڕەوانی و بۆ تاوێك مۆڵەتی نەدەدراین . کاك سەددیقی فەرڕوخیش بۆ ئەوەی زەبرمان وێ نەکەوێ زۆر بە ئیحتیاتەوە هەڵسوکەوتی دەکرد . ئێوارەیەکیان هەواڵیان هێنا کە ڕێژیم لەوانەیە ئەم شەو بێتە سەرمان . کاك سەددیق کۆی کردینەوە و بڕیارمان دا کە لە ئاوایی وەدەر کەوین . خۆمان پێچاوە و بە هەورازی هەڵ گەڕاین . لە هەموو ئەو کۆخانەی دەور و بەری بلەکێ کە هێزێك پێشمەرگەی تێدا دەشاردرایەوە، ئۆقرەمان نەگرت و بۆ بەندەنی کەڵکەکۆتری کە سنووری بلەکێ و چەمپاراو لێك جوێ دەکاتەوە هەڵ کشاین . هەورە ڕوو گرژەکان خۆیان لێك دا و نـمە نـمە باران دای کردێ . بێ سەربەرگ و بە جلی هاوینی یەوە، تەڕ و تلیس لەو بەندەنە ڕووتەنە هاتووچۆمان کرد و سەرما لە قەپرغەی داین . لە بەری بەیانیی دا ترووسکەی ئاورێکمان بە چاو ئەنگاوت و بە دەمیەوە چووین . پارێزمان بردێ و تێی ڕا ماین . خوا و ڕاستان کەسی لە دەورە نەبوو . شیلە و چەوتەمان لێ گرت و دەرکەوت کە دار بەڕوویەکی کلۆرە و شوانان ئاگریان تێ بەر دابوو . خۆمان بۆ کوتا و سنگمان تێ کرد . لە خوار دارەکەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قوڵکەیەکی لێ بوو کە مێگەلە مەڕێکی تێدا مۆڵ درابوو . هێندێکی دیکە ورد بووینەوە و چادرێکیشمان بە چاو ئەنگاوت کە لە خوار مێگەلەکەوە هەڵ درابوو . هێندێك بووژاینەوە و برسی یەتی گەمارۆی داین و هیچ خواردەمەنیشمان پێ نەبوو . دوو پێشمەرگەمان ناردن بۆ چادرەکە و لە لای شوانەکان هێندێك نانە ڕەقیان هێنا، بە وشکی ملمان لێ نا و ئەوەندەمان برسی بوو دەتگوت هەڵوای دەخۆین . هەرچۆنێك بوو شەومان ڕۆژ کردەوە . بەیانیی بەرەو ئاوایی داگەڕاینەوە و لە هێرشی دوژمنیش هەواڵێك نەبوو . بەڵام پاش چەند ڕۆژان خەونەکە وە ڕاست گەڕا و دوژمن هێرشی کرد و بە دانانی چەند مۆڵگە بەشێك لە ناوچەکەی داگیـر کرد و کۆز و کولانەی لێ تێك داین . بە ناچار سڕوسیپاڵمان تێکەوە پێچان و بەرەو ئاوایی (سیسارگ) کە لە نزیك سنووری کوردستانی عێراق هەڵ کەوتوە، کۆچمان کرد . گوندێکی بچکۆلانە و، دانیشتوانی پاك و خاوێن و سادە و سادق بوون . بە گەرمی پێشوازی یان لێ کردین و دوو ژووری خۆشکەڵەیان داینێ . بنکەمان دانا و دەستمان بە کار کردەوە . بەڵام ئەو ترس و لەرزە کۆتایی نەهات و شەو نەبوو هەواڵی هێرشـمان پێ نەگا .

شەوێکیان ئێشك گرەکەمان کە لەسەر بانی بنکەکە بوو، لە خوار ئاوایی یەوە ڕووناکایی یەکی بەرچاو کەوتبوو . بانگی کردین و خەڵکی ئاوایی مان لێ وە کۆ هاتن . لەوەی کە دوژمن دزەی کردوە و گەرەکیەتی گەمارۆمان دا، هیچ گومانیان نەبوو . لێ براوانە پێشنیاریان پێ کردین کە بۆ زەبرمان وێ نەکەوێ، ئەو شەوە ئاوایی بە جێ بێڵیـن . خۆمان گورج کرد و بەو تاریکە شەوە بەرەو ئاوایی گەرما و ملمان پێوە نا . هێشتا بە تەواوی لە ئاوایی وەدەر نەکەوتبووین کە هەورە تۆسن و نێوچاوان تاڵەکان لێك توورە بوون و تێکیان سرەواند . کردی بە شریخ و هووڕ و تەرزە و گۆپاڵ باران هەڵی ڕشتێ . ئەوەی ئەو شەوە بەسەر ئێمە هات، دوژمن لە ماڵت نا هومێد بێ . بەڵام ئەوەندەی باش بوو کە دوو کەسی شارەزای خەڵکی ئاوایی مان لەگەڵ بوون و ڕێگایان هەڵە نەکرد . ئێمەش دەستمان بە پشتێنی یەکدی گرت و بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوایان دا ڕیزەڵەمان بەست . هەر چۆنێك و بە هەرچەند سەعاتان بوو، خۆمان گەیاندە کۆخەکانی گەرماوێ . بەیانیش کە خۆشی کردەوە و هەواڵمان بۆ هات باسێك لە هێرش نەبوو .

بەرە بەرە ژیانی ئەوێشمان لێ تاڵ بوو . هاتینە سەر ئەو ڕایە کە مەقەڕەکەمان لە نێو ئاوایی وەگوێزین . لە لای سەرووی گوندەکە جێگایەکمان بە دی کرد و کەپروساباتێکە خۆشمان لێ دروست کرد . بەهاریش پیر بوو . ئیتر مەترسیی باران و لینگێزەمان لەسەر نەمابوو . لەو سەر و بەندە دا کاك سەددیق بەرەو کۆمیتەی شارستان بۆوە و ماوەیەکی زۆری پێ چوو هەر نەگەڕایەوە . شەوێك سەعات نزیك بە دوازدە بوو . دوو کەس هاتن و نامەیەکیان لە مستی نام . کاتێك کردمەوە کاك سەددیق نووسیبووی :

ــ ئەم شەو دوژمن هێرش دەکا و بە تەواوی دەست بەسەر ناوچەکە دا دەگرێ . ئێمە لەگەڵ لکی یەك لە پشتی ئاوایی بلەکێ بۆسەیان بۆ دادەنێین . ئێوەش ئامادە باش بن و بەیانیی وەرن بۆ لامان و لەوێ یەکتر دەگرینەوە .

نامە هێنەرمان بەڕێ کردن و کەل و پەلمان تێکەوە پێچان . هەرچی سەنەد و بەڵگەی کۆمیتەکە بوون لە دوو ساکانم خستن و لە نێو پەلە داران دا قایم کردن . خۆمان بەست و ئامادە باش دانیشتین . کاز و کووزی بەیانیی بە تەقەی ڕیزە گوللەیەك گوێم زرینگانەوە . هەستامە سەر پێ و کادر و پێشمەرگەکانیش بە گشتی ڕاست بوونەوە . دەنگی گوللەکان لە لای بلەکێوە بوو کە یالێك لە نێوانمان دا بوو . ئەمن بۆ یاڵەکە پێ هەڵ گەڕام و هاوڕێ کانیشم وە دوام کەوتن . هەتا گەیشتمە سەر بەندەنی، تاو ترۆپکی ئەنگاوتن . بە دیوی ئاوایی(کانی مامر) دا کە لەگەڵ بلەکێ ئەم بەرا و بەر بوون داگەڕام . لەم بەر ماڵەکانەوە پۆلە شاخێکی لێ بوو، چوومە سەر شاخەکە و پۆلە چەك دارێکم لە پشت ماڵەکانی بلەکێ بە چاو ئەنگاوتن . وام زانی کاك سەددیق و پێشمەرگەکانی لکی یەك هاتوون و لەسەر قەول و بەڵێنی خۆیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێ کەمینیان داناوە . فیشەکێکم بردە بەر لوولەی تفەنگەکەم کە بۆ نیشانە بی تەقێنم و ئاگاداریان کەم کە ئێمەش لێرەین . کەچی هەر لە خۆوە ژێوان بوومەوە و قامکم لەسەر پەلە پیتکە شل کرد و لە دڵی خۆم دا گوتم : ئەمن ئەو فیشەکە بۆچی خەسار کەم؟ هەر ئاوا دەچم بۆ لایان و پێویست بە ئاگادار کردنیش ناکا . لە شاخەکە هاتمە خوارێ و چاوەڕوانی هاوڕێکانم بووم کە بمگەنێ و پێکەوە بڕۆین . هەر ئەوەندەم زانی قرمە لەسەر سەرم هەستا و ڕیزێك گووللەی دۆشکە لە شاخەکە هەڵ بەزینەوە و پڕیشە بەرد بە سەرم دا هەڵ وەرین! بۆم دەر کەوت کە ئەوانەی من بە پێشمەرگەم دەزانین و خەریك بووم بەرەو لایان بڕۆم، پاسداری کەڵە گا بوون . لە تاریکیی شەو کەڵکیان وەرگرتبوو و بەرزایەکانیان هەموو کردبوونە سەنگەر . بە پەلە خۆم دایە پاڵ شاخەکە و بە خڕەکە دا هەڵ کشامەوە بۆ بەندەنێ و دیتم هاوڕێکانیشم لەوێ خۆیان وە بن قەدە داران داوە و تەماشایان دەکردن . ئەوان هەر زوو زانیبوویان چەکداری دوژمنن بۆیە بە دوام دا نەهاتبوونە خوارێ . هەموومان داکشاینە خوارێ بۆ بەرامبەریان و دەستمان لێ بە تەقەی کردن . هەتا ئێوارێ ئەم بەراوبەر تەقەمان لە یەکتر کرد و نە ئەوان لە جێی خۆیان بزووتن و نە ئێمەش وێرامان لێ یان نزیك وەبین . بەڵام ئێستاش نازانم لە نێو ئەو هەموو تۆپ خوومپارە بارانە دا ئێمە چۆن بە سلامەت دەرچووین و خوێن لە لووتمان نەهات!

بۆ شەوێ هاتینەوە بۆ گوندی سیسارك و بە خەمناکی سەرمان نایەوە . کەوتینە بەیانی و هەرچی کەل و پەلی بنکەکەمان بوو بەسەر ماڵان دا بەشیمانەوە و سەڵت و ڕەبەن ماینەوە . ئەوەی سەنەد و بەڵگەیەك پێویست بوو لەگەڵ خۆمان هەڵمان گرت و جانتا بە کۆڵ بەرەو کۆمیتەی شارستان ملمان پێوە نا . کاك سەددیقی بەرپرسیشمان پێی دا نەهاتەوە . چەکی دانا و بەرەو کوردستانی عێراق کە خێزانەکەی خەڵکی سلێمانی بوو، کۆچی کرد و کۆمیتەکەمان بێ بەرپرس بەسەر دا بە جێ ما . دوای ماوەیەك کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان گیرا و منیش کە جێگری بەرپرسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمیتەی ناوچە بووم و ئەویش لەوێ نەمابوو، وەك ڕاوێژ کار بەشداری کۆبوونەوە کە بووم . لەو کۆبوونەوە دا هەم شەرەفی ئەندامەتیی کۆمیتەی شارستانم پێ دراوە و هەم بەرپرسایەتیی کۆمیتەکەشم پێ سپێردرا . ئێمەش ئەندامانی کۆمیتە لە کۆبوونەوەك دا سەر لە نوێ کارمان دابەش کردەوە و بووینە کۆمیتەیەکی گەڕۆك . هەر دەم لە جێ یەك و هەر شەو لە دێ یەك دەستمان بە گەڕان کرد .

وەزعی کۆمیتەکەمان خراپ نەبوو . لە نێو خۆمان دا سەر لە حاندایەك و لە ناوچەکەش دا بە تەواوی ناسرابووین . سەرەڕای ڕێز دانان بۆ کەسایەتیی پلە و مەقامی پێشمەرگایەتیمان، لە باری شەخسیشەوە خەڵك خۆشیان دەویستین . پێویستە پێ لەو ڕاستی یەش بنێم کە بەشێکی ئەو ڕێز و حورمەتەی بۆ شەخسی خۆمیان دا دەنا، هۆی ئەوە بوو کە نوێژم دەکرد و، ڕێزم لە بیر و باوەڕی خەڵکی ناوچەکە دەگرت . چونکە هێندێك لە ماموستا ئایینی یەکان خەڵکەکەیان وا تێ گەیاندبوو کە ئێمە کموونیستین و دژی ئیسلام دەجووڵێینەوە . لە بیرمە کە بۆ یەکەمجار چووینە شارۆچکەی ئارمردە ڕۆژی هەینی بوو . خەڵکێکی زۆر تەنانەت هی کۆخەکانی دەر و بەریش بۆ نوێژی هەینی لە مزگەوتێ کۆببوونەوە . نوێژمان کرد و ئیزنمان لە ماموستا وەرگرت کە قسە بۆ بەشدارانی نوێژی هەینی بکەین . چوومە میحڕابی مزگەوتێ و دەستم بە قسان کرد و بۆ سەرنج ڕاکێشانی ماموستا، یەك دوو ئایەتی قورعانیشم خوێندەوە . ماوەی زیاتر لە سەعاتێك قسەم کرد و بەشداران بە تامەزرۆیی یەوە گوێ یان بۆ شل کرد . بلێندگۆش بلاوی دەکردەوە و لەگەڵ ئەوە دا مۆڵگەی دوژمن لەسەر تەپۆڵکەیەکی سەرووی شارۆچکە کە بوو، ڕادەیەکی زۆر لە ژن و پیاو لەبەر دەرگای مزگەوتێ کۆببوونەوە و گوێ یان بۆ قسەکان شل کردبوو . ئەو کۆبوونەوە لە هەموو ناوچەکە دا دەنگی دایەوە و بوو بە هۆی خۆشەویستیی زیاتری هەموو کادروپێشمەرگەکانی کۆمیتەکەمان .

بەڵام بە هۆی گرتنەوەی بەشێکی زۆر لە ناوچەکەمان لە لایەن ڕێژیمەوە، کارکردن هێندێك دژوار بوو . فشاری لە ڕادە بە دەری دوژمن بۆ سەر دێ نشینەکان، گرتن و جەزرەبە و ئەشکەنجە دانیان بە تاوانی هاوکاری کردن لەگەڵ پێشمەرگە و دەیان بڕووبیانووی دیکەی لەو چەشنە، ترس و لەرزێکی زۆریان لە دڵی خەڵکی ناوچەکە دا پێك هێنابوو . هێندێك زڕە کوردی خۆشفرۆش و مەسڵەحەت خوازیش لەو هەلە کەڵکیان وەرگرت و پاڵیان وە ڕێژیمەوە دابوو کە لەسەر دابەزینی ورەی خەڵکی ناوچەکە شوێنەواری دانابوو . خەڵکیان وا تێ گەیاندبوو کە بۆ هەمیشە ڕێگای گەڕانەوە لە پێشمەرگە بەربەست کراوە و تازە سەری پێدا ناکاتەوە . هەربۆیە بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو پڕ و پاگەندانە و داچڵەکاندنی ئەو کاسەلێس و گوێ لە مستانەی ڕێژیم، بەتاڵووکە وە خۆ کەوتین و بە داڕشتنی بەرنامە و پلانێکی گونجا و لەگەڵ قۆناغەکە دا، قۆڵمان لێ هەڵ ماڵین و گەشتێکی تە بلیغاتیمان بە هەموو ناوچەکە دا دەست پێ کرد . شەوانە دەچووینە ئاوایی یەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم و کۆبوونەوەی گشتی مان بۆ دەکردن و هەڵوێستی حیزبمان سەبارەت بە داهاتوو بۆ شی دەکردنەوە . هێندێك پیاو خراپیشمان گرتن و تێ مان گەیاندن کە لەبەر دەستی پێشمەرگە ڕزگار نابن و ئەگەر لە کردەوەی خۆیان ژێوان نەبنەوە، حیزب بە سەزای کردەوەی خۆیان دەگەیەنێ . لە ماوەیەکی کورت دا لە باری سیاسی یەوە توانیمان بەسەر وەزعەکە دا زاڵ بین و ئەو ترس و لەرزە لە دڵی خەڵك دەرکەین و بە تەواوی ناوچەکە هێور کەینەوە .

سەبارەت بە تەشکیلاتیش هەرچی شانە خیزبی یەکان بوون لە بەر یەکمان هەڵ وەشاندن و پاش بژار کردن و لە هێڵەك دانیان، شێوەی تەشکیلاتەکەمان گۆڕی و لە شانە بەندی یەوە کردمانە هەستەی نەهێنی و هەر ئەندامەی ڕاستە و خۆ پێوەندیی لەگەڵ کادری تەشکیلاتی کۆمیتەکەمان هەبوو . بۆ ئەوانەش کە هێندێك گومانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر بوو، بە جوێ ڕێكمان خستــن و بۆ ئەوانیش چوارچێوەیەكی جیاوازمان دیاری كرد و كارمان پێ سپاردن .

لە باری كۆمەڵایەتیشەوە هەنگاوی پێویستمان هەڵ گرت . شووڕاكانـمان وەگەڕ خستنەوە و كارمان پێ سپاردنەوە . بەرەو ڕووی خەڵكەكەش بەڵێنمان پێ دان كە حیزب پشتیوانیی تەواویان لێ دەكا و هەر كەسێك دژیان ڕاوەستێ و كار شكێنی یان بكا، بێ سوئال و جواب دەیگرین و سزای دەدەین . لەو گەڕانە دا كە دەوری مانگێك درێژەی كێشا، كەم ئاوایی یەك مابوو كە سەرمان لێ نەدابێ و كۆبوونەوەی گشتی مان تێدا نەكردبێ . پیاو هەق بڵێ خەڵكی ناوچەكەشـمان بێجگە لە تاك و تووك كەسانێك كە لە هەر لایەكەوە بای هاتبایە شەنیان پێ دەكرد و نانیان بە نرخی ڕۆژ دەخوارد ، زۆربەی هەرە زۆریان مرۆڤی پاك و خاوێن و سادە و بێ فڕ و فێڵ بوون . بە دڵەوە حەزیان لە كوردایەتی دەكرد و تەنانەت لە گیان و ماڵی خۆشیان مایەیان بۆ دادەنا . هەربۆیە لەگەڵ هەموو ئەو ماندوو بوون و شەو نـخوونی و هاتوچۆ و مەترسی یەی لەگەڵی بەرەو ڕوو بووین، پڕ بە دڵ حەزم لە كاركردن لەو ناوچەیە دا دەكرد و لێی ماندوو نەدەبووم .

## پەڕاوێزەكان :

1 ــ كاك مـحەمـمەدی كەریـمی(قاقە) خەڵكی بانە و یەكێك لە كۆنە ئەندامان و لەسەر حیزبایەتی جەزرەبە درابوو و زیندانی كرابوو . ئەوەندەی لە بیـرمە ئەندامی كۆمیتەی شارستان بوو . سەرەنـجام بە هۆی پیـری و بەساڵان دا چوونی، ڕێگای



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئورووپای گرته بەر و لە وڵاتی هولەند بە پەنا بەری دەژیا . زستانی ساڵی 1385ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد .

2 ــ کاك ئەسعەد خەڵکی سەقز و کادری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو . لە ڕابردووی زۆر ئاگادار نیم و هەر بەوەندە دەی برمەوە کە خۆی تەسلیم کردەوە و ئێستا نازانم لە کوێ یە و چۆن دەژی .

3 ــ قسەی خۆمان بێ هاوڕێکانم زۆریان لەبەر گران بوو کە من قسەم دەکرد و خۆم کردبوە نوێنەری کۆمیتەی شارستان و سنگم تێ هەڵ پەڕاندبوو . بەڵام نەدەکرا بە درۆم وەکەن، چونکە لە زۆربلێیی دا دەستی منیان پێ نەبوو .

4 ــ دیارە شانازیی بەڕێوە بردنی کۆنفڕانسەکەشیان بە من بەخشیبوو .

5 ــ کاك ئەکرەم خەڵکی بانە و بە تاوانی حیزبی بوون ڕێژیم گرتی و حوکمی ئیعدامی بەسەر دا سەپێنرا . حیزب گۆڕینەوەی پێ کرد و لە مەرگ ڕزگاری کرد . ماوەیەك لە کۆمیتەی ئاربەبا و پاشان هەتا ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی بانە چوە پێش . ساڵی 1365ی هەتاوی چەکی دانا و لە شارۆچکەی قەڵا چوالان کاسبیی دەکرد . ئەگەر باش لە بیرم مابێ، ساڵی 1366ی هەتاوی خۆی تەسلیم کردەوە و خوا پێم نەگرێ دەڵێن : گۆڕاوە و بە لای ڕێژیم دا بای داوە و چەندین کەسی بە گرتن داوە . " وەڵڵاهو ئەعلەم " .

6 ــ کاك ڕەئووف خەڵکی گوندی وشتر مل و پێشتریش کادری کۆمیتەی ئاربەبا بوو . بە هۆی هێندێك تەنگ و چەڵەمەی تایبەت بە خۆی، چەکی دانا و خۆی تەسلیم کردەوە . بەڵام وەك ئەندامی حیزب هەر کاری دەکرد . پاش ماوەیەك ڕێژیم گرتی و بە داخەوە ئیعدام کرا .

7 ــ مەلا حسێین خەڵکی ئاوایی کانی بەن و، ئەویش خۆی تەسلیم کردەوە . بە پێی هەواڵ ئەویش نان بە نرخی ڕۆژ دەخوا و بە هەموو بایەك شەنێ دەکا!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

8 ـــ كاك سەلام خەڵكی ئاوایی قایی بەرد و ئەویش پێشتــر كادری كۆمیتەی ئاربەبا بوو . ئەویش خۆی تەسلیم كردەوە و ئێستا كاسبكاری ماڵی خۆیەتی .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنفڕانسی نیـروان و، وه ئەستۆ گرتنەوەی بەرپرسایەتیی کۆمیتەی مەیدانان

سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ساڵی 1362ی هەتاوی بوو . بە پێی پێڕەوی نێوخۆی حیزب و ئەو چوارچێوه کە دیاری کرابوو، دەبا ئەو ساڵە کۆنگرەی شەشەم بگیـرێ . کۆنفڕانسی هێز و لك و دەستەکان بەره بەره دەستی پێ کرد و نوێنەریان بۆ بەشداری کردن لە کۆنفڕانسی کۆمیتەی شارستان دیاری کردن . کەمی پێ چوو کە کۆنفڕانسی کۆمیتەی شارستانیش لە مزگەوتی ئاوایی نیـروان دا دەستی پێ کرد . کادرەکانی ناوچەی بانە و نوێنەرانی پێشمەرگە بە گشتی ئامادە بوون و نوێنەری دەفتەری سیاسیش بۆ سەرپەرستی کردنی کۆنفڕانسەکە لەوێ بوو . ڕاپۆرتی کۆمیتەی شارستان خوێندرایەوە و خرایە بەر باس و لێ کۆڵینەوە . ڕۆژی دوازدەی خەزەڵوەر، یەکەم خومپارەی دوژمن کە لە ڕۆژئاوای مزگەوتەکە وە زەوی کەوت، گوێی بەشدارانی کۆنفڕانسی زرنگاندەوە . تا سەرمان بە پەنـجەران دا گرت، یەکی دیکەشی بە دوا دا هات . بە ناچار لە مزگەوتێ وەدەر کەوتیـن و خۆمان بۆ پەسیوان کوتا . بەڵام تۆپ بارانەکە ئەوە نەبوو کە پیاو خۆی بۆ لێ وەدزرێ . زاق و زووق وە نێو ژن و منداڵی ئاوایی کەوت و هەر کەس لە بیـری ڕزگارکردنی گیانی خۆی دا بوو . بەڵام چ فایدە تازە دەستی خۆی وەشاندبوو . چوار ڕۆڵەی تێکۆشەری گەلەکەمان، چوار لاوی زەحـمەتکێش و ماندوویی نەناس، چوار کادری لێوەشاوەی بە ناوەکانی حیزبەکەمان :

1 ــ کاك عومەری ڕەحیمی خەڵکی شاری بانە و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە .

2 ــ کاك عیززەتی مەحـمود زادە خەڵکی ئاوایی دۆڵە هەرزن و کادری کۆمیتەی مەیدانان .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

3 ــ كاك ڕەحمانی مەولوودی خەڵکی نجنێ خوارێ و کادری کۆمیتەی مەیدانان .

4 ــ کاك ئەنوەر هەڵۆیی خەڵکی ئاوایی هەڵۆ و کادری کۆمیتەی مەیدانان .

شەهید و چەند کەسیش بریندار بوون و ئەو ڕۆژە هەر چوارمان لە گۆڕستانی ئاوایی بە ئامێزی دایکی نیشتمان سپاردن .

بە دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دا کۆنفڕانسەکەمان بۆ سەرووی ئاوایی گواستەوە و هەڵبژاردن دەستی پێ کرد . لەو هەڵبژاردنە دا منیش یەکێك لە نوێنەرانی هەڵبژێراو بۆ کۆنگرە بووم کە لە هێنانەوەی دەنگی بەشداران دا دووهەمین کەس بووم . کۆنفڕانس کۆتایی پێ هات و هەر کەس بەرەو شوێنی کار و تێکۆشانی خۆی بڵاوەمان لێ کرد .

ماوەیەك بەسەر دا تێ پەڕی و ئاخر و ئۆخری مانگی سەرماوەزی ساڵی 1362ی هەتاوی بوو . کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان کە خۆم تێیدا بەشدار بووم، لە پشتی ئاوایی دوونێس لە بنکەی زیندان پێك هات . یەکێك لە بڕیارەکانی کۆبوونەوە ئەوە بوو کە دووبارە بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی مەیدانان وە ئەستۆ گرمەوە! هاوکارەکانیشم هەر ئەوانە بوون کە بە هەڵبەستنی چەندین بوختانی ناڕەوا پێشوازی یان لێ کردبووم . چەندی داد و فیغانم کرد فایدەی نەبوو، بڕیاری حیزبە و پاشگەز بوونەوەی نیە . مەسەلە گۆڕینم هێنایەوە گۆڕێ و سکاڵام کرد کە تووشی ئەو گۆڵمەزەم نەکەنەوە . بەڵام هاوکارەکانم لەبەرانبەر هەموو ئەندامانی کۆمیتەی شارستان دا بە سوێندانەوە ڕەش بوونەوە کە هەڵەی وا دووپات نابێتەوە و کەسایەتیم دەپارێزن و هاوکاریی تەواوم دەکەن . بە ناچار ملم بە لارەوە نا و تەسلیم بووم . دەستمان لە نێو دەستی یەکتر نا و بەڵێنی مەردانەمان بە یەکتر دا کە هاوڕێی وەفاداری یەك بین و هەموو هەوڵ و تێکۆشانمان لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزب دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ . خۆمان پێچاوە و سەر بەرەو ژوور تێ هەڵ بووین و خۆمان گەیاندەوە کۆنە هەواری .

سەرەتای وەرزی زستان بوو، چیا بەرزەکان تاق و لۆق مەندیلیان بەستبوو . مانەوە لە کوێستانەکان کە قایم ترین سەنگەر و پشتیوانمان بوون، دژوار ببوو . دەبا بە شێوەیەکی تەواو پارتیزانی خۆ لەگەڵ هەل و مەرجەکە بگونجێنین . بەرنامەی گەشتێکی دوور و درێژمان داڕشت و بێ ڕاوەستان دەست بە کار بووین . دوور لە بە خۆ دا هەڵگوتن و لە خۆ بایی بوون دەتوانم بڵێم هەستم پێ دەکرد کە ئاوایی نشینەکان لە چوونەوەم هەستی خۆشحاڵی یان دەردەبڕی . زۆر کەسان دەیانگوت :

ـــ شەرمەزارین لەوەی کە لە کاتی بڵاو بوونەوەی دەنگۆی خۆ تەسلیم کردنەوەت دا لەگەڵت سارد بووین .

بەڵام ئەمن وەسەر خۆم نەدێنا و بە ڕوو خۆشی یەوە دەمگوت :

ـــ بۆ ئەوەش سوپاستان دەکەم . چونکە ئەو هەڵوێستەی ئەو کاتی ئێوە نیشانەی نیازپاکی و نیشتمانپەروەریتان بوو . ئێوە لەسەر ئەوە لەگەڵ من سارد و سڕ بوون کە لاتان وابوو خۆم تەسلیمی کۆماری ئیسلامی دەکەمەوە . بۆیە هەڵوێستەکەتان بۆ من جێگای ڕێز و پێزانینە .

سەرتان نەیەشێنم سەر لە نوێ تێکۆشانمان دەست پێ کردەوە . کار و بارێکی ئێجگار زۆر لە ناوچەکە دا بەسەر یەك دا ترشابوون . بەتایبەت کاری کۆمەڵایەتی و قەزایی هەر لە ژن بە ژنە و گەورە بە چووکە و سێ بە گایە ڕا بگرە هەتا دەگاتە ناکۆکیی زەوی و زار و لەوەڕگە و جێ هەوار و گەڵا جاڕ و ئاو و . . . . بەتایبەت ناکۆکیی نێوان وەرزێر و هێندێك لە بەگەکان سەری هەڵ دابۆوە و کاتی بەردرێژ و کادری لێزانی گەرەك بوو . لە باری سیاسیشەوە ناوچەکە هێندێك تووشی ئاڵۆزی و پشێوی هاتبوو . هێندێك مرۆڤی هەلپەرست بەرەو لای ڕێژیم کشابوون و تەنگیان بە مرۆڤە سادق و پاك و پاڵاوتەکان هەڵ چنیبوو . باری تەشکیلاتیی ناوچەکەش بەرەو

لاوازی چووبوو . بەشێك لە ئەندامەكان تووشی دڵە ڕاوكێ ببوون . تەنانەت نەقڵ كردنی منیش بە كۆمەڵێك تاوانەوە و پڕ و پاگەندەی پێشووی هاوڕێكانم لەسەر خەیانەتی من و پاشان ڕوون بوونەوەی سەرچاوەی پیلانەكەش كە ببووە هۆی وە درۆ خستنەوەی كادرەكان، شوێنەوارێكی ئەوتۆی لەسەر خەڵكی ناوچەكە دانابوو كە هێندێكان بە چاوی گومانەوە لە كادرەكانیان دەڕوانی . بەتایبەت كاتێك دیتیان كە پاش ماوەیەكی كەم حیزب هەر بەو متمانە و مەسئوولییەتەوە بەرپرسایەتیی ناوچەكەی پێ سپاردمەوە، كۆمەڵێك پرسیاری بۆ خەڵك خولقاندبوون . ئەوانە و زۆر شتی دیكەی لەو بابەتانە ئێمەیان هان دەدا كە بە ڕووحێكی پڕ لە هاوفكری ونیازپاكی یەوە قۆڵی لێ هەڵ ماڵین و بە فیداكاری و خۆ ماندوو كردن چارەسەری گیر و گرفتەكان بكەین . جێی سەرنجە كاك ڕەحیمی خودا مرادی(1) و دوكتور ڕەسووڵیش(2) مان پێ زیاد ببوون كە هەردووكیان لەو كوڕە باشانەی حیزب بوون . كۆبوونەوەیەكمان پێك هێنا و كارەكانمان دابەش كردن . ئەمن بەشی تەشكیلاتم وە ئەستۆ گرت و چاوەدێریم بەسەر كارەكانی دیكەش دا دەكرد . توند و تۆڵ لێی وە خۆ كەوتین و ماندوویی نەناسانە شانمان وەبەر دا و هەر شەوە لە دێ یەك دەستمان پێ كرد . هەر ئاوایی یەك چووباین، ڕیزمان لە كارەكان دەگرت و هەتا قونچكمان نەكردبان وازمان لێ نەدێنان . خەڵكی ناوچەكەش كە بەو شێوەیە نیازپاكی و سەر لە خاندایەكیی ئێمەیان بۆ دەركەوت، بە دڵەوە هاوكاری یان دەكردین و بە دەنگمانەوە دەهاتن . لەگەڵ زۆربەی مامۆستایانی ئایینی پێوەندیمان گرت و بۆ ڕاپەڕاندنی كار و باری ئاوەدانی داوای یارمەتیمان لێ كردن . لەگەڵ شووڕا و ڕیش سپی و دەمڕاستی گوندەكان كۆبوونەوەمان كرد و كارمان بۆ دیاری كردن و لە پشتیوانی لێ كردنیان دڵنیامان كردن .

كارەكانمان زۆر بە ڕێك و پێكی دەچوونە پێشێ . لە ماوەیەكی كورت دا زۆربەی ناوچەكە گەڕاین و بەشێكی بەرچاو لە ناكۆكی یەكانمان چارەسەر كردن . لەگەڵ

ئەوەش دا بە نەهێنی لە کاری تەشکیلاتی خافڵ نەبووین و لەگەڵ ئەندامانی حیزب بیـر و ڕامان گۆڕی یەوە و ئەرکەکانی ئەو قۆناغەی بزووتنەوەمان پێ ڕاگەیاندن . تەشکیلاتەکەشـمان گیانێکی نوێی وەبەر هاتەوە و ڕەوتێکی تازەی دەست پێ کرد . بەڵام ئەوەشـمان لە بیـر نەچێ کە مانەوە و هەڵسووڕان و کار کردنەکەمان بە گشتی، بەربەرەکانی کردن لەگەڵ مەرگ دا بوو . چونکە هەر وەك لە پێشدا باسم کرد، کوێستانەکان سارد بوون و بۆ مانەوە نەدەبوون و بە ناچار دەبا لە نێو ئاوایی یەکان مابایینەوە . دوژمنیش بەو نیازە کە ڕۆژێك لە دێ یەك گەمارۆمان دا و خاشە بڕمان کا، سـمێڵی لێ ماڵیبووینەوە و لە هەوڵی لە داو خستنمان دا بوو . دەبا زۆر وریا بیـن و بە لێزانی پیلانی دوژمن پووچەڵ کەینەوە و کە هەستمان بە جـموجووڵ کرد، لە بەری بڕۆین و جێ خاڵیی بدەینێ . ڕۆژانە کە لە گوندەکان دا دەمایینەوە، دەبا لە بەرزاییـیەکانی زاڵ بەسەر ئەو نێوە دا دیدە بانـمان هەبێ و هەموو هەست و خوستێکی دوژمن بگرینە ژێر چاوەدێری . شەوانەش لە ماڵێك دەنووستین و کێشکمان دەکێشا . بەیانیش شەوی دەما بە گشتی وەسەر بەرزایەکان دەکەوتین و ئامادە باش دا دەمەزراین و دەور و بەری خۆمان دەگرتە ژێر چاوەدێری . بەڵام پیاو لە هەق لا نە دا، ئەوەی ئێمەی لە زەبری دوژمن پاراست، نیازپاکی و هاوکاری کردنی دڵسۆزانەی خەڵکی ناوچەکە بوو . ئەوان بوون کە لە چکۆلە ترین جـموجووڵی دوژمن ئاگاداریان دەکردین . جیا لەوەش چەند کەسێکمان بار هێنابوون کە هاتوچۆی نێو ئۆرگانەکانی ڕێژیـمیان دەکرد و چی هەواڵ و دەنگ و باسێك دیتبایان، لە هەر کوێ باین جێ بە جێ ئاگاداریان دەکردین .

لێرە دا وێنەیەکی بە ڕواڵەت چکۆلە، بەڵام پڕ لە دڵسۆزی و نیازپاکیی ئەو خەڵکە کە هەڵ دەگرێ وەك بیـرەوەری یەکی بایەخدار بۆ بەرەی داهاتووی گەلەکەمانی بەجێ بێڵین و بۆ هەتا هەتایە وەك دەسکەوتێکی گرانبەها لە مێشکم دا نەخشی بەستوە، بۆ تۆی خوێنەری خۆشەویستی بگێڕمەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە یەکێك لەو شەوانە دا کە بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم دا دەگەڕاین، ڕێمان کەوتە یەکێك لە گوندەکانی نزیك جاددەی بانە سەردەشت کە لە مۆڵگەی دوژمن نزیك بوو . لە مێژ بوو پێشمەرگە ڕێی لەو ئاوایی یە نەکەوتبوو . خەڵکی بە تامەزرۆیی یەوە لێمان وەدەر کەوتن و پاش بەخێر هاتن و چاك و خۆشی کردن، شووڕای ئاوایی بەسەر ماڵان دا بەشی کردین . منیش بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەندامانی حیزب کە دەبا هێندێك بە نەهێنی دیتبامن، بە تاقی تەنیا بە نێو ئاوایی دا دەگەڕام و چاوم لە ئەندامەکان دەگێڕا . لە چەند کۆڵانان تووشی خەڵکی دەبووم و خولقیان دەکردم، بەڵام لەگەڵ یان نەدەچوومە ژووری و بە بیانوویەك خۆم لێ دەدزینەوە . بە بەر دەرگای ماڵێك دا تێ پەڕیم کە دەرگای حەوشەکەیان لەسەر پشت بوو . سەیرم کرد پیـرێژنێکی پرچ سپی، نێوچاوان نوورانی و جەماڵ پاك پشتی بە لا شیپانی دەرگاکەوە دابوو . هێشتا نەگەیشتبوومە بەر دەمی کە بە ئیشارەی دەست بانگی کردم . منیش بە دەمیەوە چووم و سلاوم لێ کرد و جوابی سلاوەکەی دامەوە و گوتی :

ــ ئەتۆ پێشمەرگەی؟

ــ بەڵێ پووریّ گیان! چ دەفەرمووی؟

ــ وەرە ژووریّ، دەمێکە چاوەڕوانتانـم، دیاریـیەکی باشم بۆ هەڵ گرتووی، یا خوا ب خێر بێن .

ــ باشە پووریّ گیان! ئەتۆ من دەناسی؟

ــ ئەی تۆ نالێی پێشمەرگەم؟

ــ بەریّ وەڵا پێشمەرگەیەکم ئاو لێڵ ناکەم .

ــ دەباشە وەرە ژووریّ .

دەستی گرتـم و بردمیە ژووریّ و هێندێك دیزە و گۆزەی پشکنین و پەڕۆیەکی چڵکنی گریّ دراوی دەرێنا و دایە دەستم و گوتی :

ــ ها . . ئەوە دوازدە فیشەکی تێدان . بەڵام نەچی بە خۆڕایی هەڵیان تۆقێنی و خەساریان کەی . بە گۆڕی ئەو جوانە مەرگانە لە ڕۆژی خۆی دا(مەبەستی ڕۆژی قیامەتێ بوو) بەرۆکت دەگرم و لێت دەپرسمەوە داخوا چەند کەست لەو بێ دینانە پێ کوشتوون . بەڵام توخوا ڕۆڵە سەربازان مەکوژن گوناحو دەگاتێ، بە خوای بە زۆریان دەنێرن دەنا بۆخۆیان پێ یان خۆش نیە . هەر جاشەکان و حەجەمەکان بکوژن . ئاگاشتان لە خۆتان بێ ڕۆڵە دوژمنەکەتان زۆر غەددارە، باوەڕیش بە هەموو کەس مەکەن .

پاشان هەردووك دەستی بەرەو عاسمان حەوا دان و بە دەنگێکی نووزەڵە گوتی :

ــ یا خوا ڕۆڵە! خودا لە دایك و بابی خۆتان نەستێنێ و لە تیری چڵکنان بە دوور بن و ڕەسوولەڵڵا باڵتان بەسەر دا بکێشێ . ڕەببی ڕۆڵە بە نیازی دڵی خۆتان بگەن .

منیش سوپاسم کرد و پە پێی ویستی خۆی دڵنیام کرد . ئەو جار دەستم ماچ کرد و ئەویش نێوچاوانی ماچ کردم و ماڵاوایم لێ کرد .

ئەو دیمەنە بە ڕواڵەت ساکارە کە کۆمەڵێك مەبەستی شاراوەی لە هەناوی خۆیدا کەڵەکە کردبوون، گەلێك ڕازی نەهێنیی بۆ درکاندم . نیشتمانپەرستی، گەلدۆستی، هەست کردن بە چەوسانەوە، ئیمان و باوەڕی قایم بە بزووتنەوە، خۆشەویستیی پێشمەرگە، لێك هەڵاواردنی دۆست و دوژمن و گەلێك شتی دیکەی لەو بابەتانە، لەو ڕازە شاراوانە بوون کە لە هەستی دایە پیرە دا خۆیان حەشار دابوو و کەس ڕێی پێ نەبردبوون . کێ تا ئەو کاتە دەیزانی پیرێژنێکی ئاوا پەك کەوتە و کەلەلا کە سەری لە گوێی قەبری دەلەرزێ، ئەو هەموو زانیارییانەی لە مێشکی خۆی دا تۆمار کردوون و لە کاتی خۆی دا بۆ ئامۆژگاری کردنی جگەرگۆشەکانی کەڵکیان لێ وەر دەگرێ! بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو زڕە کوردانەی گەلەکەیان و زێد و ژینگەکەیان بە بێگانە دەفرۆشن، بۆ دەبێ ئامۆژگاریی داپیرەکانیان لە گوێ نەگرتبێ و، ویژدانی خۆیان(ئەگەر هەیان بێ) نەکەن بە داوەر و سزای خەیانەتەکانی خۆیانی پێ دیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکەن . لێتان ناشارمەوە کە ئیمانی داپیـرە تا ڕادەیەکی بەرچاو شوێنەواری زۆرتری لەسەر ورە و ئیـرادەی خۆشم دانا و هەر ئەو شەوە بەڵێنم بە ویژدانی خۆم دا کە تا سەر درێژە دەری ڕێگای پڕ لە شانازیی شەهیدان بـم و چی لە دەستم بێ لە پێناوی گەل و نیشتمانەکەم دا و بۆ خزمەت کردنی زیاتر بە بزووتنەوەی ڕزگاریـخوازانەی نەتەوەکەم، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خۆ نەبوێرم .

بەڵێ خوێنەری بەڕێز! ئەوە گۆشەیەك بوو لە دڵپاکی و هەستی نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی ناوچەکەمان کە زۆربەکورتی گێڕامەوە . با بێینەوە سەر باسی باسە گۆرینی و چۆنیەتیی ئەو ترس و لەرزە کە بواری حەسانەوەی لێ تەنیبووین . سەرەڕای هەموو ئەو مەترسی یانەی کە لەسەر ڕێگای تێکۆشانـمان دا قوت ببوونەوە، پێشمەرگەکانی لکی دووش کە لە ناوچەکە دا مابوون و هیوای ئەوەمان هەبوو لە هەر جێگایەك لە تەنگانە کەوین دەفریامان بێن، لەسەر بانگهێشتنی هێز و کۆمیتەی شارستان بۆ خوار جادده پەڕیبوونەوە و ئێمەیان بە جێ هێشتبوو . وادیار بوو کۆمیتەی شارستان لەوە ئاگادار کرابوو کە ڕێژیم پیلانی بۆ دەست بەسەر دا گرتنی ناوچەی خێڵە ڕەش و پاش ئاربەبا کە بنکەی کۆمیتەی شارستان و هێزی لێ بوو، دارشتبوو . نەخشەکەیان وا کێشابوو کە هێرشەکەیان بە جۆرێك ڕێك خەن کە کۆمیتەی شارستان و هێز گەمارۆ دەن و قڕیان تێ خەن . بەڵام پێش ئەوەی ئەوان دەسبە کار بن، هەواڵەکە بە کۆمیتەی شارستان گەیشتبوو . هەر بۆیە پێشمەرگەکانیان بە گشتی کۆ کردبوونەوە و لە پیلانەکە ئاگاداریان کردبوون . بەڵام پێشمەرگەکان چاوەڕوانی هێرشێکی بەو بەر بلاوی یە نەبوون و تەنیا لە چەند بەرزایی ناوچەکە دابیـن ببوون و بۆیان لە بۆسە خزابوون .

لەو لاشەوە دوژمن بە کۆ کردنەوەی هێزێکی زۆر لە جاش و پاسدار و بەسیجی و، بە کەڵك وەرگرتن لە تاریکایی شەو، بێ ئەوەی پێشمەرگەکان ئاگادار بن بە دزە ڕێ یان دا وەرێ کەوتبوون و تەواوی بەرزایەکانی زاڵ بەسەر ئەو ناوچەیە دا و تەنانەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زنــجیــره چیای سوورکێویش کە سنووری نێوان ئێران و عێراق دیاری دەکا و، کۆمیتەی شارستان و هێزیش لە داوێنی چیاکە لە گوندی نیــروان بوون، هەموویان داگیــر کردبوو . بەڵام کورد وتەنی : " کە خوا دای هێڵێك بەسە " تیمێکیان بێ ئەوەی بە خۆیان زانیبێ لووت و بزووت بەسەر بۆسەیەکی پێشمەرگەکان دا کەوتبوون . پێشمەرگەکان دەنگیان دابوون و ئەوانیش کە لایان وابوو جاشەکانی خۆیانن، بە زمانی خۆیان وەڵامیان دابوونەوە و، تەنانەت نەهێنیی شەویشیان درکاندبوو . پێشمەرگەکان کە لە هێرشی دوژمن ئاگادار ببوون، جا وەرە چت خواردوە؟ ترش و چەوەندەر! لێ یان وە دەست هاتبوون ئاغایەکی بە ماڵم، بەو تاریکە شەوە هەڵ بڕ دابڕیان وێ خستبوون و ئەوەی لەسەر پشتی بێژنگێ خواردبوویان، پێ یان هێنابوونەوە . هەر جێ بە جێ بە بێتەل هەموو کەمینی پێشمەرگەکانی دیکەشیان ئاگادار کردبوون و لە هەر چوار لاوە تێ یان سرەواندبوون .

دوژمن کە بە خەوی شەوانیش بیــری لەوە نەکردبۆوە لەو شەوە زەنگە دا چی بەسەر دێ و چۆن هەموو گەڵاڵەی پیلانەکانی لێ هەڵ دەوەشێنەوە، بە ڕادەیەك تاسابوو کە توانای دەست کردنەوەی لە بەرانبەر ڕۆڵە ئازا و بوێرەکانی دێمۆکڕات دا نەبوو . هێشتا گزنگ یەکەم ماچی کچی بەیانی لەسەر دوندی چیا بەرزەکان نەکردبوو، کە سەرجەم بەرزایەکانی زاڵ بەسەر مەڵبەندەکە دا کەوتبوونەوە دەست پێشمەرگەکان و هێزی پەلامار دەریان لە ئاڵقەی گەمارۆ وەرێنابوو . لەو چیا و چۆڵ و خڕ و دۆڵانە دا لێ یان کردبوونە چرە و گوڕە و تەق و تۆق و، ڕاوڕاوێنێکیان پێ کردبوون ئاغایەکی بە ماڵم، هەر وەرە سەیرێ . دوژمن کە ئاوا خۆی لە گەمارۆی پێشمەرگەکان دا بینیبوو، بە ناچار شەڕی مان و نەمانی دەست پێ کردبوو . شەڕێکی دەستە و یەخە و سەنگەر بە سەنگەر هەتا دەما و دەمی نوێژی شێوان درێژەی کێشا و زیاتر لە پێنج سەد کەس لە هێزی هێرش کەر کوژران و بە دیل گیــران . ئەو بەشەی کە مابوون و بە سەر شۆڕی و شپرزەیی بە لا شیوان دا خۆیان لە پێشمەرگەکان

دزیبێوه و خۆیان له مەرگ ڕزگار کردبوو، بەرەو شاری بانه تێ یان تەقاندبوو . سەیر ئەوه بوو له نێو شار له ڕوویان نەهاتبوو بڵێن چووینه سەر پێشمەرگەکانی حیزب و ئەو بەڵایەیان بەسەر هێناوین و، گوتبوویان لەگەڵ ئەرتەشی عێراق تێك هەڵ چوونـمان بوه . له هەمووی خۆشتـر ئەوه بوو که تاقه پێشمەرگەیەك خوێن له لووتیشی نەهات .

پاش ئەو شەڕە حەماسی یه بنکەی هێز و کۆمیتەی شارستان شڕە و شەپیتەیان تێك نابوون و بەرەو ئاوایی بواڵك و تیمار(3) کشان و لەو تەڕو تووشی و قوڕاو و چڵپاوه دا بێ نان و پێخۆر لەو چۆڵ و هۆڵه دا بەو هێنده نایلۆن و کەل و پەله سەرەتایی یانەی پێ یان بوو، هێندێك بەر بێڵایان بۆ خۆیان دروست کردبوون و تێیدا ستار ببوون .

## پەراوێزەکان :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

1 ـــ كاك ڕەحیمی خودا مرادی خەڵکی بانه و، سەرەتای تێکۆشانی له ڕیزی چریکه فیدایی یەکانی گەلی ئێران دا بوو . ساڵی 1362ی هەتاوی له شار هاته دەرێ و ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی هەڵ بژارد . ماوەیەکیش له کۆمیتەی ناوچەی ئاربەبا پێکەوه بووین . کردم به هاوکاری خۆم و کاری تەشکیلاتیم پێ دەکرد . دواتر چەکی دانا و لەگەڵ ڕاهی کارگەر بەرەو ئورووپا کۆچی کرد و ئێستا له وڵاتی بەریتانیا به پەنا بەری دەژی .

2 ـــ دوکتور ڕەسووڵ کادری دەرمانی و خەڵکی گوندی بەسرێی ناوچەی ڕەبەت بوو . چەندی بلێی دڵناسك بوو . دەبا هەمیشه لاواندبامانەوه . سەرەنــجام به هۆی تەنگ و چەڵەمەی بنەماڵەکەیەوه خۆی تەسلیم کردەوه و ئێستا درێژه به ژیانی شەخسی دەدا .

3 ـــ بواڵك و تیمار دوو گوندی کوردستانی عێراق له نزیك سنوورن و سەر به ناوچەی سیوەیلن که به هۆی ڕێژیــمی بەعسەوه وێران کرابوون .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کــۆنگرەی شەشەم و گـــەشتێکی تــەشـکیلاتی لە ناوچەکانی بـــا بۆس و مــەیدانان

ئاخر و ئۆخری مانگی بەفرانباری ساڵی 1362ی هەتاوی و سەر و بەندی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بوو . منیش کە یەکێك لە نوێنەرانی کۆنگرە بووم، کۆمیتەی شارستان بە بروسکە ئاگاداری کردبووین کە بچمە خوار جادده و بەرەو دەفتەری سیاسی وە ڕێ کەوین . دەفتەری سیاسیش لە پردی گەلاڵەی کوردستانی عێراق بوو(1) . منیش کۆبوونەوەیەکی بە پەلەم لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی ناوچەکەمان کرد و پاش ڕاوێژ کردن و بیــر و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ کادرەکان، چوارچێوەی کاری داهاتوویانــمان دیاری کرد و لەگەڵ حەوت پێشمەرگەی لکی دوو کە لە پشت جاددەی مابوونەوە سەر بەرەو خوار شۆڕ بووینەوە . ئەو شەوە لە جاددەی پەڕینەوە و بێ پشوو دان ڕێگامان کوتا . ڕۆژی دوایەش هەر بەرێوە بووین و شەو درەنگانێك گەیشتینە گوندی ماڵە دۆمان . هەر ئەو شەوە نامەیەکم بە پێشمەرگەیەك دا بۆ کۆمیتەی شارستان کە لە بوالکی بوو نارد کە دواخوا کەی و چۆن وە ڕێ کەوین . کاتێك پێشمەرگەکە هاتەوە کاك عوســمانی ڕەحیمی کە بۆ بەسەر ڕا گەیشتنی کۆمیتەی شارستان لەوێ دیاری کرابوو، نامەیەکی نووسیبوو کە هەموویان ڕۆیشتوون و منیان بە جێ هێشتبوو . منیش لە چۆمانێ بەو بەرێوە بستێك ڕێگا شارەزا نەبووم . ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و بۆ سبەینێ ڕا هاتینە گوندی چۆمان . کاك حەمە دەمینی بەنەژاژی(2) قەولی پێ دام هەتا کوڕاداوێ(3) لەگەڵم بێ . بەڵام ڕێگاکە زۆر دوور و منیش کە سێ ڕۆژ بوو بێ حەسانەوە بە ڕێ یە دا ڕۆیشتبووم برم نەدەکرد . ئێسترێکم بە سەد و پەنــجا تــمەن بە کرێ گرت و ڕۆژی مابوو لەگەڵ کاروانێ لە چەمی چۆمانێ ئەو بەر کەوتیــن و ملمان بە هەورازی یەوە نا و بەرەو بەندەنی گمۆ وەسەر کەوتیــن . سەعات دووی دوانیوەشەوێ گەیشتینە گوندی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوڕاداوێ و چووینە ماڵی کاك محەمەمەد چوارتایی(4) . هێندێك خەوتین و، بەیانیی نان و چامان خوارد و کاك محەمەمەد وە پێشم کەوت و چووین بۆ بنکەی تیپی سی و حەوتی شارباژێڕ (سەربە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان) کە بەرپرسەکەی کاك عەلی چوارتایی(5) بوو . بە هۆی کاك حەمەدەمین و کاك محەمەمەد لەگەڵ کاك عەلی یەکترمان ناسیەوە و زۆری حورمەت گرتم . چایەکمان خواردەوە و بۆ ماڵی خۆیان خولقی کردم . منیش سوپاسم کرد و تێم گەیاند کە بەو هۆیەوە دەبێ بچم بۆ دەفتەری سیاسی و شارەزای ڕێگاکەش نیم . ئەویش جێ بە جێ کاك محەمەمەدی برای و چەند پێشمەرگەی دیکەی ڕەگەڵ خستم و ماڵاوایيم لێ خواست . پێشمەرگەکان هەتا گوندی کونە ماسی لەگەڵم هاتن و گەڕانەوە . منیش سوار ماشێنێك بووم و بەرەو پردی گەلاڵە بە دۆڵ بێشکێ دا وەڕێ کەوتم و شەو درەنگانێك گەیشتمە دەفتەری سیاسی . هێشتا کۆنگرە دەستی پێ نەکردبوو کە کۆماری ئیسلامی بە کاتیۆشا بارانێك بەسەری کردینەوە . بەڵام بە هۆی لێ زانی و قایمەکاریی هاوڕێ یانی خۆمان بە خۆشی یەوە زیانمان وێ نەکەوت .

ڕۆژی 2ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1362ی هەتاوی پاش بەڕێوە چوونی بیرەوەریی 2ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد . سەرەتا ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن بەڕێز کاك دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبەوە خوێندرایەوە و خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە پەسند کرا . ئینجا تەنگ و چەڵەمەی نێو خۆیی هاتنە گۆڕێ و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا . دواتر مەسەلەی کورتە باس کە ڕێبازی حیزبی دێمۆکراتی دیاری دەکرد و لە لایەن بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبەوە گەلاڵە کرابوو، هاتە گۆڕێ و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرە بە دژی ڕاوەستان و قسەیان لەسەر کرد و بەر بەرەکانی یان لەگەڵ پەسند کردنی دا کرد . پاش باس و لێ کۆڵینەوەیەکی چەند ڕۆژە، بە هۆی پێ داگرتن و مکووڕ بوونی کاك دوکتور قاسملوو سەرەنجام زۆربەی دەنگی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشدارانی وەرگرت و پەسند کرا . ئەوجار کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردرایەوە و لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دا کاك دوکتور قاسملوو بە سکرتێری گشتی هەڵ بژێرایەوە .

ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە بەرپرسایەتی یەکان دا پێك هات . کاك هاشمی کەریمی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، بۆ دەفتەری سیاسی هەڵ بژێرا و کاك غەفووری هەمزەیی کە بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەنگی متمانەی وەرگرتبوو، بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی بانەی پێ سپێردرا و بەرەو مەڵبەندی تێکۆشانمان گەڕاینەوە . بە گەیشتنەوەمان بۆ کۆمیتەی شارستان، کۆبوونەوەیەکمان پێك هێنا و کارمان دابەش کردەوە . یەکێك لە بڕیارەکانی کۆبوونەوە ئەوە بوو کە بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی شارستان وا بە هێز بکرێ بەسەر هەموو کۆمیتە ناوچەکان ڕا بگا و ئاگاداری چەندی و چۆنیی تەشکیلاتی ناوچەکان بێ . یەکێك لەو کادرانە ئەمن بووم کە لە کۆمیتەی مەیدانان بانگ کرامەوە و لە بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی شارستان دا کارم پێ سپێردرا . پاش چەند ڕۆژان بۆ سەردان لە کۆمیتە ناوچەکان و هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشانی کادرەکان، مەئمووری یەتیان پێ سپاردم و بەرەو ناوچەی بابۆس وەڕێ کەوتم . بەرپرسی کۆمیتەکە مەلا کەریمی شەریفی(6) بوو . بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی ناوچەکەش مەلا کەریمی کیتابی بوو(7) . کۆبوونەوەیەکمان گرت و هەر سێکمان گەڵاڵەی گەشتێکی تەشکیلاتیمان داڕشت و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کۆمیتەکە دەست بە کار بووین . بە ماوەی چەند ڕۆژان سەرمان لە بەشێکی ناوچەکە هەڵێنا و لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامان پێوەندیمان گرت . ئەندامەکان لە باری تەشکیلاتی یەوە هێندێك لاواز بوون و کەمتر سیاسەتی حیزب و ئەرکی سەرشانی ئەندامی حیزبیان بۆ شی کرابۆوە . بەڵام لەسەر یەك ئیمان و باوەڕیان بە ڕێبازی حیزب پتەو بوو . منیش ئەوەی لە توانام دا بوو لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باری تەشکیلاتی یەوە بۆم باس کردن و شێوەی کاری تەشکیلاتی نوێم بۆ شی کردنەوە .

کارکردن لەو ناوچەیەش دا هەر وەك ناوچەکانی دیکە بوو . بە ڕۆژانە لە نێو ئاوایی یەکان دا دەماینەوە و شەوانەش دوای کۆبوونەوەی گشتی و دیتنی ئەندامەکان، هەتا بەری بەیانی دەماینەوە و پاشان بە بەرزیەکان هەڵ دەگەڕاین . پێشمەرگەشمان کەم لەگەڵ بوون، بۆیە دەبا زۆرتر وریا بین و تا ئەو جێگایەی دەکرا خۆمان لە شەڕ و تێك هەڵچوون لەگەڵ دوژمن لادایە .

لەو سەر و بەندە دا کاك ڕەحمانی خدریش(8) کە بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتیی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، بۆ هەڵسەنگاندنی کاری کۆمەڵایەتی و سەردان لە شووڕای گوندەکان، بە خۆی و چەند پێشمەرگەوە سەریان هەڵ دا و بوونە شەریکە مەئمووری یەتمان . هێشتا ناوچەکەمان بە تەواوی نەپشکنی بوو، شەوێکیان هەر ئێوارێ هەواڵی هێرشی ڕێژیم یان پێ ڕا گەیاندین . هەر بۆیە ئەو شەوە لە شەوەکانی پێشوو زووتر لە ئاوایی وەدەر کەوتین و بۆ بەرزترین لوتکەی زاڵ بەسەر ناوچەکە دا هەڵ کشاین و هەر کەسە لە بن بەردێك لە سەرمان گرمۆڵەمان کرد . ئەو شەوە لە هەموو شەوەکانی دیکە سارد تر بوو . کاتیش ئاخر و ئۆخری مانگی ڕەشەمەی ساڵی 1362ی هەتاوی یان سەرەتای مانگی خاکەلێوەی 1363 بوو . تاریك و ڕوونی بەیانی بوو، چاوێك زۆر تیژ نەبایە دۆست و دوژمنی لێك هەڵ نەداوارد . کاتێك سەرم هەڵێنا کادرەکان بە دووربین لە بەرزایەکانی ناوچەیان دەڕوانی و قامکیان بۆ شتێك ڕا دەکێشا و بە یەکتریان نیشان دەدا . هەستام و چووم بە لایانەوە و پرسیارم لێ کردن . یەك لەوان مەلا کەریمی شەریفی بوو، هێندێك بۆ دواوە کشایەوە و دووربینەکەی دایە دەستم گوتی :

ـــ سەیری هۆو تەپۆڵکانە کە جا بۆت دەردەکەوێ چیە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێك چاوم لێ کرد، چم دیبێ چاکە؟ هەموو زەوی یەکە لەبەر چاوانم دەجوولایەوە . دوژمن هێرشی هێنابوو چ هێرشێك، بێجگە لەو شوێنەی ئێمە، تەواوی بەرزایەکانی ئەو ناوچەی دەست بەسەر دا گرتبوون و خەریکی سەنگەر لێ دان بوون . پاشان هەموومان لە بن گاشە بەردێك کۆزیلکەمان بەست و بیر و رامان گۆڕی یەوە و لە یەکترمان دەپرسی چ بکەین؟! بەگشتی لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە خۆی تێ نەگەیەنین و بە شێوەیەك سەری خۆمان دەر کەین . وەك فارس دەڵێ : " زدن مردی و گریختن مردی " . یان کورد گوتەنی : " حیز و سلامەت " . بە لای کوێستانێ دا بامان داوە و ملمان پێوە نا . بەڵام چیتان لێ وەشارم؟ تەنگانە هەر پەلاماری دوژمن نەبوو، ئەو ڕۆژە سرووشتیش لێمان بە قاڕدا چووبوو . هەورە نێوچاوان تاڵ و گرژەکانی لێك دان و پڕووشەی بەفرێکی وشك سەرەتای قۆناغێکی دژوار و پڕ مەترسیی نیشان داین . هووژەی پیرە زریان و کڕێوە و بەفرە پشۆ تێك ئاڵقان و ڕووی خۆشی لێ وەرگێڕاین . تەم لە ترۆپکان هالا و بەرچاوی تاریك کردین و سەری لێ شێواندین . ڕێگامان ون کرد و هەر چەند کەس بە لایەك دا پەرتەوازە بووین . کەس نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێ و بەرەو کام لا ملی پێوەناوە! چەندی توانیمان هەڵ سووڕاین و نەمان زانی کوێمان پشکنیوە و لە چ حاندێك سەر وەدەر دەنێین .

دەما و دەمی عەسرێکی درەنگی بوو، تەم و مژەکەی هێندێك ڕەواندەوە و بەرچاوی ڕووناك کردینەوە . یەکترمان بەسەر کرتەوە و چەند کەسێکمان لێ بزر ببوون . چەندی هەڵسووڕابووین هەر بە دەوری خۆمان دا خولابووینەوە و لە بەندەنێ نەترازابووین . ئێستا بەرەو کوێ سەری خۆمان دەرکەین؟ گوندی قولْقولەی ناوچەی گەورکی سەقز! بمگرە و هاتم . وا دیار بوو ئەوانەی لێمان هەڵ بڕابوون، لە ئێمە شارەزا تر بوون و بەرەو قولْقولە ڕێ یان دەرکردبوو . هەر کە گەیشتبوونە جێ پێنج شەش کەس لە خەڵکی ئاوایی یان بە ئێسترەوە بە دوادا ناردبووین و لە چۆمی لای سەرووی ئاوایی گەیشتنە لامان . ئەوەی تەواو پەکی کەوتبوو کە یەك لەوان خۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووم، سواری ئێستران بووین و ئەوانی دیکەش وە پێشمان کەوتن . بوومەلێڵەی نوێژی شێوان شەکەت و ماندوو، برسی و لە پێ کەوتوو، خۆمان لە ئاوایی کوتا . خەڵکی ئاوایی بە پەلە لێمان وەدەست هاتن و بە گەرمی پێشوازی یان لێ کردین . بەسەر ماڵان دا بەشیان کردین و جل و بەرگی وشکیان بۆ هێناین و سۆبەیان بۆ نێڵ داین و بووژاندیانینەوە .

ئەو شەوە سەرینی خاتر جەمیمان وەبن سەری دا و بێ ترس و خۆف لێی نووستین . بۆ بەیانیی هەورەکانی بە تەواوی ڕەواندنەوە و خۆرەتاو ئامێزی لە زەوی وەرێنا و هەڵمەتووکەی لە لابەڕۆژان هەستاند . لەبەر دەرگای مزگەوتێ کۆ بووینەوە و کوڕ و کاڵ و پیــرە بەساڵا ندا چووەکانــمان لێ وە کۆ هاتن و بە قسەی خۆش و جەفەنگ و نەزیلان، تاڵی و تووشیی ڕۆژی پێشوویان لە بیــر بردینەوە و هەر پێ یان خەنی بووین . چێشتەنگاوێکی درەنگی مالاوایی مان لێ خواستن و ملمان بە هەورازی یەوە نا . دەما و دەمی نیوەڕۆیە بوو گەیشتینەوە سەر بەندەنی زاڵ بەسەر ناوچەی بابۆس دا . کاتێك بە دووربین لە ناوچەکەمان ڕوانی، دوژمن لە ماڵت ناهومێد بێ، کەل و قوژبنی ئەو مەڵبەندەیان بە پێگەی نیزامی کون بڕ کردبوو . کوڕم دەویست بتوانێ جەولەی تێدا بکا و خۆی لە زەبری دوژمن بپارێزێ .

بە ناچار مەئموورییەتەکەم بە نیوە چڵی بەجێ هێشت و کاك ڕەحــمانی خدریشم فریو دا کە نەچێتەوە بۆ کۆمیتەی شارستان و پێکەوە سەردانێکی ناوچەی مەیدانان بکەین . ئەوان هەشت و کەس و منیش خۆم و گوێچکەم، ماڵاوایــیمان لە کادر و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی بابۆس خواست و بەرەو ناوچەی مەیدانان وەڕێ کەوتین . لە پشتی ساوان و سەدبارانەوە تێمان کێشا و پاش مەنزڵبــڕیەکی پیاوانە، شەو درەنگانێك خۆمان بە ئاوایی نـجنێ سەروو دا کرد . نـجێ سەروو جێگای سەر هەڵدان و مەڵبەندی بە خۆدا هاتن و باو خۆش بوونــم بوو . هێشتا وە نێو ئاوایی نەکەوتبووین گرمۆڵەمان بەست و وێکڕا گوتیان :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ جا کاکە! ئەمە ئاوایی ئێوەیە و ئەتۆ لە هەمووماں شارەزا تری، پاراستنی گیان و ئەمنییەتی هەموومان لە ئەستۆی تۆیە . بۆ خۆشت دەزانی چەندە شەکەت و ماندووین، جێگایەکی وامان دەوێ کە ئەمشەو بێ ترس و دڵە خورپێ لێی بنووین .

منیش پشت ئەستوور بە پێشمەرگەکانی لکی دوو کە لەو نێوە بوون و هەمووشیان پێشمەرگەی خاراو و قاڵکراو بوون گوتم :

ـ خەمتان نەبێ، لە مۆڵگەی دوژمن دوورین و پێشمەرگەی لکی دووش لەم نێوەن، دەچینە ماڵی خۆمان و بێ خەم دەنووین .

ماڵی خۆمان لەو سەری ئاوایی بوو، بێ ترس و خۆف ڕێچکەمان بەست و چووینە بەر دەرگا و خۆمان لە ژووری کوتا . سلاو لە لە حازریان و لە ئامێزیان گرتین و چەندی بلێی خۆشحاڵ بوون . پاش بەخێر هاتن و من چۆن و تۆ چۆن، هەموویانم بە ماڵی خۆمان ناساندن و دانیشتین . سەروچاوایان بۆ تێ کردین و پرسیاری پێشمەرگەکانم لێ کردن . ئەوانیش گوتیان :

ـــ سبەینێ هەڵبژاردنە و ڕێژیم سندووقی دەنگدان بە ناوچە دا بلاو دەکاتەوە . پێشمەرگەکانیش بۆ تێکدانی هەڵ بژاردنەکە هەر ئێوارێ بەرەو ناوچەی دەشتە تاڵ وەڕێ کەوتوون کە بەیانیی لەسەر جاددەی بۆسەیان بۆ وەنێن و زەبریان لێ بوەشێنن . تەنانەت یەك پێشمەرگەش لە ناوچەکە دا نەماوە .

کاتێك ئەوەم بیست بە تەواوی هەستم بە مەترسی کرد و دنیام لێ بوو بە چەرمی چۆلەکە . بێ گومان هەر کام لە ئێوەش بان و بەو هیلاکی یە هەواڵی ئاواتان بیستبایە لە من باشتر دەرنەدەچوون . خۆ ئەگەر بە تەنێ بام دەمتوانی لە هەموو جێگایەك خۆم حەشار دەم و هەموو دنیا ئاگر بایە پرپیشکێکم وێ نەکەوێ . بەلام ئەو هاوڕێ یانەم بۆ نەدەحەوانەوە .

هێشتا نانمان نەخواردبوو کە لەتیفی مامە عەبەم وە ژووری کەوت و پاش بەخێرهاتن کردنمان گوتی :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ــ دەنگۆیەك بڵاوبۆتەوە كە گۆیا ئەمشەو ڕێژیم هێرش دەكاتە سەر ناوچەكە، جا نازانـم چەندی ڕاستە و چەندی درۆیە؟

هاوڕێكانـم بەو هەواڵە ماتی دای گرتن و چاوێكیان لە من كرد و گوتیان :

ــ چ بكەین؟

منیش بۆ ئەوەی دڵخۆشی وانـم دابێتەوە هیچ وەسەر خۆم نەهێنا و لەسەر خۆ گوتـم :

ــ خەمتان نەبێ، با نانەكەمان بـخۆین كار نیە خوا چاكی نەكا .

بە بەر نان و چا خواردنەوە لە دڵی خۆم دا زۆرم هێنا و برد و بیـرم لێ كردەوە . ئەمـجا ڕووم تێ كردن و گوتـم :

ــ براله! هیچ خۆتان سەغڵەت مەكەن، لێرە دەنووین هەتا بەری بەیانی و، شەوی بـمێنێ لە ئاوایی وە دەر دەكەوین و لە لا شیوێك دا خۆمان مات دەكەین . ئەگەر دوژمن هێرش بكا، خۆ پێشمەرگەی لێ نییە شەڕیان لەگەڵ بكا، ئەوانیش ئەگەر ترسی پێشمەرگەیان نەبێ، ئەوازوو بەرزایی یەكان چۆڵ دەكەن و گریـمان دوو مۆڵگەیان دانان . ئێمە هیچمان بۆ نابێ و بە لایەك دا خۆیان لێ دەدزینەوە .

بەڵام هەرچی كردم ئەوان لە دوویان نەدام و پێ یان لەسەر ئەو داگرت كە هەر ئێستا لە ئاوایی وەدەر كەوین . منیش لە ترسی ئەوە كە نەكا خوای نەخواستە شتێك ڕوو بدا و تووشی موشكیلەیەك ببین، ملم بە لارەوە نا و تەسلیمی نەزەرەكەی ئەوان بووم . هەستاین خۆمان پێچاوە و سەر و نانـمان لە گیـرفانێ نا و لە ئاوایی وە دەر كەوتین و سەر بەرەو ژوور ملمان پێوە نا . هەر چەندی لە بەرزایی قەڵای هەمەوەندانیشم دەڕوانی كە دەبا بەرەو ئەوێ بڕۆین ئەگەر زۆر چاك ڕۆشتباین سێ سەعات ڕێگا بوو . ئێمەش سەرەڕای ئەوە كە لە پێ كەوتبووین، بەو تاریكە ئەنگوستە چاوە و لەو هەوا ساردە دا، هیچ گومانی تێدا نەبوو بە هیلاك دەچووین . هەروا دەڕۆیشتین و بە دەم هەنگاوەكانـمانەوە ڕاوێژمان دەكرد . ئەوان بە تایبەت كاك



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەحمانی خدری هەر لەسەر ئەوە سوور بوون کە دەبێ بەرزترین لوتکەی ناوچەکەمان بە دەستەوە بێ، منیش کە زۆر باش شارەزای ناوچەکە بووم و دەمزانی توانای وەسەر کەوتنمان نییە ملم پێ نەدە دا . تا ئەو بەرد و خوردەمان کرد، گەیشتینە چۆمی گوێزە هەنگێ کە شوێنێکی تا بڵێی چوغور و ئەمین بوو . ئەمن کە بۆ شارەزایی لە پێشیانەوە دەڕۆیشتم، لە جێی خۆم ڕاوەستام هەتا هەموویان گەیشتنە لام و گوتم :

ــ براله! ئا لێرە باشترمان وە گیر ناکەوێ . ئەگەر بە قسەی برای خۆتان دەکەن، هەتا بەری بەیانیی لێرە دەبین و پێش ئەوەی دنیا ڕووناك وەبێ، دوو کەسمان دەچینە سەر ئەو یاڵەی پشتمانەوە کە زۆربەی بەرزایەکانی ناوچەی لێوە دیارن . دوژمنیش ئەگەر بێ لەڕێوە بەرزایەکان دەگرێ و کاری بە دەشتێ نیە . جا ئەگەر ئەو دوو کەسە هەستیان بە هێرشی دوژمن کرد بە بێ چرپە بەو لا شیوە دا خۆ باریك کەن وبێنەوە بۆ لامان . ئەوجار دەچین لە نێو ئەو چۆم و بیشەڵانە دا خۆمان حەشار دەدەین هەتا ئەوان بەرزایی یەکان بە جێ دێڵن و ئەوجار بە لایەك دا خۆمان دەرباز دەکەن . وا دیار بوو ئەوانیش توانای ڕێگا ڕۆیشتنیان نەمابوو، چونکە سەریان بەر خۆنا و قەدەرێك بێ دەنگ بوون و دوایە وێکڕا گوتیان :

ــ کەیفی خۆتە، چۆن بە مەسڵەحەت دەزانی وا دەکەین .

لە ڕێگاکە لامان دا و لە بن کەندەڵانێك ڕۆ نیشتین . جگەرەیەکم لە نێو مستم دا داگیرساند و ئەوانیش لەبەر ماندوویی و بێ خەوی لا و لوو کەوتن . پاش قەدەرێك کاك ڕەحمانی خدری سەری هێنا بن گوێم و بە چپە گوتی :

ــ چم لێ دەکەی؟ زۆرم سەرمایە .

هێشتا هەوەڵی شەوێ بوو سەرما کاری تێ کردبوو، دەمزانی لەو دان و پێ یە ناکەوێتە بەیانی و نەخۆش دەکەوێ . هێندێك بیرم کردەوە و کۆخە چۆلێکی هاوینیم وە بیر هاتەوە کە لەو نێوە دا بوو . هەستام وە پێشیان کەوتم و بەو تاریکەی هەر چۆنێك بوو کۆخەکەمان دۆزیەوە . کاتێك چوومە ژوورێ و چەرخەکەم هەڵ کرد،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێشتا ترپەی دڵۆپان هەر دەهات و میچەکان وشك نەببوونەوە و عەرزەکەش ئاوی لێ هەڵ نیشتبوو . بەڵام ئاورگێکی تێدابوو دەکرا ئاوری لێ وەکەین . بەو تاریکە شەوە کەوتینە هەوڵ و دۆر و، هێندێك چرپی و چاڵمان کۆ کردەوە، ئاورێکی کوێرە مرەمان کردەوە و لە دەوری هەڵ گورماین . بە نۆبەش لە دەرێ کێشکمان دەداشت و دەهاتینەوە ژووری و سنگمان لە ئاوری دەکرد . بەڵام سەرماکە بە ڕادەیەك تینی هێنابوو تەنیا سنگ و دەموچاومان گەرم دەبۆوە .

لە کورتی وەی بڕین هەتا کازوکوزی بەیانیی سەرما هەڵی لەرزاندین . بەر لەوەی تای ماشەری شەو بە تەواوی هەڵوێزندرێ و کازیوە لوتکان بنگێوێ، لەگەڵ دوو پێشمەرگان خۆمان گەیاندە بەرزایی و ناوچەکەمان گرتە ژێر چاوەدێری . بەرە بەرە تریفە دڕی بە تاریکایی شەو دا و دۆست و دوژمن بە باشی لێك دەناسرانەوە . خوا و ڕاسان لە هێرشی دوژمن هەواڵێك نەبوو . بە دڵنیایی یەوە سەر بەرەو خوار بووینەوە و بە تریلەلان هاتینەوە لای جەماعەت . پاشان ڕێچکەمان بەست و بە کەش و فشێکەوە خۆمان گەیاندەوە ئاوایی . پاش نان و چا خواردن وەك نە با لێیدابین و نەبۆران، خۆمان گۆڕی و لێی وەسەر بانی کەوتین! خەڵکی ئاوایی لێمان کۆبوونەوە و بە تاسەوە لە ئامێزیان گرتین و بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردین .

خەڵکی نـجنێ دەبا سندووقیان بۆ بێتە نـجنێ خواروو یان کۆخانێ و بچن لەوێ دەنگیان لێ وەرگرن . بەڵام کەس نەچووبوو، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە پێشمەرگەکان تێ یان سرەوێنن و بەرنامەکەیان لێ هەڵ وەشێننەوە . هەر دەمە نا دەمێك چاویان لە سەعاتەکەیان دەکرد و بە تەما بوون تەقە دەست پێ بکا و ئەوانیش لەو سەفەرە نا بە دڵە کە ئەگەر نەچووبان بە دژی شۆڕش لە قەڵەم دەدران، ڕزگار بن . کۆمەڵ کۆمەڵ دەبوون و لەبەر خۆیانەوە ئەم وشانەیان دووپات دەکردنەوە :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ ئەرێ کوڕەکان بۆ دەنگیان نەبوو؟! تۆ بڵێی نەگەیشتبن؟ دەترسم تووشی ڕووداوێك بووبن و بەرنامەکەیان لێ هەڵ وەشابێتەوە، ئەی ئەگەر وا نەبوایە دەبا شەوی بـمێنێ لە دەوروبەری جادده بۆیان دامەزرێن .

دیسان هەر بۆ خۆیان دڵخۆشیی خۆیان دەداوە و بە بزەیەکەوە دەیانگوت :

ـــ کوڕە خەمتان نەبێ، بە خوای هەرببینا زرمەیان لێ هەستاندن .

هێشتا قسەکان نەبڕابوونەوە کە قریشکەی ئارپیجی سامی بێدەنگیی شکاند و ئاواتەکە بە ئاکام گەیشت . بەڵام هەر سەبیل کێشێکی پێ چوو کە دەنگی تەقە بڕایەوە . وا دیار بوو دوژمن دەستی پێ نەکرابۆوە و زۆری مەحتەل نەکردبوون . ئاواتـمان ئەوەبوو کە ئێمەش لەو شوێنە نەدیوە نەباین و بە چاوی خۆمان دیتبامان کە چۆن بەو پەلە پڕووزە ئاوا تێکیانەوە پێچان و سندووقی دەنگدان و بەڵگە و مۆر و چەند قەبزە چەکیان بە دەسکەوت گرت و جەندەکی چەند بە کرێگیـراوێکیان بە دیاری بۆ ئاخوندە ڕەگەز پەرستەکان ناردەوە و سەر بەرز و سلامەت بە خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و بژی دێمۆکرات بەرەو ئامێزی گەرمی ئاوایی نشینەکان گەڕانەوە . گرنگیی ئەو سەرکەوتنە لەوە دا بوو کە هەموو پلانەکانی دەنگدانیان لە ناوچەکە دا لێ پووچەڵ کردنەوە و شایلۆغانیان لێ کردن بە چەمەر چۆپی .

خەڵکی ئاوایی لەسەر بانان و لەبەر دەرگای مزگەوتێ، پۆل پۆل ڕاوەستابوون و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕۆڵەکانیان بوون . هێشتا بانگی نیوەڕۆی نەدابوو کە سیمای مێرانەی پێشمەرگەکان لەبەری کانی جەلالێ وەدەرکەوت . هێمن و لەسەرخۆ بە مەودای چەند میترێك ڕیزڵەیان بەستبوو . هێندەی پێ نەچوو بەرودوایان گەیشتنە نێو ئاوایی و لەبەر دەرگای مزگەوتێ کۆ بوونەوە و لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی گوندەکە بەرەو ڕوو بوون . ئێمەش کە لە هاتنەوەیان شایی لە دڵمان دا دەگەڕا بەرەوپیـریان چووین و یەکتـرمان لە ئامێز گرت و تاسەی دووریـمان پێك شکاند .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو شەوەش لەوێماینەوە و بۆ ڕۆژی دوایە لەگەڵ کادرەکانی کۆمیتەی مەیدانان دانیشتین و لە نێوەرۆکی مەبەستی مەئمووریـیەتەکەمان ئاگادارمان کردن . پاشان گەڵاڵەی گەشتێکی تەشکیلاتی مان داڕشت و هەر لەوێوە دەستمان پێ کرد . چەند ڕۆژێك پێکەوە گەڕاین و پاشان کاك ڕەحمانی خدری و ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی دابوون، بەرەو کۆمیتەی شارستان گەڕانەوە و ئێمەش درێژەمان بە گەشتەکەمان دا .
گەڕانەکەم زۆر بە دڵ بوو، سەرەڕای ئەوە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبیمان چاو پێ کەوتن و قسەمان بۆ کردن، زۆر کۆبوونەوەی گشتیشـمان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دا پێك هێنان، گەلێك ڕەفیق و کۆنە دۆستیشم چاو پێ کەوتن کە لە مێژ بوو تامەزرۆی دیتنیان بووم . لە باری ئەمنییەتیشەوە بە تەواوی بێ خەم بووین، چونکە لە پێشمەرگەکانی لکی دوو هەڵ نەبڕاین و هەر وێکڕا دەگەڕاین .

گەشتەکەمان بە ڕادەیەك سەرکەوتوو بوو کە بە تەواوی لە ناوچەکە دا دەنگی دایەوە و بوو بە بنێشتە خۆشکەی سەر زار و زمانان . ئەو بە دەنگەوە هاتن و هاوکاری کردنە لە ڕادە بە دەری خەڵکی ناوچەکە، ئەوەی لێ کەوتەوە کە دوژمن ئێرەیی مان پێ بەرێ و بۆ تێکدانی ئەو پێوەندی و نزیکایەتی یە، پیلان دابڕێژێ و بە خەیاڵی خاوی پێشمەرگە و خەڵك لێك دابڕێ . ئەوەشی بە کردەوە بۆ دەرکەوتبوو کە بە تیمی زەربەتی و هێرشی چەند سەد کەسی ناتوانێ زەبرمان لێ بوەشێنێ و ناوچەکەمان پێ چۆڵ کا، چونکە ئەوەی زانیبوو کە لە هەموو ئەو ماوەیە دا پێشمەرگەکان بۆ تەنیا ساتێك لێمان خافڵ نەبوون و هەموو ئەرکێکی پاراستنی ئێمەیان وە ئەستۆ گرتبوو . شەوانە لە هەر دێ یەك باین، هەتا کۆبوونەوەکەمان تەواو دەبوو، لە چوار دەوری ئاوایی کەمینیان دادەنا و پاش ماڵ نووستنانیش لەم سەرا و سەری ئاوایی کێشکیان دەداشت .

هێشتا ناوچەکەمان بە تەواوی نەپشکنیبوو، ڕۆژێکیان لە نـجنێ سەروو بووین، دەمەوئێواری بوو کە یەکێك لە کادرەکان سەری هێنا پەنا گوێمەوە و بەسرتە گوتی :


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ــ له لایەن یەکێك له هەسته باوەڕ پێ کراوەکانەوە ئاگادار کراوین که ڕێژیم گەلاڵەی هێرشێکی بەر بڵاوی به مەبەستی داگیــر کردنی ناوچەکەی به دەستەوەیە . بۆ ئەو مەبەستەش هێزێکی له ئەژمار نەهاتووی به هەموو جۆره چەکێکەوه تەرخان کردوه و ئەم شەو دەست به کار دەبێ . لەبەر هیچ هێزێك ناکشێنەوه و به هەر نرخێك بۆیان دەست بدا، دەست بەسەر ناوچەکه دا دەگرن و گەڕانەوه له بەرنامەیان دا نیه . تەنانەت شوێنی مۆڵگەکانیشیان دیاری کردوه و گەرەکیانه به تەواوی ناوچەکه له پێشمەرگه نا ئەمن کەن . پیلانەکەشیان وا ڕێك خستوه که سەرەتا هەموو بەرزایەکان دەست بەسەر دا بگرن و پاش جێگیــر بوونی مۆڵگەکان، داکشێنەوه بۆ دەشتێ و هێزه زیادی یەکه بەرەو شاری بانه دەگەڕێتەوه . ناوی هەواڵدەرەکەم (9) پرسیار کرد، پیاوی درۆیه نەبوو .

لەگەڵ کاك عوســمانی ڕەحیمی(10) که بەرپرسی ناوچەکه بوو، پێوەندی مان به عەزیزی مەحموودی فەرماندەری لکەکەوه گرت و داوا مان لێ کرد پێشمەرگەکان هەموو کۆ بکاتەوه . ئێمه ئەوکات له نـجنێ سەروو بووین و پێشمەرگەکانیش به ئاوایی یەکانی، نـجنێ خواروو، سپیدارێ، کەشەنێ و مەنیجەلان دا بڵاو ببوونەوه . ئیتــر بێ ڕاوەستان ماڵاوایی مان له نـجنێ کرد و بەرەو مەنیجەلان وەڕێ کەوتین . سەعات دوازدەی شەوێ هەموومان لەوێ کۆبووینەوه و پێشمەرگەکانــمان سەر ژمێری کردن . پاشان لەگەڵ کادره نیزامی یەکان کۆ بووینەوه و تەنیا له بەندەنی گوڵی بەرکانەوه دەمانتوانی دەرباز بیــن .

پاش وتووێژ و ڕاوێژ و بیــر و ڕا گۆڕینەوه، هێندێك له کادره نیزامی یەکان لەسەر ئەوه مکووڕ بوون که دەبێ له ناوچەکه دا بەرزایی یەکان بگرین و هەتا دوا گولله بەرانبەر هێزی هێرشکەر ڕادەوەستین . به ڕاشکاوی دەیانگوت : ئەگەر جێگا بۆ دوژمن چۆڵ کەین، دەکەوینه بەر تەشەر و توانـجی خەڵکی ناوچەکه و پێمان دەڵێن لەبەر دوژمن هەڵاتن و ئابڕوومان دەچێ . پاش باسێکی دوور و درێژ، بڕیارمان دا ناوچەکه



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به جێ بیێڵین و جێ خاڵی به دوژمن بدەین . چونکه لێمان ڕوون و ئاشکرا بوو ئەگەر وەمێنین بەرگەی ئەو شەڕە ناگرین و هەمووومان تێ دا دەچین . سەعات بوو به دووی دوا نیوەشەوێ . خۆمان پێچاوە و کوێستانی گوڵی بەرکان! بـمگرە هاتـم .

هێشتا وڵات ڕووناك نەببۆوە که گەیشتینه سەر بەندەنی . بەیانی یەکی تەواو سارد بوو، شنەی شیوبا ئارەقەی بن هەورازی لێ وشك کردینەوە و تەزووی ساردی به لەش دا هێنایین . له ناوچه که خۆمان نەدیو کرد و هێندێك گوێنی مان ئاگردان و خۆمان لەبەر گەرم کردنەوە . بەرەبەرە لێواری عاسـمانێ سپی هەڵگەڕان و بەیان درکی دا و دنیا ڕووناك بۆوە . هێشتا گزنگ لووتکەی کێوەکانی نەئەنگاوتبوو . وڵات کش و مات و بێ هەست و خوست بوو . چەندی گوێمان هەڵ دەخست ورته و هەرامان وەبەر گوێ نەدەهات .

لەو کاته دا بوو که هێدی هێدی پرته و بۆڵه له نێو پێشمەرگەکان دا دەستی پێ کرد و ئەم وشانەیان دووپات دەکردنەوە :

ــ نازانـم ئێمەیان بۆچی بەم چۆڵەوانی یه هەڵ گێڕاوە؟! هەر کەس دوو قسەی درۆی بۆ کادرەکان هێنا جێ به جێ بڕوای پێ دەکەن و کونه مشکیان لێ دەبێ به قەیسەری ! خۆزگه زانیبام ئەم دڵسۆزانه کێن که نایەڵن شەوێك به ڕەحەتی بـخەوین؟! کوڕە به خوا هەر که له نێو دێ وە ڕێ کەوتین دەم زانی هیچ نابێ و هەر شەڕی ئەعسابـمان بۆ وەڕێ دەخەن، ناش وێری له لای کادرەکان له ئەلفی بچیه بێی، هەر دەڵێن کاکه ئێمه ئاگاداری هەموو شتێکین و هەستەکانـمان درۆ ناکەن . دەی دەتوانـم سوێند بـخۆم ئەوانەی ئەو خەبەرە به درۆیانه دێنن هەموویان پیاوی ڕێژیـمن و دەیانەوێ ماندوومان کەن . شەرته جارێکی دیکه هەر کەس خەبەری ئاوا بێنێ چ دەکەم تا به چ بچێ . ئێستاش ئەمن نازانـم ئەو چەکانەمان بۆ له شان کردوە؟ بۆ ئەوە له کونان دا خۆمان وەشێرین! یان دیفاعی له خۆمان پێ بکەین؟ باشه سبەینێ جاش و پاسدار بێن به نێو ئەو دێ یانه وەر بن و کەسی لێ نەبێ چوار فیشەکانیان پێ هەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆقێنێ، چۆن لە ڕوومان هەڵ بێ جارێکی دیکە لە نێو ئەو خەڵکە دا چاو هەڵێنین و . . . ئا لەو قسانە . ئێمەش هەروا قسەمان بۆ دەکردن و خەریکی هێور کردنەوەیان بووین . لەوەش کە هیچ هەواڵێك لە هێرشی دوژمن نەبوو، هێندێك خۆمان بە تاوانبار دەزانی . شوێنەکەی ئێمە هێندێك لە دیوی ناوچەکە نەدیو بوو . تەنیا چەند پێشمەرگەیەك لەسەر بەندەنی بوون و بە دوربین لە ناوچەکەیان دەڕوانی . زەردە لە سەرانی دابوو لە نکاو کاك عەولا شێنانی(11) ڕووی کردە لای ئێمە و بە دەستێك ئیشارەی کردین و گوتی :

ــ وەرن چاو لێ کەن! بەشەرەف لێرە نەبووینایە تاقەواریان لێ دەبڕین .

کاتێك چووینە سەر بەندەنێ و دوربینەکەم لێ وەرگرت و چاوم لێ کرد ، بێجگە لەو شوێنەی ئێمەی لێ بووین، بەرزایی نەمابوو کە پاسداری پێوە نەبێ و هێدی هێدی بەرەو لای ئێمەش وە جموجووڵ کەوتبوون و سنگیان بە هەورازیەوە نابوو . هەر ئەوەندە فریا کەوتین بە پەلە خۆمان سازمان دەین و بەندەنا و بەندەن بەرەو لا قەبری چەرچی یان کە دەکەوێتە پشتی ئاوایی یەکانی شێنان و مەنیجەلان وەڕێ کەوتین و لە زنجیرە کێوەکان دامەزراین . هێشتا بە تەواوی سەنگەرمان نەگرتبوو کە سەر و گوێلاکی پاسداران وە دەرکەوت و لە بەر دەممان قوت بوونەوە . چار ناچار تێمان سرەواند ن و چەند کەسێکمان لێ سەرەنگرێ کردن . بەڵام هەر ئەوەندە مان خۆشی دی، لە بەندەنی دوو سەرەوە کە بەسەر هەموو بەرزایەکان دا زاڵ بوو، بە دۆشکە و پەدافەند و بیکەیسی دایان گرتین، وەك تاوە تەرزە گوللەمان بۆ دەهاتن . لە یەکەم دەسترێژ دا پێشمەرگەیەکمان بە ناوی عەزیز(13) خەڵکی ئاوایی هەڵۆ شەهید و پێشمەرگەیەکیشمان بریندار بوو . ناچار بە دیوی مێرگە نەخشینە دا ئاو دیو بووین و پاشەکشەمان کرد . بەڵام هێشتا نەگەیشتبووینە دوو چۆمانی خوارێ کە بەندەنیان لێ گرتین و بە چەکی سووك و نیوە قورس دامان ڕژانێ . لە نێو بارانەی گوللان دا بە نێوە ڕاستی چۆمی دا شۆڕ بووینەوە و هەر چۆنێك بوو لە مەرگ ڕزگار بووین . کاتێك لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕگە کە نەدیو بووین، لە چۆمی هەوار عەلی کۆبووینەوە و بڕیاردرا ئەمن لەگەڵ بریندارەکە و پێشمەرگە یەك کەوتوەکان بچینە مێرگە نەخشینە و شەهیدە کە بە خاك بسپێرین . پێشمەرگەکانیش بۆ زەبر وەشاندن لە دوژمن بگەڕێنەوە و شەویش بێنەوە لای ئێمە و بە بێتەلیش ئاگامان لە یەکتــر بێ .

ئێمە بە پێی بەرنامە بە هاوکاریی خەڵکی مێرگە نەخشینە کاری خۆمان ڕاپەڕاند . لەسەر قەبران هێندێك سەبارەت بە هێرشی دوژمن و هەڵوێستی حیزب و . . . قسەم بۆ خەڵکەکە کرد و بەرەو ئاوایی گەڕاینەوە . نان و چامان خوارد و هێندێك حەساینەوە، چاوەڕوانی پێشمەرگەکان بووین، دەما و دەمی نوێژی عەسری بوو، پێشمەرگەیەك بە هەڵە داوان خۆی لە ژورێ کوتا و گوتی :

ــ دەڵێن دوژمن بۆ ئێرەش هێرش دەکا، موجاهیدین و کۆمەڵە بنکەیان چۆڵ کردن و لە ئاوایی وەدەرکەوتن . ئێستا بێجگە لە ئێمە ئاوایی چەکداری تێدا نەماوە !

منیش لەگەڵ ئەوە دا دڵنیا بووم بەرگەی هێرشی دوژمن ناگرین و بەم ڕادە پێشمەرگە بێجگە لە چەند کەسیان پێ ناکرێتەوە و ئەگەر تووشی شەڕ بین، مفت و مەرحەبا تێدا دەچین، پشت ئەستوور بە هاتنەوەی پێشمەرگەکان گوتــم :

ــ خەمتان نەبێ، ئێستا کوڕەکان دەگەنەوە لامان و ئەوکات فکرێك دەکەین . خۆمان پێچاوە و لە بەر دەرگای مزگەوتێ کۆ بووینەوە و هەتا بوومەلێڵەی نوێژی شێوان لە ڕێگامان ڕوانی و کەســمان نەدی . چەندی بە بێتەلیش هەوڵمان دا پێوەندی مان بۆ نەگیــرا . کاتێك لە هاتنەوەی پێشمەرگەکان هومێد بڕاو بووین، خۆمان لە ماڵان هەڵکێشا و بە پەلە نان و چایەکمان خوارد و لە مزگەوتێ کۆبووینەوە . پاش هێندێك باس و بیــر و ڕا گۆڕینەوە، لەسەر ئەوە ساخ بوینەوە کە ئاوایی چۆڵ کەین . هەر لە مزگەوتەکە دا هێندێك نووستین و سێ سەعات شەوی مابوو خۆمان گورج کرد و بە چیای ئارمۆڵوو کە بەرزترین دوندی ناوچەکە بوو، هەڵ پڕژاین . نە شارەزا و شەکەت و خەواڵوو، زیاتر لە سەعاتێك شەوی مابوو گەیشتینە سەر لووتکەی کێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە . سەرما بە تەوژمێکی کەم وێنە پەلاماری داین و شالاّوی ڕەشەبای لە قەپرغە سرەواندین، ئارەقەی هەورازی لیّ وشك کردینەوە و ڕێکی گوشین و لێوە لەرزەی ویّ خستین . کاتێك شەبەق تاریکایی شەوی قەلاّشتەوە و ڕووناکی ئامێزی لە زەوی وەرێنا، بە دووربین ناوچەکەمان گرتە ژێر چاوەدێری و خوا و ڕاستان لە هێرشی دوژمن خەلستین . هێندێك بە دەوروبەری خۆمان دا سووڕاینەوە و کۆنە چارداغێکمان بە چاو ئەنگاوت . کاتێك وە ژوور کەوتین، لە قوژبنێك دا هێندێك گوێنی یە وشکەلّ و چرپی و چالّ مان بەدی کرد، لە تەندووریمان ئاخنین و ئاگرمان تیّ بەر دان و هەتا بووژاینەوە، خۆمان لە دەورە گیّرا . پاشان پێشمەرگەیەکم بەرەو گوندی سارده کۆسان بەڕیّ کرد تا بەلّکوو هەوالّی هاوڕێکانمان وەدەست بێنیّ و خۆشمان بەرەو ئاوایی مێرگە نەخشینە سەربەرەو خوار ڕێچکەمان بەست . کاتێك گەیشتینە نێو دیّ، هێشتا بە تەواوی دانەمەزرابووین کە لە ئاوایی شێخ چۆپان تەق و تۆقی گوللەی پاسداران ڕای چلەکاندین . هێزی دوژمن ئاوایی شێخ چۆپانیشی داگیر کرد و بەرەو لای ئێمە کە تەنیا چەند کیلۆ میترێك مەودامان بوو، وەڕیّ کەوت . ناچار بە پەلە سەر و نانمان لە گیرفانیّ خست و بە چۆمی هەلّ گەڕاین . گەیشتینە چۆمی حاجیاباتیّ و لووت و بزووت لە پێشمەرگەکان هەلّەنگووتین ئەوانیش ڕۆژی پێشتر کە ئێمەیان بەڕیّ کردبوو، لە ئێواریّ دا تەقەیەکیان لە دوژمن کردبوو و، بە تەمای ئەوە کە مێرگە نەخشینە بنکەی کۆمەلّە و موجاهیدینی لیّ یە و مەترسی یەك بۆ ئێمە لە گۆڕیّ دا نیە، بەرەو ئاوایی سارده کۆسان ملیان پێوە نابوو . ئەو شەوە لەویّ مابوونەوە و تریفەی بەیانی دوژمن هێرشی کردبوونە سەریّ و سەر دەرکە و مالّ و پرسپارە بەرەو لای ئێمە ڕاوەدووی نابوون .

وا دیار بوو هێرشە کە سەرتاسەری یە و ڕێژیم بۆ بە ناو (پاك سازی) کردنی کوردستان لە هەموو توانای خۆی کەلّکی وەرگرتبوو، چونکە هیچکام لە ناوچەکانی وە دوا خۆ نەدابوون و هەر لەو کاتە دا چەند پێشمەرگەی کەم ئەندام و پەك کەوتەمان

که له ئاوایی گەنـمان بوون، یەك لەوان مامە قالەی سووتوو، گەیشتنە لامان و هەواڵی هێرشی وێشیان بۆ هێنایین . هەر بۆیە ڕاوەستان لە بەرانبەر ئەو لەشکرە پۆشتە و پەرداخە دا بۆ ئێمە کە لە چاو ئەوان ژمارەیەکی زۆر کەم و لەگەڵ ئەوەش دا شەکەت و ماندوو بووین، کارێکی ئاقڵانە نەبوو . دەبا بە هەر شێوەیەك بۆمان گونـجابا، لانی کەم برینـدار و کەم ئەندام و پیـر و پەك کەوتەکان بۆ جێگایەکی ئەمین ڕاگوێزین و سەر لە نوێ خۆمان سازمان دەینەوە . بۆ ئەو مەبەستە کۆ بوونەوەیەکی بە پەلەمان پێك هێنا و لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین بەرەو لای باوسێن کە گوندێکی چەپەك و لاپەڕ بوو، خۆ بکوتین . بەڵام هێشتا وەڕێ نەکەوتبووین کە هەواڵیان داینێ ئەویش لە دەست ڕێژیم دایە و پڕە لە جاش و پاسدار!

هیواکان لەگەڵ ناکامی جێگۆڕکێ یان دەکرد و ئاواتەکان بەرەو ناهومێدی دەخوشین . هەستمان بەوە دەکرد کە لە هەر چوار لاوە گەمارۆ دراوین و هائێستا ها دەمێکی دی پەلامار دەدرێین . ڕۆژ لای کردبۆوە و بەرەو کەلەپۆ دادەکشا . مانەوەمان لەو شوێنە تا پێ دەچوو لە مەترسی نزیکتـری دەکردینەوە و مەرگ لە ڕەگی بنا گوێ نزیکتـر بوو . سەرەنـجام لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە بەرەو کوێستانی مەیدانانێ مل پێوە نێین، جا ئەگەر دوژمن ڕێی پێ نەبردبوو، ئەوە بەختی خۆمان و دەردەچین، ئەگەریش گیـرابوو، خۆی پێدا دەدەین و بە هەر نرخێك بێ کونێکی تێ دەکەین و خۆی پێدا ڕزگار دەکەین . دەست لە دەست و قەوەت لە خوا پێ هەڵ گەڕاین . بەڵام وەك دەڵێن : " لە کۆلکی دەرەوی یەوە و بەسەر بەرازی دا دەکەوی "، ئەوەی بیـرمان لێ نەکردبۆوە، هەرەشە و گورەشەی پیـرە کوێستانێ بوو . هەر ئەوەندەی فوو لە قەلنەی کەی، هەورە بەفراوی یەکان باڵیان وێك دان و کڕێوە و با کوتە بەربینگی پێ گرتین ئاغایەکی بە ماڵم، کورم دەویست خۆی لەبەر دا بگرێ . کارێکی پێ کردین کە زمان و قەڵەم لە گێڕانەوەی لاڵ و کۆڵن . لە یەك قسە دا ئەگەر لەو کاتە دا شەڕمان بە تووشەوە بایە، کەم کەسێکمان تێدا بوو دەستی پێ وەکرێ . لەو کاتە دا ئێرەیـیم بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامە قالەی سووتوو دەبرد کە بەسەر ئەو ئەسپەوە بۆ ڕەق نەبۆوە؟! زۆر باش لە بیرم ماوە کاتێك گەیشتینە سەر بەندەنی قەبری کوڕ و کچان کە بەسەر ئاوایی نجنێ دا دەیڕوانی، عەزیزی ئامۆزام داوای دووربینەکەی لێ کردم سەیری مۆڵگە تازە داندراوەکانی ڕێژیمی پێ بکا، دووربینەکە لە ملم کرابوو و زنجیری پاڵتۆکەم لەسەر هەڵ پیچکا بوو، هەر چەندی غیرەتم وەبەر خۆ نا، زنجیرەکەم بۆ نەترازا دووربینەکەی بۆ دەربێنم! سەرتان نەیەشێنم کفت و کەلەلا، شەو درەنگانێك خۆمان گەیاندە کۆخەکانی سیوچی و بەسەر مالآن دا بلآو بووینەوە . شوێنی کەمینمان دیاری کرد و لە نێو مالآنیش دا کێشکمان دامەزراند .

کۆخەکان لێك بلآو بوون و لە بناری چیایە هەڵکەوتبوون، دەکرا ئەو شەوە و سبەینێش لێی بحاوێینەوە . بۆ وەرگرتنی باس و خەبەریش کاك عوسمانی ڕەحیمی خۆی بۆ لای هەستە تەشکیلاتی یەکان بارێك کرد و بە دڵنیایە یەوە دانیشتین . بەلآم هێشتا بە تەواوی خۆمان وشك نەکردبۆوە و، کاك عوسمانیش نەگەڕابۆوە کە حەمە ڕەش(14) لە کۆخەکانی مامەندی یەوە ڕای سپاردبوو :

ــ بە پێی هەواڵ ئاوایی نژۆیە پڕ بووە لە جاش و پاسدار و بەرەو لای ئێمەش وەڕێ کەوتوون . پێشمەرگەکانیش بە هۆی شەکەتی یەوە لە بەرانبەر هێرشی دوژمن دا توانای خۆ ڕاگرتنیان نەماوە، بۆ ئەوەی زەبرمان وێ نەکەوێ، دەبێ ئەمجارەش جێ خالّیی بدەین بە دوژمن . ئێمە ئەوا هاتینە خوارێ و ئێوەش خۆتان وەپێچن، دەبێ ئەمشەو لە جاددە وەپەڕین .

ئەوەندەی پێ نەچوو خەبەرەکەی بدەینەوە کە هەموویان هاتنە خوارێ و بەسەرمان وەربوون! ئەمن هیچ لەو بڕوایە دا نەبووم کە ئەو شەوە هێرش بکرێتە سەرمان و ئەو هەوالّدەرەشم بە پیاوی کۆماری ئیسلامی دەزانی کە بە مەبەستی ماندوو کردنمان و تێك شکاندنی ئیرادەی پێشمەرگەکان ئەو هەوالّەی دابێ . هەر بۆیە لە جێی خۆم جووڵەم نەکرد و لەسەر ئەوە سوور بوومەوە کە لە شوێنی خۆمان وەمێنین . پاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەدەرێك مامە قالەی سووتوو ناردی بە دوام دا، کاتێك چوومە دەرێ بە سواری ئەسپەکەوە لای کێشام و گوتی :

ــ براله! خۆ منیش لەو بڕوایە دا نیم نژۆ گیرابێ و دەش زانم هخەتەری هێرشمان لەسەر نیە . بەڵام ئەوەی من بزانم پێشمەرگە کان سەرەڕای ئەوەی شەکەت و ماندوون، لەم هەڵات هەڵاتە ترساون و توانای شەڕ کردنیان وەك جاران نەماوە . ئەگەر خوای نەخواستە شتێك ببێ و زیانێکمان وێکەوێ، ئابڕوومان دەچێ و تاوانەکەش هەمووی لە ئەستۆی تۆ دەبێ . هەڵاتنیش لە هێندێك وەخت دا عەیب نیە . خۆت وەپێچە با بە قسەیان بکەین و لە جاددەی وەپەڕین .

مامە قالە پیاوێکی دنیا دیدە بوو . وا دیار بوو جەمسەری ئەوسەری لێك دابۆوە . بۆیە قسەم نەشکاند و لووس و باریك وە دوویان کەوتم . شەوە ڕەشی بەهارێ و باران لەسەر، قوڕ و چڵپاو لە ئەژنۆیانمان هەڵ دەپڕژا و لە پشتێنی بەرەو خوارمان لە قوڕ و لیتەی هەڵ کشابوو . قورە سووری دەشتی سیوچ و زەرواوانیش دوژمن لە ماڵت نا هومێد بێ . ڕێچکە مان بەست و بێ ئەوەی هەست و خوستمان لەبەر بێ بە کولە مەرگی لە جاددەی پەڕینەوە و دوو سەعاتی شەو مابوو خۆمان بە ئاوایی کەندەڵی دا کرد و بەسەر ماڵان وەر بووین . لێتان نەشارمەوە بەبێ کەمین و کێشك هەر کەس لە جێی خۆی خەوی لێ کەوت و ئاگای لە مام شەهابی نەبوو . کەوتینە بەیانی و بریندار و کەم ئەندام و پیر و پەك کەوتەکانمان بۆ کۆمیتەی شارستان بەرێ کردن و سەڵت و قوڵت خۆمان و چەکەکانمانماینەوە . کاك عوسمانی ڕەحیمی زۆری هەوڵ دا کە منیش لەگەڵیان بڕۆم، بەڵام دەستم لە دڵی نەبۆوە ناوچەکە بە جێ بێڵم و بە قسەم نەکرد . هەتا لای ئێوارێ لەوێ ماینەوە و پاش ئەوەی کەمینی دوژمن لەسەر جاددەی هەڵ گیرانەوە، خۆمان تێ کرد و دەما و دەمی ڕۆژێ گەیشتینە ئاوایی بەنەنەژاژێ . کەوتینە بەیانی و بەرەو ئاوایی هەڵۆ کە بنەماڵەی شەهیدەکەمانی لێ بوو، وەرێ کەوتین و بۆ دەمی عەسری گەیشتینێ، لەگەڵ ئەوە دا لە مێژ بوو نەحەسابووینەوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرە لاقمان سوور هەڵ گەڕابوون و دڵۆیان دەرکردبوو . نەزمی پێشمەرگایەتی مان وەبەر چاو گرت و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك وە نێو ئاوایی کەوتین و لەبەر دەرگای مزگەوتێ کۆ بووینەوە . خەڵکی ئاوایی کە چاویان پێ مان کەوت، لە ڕادە بەدەر پێ خۆشحاڵی یان دەربڕی و یەك بە یەك ماچیان کردین . پاش بەخێر هاتن و چاك و چۆنی، بۆ دڵدانەوەی بنەماڵەی شەهیدەکەمان ڕیزەڵەمان بەست و چووینە بەر دەرگایە . هێشتا هەمووماں نەگەیشتبووینێ کە دایك و باوك و خوشکی شەهیدەکە لە ماڵ وەدەر کەوتن و بەرەو پیـــرمان هاتن . ئەمن چاوەڕوانی ئەوە بووم داخوا چۆن بە شین و شەپۆڕ سەر و قژی خۆیان دەسکەنە دەکەن و پێمان هەڵ دەشاخێن و تووك و دووعامان بەسەر دا دەبەشنەوە . کاك عوســمانیش کە ئەرکی دڵخۆشی دانەوەکەی بە من سپاردبوو، لە دڵی خۆم دا لە ڕیزە وشەیەك دەگەڕام کە شیاوی دڵخۆشی دانەوەی ئەوان بن بتوانــم کوڵی دڵی لە کوڵیانی پێ دامرکێنمەوە . بەڵام لە کردەوە دا مەسەلەکە ڕاست بە پێەوانەی بۆچوونەکەی من بوو . بەڕوویەکی خۆشەوە لە ئامێزیان گرتین و پێش ئەوەی ئێمە قسە بکەین، ئەوان سەرەخۆشی یان لە ئێمە کرد و دڵخۆشی یان دەدایەنەوە و گوتیان :

ــ ڕۆڵە گیان! هیچ نارەحەت مەبن، ئێمە تەنیا کوڕێکمان شەهید بوە، بەڵام ئەو هەموو کوڕانەمان بۆ بە جێ ماون . پەژارە داتان نەگرێ و فرمێسکان هەڵ مەوەرێنن . پیاو بن و تۆڵەی وەستێنن . ڕێگاکەی درێژە پێ بدەن و خوێنی ون مەکەن . ئێمە خۆمان بە سەر بەرز دەزانین کە بنەماڵەی سێ شەهیدی قارەمانین . لە لایەن ئێمەوە گەردنتان خۆش و ئازاد بێ .

بەڵێ : بنەماڵەی سێ شەهیدی قارەمان، سێ لاوی تێکۆشەر، سێ پێشمەرگەی خاوەن ئیــرادە، سێ ڕۆڵەی وەفاداری گەلە ماف خوازەکەمان بە ناوەکانی شەهیدان : عەزیز و ئەنوەر و سەلام کە هەرکام کوڕی برایەك بوون و بەر و دوا لە ساڵێك دا هەر سێکیان شەهید بوون و بە خوێنی گەشیان لاپەڕەیەکی دیکەی مێژووی خەبات و

خوێنی نەتەوە ستەم لێ کراوەکەمانیان نەخشاند و جێگای هەمیشەیی یان لە نێو دڵی زەحـمەتکێشانی وڵاتەکەمان دا بۆ خۆیان تەرخان کرد .

لە کورتی وەبڕین بە ماوەی سێ ڕۆژان لە مزگەوتێ مەجلیسی پرسەمان بۆ دانا و خەڵکی ئاوایی یەکانی دەور و بەر پۆل پۆل دەهاتن و هاو دەردی یان لەگەڵ دەکردین . سەرەڕای ئەوە هەلێکی باش بوو بۆ پێوەندی گرتنەوە و نوێ کردنەوەی پەیـمان و بەڵێنیی تەشکیلاتی دەگەڵ ئەندامان و هەستە نەهێنی یەکانی حیزب و بیـر و ڕا گۆڕینەوە و کار پێ سپاردنیان، لەو ماوەیە دا پێشمەرگەکانیش بە باشی حەسابوونەوە و جل و بەرگیان بۆ شۆردبوون و چڵك و چەپەڵیان لێ دوور خرابۆوە و شیو و کۆلێکی باشیان کردبوو . کاتی ئەوە هاتبوو گوندە کە بەرەو پشت جاددە بە جێ بێلێن . کەمینەکانـمان بانگ کردنەوە و سەر و نانـمان لە گیـرفانێ نا و لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ئاوایی یەکە دا کە بە ئیحساساتەوە بەڕێ یان دەکردین، لە ئاوایی وەدەر کەوتین ڕوومان لە هەردی کرد . ڕۆژێکی بە تەواوی بەهاری بوو . لە داوێنان بە جوانی تێرە خورپێ گەیشتبوو، ڕەشە دار سێبەری کردبوو و زەوی بەرگی نوێی پۆشیبوو . شەماڵ بۆن و بەرامەی گوڵە تازە پشکووتوەکانی بە کەل و قوژبنان دا بڵاو دەکردەوە و سروشت گیانی نوێی وەبەر هاتبۆوە . بەڵام لە بیـرمان نەچێ، ئەو هەڵات هەڵات و مەنزڵ بڕی و خۆ لەشەڕ دزینەوە، تا ڕادەیەکی زۆر شوێنەواری لەسەر ورە و ئیـرادەی پێشمەرگەکان دانابوو . هێندێکان بە تەواوی ڕووخابوون و گەلێکانیش تووشی دڵە ڕاوکێ ببوون . بە کورتی خۆیان بە ترسنۆك و لە شەڕ تۆقیو دەهاتە بەر چاو و غرووری پێشمەرگایەتی یان شکابوو .

ئەوە یەکێك لە قۆناغە دژوارەکانی خەباتی چەکدارانەی ئەو سەردەمەمان بوو کە دەبا بە هەر شێوەیەك بێ خۆمانی لەگەڵ بگونـجێنیـن و بەسەر تەنگ و چەڵەمەکانی دا زاڵ بین . بەو هۆیەوە کۆ بوونەوەیەك و هێندێك باس کردن سەبارەت بەو قۆناغە ناسکە بۆ پێشمەرگەکان پێویست بوو . لەو پێوەندی یە دا هەر بە ڕێوە لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرماندە نیزامی یەکان ڕاوێژمان کرد و لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کە کۆبوونەوەکە دوا نەخەین . لە نێوان گوندەکانی هەڵۆ و بناویلەکۆن دا لەسەر دەشتاوك و شینکاڵێك لە دەوری یەك هالاین و بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان بە گشتی بەشداری کۆبوونەوەکە بن، کادرەکانی کۆمیتە و تەنانەت کاك عوسمانی ڕەحیمی کە بەرپرسی کۆمیتە ناوچەکە بوو، کێشك و دیدە بانی یەکەیان وە ئەستۆ گرت . شانازیی باسەکەیان بە من بەخشی و بە وردی لەسەر پاشەکشە و خۆ لە شەڕ دزینەوە و جێ خاڵی دان بە دوژمنم لەو ماوەیە دا بۆ شی کردنەوە و لەسەر تاکێك و خۆ بواردن لە شەڕی جەبهەیی و شێوەی شەڕی پارتیزانی بە درێژی دوام . باسەکە نزیك بە سەعات و نیوێکی درێژە کێشابوو . هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوون کە هەستم پێ کرد شوێنەواری لەسەر ورە و ئیرادەی پێشمەرگەکان دانابوو و هێندێك دەمەزەردی کردبوونەوە . بە دوای کۆبوونەوە کە دا پێشمەرگەکان هێندێك یاریی باز بازێن و زۆرانبازی و . . . . یان کرد و، بە دڵێکی پڕ لە هیواوە بەرەو ناوچەی میلیتاریرە کراو کەوتینە ڕێ . ( بڕوانە وێنەی ژمارە 10 کە بەشێك لە پێشمەرگەکان نیشان دەدا ) .

ڕێژیم بە دانانی پێنج مۆڵگەی تازە وای لێك دابۆوە کە خەڵك و پێشمەرگەی لێك دابڕیوە! بە زەبر و زۆر و هەڕەشە و گوڕەشە و گرتن و ئەشکەنجە دان، ترس و لەرزێکی خستبوە نێو دڵی خەڵك و تۆوی نا هومێدی لە نێو دا چاندبوون . خەڵکی ناوچەکە لەوە ترسابوون کە ئیتر پێشمەرگە توانای گەڕانەوەی بۆ نێویان نەمابێ و ئاواتی دوژمن وەدی هاتبێ . هەر بۆیە ڕوومان لە هەر دێ یەك دەکرد، لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵك بەرەو ڕوو دەبووین و هەستمان بەوە دەکرد کە لە دیتنەوەمان خۆشحاڵن . لە تەنگەی نوێژی شێوان و لە هێندێك لە گوندەکان درەنگ تریش خۆمان بە ئاوایی دا دەکرد و لەسەر ڕێگاکانیش کەمینمان دادەنا و هەتا بەری بەیانی لەنێو خەڵکی خەباتگێڕ و خۆڕاگری ئاوایی یەکان دا دەماینەوە و کۆبوونەوەی گشتیمان بۆ دەکردن و سیاسەتی حیزبمان بۆ شی دەکردنەوە . دڵنیامان دەکردن کە گرکانی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەباتە دانامرکێ و پەیــمان و بەڵێنیمان دەگەڵ نوێ دەکردنەوە کە درێژە دەری ڕێگای شەهیدە سەربەرزەکانــمان بین .

ئەو گەشتە تەبلیغاتی یەمان بە تەواوی شوێنەواری لەسەر ورە و ئیــرادەی خەڵکی ناوچەکە دانابوو . ئەو ترس و لەرز و تۆقاندنەی ڕێژیم بە تەواوی لە مێشکیان دا ڕەوی بۆوە و هەستیان دەکرد کە هێزێکی پشتیوان لە پشتیانە و لە تەنگانە دا بە هاواریانەوە دێ . زۆربەی ناوچەکەمان بەسەر کردبۆوە و گەلێك پیلان و پڕ و پاگەندەی دوژمنمان پووچەڵ کردبوونەوە . بەڵام داخی گرانــم، ڕێمان نەکەوتە ئاوایی یەکەی خۆمان و لە دیتنەوەی بێ بەش مامەوە و دیدەم بە دیداری قەوم و قیلە و دۆست و ناسیاوان ڕوون نەبۆوە . بەڵام بە گشتی لەگەڵ ئەوە دا کە زۆر ماندوو دەبووین و گەلێك مەنزڵــبڕیــمان دەکرد ، ئەو ماوەیە خۆشم لێ گوزەرا و کەیفم پێ کرد .

کاك عوســمانی ڕەحیمی کە بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەکە بوو، هانی دەدام زۆرتر وەمێنم و زیاتر لە ناوچەکە دا پێکەوە بگەڕێین . چونکە لەگەڵ ئەوە دا کە بە هەق کاك عوســمان ئەوەندە خۆش ناو بوو پێویستی بە ناساندن نەبوو، دیسانیش چەندی لەوێ مابامەوە زۆرتر خەڵکم پێ دەناساند و باشتــر شارەزای ناوچەکە دەبوو . بەڵام لە مێژ بوو هاتبووم و کاتی مەئمووری یەتەکەم بەسەر چوو بوو و لە کۆمیتەی شارستانیشەوە پەیامیان لێ دابوو کە بگەڕێمەوە . ڕۆژێکی کۆبوونەوەیەکمان پێك هێنا و داوام لێ کردن کە بەڕێم بکەنەوە . ماڵم قەبرە ئەوانیش بە ڕوو خۆشی وەڵامیان دامەوە . دەست و دەمی یەکتــرمان ماچ کرد و دەستەیەك پێشمەرگەیان ڕەگەڵ خستم . لە جاددەی پەڕینەوە و ئەوان بەرەو دواوە گەڕانەوە و منیش بەرەو کۆمیتەی شارستان کە بۆ بەری شاناخسێ(15 ) گوێزرابۆوە وەڕێ کەوتــم .

بە گەیشتنەوەم بۆ کۆمیتەی شارستان و پێك شاد و شکور بوونەوە دەگەڵ هاوڕێ یان، لەگەڵ هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان کۆبوونەوەمان پێك هێنا و ڕاپۆرتی کار و تێکۆشانی ئەو ماوەیەم بە وردی پێشکەش بە کۆبوونەوە کرد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانیش لە دڵەوە خۆشحاڵی یان دەر بڕی و تەشویقیان کردم . پاشان سەبارەت بە چۆنیەتیی وەزعی ناوچەکە و هەڵوێستی خەڵك لەگەڵ بە کرێگیــراوانی کۆماری ئیسلامی و ڕادەی هاوکاری کردنیان لەگەڵ پێشمەرگە و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتانە پرسیاریان لێ کردم . منیش ئەوەی دیتبووم و بیستبووم بە پوخت و پاراوی بۆم لە بنی کوولەکەی دان و بەوردی بۆم باس کردن . تەنانەت چۆنیەتیی هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ناوچەی بابۆس و داستانی ڕێ ونکردنــمان لە کوێستانێ و بە کێوی هەڵگەڕانــمان لە نــجنێ و غار غارێن و ڕاودوونانــمان لە لایەن ڕێژیم و گەڕانەوەمان بۆ ناوچە و . . . . هەموویان بە دوور و درێژی پێ گێڕامەوە .

کورت و کرمانــجی ئەگەر نووسەرێکی شارەزا بەسەر شێوەی ڕۆمان نووسین دا ئەو بەسەرهات و سەفەرنامەی نووسیبایە، ڕۆمانێکی سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆی لێ دەهاتە بەرهەم کە خوێنەری بەرەو جیهانێکی پڕ لە کێشە و بەرەو داڕماڵ لە حەماسە و کارەسات ڕادەکێشا و لە خوێندنەوەی ماندوو نەدەبوو . بەڵام لە منی کۆڵە قەڵەم و ئاڵۆز بیــر هەر ئەوەندە چاوەڕوان دەکرێ و کوردەکە گوتوویەتی : " لەو قوڕە هەر ئەوەندە تۆزە بەرهەم دێ "

# پەراوێزەکان :

1 ــ گەلاڵە گوندێکی وێرانکراوی کوردستانی عێراقە کە بە دەستی بەعسی یەکان وێران کرابوو .

2 ــ کاك حەمەدەمین خەڵکی بەنەژاژ و ئەگەر لە بیــرم مابێ فەرماندەری دەستە بوو لە لکی دوو . پاش ماوەیەکی دوور و درێژ بە هۆی تەنگ و چەڵەمەی بنەماڵەکەیەوە چەکی دانا و ئێستا درێژە بە ژیانی شەخسیی خۆی دەدا .

3 ــ کوراداوێ گوندێکی کوردستانی عێراق و بە دەستی بەعسی یەکان وێران کرابوو . بازاڕێکی سنووریی لێ کرابۆوە و تیپی 37ی شارباژێڕی یەکیەتیی نیشتمانیی لەوێ جێگیــر بوون .

4 ــ کاك مــحەمــەد بە ڕەچەڵەك خەڵکی ئاوایی سووتووی کوردستانی ئێران . ماوەیەك پێشمەرگەی دێموکڕات و پاشان چەکی دانا و دەگەڵ کاك عەلیی برای کە فەرماندەی تیپ بوو، بوو بە پێشمەرگەی یەکیەتی .

5 ــ کاك عەلی خەڵکی ئاوایی سووتوو و برای کاك مــحەمــەد بوو . ساڵی 1335ی هەتاوی منداڵی گەڕەکێك و ڕفیق بووین . ئەوان بە هەر هۆیەك بوو پەڕیوەی کوردستانی عێراق ببوون و لە شارۆچکەی چوارتایە گیــرسابوونەوە و بە چوارتایی دەناسرانەوە . لە ماوەی ئەو 27 ساڵە دا یەکتــرمان نەدیبوو . بە ناسینەوەی یەکتــر خۆشحاڵ بووین . پاشان تێم گەیاند کە بۆ کۆنگرە بەرەو دەفتەری سیاسی دەچم و شارەزای ڕێگانیم . کاك عەلی بە داخەوە پاش شەڕێکی قارەمانانە شەهید کرا .

6 ــ مەلا کەریم خەڵکی ساڵوکی و لە ساڵی 1358 ەوە کادری حیزب و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچە و ئەندامی کۆمیتەی شارستان بوو . ئەگەر باش لە بیــرم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مابێ ساڵی 1363ی هەتاوی چەکی دانا و خۆی لە باوەشی ڕێژیم هاویشتەوە . ئێستا دەڵێن بەو باری دا بای داوەتەوە و خوا پێم نەگرێ پیاوی خاس نیە . بەندەناس خودایە!

7 ــ مەلا کەریـمی کیتابی خەڵکی ناوچەی بابۆس و ئەویش لە ساڵی 1358ی هەتاوی یەوە کادر بوو . ئەویش بەهەر هۆیەك بوو چەکی دانا و ئێستا دەڵێن چەکی ڕێژیـمی پێ یە! .

8 ــ کاك ڕەحـمان خەڵکی بانە و ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی بوو . پاش ماوەیەکی بۆ دەفتەری سیاسی بانگ کرا و لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی دا ئەرکی بۆ دیاری کرا . سەرەنـجام خۆی تەسلیم کردەوە و ئێستا لەگەڵ کۆمەڵێك نەخۆشی و دەرد و بەڵا بەرەوڕوویە .

9 ــ هەواڵدەرەکە کە حەسەنی حەمە خواری سیوچی بوو، چەندی بڵێی دڵسۆز و ئەمەکناس بوو، لەم دوایی یانە دا کۆچی دوایی کرد .

10 ــ کاك عوسـمان خەڵکی بانە و ساڵی 1358ی هەتاوی کادری حیزب بوو . پاشان ڕێبازی چریکە فیدایی یەکانی هەڵ بژارد . بە دوای ئاش بەتاڵی چریکەکان دا پێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزب نوێ کردەوە . خەزەڵوەری ساڵی 1362ی هەتاوی بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە هەڵبژێرا . ماوەیەك بە هۆی هێندێك ناکۆکی نەقڵی دەفتەری سیاسی کرا، بەڵام دەفتەر قەبووڵی نەکرد و نێردرایەوە کۆمیتەی بانە . ساڵی 1363ی هەتاوی بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان هەڵبژێرا . لە کۆنگرەی حەوتەم دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی پێ سپێردرا . دوای کۆنگرەی هەشت تێکەڵ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو . بە دوای یەکگرتنەوە دا بە جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ دیاری کرا . لە کۆنگرەکانی 11و12 دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا . ماوەیەك لە سکرتاریا کاری کرد و پاشان بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی ڕادیۆی پێ سپێردرا . ئێستا لە کۆمیتەی ئامووزش کار دەکا .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

11 ــ کاك عەولا خەڵکی شێنان و لە ساڵی 1358ی هەتاوی یەوە پێشمەرگە بوو . ئەوکات بەرپرسی پێشمەرگەکانی کۆمیتە بوو . ماوەیەك لە لکی دوو دا بەرپرسایەتیی هەبوو . سەردەمێك سەرپەرشتی هێزی بەیان بوو و، ماوەیەك فەرماندەری هێزی دووی ڕێبەندان بوو . لە شەڕ دا بریندایش ببوو . بەداخەوە بە هۆی نەخۆشی ساڵی 1381ی هەتاوی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرا و ئیفاقەشی هەر نەهات .

12 ــ عەزیز و سەلام و ئەنوەر کوڕی سێ برایان و خەڵکی هەڵۆ بوون . لە ساڵێك دا وێکڕا بوون بە پێشمەرگە و لە ساڵێکیش دا هەر سێکیان شەهید بوون .

13 ــ پێشمەرگە بریندارەکەش سەلاح ئالۆتی بوو کە پاشان خۆی تەسلیم کردەوە و ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

14 ــ حەمەڕەش خەڵکی بانە و فەرماندەری دەستە بوو . دوایە خۆی تەسلیم کردەوە و ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

15 ــ شاناخسێ گوندێکی وێرانکراوی دەستی بەعسی یەکان لە سنووری ئێران و عێراق و لە بەشی کوردستانی عێراق هەڵکەوتووە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئــاڵ و گۆ ڕ له هەیئەتی ئیجرا یی کومیتەی شارستانی بانه دا و چەند دیمەنێك

شوێنێکی دڵگر و ئاو و هەوا خۆشیان بۆ جێگیربوونی بنکەی کومیتەی شارستان هەڵبژاردبوو، شاناخسێ گوندێکی بەدەستی بەعسی‌یەکان وێرانکراو و له سەر سنووری نێوان ئێران ـــ عێراق و له بەشی کوردستانی عێراق دا هەڵکەوتووە. کەوانەی داری جەنگەڵی و گوێزو دارەسەمەری یەکان له ئاڵقەیان وەرێناوە و میوەی هەنارو هەنــجیــرو هەرمێ وترێ و سێوی له هاوین وپایــیزان دا مشەیە.ئاوی ساردو سووك و هەوای بلاوێن و دیــمەنی خەم بەزێنی، دڵان دەڕفێنێ و هەستان دەبزوێنێ. شوێنێکی ڕاوندو دەشتاوکێکی خۆشکەڵەیان هەڵبژارد بوو. کەپروساباتی ساکارو جوانکیلەوپاك وخاوێنیان لێ ڕازاندبۆوە . جێگای کاری ئۆرگانەکان وشوێنی حەسانەوە و ئاشپەزخانە و زیندان و بێسیم و کۆبوونەوەی گشتی هەموو جیاجیا بوون و له باری ڕووناکایی شەوانەشەوە به دانانی ماتۆڕبەرقێك وسیمکێشی بۆ نێو کەپرەکان خۆیان بێ نیازکردبوو. خەڵکی ناوچەکان به هۆی ئاڵووێری سەر سنوورەکەوە به گەرمی هاتووچۆیان دەکردین و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان و بیروڕا گۆڕینەوە پێوەندی‌مان گەرم بوو. تەنیا شتێك کەجێی نیگەرانی بێ ئەوە بوو له گەڵ مۆڵگەی گردەڕەش ئەمبەراوبەر بووین و تەنیا گردۆڵکەیەك بنکەکانی هێندێك له مۆڵگەکە نەدیو کردبوو.ئەویش به لێدانی خەندەك و کونە تەیارەو پەناوپەسیوان باری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمنییەتی‌یەکەیان بە باشی وەبەرچاو گرتبوو.لەوانەش بەرچاوتر ئەوەبوو کە بەشی پێویستیی خۆمان تەڕەکاری و شیناوردیشمان لێ داچاندبوو. (بڕوانە وێنەی ژمارە 11)

لەباری نێوخۆیی‌شەوە هێزی پێشمەرگەو کومیتەی ناوچەکان بەردەوام لە گەشتی سیاسی ــ نیزامی دا بوون و پێوەندیی نێوان ئەندامانی حیزب و کادرە تەشکیلاتی یەکانیش گەرم بوو. بەگشتیی کاروباری ڕۆژانەمان بە باشی بەرەو پێش دەچوون و لە زۆر بارانەوە سەرکەوتوو بووین. بەڵام وەك دەڵێن: « نەچەم بێ چەقەڵ دەبێ ونەکوردیش دەزانێ بێ ئاژاوە دانیشێ». بۆ نەگبەتیی هێندێك ناکۆکی و دووبەرەکایەتی لەنێوان کادرەکاندا سەری هەڵداو بوو بە هۆی تێکچوونی شیرازەی نیازپاکی و بڕوا بە یەك بوونی نێوان هێزو کومیتەی شارستان. بەوەشەوە نەوەستاوەو بەرەبەرە تەشەنەی کردوو سەری کێشایە ململانێ و لەبەریەك ڕاوەستانێکی توندوتیژو ئاشکرا. بەشێك لەکادرەکان بە تایبەت گەنجە خوێندەوارەکان لایەنگری کومیتەی شارستان، یان ڕوونتر بڵێم بەرپرسی کومیتە شارستان، واتە کاك غەفووری هەمزەیی بوون. بەشێك لە کادرەکان و زۆربەی هێزی پێشمەرگەش لایەنگری هێز واتە کاك فەتاحی ئەحمەدی(1) بوون کە بە سەرپەرستی کاتیی هێز دیاری کرابوو. مەسەلەکە کێشایە کومیتە شارستان و بە ماوەی چەند ڕۆژان هەڵ سەنگاندن و بیروڕا گۆڕینەوەو دەمبەدەمە، بە هەڵبژاردنی کاك عێزەتی پەیڕەوان(2) لەجیاتی کاك ڕەحمانی خدری بە هەیئەتی ئیجرایی و نەقڵ کردنی کاك عوسمانی ڕەحیمی بۆ دەفتەری سیاسی، سرێش لەمەیەکمان کرد. بەڵام دیسانیش خاشەبڕ نەکراو دڕدۆنگی و لێك مۆن بوونەوە ئاسەواری نەبڕایەوە. سەرەنجام دەفتەری سیاسی بوو بە نێوبژیوان و بە ناردنەوەی کاك عوسمانی ڕەحیمی و ڕوون کردنەوەی هێندێك وردە مەسایلی نێو خۆیی، دیزە بە دەرخۆنەی کرد.

لە دابەش کردنی کاری نوێ‌دا ئەمن دووبارە لە بەشی تەشکیلاتی کومیتەی شارستان دا ئەرکم بۆ دیاری کرایەوە، یەکەم کار کە لەو بەشەدا پێم سپێردرا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەئموورِیەتێکی تەشکیلاتی لەگەڵ کاک عەبدوڵڵای ئیقدامی(3) بۆ ڕیکخستنەوە و سازمان دانەوەی ئەو ئەندامە پەرِەوازانە بوو کە بە هۆی هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانەوە، پەرِیوەی هەندەران ببوون و لە شارۆچکەی قەڵاچوالان و... گیرسابوونەوە. ئەنجامدانی ئەو مەئموورِیەتەش چەند ڕۆژێکی خایاندو بەرەو کۆمیتەی شارستان گەرِاینەوەو ڕاپۆرتی بەرهەمی مەئموورِیەتەکەمان دایەوە بە هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان.

دەڵێن نەگبەتی کە هات نەشاخ و گوێی هەیەو نەپرسیشت پێ‌دەکا کەی دێ، پێتان سەیر نەبێ ڕاست وایە، ئەگەریش برِواناکەن گوێ بدەنێ با بۆتان وەگێرِم. کۆمیتەی ناوچەی حەوتەوانە کە بەرپرسەکەی کاک عوسمانی ئەسراری بوو، بەرانبەر ئاوایی چۆمان خانوویان دروست کردبوون و جێگیــر ببوون. سەر باری ئەو هەموو ناتەبایی و گیــروگرفتەی نیوخۆمان، لەملاولاوە بە گوێ یان هەڵێنایین کە ژنێك بەمارەو تەلاقەوە بە نیازی پێشمەرگایەتی هاتۆتە دەرێ و کادرو پێشمەرگەکانی کۆمیتەی حەوتەوانە گلیان داوەتەوەو شەو و ڕۆژ پێکەوەن. خەڵکی ناوچەی خێڵەڕەشیش وشکە مەزهەبی و سۆفی سفەت، بە بیستنی ئەو مەسەلەیە چاویان لێ چووبوونە پشتی سەریەو لە دین دەرچووبوون. کاتێك کە بە پیر مەسەلەکەوە چووین، دیتمان ژنێکی تەرِلان و مەکراوی کە گۆیا کۆنە مەلاژنیش بووە، وەك مانگی چاردە لە نێو کادرو پێشمەرگەکاندا دەبریقاوە، شیرین بەشەرت شیرین بوو، مێوژە ڕەشەی قووت دابا، هەتا سەر نێوکیی دیاربوو، بیرمان لەوە دەکردەوە کە ئەگەر کادرو پێشمەرگەکان هەموویان مەلایکەت بن، دیسانیش کەس برِوا ناکا چاوی تەماحی تێ نەبرِن.

لە گەڵ کاک غەفووری هەمزەیی بانگمان کردو زۆرمان لە گەڵ ڕست کە بیری پێشمەرگایەتی لە سەر دەرکاو برِواتەوە. بەڵام فایدەی نەبوو، قسە یەکەو نابێ بەدوان و سەرێکەوهێناویەتی ونایباتەوە بەدواوە. ئەوانەی کۆمیتەی شارستانیش کەس ژن و منداڵی لە گەڵ نەبوو، بێجگە لە کاک عەلی کیتابی و کاک ڕەحیمی خودامرادی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەخێزانەکەشیان پێشمەرگەبوون، هەمووومان ڕەبەن و زگوردی بووین. بەڵام چارناچار بۆ دامرکاندنەوەی ئێحساساتی خەڵکی ناوچەکە هاتینە سەرئەو ڕایە کە بۆلای خۆمانی ڕاگوێـزین و لە تەنیشت خێزانەکەی کاك عەلی کیتابیدا کەناوی بەرپرسی یەکیەتی ژنانی ناوچەی بانەمان لە سەر دانابوو، بیحاوێنینەوە. بردمانە ئەوێو دوای چەند ڕۆژێك لە گەڵ خوشکە مریەم(4) دەم بە دەمەوشەڕە دەندووکە دەستی پیکرد. سەرەنـجام خواوڕاسان دڵی پیمان نەپشکووت و بەرەو ڕێکخراوی کۆمەڵە کۆچی کردو لە دەستانی حەساینەوە.

شوێنەکەمان هەروەك پێشتر باسم کرد، چەندی بڵێی دڵگرو هەست بزوێن بوو. بەڵام بۆ منی فێرەگەڕان و ئۆگری نێوحەشیمەت و تامەزرۆ بە دیداری ئاوایی نشینە پێشمەرگە خۆشەویستەکان، جا لە بەندیخانەیەك نەبوو. دڵم پیی نەدەپشکووت و لەو دانیشتن و قەتیس مانە بە تەواوی وەڕەز بووم. ڕۆژێك لەو ڕۆژانە کە تەمی خەم ترۆپکی هەستی لە ئاڵقە وەرێنابووم و خۆم وەك مەلی نێو ڕکە دەهاتە بەرچاو، لە گەڵ کاك میرزا حسێنی بەدیعی و مامە قالەی سووتوو کە وێکرا لە مزلێك بووین، لە کەپری وەدەرکەوتین و بە مەبەستی خۆدزینەوە لە گەمارۆی خەمان، سەربەرەوخوار بە نێوباخات و دارستانەکەدا ملمان پێوەنا. تیشکی سووتێنەری خۆرەتاوی چلەی هاوین لەمانگی گەلاوێژی1363ی هەتاوی دا، بەسەر سنگی زەوی دا خۆی پان کردبۆوەو گژوگیای قرچەڵ هەڵێنا بوو. تینوایەتی هێرشی کردە سەرمان و زارو گەرووی وشکەڵ کردین، بەدەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە چاومان لە سەرچاوەی کانیاوێکی فێنك دەگێڕا کە تینوایەتیی پی بشکێنین و لە بن سێبەری دارەگوێزێك پشوویەك بدەین و دەمێك شنە باوەشێنمان کا. کەچی لووت و بزووت ڕەشماڵی ماڵە مەڕدارێك، لەبن کۆڕە دارێك سەرنجی ڕاکێشاین و هیوای لە دڵ گێڕاین. بەخۆشحاڵییەوە چاوێکم لە هاوڕێکانم کردو:

ـ خواگەیاندی.

ئەوانیش کە هەرتك لە من بە تەمەنتر بوون، بزەیەکیان وەسەر لێوان پەڕی و بە نیشانەی سەلماندنی قسەکەی من سەرێکیان بۆ لەقاند. خۆمان بۆ کوتاو لە سەر سەکۆی بەر دەرگای ڕەشماڵەکە قاومان لە خاوەن ماڵ کرد. هەر بە دوای بانگ کردنەکەدا کیژێکی خوێن شیرین و ڕەزا سووك، بە جل و بەرگێکی ساکاری کوردانەوە لەچادرێ وەدەر کەوت، لە بەردەمـــمان ڕاوەستاو بە قەلافەتێکی شەرماوییەوە بەخێرهاتنی کردین و:

ـ فەرموون براگیان! ماڵی خۆتانە.

ئێمەش کە ئەوەمان لە خوای دەویست، بێ سێودوولێکردن وەژووریێ کەوتین و لە سەر لێفەیەك کە پێش ئەوەی بێتە دەرێ بۆی ڕاخستبووین، چوارمەشقی دانیشتین. پاشان بە زمانێکی شیرین دووبارە بەخێرهاتنی کردینەوەو بێ ئەوەی پرسیارێك بکا، قاپێك دۆی فێنکی لە جەوەندەی ڕۆکرد و کەوچکە دارێکی خاوێنی تێ خست و لە بەردەمی ڕۆناین. ئەوجار کەترییە ڕەشی وەسەر ئاگری ناو هێندەی بلێی یەك و دوو لە پیاڵەی قەدباریك و لە سەر کەشەفەی زەرد چای بۆ داناین و بەرانبەرمان پشتی وەئەستوندەکی ڕەشماڵێوەداو ڕاوەستا. پاشان بە بەرخواردنەوەی چاوە، لە پرسیارانمان گرت و ئەویش هەروا بە شەرمەوە سەری دادەخست و، وەڵامی دەداینەوە. سەرەنجام بۆم دەرکەوت کە ناوی سەرگوڵەو لە خێڵی کۆچەرین و بەرەچەڵەك سەر بەبێ سەیریانیـــن. بۆ بەخێوکردنی وڵسات و پاتاڵ گەرمێن و کوێستانێ دەکەن و دڵیان کوێی گرت و چەندیان پێ خۆش بوو لێی دەمێننەوە. پاش ماوەیەك مام لاوی بابیشی لای مێگەلەکە هاتەوەو بە دڵ فراوانی و بە دابێکی کوردانەوە کە میوانداری هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە، بەخێرهاتنی کردین. هەتا فێنکی ئێوارێ لایان ماینەوەو پاشان ماڵ ئاواییمان لێکردن و بەڵێنمان پێدان کە دووبارە سەریان لێ هەڵێنینەوە.

ئەو دیـــمەنە ساکارو بێ گەردە، بە تەواوی سەرنجی ڕاکێشام، هەستێکی شاعێرانەی لە ناخی ورووژاندم و بوو بە سەرچاوەی ئیلهام و پەریی شێعری بۆ هێنامە ژوانێ. هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوە قەڵەم و کاغەزم لە گیرفانم دەرێنان و بەو وشە ساکارانەی لێم بیستبوون و بەو دیمەنە کوردانەی سەرنجی ڕاکێشا بووم، دەستم پێکردو ئەوەندەم بۆ لێهاتە بەرهەم کە دەیخەمە بەرچاوتان و داوەریش لە سەرچاك خراپیی شێعرەکە بەدەست خۆتانە.

فەرموون کەمی من و کەرەمی ئێوە :

## کچەکوردێکی بێبەش:

ڕۆژێك مەلوول وخەمبا ر
ڕووم کردە دەشت وکۆسا ر
گەرمای چلەی هاوین بوو
هەتاوێکی بـــەتین   بوو
خەستە وهیلاك وماند وو
هێــزم لــەبـــە ر بـــڕابوو
هەروا دە ڕۆیــمە خـــواریٚ
لێم دە رکەوت دەوا ریٚ
لە بن دارێکی خرپن
نەسیم دەهات شنەشن
پەلاسیکی خنجیلە
بەچاوم تێم گرت سیلە
ڕوانیم کیژیٚ بەڵەك چاو
قژی لوول وئالۆسکاو
جل وبەرگی ساکارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سینەی باخی هەنارە
ئیسك سووك وخوێن شیــرین
جوان ودڵ پاك وشەرمین
باڵا بەرز و چاو کەژاڵ
نەرم ونۆڵ و ڕووبەخاڵ
پرچی وەك ماری جەنگی
بەژنی ڕێك وغە دەنگی
برۆی شمشێری دووسەر
جەماڵی لەعل وگەوهەر
ئەندامی لووس وباریك
بسکی وەك شەوی تاریك
گەردن مینای بێگەردە
هەتوانی ژان ودەردە
سینەی بەفری کەلیخان
ڕوومەت گوڵاڵەی کوێستان
مژۆڵ تیری کەوانە
بزەی فێنکیی دڵانە
ددان وێنەی مرواری
دڵگیــرە لەنجەو لاری
زەردەی، خۆری دەم ئاسۆ
هێدی هێمن لەسەرخۆ
بەڵام دەردی هەژاری
لە نێو چاوی دەباری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆیلەو یەخسیرو دیلە

لەبێ بەشی زەلیلە

وتم: کیژۆڵەی چاوباز

ئەی نەشمیلانەی بێناز

قیبلەی ئەوین وڕازی

تۆکێی؟ ئاوا بێنازی!

لەپڕ چاوی لێکردم

سەبروو ئارامی بردم

خونچەی لێوی کراوە

بەنەرمیی جوابی داوە:

ناوم " سەرگوڵ " کۆچەریم

کچی مام لاو بێ سەریم

زیندانی ژێر دەوارم

دڵ پڕ ئێش وئازارم

مافم پێشێل کراوە

هەست وبیرم خنکاوە

کەنەفت ودەستە ئەژنۆم

وەك موو باریکە ئەستۆم

تووشی خەم وپەژارەم

لەنێو کۆمەڵ بێکارەم

ڕۆژم لەکەل ئاوایە

نووزەم لەبەر دەرنایە

جیاوازیی نێو ژن وپیاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاکی خستووینه نێو داو
ئاوا لێمان قەوماوە
نێوەی کۆمەڵ فەوتاوە
داب و شوێنی کۆن زاڵە
ژیانم بۆیە تاڵە
هەتا نیزام ئاوایە
ڕەنجی ژنان بە بایە
دیل و بەردەو یەخسیرە
بەشی کۆت و زنجیرە
بەهیوای ڕۆژی ڕووناك
بڕۆینە پێش بەبێ باك
تۆش کە بوویتە میوانم
حەزمە ناوت بزانم
وتم : بیستم سکاڵات
بەلاّم دەگەینە ئاوات
مەخۆ خەم ئاسۆ ڕوونە
دژ بەگەلان زەبوونە
((قادریم)) و میوانم
پێشمەرگەی کوردستانم .

**شاناخسێ: 8ی گەلاوێژی 1363ی هەتاوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیتنی ئەو دیمەنە لە زۆر بارانەوە کاری تێکردم، زۆرم پێ خۆش بوو هاتووچۆم کردبان. تا بەڵکوو بە شێوەیەك توانیبام هێندێك شوێنەوار لە سەر بیرو بۆچوونی دواکەوتوانە و باوك سالاریی مام لاو دابنێم .خۆڕەنگ بوو لەو بارەوە هە رسەریش نەکەوتبام، بەڵام دیسانیش خۆم پێ نەگیــراو هەر بەو مەبەستە پاش ماوەیەك ڕووم کردەوە کۆنە هەوارو بەرەو ڕەشماڵە بۆری شۆڕ بوومەوە. بەڵام هەیهوو... هەیهوو... ئاشبێژ لەخەیاڵێك و ئاشەوان لە خەیاڵێك! ڕاست و ڕەوان هەواری خاڵیی مامۆستا هێمنی شاعێر لە پێش چاوانم زیندوو بۆوەو، وەك پەردەی سینەما خۆی لوول کرد و تێپەڕی. مام لاو کۆچی کردو ئەویشم لێ بوو بە سەرباری دەردان و دوو چەندانە قوورسایی باری خەمانی زیادکردم .

دوورکەوتنەوەم لە ناوچەو نیشتەجێ بوون لە کۆمیتەی شارستان، ئاراوقارای لێ هەڵ گرتبووم. بەرپرسایەتی یەکەشم ئاڵووگۆڕی بە سەردا هاتبوو. ماوەیەك لەوە پێش بە کادری سیاسیی هێز دیاری کرابووم، دەبا کۆبوونەوە بۆ پێشمەرگەکان بگرم و لە باری تەشکیلاتی‌یەوە پێیان ڕا بگەم . بەڵام پێشمەرگەکان هەموو لە ناوچە بوون و ئەمن بەتەنێ بەجێ مابووم . بۆ گەڕانێك بە ناوچە دا و نوێ کردنەوەی دیدارێك لە گەڵ دێنشینە دڵ پاك و ساویلکەکان جەرگم جەرگی دەخوارد. لە بێ وازی یان ڕووم کردە نێوباخات و دارستانەکەو لە سەر ئەستێراوێك خۆم فێنك کردەوەو لەبەرخۆمەوە وێرەوێرم دەست پێکرد. خەیاڵ هەڵێ گرتم و دەستی پێدامە پێنووس و تێنووسان و ئەوەی لێ شین بوو کە لێرەدا دەیـخوێننەوە :

## بۆ ڕێم نادەن؟( 5 )

بۆڕێم نادەن بۆنیشتمان برۆمەوە؟
لەکانیاوی کوێستانەکەم بخۆمەوە!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بێگانە ودوورە پەرێز لەیارانــم؟

بۆهە لۆەدا ودیلی دەستی نەیارانــم!

چی بوو خەتاو تاوانی من؟چونکە کوردم؟!

لەبەر داگیرکەران وێڵی شاخ وهەردم!

کێن ئەوانەی دژی ئاشتیو دۆستی شەڕن؟

لەحاند هاواری مەزلوومان کوێروکەڕن !

کێن ئەوانەی مێشك خۆرومار پەرستن؟

کێن ئەوانەی بەخوێنی هەژاران مەستن !

بەڵێ شاعیر!تاوانکاران، فاشیستەکان

ڕەگەز پەرست ،چەوسێنەر، گەل نەویستان

مۆتەکەی شەو، دێوەزمەی شەڕ، جنۆکەکان

دوژمنە داخ لەدڵ وچاو چنۆکەکان

بۆ سوودی خۆ، سەدان تاوان، دەخولقێنن

چەوساوەکان، لەژێرچەکمان، دەفلیقێنن

بە خوێن فرچك دراوانن، دێن و دەچن

هەموو دنیا هەڵدەلووشن، هەر تێر نابن

دەبینی سەدان بەش خوراویان لە ئەستۆیە

ڕاناچەنێ دڵی ڕەقیان، وەك بیــرۆیە

لە دەنگی شووم وسامناکی پاوانــخوازان

وەلەرزە دێ جەستەی خەستەی لانە وا زان

تەمی خەمی پاڵەو جووتێر ناشکێتەوە

لێزمەی بارانی نەگبەتی نابڕێتەوە

بەڵام شاعیر! ئاسۆ ڕوونە، هەروا نابێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەقیش هەروا لە ژێر پەردەی ڕەشدا نابێ
مزگێنی بێ، هێزی گەلان لەپسان نایە
لە نێو ناچێ، ناتوێتەوە، وەك پۆڵایە
سروەی شەماڵ، تەمی خەفەت، وەلا دەنێ
دایکی وەتەن، لە دەنگی شووم، ڕاناچەنێ
بەفری زستانی قن لەزگ، دەتوێتەوە
جاترەو گیاخاوی مەیدانان، دەڕوێتەوە
دەڕەونەوە، هەوری گرژی لووتکەی سەرتوون
پێ هەڵدەگرێ کۆرپەی ساوای دایکی زەبوون
ڕۆژی شادی لە دوندی خەم هەڵ دێتەوە
بووکی کۆست کەوتە فرمێسکی دەسڕێتەوە
چارشێو دەدڕێ خونچەی بەهاری ئازادی
ئامێز دەگرێ زاوای ئاوات، بووکی شادی
لە کوردستان، داگیرکەران دەتارێنێ
ئاواتی بەرزی " قادری " وەدی دێنێ.

## پەڕاوێزەکان

1: کاك " فەتاحی ئەحمەدی " خەڵکی "ساڵووکی سەرێیە" و لە سەرەتای ساڵی1358ەوە، پێشمەرگە بوو. بەرپرسایەتییەکانی تا بەرپرسایەتیی هێز بڕیبوون. سەرەنجام وازی لەپێشمەرگایەتی هێناو ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

2: کاك "عیزەت " خەڵکی "ئارمردە" و لە ساڵی 1358ەوە، پێشمەرگە بوو. پلەکانی تەشکیلاتیی تا فەرماندەری لك و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەو ئەندامی کۆمیتە شارستان و هەیئەتی ئیجرایی بڕیبوون. ماوەیەك چەکی دانا وپاشان ئەرکی پێشمەرگایەتیی وەئەستۆ گرتەوەو، لە بەشی دەرمانیی بنکەی سلێمانی و دواتر لە بەشی ساختمانیی دەفتەری سیاسیی ئەرکی سەرشانی بەڕێوە برد. سەرەنــجام بە هۆی وەرگەڕانی تراکتۆرەوە شەهید بوو. جێی سەرنــجە بەهۆی گڕی ئارپیجی‌یەوە تەنیا بینایی چارەکە چاوێکی مابوو. بەو حاڵەش لە بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی هەر سارد نەبۆوە.

3: کاك " عەبدوڵڵا " خەڵکی "بانە"و لە زەمانی" شا"دا ئەندامی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بوو . دوای ڕاپەڕین بوو بە کۆمەڵەو پاش ماوەیەك چەکی داناو پێوەندیی بە حیزبەوە گرتەوە. سەرەنــجام وازی لەپێشمەرگایەتی هێناو ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە بە پەنابەری دەژین . بەداخەوە کاك عەلی بەهۆی کارەساتی ماشێن کۆچی دوایی کرد .

4 : خوشکە مریەم خەڵکی بانەو خێزانی کاك عەلی کیتابی بوو. ئەویش لە گەڵ هاوژیانەکەی پەڕیوەی هەندەران بوون و ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژین.

5 : ئەم شێعرە تیپی هونەریی باواجیی کۆیە کردوویانە بە سروود.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گواستنەوەی کۆمیتەی شارستان و دوو گەشتی تەشکیلاتی

ڕۆژان دەهاتن و وەرزان بەدوادا، ئێمەش هێدی هێدی بە هەورازی تەمەن هەڵزنا بووین و بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، تای ماشەری ژیان هەڵ دەکرا، پاییزی خەماویی ساڵی1363ی‌هەتاوی، دیمەنی دزێوی خۆی وەدەرناو کورد وتەنی: (( بەرگی فەقیری دڕا )). گەڵا زەردهەڵگەڕاوەکان بەدەم کزەی تەزووهێنەری وەرزی ڕووتانەوەی سروشتەوە لك و پۆپی دارە سەمەرییەکان دەبوونەوەو بەسەرمەقولات بەرەو سنگی زەوی دەخوشین. وەرزێڕە زەحمەتکێشەکان خەلەو دان و بەروبوومی زەوی و زاری ئەو ساڵەیان بۆ ژوورەکان کێشەوە دەکردو بەرەبەرە چەرداخ و کەپرۆکەی سەربێستانان چۆڵ دەکران. سروشت خۆی بۆبەربەرەکانێ کردن لەگەڵ تۆف و بەستەڵەکی زستانی تۆسن و سەرشێت ئامادە دەکرد. لەولاشەوە دوژمن تەنگی پێ هەڵچنی بووین و هەردەمە نادەمێك بارانەی گوللە تۆپ و خۆمپارەی بەسەردا دەباراندین و خەوو خواردنمان لێ حەرام کرابوو و زۆربەی کاتمان لە کونە تەیارەدا دەبردە سەرێ. سەرەنجام ناچار بە گوێزانەوەی بنکەکەمان کراین و هێندێك بەرەو سەرترو نەدیوتر چادرمان هەڵدان و جێگیر بووین. دیارە ئەوێش هەر جێی متمانە نەبوو، بەڵام هاورێیان پێشتر مشووریان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواردبوو، وەستاو کرێکاریان هێنابوون و لە گوندی "مووسەك"(1) دەستیان بە خانوو دروست کردن کردبوو.

حەدوسەدی حەقەتە پەڵە بوو، سروشت قینی لێ هەڵگرتین و هەورە باراناوییەکانی لێك دان و خووناوە بە سەرماندا، دای ڕشتێ، ژیان لە چادرو ڕەشماڵاندا دژوار بوو، بە هۆی کەمتەرخەمیی بەشی ماڵییەوە خواردەمەنیشمان لە کورتیی دابوو. ئەوەی بە مەباحی دەگەیشتە دەستمان، هەر لوبیا و پەتاتە(یارەڵماسی) بوو، پەتاتەیان بەکوڵێوی، بە سوورەوەکراوی، بەشۆرباو و بەکووکی دەرخوارد دەداین. وەهای لێ بێزار ببووم کە چاوم بەرایی نەدەدا سەیری بکەم، هەر کە دەمبینی هەموو لەشم دادەگیراو تیغ گەیشتە ئێسقانم . ئاخرەکەی شەوێك لە شەوانی پاییزێ لەبەر چرا لەنتەری بۆی دانیشتم و ملم لە بەرملی ناو خەشی خۆم پیێڕشت، ئەگەریش بڕوا ناکەن ، فەرموون بۆ خۆتان وەی خوێنن :

## دەمەتەقەی شاعیرو پەتاتە

ئەریێ پەتاتەی سە ر سفرەی نانـم !
ئەرێ ڕەفیقی ڕۆژ و شەوانـم !
تاکەی کۆڵ نادەی لە کاشانەکەم ؟
تاکەی چۆڵ ناکەی سفرە و خوانەکەم ؟
سەد جار پێم گوتی: بەرۆکم بەردە
وازم لێ بێنە لەم چۆڵ و هەردە
لەداخی تۆیە بلّحی بێ کارە
سەری لێداوم خەم و پەژارە
بڕۆم بۆ هەرلا دەکەویە شوێنم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەگەر لە داخت خۆم بـخنكێنم !
دەك مـاڵت برِمـێ بێچارەت كردم
وێڵی كەژ و كێو، ئاوارەت كردم
پێشم پێ دەگری ناكەی لێم لادەی
لە هەر جێ یەك بم كۆڵم لێ نادەی
دێـیە بەردەستم رِۆژێ دوو سێ جار
مۆڵەتـم نادەی نابی دەس بەردار
خۆم لێ دەگۆڕی هەردەم بە ڕەنگێ
جەخارت پێ دام بەسیە تاكەنگێ
توخوا بەسیەتی مەم خەڵەتێنە
هێزت لێ برِیم وازم لێ بێنە
لەنێو ڕیـخۆڵەم كردت هێلانە
ڕێگات نیشان دام بۆ نەخۆشخانە
لە نێو قابلەمەی چێشتم خزاوی
یان لەسەر سفرەم هەڵ تروشكاوی
شەرتە لەمەودوا ڕێگات پێ نادەم
لە برسان بمرم دەمت لێ نادەم
شەرتە دەرت كەم لەجێ و مەكانم
نەهێڵم بچیە نێو سفرەو خوانم

## وەڵامی پەتـاتە

كەسێك وادەلێ خودا پێداو بێ
مەنـجەڵ داگیراو پرِ لەپلاّو بێ

کەسێك وادەڵێ زۆر دەوڵەمەند بێ
خاوەن دیوەخان دەست و پێوەند بێ
کێ تۆ دەناسێ سپڵەی پێ نەزان
ئەگەر من نەبــم دەمری لە برسان
کوا ئەو کەسانەی دۆستی گیانی بوون؟
دایم شەریکی سفرەی نانی بوون
کوا دڵسۆزەکەی ڕەفیقی ڕێگات؟
کاتی تەنگانە بگاتە فریات
ئەمن هاورێتم پیاوی حیسابی
هۆش و فامت بێ بۆحاڵی نابی؟!
دڵسۆزیم بۆ تۆ ڕوون و بەرچاوە
من بەکردەوە نیشانم داوە
بەجێم نەهێشتی ڕۆژی تەنگانە
پێم خۆش نەکردی پیاوی بێگانە
ئەگەر من نەبام ژینت مــحاڵ بوو
قابلەمە و دەوریت خاڵی وبەتاڵ بوو
شەرتە جێت بێڵم چون پێ نازانی
با لە ئەژنۆ دەی دەستی ژێوانی
ئەوا ڕۆیشتم نامەردی نەزان
ناگەڕێمەوە پەل بەریە ئاسمان
شاعیــر
پەتاتەی برا هاوڕێ خاسەکەم
ئەی هاوسەنگەری هەق شناسەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له پاش جەنابت باقله هات بۆلام
ئەویشم دەرکرد ئێستا بە تەنیام
هەر بە دوو ڕۆژان لەوی بەزیوم
توخوا بیرەوە بێ تۆ هەتیوم
گەلێ مەمنوونم لە ئامۆژگاریت
کاری تێ کردم پەندی مرواریت
دۆستی بە ڕاستی دەبێ گیانی بێ
نەوەك ڕەفیقی نانی نانی بێ
تۆ هاوپەیمانی ڕۆژ و شەوم بووی
مەحرەمی ڕازی کاتی خەوم بووی
بەجێت نەهێشتم ئەشهەدوبیللا
کاتی بەخشینە بمبوورە ئێستا

پەتاتە :
بەڵێ ((قادری)) ئێستا کە وایە
دڵت ناشکێنم دێمەوە کایە
دێمەوە بۆلات وەك جاری جاران
بەجێت ناهێڵم بە سەرمای زستان

شاناخسێ، 18ی خەزەڵوەری 1363ی هەتاوی

کۆمیتەی ناوچەکان و هێزی پێشمەرگە بێجگە لە ئەرکانی هێزبەگشتی لە ناوچە بوون, هەیئەتی ئیجراییش بۆ کارێکی تایبەت بۆ گوندی چۆمان چووبوون و لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەك لە کومیتەی شارستان بەجیٚ مابووم. شەوێکیان دەماودەمی ماڵ نووستنان پێشمەرگەیەك بە هەناسەبڕکیٚ خۆی لە ژووری چادری کوتاو بە دوو سیٚ وشەی پچڕپچڕ گوتی :

ـ کاك ئەحمەد ! حەمە کوڵەباڵ(2) و دەروێش عەلی(3) یەکتریان کوشت !

چەندی هەوڵم دا لەوە زیاترم لیٚ نەبیست و دەرپەڕیەدەریٚ. منیش لە گەڵ دوو پێشمەرگە داگەراینە خواریٚ بۆ لای خێوەتەکەیان. دیتمان مرخێش مرخێش دەست بە یەخەبوون و خەریك بوو یەکتری بخنکێنن . بەهەرلەونێك بوو لێکمان پچڕین و کاتێك چووینە قوولاّیی مەسەلەکەوە ، دەرکەوت کە پێکەوە ئارەقیان خواردبۆ وە و سەرخۆش ببوون ، ئەو جار قسەیان لێك هەڵبەزیبۆوەو تێك شیشابوون ، جاوەرە چت خواردووە؟ ترش و چەوەندەر!! ئەوەندەیان لێك دابوو هەمووسەرو چاویان ماسیبوون . دەروێش عەلی دەپاڕاوە و داوای لیٚ بوردنی دەکرد، بەلاّم حەمە کوڵەباڵ هەر جنێوی دەدان و بۆمان زەوت نەدەبوو. دەریش کەوت کە ئارەقەکە هی حەمە کوڵەباڵ بوو. چارناچار، شەرعی ماری بەداری ! حەمە کوڵەباڵ مان گرت و بە دار گوێزەکەی لای سەرووی چادری کومیتە شارستانەوە بەستمانەوە. نمەنمەش باران دەباری . هێندێکی پیٚ چوو گوێم لیٚ بوو لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی بەسۆزو مەزلوومانەوە دەیگوت:

ــ سەگبابانە ! دایکتان وا لیٚ دەکەم ! جاوەرە هەزارتمەن بدەی بە ویسکی و نەیەڵن خۆشت کەرکەی ! !

منیش هاتمە دەریٚ و چووم بەلایەوە ، وا دیاربوو بە تەوژمی سەرماکە هێندێك هاتبۆوەسەرخۆ داوای لیٚ بوردنی دەکرد. هێندێك قسەم لە گەڵ کردو لاواندمەوەو گوتم :

ـــ بەمەرجێك بەرەڵلات دەکەم بچی لە گەڵ دەروێش عەلی ئاشت وەبی و بەڵێنییش بدەی کاری وا نەکەیەوە . ئەویش قەبووڵی کردو بردمان دەستی لە ئەستۆی دەروێش عەلی کردو پێکەوە ئاشت بوونەوە .

وەرزی پایــیز لە نیوەی تیٚپەڕیبوو، بە پێی بڕیاری کۆبوونەوە، کۆمیتەی شارستان و هێزی پێشمەرگە، گەشتێکی سیاسی نیزامیمان لە ناوچەی خێڵەڕەش و پاش ئاربەبا دەست پێکرد. ئەرکەکانی ئەو گەشتەمان بە پێنج بەشی وەك، تەبلیغات، تەشکیلات، ماڵی، کۆمەڵایەتی و نیزامی دابەش کردو بۆ هەرکام لەو بەشانە چوارچێوەمان دیاری کرد. بەشی پاراستنی ئەمنییەت، وەبەر هێزی پێشمەرگە کەوت و بەشەکانی دیکەش بە سەر کادرەکان دابەش کران. کاتێك دەچووینە گوندێك هەر کەس وەدوای کاری خۆی دەکەوت و لە ڕۆژدا چی کربا لەدەفتەرێك دا یادداشتی دەکرد. ئەمن بەپێشەی هەمیشەیی خۆم بەشی تەشکیلاتم وەبەرکەوت . گەڕانەکەمان بەرهەمێکی باشی هەبوو. زۆربەی ناوچەکانی حەوتەوانە و ئاربەبا گەڕاین، خەڵك بەگەرمی پێشوازییان لیٚکردین و بەدەنگمانەوە هاتن و لە هەموو بارێکەوە هاوکارییان کردین و لە گەڵمان بوون. هیشتا گەشتەکەمان کۆتایی نەهاتبوو لە دەفتەری سیاسییەوە ئاگاداریان کردین کە لە سەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی، ڕۆژی 26ی سەرماوەز، بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناونراوەو دەبیٚ بە شکۆیەکی تەواو بەڕێوە بچیٚ . (بڕوانە وێنەی ژمارە 12) .

ئێمەش بۆ بەڕێوەبردنی باشترو شکۆدارتری ڕێورەسمی ئەو ڕۆژە مەزنە وەخۆکەوتین و پێش وادە بە خەڵکی ناوچەکەمان ڕاگەیاند کە بۆ بەشداری کردن لەم جێژنەدا خۆیان ئامادە بکەن. منیش کە دەبا دیارییەکی باش پێشکەش بەو ڕۆژە مەزنە و بەشدارانی ڕێورەسمەکە بکەم، ڕۆژێك خۆم لەپێشمەرگەکان دزییەوەو لە ئاوایی گەورەدار لە ماڵی ڕەحمانی حاجی مارف لە دیوێك دا دەرگام لەسەر خۆ داخست و دەستم پیٚکرد. سەرەنجام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەم لە دەست هەل ٚوەری کە دەیخەمە بەردەستتان، داوەریی بەرودوای چاك و خراپیی شیٚعرەکەش هەر خۆتانن. فەرموون:

## پیٚشمەرگە

هەلۆی سەر شاخی هەلٚگوردو گولٚی داویٚنە پیٚشمەرگە
چریکەی بازو لالەی نیٚو چرٖو بەستیٚنە پیٚشمەرگە
سەری قەلٚغانە بۆ مافی رٖەوای گەل، گیان لە پیٚناوە
نەوەی کاوەی فیداکارە و قەلاٚ رٖووخیٚنە پیٚشمەرگە
شەمی سەر چاکی هیوایە و چرای رٖیٚبازی رٖزگاری
نـموونەی هەلٚمەت و هیٚرش، حەماسە وخویٚنە پیٚشمەرگە
لەپیٚناوی گەلی کورد دا دژی بیٚدادی هەستاوە
بە گوللەی گەرم و گرٖداری بەلاٚ سووتیٚنە پیٚشمەرگە
لەسەر داوا رٖەواکەی سوورە، گیانی خۆی لە پیٚناوە
هیوای دوارٖۆژ و پشتیوان و تۆلٚە ستیٚنە پیٚشمەرگە
دەسەلمیٚنیٚ هەقانییەت بە داگیرکەر لە کوردستان
فریشتەی رٖۆژی رٖزگاری، زولٚم تاریٚنە پیٚشمەرگە
گورٖوتینی بەهیٚزو باسکی چەکداری گەل و هۆزە
بە ئیمانە و نەمامی ئاودراو بە خویٚنە پیٚشمەرگە
دەروون خاویٚن و پارتیزان و جەنگاوەر، ئەمەگ ناسە
عەدالٚەت ویست و خاوەن ئەقلٚ و هەست بزویٚنە پیٚشمەرگە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسام و هەیبەتە، خاوەن ئیرادە و سەمبولی شۆڕش
لە ڕۆژی ترس وتەنگانە، ڕەقیب تۆقێنە پێشمەرگە
لە کاتی هێرشی دوژمن ، قەڵای بەرزی نەگیراوە
وەکوو شێری ژیان هەستاوە، تێك قرمێنە پێشمەرگە
بە زۆری بازوو قەڵتوبڕ دەکا زنجیری بێدادی
دەبا هەستین لە ئامێزی گرین ، کوردینە پێشمەرگە
وەکوو پرشنگی خۆری ڕۆژی ڕزگاریی سەیر کەن چون
گەڕێنی ڕەو ڕەوەی مێژوو، حەماسە نوێنە پێشمەرگە
دەهەستن ڕێز گرن لەم ڕۆژە پیرۆزە کە پێویستە
لە ڕێی قوربانی دانێن ، چونکە کێو لەرزێنە پێشمەرگە
لە مێژووی شۆرشا وەك تاقە ئەستێرەی تەماشا کەن
بزانن ڕێکخەری شۆڕش، ڕەوت بزوێنە پێشمەرگە
ئەتۆش هاودەنگ لەگەڵیا ((قادری)) بڕوانە سەیری کە
لەچاوی دوژمنا دڕکە و، چیا خەملێنە پێشمەرگە(4)

گەورەدار23ی سەرماوەزی1363ی‌هەتاوی

لە کورتی وەبڕین خەڵکێکی زۆرمان بانگ هێشتن کردو لە گوندی" قوڕنێ "ی ناوچەی حەوتەوانە، بە بەشداریی هەموو کادرو پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچە، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆمان پێك هێنا. چەندین وتارو شێعرو پەخشانی حەماسی خوێندرانەوە کە یەك لەوان شێعرەکەی خۆم بوو. پاشان کوڕوکاڵ دەستیان تێك گرتو هەتا دەمی ڕۆژ ئاوایە شایلۆغان بوو . ئەو جار ماڵئاواییمان لە خەڵکی ناوچەکە کرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هاوڕێیانی کادر و پێشمەرگە بەگشتی بۆ کۆمیتەی شارستان گەڕانەوە . منیش هەرچەند لەو گەشتەدا بە تەواوی ماندوو ببووم و پشوودان و حەسانەوەیەکم پێویست بوو، بەڵام لەبەر ئەوە کە لە مێژ بوو هەواڵم لە ژینگە وزێدەکەم نەبوو، داوام لە کۆمیتەی شارستان کرد کە بە ماوەی چەند ڕۆژێك ئیجازەم بدەن سەرێك بە کۆنە هەوار بسپێرم و دیدارێك لە گەڵ ئازیزان نوێ کەمەوە. بەڵێنیشم پێ دان کە لە کاری تەشکیلاتیش خافڵ نەبم و چەندی لە دەستم بێ بۆی تێ بکۆشم. پاش موافەقەتی هەیئەتی ئیجرایی، لە گەڵ عەزیزی ئامۆزام و عەبە سپیدارەیی(5) خۆمان تێکرد. لە خوار ماڵەکانی کەندەڵێیەوە دانیشتین سەرو جگەرەمان کێشاو عەزیز بۆ تاقیکردنەوەی تفەنگەکەی فیشەکێکی تەقاندو قاپووری تێدا پچڕا. منیش کە وەك پێشتر باسم کرد لەبەر ئازاری پشتم نەمدەتوانی تفەنگ هەڵگرم ، تەنیا دەمانچەیەکم پێبوو، یانی سێ کەس بە چەکێك وەڕێ کەوتین . شەو لە جادەی پەڕینەوە و لە زەرواوی سەرێ نانمان خواردو دیسان وەڕێ کەوتینەوە و بۆ بەری بەیانیی خۆمان بە ئاوایی بێلوێ داکرد.

بەفرێکی ئەستوور لە زەوی دا بوو، گەشتەکەمان بە تەواوی نهێنی بوو، پاش ماڵ نووستنان لەو گوندەی لێی بووین وەڕێ دەکەوتین و بۆ بەری بەیانیی بێ ئەوەی کەس بمان بینێ، لە ئاواییەکی دیکە خۆمان بە ماڵێکدا دەکرد. بە ڕۆژانەش جیا لەو ئەندامە باوەڕ پێکراوانەی کارمان لە گەڵ دەکردن، کەس چاوی پێمان نەدەکەوت. گەڕانەکەمان بە تەواوی پارتیزانانە بوو، نێواونێو ئاواییەکانیشمان دەبواردن و پاشان بۆیان دەگەڕاینەوە. ماوەی چەند ڕۆژێك بەو شێوەیە گەڕاین و دوژمن نەیتوانی شوێن پێمان هەڵگرێ. ئێوارەیەکیان لە گوندی "نجنێ خواروو" یەکێك لە هەواڵ دەرەکانم بینی، من خۆش و تۆ خۆش گوتی:

ــ لە دووتان دەگەڕام ، باش بوو چاوم پێت کەوت.

ــ یاخوا خێربێ ، چ خەونێکت بۆ دیوین؟

ـــ ئەمڕۆ لە بانە بووم، لە دۆس خوایەکم بیست کە دوژمن هەستی بە بوونتان لە ناوچەکەدا کردووەو بۆ لە داو خستنتان لە هەوڵ دایە. ئاگاتان لە خۆتان بێ ، دەستەی زەربەت لە دووتان دەگەڕێ و بە وردی تاقیبتان دەکەن. ئەگەربەرگریتان لە خۆتان پێناکرێ، ناوچەکە بەجێ بێڵن با بە مفتێ تێدا نەچن.

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە قەت لەو بڕوایەدا نەبووین کە بەو بەفرو زەیقەتی‌یە دوژمن وەدوامان دەکەوێ، چونکە دەچووینە هەر جێگایەك دەمانگوت لکی دوومان هەموو لەگەڵە و ئێمە بۆ کارێکی تایبەت لێیان هەڵبڕاوین . بە هۆی ئەوە کە عەزیزیش فەرماندەری لکەکە بوو، بڕوایان پێدەکردین. بەڵام وادیار بوو دوژمن بە وردی لە دوومان گەڕابوو و زانیبووی هەر ئەو سێ کەسەین، چونکە لە کاناڵێکی دیکەشەوە ئاگاداریان کردبووین کە دوژمن بە دوومانەوەیە. هاتمەوە بۆلای عەزیزو هەواڵەکەم پێ ڕاگەیاند، ئەویش گوتی :

ـ خەمت نەبێ ، بازبازێنێکی دیکەی بۆ دەکەین و سەری لێ دەشێوێنین .

وەکوو کەروێشکێ هەزارە و دوولایی‌مان کرد و گەراینەوە بۆ قەڵایە. لەوێشەوە خۆمان بۆ ئاوایی "گردۆڵ"کوتاو بەری بەیانیی خۆمان بەماڵی " شێرۆ " دا کرد. لێمان وەدەرکەوتن و چەندی بلێی حوورمەتیان گرتین. بەپەلە چایان بۆ دەم کردین، نان و چامان خواردو هێندێك قسەی خۆشمان کردو گوتمان:

ـ سبەینێ هەتا ئێوارێ لێرە دەبین و نابێ کەسیش پێ بزانێ.

دوو سێ کوڕی زیرەك و ئاقڵێشیان بوون کە ئەندامی حیزب بوون. لە دیوێك جێگایان بۆ ڕاخستین و لێی نووستین . دەمی نیوەڕۆیە بوو هەستام و چوومە دەرێ، هێشتا دەم و چاوم نەشوشتبوون، یەکێك لە کوڕەکانی بە ئەسپایی گوتی :

ـــ هێندێك پەلەی بکە جاش وپاسدار هاتن!

منیش بە پەلە چوومەوە ژوورێ و کوڕەکانم وەخەبەر هێنان و هەواڵەکەم پێڕاگەیاندن . هەتا ئێمە خۆمان پێچاوە، سەریان وەسوێی نا. لە ڕاوێژی ئەوەدا بووین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داخوا چ  بکەین. شوێنەکەشمان واهەڵکەوتبوو بەهەرلایەکدا وەدەرکەوتباین لەبەر چاوان نەدیو نەدەبووین و بە گوللە شڕیان دەکردین. لەو دەمەدا خێزانی خاوەنماڵەکە هاتە ژووری و گوتی :

ــ هیچ وەسەر خۆتانی مەهێنن. وەرن وەدوام کەون و هەست وخوستو لەبەر نەیە.

ئێمەش بە بێ دەسەڵاتی وەدوای کەوتین. هەر لەبن ئەو دیوەکە لێی نووستبووین، دیوێکی چووکەڵەی نیشان داین و گوتی :

ــ بچنە ئەو ژێرخانەیەوە، ئەگەر خوا کردی و پێیان نەزانی، خێرێکتان بۆ دەکەم، ئەگەریش ئاشکرا بوون و هاتنە بەر دەرگایە، دەستیان لێوەکەن و چەندی فیشەك پێتانن پێیانەوەنێن. ئەگەر دەش کوژرێن با مەزڵوومانە نەکوژرێن، دوایەش ماڵ دەسووتێ، خێزان دەکوژرێ، هەرچی دەبێ با ببێ. بەڵام مەش ترسن، بە هەر نرخێك بێ نایەڵم بێنە ژووری ها... ئێمە وەژوور کەوتین و بۆ شوێنەونکێ تەلیسە گەنمی لەبەر دەرگای دیوەکە هەڵچنین. ژوورێکی تاریك و نووتەك و ئەنگوستەچاو، هەڵ تروشکاین و گوتم :

ــ  دەی عەزیز! ئەتۆ فەرماندەری نیزامیی، پلانێك بۆ ڕزگاربوون لەم ڕۆژەڕەشە داڕێژە، دەبێ چە بکەین باشە؟ ئەویش گوتی :

ـ پێش ئەوەی من بەرنامەڕێژی بکەم ، دەبێ بزانم ورەوئیرادەی ئێوە لە چ ئاستێك دایە.

ئێمەش بێ ڕاوەستان و بیر لێکردنەوەو تێکڕا گوتمان :

ــ نابێ بە زیندوویی بکەوینە بەردەستی دوژمن.

ــ جا کەوابوو پرسیاری ناوێ. هەرچی فیشەکی پێمانە، بەو کلاشینکۆفەی عەبە لە قەبەڵیان دەکەین، ئەگەر دەستەویەخەش بووین، دەمانچەکەش دەوری خۆی دەبینێ. بەڵام پێشەکی سێ فیشەکان بە جیا لە گیرفان نێ، هەرکات فیشەکمان لێ بڕان، سەرو فیشەك لە ئێمە دەو ئەوی دیکەشیان لە نێو چاوانی خۆت قایم کە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە لەو بەردوخوردەدا بووین و یەکێك لە کوڕەکان هاتە بەر دەرگاو گوتی :

ــ دەستەی سارولڵان، چوار دەوری ئاوایی‌یان لە ئالْقە وەرێناوە. پرسیاری دژی شۆڕشیان لیٚکردووم و منیش حاشام لیێکردوە.وەك سەگی نەهێنگروان و لەوانەیە مالْ پشکنیٚ بکەن.بەلاّم خەمتان نەبیٚ، ژن و منداڵی ئەو دێیەم ئاگادار کردوە کە ئەگەر مالّیان پشکنین، گەلەکۆمەکیان لیٚ بکەن و بەرد بارانیان کەن.

با لەو تەنگانەو بزمار بەگایە دا، بۆ زاخاوی مێشك نوکتەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە کەلە جیٚدا ئەویش هەر سەلمێنەری شەهامەتی ئەو بنەماڵەیە. ئەگەریش بڕوا ناکەن، داوەری‌یەکە بەخۆتان دەسپێرم، فەرموون:

شەویٚ کە دانیشتبووین و قسەی خۆشمان دەکردن، یەکێك لە کوڕەکانی سەری هێنایە پەنا گوێمەوە وگوتی :

ــ براله! ئەمن خەیالّی ژن بە ژنەم هەیەو دەبیٚ ئیجازەم پیٚ بدەن .

ــ کاکی خۆم ! تۆ بۆ خۆت ئەندامی حیزبی، حیزبیش ژن بە ژنەی قەدەغە کردوە، نەکەی شتی وا بکەی، بەخوا دەتگرن .

لەو کاتە ناسکەدا ئەوەی وەبیر هاتبۆوەو هەردەمە نادەمێك دەهاتە بن دەرگاکەو بە پێکەنینەوە دەیگوت :

ئەوا لێتان نزیك بوونەوە، بۆم دەنووسی ژن بە ژنەی بکەم، یان بانگیان بکەم؟

ئەمنیش دەمگوت:

ــ بانگیان دەکەی بە گونی بارگینمەوە، ئەمن نەفەرێکم و دەکوژرێم، بەلاّم ئێوە بەسەرو مالّەوە تێدا دەچن.

ئێمە لەو گالْتە و گەمەدا بووین وسەلام سەلامی عەجەمان لەبەر دەرگایە گوێمانی زرینگاندەوە ! بەلاّم مەتانەت و لە سەرەخۆیی ئەو بنەمالّەیە، بوو بە هۆی ئەوە کە گومان لە هیچ نەکەن و دەستیان پیێوەنان. دیارە شوێنەکەی ئێمە زۆر قایم بوو. نە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئارپیجی کاری لێ دەکردو نە گوللەش دەیگرتەوە ، مەگەر هاتبانایە بەر دەرگایە. ئەگەریش هاتبانە ئەوێ ، دالآنێك بوو لە دەستمان دەرنە دەچوون.

کورت و کرمانجی هەتا دەماوەدەمی عەسری لە ئاواییدا سووڕانەوەو هیچیان بەلووتەوە نەچوو.ئەوان بە ڕوونی زانیبوویان کە لەو نێوەداین و ڕاست و ڕەوان وەدوا ئێمەش کەوتبوون. بەڵام لە گەڕانی ئاواییەکاندا سەرمان لێ شێواندبوون و نەیان دەزانی لە چ گوندێکین . لەوەش کە مالآن نەگەڕان ، دوور نەبوو هەستیان بەوە کردبێ کە ژن و مندالْ بەرهەڵستیان دەبن . ڕەنگە ئەوەش نەبووبێ و نانی فەقیرێکمان بەرگەڕابێ. خواوڕاسان ئێوارە داهات و ئەوان بێ ئەوەی نان و ئاوێکیشیان بە نسیب بووبێ، بە ناهومێدی گەڕانەوە و ئێمەش وەك عەمرمان لە نوێ نووسرا بێتەوە، هاتینەدەرو قنج وقیت لە سەر سفرەی دانیشتین. شتێك کە لە هەموو سەیران خۆشتر ئەوە بوو، کاتێك هاتینە دەرێ کۆنە ڕەفیقێکی باوکم لەو مالّە بوو، کە چاوی پێم کەوت بەواق وڕماوی هێندێك سەیری کردم و منیش چووم دەستم ماچ کردو هێندێکی دیکەم تێ ڕاماو گوتی :

ــ تووتکە سەگ ! ئەوەتۆ بووی لە ژوورێ و عەجەمانیش لێت دەگەڕان؟

ــ بەڵێ من بووم ، ئەی پێت وابوو دەبێ کێ بێ؟

ــ خودا ڕەحمی کرد نەم زانی تۆ بووی، دەنا بە قورعانی لێم خوێندوە ئاشکرام دەکردی. مەبەستم ئەوەیە هەر کە چاوم بە پاسدارەکان کەوتبایە، وەها دەخەجلاّم جێ‌بەجێ شکیان وەسەر دەبردم و ئاشکرام دەکردی.

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست ! ئەوە بەسەرهاتێك بوو کە سووك و ساکار بە سەریدا تێپەڕیم و بە کورتی گێڕامەوە . بەڵام وەبالّ بە ئەستۆم ئەگەر بە وردی بەناخی مەسەلەکەدا ڕۆچین ، فیداکاری و لەخۆبووردوویی ئەو بنەمالّە، هەلّ دەگرێ بە خەتی زێرین لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی ئەم سەردەمەی گەلەکەمانی پێ برازێنینەوە. گرنگیی مەسەلەکە لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە ئەگەر دوژمن سووکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سووسەیەکی کردباین، زیندەواریان لە بنە ماڵە نەدەهێشت و بە سەروماڵەوە تێدا دەچوون. بەڵام بەو حاڵەش تەنیا منداڵێکیان نەخەجلاو نەفەرێکیان خۆی نەدۆڕاند . بە داخەوە لە بەر باری ئەمنییەتەکە ناتوانم بەڕاشکاوی پێتان بناسێم . لە کورتی وەی بڕین، بە کەیف و خۆشی جەمی ئێواریمان لە گەڵ خواردن و بەرە و ئاوایی سیوەیل وەڕێ کەوتین.

ماوەی مانەوەمان لە ناوچەکەدا بە سەر چووبوو، بەلای "بێکەژ"ی‌دا بامان داوەو لە جادەی پەڕینەوە و لە گوندی "بەنەژاژ"ێ لە گەڵ پێشمەرگەکانی لکی دوو یەکترمان گرتەوە. بەرەو کۆمیتەی شارستان وەڕێ کەوتین، کەچی لووت و بزووت لە نێوان بەنەژاژو کانی‌بەردێدا بە سەر کەمینی پاسداراندا کەوتین. پێشمەرگەکان لێیان وەخۆ کەوتن و هێندەی سەبیل کێشێك سێ کەسیان لێ کوشتن و بە شپرزەیی پاشەکشەیان پێ کردن. کاتێك گەراینەوە، بنکەی هێزو کۆمیتەی شارستان یان بۆ ماڵە تازە دروست کراوەکانی "مووسەك" گوێزابۆوە. شوێنەکەمان لە باری ئەمنییەتی‌یەوە زۆر قایم بوو. چواردەوری باخات و نزارو دەوەن بوو. خانووەکان لە گەڵ ئەوەدا بە تەواوی وشك نەببوونەوە، زۆرقایم بوون و سەرما کاری لێ نەدەکردن. کووره فەرەنگی(زۆپا)مان بە دروست کردن دابوون و لە دیوەکاندا، دامان نابوون، داری سپی لۆکین و قەڵاشکەری مشەبوو. بە تەورو تەوراس قەڵت و بڕمان کردن و کوورەمان پێ‌نیل دەدان و سەرماو بەفره پشۆکاری لێ نەدەکردین. ئاشپەزخانە و نانەواخانە و تەنانەت شۆرکی خۆشۆردنیشمان دامەزراندن وکۆك و پۆشتە بۆی دانیشتین .

بەڵام دراو و خواردەمەنی‌مان لە کورتی دابوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە بە هۆی ئەو هێرشەی ڕێژیمەوە گومرکەکەمان وێستابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەڕاوێزەکان:

1: مووسەك، گوندێکی تێك ڕووخێندراوی دەستی بە عسی‌یەکانە لە کوردستانی عێراق.

2: حەمە کوڵەباڵ خەڵکی بانە و نانەوامان بوو. دوایی خۆی تەسلیم کردەوە و بیستم کە ڕێژیم ئێعدامی کردوە.

3 : دەروێش عەلی خەڵکی بانە و ئاشپەزمان بوو. ئەویش خۆی تەسلیم کردەوە.

4: ئەو پارچە شێعرە هەم لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو کرایەوەو، هەم لەیەکەم ژمارەی گۆڤاری سەرماوەزدا چاپ کرا.

5: عەبدوڵڵا خەڵکی "سپیداریێ"ی بانە، جارێك بە هۆی کەمتەرخەمیی پێشمەرگەیەکەوە بە توندی برین داربوو. سەرەنجام ساڵی 1368ی هەتاوی، شەهید کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵبژێرانم بەهەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان

سەرەتای مانگی بەفرانباری ساڵی 1363ی هەتاوی بوو، کاك عێزەتی پەیڕەوان کە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان بوو. لەمێژبوو لە کارکردن کشابۆوە و لە شارۆچکەی قەلآچوالانی کوردستانی عێراق، خەریکی کاسبی کردن بوو. کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان بە مەبەستی نوێکردنەوەی هەیئەتی ئیجرایی، بە بەشداریی هاوڕێیان کاك حەسەنی ڕەستگار(1)و کاك سەلیمی بابان زادە(2) کە وەك نوێنەری دەفتەری سیاسی نێردرابوون، دەستی پێکرد. سەرەتا ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی ئەو ماوەیەی کۆمیتەی شارستان و هێزی پێشمەرگە، کەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوەو خاڵە بەهێزو لاوازەکانی هەڵسەنگێنران و ڕەخنەو پێشنیاری بەسوود هاتنە گۆڕێ. کاك عێزەتی پەیڕەوان کە وەڵامی بانگ هێشتنەکەی بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان وەپاش گوێ خستبوو، بە پێی چوارچێوەی دیاریکراوی تەشکیلاتی لە بەرپرسایەتی خراو لە سەر داوای خۆی بڕیاردرا وەك کەم ئەندامی حیزب چاوەدێریی لێ بکرێ. لە هەڵبژاردنەوەی هەیئەتی ئیجراییدا کاك " عەلی کیتابی" ش دەنگی متمانەی نەهێناوەو کاك عوسمانی ڕەحیمی و ئەمن بۆ هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژێردراین. دواتریش کاك فەتاحی ئەحمەدی کە وەك سەرپەرستی هێز دیاری کرابوو، بۆ دەفتەری سیاسی بانگ کراوەو کاك سەید برایمی هاشمی بە فەرماندەری هێز دیاری کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له دابەش کردنی ئەرك و بەرپرسایەتی‌یەکانی هەیئەتی ئیجراییدا بەشی ماڵی بە سەر مندا سەپێندرا. چەندی سکاڵام کرد ، لەبەریان پاڕامەوە کە لەو بەشەدا شارەزانیم، هیچی لیٚ نازانم ، تیٚیدا سەرکەوتوو نابم و... فایدەی نەبوو، هەیئەتی ئیجرایی بڕیاری لە سەردا و نوێنەرانی دە فتەریش پشتی بڕیارەکەیان گرت. بەشی ماڵی چەندی بڵێی بەشێکی شەق و شڕو هەڵوەشاوە بوو . سەرەڕای ئەوە تاقە تمەنێك مەوجوودیی نەبوو، سەد وهەشتا هەزار تمەنیش قەرزدار بوو. سەدوهەشتاهەزار تمەنی ئەوکات گاڵتەی پیٚ نەدەکرا و سامدار سامی لیٚدەکرد. سەرەڕای ئەوەی کە هەموو هێزی پێشمەرگە و کادرەکانیش لە بنکەی هێزو کۆمیتەی شارستان کۆببوونەوەو خواردەمەنیی ئەو زستانەش هیچ هەوڵێکی بۆ نەدرابوو، یارمەتیی ئەو مانگەی کادرو پێشمەرگەکانیش نەدرابوو. دەفتەری بەشی ماڵی ئەوەندە پرش‌وبڵاو و بیٚ سەرەوبەرە بوو کە لە کاتی پاکانە حیساب لە گەڵ کاك عەلی کیتابی بەرپرسی پێشووی بەشی ماڵیدا، بۆمان ساغ نەبۆوەو لیٚم تەحویل نەگرت. سەرچاوەی داهاتەکەشمان تەنیا گوومرگ بوو، ئەویش لەمێژبوو لەکار وەستابوو. ئەوکات دە فتەری سیاسیش هیچ یارمەتی‌یەکی پیٚ نەدەکردین و دەبا خۆمان ژیاند بایە. کورت و کرمانجی بە سەدوهەشتا هەزار تمەن قەرزەوە بەشی ماڵیم بە سەردا سەپێنراو "ناسر"ە (3) چکۆلیشیان بۆ حیسابداری ڕەگەڵ خستم و لە سفرەوە دەستمان پیٚکرد.

بەر لە هەموو شتێك کادرو پێشمەرگەکانی بەشی گوومرگم دۆزینەوەو لە دانیشتنێکدا بە هاوکاریی هاوڕێیانی هەیئەتی ئیجرایی گوومرگمان سەرگەڕ خستەوە. بەرپرسی بەشی گوومرگەکەمان بە زاراوەی سنەیی یان" ئاشەریف"(4) بوو و چەند کادرو پێشمەرگەشی لەبەر دەستدا بوون. بۆ خۆشم بیٚ پسانەوە سەردانم دەکردن و زۆری نەخایاند کە نوخشەمان بۆ پێگەیشت. پێش هەموو شتێك یارمەتیی کادرو پێشمەرگەکانم دابەش کرد و پاشان دەستم بە کڕینی خواردەمەنی و زەخیرەی زستانیٚ کرد. زیاتر لە مانگێکی پیٚنەچوو کە زمهەری زستانمان کۆکردەوەو لە عەمبارێمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەستاوت. مام ئەحمەدیشم (5) کردە عەمباردارو قوفلی لە دەرکەی عەمبارىدا و کلیلەی لە گیرفانیٚ نا.

هەرچەند وەك لە پیٚش دا باسم کرد لەو پۆستەدا قەت کارم نەکردبوو، بەلاّم بە هاوکاریی هاوڕیٚکانم سەرکەوتنی باشم تیٚدا وەدەست هیٚنا. بەرە بەرە قەرزەکانیشمان بژاردنەوەو دراویٚکی قەبەشمان پاشەکەوت کرد. گوومرگەکەمان سەرچاوە داهاتیٚکی بە پیت بوو، لە گەلّ ئەوەدا زۆریشی لیٚ قرپوجرپ دەکرا، هیٚشتا هەر لیٚمان زیاد بوو. بنکەی گوومرگەکەمان لە ئاوایی چۆمان دانابوو کە ڕیٚگای هەموو کاروانی ناوچەکەی بە سەرەوە بوو، چونکە بیٚجگە لەویٚ بواری دیکەی لیٚ نەبوو کە بۆ بەری عیٚراقیٚ لیٚی وەپەڕن.

هاوڕیٚ یانی هەیئەتی ئیجرایی و هیٚزی پیٚشمەرگە بۆ ئەنجامدانی مەئمووریەتی حیزبی، بە گشتی لە ناوچە بوون و لە گەلّ دە دوازدە کادرو پیٚشمەرگەی پیروپەك کەوتە لە بنکەی کۆمیتەی شارستان بەجیٚ مابووین .

ماوەیەکی زۆر پیٚ چوو هاوڕیٚ یان لە مەئمووریەت هەر نەگەڕانەوە. کارەکان بە سەریەك دا ترشابوون منیش تەك و تەنیا لە حەودەیان نەدەهاتم . سەرەڕای کاری نیٚوخۆ، خەلّکی ناوچەکانیش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان لە هەموو لایەکەوە دەهاتن بۆ لامان. لە بەر پڕ کاری تەنانەت ویٚڕا نەدەگەیشتم پاك و خاویٚنیی خۆشم ڕابگرم. دەستیٚك جلی حیزبیم لە بەردابوون لەچلّکیٚ دا ڕەش هەلّگەڕابوون. سەرو ڕیش و سمیٚلّم تیٚك ئالّقابوون و سەرو شکلّیٚکی سەیر و سەمەرە دەتگوت لە پاش قاتیٚیە بەجیٚماوم. لەوکەش و هەوایەدا ڕۆژیٚك دوو کەس لە ناوچەی"بابۆس"یەوە هاتبوون و لە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانیان پرسیبوو، پیٚشمەرگەکانیش ناوی منیان بۆ هەلّدا بوون، هاتن لە ژوورەکەی ئیٚمە دانیشتن و نان و چامان خواردو هەستان چوونە دەریٚ. کاك میرزاحسیٚن چاویٚکی لیٚکردم و گوتی :

ــ باشە ئەوانە کیٚ بوون بیٚ چرپە ڕۆیشتنە دەریٚ و نەمان زانی کاریان بە کیٚ بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیش گوتم :

ـ بەخوای پێم وایە لە من دەگەڕێن و نام دۆزنەوە.

قەدەرێك پێچوو، هاتنەوە و سلاویان كردو هێندێك بەملاولای خۆیاندا ڕوانی و منیش گوتم:

ــ فەرموون كاكە ! كارتان بەكێیە ؟

وەڵڵا كارمان بە كاك ئەحمەدی قادرییەونازانین لەكوێیە.

ــ ئەمن هەوم برالە ، دە فەرموون چی؟

هێندێكم تێڕامان و بە شەرمەزارییەوە گوتیان:

ـ قوربان خەجاڵەتین لەوەی كە نەمان ناسیەوە.

ـ نا كاكە! خەتای ئێوە نیە ، ئەمن خەجاڵەتم كە قیافەم بە بەرپرس(مسئول) ناخوا.

ئەوانیش زەردەیەكیان وەسەر لێوان پەڕی و پاشان دانیشتین و كارەكەم بۆ ڕووبەڕا كردن.

بەو ئاڵوگۆڕانەی پێشتر باسم كردن، سەرچڵی و لێك مۆڕ بوونەوە لە نێوان هێز و كۆمیتەی شارستاندا، بەرەو هێوری دەڕۆیشت. هاودەنگی و نیاز پاكی تا پێدەچوو سەقامگیرتر دەبوو. بۆ زیاتر جۆشدانی ئەو هاوپێوەندییەو پەرەپێدانی ئەو ڕەوتەحەكیمانەیە و بنبڕكردنی ڕیشەی ناكۆكییەكان، هەركەس لە حاست خۆی هەوڵی دەداو بە كردەوەش هەنگاوی بۆهەڵ دەگرت. بەڵام سەیری خۆش لێرەدایە، وەك دەڵێن: « گڵێنە لەچێشتێ گەرمترە»، ڕاست وابوو. دوولایەنی كێشە پێك هاتبوون بەڵام شاهید ڕەزایەتی نەدەدا ! دڕدۆنگی و پشێوییەكە بۆ نێو ئەندامە پەڕیوەكانیشی تەنیبۆوە و ئەوانمان بۆ ڕێك نەدەكەوتنەوە. بۆ دامركاندنەوەی ئاڵۆزییەكە، بە پێی مەئموورییەتێك كە پێمان سپێردرابوو، لە گەڵ كاك سەید برایمی هاشمی بەرەو قەڵاچوالان وەڕێ كەوتین. كاتێك چووین وهەڵسەنگاندێكی وەزعەكەمان كرد، بە ئاشكرا بۆمان دەركەوت كە زۆربەیان مەسڵەحەتین و مایەی حیزبایەتییان تێدا نەماوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام دیسانیش بە پێی ئوسوولی تەشکیلاتیمان کۆبوونەوەمان بۆ کردن و هێندێك لەشانەکانمان بۆ ڕێك خستنەوە. لە بڕیارات و ئاڵوگۆڕی کۆمیتەی شارستان ئاگادارمان کردن و پاش چەند ڕۆژان بەرهەمی مەئموورییەتەکەمان بۆ کۆمیتەی شارستان هێنایەوە.

## پەڕاوێزەکان:

1: کاك حەسەن خەڵکی مەهاباد و یەکێك لە کۆنە ئەندامان و لە زەمانی شایدا لە سەر حیزبایەتی پەڕیوەی هەندەران بوو. ئەوەندەی من ئاگادارم ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. دوای کۆنگرەی هەشت، یەکێك لە سەرانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو. دوای یەکگرتنەوە لە کۆنگرەی یازدەش بە دواوە هەر ئەندامی دەفتەری سیاسی‌یە و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوون.

2: کاك سەلیم خەڵکی مهاباد و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە پەنابەری دەژی ،و لە ڕابردووی زۆر ئاگادار نیم.

3: ناسر لەبیرم نیە خەڵکی کوێ بوو. کورێکی منداڵ کارەو سەرەنجام خۆی تەسلیم کردەوەو ئێستا درێژەبە ژیانی شەخسیی خۆی دەدا.

4: ئاغا شەریف، خەڵکی سنە و دواتر نەقڵی کۆمیسیۆنی ماڵیی دەفتەری سیاسی کراو سەرەنجام ئەویش خۆی تەسلیم کردەوە.

5: مام ئەحمەدی شەریف ئاغا خەڵکی گوندی " شوێ " بوو. دوای ئەوەی بنکەی جێگیرمان نەما، بە هۆی پیری خۆی تەسلیم کردەوەو دواتر کۆچی دوایی کرد.

6: کاك محەمەدی خاکی یەکێك لە کۆنە ئەندامانی حیزب بوو. لە بەهاری 1358ی‌هەتاویدا، پێوەندیی نوێ کردەوە و لە بەشی قەزایی کۆمیتەی شارستاندا ئەرکی بۆ دیاری کرا. ساڵی1363ی‌هەتاوی، بە هۆی تەنگ و چەڵەمەی بنەماڵەیەوە خۆی تەسلیم کردەوەو ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕووداوێکی دڵتەزێن وچاوەڕوان نەکراو بە هۆی پیلانێکی کۆمەڵەوە

هێشتا لە بەرووبوومی ڕەنجی ئەووەرزەمان نەحەسابووینەوە و پڕ بە سیەکانمان کەشی ئازادی ئەو مەڵبەندە سێحراوی و خۆش ئاو و هەوایەمان هەڵ نەمژیبوو کە ڕۆژگار بۆسەیەکی دیکەی بۆنایینەوە. سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ساڵی1363ی هەتاوە بوو، دەفتەری سیاسی بە برووسکە ئاگاداری کردین کە دەم ژمێر دووی پاش نیوەشەوی شەشی مانگی ڕێبەندان، ڕێکخراوی کۆمەڵە بە پێی گەلاڵەیەکی بەربلاوی لەپێش دا، داڕێژراو، بە کەڵك وەرگرتن لە ناوی شەوی هاوبەش، لەنەخافڵ هێرشیان کردۆتە سەر کۆمیتەی شارستانی هەورامان و هێزی شاهۆ، گەلێك پێشمەرگەیان شەهید کردوون و چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلێکی زۆریان بەتاڵان بردوە. تەنانەت پێشمەرگەی بەدیل گیراویان لە بەر چاوی خەڵك گوللەباران کردبوون. بەو پێیە وا وێدەچوو کە خۆیان بۆ شەڕێکی بەردرێژو سەرانسەری لەدەسك نابوو! چونکە پیلانەکە ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەوە داڕێژرابوو. دیارە ئەوە یەکەم جار نەبوو کە کۆمەڵە لە نیاز پاکی و پشوودرێژیی پێشمەرگەکانی حیزب کەڵکی خراپی وەرگرتبێ و پیلانی گێڕابێ. بەڵکوو هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانەوە، بەڕاشکاوی دژایەتیی خۆیان لە گەڵ حیزب دەربڕی بوو، حیزبیان بە کۆسپی سەر ڕێگای گەشەکردنی خۆیان و لایەنگری بورژوازی لە قەڵەم دەدا و بە دوژمنی سەرەکیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیانیان دەزانی. چەندین جار و لە زۆر ناوچەکان بیانوویان بە پێشمەرگەکانی حیزب دەگرت و شەڕیان پێ دەفرۆشتن. تەنانەت دەیانگوت دژایەتی کردن لە گەڵ حیزبی دێمۆکڕات لە دژایەتی لە گەڵ کۆماریی ئیسلامی ڕەواترە، چونکە هەر دووکیان نوێنەری بورژوازین، هەر بۆیە لە هەر جێگایەك هێزی حیزبیان بە لاواز و زەبوون زانیبایە، ڕاست لەو شوێنە بیانوویان بە پێشمەرگەکان دەگرت. هەر چەند حیزب بە پێی ئەو مەسئولیەتەی مێژوو خستبوویە سەرشانی، لە شەڕکردن خۆی دەبواردو بە هەڵوێستی حەکیمانە پیلانەکانی لێ پووچەڵ دەکردنەوە، ئەوان چیتر دەبوون وکەڵکی خراپیان لێ وەردەگرت.

کاتێك ئەو پەیامە لە لایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە بە ئێمە گەیشت، تەنیا من و چەند پێشمەرگەی پیروپەك کەتەو سێ کادری بەساڵان داچوو بۆ پارێزگاری کردن لە بنکەی کۆمیتەی شارستان و بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە بەجێ مابووین. کۆمیتەی شارستان و هێز بە گشتی لە ناوچەدا لە گەشتی سیاسی ـــ نیزامی‌دا بوون. بەڵام بێسیمە ڕاکاڵەکە هەر لای ئێمە بوو، و هەمیشە لە گەڵ دەفتەر لە پێوەندی‌دا بووین.

قۆناغێکی تا بڵێی چەتوون و پڕ مەترسی بوو. شەڕەکە شەڕی دوژمنی سەرەکی نەبوو، لە هەرلایەك کوژرابا، زیان لە هەر دوولا دەکەوت و بە قازانجی کۆماریی ئیسلامی بوو. تازە خوێنیش کەوتبوە بەین و دامرکاندنەوەی وەزعەکە کارێکی هاسان نەبوو. ترسی ئەوەشم لەبەر بوو کە شەوێك کۆمەڵە ئێمەش خافڵگیر کاو بە دەردی کۆمیتەی هەورامان بچین. دەبا زۆر وریا باین و شەوانە کەمینمان لە دەورووبەری بنکەکانمان هەبایە. هەرچەندی لێشم دەڕوانی ئەگەر ڕووداوێکی وەك هەورامانمان بۆ پێش هاتبایە، بەوەندە پێشمەرگە داکۆکی‌مان لەخۆ پێ نەدەکرا. هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگەش هەر لە ناوچە بوون و نەدەگەڕانەوە. ماوەیەك بەو شێوەیە تێپەڕی و دەبا شەوانە هەموومان بە خەبەر بین و هەتا بەیانی بە دەوری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنکەکانماندا دەسووڕاینەوە. چارناچار مەسەلەکەم بە بێسیم بە دەفتەری سیاسی ڕاگەیاندو لەو مەترسی‌یەی لە سەرمان بوو، بەڕوونی ئاگادارم کردن.

سەرە نـجام لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی و بەڕاوێژ کردنی دووراودوور لە گەڵ هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان، بنکەمان تێکەوە پێچاو کەلوپەلەکانمان بێروبەوێ دادان. بێسیمەکە و ماتۆڕبەرقەکەمان لە ئێستری پێچان و خۆمان و گوێچکەمان و چەکی شانمان، ڕەگەڵ پێشمەرگەکان کەوتین. کۆمەڵەش بە هێزێکی پۆشتە و پەرداخەوە لەناوچەدا بوو. هەر چەندی ئێمە هەوڵمان دا لە تێك هەڵچوون خۆ ببوێرین و تێ‌یان گەیەنین لەو شەڕەدا هەردووك لا زەرەد دەکەین و لە بەرژەوەندی گەلەکەماندا نیە، فایدەی نەبوو.

کاتێك بە ڕوونی بۆمان دەرکەوت کۆمەڵە بە هیچ باران لە شەڕکردن پاشگەز نابێتەوەو، بەو نەرم کێشی‌یەی حیزب زۆرتر لەخۆبایی دەبێ، دەفتەری سیاسی‌مان لەوەزعەکە ئاگادار کرد. دەفتەریش هێزی زمزیرانی بۆ یارمەتی‌دانـمان ناردو بەشێك لە پێشمەرگەکانی هێزی بێستوونیش کە لە دەفتەری سیاسی‌یەوە گەڕابوونەوە، لە گەڵ کاك بابا عەلی مێهرپەروەر (1) کە ئەو دەم ئەندامی ناوەندی ئاژوان بوو، بۆ لای ئێمە مەئموورییەتی‌یان پێ سپێردرا بوو. ڕۆژێك بە گشتی لە گوندی "نیروان" کۆبووینەوەو گەلاڵەیەکی عەمەلیاتی‌یان بە لێکدانەوەی هەموو کادرە نیزامی‌یەکان دارشت.

کۆمەڵەش گوردانەکانی، ئاریز، دالاهۆ، بانە، قەندیل، چیا و سەردەشت یان کۆ کردبۆوە و لە هەوڵی زەربە لێدانـماندا بوون. هەر بۆیە پێشمەرگەکانی ئێمە پێش دەستی‌یان کردو، شەوەی22ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی 1363ی هەتاوی، لە ئاوایی یەکانی، "سەربەرد، نێزەڕۆ، سیاتیار، برینججاڕان، پێچالان، نزارە ڕەش، کانی گوڵێ و کۆخی حاجی ڕەزا " تێ‌یان سرەواندن.

شەڕێکی خوێناوی دەستی پێکردو هەتا خۆر لە کەلەپۆ ئاوابوو درێژەی کێشا. ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵە کوژران و بریندار بوون و بەدیل گیران کە دەتوانم بڵێم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێکی کەمیان ڕزگار بوون و پاشەکشەیان کرد. تەرمی پازدە کەسیان لە مەیدانی شەڕدا بەجێما کە پاشان خەڵکی گوندی"سیاتیار" کۆیان کردنەوەو ناشتیانن. کەواش هەرزەوت نەبوون و، ئەوانەی دەرچووبوون ، لە کۆخی شاوەرانەوە پێشمەرگەکانی حیزبی‌یان بە چەکی سووك و نیوە قورس ئاور باران کردو زیانێکی زۆری ماڵی‌یان بە خەڵکی ئاوایی گەیاند. هەربۆیە پێشمەرگەکانی حیزب نیشتنەوە سەریان و، بە شپرزەیی ئاو دیوی سنووریان کردن و، ناوچەکەیان بە تەواوی پێ بە جێ‌هێشتن.

جێی سەرنجە لەو ماوەیەدا خەڵکی ناوچەی "ئاربەبا"چ لە باری ماددی و چ لە باری مەعنەوی‌یەوە، بە تەواوی هێزیانەوە لە گەڵمان بوون و بۆ دەمێك پشتیان بەرنەداین .سەرەڕای پێڕاگەیشتن بە کادروپێشمەرگەکان و حەواندنەوەیان لەو زستانە تووش وسەخڵەتە لە ئامێزی خۆیاندا، لە بواری شناسایی و کۆ کردنەوەی هەواڵ و دەنگ و باسدا لە سەر کۆمەڵە، پێ‌بەپێ لە گەڵمان دەگەڕان و خا فڵیان نەدەکردین و بە ماڵ و بە گیان لە گەڵمان بوون.

سەرکەوتنی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە ناوچەی بانەدا، زەبرێکی بە ژانی سیاسی و نیزامیی لە پەیکەری کۆمەڵە وەشاند کە بە هیچ باران بۆیان قەرەبوو نەکراوە. ئەویش لە دوو خاڵی سەرەکی‌دا، خۆی دەنواند کەوا دیار بوو، پێشتر کۆمەڵە بیری لێ نەکردبۆوە.

**یەکەمیان:** خۆشەویستیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و هەڵسووکەوتی ماقووڵانەی کادرو پێشمەرگەکانی لە نێو ئاوایی نشینەکانی ناوچەکەدا و پاراستنی داب ونەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی خەڵکی ناوچە.

**دووهەمیشیان:** ژێر پێ نانی داب و نەریتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی خەڵکی ناوچەکە و بێ حوورمەتی کردن بە بیروباوەڕی مەزهەبیی خەڵك لە لایەن کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش تێ شکانی کۆمەڵە، کادرو پێشمەرگەکانی هێزی بێستوونـمان بۆ شوێنی خۆیان بەرێ کردنەوەو خۆشـمان لە ناوچەکەدا بڵاو بووینەوە(2).

ئەو سەرکەوتنە لە بارێکەوە کە بەسەر دوژمنێکی نەبیستوو دا زاڵ ببووین، خۆش بوو بەڵام بڕوام پێ بکەن ئەمن کەیفم نەیگرت، دەزانی بۆ؟ چونکە کوڕی ئەو خەڵکەمان کوشتبوون کە خۆمان بۆ بەکوشت دەدان ! بەڵام ئەوە ڕاستە کە دەڵێ: « نەگبەتی کە هات شاخ و گوێی نیە». ئاواتم ئەوەیە ڕووداوی ئاوا قەت دووپات نەبێتەوەو، کورد بە دەستی کورد بە کوشت نەدرێ.

## پەراوێزەکان:

1ـ کاک باباعەلی خەڵکی مەریوان و لە ساڵی1358ی‌هەتاوی‌یەوە ، لە ڕیزی حیزب دایە، هەر ئەودەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. دوای کۆنگرەی هەشت بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراو، دواتریش لە هەموو کۆنگرەکان دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە. بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری وەئەستۆ گرتوون و، ساڵێکیش نوێنەری حیزب لە ئوورووپا بوو. ئێستاش هەر لە ڕیزی حیزب دایە.

2ـ لەو شەڕە براکوژی یەدا چوار تێکۆشەری حیزبیش بەناوەکانی، ڕەسووڵ خەبات ئەندامی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت، دۆکتۆر کەریم خەڵکی ناوچەی ڕەبەت و کادری دەرمانی، ئەبووبەکری ساڵحی وسەیفووڵڵا مینبەری لە هێزی بێستوون ، شەهید کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیسان پیلانی کۆمەڵەو هێندێك وردە بابە

وە رزی زستان وردە وردە بارگەوبنەی بۆ سەفەری یەك ساڵە تێك دەناو کوێستانان خاڵ خاڵ ببوون . خۆرەتاوی تین تیٚگەڕاو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر هەناوی زەویی گەرم دادێناو ڕنووی لانوالآن چۆڕچۆڕەی لەبن بوو. ئاڵەکۆك سەروبسکی دادێنا و ناسکە ڕێواس و کاشمەو کوڕادەو شەنگە بیزا سەریان وە سویٚ نابوو. شەماڵ پشتی سەرماو سەهۆڵ بەندانی دوولا نووشتاند بۆوە و گوڵە نەورۆزە و گەزیزە پیرۆزبایی ساڵی نویٚ یان پێك دەگوت. دەشت و داوێن بە مافوورەی سەوزە گیا ڕازێندرابوونەوە وخێڵی گولاّن خەیـمەو ڕەشـماڵی لیٚ هەڵ دابوو. کاتی ئەوە هاتبوو کە ئێمەش بۆ زەبرلێدان لە دوژمن و خۆ هەڵ پاچین و بۆ کاری تەشکیلاتی خۆمان ئامادە کەین و گەلاّڵە و پلان داڕێژین . بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەی شارستان لە گەڵ هەر چوار کۆمیتە ناوچەکان و فەرماندە نیزامیی‌یەکان، کۆبوونەوەیەکمان پێك هێنا و لە سەر ئەوە ڕێك کەوتین کە هەموو هێزی پێشمەرگەو کۆمیتە ناوچەکان تێکەڵ بە کۆمیتەی شارستان کەین و هێزێکی تووندوتۆڵ پێك بێنین.

تێکۆشانی ئەو ساڵەمان لە گەڵ هەموو ساڵەکانی ڕابردوو جیاواز بوو، چونکە لەلایەکەوە ڕێژیم هەنگاوبەهەنگاو لە دوومان دەگەڕاو گەرەکی بوو بە هەر شێوەیەك بۆی بلویٚ لە داومان خاو بە مەبەستی تەفروتووناکردنـمان دوا زەبری خۆی بوەشێنیٚ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو لاشەوە کۆمەڵە لە هەلێك دەگەڕا کە هێزێکی دی کۆکاتەوە و تۆڵەمان لێ وەستێنێ. سەرەڕا ی هەمووی ئەوانەش بە هۆی ئەوە کە ڕێگای ناوەندی ئاژوان بە سەر ناوچەکەی ئێمەدا بوو، دەبا تیمەکانیان هاتووچۆ پێ بکەین و بریندارەکانیشیان بۆ بگەیەنینە نەخۆشخانەی حیزب.

یەکەم مەئموورییەتمان ڕۆژی دووی خاکەلێوەی1364یهەتاوی بوو، دەفتەری سیاسی برووسکەیەکی بۆ لێداین کە بەرپرسانی ناوەند و پێشمەرگەکان بەرەو ئاژوان دەگەرێنەوە و دەبێ بەرێیان کەین. کاتێك بە پیریانەوە چووین، لە ئاوایی "ناوە" یەکترمان گرتەوە و من چۆن و تۆخۆش یەکترمان ماچ کرد و ئەگەر بە جوانی لە بیرم مابێ، هەرئەو ڕۆژە پێشمەرگەکانی لکی دووی شەهیدانی مستەفازادەمان وەپێش خستن و بەرەو ناوەندی ئاژوان بەرێمان کردن. بەرپرسەکانیشیان وابزانم  کاك باباعەلی مێهرپەروەرو کاك شاپووری فیرووزی(1) بوون. پاش بەرێ کردنی ئەوان چووینە ئاوایی "کانی بەن"، کۆبوونەوەی گشتیمان لە مزگەوتەکەدا بۆ خەڵکی ئاوایی پێك هێناو پاشان لە ئاواییەکانی دەوروبەر بڵاوبووینەوە.

هێزێکی زۆر بووین و حەوانەوەمان لە ناوچەدا کە ئاواییەکان گچکە بوون، دژوار بوو. هێزی مینەشەمیش بە جێیان نەهێشتبووین و هەر لە گەڵمان بوون. پێشمەرگەکانیش هێندێك ماندوو بوون و پێویستییان بە پشوودانێکی کاتی هەبوو. ڕۆژی حەوتی خاکەلێوەی 1364یهەتاوی، بە گشتی یەکمان گرتەوە و لە تەنگەی نوێژی شێواندا بەرەو ناوچەی گەورەدارو گوندەکانی دەوروبەر وەرێ کەوتین. ناوچەکە دوور لە مۆڵگەی دوژمن و تا ڕادەیەك ئازادکراو بوو.ئەو شەوە ڕێگامان کوتاو بۆ بەری بەیانی خۆمان گەیاندێ و بە ئاواییەکاندا بڵاوبووینەوە. هێشتا ماندوویی‌مان نەحەسابۆوە هەواڵیان داینێ کە کۆمەڵە هێزی کۆ کردۆتەوە و بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە بەرەو ناوچە گەڕاوەتەوە. هەر بۆیە هەموو پێشمەرگەکانمان ئاگادار کردن کە بە تەواوی وریا بن و لە هەر جێگایەك هەن لە دانانی کەمین و دیدەبان کەمتەرخەمی نەکەن.

چەند ڕۆژێك لە ناوچەکەدا ماینەوە و پێشمەرگەکان هێندێك حەسابوونەوە . خەڵکی ناوچەکەش کاتژمێر بە کاتژمێر هەواڵی کۆمەڵەیان بۆ دێنایەن، ئێمە دیسانیش پێمان ناخۆش بوو لە گەڵیان تووشی شەڕ بینەوە، بەڵام هەوڵەکەمان بێئاکام مایەوە. ڕۆژی12یخاکەلێوەی1364یهەتاوی، لە گوندی "ساڵووك" شەڕو پێك هەڵپڕژان دەستی پێکردەوە. ڕۆژێکی هەورو هەڵاو باران لە سەر بوو. پێشمەرگەکان لێیان وەخۆکەوتن و زەبرێکی دیکەشیان لێ وەشاندن . شەڕەکە ئەو ڕۆژە و سبەینێش درێژەی کێشا و پێشمەرگەکانی حیزب هەتا بۆ پشت جادەی بانە ــ سەردەشت پەڕاندیاننەوە، و ڕاوەدوویان نان. ئەو جارەش چەند کوژراو و برینداریان بە جێهێشت و چەند کەسیشیان لێ بەدیل گیران. پێشمەرگەکانیش تەڕو تلیس و شەکەت و ماندوو، دیلەکانیان هێنان و بۆ شەوێ هەموومان لە ئاوایی "قوڕنێ" کۆبووینەوە. وە سبەینێ ڕا بۆ حەسانەوە و پشوودانێکی کاتی، بە گشتی بەرەو گوندەکانی "دوونێس و کانی برایم" وەڕێ کەوتین. چەند ڕۆژێك لەو نێوە ماینەوە و سەرلەنوێ دەفتەری سیاسی بە برووسکە ئاگاداری کردین کە بۆ دیتنی بارووذۆخی کوردستان و کۆکردنەوەی هەواڵ و دەنگ و باسی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم چەند هەواڵدەری بێگانەیان بەرەو لای ئێمە بەڕێ کردوون کە یارمەتییان بکەین. ئێمەش بە پەلە خۆمان کۆ کردەوەو لە ئاوایی وەدەرکەوتین. پێشمەرگەکانی هێزی "مینەشەم"مان بۆ ناوچەی "ڕەبەت" بەڕێ کردنەوە و هێندێك سووك بار بووین. دەستەیەك پێشمەرگەی باشمان بە دوای هەواڵدەرەکاندا ناردو هەموومان لە گوندی"گەورەدار"یەکمان گرتەوە. ئەو ڕۆژە لەوێ ماینەوەو ڕۆژی دوایە بەرەو ساڵووك و...وەڕێ کەوتین. شەو بە سەر داهات و بەرەو ناوچەی "ئاربەبا" کوتامان و کاتژمێر دوازدەو نیوی شەوێ خۆمان لە گوندی "کانی بەن" کوتا(2).

هەڵات هەڵاتێکی سەیر بوو، هەر ئەوەندە فریا کەوتین چاوێك گەرم کەین و ڕۆژ ڕووناك بۆوە ، هێشتا تاووبان گەرم نەببوون کە دەفتەری سیاسی برووسکەی بۆ لێداین بچین بە پیر ئەو چەكوچۆڵ و تەقەمەنییەوە کە بۆ ناوەندی ئاژوانیان بەڕێ کردبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێشتا بە تەواوی خۆمان نەپێچابۆوە کە هەواڵیان داینێ کۆمەڵە پێی زانیوەو لەوانەیە ڕێگاکەی گرتبێ. بە پەلە خۆمان سازمانداو هەواڵدەرەکانمان(3) بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ کردنەوە و کەوتینە ڕێ. دەماوەدەمی نیوەڕۆیە لە گوندی "کۆخەمامۆ" لە گەڵ هاوڕێیانی ناوەند یەکمان گرتەوە. ئەوان ڕادەیەکی کەم بوون و ئەگەر لە داو کەوتبان خۆیان پێ ڕزگار نەدەکرا. پاش بەخێرهاتن و چۆنوچاکی، دەستەیەك پێشمەرگەی زیرەك و دەست بژاردەمان جوێ کردنەوە و لە گەڵ کاك سەید برایمی هاشمی کە فەرماندەری هێز بوو،چەك و تەقەمەنییەکەیان بار کردو بەرەو چیای "حەوتاش" وەڕێ کەوتن. قەراریشمان دانا کە ئەو شەوە بێسیمەکان نەکووژێنینەوە و لە وەزعی یەکتر ئاگادار بین .

ئێمە هەر لە "کۆخەمامۆ" ماینەوەو لە سەر تەپۆڵکەیەکی قەراخ ئاوایی پۆستێکمان دانا و بە نۆبە دەچووین و پێوەندیمان لە گەڵ دەگرتن. کاتژمێر 12ی شەو بوو، لە نەکاو بێسیمەکەی ئەوان بێدەنگ بوو. هەرچی ئەلۆئەلۆمان گرتەوەو بەو نەهێنییەی دامان نابوو هەوڵمان دا، وەڵام نەدرایەوە و پێوەندیمان پسا. بێسیمێکی چووکەڵەم پێ بوو کە پێشتر لە کۆمەڵەمان گرتبوو و پەیامەکانم پێ کۆنترۆڵ دەکردن، ئەویشم کردەوەو گوێم پێداگرت، دەنگی وانیشم نەبیست . بە ناچار بڵاوەمان لێ کردو چووینەوەو نێو ئاوایی.

ئەوماوەیە خەوم لێ نەکەوت، ئەو ماڵەش کە منی لێ بووم ، لە سەرووی هەموو ئاواییەوە بوو. تاریك وڕوونی بەیانی بوو هاتمەدەرێ و بێسیمەکەی کۆمەڵەم کردەوەو گوێم پێداگرت ،بەڵام چیم بیستبێ چاکە؟ برادەری کۆمەڵە بە هەموو هێزی خۆی هاواری دەکردو دەیگوت:

ـ تەقەمەنییەکە هەمووی لای ئێمەیە و دەستمان بە سەر داگرتووە. ڕادەیەکیان کوژراون و هێندێکیشمان بە دیل گرتوون! ئێوەش هەوڵ بدەن ئەوانەی کە ماون بە دیلیان بگرن. بەرزایەکان هەموو لە دەست خۆمان دان و ڕێگای دەرباز بوونیان نەماوە.

توانای دەست کردنەوەشیان نیە و بە ناچار دەبێ خۆتەسلیم بکەن! (بڕوانە وێنەی ژمارە 13) .

کاتێك ئەوەم بیست هەر لە جێگای خۆم وشك بووم و نوتقم بەسترا. بە پەلە هاتمە خوارێ و لە بەر دەرگای مزگەوتێ تووشی کاك غەفووری هەمزەیی بووم. بەیانی باشم پێ‌گوت و هەواڵی پێشمەرگەکانم لێ‌پرسی. ئەویش بە بزەیەکەوە گوتی:

ـ بەسلامەت تێ پەڕیون و ئێستا لە ناوەندی ئاژوانن!

منیش کە لە داخی خۆم و لە بێ خەبەریی کاك غەفووری خەریك بوو شەق بەرم، گوتم :

ـ تەڕت ئاگا لێ‌یان نیە! نەخەیر ئەوا لە گەمارۆی کۆمەڵەدان و تەقەمەنی و چەك‌وچۆڵەکەش دەرنەچووە.

کاتێك ئەوەم پێ‌گوت سوورهەڵ گەڕا و ڕەنگی بڕسکاو گوتی :

ـ کاکە! تۆ هەر لە خۆوە خەواریقان دەنوێنی، ئەو هەواڵەت لە کوێ وەرگرتووە؟

جێگاکەمان نزم بوو، بێسیمەکە لەوێ نەیدەگرت، دەستم گرت و بردمە سەر بەرزاییەکە و بێسیمەکەم کردەوەو دامە دەستی و گوتم:

ـ فەرموو بە گوێی خۆت بیبیسە.

کاتێك گوێی دایە ئەو هات‌وهاوارەی کۆمەڵە، بە هەر دووك دەست بەسەری خۆیدا کێشاو گوتی :

ـ ماڵی وێرانم ، بە قەبری پێغەمبەر تاقیان لێ دەرناچێ!

بێ سیمەکانی خۆشمان وزەیان لە بەر دەرنەدەهات . دەفتەری سیاسیش کە ئێستا چۆنیەتیی ڕووداوەکەمان پێ ڕانەگەیاندبوون ، لە پەستا پرسیاری دەکرد کە چیان بەسەر هاتووە؟ ئێمەش کە ڕاستیی ڕووداوەکەمان بۆ دەرنەکەوتبوو، هەر دەمانگوت بەڕێوەن و ئێستا نەگەیشتوون!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە نان و چامان هەر بۆ نەخورا و لە گەڵ چەند کادرو پێشمەرگە لە ئاوایی وەدەرکەوتین و لە سەر تەپۆڵکەیەك گوێمان بە بێسیمان داگرت. بێسیمی کۆمەڵە بە کەیفی خۆی دەی نەڕاند و ڕێنوێنیی دەدا بە چەکدارەکانیان. هی ئێمەش هەست وخوستیان لەبەر دەرنەدەهات . ڕۆژلای کردەوەو دیسانیش هەواڵێکمان وەدەست نەکەوت . خەمناك و دەستەئەژنۆ دانیشتبووین، دەماودەمی عەسری بوو، لەنەکاو بێسیم هاتە زمان و دەنگی مەمی تەهامی (4) مان ناسیەوە ! بانگمان کردو خۆمان پێ ناساند. لەو دەمەدا کاك سەید برایم دەنگی ئێمەی ناسیەوە و گوتی :

ـ کاك مەمی ! ئەتۆ لێ گەڕێ، بۆخۆم قسەیان لە گەڵ دەکەم .

کاتێك ئەو دەنگانەمان ناسینەوە، هەر وەکی گوڵ گەشاینەوە، ئاخر ئێمە بە هیوا نەبووین تاقیان لێ دەرچووبێ.

بە پەلە هەواڵەکەمان لێ پرسی وئەویش کە زانیی ئێمە چەندە نارەحەتین ، پەلەی لەوەڵامەکە کردو گوتی :

ـ شەوی مابوو کە لە چیای حەوتاش کەوتینە نێو گەمارۆی کۆمەڵەو نەمانزانی هەتا دەستڕێژیان لێ کردین.

بەڵام لە گەڵ ئەوەدا کە پێشمەرگەکان شەکەت و ماندوو بوون و هەموو بەرزاییەکانیش لەدەست کۆمەڵە دابوون، پیاوانە لێیان وەدەست هاتین و لە ماوەیەکی کەمدا دەس پێشخەری (ابتکارعمل) کەوتە دەس کوڕەکانی خۆمان و هەڵبڕدابڕیان وێ خستن. ئەوان کوژراو بریندارایان زۆرەو لەحاڵی پاشەکشەدان. ئێمەش پێشمەرگەیەکمان بەناوی "ئەحمەدی ڕەحیمی" شەهید بووە. ورەمان زۆر لە سەرێیە و سەرکەوتن نزیکە.

بەڵێ، ئەو جارەش لە پیلانی کۆمەڵە خەلستین، شەو بە سەر داهات و ئەوان بەرەو ئاژوان و ئێمەش بۆ گوندی "ناوە" ملمان پێوەنا. کاتژمێر سێ و نیوی دوانیوە شەوێ بوو خۆمان لە ئاوایی تووند کرد. کەمین و نیگابانیمان داناو لە مزگەوتێ وەتراغ بووین. کەوتینە بەیانی و بە سەر ماڵان دابەش بووین و هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگەکان بووین. شێخ باقی ناردی بە دوامان داو ماوەیەکی زۆر پێکەوە دانیشتین. قسەی خۆشمان کردو شێعرمان بۆ یەك خوێندەوە. شێخ باقی پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەزان و هەمیشە لێو بە بزە بوو. ئەو شەوەش هەر لەوێ ماینەوەو لە چاوەڕوانی دابووین.

ئاخرین ڕۆژی مانگی خاکەلێوەی 1364ی هەتاوی بوو. پێشمەرگەکان گەڕابوونەوەو شەکەت و ماندوو، شەو درەنگانێك خۆیان بە ئاوایی "دەرگاشێخان"دا کردبوو. بەو هیوایە کە شەو درەنگەو دوژمن پێی نەزانیوە، تەنیا نیگابانێکیان لە بە دەرگای مزگەوتێ دانابوو و لە ژووریێ لێی خەوتبوون. بەڵام وادیار بوو جاسووسیان بە سەرەوە بووەو هەنگاوبەهەنگاو شوێنیان هەڵگرتبوون. هێزێکی زۆر لە جاش و پاسدار وەسەر ڕێ کەوتبوون و لە تاریك و ڕوونی بەیانی‌دا گەمارۆیان دابوون و بی ٛسێو دوو لێکردن وەبەر دەستڕێژیان دابوون . پێشمەرگەکان کاتێك لە دەنگی تەقە وەخەبەر هاتبوون، کەوادیار بوو نیگانەکەش فریانەکەوتبوو ئاگاداریان کا و بۆیان دەرکەوتبوو کە هەر چوار دەوریان گیراوە، هیچ نەخەجڵابوون . بۆیان ڕاپسکووتبوون و دەستەویەخە هەڵمەتیان بۆ بردبوون. وەبەر ئاوری چەکەکانیان دابوون و دەستیان لێهەڵ نەگرتبوون هەتا بەرزاییەکانیان بە تەواوی لێ ستاندبوونەوەو بە شپرزەیی بەرەو شاری بانە ڕاویان نابوون. لە ماوەیەکی کورتدا 3جاشیان کوشتن و چەند چەك و بێسیمێکیان بە دەسکەوت گرت و شادو شەنگۆڵ بەرەولامان گەڕانەوە. سەرکەوتنێکی کەم وێنە بوو. دەربازبوون لە دوو بۆسەی دوژمن کە هەر دووکیان لە مەترسیی تێدا چوون نزیك بوون. گاڵتەی پێناکرێ. ئەویش بەو سەرکەوتنەوەکە لە ڕاستی دا وەکوو داستانێکی خەیاڵی دەچێ و سەیر نیە کەپیاو لێی بکەوێتە شك و گومانەوە. بە تایبەت کە لەو دوو شەڕە حەماسی یەدا تەنیا یەك پێشمەرگەمان شەهید بوو.

کاتی ئەوە هاتبوو کە بۆ پشوودانێك هەموومان لە شوێنێك وەکۆبین. بە بێسیم یەکترمان ئاگادارکرد و ژوانمان داناو کەوتینە ڕێ. دەمژمێر سێ ونیوی دوا شەوێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە لە گوندی" کەپرە سەنە "وە هەتا ئاوایی " کانی گوڵێ " لەو نێوەدا جێگیر بووین. هێشتا جەماعەتی کاك سەیدبرایم و ئەوان کە ڕێگاکەیان دوورتر لە هی ئێمە بوو، نەگەیشتبوونە جێ. بە سەر ماڵان وەر بووین و سەر خەوێکمان بۆ شکاند. کاتێك ئەوان گەیشتنەجێ، وڵات ڕووناك ببۆوە. لێیان وەدرکەوتین و لە ئامێزمان گرتن و پێك شادو شکور بووینەوە . ئەوانیش هێندێك حەسانەوە و پاشان کۆبوونەوەیەکمان گرت وسەرلەنوێ بۆ حەسانەوە گوندەکانی "دوونێس وکانی برایم"مان هەڵ نان و بۆیان ڕاخزین. دەبا ڕێگایەکی دوورو درێژمان بڕیبایە، بەڵام چونکە ئەو دوو شوێنە لە هەموو شوێنەکانی ناوچەکە ئەمینتر بوون ، ناچار بووین بە هەر شێوەیەك بێ خۆی بگەیەنینێ. خەڵکی ئەو دوو ئاوایی‌یەش زۆر باش بوون. هەم ئەمین بوون و هەم میوانگر.شیووکوڵ یان بۆ پێشمەرگەکان دەکردو هەر وەك کوڕی خۆیان چاویان لێ دەکردین.

لە کورتی وی‌بڕین خۆمان بۆ کوتاو مەنزڵ بڕیمان بۆ کردو خۆمان گەیاندێ. بەڵام بەختی بەد هەرکە گەیشتینێ تووشی نەخۆشی و ئازارێکی زۆرهاتم. لەئاوایی "کانی برایم" لە ماڵێك دایان نام و تەخت بۆی لەجێ خزام . پێشمەرگەکانیش بڵاوبوونەوە و ئیسراحەتێکی باشیان کرد. منیش دوای چەند ڕۆژ هێندێك لە نەخۆشی‌یەکە سووك بووم و کورد وتەنی کفنم دڕی و سەرم هەڵێنا. نازانم بە چ زمانێك سوپاسی ئەو ماڵە بکەم کە ئەوەندە حوورمەتیان گرتم و ئەوەندەم پێوە ماندووبوون.

## پەڕاوێزەکان:

1 ـ کاك شاپوور، خەڵکی کامیاران و فەرماندەری هێزی بێستوون بوو. لە کۆنگرەی حەوتەم دا بە جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتی جۆرا وجۆری

لەئەستۆ بوون. بە دوای کۆنگرەی هەشتەم دا تێکەڵ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو. سەرەنجام شەوێك لە مزڵەکەی خۆی لە قەڵاسەیدە ، بە شێوەیەکی گوماناوی تیرۆر کرا.

2: ئەو شەوە لەگوندی "ماسیدە ر"، «مەزنی» کۆنە هاوڕێم چاو پێ کەوت. لە مێژبوو یەکترمان نەدیبوو، دەوری 20خولەکێك پێکەوە بووین. بە داخەوە ماوە مەودای نەدا تێر قسە ببین.

3: تەنیا ئەوەندە فریاکەوتین چەند شوێنێکیان لە گەڵ بگەڕێین و هێندێك وێنە و فیلم یان هەڵگرتنەوە.

4: مەمی تەهامی خەڵکی سەقزو یەکێك لە فەرماندەرە نیزامییەکانی ناوەندی ئاژوان بوو. پاشان خۆی تەسلیم کردەوەو لە ڕابردووی ئاگادار نیم .

5: ئەحمەدی ڕەحیمی کوڕی شەهید مچە ڕە شی سەرلك بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شایی پێشمەرگان وسەیرانێك

لە مێژبوو، زبێدەی خوشکی کا ك مستەفای(1) ئوستادیمان بۆ شەریف قارەمانی خالۆزام خواستبوو. بەڵێنیان پێ دابووین بەڵام هێشتا مارە نەکرابوو. لەوماوەیە دا هەلەکەمان بە هەڵکەوت زانی و لە گەڵ کەریم سووتاوی، خۆمان گەیاندە لای کاك مستەفا . مەسەلەکەمان لە گەڵ باس کردو ئەویش پیاوانە هەواڵی دایە بنەماڵەکەیان. دایکی وخوشکی و ڕابیعای خوشکم کە خێزانی براگەورەکەی شەریف بوو، بە پەلە خۆیان پێچابۆوەو، ڕۆژی 4یمانگی بانەمەڕی1364 ی هەتاوی، زبێدەیان هێناو گەیشتینە گوندی کانی برایم. ناردمان بە دوای کاك مستەفاشداو ئەویش لە گەڵ خێزانەکەی هاتن. هەر ئەو ڕۆژە مەلامان بانگ کرد، مارەمان کردو شایی و داوەتمان دەست پێکرد. کوڕوکاڵی ئاوایی و پێشمەرگە دەستیان تێك گرت و هەتا نیوەشەوێ شایی و دیلانیان گێڕا. ( بڕوانە وێنەی ژمارە 14) .

ئەو شەوە جێتان بە تاڵ، زۆر دانیشتین و گەلێك قسەی خۆشمان کرد. پاش دوو ڕۆژان ئەوانمان بەڕێ کردەوە و خۆشـــمان بەرەو ناوچە وەڕێ کەوتین. لە مێژبوو لە بەر هاتووچۆ کردن و ئەمبەرابەرۆکێن بۆ ڕاگواستنی تیمەکانی ناوەندی ئاژوان، نەکاری تەبلیغاتیمان بۆکرابوو، نەتاقە ئەندامێکی حیزبیمان بەسەر کردبۆوە. لە ڕاستیدا ببووینە پردی پەڕینەوەی کادرو پێشمەرگەکانی ئەو ناوەندە و ڕاگواستنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برینداره‌کانیان بۆ نەخۆشخانەی حیزب و سۆغرەی وەرگرتن و تەحویل دانی چەك و چۆڵ و تەقەمەنی و کەرەسە نیزامی‌یەکانی ئەوان بووین.

لەو چەند ڕۆژە دا کە دەستمان هێندێك سووك ببوو، هەل مان بە هەڵکەوت زانی و لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی شارستان دا، گەڵاڵەی گەشتێکی تەبلیغاتی ـــ تەشکیلاتی‌مان دارِشت. خۆمان بە چەند دەستە دابەش کردو هەر دەستە بۆ لایەك و هەر شەوە لە گوندێك، دەست بەکار بووین. کادرەکانی کۆمیتەی ناوچەی حەوتەوانەش بە پێی بەرنامەی خۆیان بە کاروباری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی و ماڵیی خۆیان ڕادەگەیشتن. هەر لەو ماوەیەدا لە ئاوایی"چرووش"لە گەڵ کاك حەسەنی ڕەستگاریش کە لە لایەن دفتەری سیاسی‌یەوە بۆ بە سەر ڕاگەیشتن و هەڵسەنگا ندنی کارو تێکۆشانمان لە ناوچەکەدا، مەئمووریەتی پێ‌سپێردرا بوو، یەکمان گرتەوە. ڕۆژی12ی بانەمەڕیش لە گوندی"چۆمان" بەشداری شایی و گۆوە ندی پێشمەرگەیەك (2) بووین.

ڕۆژی 12ی بانەمەڕی1364ی‌هەتاوی بوو، سروشت بە ئاڵاو واڵا خۆی ڕازاندبۆوە و دەشت و دەمەن و چیاو چەمەن سەوزە پۆش بوون. شنەی شەماڵی بلاوێن گوارەی گوێی دار بەڕووەکانی بەناز دەلەراندەوە و کەروێشکە ڕاوی بە گوڵ و گیاخاوێ دەکرد. چڕوچۆڵ و خڕوخۆڵ و نواڵ و یاڵ گیانی لە نوێ‌یان وەبەرهاتبۆوە و نزاری داوێن وقەد پاڵان ئامێزی لە زەوی وەرێنابوو. تیشکی خۆرەتاوی شەو بەزێن، تازە یەکەم ماچی کچی بەیانی لە سەر ترۆپکی چیاکان کردبوو و هێدی هێدی بۆ لابەڕۆژ و داوێن و پێ‌دەشتەکان دادەخزی. کاك سەرداری شێخ سدیق (3) لە گوندی"دوونێس"بۆ سەیرانی ئەو بەهەشتە خوا کردە بانگ هێشتنی کرد بووین. لە گەڵ کاك حەسەن و چەند پێشمەرگان وەشاخی هەڵگەڕاین و لە سەر کانی و ئاوێکی دڵ گرو هەست بزوێن حەیوانی بۆ سەر بڕیبووین و بێ ئێوە ناخۆش خەریکی گۆشت برژاندن بووین. جێتان خاڵی سەیرانێکی ئێجگارخۆش بوو. کاك حەسە ن قسەی بەتام و چێژی بۆ دەکردین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێخەم و خەیاڵ خۆمان لێ بڵاو کردبۆوە. دەماوەدەمی نیوەڕۆیە بوو، ڕادیۆی کۆمەڵەمان گرت و کتوپڕ هەواڵی سەرکەوتنی چەکدارەکانی لە ناوەندی ئاژوان خوێندەوە.

هەواڵێکی دڵتەزێن بوو. بەڵام زۆر بڕوامان پێ نەکردو بەوەی دڵخۆشیی خۆمان داوە کە ڕەنگە زۆر ڕاست نەبێ. هەر لە نێو فکران دابووین کە پەیامێکی دەفتەری سیاسیمان بۆهات، لە پەیامەکەدا هاتبوو:

ـ چەکدارەکانی کۆمەڵە دووبارە بە سەر بنکەی ناوەندی ئاژوانیاندا داوەتەوە و چوارده پێشمەرگەیان شەهید کردوون و زیانێکی زۆری ماڵیشیان پێ گەیاندوون. برینداریشیان زۆرن و بەرەو ناوچەی ئێوە لە ڕێگا دان. دەبێ بە پەلە فریایان کەون و بریندارەکان بگەیەننە نەخۆشخانە.

بە ناچار سەیرانمان بە تاڵ کردو خۆمان پێچاوەو سەر بەرەوخوار داگەڕاین. لە گەڵ کاک غەفوورو سەید برایم و پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوەو دەستەیەك پێشمەرگەی چالاکمان هەڵبژاردن و بە دوای بریندارەکانماندا ناردن. پاش چەند ڕۆژان بریندارەکان گەیشتنە لامان و بۆ نەخۆشخانەی خۆمان کە ئەو کات لە کارێزە(4) بوو، بەڕێمان کردن و گەشتەکەمان درێژە پێداوە. ڕۆژی 26 ی بانەمەڕ دەفتەری سیاسی برووسکەیەکی بە شێوەی خوارەوە بۆ لێداین:

ـ ئەوا دەستەیەك هەواڵدەرو فیلم هەڵگری فەرەنسی کە داوایان کردوە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ وهەڵگرتنی فیلم لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم هاوکارییان بکەن، دەنێرینە لاتان. تکایە بە پێی توانا یارمەتییان بکەن. ئێمەش بە پیریانەوە چووین و تەحویلمان گرتن. پاشان کاك حەسەنی ڕەستگارمان بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ کردەوەو لە گەڵ هەواڵدەرەکان بەرەو ناوچەی "سالۆوك" وەڕێ کەوتین. کاتژمێرێك ڕۆژی مابوو گەیشتینە سەرووی ماڵەکانی ئاوایی "سیچان" هەڵکەوتوو لە چەند کیلۆمیتریی شاری بانە. بە کەیفی خۆیان لە نێو شاری بانەو مۆڵگەکانی دەوروبەر فیلمیان هەڵگرتەوە و پاشان بەرەوگوندی "کەوپێچ" لەسێ کیلۆمیتریی شاری بانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڕێ کەوتین.  کەوپێچ گوندێکی چووکەڵەیەو دانیشتوانێکی کەمی هەن، بەڵام بە هۆی بۆمبارانی فرۆکەکانی حکوومەتی عێراقەوە بەشێکی زۆر لە خەڵکی شاری بانە، بە ئاوارەیی لەوێ جێگیر ببوون و لە کەپرورەشماڵاندا دەژیان. چوونەکەمان بۆ دانیشتوانی کەوپێچ چاوەڕوان نەکراو بوو. قەت بیریان لەوە نەکردبۆوە کە پێشمەرگە ئاوا بە ڕاشکاوی و بێ ترس و لەرز خۆی بگەیەنێتە ئەوێ. هەر بۆیە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و بە دڵ فراوانییەوە بەرەوپیرمان هاتن. چوونەکەمان بۆ ئەو شوێنە جیا لەوە کە هەواڵدەرەکان بە کەیفی خۆیان فیلمیان هەڵگرت و لە گەڵ خەڵك وتووێژیان کرد، بۆ خۆشمان سوودی باشمان لێ وەرگرت. پێوەندیمان لە گەڵ زۆر کەسان نوێ کردەوە کە لەمێژ بوو، بە ئاواتی دیتــن یانەوە بووین . پاشان بە چەند دەستە دابەش بووین و دەستمان کرد بە گەڕان بە نێو ئاواییدا. سەبارەت بەهەڵ و مەرجی خەبات و سیاسەتی حیزب لەو پێوەندییەدا بە درێژی قسەمان بۆ کردن و ئەرکی ئەوانمان لە پێوەندی لە گەڵ ئەو قۆناغەی بزووتنەوەکەمان و چۆنیەتیی هاوکاری کردنیان لە گەڵ حیزبدا بۆ شیکردەوە. هەتا شەو درەنگانێك لە نێویاندا ماینەوە و کەڵەشێر (5) خوێندنان ماڵاواییمان لێ خواستن و لە گەڵ هەواڵدەرەکان بەرەوگوندی ساڵووکی سەرێ، شۆڕبووینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەڕاوێزەکان:

1: مستەفا خەڵکی بانەو بۆ خۆی پێشمەرگەی موجاهیدینی گەلی ئێران و بنکەیان لە "مووسەك" لەودیو مەقەڕەکەی خۆمانەوە بوو. سەرە نـجام لە عەمەلیاتی فرووغی جاویدان دا، بێ سەرو شوێن چوو.

2: ئەو پێشمەرگە ناوی ڕەحمانی مام ساڵح و خەڵکی چۆمان بوو. پاشان چەکی دانا و ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

3: کاك سەردارخەڵکی سلێمانی وخاوەن ملکی گوندی "سیرێ" بوون. لە ترسی بەعسی‌یان پەڕیوەی هەندەران بوو و لە گوندی"دوونێس" گیرسابۆوە. زاوای قاقە(محەممەدی کەریمی)یە، کوڕێکی خۆش مەشرەف ومیوان خۆشەویست وحیزب دۆست بوو. ئێستا کادری پارتی دێمۆکڕاتە و لە شاری سلێمانی درێژە بە ژیان دەدا.

4: کارێزە یەکێك لە ئۆردووگا زۆرە ملی‌یەکان لە کوردستانی عێراق بوو کە بەعسی‌یەکان خەڵکی گوندەکانی ئەو نێوەیان تێدا کۆ کردبۆوە.

5: مەبەست لە کەڵەشێری نیوە شەوێیە کە زەمانی زوو لە جیاتیی کاتژمێر کاتیان پێ دیاری کردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەشتێكی گشتی وچەندین ڕووداوی دڵتەزێن

سەروبەندی بەستنی كۆبوونەوەی كۆمیتەی شارستان بوو، دەبا شوێنێكی دوورە دوژمن و ئەمین هەڵبژێرین. پاش ڕاوێژكردن بەگشتی لەسەر گوندی چۆمان ساغ بووینەوە. بە لەبەر چاوگرتنی قایمەكاری و دابینكردنی باری ئەمنییەتیی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە، بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ كەوتین. ئەندامانی كۆمیتەی شارستان و سەرجەم ئامادە بوون، ڕۆژی5ی مانگی جۆزەردانی1364ی هەتاوی، كۆبوونەوە دەستی پێكرد. سەرەتا ڕاپۆرتی كۆمیتەی شارستان بە هەموو بەشەكانیەوە خوێندرایەوە و بەتێروتەسەلی باسی لەسەر كرا. خاڵە بەهێزو لاوازەكانی خرانە بەر لێكۆڵینەوە و كەم و كوڕیەكان بەڕوونی دەست نیشان كران و بۆ لەنێو بردنیان پێشنیاری بەكەڵك خرانە بەرچاوی ئەندامانی بەشدار لە كۆبوونەوەدا. پاشان كار دابەش كرایەوەو بڕیارەكان بۆ تێكۆشانی داهاتوومان خوێندرانەوەو بە كۆی دەنگ پەسندكران. دابەشكردنی بەرپرسایەتیيەكان بەم شێوەیە بوو: بەشی تەشكیلات بەكاك عوسمانی ڕەحیمی سپێردرا، بەشیماڵی بە كاك ئەكرەمی فیرووزی و كۆمەڵایەتیش بە من سپێردرا. بەشی نیزامیش كە نەدەكرا دەستی تێوەردەین، هەر بە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاك سەید برایمی هاشمی کە فەرماندەری هێز بوو، سپێردرایەوە و کاك غەفووری هەمزەییش کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بوو، بە سەر هەموو بەشەکاندا چاوەدێریی دەکرد.

کۆبوونەوە کۆتایی پێ هات و ڕۆژی10ی مانگی جۆزەردان لە نێوان گوندەکانی"سالۆوك"ی سەرێ و خوارێ، بە گشتی کۆبووینەوە. پێشمەرگەکانیش هێندێك دوورە گۆشت بوون. لەو بیست سەرە مەڕو بزنانە کە لە جیاتیی گوومرگ وەرم گرتبوون و بۆبەخێو کردن بە کرێم دابوون، هەشت نۆ سەرمان بۆ سەربڕین و تێر گۆشتمان کردن. جێتان بەتاڵ، بەخوا منیش وەك ئێوە لێی بێ بەش بووم! دەزانی بۆ؟ چونکە بەڕۆژو بووم.

لەمێژ بوو سەرمان لە ناوچەی مەیدانان نەدابوو، ئەگەر تەنیا بۆخۆ بە دوژمن نیشاندانیش بایە، دەبا سەرێکمان لێ هەڵێنابایە. ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی وەکۆبووین و گەلاڵەی گەشتێکی دووروو درێژمان بۆ پشت جاددە داڕشت. پاشان هەواڵدەرەکانمان بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ کردنەوە و، سەربەرەوژوور ملمان پێوەنا. شەو درەنگانێك خۆمان گەیاندە "زەرواوی" سەروو. کاتێك چووینە نێو دێ و خەڵك پێیان زانی، بە تامە زرۆیی‌یەوە لێمان وەکۆهاتن و بە گەرمی پێشوازی‌یان لێ‌کردین. لە بەر دەرگای مزگەوتێ کۆبووینەوەو، پاشان بە سەر ماڵان دابەشیان کردین. نان و چامان خواردو هاتینەوە بۆ مزگەوتێ، خەڵکمان کۆ کردەوە و بە تێروتەسەلی قسەمان بۆ کردن. پاشان لە گەڵ شۆرای ئاوەدانی، دانیشتین و پشتیوانی خۆمان لە پێوەندی لە گەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکی ڕۆژانەیاندا، لە گەڵ نوێ کردنەوە. کۆبوونەوەی شووراکان وەك بەشی کۆمەڵایەتی لەئ ەستۆی من بوو.

لەوماوەیەدا بەشی تەشکیلاتیش، بە تایبەت کۆمیتەی ناوچەکان، کاری تەشکیلاتیی خۆیان دەکردو ئەندامانی حیزبی‌یان بە سەر دەکردنەوە. ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی مەیدانان، کاك ئەحمەدی محەممەد نەژاد(1) بوو. پاش کۆبوونەوەو قسەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسێکی زۆر بەرەو کۆخەکانی "سیوچی" وەڕێ کەوتین. شەو لە مزگەوتێ وەتراغ بووین و بەیانیی کە خەڵك چاویان پێمان کەوت، لە ڕادەبەدەر پێخۆشحاڵی‌یان دەربڕی. بە گەرمی پێشوازی‌یان لیٚ‌کردین و ئەو ڕۆژەش هەر لای ئەوان ماینەوە. لای ئێوارێ بووین بە دوو بەش، بەشێکمان بەرەو "نــجنێ سەروو" کەوتینەڕێ و ئەوانی دیکەش بەرەو "سپیدارێ". ئەمن کە دەبا بۆسەردانی کەس و کارم بۆنــجنێ چووبام ، کاك عوسمانی ڕەحیمی داوای کرد کە لە گەڵ پێشمەرگەکان بچم بۆ سپیدارێ و، کۆبوونەوەی گشتی بۆ خەڵك بکەم و پاشان بچم بۆ نــجنێ.

هێشتا وڵات ڕووناك بوو کە گەیشتینە نێو ئاوایی و لە سەر بانێك کۆبووینەوە. خەڵکی ئاوایی بە پیرمانەوە هاتن و زۆریان بەخێر هێناین. هەر ئەو ئێوارە بەشێك لە ئەند امانی حیزبیم چاو پێکەوتن و، نەختێك قسەم بۆ کردن.پاش دابەش بوونی پێشمەرگەکان بە سەر ماڵاندا، چاوپێکەوتنم لە گەڵ هێندێك دۆست و برادەرو قەوم و قیلە کردو، دواتر لە مزگەوتێ خەڵکمان کۆ کردەوە و، سەبارەت بە سیاسەتی حیزب و، شەڕی داسەپاو لە گەڵ کۆمەڵە و هەلومەرجی خەبات و...بە درێژی قسەم بۆ کردن. دواتر مەسەلەی شووڕاو ئەرکەکانی و زۆر شتی لەو بابەتەمان باس کردو دوای کۆبوونەوەکە ماڵاوایم لە خەڵکەکە کردو لە گەڵ چەند پێشمەرگان بەرەو نجنێ وەڕێ کەوتین.

خۆشی لە دڵم گەڕابوو کە ئەو شەوە دەچمەوە ماڵی خۆمان و چاوم بە دیتنی کەس وکارم ڕوون دەبێتەوە. بە دەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە هەر بیرم لیٚ دەکردەوە. داخوا کە وەژوورکەوتم کامیان لە پێش هەمواندا لە ئامێزم دەگرێ؟ داخوا ئێستا کە هەواڵیان بیستووە من دەچمەوە، چەندە چاو لە ڕێگا بن؟ لە فکران ڕاچووبووم و ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەبوو. هێشتا بە دیوی نجنیٚدا ئاسۆمان نەبڕیبوو، بێسیمەکەم کردەوەو گوێم پیٚ داگرت، قرمەو هەرایەکی سەیرم بیست ! خەتەکان سەر لەمرِ ئاڵۆز بوون و دەنگی ڕەگبارانیش دەهات! پێم سەیر بوو، چونکە ئێمە بەرنامەی شەڕکردنمان نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به ناوه نهێنی‌یه‌كه‌ی بانگی عه‌زیزی ئامۆزام كرد كه فه‌رمانده‌ری لك بوو. ئه‌ویش ده‌نگی ناسیمه‌وه و به هه‌ناسه بڕكێ گوتی:

ـ ئێستا له كوێوه قسه‌م له گه‌ڵ ده‌كه‌ی؟

ـ خه‌ریكه وه دیوی ئاوایی كه‌وم.

ـ له‌جێی خۆت مه‌بزو با بۆت باس كه‌م: كاتێك گه‌یشتینه نێو ئاوایی نجنێ، له گه‌ڵ چه‌كداری ڕێژیم تێك هه‌ڵه‌نگووتین و به ناچار تێ‌مان سره‌واندن. چه‌ند كه‌سمان لێ كوشتوون و له نێو ئاوایی وه‌ده‌رمان ناون .ئێستا كۆنترۆڵ له ده‌ست خۆمان دایه‌و پێشمه‌رگه‌ش سلامه‌تن. به‌ڵام مه‌ترسیی ئه‌وه هه‌یه كه له ده‌وری ئاوایی كه‌مینیان دانابێ و له بیری تۆڵه‌كردنه‌وه‌دا بن. بۆیه بیر له‌هاتن بۆ ئێره مه‌كه‌وه و به‌ڕێی خۆت دا وه‌گه‌ڕێ. هه‌ر ئێستا له ماڵی ئێوه‌م ، هه‌موویان گوێ‌یان له ده‌نگی تۆیه و سلاوت لێ ده‌كه‌ن. باوكت ده‌ڵێ: له هاتن بۆ ئێره ژیوان وه‌بی و به هیچ باران خۆی له‌قه‌ره نه‌ده‌ی. ئێمه‌ش دوای قه‌ده‌رێكی دیكه بۆ شوێنی دیاریكراو ، وه‌ڕێ ده‌كه‌وین و له‌وێ یه‌كتـر ده‌بینین . به‌ڵام وریای خۆتان بن نه‌وه‌كا ڕێگاتان لێ گیـرابێ .

ئیتـر ماڵاوایی خواست و بێ سیمه‌كه‌ی داخست!

كاتێك ئه‌وه‌م بیست، هه‌ودای خه‌یاڵم ئاڵۆزاو هه‌موو به‌رنامه‌كانـم لێ هه‌ڵ وه‌شانه‌وه‌و ڕایه‌ڵ و پۆم تێكه‌ڵ بوو. به ناهومێدی و هه‌ناسه ساردی به‌ڕێی خۆم‌دا گه‌ڕامه‌وه‌و هه‌واڵه‌كه‌م به پێشمه‌رگه‌كان ڕاگه‌یاند.

شه‌وڕاشكابوو، كه‌مینه‌كانمان بانگ كردنه‌وه و به‌ره‌و گوندی "كه‌شه‌نێ" كه ئێواره بڕیارمان له سه‌ردابوو، وه‌ڕێ كه‌وتین و له گه‌ڵ ئه‌وانی دیكه‌ش یه‌كمان گرته‌وه. ئه‌و شه‌وه له‌وێ ماینه‌وه‌و به‌یانیی به‌ره‌و كۆخه‌كانی"به‌رده ڕه ش" وه‌ڕێ كه‌وتین. ماوه‌یه‌كی زۆر له ناوچه‌كه‌دا ماینه‌وه. له زۆربه‌ی ئاوایی‌یه‌كان كۆبوونه‌وه‌مان بۆ خه‌ڵكی كردو پێوه‌ندیـمان له گه‌ڵ نوێ كردنه‌وه. ئه‌و ئاوایی یانه‌ی به هه‌ر شێوه‌یه‌ك شووڕاكانیان هه‌ڵ وه‌شابوونه‌وه ، شووڕامان بۆ هه‌ڵ بژاردنه‌وه‌و كاروباری ئاوایی‌مان پێ سپاردنه‌وه. له



كتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڵ زۆربەی مامۆستایانی ئایینی بیــرورِامان گۆرِییەوەو بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ حیزب و چارەسەر کردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە نێو خەڵکی گوندەکان دا، یارمەتیمان لێ‌خواستن. هێندێك کەسی هەل پەرست و مەسڵەحەت ویست کە لە ناوچەکەدا سەریان هەڵ دابوو، بانگمان کردن و دوای ئامۆژگاری کردن و گەرِانەوەیان بۆ باوەشی گەلەکەیان و قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکانیان رِێنوێنی‌مان کردن.

لەسەر یەك گەشتەکەمان چ لە باری تەشکیلاتی و چ لە بواری کۆمەڵایەتی‌یەوە سوودێکی باشی هەبوو. خەڵکی ناوچەکەش زۆریان پێ‌خۆش بوو. سەرەرِای ئەرك و تێکۆشانی حیزبی، لە باری شەخسی‌شەوە بۆ من تام و چێژێکی تایبەتی هەبوو. گەلێك هاورِێ و کۆنە دۆستم بەسەر کردنەوە کە لەمێژ بوو نەم دیبوون. لە بەردەرِەش، بە تایبەت لە کۆخەکان زۆرماینەوە. ئەوانیش زۆربەیان قەوم و قیلەبوون. بەڵام ئەوانەی لە نــجنێ سەروو بوون، هیچیانم نەدین. ئەوەیان جێی داخ بوو.

لە باری نیزامیشەوە لە گەڵ ئەوەدا کە دوژمن زۆر هەوڵی‌دا خافڵ گیرمان کا، بە هۆی هاوکاریی خەڵکی ناوچەکە و، وشیاریی پێشمەرگەکانەوە، بە خۆشی‌یەوە نەیتوانی دەستمان لێ بوەشێنێ و بێ ئارەق دەرچووین. چالاکیی نیزامی‌مان نەکرد، چونکە لەو قۆناغەدا کاری سیاسی بایەخی پتر بوو. بە تایبەت ناوچەی مەیدانان لە باری تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی‌یەوە، لەمێژ بوو پاش گوێ خرابوو. لە ئەزموون و رِێنوێنی‌یەکانی خەڵکیش گەلێك سوودمان وەرگرت. زۆر دەرسیان فێر کردین کە نەمان زانیبوون. زۆر رِەخنەی بە جێیان لێ گرتین کە بۆ خۆمان هەستمان پێ نەکردبوون. زۆر پێشنیاری بەکەڵکیان پێ کردین کە کردمانننە سەرمەشقی تێکۆشانی داهاتوومان. ئێستا لە وانەیە بڵێن ئەوە شوێنی سەرهەڵدانی خۆیەتی بۆیە بۆی بۆتە چاوەش و پێی هەڵ دەڵێ. بەڵام برِوا بکەن ئەوە بەرچاوتەنگی نیە کە بڵێم لە زۆر بارانەوە لە خەڵکی ناوچەکانی دیکە تێگەیشتووترن. بە تایبەت لە باری سیاسی‌یەوە بە هۆی نەمرانی وەك مامۆستا مەلا رِەحیمی وردی، کاك قادر شەریف ، کاك سمایل



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەریف زادەو... وە کە لە زەمانی شای هاتووچۆیان دەکرد، شوێنەواری باشیان لە سەر دانا بوون و زۆر شتی بە کەڵکیان فێر کردبوون. لە کورتی وەی بڕین مانەوەمان لەوە زیاتر لەو ناوچەدا بە مەسڵەحەت نەبوو. هەر بۆیە بە کەڵك وەرگرتن لە تاریکایی شەو، بۆ خوار جادەی پەڕینەوە و بەرەو گوندەکانی "کەندەڵ و ساڵووك" داگەڕاین.

ئاوایی "قایـبەرد" کە لەمێژ بوو ڕێمان تێی نەکەوتبوو، یەکێك لەو ئاواییانەیە کە لە گەڵ شاری بانە مەودایەکی ئەوتۆیان نیەو هەر ئەوەندەیە تێکەڵ نەبوونەوە. مۆڵگەی سلێمانبەگیش کە بە هێزترین مۆڵگەی ئەو دەوروبەرەیە، لەبەرانبەر ئاوایی دا قوت ببۆوە. ڕێژیـمیش قەت بیـری لەوە نەکردبۆوە کە پێشمەرگە بتوانێ خۆی لە قەرە بدا. هەر بۆیە بڕیارمان دا کە هەر چۆنێك بێ دوژمن وەدرۆخەینەوە و سەرێکی پێ بسپێرین. خۆمان بۆ کوتاو دەماوەدمی نوێژی عەسری بەلا شیوان و بە نێو دارودەوەنان دا، خۆمان باریك کردو لە دەوری ئاوایی خڕبووینەوە. دیدەبانـمان داناو ژمارەیەکمان چووینە نێو دێ و ئەوانی دیکەش چواردەوری ئاواییان لە ئاڵقە وەرێنا. خەڵکی ئاوایی کەچاویان پێمان کەوت، هەروایان زانی لە عاسـمانێ کەوتووینە خوارێ. پێش ئەوەی بەخێر هاتنمان بکەن ، پرسیاری مانەوە بۆ جەمی شەوێیان لێکردین. ئێمەش بەڵێنیمان پێ دان تا شەو شەق دەبێ لایان وەمێنین و کۆبوونەوەشیان بۆ بکەین. ئەمـجار لە ئامێزیان گرتین و تێروپڕ ماچیان کردین. پاشان بەشێوەیەك وەخۆکەوتن کە دەتوانم بڵێم بە دەگمەنیش ماڵێك وەبەر چاو نەدەکەوت مریشکی سەرنەبڕیبێ و نان و چێشتی دروست نەکردبێ. لەیەك قسەدا جێژنی پێشمەرگان بوو. قسەی خۆمان بێ منیش کە بە ڕۆژوو بووم، لە پێشمەرگەکانم پێ خۆشتر بوو. بەڵام هەر ئەوە ڕاستە کە دەڵێن: (( نەگبەتی کە قوونی بە دەرکێوەنای ، هەتا خۆت پێ بەگان نەدا بەرۆکت بەرنادا )). هێشتا پێشمەرگەکان هەر لە دەوری ئاوایی چاوەڕوانی ئەوە بوون ڕۆژ لە کەلەپۆ ئاوابێ و ئەوانیش داوەرنە نێو ئاوایی. کەچی لەنکاو دیدەبان بە بێسیم بانگی کردین کە ماشێنێك لەبانەوە بەرەولای ئێمە دێ و جێی گومانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەیەك پێشمەرگە بۆی ڕاخزین و لە خوارئاواییەوە بۆی لە بۆسە خزان، لە سەر ئەوەش ڕێك کەوتبوون کە بۆ ئەوەی بەرنامەکەمان لێ تێك نەچێ، لە تەقەکردن خۆببوێرین. بەڵام کاتێك ماشێن هات و تێیان ڕاخوڕی، خۆی بەدەستەوە نەداو پێی بە گازی دانا! چارناچار تێیان سرەواندن و فەرماندەی مۆڵگەی قایــیــبەرد و، دوو کەسی دیکەی تێدا بوون ، کوژران و ماشێنەکەشیان سووتاند.

ئەوەی باسم کرد هەمووی پێنج خوولەك زیاتری نەخایاند. جاوەرە ئەمجار چت خواردووە؟ ترش و چەوەندەر. لە ئاربەبا و کونە ڕێوی و پادگانی بانەو مۆڵگەی سلێمان بەگەوە بە تۆپ وخۆمپارە و دۆشکە دایانگرتین ئاغایەکی بەماڵم ، باب وەسەر کوڕی خۆی نەدەپەڕژا. بوو بە ئاور باران و هەموو پلان و بەرنامەکانمان لێ‌هەڵ وەشانەوە. هێشتا بانگی شێوانی نەدابوو، کولێرەیەکم لە ماڵێك وەرگرت و لە ئاوایی وەدەرکەوتین. خەڵکی دیش لە ترسی تۆپ بارانێ وێڕای ئێمە وەکێوی هەڵگەڕان. بەڵام ئەوەی باش بوو مەودای زۆر نەبوو، سەروبەندی نوێژی شێوان بوو، بۆیە نەیان وێرا هێرشمان بۆبکەن.

"قایــیــبەرد"مان بە نابەدڵی بەجێ هێشت، یان ڕوونتر بڵێم پێیان بەجێ هێشتین و بەرەو ئاوایی"سوێروێ" کە پەنجا میترێك لە شا ڕێیی بانە ـــ سەردەشت دووربوو، ملمان پێوەنا. کاتێك گەیشتینە نیوئاوایی، بە تەواوی تاریکایی داهاتبوو. خۆمان بەماڵاندا کردونان و چامان خواردو لە مزگەوتێ کۆ بووینەوە. نیگابانیمان داناو هەتا بەری بەیانی خەوتین و شەوی مابوو بەرەو چەمی چاویان و ساڵووك و دەورووبەر، شۆڕ بووینەوە. پێشمەرگەکان بە کۆخەکان دا بڵاوبوونەوە و نیازمان وابوو ڕۆژی دوایەش هەر لەو نێوە وەمێنین.

کاتژمێر دوازدەی شەو بوو. کاك سەید برایم بە بێسیم ئاگاداری کردین کە بێ ڕاوەستان لە ساڵووکی وەکۆبین. وا دیار بوو هەواڵی هێرشی دوژمنیان پێدا بوو. بە پەلە خۆمان پێچاوە و کەوتینەڕێ. بەڵێ ڕاست وابوو، هەواڵیان دابوو کە ڕێژیم بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزێکی زۆرەوە لە نیوەی شەوێ بە دواوە بۆ لەداو خستنمان هەموو بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە داگیـر دەکاو بە نیازی ئەوەیە دوا زەبرمان لێ بوەشێنێ. بەپێی ئەو هەواڵە تازە ئێمە فریا نەدەکەوتین خۆ بۆ بەرزایەکان بکوتین . هەربۆیە لەسەر ئەوە ساخ بووینەوە کە لە بەری هەڵێین و جێ خاڵیی بدەینێ. بە پەلە وەڕێ کەوتین و دەماودەمی ڕۆژێ گەیشتینە گوندەکانی " قورنێ" و "زەربەنێ".

پێشمەرگەکان چەندی بلێی شەکەت و ماندوو بوون. کزەبای بەیانیی ئارەقەی ڕێگای لێ وشك کردنەوەو تەزووی ساردی بە لەش داهێنان. بەڵام دیسانیش کەمتەرخەمییان نەکردو دەستەیەکیان بە هەورازی هەڵ گەڕان. بەرە بەرەو لێواری عاسـمانێ سپی هەڵگەڕان و کازیوە دڕی بەتاریکایی دا. دۆست و دوژمن لێك دەناسرانەوەو هێدی هێدی گزینگ یەکەم ماچی کچی بەیانی لە ترۆپکە بەرزەکانی ئەو مەڵبەندە کرد. پێشمەرگەکان وەك هەمیشە چواردەوری خۆیان گرتە ژێرچاوەدێری و بە دووربین لە بەرزایەکانیان ڕوانی. بەڵام هەر وەك چاوەڕوان دەکرا یەکەم شتێك کە سەرنـجی ڕاکێشان ، هێزی لە ئەژمار نەهاتووی دوژمن بوو کە سەرجەم بەرزایەکانی ئەو مەڵبەندەی داگیـر کردبوو. بەخەیاڵی خۆیان وایان لێك دابۆوە کە هەموومان لە گەمارۆداین و هەر بە کڵاوی دەمانگرن. وایان دەزانی ئێمە لەگوێی گادا نووستووین و بەر پێی خۆمان نابینین! هیچ بیریان لەوە نەکرد بۆوە کە(( پارتیزان لەهەموو جێگایەکە و لە هیچ جێگایەکیش نیە)) پیێان وانەبوو کە لەو جێگایەی بە چۆڵی دەزانن ، لەوێوە زەبریان وێدەکەوێ. تەنانەت مۆڵگەی پێشتر چۆڵ کراوی "تاژەبان" یشیان ئاوەدان کردبۆوە و هێزێکی زۆریان تێ خزاندبوو.

پێشمەرگەکان کە لە گەڵ هێزی دوژمن ئەمبەراوبەربوون و لە نەخشەی پیلانەکەیان بەوردی ئاگاداربوون ، مەندو لەسەرەخۆ بەرنامەیان داڕشت و بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن بۆیان تێهەڵ خزان. مۆڵگەی تاژەبان و بەشێك لە بەرزایەکانیان ئابلۆقەدا و قریشکەی ئارپیجی دڕی بەبێدەنگیدا. لە هەرچوارلاوە بوو بە ئاورباران و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیّ سیّ و دوو لیّکردن هەڵیان کوتایە سەر سەنگەری دوژمن. زەبری پێشمەرگەکان بەڕادەیەك کتوپڕو لەنکاو بوو، کەمترین ماوەی دەست کردنەوەی بە دوژمن نەدا. هێشتا بە تەواوی تاو وبان گەرم نەببوون کە مۆڵگەی تاژەبان بە تەواوی کەوتە دەستی پێشمەرگەکان.  بەڵام ئەوە دوا زەبر نەبوو کە وەدوژمن کەوت، بەڵکوو لە هەموو شەڕگەکان دەس پێشخەری بە نسیبی پێشمەرگەکان بوو. دوژمن بێجگە لە ڕێگای هەڵاتن و خۆ دەرباز کردن لە هیچ ڕێگایەکی دیکەی نە دەڕوانی . سەریان نیشتن و دەم لەسەرپشت (2) هەڵیان بڕین و بە شپرزەیی بەرەو شاری بانە ڕاویان نان. لەو شەڕە حەماسی‌یەدا زیاتر لە هەشتا کەلاکی بەکرێگیراوان لەبەردەستی پێشمەرگەکاندا بەجیّ مابوون. دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر، تەقە مەنی‌یەکی لە ڕادەبەدەر، ماشێنێکی تویوتا، کەلوپەل و سەنەدو بەڵگەیەکی زۆری نیزامی بە دەسکەوت گیران. سەرەڕای هەمووی ئەوانەش 12 کەس بەدیل گیران کە چوار کەسیان بریندار بوون. پاش تەداوی(پانسمان) کردن بەماشێنێکدا بۆ بانەمان بەڕیّ کردنەوە. دەسکەوتەکانمان کۆکردنەوەو بەرەو ناوچەی خێڵەڕەش بارمان کردن.

هەرچەند ژیانی پێشمەرگایەتی هەمووی لەخۆبوردوویی، فیداکاری، حەماسەو قارەمانەتی‌یە، بەڵام ئەوەی ئەو ڕۆژە ئەمن بە چاوی خۆم دیتوومە کە زمان و قەڵەم لە گێڕانەوەی لاڵوکۆڵن، ئەگەر بە وردی بۆتان بگێڕمەوە ، چونکە بە چاوی خۆتان نەتان دیتوە،  لەوانەیە بڕوا نەکەن. هیچ سەیریش نیە بڕوا نەکەن، چونکە بە ڕاستی وەك داستانێکی خەیاڵی و دروست کراو دەچیّ. لێتان ناشارمەوە بۆ خۆشم ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، بە هیچ باران بۆم وەسەریەك ناکەوێتەوەو سەرم سووڕ دەمێنیّ کە ئەو هەموو لەشکرو قۆشەنە پۆشتەو پەرداخە چۆن بەودەم ودەستە ئاوا تەفرووتوونا کرا. یان لەو هەموو ئاوربارانەدا چۆن بوو پێشمەرگەیەك شەهید نەبوو؟! تەنیا یەك پێشمەرگە بە سووکی بریندار بوو.! ئەوە یەکێك لە چەندین بیرەوەری‌یەکانمە کە بۆ هەتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتایە لە مێشکمدا تۆمارکراوە و، نەخشی بەستوە و تا دەمرم لە بیرم ناچێتەوە. جێی سەرنجە کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی ڕاهی کاریگەریش لەو شەڕە دا بەشدار بوون .

بۆ ڕۆژی دوایە بریندارەکەمان بەرەو دەفتەری سیاسی بەڕێ کردو، بەرەو ناوچە گەڕاینەوە. مەسیری ئەمجارە مان لە "بەردەبووك"ەوە بەرەو "هەمزەلاّن" و "کانی بەرد" و "بەنەژاژ" و هەتا "ورچەك" بوو. لەمێژ بوو ڕێمان نەکەوتبوە ئەو نێوەش. خەڵکیی بە تامەزرۆیی‌یەوە پێشوازیان لێکردین وگوێیان بۆ باسەکانمان ڕاگرت. لەوێش کارەکانمان بەحەوسەلە ڕاپەڕاندان و هەر کەس وەدوای کاری خۆی دەکەوت. بەشی من هەروەك پێشتر باسم کرد، سەردان لە شووڕاکان و ڕاپەڕاندنی کاری کۆمەڵایەتی و قەزایی و... بوو. لەسەریەك بە هۆی هاوکاریی خەڵك و ئەو ڕێزو حوورمەتەی بۆ حیزبی دێمۆکڕاتیان دادەنا ، لە کارەکانمان دا سەرکەوتوو بووین. لەو گەشتەشدا خۆمان بەکاری نیزامی‌یەوە خەریك نەکردو هەموو کاتی خۆمان بۆ کاری تەبلیغات و تەشکیلات و کاری کۆمەڵایەتی و قەزایی و ماڵی تەرخان کردبوو. بەشی نیزامی تەنیا ئەرکی پاراستنی ئەمنییەت و پارێزگاریی لە خۆمانی لە ئەستۆبوو. بڕوانە وێنەی ژمارە 15) .

ڕۆژی28ی مانگی جۆزەردانی ساڵی1364ی‌هەتاوی و ئەگەر بەچاکی لەبیرم مابێ، 29ی‌مانگی ڕەمەزان بوو. لە گوندی "بەنەژاژ"ەوە بەرەو ئاوایی "وەیسکی" داگەڕاین. هێشتا نەگەیشتبووینە نێودێ کە ئاگاداریان کردین چۆمی وەیسکی پەی نادا و نابێ خۆی لەقەرە بدەن. هەربۆیە لەدەری ئاوایی پێشمەرگەکانمان کۆکردنەوە و پێمان ڕاگەیاندن کە بەهیچ باران نابێ تـخوونی کەون . کاتێك چووینە نێو دێ و بە سەر ماڵان دابەشیان کردین، ئەمن کە بەڕۆژوو بووم و لە خواردن و خواردنەوە بێ منەت بووم ، چووم بۆماڵی ماپارەی ئامۆزام کە لەوێ بە مێردمان دابوو پشوویەك بدەم، جێگایان بۆ ڕاخستم و ڕاکشام. هێشتا خەوم لێ نەکەوتبوو کە غەڵبەغەڵبێك گوێی زرینگاندمەوە. لەپەنـجەرەکەوە خۆم بۆ سەر بانیژەکە کوتاو گوێم لێ بوو یەکێك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیگوت ((ئاوبردی)). بەڵێ: ئەوەی کە نەدەبا ڕووی دابا، بەرۆکی گرتین. پێشمەرگەیەك بە ناوی کەماڵی ئەحمەد شەوقی، کە بنەماڵەکەی خەڵکی ناوچەی پاش ئاربەبا و ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانیەی کوردستانی عێراقن و، ماوەی چەند مانگێك بوو چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرتبوو، بەهەوای ئەوە کە مەلەی باش دەزانێ ، خۆی بەچۆمی دادابوو. لە نێرەوی ئاوێدا باسکی شل ببوون و ئاو هەڵی گرتبوو. هەموو پێشمەرگەو خەڵکی ئاوایی و مەلەوانەکانیش لێی وەسەریەك کەوتین، بەڵام ئاو بێ ئامان و کێ دەیوێرا خۆی لەقەرە بدا. ئێستاش کە ئێستایە تەنانەت جەنازەکەشمان چاو پێ نەکەوتەوە. بە ناهومێدی گەڕاینەوە و خۆمان پێچاوەو بەرەو گوندی ورچەکی وە هەورازی هەڵ گەڕاین. هەر ئەو ڕۆژە ڕێژیمیش تۆپ بارانی گوندی ورچەکی کرد بوو و نەفەرێك بە ناوی عەلی مام سەعید کە ئەندامی حیزب بوو، شەهید کرا. ئێمەش سەرەخۆشیمان کردو ئەوشەوە لەوێ ماینەوە و بەیانیی بەرەو ناوچەی خێڵەڕەش وەڕێ کەوتین.

هێشتا ئارەقەی ڕێگامان بە تەواوی لێ وشك نەببۆوە کە دەفتەری سیاسی لە ناردنی دەستەیەك هەواڵنووس و فیلم هەڵگری فەڕەنسەیی ئاگاداری کردین. بە پەلە بە پیریانەوە چووین و ڕۆژی4 ی مانگی پووشپەڕی1364ی هـ، وەرمان گرتن. لە سەر داوای خۆیان بردمانن بۆ باسکە نیسکان لە پشتی ئاوایی سیچان و بەرامبەر شاری بانە. چەندی پێویست بوو لە شاری بانە و مۆڵگەکانی دەوروبەر فیلمیان هەڵگرت و بەرەو چەمی چاویان گەڕاینەوە. ڕۆژی دوایە داوایان کرد کە عەمەلیاتێکی مین دانانەوەیان پیشان بدەین و فیلمی لێ هەڵگرنەوە. ڕەحمان سمێڵ (3) و سەعیدشێنانی (4) و نەجمەی ئەوڵا و... بردیانن بۆ سەر تەپۆڵکەیەك و دەست بەکار بوون. پاش تەواوبوونی کارەکەیان لە کاتی هەڵگرتنەوەی مینەکەدا، سیمەکان بە دەستیانەوە وێك کەوتن و مین تەقیەوە و ئەو سێ کەسەی لە سەرەوە ناومان بردن، غەڵتانی خوێنی کردن. ئەوانمان بە کاك غەفووری هەمزەییدا بۆ نەخۆشخانە بەرێ کردن و ڕۆژی دوایە

هەواڵدەرەکان داوایان کرد عەمەلیاتێکی نیزامی ئەنجام بدەین و ئەوانیش لە نزیکەوە فیلمی لێ هەڵگرن. دوای نیوەڕۆیە گەلاڵەکەمان داڕشت و بەرەو جادەی" یاکووباوا"یە وەپێش هەواڵدەرەکان کەوتین. هێشتا کەمینی دوژمن لەسەر جادەکە هەڵ نەگیرابوونەوە کە گەشیتینە سەریان و پێشمەرگە تێیان سرەواندن. هەر ئەوەندەی سەبیل کێشێك چەند کەسیان لێ کوشتن و دەسکەوتەکانیان هێنانەوەو بەرەو گوندی "واژە" پاشە کشەمان کرد. ڕێژیم بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو تێشکانەی، هێزێکی زۆری بەرەو "شەڕگە"بەڕێ کرد، بەڵام ئێمە کاری خۆمان کردبوو، بەمەبەستی پاراستنی گیانی هەواڵدەرەکان لەسەری نەگەڕاینەوە و بەجێمان هێشت. بۆ سبەینێڕا بەرەوچۆمی"سالۆوك" داگەڕاین و بە ئیفتیخاری هەواڵدەرەکان چەند سەرێك بزن ومەڕمان سەر بڕین و بێ ئێوە ناخۆش لەبن سێبەری شەنگە بییان ملمان لە گۆشت برژاندن نا. هەتا ئێواریێ لەوێ ماینەوە و پاشان بەرەو تاژەبان و چروش وەڕێ کەوتین. ڕۆژی دوایە هەواڵدەرەکانمان بە دەستەیەك پێشمەرگەدا بۆگوندی ماڵەدۆمان بەڕێ کردنەوە و خۆشمان بەرەو ناوچە گەڕاینەوە و بۆ شەوێ چووینە ئاوایی ئەنجێنە قووڵ.

هێشتا بە تەواوی نەحەسابووینەوە کە دەفتەری سیاسی بە برووسکە ئاگاداری کردین کە تێکۆشەرانی هێزی شەهید موعینی لە نزیك ئاوایی"ناوە" بە سەر بۆسەی دوژمندا کەوتوون و چوار پێشمەرگەیان لێ شەهید کراون. بە داخەوە یەك لە شەهیدەکان سەرگورد کەریمی عەلییار یەکێك لە بەوەجترین و لێوەشاوەترین فەرماندە نیزامییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. هەواڵەکە چەندی بڵێی جەرگبڕ و دڵتەزێن بوو. بەڵام بێجگە لە سەبروسەبووری و هەڵگرتنی باری قوورسی ئەو خەمە، چ دەکرا ؟

ئەو شەوە لە "ئەنـجێنە" کۆبوونەوەی گشتیمان بۆ خەڵك کردو، وەسبەینێڕا گەڕاینەوە بۆلای هەواڵدەرەکان. چەند ڕۆژێکی دیکەش لەو ناوچەیەدا گەڕاین و پاشان لە گوندی "کانی برایم" هەواڵدەرەکانمان بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ کردنەوە. ئەوجا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرەو ناوچەی مەیدانان خۆمان لێ هەڵپاچی. لە هەوەڵی بەیانیڕا بێ پشوودان و حەسانەوە ڕێگامان پێواو لە هیچ جێگایەك لامان نەدا، شەو بە سەرداهات و بێوچان ڕێگامان کوتا، کاتژمێر 2ی دوا نیوەشەوێ کە هەژدە کاتژمێران بەڕێوە بووین، خۆمان بە گوندی " بەنەژاژێ " داکرد. بەو درەنگ وەختە خەڵکی ئاوایی لێمان وەدەرکەوتن و بە سەر ماڵانیان دابەشین. شەکەت و ماندوو، هیلاك و بێخەو، نیگابانیمان دانا و خرپ لێی خەوتین. ڕۆژی دوایەش هەر لەوێ ماینەوە و خۆماڵیانە بۆی حەساینەوە. شیووکولێکی تەمیزیان بۆ کردین و چلك و چەپەڵ و ئەسپێ و ڕشکی ئەو ماوەیان لێ دوورخستینەوە. ڕۆژی دوایە بەرەو"کانیبەرد" و "پەرشە" و "هەلۆ" و "بێکەژ" وەڕێکەوتین و لە گوندی "شەمۆڵە"وە بەرەو ناوچەی مەیدانان بامان داوە . (بڕوانە وێنەی ژمارە 16) .

ئەو جارەیان بەرپرسی کۆمیتەی شارستانمان لە گەڵ نەبوو، بۆیە لە گەڕانەکەدا هێندێك سووك بارتر(6) و دەستمان ئاوەڵاتر بوو. بۆ ڕۆژی دوایە لە کۆخەکانی بەردەڕەشەوە تێکشاین و هێشتا ڕووناك بوو، بە سەر ماڵی "کەشەنێ"دا شۆڕ بووینەوەو خۆمان بە ئاوایی "نجنێ خواروو"دا کرد. مۆڵگەی نجنێ خواروو هەر لە سەر قوونەبانی ماڵەکان بوو. لە دوای گێرانەوەی ناوچەکە، بۆ یەکەم جاربوو دەچووینە نێو ئاوایی. لە دەوری دێ کەمینمان دانا و بە نێو کۆڵانەکان وەربووین. تازە بانگی شێوانیدا بوو، نوێژخوێنەکان کە بۆ نوێژی جەماعەت لە مزگەوتێ بوون، تازە تاق و لۆق وەدەر دەکەوتن. کاتێك چاویان پێمان کەوت، بە سەر سوورڕمانەوە لە ئامێزیان گرتین و لە گەڵ ئەوەدا کە زۆریش سامی مۆڵگەکەیان لە دڵیدا بوو، بە هەستێکی پڕ لە تامەزرۆییەوە بەرەو پیرمان دەهاتن. هەرکەسمان دەدیی ماچی دەکردین و قامکی بۆ لای مۆڵگەکە ڕادەکێشاو دەیگووت:

ـ بە قوربانتان بم، ئەو بێ دینانە دوژمنی ئێوەن، بە خاتری خودای ئاگاتان لە خۆتان بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروا بە نێو ئاوایی دا دەگەڕاین، هێشتا بە تەواوی تاریکایی دانەهاتبوو، لە کۆنە قوتابـخانەکە دا ماڵە جاشێکمان بە ناوی حەمەدەمینی نازانـم چی؟ بە چاو ئەنگاوت. پێشمەرگەکان بۆی ڕاخزین، جاش دەستی نەکردەوە و تەنانەت چەکیشی لانەبوو. دەستیان بەستــن و لە گەڵ چەند پێشمەرگە بەرەو سپیداریٚ بەرێمان کرد. جاشەکە خەڵکی میراوایە بوو، بەڵام جاشێکی بیٚزەڕ بوو. زیاتر لە کاتژمێرێك لەویٚ ماینەوە و پاشان ماڵاوایی‌مان لیٚخواستن و بەرەو سپیداریٚ وەرچەرخاینەوە. نان و چامان خواردو کۆبوونەوەمان بۆ خەڵك کرد و بەرەو "نجنیٚ سەروو" بامان دایەوە. پێشمەرگەکان بە نێو ئاوایی وەربوون منیش سەرێکم بە بنەماڵەو کەس و کارم سپارد. ماوەیەکی زۆر دانیشتین و جێتان خاڵی قسەی خۆشمان کرد. هەروا بە نێو دیٚدا دەگەڕام و چاوم لە ئەندامانی حیزبی دەگێڕا. یەکێك لە باوەڕ پیٚکراوان (ڕێناس) کە بڕوای تەواوم پێی هەبوو. لای کێشام و هێندێك هەواڵ و دەنگ و باسی بۆ گێڕامەوە و چەند پرسیارێکی لێکردم و پاشان گوتی:

ـ فەرماندەری مۆڵگە کە مرۆڤێکی ئینقیلابی‌یە، تا ئێستا چەند جاران باسی پێشمەرگانی لای من کردوە. ناوی سەنگەرە و سوێندی داوم کارێکی وا بکەم چاوی بە تۆ بکەویٚ و پێوەندیت لە گەڵ بگریٚ. دەزانم بەیانیش دیٚ بۆلام و هەواڵی ئێوەم لیٚ دەپرسیٚ. ئەمن چی وەڵام وەدەم؟

ـ باشە ئەگەر من نامەیەکی بۆ بنووسم، ئەتۆ دەوێری پێی بگەیەنی؟

ـ ئا ئا زۆر باش دەوێرم، لێی ئەمینم، بەڵام بە فارسی بۆی بنووسە؟

لە نامەکەدا نووسیبووم: (( وێڕای سڵاوی شۆڕشگێڕانە، حۆشحاڵم کە وەك ئەفسەرێکی ئازادیخواز بیر دەکەیەوەو بڕوات بە مافی نەتەوایەتیی نەتەوەیەکی ماف لیٚ زەوت کراو هەیە. سیاسەت و بیــرو بۆچوونی حیزبی ئێمە، لە درووشمەکەی‌دا خۆدەنوێنیٚ. ئێمەخوازیاری (( دێمۆکڕاسی و خودمۆختاری )) ن. بوختانی جیاوازیــخوازی کە بە ئێمەیانەوە لکاندوە، بیانوویەکە بۆ سەرکووت کردنمان)) و زۆر

شتی لەو بابەتانەم بۆنووسین. لە کۆتایی نامەکەشدا نووسیم: (( لە سەر داواوی خۆت بۆ باشتر یەکتر ناسین و ڕوون کردنەوەی زۆر مەبەستی دیکە، ئامادەی چاوپێکەوتنم)).
نامەکەم پێچاوەو لە مستم ناو بەجێم هێشت.

ماوەیەك بەسەردا تێپەڕی و، شەوێك ڕێمان لەو ناوچەیە کەوتەوە، ڕێناسم بانگ کردو هەواڵی سەنگەرم پرسی و ئاوابۆی گێڕامەوە:

ـکاتێك بەیانی هات بۆلام، هەواڵی ئێوەی پرسی منیش نامەکەم لە گیرفانم دەرهێناو نیشانمدا و گوتــم :

ـ ئەوە نامەی ئەو کەسەیە کە هەواڵی دەپرسی و بە ئاواتەوەی چاوت پێی بکەویٚ.

سەرەتا هێندێك خەجلاو، چاوێکی بە دەورووبەری خۆیدا ڕوانی و گوتی: نامەکە بکەرەوە. کردمەوە و گوتی: بیخەرە ئەو گیرفانەمەوە. بۆم لە گیرفانیٚ ئاخنی ورۆیشت.
بۆ سبەینیٚڕا کە هاتەوە، داوای وەڵامی نامەکەم لیٚکردو گوتیٚ:

ـ ئەگەر چاوت پێی کەوتەوە ، سلاوی منی پیٚبگەیەنە، سلاوم بۆ هەموو ڕەزمەندەکانی دێمۆکڕات هەیە. داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم. زۆرم پیٚ خۆشبوو چاوم پێیان بکەویٚ. زۆر شتم هەیە لە گەڵیان باس بکەم. بەڵام ئیتلاعاتیمان لە گەڵن و لەوە دەترسم بەدبەختم بکەن. نامەکەش وەڵامی زۆر لە پرسیارەکانی منی تێدا بوو. سوپاسی دەکەم و هیوادارم ڕۆژێك بیٚ پێکەوە دانیشین.

منیش سلاوم بۆ ناردەوە و بە هیوا بووم نامەی دیکەشی بۆ بنووسم. کەچی پاش ماوەیەك نەقڵیان کردو نازانم بۆکویٚیان هەڵداشت.

پێشمەرگەکان وەتراغ بوون و منیش تا بەری بەیانی بە خزم و دۆستانەوە گەرم و... کاتژمێرێك شەوی مابوو کە نان وپێخۆرمان هەڵگرت و لە ئاوایی وەدەرکەوتین و بیٚ ئەوەی کەس بە شوێنی دیاری کراومان بزانیٚ بە کوێستانیٚ هەڵگەڕاین. بۆ شەویٚ چووینە کۆخەکانی سیوچی و بە کارەکانمان ڕاگەیشتین.

ڕۆژی دوایە ڕێژیم کە هەواڵی جاشەکەی بیستبوو، مێگەلێك جاش و پاسداری بەرەو نجنێی سەروو خستبوەڕێ و هەر چواردەوری ئاوایی‌یان لە ئالْقە وەڕێنا بوو. بێ سێ و دوو لێ‌کردن باوکمیان گرتبوو و پاشان بە خەڵکەکەیان گوتبوو کە ئەو پێشمەرگە موسوڵمانەی ئێمە ئەحمەدو عەزە شەل گرتوویانە. جا هەرکات ئێوە پێشمەرگە موسوڵمانەکەتان بۆ هێنایەوە، ئێمەش ئەم کابرایەتان دەدەینەوە. ئەگەریش نەتان هێنایەوە، ئۆباڵی خۆتان بە ئەستۆی خۆتان. پاشان باوکمیان پیل بەست کردبوو و بەرەو شاری بانە پێش خۆیان دابوو. چەندی پێیان خۆش بوو، بێ حوورمەتی‌یان پێ‌کردبوو و لێ یان دابوو. بۆ ئێوارێ یەك دوو کەس لە خەڵکی نجنێ هاتنەلامان و پاش چۆن و چاکی لایان کێشام و هەواڵی گیرانی باوکمیان بۆ گێڕامەوە و بەڕاشکاوی داوای گۆڕینەوەیان(7) لێ‌کردم. منیش گوتم:

- کاکی خۆم! داوای ئێوە لە سەر سەرمان و هەرچی بفەرموون بە قسەتان دەکەین. بەڵام لە بەر دوو تێ‌بینی، ئەگەر لێشمان تووڕە بن. ناچارین دەست بەڕووتانەوە نێین. تێ‌بینی یەکەش ئەوەن:

- یەکەم: ئەمن بەش بە حاڵی خۆم بە سووکایەتیی دەزانم کە باوکم لە گەڵ جاشێك وەگۆڕم. بۆیە حەز دەکەم بە ڕاشکاوی لە زمان منەوە پێ‌یان بڵێن کە چونکە باوکی منیان لە گەڵ جاشێك لە تەرازوێ ناوە، چەندی قسەم بڕبکا نایەڵم ئازاد بکرێ.

- دووهەم: ئەوەیە کە هەر چەند ئەو جاشە شیاوی کوشتن نیە و جاشێکی بێ‌زەڕ بوە، ئەگەر ئێستا بە قسەی ئێوە ئازادی بکەین، ئیتر ئێمە لە ناوچەکەدا دەستمان دەبەسترێ و هەر کارێك بکەین، یەك دوو کەسان لە ئێوە دەگرن و ناچارتان دەکەن کە بەر بەتێکۆشانی ئێمە بگرن.

ئەوانیش هێندێك سەریان وەبەرخۆ ناو بیریان لێ کردەوەو لێكڕا گوتیان:

- هەق بە تۆیە و ئێمە تەنیا بە خاتریی ئەوە کە باوکت عەزیەت نەکەن ئەو کارەمان کردوە. ئیتر ئەمن بەخێرو تۆ بەسلامەت، ماڵاوایی یان خواست و ڕۆیشتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ڕۆژی دوایە چەند کەس لە ڕیش سپی وپیاو ماقوولانی ئاوایی چووبوونە ئیتلاعات و گوتبوویان :

ــ قوربان! ئێمە چووین بۆ لای پێشمەرگەکان و زۆریان لە بەر پاڕاینەوەو بە قسەیان نەکردین و دەڵێن بۆ دەفتەری سیاسیمان بەڕێ کردووە. ئێستاش ئێوە کە دەڵێن موسوڵمانین، خوا هەڵ ناگرێ ئەو کابرا پیرو بێ تاوانەتان گرتوە. هەرنەبێ بە خاتری ئێمە ئازادی کەن با بێتەوە بۆ نێو ماڵ و منداڵی خۆی.

ئەو ڕۆژە بە قسەی ئەوان ئازادیان کردبوو، بەڵام پاش دوو ڕۆژان دیسانەوە گرتبوویانەوە و بە ماوەی دوو ڕۆژی دیکە لە بەندیخانەدا ڕایان گرتبوو. پاشان ئازادیان کردبوو و پێیان گوتبوو:

ــ ئەمــجارەش بڕۆرەوە ودوو حەوتووی دیکە مۆڵەتت هەیە، ئەگەر لەو ماوەیەدا پێشمەرگە موسوڵمانەکەت تەسلیم کردینەوە، ئەوە بەختی خۆت، دەنا دەتگرین و ئەمجارە ئێعدامت دەکەین.

ئەویش (باوکم) گوتبووی:

ــ جا قوربان ئەگەر بەو مەرجەم ئازاد دەکەن، با نەڕۆمەوە و هەر ئێستا ئێعدامم کەن، چونکە دەزانم بە قسەم ناکەن.

ئەوجارەش ناردبوویانەوە و ئەویش هاتبۆوە لە ماڵێ لێی دانیشتبوو. لەو ماوەیەدا ژنی جاشەکەیان ناردبوو بۆ لای من و گوتی:

ــ ئەمن دەزانــم ئەو مێردەی من تۆ گرتووتە، ئێستاش لە ئیتلاعات بە منیان گوتوە ئەگەر مێردەکەم ئازاد نەکەی باوکت ئێعدام دەکەن. ئیستاش پیاوی چاك بە با ئۆباڵی ئەو قەتڵە نەیەتە ئەستۆی تۆ، مێردەکەم بۆئازاد کە.

منیش گوتــم :

ــ خوشکی من ! مێردی تۆ حیزب گرتوویەتی و دەبێ حیزبیش ئازادی کا. بڕۆ لە ماڵی خۆت دانیشەو هیچ هەوڵی بۆ مەدە، دڵنیا بە ئێعدامیش ناکرێ و حیزب

هەركات بە مەسڵەحەتی بزانێ ئازادی دەكا. بۆ ئێعدامی باوكیشم ، دەستیان ئاوەڵایە و بێ منت بن.

كاتێك ژنە جاش چووبۆوە و قسەكانی منی بۆ گێڕابوونە، هاتبوونەوە ویزەی باوكم و گرتبوویانەوە و پێیان گوتبوو:

ــ ئەگەرهەر ئێستا دەچی بۆ لای كوڕەكەت و پێشمەرگە موسوڵمانەكەمان بۆ دێنیەوە ئەوە باشە، دەنا، بێ سێ و دوو لێكردن ئێعدامت دەكەین.

ئەویش گوتبووی:

ــ باشە ئێوە دەڵێن ئێمە ئیسلامین و ئەوان كافرن! جا لەجێیەك ئێوەی ئیسلام ئەوە ڕەفتارتانە، لەوان كە كافرن دەبێ چاوەڕوانیم چ بێ؟! ئەمن جاری پێشوو گوتم ناچمەوە. ئەمن دەسەڵاتم بە سەر كوڕەكەمدا نیەو ناش چم بۆلای، هۆوەتا لەو شاخەیە، ئەگەر پیاون بچن بیكوژن و جاشەكەشتان بێننەوە، ئیتر ئەو هەموو هاتووچۆیەم بۆ پێ دەكەن. ئێوە بەوان ناوێرن و لە من وەهەڵ پێچاوە!.

كاتێك ئەوەیان لێ بیستبوو، كوورەی غەزەبیان هاتبوە جۆش و بەو نەریتە كە هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە ، ڕاپێچی كونەڕەشیان دابوو. ئەگەر باش لە بیرم مابێ، ئەو جارەیان شەش مانگیان بەند كرد. دوایە كە دڵنیا ببوون كە هیچیان بۆ لێ سەوز نابێ ، بە ناچار ئازادیان كردبوو (8). دیارە لەو ماوەیەدا ئەمن كۆمیسیۆنی كۆمەڵایەتیم ئاگادار كردبوو كە ئازاد كرانی ئەو جاشە لەو هەلەدا، بە زیانی حیزبەو ئەگەر ئازادی بكەن ئێمە تێ دەشكێین. چونكە باوكم لە سەر ئەو جاشە گیراوەو ئەوەش پیلانێكی نوێیە كە ڕێژیم پەنای پێ بردووە. ئەگەر ئەمجارە ئەوەی بۆ سەرچێ، بۆ هەمیشە دەمەخۆر دەبێ و درێژە بەو سیاسەتەی دەدا. ئەمجار ئێمە لە ناوچەكەدا دەستمان دەبەسترێ و هیچ كارێكمان بۆ ناكرێ. ئەوانیش تێبینییەكەی منیان لە بەرچاو گرتبوو و ئازادیان نەكرد.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەی زیاتر لە حەوتوویەك لەو نێوەدا ماینەوە، زۆر لە ئاواییەكانمان بە سەر كردنەوەو لە گەڵ ئەندامان و دۆستان و دڵسۆزانی حیزب پێوەندی مان نویٚكردەوە. لە كۆبوونەوەی گشتی بۆ خەڵكی گوندەكان و ڕاپەڕاندنی كاروباری تەشكیلاتی و كۆمەڵایەتی وقەزایی و ماڵیش خافڵ نەبووین و چی كارێكی بەرمان هاتبایە بە سەریەوە نەدەچووین و هەتا جیٚبەجیٚمان نەكردبایە بەجێمان نەدەهێشت. پاشان بۆ بەڕێوەبردنی هێندێك كاروباری پێویست، لكی دوومان بەجیٚ هێشت و لە گەڵ پێشمەرگەكانی هێزی بەیان یەكمان گرتەوەو، بەرەو گوندی "كەندەڵی" بۆ خوار جادەی بانە ـ سەردەشت، داگەڕاینە خواریٚ.

هێشتا شەوی زۆر مابوو كە لە جادەی پەڕینەوەو ڕۆژی دوایە پێشمەرگەكانمان لەو ناوچەیەدا بڵاوكردنەوە. چەند ڕۆژێكان لەو نێوەش ماینەوەو كاروباری ئەوێشمان ڕاپەڕاندن. پاشان ئێوارەیەكیان بە پێی بڕیاری پێشوومان بۆ یەك گرتنەوە لە گەڵ لكی دوو، بەرەو ئاوایی "ورچەك"، وەرچەرخاینەوە و كاتژمێر دووی دوانیوەشەویٚ خۆمان بە ئاوایی داكرد. بۆ بەیانیی هەواڵمان پیٚگەیشت كە پێشمەرگەكانی هێزی مینەشەم لە گوندی "شەمۆڵە"ی ناوچەی ڕەبەت، شەڕی كۆمەڵەیان بە تووشەوە بوە. ئەو جارەش زەبریان لیٚ وەشاندبوون و بۆ مەزراكانی سەرووی ئاوایی، پاشەكشەیان پیٚكردبوون. كاتێك بە برینداەكانیانەوە بەرەو چیا هەڵكشابوون ، لە یەكێك لە كۆخە چۆڵەكانی پشتی ئاوایی شەمۆڵە، هەستیان بە بوونی چەكدار كردبوو. نیگابانەكەیان خافڵگیر كردبوو و بیٚ چرپە گرتبوویان. پاشان وەژووریٚ كەوتبوون و دووەكانی دیكەشیان لە شیرین خەویٚدا شەهید كردبوون. بەڵیٚ، مەلا ساڵحی باریكایە(9) كە لە سەر دوكتۆری گەڕابۆوە ، شەكەت و ماندوو لە گەڵ كورەكەی بۆ حەسانەوە و پشوودانێكی كاتی، پەنایان بەو كۆخە چۆڵە بردبوو.

ڕۆژی 5 ی گەلاوێژی 1364 لكی دووش لە قەلاگایە شەڕی كۆمەڵەیان بەڕیشەوە ببوو. دیسان ڕۆژی دوایە لە چیای سەرتوون هەر لە گەڵ كۆمەڵە پێك



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵپڕژابوونەوە و هەتا بەندەنی نـجنیٚ ڕاوەدوویان نابوون. پاشان لکی دوو لە گەڵ هێزی مینەشەم یەکیان گرتبۆوە و بەرەولای ئێمە داگەڕابوون. ئێمەش تا ئەو کاتە دەورێکمان دابۆوەو لە گوندی"بەنەژاژیٚ" یەگمان گرتەوە. هێزی مینە شەم وابزانم 3 برینداریان پیٚ بوون. بریندارەکان زۆر نارەحەت بوون و دەبا زووتر بگەنە لای دوکتۆر. کۆمیتەی شارستان مەئموورییەتیان پیٚ سپاردم کە بریندارەکان بگەیەنمە نەخۆشخانە . تابووتـمان بۆ پەیداکردن و لەپشتی ئێسترانـمان قایم کردن . چەند پیشمەرگەیان ڕەگەڵ خستم و پیٚ مان پیٚ وەنا. دەماودەمی ڕۆژئاوایە گەیشتینە گوندی " گڵەسوورە "ی. پێشمەرگەکان زۆریان کێشە کرد کە ئەو شەوە لەمبەر چۆمی چۆمانیٚ ئیسراحەتیٚ بکەین، بەڵام بە قسەم نەکردن. نان و چایەکی بەپەلەمان خواردو لە چۆمی ئەو بەریٚ کەوتین و بە بەری شاناخسیٚ هەڵگەڕاین. کاتژمێر 3ی دوانیوە شەویٚ کە بە تەواوی لە ترسیٚ دەرچوو بووین، لامان دا بن پۆلە دارێك و چاوێکمان بۆ گەرم کرد. درکەی بەیانیدا و هەستاین، هێندێك نانەڕەقمان لە گیرفانیٚدا بوو قرتاندمان و تیٚمان کێشاو ڕێگامان کوتا. دەماودەمی نیوەڕۆیە بوو، بە چاوی پڕ لە خەو و زگی برسی و لەشی ماندوو، گەیشتینە بازاڕی میراوایە(10).

پێشتـر بە برووسکە دەفتەری سیاسیمان ئاگادار کردبوو کە ماشێنمان بۆ بنێرن، بەڵام هێشتا ماشێنەکان نەگەیشتبوونیٚ. هێندێك چاوەڕوان ماینەوە و هەر نەهاتن. بە ناچار تویێتایەکم بە کریٚ گرت و بریندارەکانمان بە تابووتەوە لە دواوە دانان و ماشێنی خۆشـمان گەیشتیٚ. بەڵام چونکە لاند کرۆزێر بوو، جێگای تابووتەکان نەدەبوو، هەر بۆیە لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەك ئەوانـم بە تویتاکەدا بەڕیٚ کردن و ئەوانی دیکەش بە ماشێنەکەی خۆمان وەڕێکەوتین. مەوداکەی زۆر دوور نەبوو کە گەیشتینە نەخۆشخانەی خۆمان لە گوندی کارێزە. ئەوکات دوکتوری فەرەنسی باشـمان هەبوون . بردیاننە دیوی عەمەل و هەر جیٚ بەجیٚ نەشتەرگەری یان کردن . ئەو شەوە لە کارێزە مامەوە و بەیانیی چووم بۆ دەفتەری سیاسی کە ئەوکات لە گەورەدیٚ (11) بوو. لە

گەڵ هاوڕێیانی دەفتەر دیدارێکم نوێ کردەوەو ئەوانیش زۆر حوورمەتیان گرتم. بە درێژی هەواڵی ناوچەیان لێپرسیم و منیش بە وردی بۆم گێڕانەوە. ئەو شەوەش لەوێ مامەوەو بەیانیی بەرەو شارۆچکەی " قەلاچوالان " بۆ سەردانی دۆست و ڕەفیقان وەڕێکەوتــم.

ماوەی حەوتوویەك لەو نێوە مامەوەو ئیسراحەتێکی باشم کردو خۆماڵیانە حەسامەوە. پاشان سەرێکم لە دەفتەری سیاسی هەڵێناوەو، بەرەو بازاڕی میراوایە گەڕامەوە. بە تاقی تەنیا بووم و لە وەڕەزی‌یان سەرم لێ ئەستوور ببوو. گێژەگێژ لە نێو بازاڕەکەدا دەگەڕام و چاوم لە ناسیاوێك دەگێڕا. کەچی لووت وبزووت لە گەڵ شێرکۆ و کۆنە دۆستێکم تێك هەڵەنگووتین. کۆنە دۆستەکەم ئاڵووێری دەکردو لە ڕفیقان هەڵبڕا بوو، پووڵێکی قەبەشی پێ بوو. بەندەنی گمۆش ماوەیەك بوو جەردەو ڕێگری لێ پەیدا ببوون و هێندێك ترسی ڕووت کردنی ڕێ نیشتبوو. کەچاوی پێم کەوت و منیش چەکدار بووم. بزەی خۆشحاڵیی وەسەر لێوانی نیشت، لە ئامێزی گرتــم و ماچی کردم و بە خۆشحاڵی‌یەوە گوتی:

ـ یاخوا بەخێر بێی، تۆ فریشتە بووی بۆ من، بە خودای هەتا لە بەندەنی گمۆیە ئەو دیوم نەخەی دەستت لێ بەرنادەم. پاشان لە گەڵ هەردوکیان دەستمان لە ئەستۆی یەك وەرێناو تێروپڕ یەکترمان ماچ کرد. کاتێك گوتــم : ئەمنیش بەرەو چۆمان دێم، هەروەکی گوڵ گەشانەوە.

جێتان بەتاڵ نانی نیوەڕۆیەمان وێکڕا خواردو هێدی‌هێدی بە قسەکردن پێ‌هەڵگەڕاین. گەیشتینە بەندەنی گمۆی و گوتم:

ـ ئەمن لەپێشتانەوە دەڕۆم و ئێوەش دوورو نزیك بە دووم داوەرن. ئەگەر تووشی پیاوخراپ و... بووم ، ئەمن تەقەیان لێ دەکەم و ئێوەش لەو هەلە کەڵك وەرگرن و بەلایەکدا خۆتان دەربازکەن. دۆستەکەم زۆر دەترساو حەجــمینی نەبوو. بەڵام خوا و ڕاستان پیاو خراپــمان بە تووشەوە نەبوون و بە دیوی شاناخسێ دا شۆڕ بووینەوە.

شەو درەنگانێك گەیشتینە گوندی "کیوەرۆیە"و لە ماڵێك لاماندا، هەتا بەری بەیانی پێکەوە بووین و ئەمجار ماڵاوایی‌یان خواست و لێك جویٚ بووینەوە. منیش بۆ گوندی "چروشی" بەرەولای پێشمەرگەکان خزیم و بۆ دەمی نیوەڕۆیە خۆم گەیاندنیٚ.

نانی نیوە ڕۆیەمان وێکرا خوا رد و، ناوچەی خێڵەڕەش! دیسان بـمگرە و هاتـم .

ناوچەکە هێندێك ئەمین و بۆحەسانەوە(قەلەمنداره)یەکی باش بوو. خەڵکێکی سادەو ساکارو بیٚ فروفێڵی تێدابوو. هاوکاریی باشیان دەکردین. سەرەڕای ئەندام و لایەنگرەکانمان، بەگشتی دۆستی حیزب بوون و بە نیاز پاکی‌یەوە لە گەڵمان بوون. پیاو خراپ بەدەگمەن وەبەرچاو دەکەوت و ئەگەریش بووبیٚ، مەسڵەحەتی بوو، واتە زیانی بۆ پەزەکان نەبوو. لەباری خوێندەواری‌یەوە لاواز بوون و زۆربەی هەرەزۆریان نەخوێندەوار بوون. بەلاّم بە هۆی تێکەڵ بوونیان لە گەڵ کادرو پێشمەرگەکان، زۆر شت فێر ببوون و سەریان لە حیزبایەتی دەردەچوو. لە یەك قسەدا، سادە سادق بوون.

## پەراوێزەکان:

1: کاك ئەحمەد خەڵکی بانەو دوو ساڵ بوو ڕیزی پێشمەرگەکانی دێمۆکڕاتی هەڵبژاردبوو. لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستاندا لە شاناخسیٚ، بە ئەندامی کۆمیتەی شارستان هەڵبژێرابوو. ماوەیەك بەرپرسی کۆمیتەی حەوتەوانە و پاشان بەرپرسی کۆمیتەی مەیدانان بوو. ساڵی1366بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان هەڵبژێرا.

بە دوای کۆنگرەی 8 دا پاڵی وەڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕداو پاشان بە هۆی نەخۆشی ڕێگای دوورە ولاّتی گرتە بەرو ئێستا لە ولاّتی ئاڵمان بە پەنابەری دەژی.

2: لەڕاستی‌دا دوم لەسەر پشت، واتە کلك لەسەر پشتە کە فارسی‌یە و لە کوردیش‌دا جێی گرتووە. بەلاّم وشەکە سواوە و دۆم بۆتە دەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

3: ڕەحمان سمێلّ خەڵکی بانە و لە ساڵی1358ی‌هەتاوی یەوە، پێشمەرگە و، بەرپرسایەتی بەشی تەخریبی لە ئەستۆبوو. لەمین دروست کردن و مین دانانەوەدا کەم وێنەبوو. هەر لەو عەمەلیاتەدا هەرتك چاوی لەدەست دان و لە دەرەوەی ولاتیش چارەسەر نەکرا. لە جویّ بوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا ڕەگەڵ ئەوان کەوت و، پاشان نێردرایە دەرەوەی ولات و، ئێستا لە ولاتی دانمارك پەنابەرە.

4: سەعید ناسراو بە خالە سەعە خەڵکی شێنان و هێشتا مێرمنداڵ بوو کە چەکی کردەشانی. ماوەیەکی زۆر لە بەشی نیزامی‌دا کاری کردو چەند جاران بریندار بوو. جارێك لە گەڵ پۆلێك پێشمەرگە ماشێنەکەیان هەڵدێراو هەموو لەشی تێك شکا. لە تەقینەوەی مینەکەشدا سێ قامکی دەستێکی لەدەست دان. ماوەیەکی زۆر ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو. دواتر لە بنکەی هەولێر کاری پیّ سپێردراو ئێستاش لە ناوەندی 2 ی کوردستان درێژە بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دەدا.

5: نەجمە خەڵکی بانە و ئەویش بریندار بوو بەلاّم کەم ئەندام نەبوو. دواتر خۆی تەسلیم کردەوە.

6: ئەگەر ئەومان لەگەڵ بایە، ناچار دەبووین لە چوون بۆ ئەو گوندانەی مۆڵگەیان تێدابوو، یان مەترسیی شەڕو پێك هەڵپڕژان لە گەڵ دوژمن‌دا هەبوو، هێندێك خۆ ببوێرین. ئەویش بە مەبەستی زیاتر پاراستنی گیانی ئەوی بوو.

7: دیارە مەبەستی ئەوان ئازاد کردنی باوکم بوو، نەك ئەوەی بۆ جاشەکە وەپاڕێن.

8: جێی سەرنجە لە هەموو ئەو ماوەیەدا باوکم نە بۆ خۆی هات بۆلام و نەکەسی لیّ ڕاسپاردم کە جاشەکە ئازاد بکەین.

9: مەلا ساڵح خەڵکی باریکایەی ناوچەی ڕەبەتیّ بوو. یەکێك لە کۆنە ئەندامان و پێشتر فەرماندەری لك بوو. مرۆڤێکی فیداکارو دڵسۆزی حیزب بوو. هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کرد بوو. لەزەمانی شای‌دا لە سەر حیزبایەتی چەند بلێی لە بەندیخانەدا ئازار و ئەشکەنجە درابوو. لە شەڕ لە گەڵ بەکرێگیراوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماریی ئیسلامی‌دا گوللەی وەبەرسنگی کەوتبوو و سیپەلاکی سمی بوو. هێشتا برینەکەی بە تەواوی ساریژ نەببۆوە کە تووشی نەخۆشیی هەناسە سواری ببوو. ماوەیەکی دوورودرێژ لە هاتووچۆی لای دوکتورو نەخۆشخانەدا بوو. ئەوە دواجاری بوو کە لای دوکتۆر دەگەڕایەوەو، لە گەڵ ئەحمەدی کوڕی کە ئەویش پێشمەرگە بوو، بە هۆی هیلاکی و ماندوویی فریا نەکەوتبوون لە گەڵ پێشمەرگەکان یەك بگرنەوە و بۆ حەسانەوە پەنایان بەو کۆخە چۆڵە بردبوو کە مەزڵوومانە شەهیدیان کردن.

10: میراوا گوندێکی وێران کراوی دەستی بەعسی‌یەکان لە کوردستانی عێراقە . بازاڕێکی سنووریی لێ کرا بۆوەو، دانیشتووانی سەر سنووری ئێران و عێراق کەلوپەلیان بە قاچاخی دێناو لەوێ نەختیان دەکردەوە. کاروانی ئێرانی‌یەکان لە ترسی تۆپ بارانی مۆڵگەکانی کۆماری ئیسلامی نەیان دەوێرا بە ڕۆژ هاتوچۆ بکەن و دەبا لە تاریکایی شەوێ کەڵکیان وەرگرتبایە.

11: گەورە دێ گوندێکی وێران کراو بوو لە بەشی کوردستانی عێراق .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جێژنی چل ساڵ خەبات، نەخۆش کەوتنم و هەڵاتن لەبەرهێزی دوژمن

ڕۆژان هاتن و چوون و ڕێژیم بەو ئازارەوە کە بۆ لەداوخستن و زەبر لێوەشاندنمان لە پیلانەکانیدا سەر نەدەکەوت، دەتلاوەو کەلەکاوکەلەکەی دەکرد. هەنگاو بە هەنگاو لە دوومان دەگەڕاو بە هۆی سیخوڕەکانیەوە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمانی گرتبوە ژێر چاوەدێری. بەڵام لە نەخشەی هەموو پیلانەکانیدا سەری وەبەردی ئەلحەدی کەوتبوو. هۆی ئەوەش کە لە هەموو ئەو ماوەیەدا وەك بەرزەکی بانان دەرچووین و زەبرمان ویَ نەکەوت، یەکەم پشتیوانی و هاوکاریی لە بنەنەهاتووی خەڵکی خۆڕاگرو ئەمەگناسی ناوچەکان و دووهەمیش زیرەکی و کارامەیی پێشمەرگە هەڵمەت بەرەکانمان بوو. لە گەڵ ئەوەشدا کە بۆحەسانەوەو پشوودانی درێژخایەن بنکەی جێگیرمان نەبوو،نیازپاکی و ڕاستوێژیی ئاوایی نشینەکان لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان هەڵنەداواردین و بە دڵەوە حوورمەتیان دەگرتین، بە ڕادەیەك شوێنەواری لە سەر ورەو ئیرادەمان دانابوو، کەم و زۆر هەستمان بە شەکەتی و ماندوویی نەدەکردو سەرەڕای ئەو هەموو هەڵسووڕان و بێ خەوی وشاخەوشاخ و چیاو دۆڵ و کەژو کێوگەڕان و شەونخوونییەدا، وەڕەز نەدەبووین و هەر وامان دەزانی لە ماڵی خۆمانین. کاتێك شەوانە لە مزگەوتەکاندا لە گەڵیان کۆ دەبووینەوە و نیاز پاکی ودڵ سافیی ئەوانمان لە ناخی دڵەوە هەست پیَ دەکرد، ئۆخژن بە دڵمان دەگەیشت و ماندوویی‌مان دەحەسایەوە. بە تەواوی هەستمانەوە شانازیمان بە خۆمانەوە دەکرد کە پێشمەرگەین و خەبات بۆ ئەو گەلە ئەمەك ناسە دەکەین.

سەروبەندی25ی گەلاوێژ، بیرەوەریی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە 25ی گەلاوێژی ئەو ساڵەمان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڵ ساڵەکانی پێشوو بە تەواوی جیاواز بوو. بیرەوەریی چڵ ساڵ خەبات و تێکۆشانی بێپسانەوەی ئاشکراو نەهێنی بە سەر مێژووی پڕ لە شانازیی حیزبەکەماندا تێدەپەڕی. بڕیارماندا بوو کە ڕێوڕەسـمێکی شیاوی ئەو ڕۆژە بەڕێوەبەرین. خەڵکی ناوچەکەش بە تامەزرۆییەوە ئامادەی بەشداری کردن لە ڕێورەسمەکەدا بوون. دیارە پیلانی دوژمنیش بۆ زەبر لێدانمان لەو ڕۆژەدا لە گۆڕێدا بوو. سەرەڕای ئەوە کە پاراستنی ئەمنییەتی لە لایەن پێشمەرگەکانەوە بەو پەڕی لێ زانییەوە وەبەرچاو گیرابوو، دەبا شوێنێکی قایم و جێی متمانەشمان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکە هەڵبژاردایە. دڵسۆزانی حیزبمان ئاگادارکردن و لە نێو باخێکی چڕوپڕی گوندی "مێوە کاژاو" سەر بە ناوچەی خێڵەڕەش، حەشیمەتێکی زۆرمان کۆ کردەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە 17 و 18) .

بەشداران بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دەست پێکردنی ڕێوڕەسمەکە بوون. بۆ ئەوەی دەنگمان بە گوێیی هەموو بەشداران ڕابگا، بڵیند گۆیەکی گەورەمان بە پەلی دارێکەوە هەڵواسیبوو کە دەنگەکەی بڵاودەکردەوە. دووربینیشمان پێبوو کە کاک عوسمانی ڕەحیمی فیلمی لە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە هەڵ دەگرتەوە. شانازی بەڕێوەبردنی بەرنامەکەشیان بەمن بەخشیبوو. لە کاتی دیاری کراودا بە وشەی بەخێرهاتن بەرنامەکەم کردەوەو سەردێڕی بابەتەکانـم ڕاگەیاند، پاشان بە سروودی نەتەوایەتیی « ئەیڕەقیب » و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی نەمری شەهیدان ، بەرنامەکە دەستی پێکرد. سەرەتا پەیامی کۆمیتەی شارستان لە لایەن کاك غەفووری هەمزەیییەوە پێشکەش کراو چەندین پەیام و سروودو شێعرو پەخشانی دیکەش نێو ئاخنی بەرنامەکان بوون. یەکێك لەو شێعرانەی خوێندرانەوە، ئەم پارچە شێعرە بوو کە بە بۆنەی ئەو ڕۆژەوە نووسیبووم:

# گەلاوێژ مانگی چارەنووس

هومێدی چارەنووسی کوردەواری‌مان گەلاوێژە
میدالّی ئیفتیخارو بەختیاری‌مان گەلاوێژە
گوڵی گوڵزاری ئازادی و هەوێنی ژینی سەربەستی
شەمی ڕووناکی مێژووی بێ قەراری‌مان گەلاوێژە
گەڕێنی ڕەوڕەوەی جووڵانەوەی مێژووی خەباتی گەل
شیفای ئەسکەندەریی، بۆ زامی کاریمان گەلاوێژە
خوڕەی بەفراوی سەرتوون و گردە و هەڵگوردو قەندیلە
گزنگی خۆری ئاسۆی نامرادی‌مان گەلاوێژە
ڕچەی ڕزگاری‌یە، بەردی بناخەی کۆشکی ئاواتە
تکەی فرمێسکی بارانی بەهاری‌مان گەلاوێژە
گوڕوتینی خەبات و بانگی ڕزگاری گەلی کوردە
دەوای ناسۆری کۆنی شین و زاری‌مان گەلاوێژە
سنووری پڕ لە نووری چارەنووسی چینی چەوساوان
حەکیمی شارەزای دەردی هەژاری‌مان گەلاوێژە

گوندی گوڕنێ،
4 ی پووشپەڕی ساڵی 1364ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان بە گۆرانیی شادو شانۆ و داوەت و هەڵپەرکێ کە زیاتر لە سێ کاتژمێران درێژەی کێشا، کۆتاییمان پێهێنا. بۆ نیوەڕۆیەش نەمان هێشت لێك بلاو بن و چێشت و گۆشتێکی باشمان لە قەبەڵ کردن و دواتر مالاواییمان لێك خواست و هەر کەس بۆ شوێنی خۆی ملی ڕێگای گرت. شکۆمەندیی ڕێوڕەسمەکە بە ڕادەیەك لە ناوچەکەدا دەنگی دایەوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بوو بە بنێشتە خۆشکەی سەر زارو زمانان و دۆست و دوژمن بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە.

هێشتا لە ناوچەکە دوور نەکەوتبووینەوە کە ڕێژیم بۆ دامرکاندنەوەی قینی کۆنەپەرستانەی خۆی، ڕۆژی28ی گەلاوێژ، هێرشێکی بەربلاوی بۆ سەر بازاڕی "کیوە رۆیە"(1)، بە مەبەستی ئازاردان وتالان و بڕۆی خەڵکی بێ دیفاع، دەست پێکرد. پێشمەرگەکان کە لە نیازی چەپەڵی دوژمن ئاگادار بوون. بە پەلە بۆیان ڕاخزین و تێیان سرەواندن. بە کرێگیراوان کە چاوەڕوانی ئەوە نەبوون بەو دەم و دەستە پیشمەرگەیان بگاتە سەرێ، سەریان لێ شێواو ڕێگای هەلاتنیان گرتە بەر. پێشمەرگەکان نیشتنە سەریان و هەتا مۆڵگەی گردە ڕەش ڕاوەدوویان نان.

لەو شەڕە نەخوازراوەدا بە داخەوە کاك مستەفای ڕەحیمی (2) ناسراو بە مچەڕەش، فەرماندەری لکی1ی هێزی شەهیدانی وردی، سنگی پڕ لە تاسەی کەوتە بەر گوللەی کورد کوژان و، بۆ هەمیشە مالاوایی لێ خواستین و، سەنگەری تێکۆشانی بە هاوسەنگەرانی سپارد. تەرمی پیــرۆزی ئەو پیری سەنگەرەمان لە نێوان گوندەکانی " مالتە وگڵە سوورە"، لە نێوخەم و پەژارەی خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپارد. (بڕوانە وێنەی ژمارە 19) .

لەمێژ بوو لەو ناچەیە مابووینەوە، ڕۆژی30یمانگی گەلاوێژی1364یهەتاوی، لە ئاوایی چۆمان بە مەبەستی گەشتێکی بەربلاو لە ناوچەی بابۆس، کۆبوونەوەی هەیئەتی ئیجراییمان پێك هێنا. هێشتا لە سەر بڕیارەکان بە تەواوی ساخ نەببووینەوە کە تەزووی ئازاریکی بە تەوژم لە هەموو لەشم گەڕا. بە ماوەیەکی کەم تووشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەخۆشیی ڕشانەوەیەکی ئەوتۆ هاتــم کە هەر لەو ماوە کەمەدا بڕستی لێ بڕیم. لە بەر ئەوەش کە بڕیار درابوو، نەدەبا لەوە زیاتر لەوێ وەمێنین، چارناچار بە پشتی ئێستریان دابەستم و بەرەو مێوەکاژاو پێهەڵ گەڕاین. شەو لە ماڵی کاك مستەفای سەعە خۆڵە دایان نام و کادرێکی دەرمانیی‌یان لەکن بەجێهێشتم ، ئەویش دوو سێ حەبی دامێ و خۆی لێ ون کردم. لە سەربانێك جێگایان بۆڕاخستم و ئیترهەتا بەیانی ئاگام لەخۆم نەبوو. ڕۆژی دوایەش هەر لەوێ مامەوە. پێشمەرگەکان و هەیئەتی ئیجرایــیش بە کۆخەکاندا بڵاوببوونەوەو بە هیوای ئەوە کە کادری دەرمانیی‌یان بۆ بەجێهێشتووم، کەس بەلام دا نەدەهات. ڕۆژی دوایە کە هێندێك سەرم سووك ببوو، یەکمان گرتەوەو بەرەو گوندی گەورەدارو ئەو دەورووبەرە وەڕێ کەوتین و دێبەدێ پێدا سەرکەوتین. هێشتا لە جادەی بۆ سەرێ نەپەڕیبووینەوە کە دەفتەری سیاسی ئاگاداری کردین: هێزی شەهید عەزیزی یووسفی (سقز) تووشی شەڕ هاتوون و ئەسیرو برینداریان زۆر پێن و دەبێ بە هانایانەوە بچین. بە ناچار بەرنامەکەی خۆمان هەڵوەشاندەوەو بۆی تێکشاین. بێپشوودان ڕێگامان بڕی وشەوی10ی مانگی خەرمانانی1364ی‌هەتاوی، لە گوندی "نەیەر" کە ئاخرین ئاوایی ناوچەی"بابۆسە"، یەکمان گرتەوە. کەوتینە بەیانی و ئەسیرو بریندارەکانمان لێ تەحویل گرتن و دەماودەمی ڕۆژئاوایە وەڕێ کەوتین.

دە شتێکی کاکی بە کاکی و مەودایەکی دوورودرێژ، پێمان پێوەناو تەقاندمان. کاتژمێر چواری دوای نیوەشەوێ خۆمان گەیاندە ئاوایی "نێزەڕۆ"یە. بەوێشەوە زەردنەبووین، چایەکمان خواردەوە و بێ پشوودان بۆ گوندەکانی " قوڕنێ و زەربەنی" خۆمان کوتا. بەڵام لەوێش نەیان هێشت چاو گەرم کەین و هەواڵیان داینێ کە ڕێژیم وەدوامان کەوتووەو گەرەکیەتی خەشی ئەو ساڵەمان پێ بڕێژێ.

پێشمەرگەکان چەند شەو و ڕۆژ بوو نەحەسابوونەوەو دوورەخەو بوون و شەکەت و ماندوو ڕێگایان دەبڕی. ئەسیرو برینداریشمان پێ بوون و لەوە دەترساین کە ئەگەر لە گەڵ هێزی حەساوەو پۆشتەو پەرداخی دوژمن بەرەو ڕووبین، لە حەودەی نەیەین و

زەبرمان وێکەوێ. هەر بۆیە لە سەر ئەوە ڕێك کەوتین ئەو جارەش مەیدان چۆڵ کەین، سەعاتی12ی شەوێ هەموو پێشمەرگەکانمان کۆ کردنەوەو لە تاریکایی شەوێ نیشتین، هێشتا درکەی نەدابوو کە لە چۆمانێ پەڕینەوەو بە هەورازی "سوورکێوی" هەڵزناین و لەترسێ ڕزگار بووین. کازیوە ئەنگووت و شەبەق دڕی بە تاریکاییدا. کاتێك بە دووربین لە وڵاتیمان ڕوانی ، هێزی دوژمن وەك خیزوخۆڵ بڵاو ببۆوە. لە هەر تەپۆڵکەو باسك و ئاسۆگەیەکت ڕوانیبا، وەك شارە مێروولەی دەجمی. بەڵام بە سەر هەواری خاڵیدا کەوت و بە ئاوات نەگەیشت، ئەو پیلانەشی وەك ئەوانی دی لێپووچەڵ بۆوە. کوێرانە ناوچەی وەبەر تۆپاندا و هێندێکیشی بەرەوئێمە هەڵ دان، بەڵام خۆمان بە دیوی سنووری عێراقیدا نەدیو کردو بێ ئارەق دەرچووین. ئەو جار مۆڵگەی تاژەبانیان جێگیر کردەوەو دەمی ئێوارێ پاش ماوەی هێزەکەی بەرەو شاری بانە گێڕایەوەو هیچی بەلووتەوە نەچوو. ئێمەش بە بێنان و ئاو لە بەر ئەو سوورەتاوە ماینەوەو هەموومان تووشی ژانە سەر بووین. دوانیوەڕۆیەکی درەنگی ئەسیروب ریندارەکانمان بە دەستە پێشمەرگەیەکدا بۆ دەفتەری سیاسی بەرێ کردن و هێدی هێدی بەرەو گوندی "دوونێس" داگەڕاینە خوارێ. لە تاوی ژانی سەرم دەتگوت هەرتك چاوم دەرپەڕین، نەنانم پێ خوراو نە ئاو، جێگایان بۆ ڕاخستین و دەمەوخوون درێژ بووم. هێندێك خەوم لێکەوت و برێك سەرم هێدی بوو. ئەو جار چایەکمان خواردەوەو بەرەو "چۆمان" و "ماڵەدۆمان" داگەڕاینە خوارێ. ئەو شەوە لەوێ ماینەوەو بەیانیی بەرنامەی گەشتی ناوچەی بابۆسمان هەڵوەشاندەوە و، دەمی ئێوارێ لە بەندەنی گاکرێ هەڵ بووین و گوندی "بەنەژاژێ" بگرەو هاتم. شەو بە سەرداهاتەوەو بەرەو ناوچەی مەیدانان تێهەڵ گەڕاین و بۆ دەمی ڕۆژێ لە جادەی پەڕینەوەو چووینە گوندی "بێگەژێ". لەوێش نەگیرساینەوە و بەرەو "کونەورچێ" تێهەڵ زناین و بە دیوی "سووتوو"یدا شۆڕ بووینەوە. ئەو ڕۆژە لەوێ ماینەوەو پاشان بۆ کۆخەکانی بەردەڕەشی تێکشاین. ڕۆژی22ی پووشپەڕ لە ماڵی « ڕەزمی » دانیشتبووم کە سەیوان و سامان هاتنە لام و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێر لە گەڵیان دانیشتم و قسەی خۆشمان کردو پاشان لێك جوێ بووینەوە. بە دوای ڕۆیشتنی ئەواندا ئێمەش کۆبووینەوە و بەرەو " کەشەنێ " و ئەولاتر ملمان پێوەناو شەو درەنگانێك گەیشتینە نجنێ سەروو. هێشتا باوکم کە لە سەر گیرانی جاشەکە بەندکرابوو، ئازاد نەببوو. هێندێك دڵخۆشیی بنەماڵەکەم دایەوە و تابەری بەیانی دانیشتین. شەوی مابوو بە کوێستانێ هەڵگەڕاین و لە گوندی "سەدباری" لە گەڵ تیمێك لە پێشمەرگەکانی ناوەندی ئاژوان کە بەرەو لای ئێمە دەهاتن، یەکمان گرتەوە. بۆ سبەینێڕا دوژمن هێرشی کردە سەرمان و پاش تەقە و لێك دانێك بەرەو کوێستانی مەیدانان پاشەکشەمان کردو پێشمەرگەیەکیشمان بریندار بوو. بە ناچار بۆ بەڕێکردنی تیمی ئاژوان و بریندارەکەی خۆمان، بەرنامەی گەشتەکەمان هەڵوەشاندەوەو بەرەودوا بامان دایەوەو یەك ڕاست بۆ ئاوایی "بەنەژاژ" و "کیوەرۆ" و "چۆمان" پێمان داکێشاو کاتێك لێکم دایەوە،26 کاتژمێران بە ڕێگایەدا ڕۆیشتبووین. ئەوانمان بەڕێکردن و سەر لە نوێ بەرە و ناوچە تێمان کردەوە.

ئەمجارەیان گەشتەکەمان شێوەیەکی نوێ تری بە خۆیەوە گرتبوو. دەبا بە تەواوی پارتیزان بین و بە درێژایی شەوان ڕێگا ڕۆیشتباین و جێگۆڕکێمان کردبایە. هەر شەوە لە گوندێك و هەر حەوتوو لە ناوچەیەك و هەردەم لە مەڵبەندێك سەردانی دێ نشینەکانمان دەکردو بە کەموکوڕیەکانیان ڕادەگەیشتین. بەڵام کاری تەشکیلاتیمان زۆر بە کەمی بۆ دەکرا، چونکە تەشکیلاتەکەمان بە تەواوی نەهێنی بوو. شانەو شانە بەندیمان لێك هەڵوەشاند بوونەوە و هەر ئەندامێك ڕاستەوخۆ لە گەڵ کادری تەشکیلاتیدا پێوەندیی هەبوو. بەڵام دیسانیش هێندێك ئەندامی پاك و پاڵاوتەمان لە هەر ناوچەیەك هەبوون و کاری باشیان دەکرد.

ڕۆژی14ی ڕە زبەری1364یهەتاوی، لە کۆخەکانی بەردەڕەشی کۆڵنەدەر و ئاوات و ڕێناس هاتن بۆ سەردانم و چەند کاتژمێرێك پێکەوە دانیشتین. چەندی بڵێی ڕازو نیازمان کردو خەرمانی خەمانمان پێکەوە شەن و کەو کرد. ئەو دیمەنە لە گەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەدا دیدارێکی مێژوویی بوو، چەندی بلێی ئازاری دام، دەزانی بۆ، کاتێك بەجیٚیان هێشتم، هەموو زامەکانی دووریو لێك دابڕانی ئەو ماوەیەم نویٚ بوونەوە و سەریان وەسویٚ نایەوە. دەمی ئێواریٚ ئەوان بەرەو "بەردە ڕەش" گەڕانەوە و ئێمەش بەرەو شوێنی دیاریکراو کەوتینە ڕیٚ.

ماوەیەکی دیکەش هەر بەو شێوەیە لە ناوچەکاندا گەڕاین و، ماندوویی نەناسانە شەویشمان بە دەم ڕۆژەوە دەداو بیٚ پشوودان و حەسانەوە کارمان کرد. وەك خولخولە بە دەوری خۆماندا دەسووڕاینەوەو بۆ دەمێك هەدادان و حەسانەوەمان نەبوو. لە گەڵ ئەوەدا کە ڕێژیم بۆ لەداو خستن و زەبر لێوەشاندنمان، هیچ گزی وگەڕوفێڵ و تەشقەڵەیەك نەما پەنای پیٚنەباو لە زۆربارانەوە بەختی خۆی تاقی کردەوە، بە خۆشی‌یەوە سەربەرزانە دەرچووین و زەفەری پیٚ نەبردین.

## پەڕاوێزەکان:

1: بازاڕێکی سنووری بوو لە سەرووی کۆخەکانی کیوەرۆیە کە خەڵکی سەر سنوورەکانی هەرتك بەشی کوردستانی ئێران و عێراق هاتوچۆیان دەکردو سەوداو مامەڵەیان لیٚدەکرد.

2: شەهید مچەڕەش (خالە مستەفا) وابزانم خەڵکی "بۆیەنی سەروو" بوو. خۆی دوو کوڕی لە سەرەتای ساڵی1358ی هەتاوی یەوە پێشمەرگە بوون. لە گەڵ ئەوەدا بە هەورازی تەمەن هەڵ زنابوو، چوست و چالاك و بە نەزم و ئازاو نەترس و بیٚ باك بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان و ڕووداوێکی ناخۆش

وەرزی هاوین کە لە نێو وەرزێران دا بە وەرزی خەلەودان دەناسرێتەوە، هێدی هێدی ماڵاوایی لێ خواستین و جێی بۆ وەرزی پیرە پاییز چۆڵ کرد. ڕەشەبا تەزووی ساردی بە لەشی دەشت و بژوێن و چیاو بەستێنان‌دا هێناو قانگە لاشکی لە خەند ڕك و لاشیوان کوتان، گەڵای سەوزی بەرزە داران بە ڕەنگی زەردەوە داوەرینە خوارێ و دیمەنی زەوی هەڵ بڕسکا. سروشت هەواڵی سەرما و سۆڵی وەرزی بەستەڵەکی بە گوێیی پێشمەرگەکان‌دا چپاند و کورد گوتەنی : « بەرگی فەقیری دڕا » و مانەوە لە کوێستانەکان دژوار بوو.

بەرە بەری بەستنی کۆنگرەی حەوتەم بوو. دە فتەری سیاسی بروسکەی داینێ کە خۆمان بۆ گرتنی کۆنفرانس و هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە ئامادە کەین. هەر بەو بۆنەوە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستانمان پێك هێنا و تەدارەکمان بۆ گرت. ڕۆژی 24ی مانگی ڕەزبەری ساڵی 1364ی هەتاوی، کاك حەسەنی شەڕە فی بە نوێنەرایەتی لە لایەن دە فتەری سیاسی‌یەوە گەیشتە لامان. سەرجەم کادرەکان و نوێنەرانی پێشتر هەڵبژێردراو لە بەشی پێشمەرگەدا بۆ کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان، لە ئاوایی "چۆمان" ئامادە بووین. جێی سەرنجە شانازیی بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی کۆنفرانس، لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە بە من بەخشرا بوو. بە دوای کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا، کاك حەسەنی شەڕە فی وتارێکی پێشکەشی بەشدارانی کۆنفرانس کرد و بڕگەی یەکەمی کۆنفرانسەکەمان کۆتایی پێ هێنا. پاشان بە مەبەستی وەبەرچاوگرتنی باری ئەمنییەتی، بۆ گوندی " زەڵێ" گوێزامانەوە و لە مزگەوتی ئاواییدا، کاری کۆنفرانسمان درێژە پێدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دووهەم بڕگەی بەرنامەی کۆنفرانس‌دا ڕاپۆرتی کۆمیتەی شارستان بە هەموو بەشەکانی کۆمیتەی شارستانەوە، لە لایەن کاک غەفووری هەمزەیی بەرپرسی کۆمیتەی شارستانەوە پێشکەش کراو کەوتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. کەم و کووڕی و ناتەواوی‌یەکان بە ڕاشکاوی ئاماژەیان پێکرا و پێشنیاری بەکەڵك بۆ لە نێوبردنیان هاتنە گۆڕێ. پاشان هەڵبژاردن دەستی پێکرد و ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و نوێنەرانی کۆنگرە هەڵبژێردران. ئەمن هەم بۆ کۆمیتەی شارستان و هەم بۆ کۆنگرە ش دەنگی متمانەم پێدرابوو. ئەمجار لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان‌دا هەیئەتی ئیجرایی‌مان هەڵبژارد و لە وێش‌دا دەنگی متمانەم وەرگرت. دواتر کارمان دابەش کردو نوێنەرانی دەفتەری سیاسی‌مان بەڕێ کردنەوە و بەرەو ناوچە وەرسووڕاینەوە.

پێشمەرگەکان بە ناوچەی خێڵەڕەش دا بلاوبوونەوە، دەماوەدەمی نوێژی نیوەڕۆیە بوو لە گوندی"ئەنجێنە" تەقەی چەند فیشەك گوێیی زرینگاندینەوە، چاومان لێ بوو لە سەربانێك پێشمەرگەکان تێك ئالا بوون و هێندەی پێ نەچوو تابووتێك لە سەر شان و بەرەو لای ئێمە داگەڕانە خوارێ. سەرەنجام دەرکەوت کە ڕەحیمی محەممەدزادە (2) فیشەکی لە دەست دەرچووە و جەماڵ کۆخانی (3) شەهید بووە و عەبە سپیدارەیـیش بە توندی بریندار بوو. (بڕوانە وێنەی ژمارە 20) .

کۆمیتەی شارستان مەئمووریەتیان پێ سپاردم کە بریندارەکە بگەیەنـمە نەخۆشخانە. تابووتمان بە پشتی ئێسـتری دابەست و سەرەو ژێر بووینەوە. برووسکەشـمان بۆ دەفتەری سیاسی لێدا بوو کە ماشێنمان بە پیـرەوە بنێرن. گەیشتینە نزیك باسنێ (4) و تۆپ بارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پێگە عەسکەری یەکانی عێراق دەستی پێکرد.

هێشتا زۆرمان مابوو بگەینە شارۆچکەی کەناروێ، ئامبۆلانسەکەی خۆمان وەدەرکەوت ، بریندارمان لە سەر بڕانکاری ڕاکێشا و گڤقەمان لێ‌کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریندارەکە خوێنی زۆر لە بەر ڕۆیشتبوو، و ئێمەش لە برسان هێزمان لەبەر بڕابوو. گەیشتینە شارۆچکەی "کەناروێ" و گوتم:

ـ ئەرێ براینە! ئەوە بریندارە و ئەگەر شەهید بوو دەڵێن، گوللەی وێکەوتووە و خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە و هەتا گەیاندوویانەتە دوکتۆری شەهید بووە . ئەدی ئێمە کە لە برسان مردین، ڕادیۆ دەنگی کوردستان چۆنمان دەخوێنێتەوە و دەڵێ بە چی مردن؟! پیاوی چاك بن، با نانێك بخۆین و ئەو بێگارەی لە کۆڵ ڕادیۆی وەکەین.

کاك سەلیمی ئەردەڵان (5) کە ماشێنەکەی لێ دەخوڕی، چاوێکی لێکردم و زەردەیەکی هاتێ و گوتی :

ـ بە خوا ڕاست دەکەی ئەوا من تەسلیم بووم.

لە بەر دەرگای کەبابخانەیەك ماشێنەکەی ڕاگرت و بێ ئێوە ناخۆش نان و کەبابێکی بەلەزەتمان خوارد. بەڵام نەگبەتی یەکە بەرۆکی بەرنەدام و هێشتا دوا پارووم قووت نەدابوو کە تاقمە ددانەکەم قرچەی کرد و بوو بە دوو کوت. پاشان سوار بووینەوە و خۆمان گەیاندە نەخۆشخانەی ئازادی لە ئۆردووگای کارێزە. بەڵام هەر بە گەیشتنی ئەوێ، دەست بەجێ خوێنیان دا بە بریندارەکە و نەشتەرگەری یان بۆ کرد و لە مردن خەلست. ئەو شەوە لە ماڵی دوکتۆر ڕەسووڵ بووم و بەیانیی سەرێکم بە دە فتەری سیاسی سپارد و گەڕامەوە.

لە گەڵ ئەوەدا کە بریندارەکەم هێنابوو، مەئموورییەتی سەردان لە شانە حیزبییەکانی قەڵاچوالان و کەناروێشم پێ سپێردرابوو. بە ماوەی چەند ڕۆژان لە گەڵ وانیش دانیشتنم کرد و بە درێژی لە گەڵیان دوام، چەندی لە توانام دابوو، وەڵامی پرسیارەکانم دانەوە و پێشنیارەکانیشم یادداشت کردن و بەرەو شوێنی تێکۆشان گەڕامەوە.

## پەراوێزەکان:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

1: کاك حەسەن خەڵکی مەهاباد و یەك لە کۆنە ئەندامانی حیزبە. بە دوای کۆنگرەی چوارەمدا بە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی مهابادی پێ سپێردرا. پاشان لە هەموو کۆنگرەکاندا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێراوەتەوە و ، بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بووە .

2: ڕەحیم خەڵکی سیاومە بوو. ماوەیەك حیزب لە زیندانی کردو، دوای ئازاد بوونی کرا بە بێسیم چی. دواتر چەکی دانا و پەڕیوەی هەندەران بوو. ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە پەنابەری دەژی.

3: جەماڵ خەڵکی کۆخان و پێشمەرگەیەکی تا بڵێی بە نەزم و بە غیرەت بوو.

4: باسنێ گوندێکی وێران کراوی کوردستانی عێراقە و لە سەر سنوور هەڵکەوتووە و پایەگایەکی جەیشی عێراقی لێ جێگیر بوو. زابتێك هاتە لامان و بۆ ئەوەی لە زیانی ئەو تۆپ بارانە ڕزگارمان کا، بە زیلێکی عەسکەری بەڕێی کردین و لە ڕێگا دا تووشی ماشێنەکەی خۆمان بووین .

5: کاك سەلیم خەڵکی سەقز و لە دەورووبەری دە فتەری سیاسی کاری دەکرد. ماوەیەکیش بەرپرسی نەخۆشخانە بوو. ماوەی یەك دوو ساڵیش بەهۆی زانیاریی لە ماشێن ئالاتی سەنگین دا بەر پرسیی بەشی ڕێگاوبانی کۆمەڵایەتیی حیزب بوو . سەرەنجام خۆی تەسلیم کردەوە و لەم دواییانە دا بەهۆی تەسادووفی ماشێن کۆچی دوایی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زەماوەندی عەزیز و داستانی خاڵە کریم

ماوەیەك لەوە پێش ئایشێی کچی کەریم سووتاوم بۆ عەزیزی ئامۆزام خواستبوو، کچەکە بە منداڵی لە کابرایەکی عێراقی مارە کرابوو، کاتێك بە خۆداهاتبوو، کابرای بە کەیفیێ نەبوو و ملی بە گواستنەوە نەدەدا، کابراش لە سەر2 هەزار دینار تەعلیقی کردبوو. ئەمن پێشتــر کچە و دایکی و کاك مەحموودی (1) برایم دواند بوو، ئەوان ڕازی بوون و خاڵە کەریمیش گوتی :

ئەمن چاوی تەماعم تێ نەبڕیوە، دوو هەزار دینارەی بدەن بە کابراو لێتان پیرۆز بێ.

دوو هەزار دیناری ئەو کاتیش گاڵتەی پێ نەدەکرا و لە توانای عەزیزی دانەبوو. بە یارمەتیی کۆمیتەی شارستان و بە سواڵ و سەدەقە هەر چۆنێك بوو دوو هەزار دینارەمان وسووڵ کرد و کابرامان پێ ڕازی کردو تەلاقنامەمان لێ وەرگرت. منیش ئەو هەلەم بە هەڵکەوت زانی کە یەکجاری بۆی وەگوێزم و نەجاتی ببێ. نامەیەکم بۆ کۆمیتەی شارستان نووسی کە خەریکی کارێکی وام و چەند ڕۆژێکم پێ دەچێ.

ماڵی خاڵە کەریم لە گوندی "هەباس چەقەڵ" بوو. بۆ شەوێ چوومە لای و باسەکەم لە گەڵ کردەوە، نێوانیشمان زۆر خۆش بوو، ئەویش زۆر پیاوانە هاتە ڕەدایە و کاتی گوێزانەوەکەی خستە ئیختیاری خۆمان. کچێکی دیکەشی دابوو بە عومەری خورشیدی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(2) و لە سەر ئەوە ڕێك کەوتین کە هەر دووکیان وێکڕا وەگوێزین. ئێمە دەمان برد بۆ ڕەشکی بۆ ماڵی مامە قالەی سووتوو، ئەوانیش دەیان برد بۆ قەڵاچوالانێ. کەلوپەلی زەماوەندێمان ئامادە کردو لە گەڵ مەلا عەلی کیتابی چووین مەلا عەولای چوارتا(3)یەمان هێنا پێی مارە کەین. چەند کەسێك دۆست و ناسیاومان بانگ هێشتن کردن و بۆ شەوێ چووینە هەباس چەقەڵی. نانی شەومان خوارد و هاتینە سەر مارەکردنی، بەڵام خاڵە کریم لێمان بە داری نەحلەتێ هەڵگەڕا و ئیللا بیللا نای دەم و هەڵی دەوەشێنمەوە! هەرچی ڕیش سپی و پیاو ماقووڵمان ناردن و مەلامان بەگژدا کرد، فایدەی نەبوو. بە ناچار ئەو شەوە خۆمان لێ مات دا و وازمان لێ هێنا، کەوتینە بەیانی و مەلاو ڕیش سپیمان ناردنەوە جەستەی و بە هەر زمانێك بوو هێنامانە ڕەدایە و مارەمان کرد. لەو دەمەدا کاك غەفووری هەمزەیی و چەند برادەری دیکەش کە ئەوانیشمان بانگ هێشتن کردبوون ، گەیشتنە جێ و مەسەلەکەم بۆ کاك غەفوور گێڕایەوە. کاك غەفووریش بە خۆڕانانێکەوە گوتی :

ـ ئەوە من لێرە نەبووم بۆیە کەریم سووتاو بڕوبیانووی گرتوون ، دەنا چاوی لە من بێ ناتوانێ موو بپسێنێ.

منیش کە دڵنیا بووم گەڕێکی دیکەمان پێ دەکا، گوتم :

ـ خەمت نەبێ ، بەشی تۆش ماوە.

لە کورتی وەی بڕین، بووکیان ڕازاندەوە و هی عومەری خۆرشیدییان سوار کردو هیچی نەگوت. ئەومان بەڕێ کردو پیلی ئایشێمان گرت بۆ دەرێیی بێنن و سواری ماشێنی کەین. بۆ خاڵە کەریم لێمان بە قاڕدا نەچۆوە؟! لە دالانێ لاقی ئەمبەراوبەری دەرگایە کردن و دەمانچەی لێ هەڵکێشاین و گوتی :

ـ هەر کەس وەبزوێ دەیکوژم! چار ناچار کوڕوکاڵ سواری سەری بوون و هەتا دەمانچەیان لە دەست دەرێنا گوللەیەکیشی بەڕێکرد، بەڵام خواوڕاستان وەکەس نەکەوت. بە سێ چوار کەسان گرتیان و لە بووکێ ڕۆهاتین و سوارمان کرد و تێمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەقاند . بووکمان بردە ڕەشکی و شایی و دیلانێکی خۆشـــمان بۆ گێڕا . بڕوانە وێنەی ژمارە 21) .

ئەو شەوە لەوێ ماینەوە و بەیانیی بۆ پێوەندی گرتن لە شانە حیزبی‌یەکان بەرەو قەلاَچوالان گەڕامەوە. لە گەڵ ئەندامانی قەلاَچوالانیش کۆبوونەوەم کردو بیرۆڕامان گۆڕینەوە. پاشان سەرێکم بە هەباس چەقەڵێش سپاردەوە و خاڵە کەریمیشم ئاشت کردەوە.

## پەراوێزەکان

1: کاك مەحموود ئاوەنیای خاڵە کریم بوو، باوکی کاك مەحموود کە عەمری خوای کردبوو، خاڵە کریم خێزانەکەی کە براژنی بوو، مارە کردبۆوە. ئەویش هەر پێشمەرگە بوو و چەکی دانابوو. بە دوای کۆنگرەی هەشتەمدا ڕەگەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر کەوت. بە دوای یەکگرتنەوەدا پەڕیوەی ئوورووپا بوو. ئێستا لە وڵاتی سوئێد بە پەنابەری دەژی .

2: عومەر خەڵکی بانە و پێشمەرگە بوو و چەکی دانابوو. دواتر خۆی تەسلیم کردەوە و ئێستا کاسبکاری ماڵی خۆیەتی .

3: مەلا عەولاَ قەدیم ئێرانی و کوڕی مەلا مەحموودی بلەکێیە و ئیمام جومعەی شارۆچکەی چوارتا بوو .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنگرەی حەوتەم

کاتی بەستنی کۆنگرە نزیك بوو، نوێنەرانی بانە بە گشتی هاتبوون و لە قەلآچوالان و... بلآوببوونەوە و چاوەڕوانی ئەوە بووین ئاگادارمان کەن و بەرەو دە فتەری سیاسی وەڕێ کەوین. ڕۆژی 25 ی سەرماوەزی 1364 ی هەتاوی، لە گوندی هەباس چەقەڵ بووم، ئێواریێ درەنگانێك پەچکە کاغەزێکیان بۆ هێنام ، کاتێك کردمەوە، کاك سەید برایمی هاشمی نووسیبووی :

ــــ بە پەلە خۆت وەپێچە و بۆ شەوێ خۆت بگەیەنە دەفتەری سیاسی . بەیانیی کاتژمێر هەشت کۆنگرە دەست پێ دەکا با وەدوا نەکەوی.

وەختەکە زۆر بەرتەسك بوو. ئێواران ماشین کەمتر هاتووچۆی دەکرد و بە پێیانیش هەر نەدەگەیشتمێ. هەر چۆنێك بوو خۆم گەیاندە سەر جادەی کارێزە و خواوڕاستان تویێتایەك پەیدا بوو، دەستم بۆ ڕاگرت و سوار بووم. هێشتا نەگەیشتبووینە کارێزە گوتم :

ـ کاك گیان ! چەندەم لێ دەستێنی دەیدەم و پیاوەتی بکە هەتا گەورە دێم لە گەڵ وەرە.

ـ وەڵڵاهی برا مەبەستم پارە نیە، بەڵام لە نوێژی شێوان بەو لاوە هەر سەیارەیەکی مەدەنی(شەخسی) بە وێدا بڕوا عەسکەری تەقەی لێ دەکەن. چونکە ئەوە خاکی مــحەرڕەمەیە و شەوانە کەس ناوێرێ پێیدا بڕوا .

کاتێك گەیشتینە کارێزە، دابەزیم و یەکێك لە ماشێنەکانی خۆمانم بە چاو ئەنگاوت کە بۆ دەفتەری سیاسی دەچۆوە، لە خۆشییان هەر شاگەشکە بووم. بە پەلە غارمدا پێشیەوە و دەستم بۆ ڕاگرت. بەڵێ : کاك ڕەحیم بەغدادی (1) بوو کە بە ڕواڵەت نێوانیشمان زۆر خۆش بوو. بۆیە هیچ نیگەرانیم نەماو دڵنیا بووم کە دەم گەیەنێ. سلاوم لێکرد و پاش چۆن و چاکی بە گوێیمدا چپاند، گوتم :

ـ کاك ڕەحیم گیان! ئەمن نوێنەری کۆنگرەم و ئەگەر ئەمشەو نەگەمێ وەدوا دەکەوم. بۆ خۆشت دەزانی ماشێنی شەخسی ناوێرێ لە گەڵم بێ، بارانیش دەبارێ و ڕێگا قوڕو چلپاوە و بە پێ یان دەرناچم، ئێستاش بەڕاستی ئەتۆ فریشتەی و خوا بۆ منی گەیاندووی .

کەچی هەر زۆر ساکار دەستی پان کردنەوە و گوتی :

ـوەڵڵا حەوت کەسم هاپێ، خەجاڵەتم خۆ جێگات نابێتەو!

منیش بە ڕاستی پێم وابوو شۆخیم لە گەڵ دەکا، چونکە شۆخیشمان پێکەوە هەبوو، هەر بە پێکەنینەوە گوتم :

ـ کاتی ئەو شۆخییانە نیە، باران دەبارێ و هەموو لەشم تەڕە و ئەوە تاریکیش داهات، ئەمن قەڵەمیم و جێگا زۆر ناگرم.

کەچی چاوێکی لێکردم و پێی بە گازی داناو دەستێکی بۆ هەڵێنام و تێی تەقاند!

بارانە شەوێکی ئەنگوستە چاو ، قووڕو چلپاو لە قولاپەی، عیلاجیش نەبوو دەبا هەر ڕۆیشتبام. قولــم لێ هەڵ کردن و قوڕە سوورەم شێلا، شەو ڕاشکا بوو، شەکەت و ماندوو، تەڕو تلیس و قووڕاوی گەیشتمە کانی مێوێ. لە دوورەوە چراقووەم بۆ نیگابانەکان هەڵ کرد و ئیشارەتــم دا بە پێشمەرگەکان کە خۆمانین، بەڵام ئەوانیش لێم

بوونه قیلی کەوا سپی و داوای ناوی نەهێنی شەویان دەکرد.چەندی لە گەڵم ڕستــن کە من لێرە نەبووم تا ناوی شەو بزانــم و ئەمن فلان کەسم و دەچم بۆ دەفتەری سیاسی و... بێ فایدە بوو، هەر نەیان هێشت لێشیان نزیك وەبــم!! خواوڕاستان ماشێنێك هاتە خواریێ و لە پێش منەوە ڕاوەستا. بەڵێ : ئەحەد ئاغای (3) کۆنە پێشمەرگەی خۆمان بوو کە وەك دەستی غەیب فریام کەوت. ئەو لە بەر شۆقی چرای ماشێنەکە منی ناسیبۆوە، بەڵام هەتا نەهاتەخوار و لە ئامێزی نەگرتــم، ئەمن نەمناسیەوە . یەکتــرمان ماچ کردو بەو پەڕی تامەزرۆیی یەوە تێم ڕاما و گوتی :

ـ ئەوە لە کوێوە هاتووی و بەم تاریکە شەوەی چۆن گەیشتوویە ئێرە.

ـ ئێستا وەختی ئەوەی نیە داستانی هاتنی خۆمت بۆ بگێڕمەوە ، زۆرم سەرمایە ، چم لێ دەکەی ؟

ـ وەرە سوار بە، خەمت نەبێ. ئەمن دەچم بۆ ئاسایشگا (4) پێشمەرگەیەك نەخۆشە و دەیبەم بۆ نەخۆشخانەی کارێزە، ئەتۆ لەوێ بەجێ دێڵم بۆ خۆت ئیسراحەتی بۆ بکە، بەیانیش دێمەوە بە دوات دا و بۆ هەر جێگایەك دەڵێی بە ماشێنەوە لە خزمەتت دام .

لە ئاسایشگا دای بەزاندم و دەستی گرتــم و بردمی بۆ لای بەرپرسی ئاسایشگا و گوتی:

ـ ئەمە دۆستێکی زۆر خۆشەویستی منە، تەڕو تلیس و سەرما بردەیە، نە نانی خواردووە ونە چا، چەندی بلێی شەکەت و ماندووە، هەتا بەیانیی بە تۆی دەسپێرم و بەیانیش دێمەوە بە دوای دا، بەڵام تکات لێ دەکەم، حوورمەتی بگرە.

بەرپرسی ئاسایشگاش کە کاك مستەفای قازی(5) بوو، بزەیەکی وەسەر لێوان کەوت و بەو پەڕی ڕووخۆشیەوە گوتی:

ـــ بەسەرچاو ئەحەد ئاغا ، تۆ ئەمر بفەرموو.

ئەحەد ئاغا ڕۆیشت و بەرپرسی ئاسایشگا « کاك مستەفای قازی» بردمیە ژووری و جلە تەڕەکانی لە بەرداڕنیم و جلی وشکی بۆ هێنام ، کوورەی نەوتی بۆ نێڵ دام و



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندەی پێنەچوو کە ئارەقە لە سەر و تەوێڵم هەڵ نیشت. نان و پەنیرێکی بە لەزەتی بۆ هێنام و تێرو پڕم خوارد. ئەو جار چای بۆ دەم کردم وبە پیاڵەی گەورە وەڕی گەڕامێ و بە بەر چاخواردنەوەش ملمان لە قسەی خۆش نا. ئەو جار دوو پەتووی خاوێنی بۆ هێنام و لێی نووستین. بەیانیی زوو هەستاین و نان و چامان خواردو ئەوەندەی پێ نەچوو ئەحەد ئاغا بە خۆی و بە ماشێنەوە سەری هەڵدا. ماڵاواییم لە کاك مستەفا کردو بەرەو دەفتەری سیاسی وەڕێ کەوتین. لەوێ هاوڕێیانی بانەم دۆزینەوە و من خۆش و تۆخۆش پێك شاد و شکور بووینەوە .

ئەو ڕۆژە هاوکات بوو لە گەڵ 26 ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. بۆڕێز گرتن لە بیرەوەریی ئەو ڕۆژە مێژووییيە، لە لایەن دەفتەری سیاسیيەوە ڕێوڕەسمێکی بە شکۆیان پێك هێنا بوو. پێش نیوەڕۆیە لە ڕێوڕەســمەکەدا بەشداریمان کردو، دوای نان خواردنی نیوەڕۆیە، بێ ئەوەی بزانین بۆ کوێمان دەبەن، سوار ماشێنیان کردین و لە "کانی مێوێ" دایان بەزاندین. نەخۆشخانەکە هێشتا نەگوێزرابۆوە، وادیار بوو هەر بە ئەنقەست ئاوەدان کردنەوەکەیان بۆ دوای کۆنگرە هەڵ گرتبوو، هەر کۆمیتە شارستانەی ژوورێکیان لە نەخۆشخانە بۆ تەرخان کردبوون و ژمارەی دیوەکەیان دابوونێ، ئیتر پێویست نەبوو پرسیار بکەی و ڕێنوێنی لە کەسێك وەرگری. هەر کۆمیتەی ژووری خۆی بە ساحەب کردو پاشان بۆ سالۆنی کۆنگرە بانگ کراین و بە گشتی لەوێ کۆبووینەوە. کۆنگرەکە لە سەر پێشنیاری کاك دۆکتۆر قاسملوو، بە کۆنگرەی کار ناونرا. پاش کردنەوەی کۆنگرە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان و بە خێرهاتن، لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب بەڕێز کاك دوکتۆر قاسملوو، ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی خوێندرایەوە. ئەو جار لە بڕگەکانی درێژەی بەرنامەکان دا، باس لە سەر ڕاپۆرت و شیکردنەوەی باسەکان و ڕەخنەو پێشنیار هاتنە گۆڕێ و ڕاپۆرتەکە بە کۆی دەنگی بەشدارانی کۆنگرە ، پەسند کرا. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە 22 و 23 و 24) .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو جار هەڵبژاردن دەستی پێکردو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران (6). دواتر لە کۆبوونەوەیەکی کورت دا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ، کاك دوکتۆر قاسملوویان بە سکرتێری حیزب هەڵبژاردەوە . ئەو جار پاش خوێندنەوەی بڕیارنامەی کۆنگرە، کاك دوکتۆر قاسملوو دوا وتەی پێشکەشی نوێنەرانی بەشدار لە کۆنگرەدا کردو سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی کرد کە لە بەڕێوەبردنی کارو تێکۆشانی ئەوچەند ڕۆژەی کۆنگرەدا بە دڵگەرمیی‌یەوە کاریان کردووە و زەحمەتیان کێشاوە. *یەکێك لە وتەکانی کە بۆ هەتا هەتایە لە گوێمدا دەزرینگێتەوە و لە مێشکمدا تۆمار کراوە، ئەوە بوو کە فەرمووی :*

ـ لەم کۆنگرەدا خۆشحاڵ نیم ، چونکە بۆ یەکەم جارە یەکەم دەنگ دێنمەوە، جا یان شەهید دەبم ، یان شتێکم بە سەر دێ.

***هەر لە درێژەی سوپاسەکان دا فەرمووی:***

لە ماوەی ئەم کۆنگرەدا هەر کەس بە پێی باوەڕی خۆی لە خودا پاڕاوەتەوە کە باران خۆش نەکاتەوەو مەترسی بۆمبارانی ڕێژیمان لە سەر لاچێ. کەوابوو ئەوە کە باران خۆشی نەکردەوە، خوداشمان لە گەڵە . بە نیشانەی سوپاس بۆ خوداش چەپڵەیەك لێدەن.

جێی سەرنجە بە دەیان پەیامی پیرۆزبایی لە نێو خۆو دەرەوەی وڵات ، بە زمانە جۆراوجۆرەکان بۆ کۆنگرە نێردرابوون کە لە لایەن هاریێانەوە، وەردەگێڕدرانەوە سەر زمانی کوردی و دەخوێندرانەوە .

کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حەوتەم هاوکات بوو لە گەڵ کۆتایی هاتنی مانگی سەرماوەز و دەستی پێکردنی یەکەم شەوی زستان، یان شەوی یەلدا « درێژترین شەوی ساڵ » کە ڕێکەوت لە گەڵ شەوی لە دایك بوونی کاك دوکتۆر قاسملوو بوو. بەو بۆنەوە ئەو شەوە لە سالۆنی کۆنگرەدا کردمانە جەژن و شادی و خەڵاتی کۆمیتەی ناوەندی بە

کاك دۆکتۆر بەخشرا. دوای چەند کاتژمێر داوەت و هەڵپەرکێ و گۆرانی گوتن، کۆتایی مان بە ڕێوڕەسمەکە هێنا.

وەسبەینێ ڕا چووینەوە بۆ دەفتەری سیاسی(7) و لە یەکەم پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دا کە چەند ڕۆژ دواتر پێك هات، ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرانەوە و بەرپرسایەتی‌یەکان دابەش کران . لە دابەش کرانی کار و ئاڵ و گۆڕ بە سەر بەرپرسایەتی یەکان دا، ئێمەش بێ بەش نەبووین، کاك غەفووری هەمزەیی درا بە پێوەندی‌یەکانی دەرەوە لە بنکەی سلێمانی و کاك عوسمانی ڕەحیمی کە بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو، بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە دیاری کرا.

پاش بڵاوە کردنمان لە دەفتەری سیاسی، چەند ڕۆژێکی دیکەش لەو نێوە ماینەوە و سەرێکیشمان بە سلێمانی سپارد . لە زەماوەندی ڕەحمان سمێڵیش دا کە خزمێکی خۆیان کچەکەی خۆی دابوویە، بەشداریمان کردو بۆمان گواستەوە. دواتر هەموومان کۆبووینەوەو بەرەو شوێنی کارو تێکۆشانمان گەڕاینەوە (8).

## پەراوێزەکان:

1: کاك ڕەحیم خەڵکی سنەو یەکێك لە کۆنە زیندانی چێشتووەکان وئەشکەنجە دیتووەکانی زەمانی شا بوو. لە ڕابردووی زۆر شارەزا نیم . سەرەنجام بە هۆی وەرگەڕانی ماشێنەکەی خۆی گیانی لە دەستدا .

2: کانی مێۆ، بیست خولەکێك بە پێیان لە دەفتەری سیاسی‌یەوە دوور بوو. نەخۆشخانەی لێ دروست کرابوو و پرسگەش بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

3: ئەحەد ئاغا، خەڵكی ئەردەوێڵ و لە سەر هەق وێژی لە بەندیخانەی تارانێ حوكمی ئێعدامی درابوو. بە هەر شێوەیەك خۆی دەرباز كردبوو و بیٚ ئەوەی بزانیٚ چارەنووس بەرەو كوێی ڕادەكێشیٚ، ڕێگای كوردستانی گرتبوەبەر. لە پرسگەیەك لە ناوچەی بانە پێشمەرگەكان لێی وەگومان كەوتبوون و بۆ كۆمیتەی شارستانیان بەڕیٚ كردو لەوێشەوە نێردرایە بەندیـخانە. پاش ماوەیەك بۆیان دەركەوتبوو كە پیاو خراپ نیە، ئازادیان كردبوو. سەرەنـجام چەكی كردە شان و بوو بە پێشمەرگە و پاش ماوەیەكی زۆر مانەوە لە ناوچە، لە دەفتەری سیاسی ئەركی شۆفیـریی پیٚ سپێردرا. ماوەیەكی زۆریش لە بنكەی سلێمانی شۆفیـر بوو. دوای ڕاپەڕینەكەی كوردستانی عێراق لە ساڵی 1991 ی زایینیدا، شەوی 31 ی مانگی گەلاوێژی 1370 ی هەتاوی، بە دەستی كەسانێك شەهید كرا كە هیچكات چاوەڕوانی یان لیٚ نەدەكرا.

4: ئاسایشگا لە گوندێكی وێران كراوی كوردستانی عێراق بە ناوی " گەڕە دیٚ " بوو. بۆ ئەو پێشمەرگە كەم ئەندام و بە ساڵان دا چووانە دروست كرابوو كە توانای كار كردنیان نەمابوو.

5: كاك مستەفا خەڵكی مەهاباد و لە تۆڕەمەی پێشەوای مەزن بوو. بە دوای كۆنگرەی هەشتەمدا تێكەڵ بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو و سەرەنجام خۆی تەسلیم كردەوە.

**6: ئەندامانی كومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە بەڕێزان:**

1 ــ كاك دوكتور قاســملوو

2 ــ كاك دوكتور سادقی شەڕەفكەندی

3 ــ كاك دوكتور خەلیقی

4 ــ كاك هاشمی كەریمی

5 ــ كاك مستەفا هیجری

6 ــ كاك حەسەنی ڕەستگار



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

7 ــ کاك حەسەنی شەڕەفی

8 ــ کاك حسینی مەدەنی

9 ــ کاك فەتاحی کاویان

10 ــ کاك بابا عەلی مێهرپەروەر

11 ــ کاك نەبیی قادری

12 ــ کاك عەبدوڵڵا عێزەت پوور

13 ــ کاك ئەبووبەکری ڕاد

14 ــ کاك عەبدوڵڵای قادری

15 ــ کاك سەید سەلامی عەزیزی

16 ــ کاك سەدیقی بابایی

17 ــ کاك عوسمانی ڕەحیمی

18 ــ کاك حەمەدەمینی مەجیدیان

19 ــ کاك عەلی کاشف پوور

20 ــ کاك جەلیلی گادانی

21 ــ کاك حەکیمی ڕەزایی

22 ــ کاك حەسەنی شیوەسەڵی

23 ــ کاك فەتاحی عەبدوولی

24 ــ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە

**جێگرەکان بریتی بوون لە بەڕێزان:**

1 ــ کاك کەماڵی کەریمی

2 ــ کاك ئیرەجی قادری

3 ــ کاك حەسەنی ئەیوب زادە ( مامۆستا گۆران )

4 ــ خوشکە عیسمەتی عەبدی

5 ـ كاك سەعدوونی عەبباسی

6 ـ كاك ڕەحمان ڕەحیمی ( چەكۆ)

7 ـ كاك شاپووری فیـرووزی

8 ـ كاك حەمەنەزیفی قادری

9 ـ كاك مەحموود دەشتی

10 ـ كاك برایم لاجانی

**ڕاوێژكارەكانیش بریتی بوون لە بەڕێزان:**

1 ـ كاك ڕەحیمی مـحەمـەد زادە

2 ـ كاك شاپووری شوجاعی فەرد

3 ـ كاك عەبدوڵڵای شەریفی

4 ـ كاك عومەری شەریف زادە

5 ـ كاك غەفووری هەمزەیی

**ئەندامانی دەفتەری سیاسی بریتی بوون لە بەڕێزان:**

1 ـ كاك دوكتور شەرەفكەندی

2 ـ كاك حەسەنی ڕەستگار

3 ـ كاك مستەفا هیجری

4 ـ كاك هاشـمی كەریمی

5 ـ كاك حەسەنی شەڕەفی

6 ـ مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە.

جێی سەرنـجە لە نێو ئەندامانی دەفتەری سیاسیش دا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بە جێگری سكرتێر هەڵبژێردرا.

تێبینی:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم لیستەم لە کتێبیی نیو سەدە تێکۆشان، نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەرگرتووە

7: دەفتەری سیاسی ئەو کات لە گوندێکی وێران کراوی کوردستانی عێراق بوو بە ناوی " گەورە دێ "

8: جێی سەرنجە ڕۆژی دوای کۆتایی کۆنگرە ، ساڵۆنی کۆنگرە هەرەسی بە سەر داهات و جێی لە جێ هەواری نەما. بۆیە بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانم بڵێم ئێمە خودامان لە گەڵ بوو، دەنا تەنیا هەشت کاتژمێر پێشتر بایە، تاقەوارمان لێ دەرنەدەچوو و هەمووومان ژێر هەرەسێ دەکەوتین .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دووی ڕێبەندان، گیرانەوەی ناوچەی خێڵەڕەش و سەرکەوتنێکی مەزن

شێوەی کاری داهاتوومان ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەر دا نەهاتبوو ، تەنیا بەرپرسەکەمان گۆڕدرابوو، ئێستاش هەر وەك پێشوو دەبا گەڕۆك و جانتا بەکۆڵ بین. شوێنی ئازاد کراومان جیا لە ناوچەی خێڵەڕەش بە دەستەوە نەمابوو، ئەویش لە ترسی هێرشی ڕێژیم نەمان دەوێرا بۆ درێژخایەن تێیدا وەمێنین. ناوچەکانی دیکە بە هۆی بەرتەسك بوونەوەیان و زیاد بوونی ڕادەی مۆڵگەکان بۆ مانەوە نەدەبوون. زوقم و سەهۆڵ بەندانیش تەنگی پێ هەڵ چنیبووین و مانەوە لە کوێستانەکان دژوار بوو. شەوانە پاش کۆبوونەوەی گشتی بۆ خەڵك و تەواوکردنی کارەکانمان لە نێو ئاواییەکان، بۆ شوێنە ونکێ و سەر لە دوژمن شێواندن، هەتا کازیوەی بەیانی دەبا ڕێگامان بڕیبا وئەوەندە لە شوێنەکەی خۆمان دوور کەوتباینایەوە، کە دوژمن نەتوانێ بەرنامەڕێژیمان لە سەر بکا. ڕۆژانەش لە هەر جێگایەك مابایینەوە ، دەبا هەموو بەرزایەکانی ئەو مەڵبەندەمان بە دەستەوە بن و لە هەستی مارو مێروو ئاگادار بین. بەڵام ڕایەڵکەی بێسیمیمان بە هێز بوو. بێپسانەوە لە ناوچەکاندا دەگەڕاین و کەم گوندێك مابوو سەرمان لێ نەدابێ و کۆبوونەوەی گشتی مان تێدا نەکردبێ .

باری کاری تەشکیلاتیشمان تا ڕادەیەك باشتر ببوو، لە هەر گوندێك پۆلە ئەندامێکی پالاوتەمان بارهێنا بوون کە لە چکۆلەترین جموجۆڵی دوژمن لە کاتی خۆیدا ئاگاداریان دەکردین. هەر بۆیە ڕێژیم بە تەواوی سەری لێ شێوا بوو. لەو جێگایەی پیلانی بۆ دادەڕشتین و گەرەکی بوو زەبرمان لێ بوەشێنێ، بە سەر هەواری خاڵیدا دەکەوت و کەسی وەبەر چنگ نەدەکەوت. لەو جێگایانەش کە پێی وابوو ڕێگامان تێی ناکەوێ، هەر شەوە لە گوندێك کۆبوونەوەمان بۆ خەڵك دەکردو بیروڕامان لە گەڵ دەگۆڕینەوە. کاتێکیش هەواڵی پێ دەگەیشت، ئەوەندە دوور کەوتبووینەوە کە ڕۆژی دوایەش نەی دەزانی لە کوێین!

وەرزی پیـــرە زستانیش لە نێو بەندێ وەسەرکەوت و گەڕانی ئێمەش هەر بەردەوام بوو. بیرەوەریی دووی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان هاتە پێشێ و قەرارماندا لە شوێنێکی ژێر دەسەڵاتی دوژمندا بەڕێوەی بەرین . سەرلە بەیانیی ئەو ڕۆژە واتە دووی ڕێبەندانی 1364 ی هەتاوی، لە ئاوایی "کەندەڵێ" ڕێورەســمەکەمان پێك هێناو شەویش چووینە " زەرواو"ی خواروو کە لە سەر شا ڕێگای بانە ـــــ سەردەشت، و لە بن لووتی مۆڵگەی ڕێژیمدا هەڵکەوتبوو، بە بەشداریی خەڵکی ئاوایی لە مزگەوتێ ڕێورەسمەکەمان دووپات کردەوە. پاش ئەوەی بە درێژی لە سەر بایەخی ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یە بۆ خەڵکەکە دواین، چەند کورتە وتاری دیکە و پارچە شێعر خوێندرانەوە کە یەك لەوان ئەم شێعرەی خۆم بوو. بڕوانە وێنەی ژمارە 25) .

## دووی ڕێبەندان

ئازیزەکان! ئەمڕۆ جێژنی ڕێبەندانە
ڕۆژی گۆڕانی تاریــخی کوردستانە
ڕۆژێکە چارەنووسی گەل دیاری دەکا
ڕێگای ڕاستی شێرە پیاوان نیشان دەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ڕۆژەی وا فرمێسکی خەم دەسڕێتەوە
داری ئازادی بۆ گەل بەردێنێتەوە
ئەو ڕۆژەی مەرگی چەوسێنەر ئیمزا دەکا
ئەو ڕۆژەی وا کە سەر لە سەر بەدەر دەکا
ئەو ڕۆژەی  بۆ بەرەی زاڵم گریە و شینە
لە بۆ چەوساوەکان شادی و پێکەنینە
ئەو ڕۆژەی ئامانجی کوردان وەدی دێنێ
ئەو ڕۆژەی زنـجیـری بێدادی دەپسێنێ
ئەو ڕۆژەی وا خوێنی لە ڕێدا دراوە
هەزاران قوربانیی لە پێناو نراوە
ئەو ڕۆژەی دوژمنی بەچۆك داهێناوە
پۆزەی داگیر کەری لە خۆڵێ وەرداوە
ئەو ڕۆژەی ئازادی بۆ گەل دەستەمۆ بوو
ئەو ڕۆژەی چوارچرای سابلاخ پڕ شکۆ بوو
ئەو کاتەی جەژنی جـمهوری ئێعلام کرا
سوپای میللی ناوی پێشمەرگەی لێ نرا
ئەو ڕۆژەی لاشخۆرو قالاو قەلاچۆ بوون
پەرتووك و ڕۆژنامەی کوردی لە چاپ دەرچون
یاسای یاساوڵی قین لە زگ نرایە گۆڕ
شایی لە دوژمنان کردە شین و شەپۆڕ
ژێر دەستەکان ئازاد کران لە کۆیلەتی
پاوانخوازان ، وەبەر دران بە پێپەتی
دەنگی تەپڵ و ڕیزی دیلان و ڕەشبەڵەك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاسەی سەدان هیواو ئاواتی‌دا لە یەك
بەڵام جەخار، شایی و شینمان تێکەڵ کران
سێدارە و پەت بۆ شۆڕشگێڕان هەڵ خران
خەنەی پەنجەی بووکی ناکامی دڵ شادی
ڕەنگی نەما، خنکێنرا هەستی ئازادی
سەر و تەپڵەی یاساوڵەکان پەیدا بۆوە
ڕەگەز پەرستی، سەرلە نوێ تێ هەڵ چۆوە
هێرش کرایە سەر شاری حەماسە و خوێن
بە خوێن پاراوکرا چیاو دەشت و بژوێن
هەوری غەزەب تکەی خوێنی لێ دەباری
بە کوشت و بڕ، نازی ئاسا، بە لاساری
لە چوارچرای سابلاخ سێدارە هەڵ خران
ڕۆڵەی وەکوو، سەیف و قازی ئیعدام کران
دوژمن وای زانی هەستی گەل دەخنکێنێ
وای دەزانی بەو کارە ، کورد ، دەترسێنێ
نەی زانی گەل ، دەیان قۆناغی وا دەبڕێ
لە کەوشەنی مەرگ و نەمان تێ دەپەڕێ
گوللە و قەنارە قەت چاوی ناترسێنێ
لە کوردستان داگیرکەران دەتارێنێ
هەدانادا و ماندوو نابێ وەکوو کاوە
سەدان ڕۆڵەی بۆ مافی خۆی لەدەس داوە
بە خوێن پاراو دەکا داری سەربەستی‌مان
دوایی دێنێ بە ڕۆژگاری نوشوستی‌مان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانامرکێ هەستی شۆڕشگێڕانەمان
یا ڕزگاری بۆ کوردستان، یاخۆ نەمان
دڵنیاین خوێنی شەهیدان زامنە
نەبەزین و خەبات مایەی سەرکەوتنە
ڕێبەندانە و ڕێگای لە دوژمن تەنیوە
دڕکەو لە چاوی بەدکاران هەڵ چەقیوە
ڕێبەندان خوێن بەهای لاوی پێشمەرگەیە
یەك گرتنمان بۆ سەرکەوتن ڕێ چارەیە
ئەگەر یەك بین، یەکگرتوو بین، سەردەکەوین
گۆ لە مەیدان دەرفێنین و قەت نانەوین
ئێمە کوردین، گوردین خاوەن بیروبڕوا
نایەڵین دوژمن لە دەسمان دەرچێ بڕوا
کەندو کۆسپی ژیان ڕێمان لێ ناگرێ
کڵپەی گڕی ڕق و قینمان دانامرێ
سەر بۆ نەیار داناخەین و قەت نانەوین
لە کێوی ئەستەمی خەبات سەردەکەوین
بۆ چارەنووس بێ ڕاوەستان ڕاپەڕیوین
ڕێ دەپێوین، لە هەڵدێران تێ پەڕیوین
ڕێگای قازی و هاوڕێ کانی ڕێگامانە
خودموختاری داوای ڕەوای ئێستامانە
ڕێبازی "قادری" ش هەروا تێکۆشانە
ئاواتی پێك هێنانی دووی ڕێبەندانە

<u>موسەك 26 ی مانگی ڕێبەندانی ساڵی 1363ی هەتاوی</u>



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی ئاوایی زەرواوێ زۆریان پێ خۆش بوو کە ئەو ڕێورەسمەمان لەوێ بەڕێوە برد. چونکە لەمێژ بوو پێشمەرگە ئەوەندەی تێدا نەمابۆوە، بە تامەزرۆیی‌یەوە بە دەنگمانەوە هاتن و بە دڵەوە هاوکاری یان کردین. پاشان کە بیستمانەوە لە هەموو ناوچەکەدا دەنگی دابۆوە، تا شەو درەنگانێك لە نێویاندا ماینەوەو ئەو جار ماڵاوایی‌مان لێ خواستن و بەرەو زەرواوی سەرێ و کۆخەکانی سیوچی وەڕێ کەوتین. ماوەی چەند ڕۆژێکی دیکەش لە ناوچەی مەیدانان ماینەوەو پاشان بۆ خوار جادە و بەرەو ناوچە حەیاتەکەی خێڵەڕەش بامان دایەوە.

ڕۆژی 18 ی ڕێبەندانی1364 ی هەتاوی، لە گوندی چۆمان کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستانمان پێك هێنا.

هەیئەتی ئیجرایی‌مان هەڵبژاردەوە و کارەکانمان دابەش کردنەوە. ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی بێجگە لە کاك عوسمانی ڕەحیمی و کاك سەید برایمی هاشمی، کاك ئەحمەدی محەممەد نژاد ، کاك ئەکرەمی فیروزی و ئەمن دەنگی متمانەمان هێنایەوە. لە دابەش کردنی کاریش‌دا، کاك ئەحمەدی محەممەد نژاد بەشی تەشکیلات ، کاك ئەکرەمی فیروزی بەشی ماڵی و ئەمنیش بەشی کۆمەڵایەتیم پێ بڕا.

هێشتا بڵاوەمان نەکرد بوو کە لە گوندی " کیوەرۆیە"دەنگی تەقە و لێك دان بەرز بۆوە. بەکرێگیراوانی ڕێژیم هێرشیان هێنابوو و لە گەڵ بەرەنگاریی پێشمەرگەکان بەرەو ڕوو ببوون. لە ماوەیەکی کورت‌دا پاشەکشەیان پێ کردبوون و پێشمەرگەیەکیشمان بریندار ببوو. ئێمەش خۆمان پێچاوەو پێشمەرگەکانمان ئاگادار کردن و بەرەو ناوچەی تاژان و گۆیلی وەڕێ کەوتین. چەند ڕۆژێکان لەو ناوچەیەش‌دا گەڕاین و قسەمان بۆ خەڵکی کرد. ڕۆژێکیان لە کۆخەکانی گۆیلی بووین کە هەواڵی هێرشی ڕێژیمیان بۆ سەر ناوچەی خێڵەڕەش پێ داین. ئەو ناوچەیە کە قایمترین و ئەمین‌ترین جێگای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشوودان و حەسانەوەمان بوو، هێرشێکی پان وبەرینی کردبوە سەرێ، بێ ئەوەی تووشی بەرهەڵستێك هاتبێ، بە کەیفی خۆی ناوچەکەی بە مۆڵگەی نیزامی کون بڕ کردبوو.

گیــرانەوەی ناوچەی خێڵەڕەش زیانێکی قەرەبوو نەکراو بوو، بەڵام چ دەکرا؟ دەورێکی ناوچەکەمان دایەوەو بۆ خوار جادە داگەڕاینەوە . دە دوازدە دیلمان کە پێشتــر گرتبوون، هەر لە گەڵ خۆمان دەمانگێڕان و دوو کۆنە بریندار یشمان هەر لەگەڵ بوون کە ئیتر لە ناوچەکەدا بۆمان نەدەحاوانەوە. کۆمیتەی شارستان مەئموورییەتیان دامێ کە بیان گەیەنمە دەفتەری سیاسی. چوار پێشمەرگەیان ڕەگەڵ خستم و دوانیوەڕۆیە لە ئاوایی "کەندەڵ"یەوە سەر بەرەوخوار وەڕێ کەوتین. لە ئاوایی " گەورە دار "ی شەومان بە سەر داهات. سەفەرێکی ناخۆش و ڕێگاش تا بڵێی پڕ مەترسی بوو. دەبا بە ناوچەی خێڵە ڕەشیدا تێپەڕ ببایین و شوێنی مۆڵگە تازەکانیش شارەزا نەبووین. لەوە دەترساین بە نابەڵەدی بە سەر کەمین یان مۆڵگەی دوژمندا بکەوین. هەر چۆنێك بوو بە ترس و لەرز خۆمان گەیاندە ئاوایی "ئەنجێنە قووڵ". پرسیاری چۆنیەتیی ڕێگامان کرد و گوتیان :

ـ بە خوا برا هەموو شا ڕێکان گیراون و لە هەر شوێنێکەوە بڕۆن، بە سەر کەمینی دوژمندا دەکەون.

یەکێك لە باوەڕ پێ کراوانی خۆمان بانگ کردو ڕێنوێنیمان لێ خواست و گوتی :

ــ ئەمن کوێرە ڕێگایەك شارەزام، بەڵام هەموو بەردو شاخە و ئێستری پێدا دەرناچێ، ئەگەر بتوانین بریندارەکان بە کۆڵ هەڵگرین، ئەمن بە زامن لە ترسێتان دەردەکەم و بە زامن دەتانگەیەنمە سەر چۆمی چۆمانێ.

کوڕێکی دیکەی جێگای متمانەمان بانگ کرد و لە گەڵ دوو پێشمەرگان، ناردمن بۆ گوندی "ماڵە دۆمان" کە هەتا ئێمە دەگەینە سەر چۆمی، دوو ئێستران بێنن و لە سەر بواری چۆمی چاوەڕێمان بن. خۆشمان ئێسترمان لەوێ بە جێ هێشتن و بریندارمان کۆڵ کردن و بە کوێرە ڕێگادا وەدوای کابرا کەوتین. شەوێکی تاریك و ڕێگایەکی سەخت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەڵەت و پێچاوپێچ بوو. لە هێندێك شوێنان بە چنگە كڕكە و لە زۆر جێگایان بە گاكۆڵكان هەر چۆنێك بوو كە گێڕانەوەی هەر بە زمان خۆشە، خۆمان گەیاندە سەر بواری كۆخی حاجی غەفووری. چووینە ژووریّ و لە خەویّ ڕاستمان كردنەوەو چایان بۆ دەم كردین. هێشتا ئەو دوو پێشمەرگانەی بە دوا ئێسترانماندا نارد بوون، نەگەیشتبوونە جیّ. سەروچامان خواردەوە و پێشمەرگەكانیش بە ئێسترەوە گەیشتنە جیّ. كوڕەكانمان بۆ ئەنجێنە بەڕیّ كردنەوە و بە سیمەكەدا بۆ ئەو بەری چۆمی پەڕینەوە. بریندارمان سوار كردن و ملمان بەر هەورازی نا. كاتژمێر چواری دوا نیوە شەویّ بوو گەیشتینە شاناخسیّ.

ئێجگار شەكەت و ماندوو بووین. بەڵام لە ترسیّ لستبووین و مەترسیی دوژمنمان لە سەر نەمابوو. لامان دایە پانتاوكێك و ئاگرێكی خۆشمان كردەوەو سەر خەوێكمان بۆ شكاند. بەڵام سەرما گەمارۆی داین و سەر بەرگیشمان پیّ نەبوو، بە ناچار هەستاین و سنگمان لە ئاوری كرد. كتری و قۆریشمان پیّ نەبوون چای دەم كەین. دڕكەی بەیانییدا و هەستاین وە هەورازی گمۆی هەڵگەڕاین. تاو و بان گەرم ببوون كە گەیشتینە سەر بەندەنیّ. خۆمان بۆ بازاڕی میراوایە دەكوتا. بنكەیەكی گومركی خۆمان لەویّ بوو. ئەگەر گەیشتباین بیّ خەم دەنووستین و بە جوانی دەحەساینەوە.

بەدەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە سەرم داخستبوو و لە فكران ڕاچووبووم. داخوا كەی دەگەینیّ و چەند كاتژمێران دەخەوین؟ خەیاڵ هەڵی گرتبووم و ئاگام لە دەورووبەری خۆم نەمابوو. كتوپڕ یەكێك لە پێشمەرگەكان هەودای خەیاڵی پساندم و گوتی :

ـ ئا ئەوە چەكدارن، بەرەو ئێمە دێن.

كاتێك سەرم هەڵبڕی و بە دووربینەكە تێم ڕوانین، چوار پێنج چەكدار لیّمان نزیك ببوونەوە، بەڵام شكلّ و شێوەیان لە پیاو خراپ نەدەچوو. سەریان بەرخۆ نابوو و ڕێگایان دەكوتا. لە گەلّ یەكێك لە پێشمەرگەكان هێندێك بۆ پێشەوە پەلەمان كرد و لێك نزیكتر بووینەوە. ماندوو نەبوونیمان پیّ گوتن و گوتم :



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ به خێربێن برا! له کوێوه هاتوون و به خێر بەرەو کوێ دەچن؟

ئەوانیش به ڕووخۆشی وەڵامیان داینەوه و، یەکیان که وا دیار بوو بەرپرسی ئەوانی دیکه بوو گوتی :

ـ پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانین، حکوومەت هێرشی کرده سەرمان و شەڕێکی قوورسمان له گەڵ کردو، ئەویش بازاڕی میراوای سووتاندوه و هێلیکۆپتێڕ به سەریدا دەگەڕێن و هەر کەس ببینن تەقەی لێ دەکەن. وادیاره ئێوەش پێشمەرگەی ئەو دیون و بەرەو ئەوێ دەچن .

ـ بەڵێ، ئێمەش پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانین، ئەمانەش دیل و بریندارن و بەرەو دەفتەری سیاسی دەچین، نا شارەزاین و ڕێگایەکی زۆریشمان بڕیوە، شەکەت و ماندووین و داوای ڕێنوێنیتان لێ دەکەم.

ـ زۆر بەخێر بێن، به هیچ شێوەیەك تـخوونی بازاڕەکه مەکەون، له لای سەرووی بازاڕەوه شیوێك تووش دەبن به پارێز پێیدا سەرکەون. ئەوه له فلان دەوەنیدا نان ساجیمان شاردوونەوه و کتری وپیاڵه و شەکرو چا و هەموو شتێکی لێیه، لەوێ ئیسراحەتی خۆتان بکەن، بەڵام ئاگرەکەتان دووکەڵ نەکا، دەنا هێلیکۆپتێڕەکه دەتان دۆزێتەوەو تەقەتان لێ دەکا .

کوێره ڕێگایەکیشی نیشان داین که دەچوو بۆ بەردەپانی که له سەر جادەی "ماوه ت" بوو. پاشان ماڵاوایی یان خواست و لێك جوێ بووینەوه. چارناچار، ڕێگامان گۆڕی و به شیوه بۆریدا تێ هەڵ کشاین. خواوڕاسان هێلیکۆپتێڕ دیار نەبوو، کەل و پەلەکانمان دۆزینەوه و له بن کێزرێکدا ئاورێکی بێ دووکەڵمان کردەوەو چایەکی بەلەزەتمان دەم کرد، نان و چامان خواردو سەر خەوێکیشمان بۆ شکاند و هێندێك حەساینەوه.

دەماودەمی نوێژی عەسری هەستاین و به نابەدڵی و نابەڵەدی به کوێره ڕێیاندا ملمان پێوەنا، تەپۆڵکه و باسك و ملەو یاڵ و بەندەنـمان وەدوا خۆدان و هەر نەمان

زانی بەرەو کوێ ڕێیە دەبڕین. خۆر لە کەلەپۆ ئاوا بوو، تاریك بە سەر داهات و ڕێگامان بزر کرد. کەوتینە شیوو دۆڵ وخڕو زەندۆڵان و بە تەرت و زەرد و هەڵدێراندا خۆمان گل کردەوە، لەو چۆڵ و بیابانەدا کە نە دەنگی زیندەوارێك دەهات و نە ترووسکەی چرایەك دیار بوو، سەرمان لێ شێوا. جڵەوی ئەسپی چارەنووسمان بەردا و، وەدوای کەوتین. هەر ئەوەندەمان دەزانی کە دەبێ بەرەو لای ماوەتان بڕۆین و هیچکامیشمان شارەزا نەبووین. کاتژمێر لە دوازدەی شەوێ تێ پەڕیبوو، لە دیتنەوەی ئاوەدانی هومێد بڕاو ببووین. ئاوقای چۆمێکی خوڕین و ڕێگایەکی هەڵەت و لاپێ بووین و بێ هەدەف سەرەو ژێر خۆمان وەدەمدا بوو. بە هەستی ئێسترەکانەوە دەڕۆیشتین و دەستە و داوێنی چارەنووس بووین، بەری پێم و سەرە قامکی لاقەکانم دلۆپیان دەردابوون و بە یارمەتیی گۆچانەکەم نەبایە ڕێگام دەرنەدەکرد. خەیاڵ هەڵی گرتبووم و ئاگام لە دەردو مەرگی خۆم نەبوو. کەچی لەنکاو بە سەر گۆڕایی و دەشتاوکێکدا کەوتم دەتگوت خەرمانە. نە پنجەگیایەکی لێ ڕوا بوو، نە بەردێکی لێ بوو. هەڵوێستەیەکم کردو هێندێك بەملاولای خۆمدا ڕوانی، بەڵام نەڕووناکایم بەدی کرد و نە هەستێکم وەبەر گوێیی هات. هێندێکی دیکە چوومە پێشێ و بە گۆچانەکەم چێوە کوتەم لە پێش خۆمەوە کرد. کەچی تەقە لە سەرە سوانەیەك هات و بۆم دەرکەوت کە ئەوە سەر بانە و بێ ئەوەی بەخۆمان زانیبێ ، گەیشتووینە ئاوەدانی. بەڵام لە پشتە بانێ بووین و ڕووناکیی پەنجەرەکا نمان لێ دیار نەبوون. بە شوێنی خۆماندا گەڕاینەوەو بە دەستە چەپێدا بامان دایەوەو چووینە بەر دەرگایە و بانگی خاوەن ماڵم کرد. هەر ئەوەندەم زانی کابرایەکی چەتەوڵێنەی بە ساڵاندا چوو لێمان وەدەر کەوت و گوتی :

ـ بە خێر بێن برا! خێرە بەم درەنگ وەختە گەیشتوونە ئێرە!

ـ سەلامەت بی مامە گیان! دەکرێ بفەرمووی ئێرە کوێیە؟

ـ گەورەم ئێرە بەردە پانە.

ـ "بەردەپان" چەند ماڵە؟

ـــ گەورەم چوار ماڵین، وادیارە ماندوون، فەرموون بۆ ژووریّ.

ـــ مامە گیان ئێمە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانین، لە ڕێگای دوورەوە هاتووین و ئەمشەو میوانی ئێوەین.

ـــ باشە بە خێربێن، زەحمەت نەبیّ هەویە و شتی واتان پیّیە؟

منیش کارتی پێشمەرگایەتیم بۆ دەرێناو دامە دەستی. وادیار بوو کابرا نەخوێندەوار بوو، کوڕێکی مێر منداڵەی بانگ کرد و گوتی:

ـــ ئاوەرە کوڕم! بزانە ئەمە چ نووسراوە؟

کوڕەکە کارتەکەی لیّ وەرگرت و بۆی خوێندەوەو دایەوە دەستی. کاتێك لەوە دڵنیا بوو کە خەڵکی ئێرانین: گوتی:

ـــ یا خوا بە خێربین، ئادەی کوڕم (مەبەستی کوڕە مێرمنداڵەکە بوو) بە سەر ماڵەکان دابەشیان کە، ئەریّ زەحمەت نەبیّ چەند کەسن ؟

ـــ مامە گیان! بیست کەسین.

ـــ زۆر باشە، بە خێربێن، هەر ماڵەی پێنجی بەر دەکەویّ.

کوڕەکە وەپێشمان کەوت و دای بەشین بە سەر ماڵەکاندا. نان و چامان خواردو کۆبووینەوە. دیلەکانمان لە دیوێك دا، نواندن و نیگابانمان بە دیارەوە دانان و بۆ خۆشمان لە دیوێکی دیکەدا وەتراغ بووین. هەر چەند شەوێکی وای نەمابوو، خەوێکی خۆشمان کرد. ئاخر زۆر شەکەت بووین، هەموو لەشمان کوترا بوو.

بەیانیی لە خەویّ هەستاین و نان و چامان خواردو خۆمان پێچاوە کە بڕۆین، کابرای خاوەن ماڵ چاوێکی لیّکردین و گوتی :

ـ مامۆستا! ئەوە چ دەکەن؟

ـــ مامە گیان زۆر سوپاس لە زەحمەتەکانت، ڕێگامان دوورە و دەبیّ بڕۆین، لە خزمەت مەرەخەس دەبین.

ئەویش تۆزێك ڕاماو سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـــ براله! ئاوا مەڕۆن، قامكی بۆ ئەو بەر جادەكە ڕاكێشاو گوتی :

ـــ هۆوە ڕەبایەی جاشانە لەو سەر تەپۆڵكەی، ئاوا بڕۆنە خوارێ و سەیرتان كەن، وادەزانن پێشمەرگەی یەكیەتیی نیشتمانین و تەقەتان لێ دەكەن. دەڵێن دوێنێ و پێران شەڕێكی قوورسیان لە گەڵ كردوون و لێیان بە داخن.

منیش بە قسەی كابرام كردو لە گەڵ پێشمەرگەیەك بەرەو پیری تەپۆڵكەكە ڕۆیشتینە خوارێ. ژوورەكانیان گڵیان پێ هەڵدابوونەوە و تەنیا دەروویەك هەبوو كە پێیدا دەچوونە ژوورێ. نیگابانیشیان نەبوو، نەیان زانی هەتا چووینە زاركی دەرگایە و سلاو لە حازریان! كاتێك سەریان هەڵبڕی و دوو چەكداریان لە بەرانبەر خۆدا بینین، داچڵەكین و ڕاپسكوتن، منیش گوتم :

ـــ كاكە ئێمە! پێشمەرگەی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانین، دەچین بۆ دەفتەری سیاسی و بە پێویستمان زانی كە ئێوەش ئاگادار كەین، كارتەكەم بۆ دەرێناو دامە دەستی یەكێكیان. ئەویش چاوێكی لە كارتەكەی كردو بە حوورمەتەوە گوتی:

ـــ زۆر بەخێر بێن، فەرموون، چیتان پێویستە ئێمەش ئامادەین یارمەتی‌تان بدەین .

منیش سوپاسم لێكردن و دەستم لە وانی دیكەش هەڵێنا و بە ئیشارە بانگم كردن. هەموومان چووینە سەر جادە و ماشێنمان گرت و بەرەو دە فتەری سیاسی وەڕێ كەوتین. گەیشتینە "سوورە قەلاتێ" و سەیتەرەی عەرەبان پێشی پێ گرتین. هەرچەند عەرەبی‌یەكەشمان نەدەزانی، هەر چۆنێك بوو تێمان گەیاندن و لەوێش ڕزگار بووین و خۆمان گەیاندە كارێزەی. بریندارەكانمان لە نەخۆشخانەی بەجێ‌هێشتن و بەرەو دەفتەری سیاسی وەڕێ كەوتین و دیلەكانیشمان تەحویلی پرسگەی " كانی مێوێ " دان. پاشان پێشمەرگەكان بەرەو كارێزە داگەڕانەوە خوارێ و منیش بۆ دە فتەری سیاسی پێ هەڵگەڕام (1).

ئەو شەوە لەوێ مامەوە و دیدارێكمان لە گەڵ هاوڕێ یان نوێ كردەوە. كاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی بەرەو كارێزە داگەڕامە خوارێ، هێشتا نەگەیشتبوومە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کانی‌مێوێ  کە ماشێنێك لە دوامەوە بۆقی بۆ لێدام. هەڵوێستەیەکەم کردو کە ئاوڕم دایەوە، ئەحەد ئاغا بوو، ماشێنەکەی ڕاگرت و منیش لێی چوومە پێشێ و چۆن وچاکیمان کردو گوتی :

ــ کاك حەسەنی شەرەفی دەڵێ: بگەڕێتەوە، وابزانـم کاری بە پەلەی پێتە.

سوار بووین و بەڕێی خۆماندا گەڕاینەوە. چووین بۆ لای کاك حەسەن و چۆن و چاکی‌مان کرد و دەستی خستە سەر شانـم و گوتی :

ــ دوژمن هێرشی کردۆتە سەر پێشمەرگەکان و گەمارۆی داون، ئەوانیش قارەمانانە لێیان ڕاپەڕیون و زەبرێکی باشیان لێوە شاندوون. شەهیدو برینداریشیان هەیە و بەرەو ئێرە وەڕێ کەوتوون. ئەمشەو لە بەندەنی گمۆیەوە هاتوون و هیچ خواردەمەنیشیان پێ نیە. دەبێ سێ چوار ماشێنان بەری و خواردەمەنی هەڵگری و  بەرەو بەردەپان بەرەو پیریانەوە بچی.

کاتێك ئەوەم بیست زۆر نارەحەت بووم، لەوە دەترسام ڕێژیم خافڵ گیری کردبن و خەشی ئەو ماوەی کە لە دوومان دەگەڕاو بۆی لەداو نەکەوتبووین ، پێ ڕشتبن. زۆر دەستە و داوێنی کاك حەسەن بووم کە ناوی شەهیدەکانم پێ بڵێ، لەوە زیاترم لێ نەبیست کە دەیگوت : سەرکەوتنەکە زۆر گەورە بووە. بە پەلە ماشێنم وەڕێ خست و لە کارێزەی هێندێك بیسکویتمان کڕین و بەرەو "بەردەپان" پێمان پێوەنا. ماوەیەك لەسەر جادەکە چاوەڕوانیمان کرد و هەر دیار نەبوون. بە بێسیمە ڕاکاڵەکەی پێشمان بوو زۆرمان هەوڵدا پێوەندیمان بۆ لە گەڵ نەگیران. ئەمجار بەرەو کونجرین و کوڕاداوێ گەڕاینەوە، بەڵام لە بەر ئەوە کە حکوومەت جادەکەی تێكدا بوو، نەمانتوانی و گەڕاینەوە بەرەو بەردەپان. لەو ماوەیەدا دەفتەر بە بێسیم ئاگاداری کردین کە لە کوڕاداوێوە هاتوون و بەرەو سوورە قەڵات لە ڕێگادان.

کاتێك گەڕاینەوە و گەیشتینە سوورە قەلات ، ئەوانیش سەرەتایان دەرکەوت و چوار پێنج برینداریشیان پێ بوون. هەر لە دوورەوە چاوێکم پێدا گێڕان و سەرژمێریەکم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردن. بەڵام ئەوانی هێندێك سەر بەدەرەوە بوون، هەموویانم بە چاو ئەنگاوتن و هیچیان شەهید نەببوون. پاشان لێیان چوومە پێشێ و یەكبەیەك ماچم كردن. بیسكویتەكانم بەسەردا بەشینەوە و ئاهێكیان وەبەر هاتەوە. بەڵام شوێنەواری شەكەتیی شەویان هەر پێوە دیار بوو. ئاخر ئەو شەوە تا بەیانی لە كوێستانی پیرە گمۆی، وەیشوومە و بەفرە پشۆ هەڕەشەی مەرگی لێكردبوون و تەنیا ئیمان و بڕوا بەخۆ بوون بە هاواریانەوە هاتبوو و لە مەترسیی لە نێو چوون ڕزگاری كردبوون. ئینجا دەستە سواری ماشێنمان كردن و بەڕێمان كردن. پاشان بۆ خۆشم لە گەڵ كاك سەید برایمی هاشمی سوار بووم و بە دەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە هەواڵی شەڕەكەم لێ پرسی و ئەویش كە بۆ خۆی فەرماندەری شەڕەكە بوو، ئاوای بۆ گێڕامەوە:

ــ (( ڕۆژی 20 ی ڕە شەمەی 1364 ی هەتاوی ، كە ئێوەمان لە گەڵ ئەسیرو بریندارەكان بەڕێكرد، بۆ حەسانەوە و پشوودانێكی كاتی لە سالۆوكی سەرێ و كۆخەكانی دەورووبەر بڵاوبووینەوە. كاتێك هەواڵەكە بە ڕێژیم گەیشتبوو، دەم و دەست هێزێكی زۆری كۆكردبۆوە و بە كەڵك وەرگرتن لە تاریكایی شەو، تەواوی بەرزایەكانی زاڵ بە سەر ئەو مەڵبەندەی داگیر كردبوون. مەبەستی ڕێژیم لەو هێرش و پەلامارە ئەوە بوو كە یەكجارەكی تەفروتوونامان كاو بە خەیاڵی خۆی ئادارمان بە سەر پاداریەوە نەهێڵێ . بەری بەیانیی تیمی كەمین بێ ئەوەی ئاگاداری هێرشی دوژمن بێ، خۆیان ئامادە كرد و بەرەو بەرزایەكان پێ هەڵگەڕان و كاتێكمان بەخۆ زانی كە بە تەواوی لە گەمارۆی دوژمن داین. بە پەلە پێشمەرگەكانیان ئاگادار كردن و ڕاویان لێ دابەشین. لە پێنج قۆڵەوە بۆ سەر بەرزایەكانی قوڵنیگ، سپیدارێ ، بەردە ڕەش، سێ كانیلان و هەڵاسبا بۆیان ڕاخزین و تێیان سرەواندن. شەڕی دەستەو یەخە و دەوەن بە دەوەن دەستی پێ كرد و بە ماوەیەكی كەم دەس پێشخەری (ابتكار عمل) كەوتە دەست پێشمەرگەكان. بە شێوەیەك ڕاو ڕاوێن و سەگ بە حەوشەیان پێكردن هەر وەرە سەیرێ .



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕێکی قورس و خوێناوی بوو، کەلاکی 120 کەس لە خۆ فرۆشەکان لە گۆڕەپانی شەڕدا بە جێماو چەند کەسیش بە دیل گیران و شەست کەسیان بە ناو لێ ناسران کە سێ کەسیان فەرماندە بوون. چەكوچۆڵ و تەقەمەنی و کەل و پەلێکی زۆری نیزامیش بە دە سکەوت گیرا. بەڵام بە داخەوە سێ پێشمەرگەی قارەمان بە ناوەکانی شەهیدان عەبدوولی فاتحی ناسراو بە سەرگورد، کەریمی قادری ناسراو بە کەریم گەنمانی و عەبدوڵا ڕەحیمی ناسراو بە عەبە شوێیی شەهید و چوار پێشمەرگەشمان بریندار بوون. بەڵام دوژمن بە شپرزەیی و پەلە پڕووزەو لە ژێر ئاوری تۆپخانەدا خۆی لە دەست پێشمەرگەکان ڕزگار کردو بۆی دەرچوو.

پاش تەواو بوونی شەڕەکە، دەسکەوتەکانمان کۆ کردنەوە و ئەسیرو بریندارەکانمان هەڵگرتن و بەرەو سنوور وەڕێ کەوتین. لە بەری شاناخسێ شەومان بەسەر داهات و لە گەڵ کرێوەی بەفرو تەزووی ساردی ڕەشەبا بەرەوڕوو بووین. لە هەورازی گمۆمان هەڵاویشت کە سامدار سامی لێدەکرد و کەسێك تێی نەکەوتبێ نازانێ چۆنە. بە بێ خواردەمەنی و لە گەڵ ئەو هەموو شەکەتی و ماندوویی‌یەدا هەتا فەلەك ڕۆژی کردەوە بەفرمان هەڵ شێلا و لە گەڵ مەرگ دەستە و یەخە بووین )).

بەڵێ، خوێنەری خۆشەویست! ئەوە تەنیا گۆشەیەك لە حەماسە و لە خۆ بووردوویی پێشمەرگە وڕە بەرزەکانی حیزب بوو کە لە بەر دەستت دایە و پێشینان گوتەنی: « مشتێك نـموونەی خەروارێکە ».

پێش ئەوەی بگەینە جێ، لە ئاسایشگا جێگای حەوانەوە و پشوودانیان بۆ دیاری کردبووین. گوڕمێکی باش حەساینەوەو جارو بارەش وردە سەفەرمان بە بەرەوە دەکردن. سەری کۆمیسیۆنەکانیشمان دەداو بیروڕامان لە گەڵ دەگۆڕینەوەو ڕێنوێنی‌مان لێوەردەگرتن. لە گەڵ کادرو پێشمەرگەکانیش بەردەوام کۆبوونەوەمان دەکردو نەمان دەهێشت بێ کار دانیشن. ڕۆژی 9ی خاکەلێوەی 1365 ی هەتاوی، کاك دۆکتۆر

قاسـملوو سەردانی کردین و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا بە درێژی قسەی بۆ کردین و سیاسەتی حیزبی بۆ شیکردینەوە. (بڕوانە وێنەکانی ژمارە 26 و 27) .

پاش ماوەیەك سەر لە نوێ پێشمەرگەکانمان سازمان دانەوە و لە نێوان لك و پەل و کۆمیتەی ناوچەکاندا کارمان دابەش کردەوەو ئەرك و بەرپرسایەتییەکانمان نوێ کردنەوە. ئاڵوگۆڕێکی سەرەکی کە لە بەشی نیزامیدا پێك هات، ئەوە بوو کە: دەستەو پەلمان تێکەڵ کردن و ناوی دەستەمان وەلانا و هەر بەناوی "پەل"ەوە ناونرا.

ڕۆژێك لە ڕۆژان بێ تاقەتی سەری لێدام و تاسەی دوور کەوتنەوە لە ناوچە هەستی هەژاندم. ڕووم لە هەردی کردو پەڕی شێعرم بۆ هاتە ژوانێ و ئەوەندەی خوارەوەم لە دەست هەڵوەری. (بڕوانە وێنەی ژمارە 28) .

## تاسەی دووری

ئازیزم! دیدەم، قیبلەی ئەوینم
دەرمانی ئێشی زام و برینم
نەمامی نەو ڕەس، باخی مرادم
تەسکینی دەردی دڵەی ناشادم
باڵا وەك عەرعەر، گۆنا بەفرو خوێن
گوڵاڵە سوورەی ، پێ دەشت و بژوێن
تکەی فرمێسکی ڕنووی سەرتوونم
ئامانجی ڕوونی شەوگاری دوونم
شەمی شەوگاری ڕێگای نەجاتم
ترووسکەی شادیی ئاسۆی وڵاتم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئارامی بردم تاسەی وەسڵی تۆ

بە یادی تۆوە دەبڕم کەژ و کۆ

لە دووریی باڵات ، خواوەندی جوانی!

ئۆقرەم نەماوە شەو تا بەیانی

وێڵ و ئاوارە و چیا نشینم

بۆ تۆ هاوڕازی گریان و شینم

ئەویندارى تۆم ، ئەی نەجیب زادە!

بە هەویای وەسڵت « قادری » شادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەڕاوێز:

1: کاتێك گەیشتمە بەردەرگای کۆمیسیۆنی کۆمەلآیەتی، یەکەم کەس بە خزمەت کاك دوکتور قاسملوو گەیشتم. سلاوم لێ کردو دەستی لە گەڵ لێدامەوەو، پێش هەموو پرسیارێك فەرمووی:

ــ ئەوە ڕیشت بۆ نەتاشیوە؟ ( ئاخر ڕقی دنیای لە ڕیش بوو).

ــ قوربان حەوتوویەکە بەڕێوەم، بە نێو چەندین مۆڵگەی دوژمن دا بە ئەسیرو بریندارەوە بە بزنە ڕێ یان دا هاتووم . ئەگەر زانیبات بە چ کولە مەرگی یەك گەیشتووم، قەت ئەو پرسیارەت لێ نەدەکردم .

بەلام پاساو دانەوەش دادی نەداو فەرمووی:

ــ ئەمن ئەوانە نازانم، هەتا ڕیشت نەتاشی قسەت لە گەڵ ناکەم. بچۆ ڕیشت بتاشە و جا وەرەوە بۆ لام.

بە ناچار چوومە کۆمیسیۆنی کۆمەلآیەتی و تیغ و ماکینەم وەرگرتن و پاك و خاوێن ڕیشم تاشی و چوومەوە خزمەتی. ئەویش زۆری حوورمەت گرتم و بە وردی هەواڵی ناوچە و . . . لێ پرسیم و منیش بە پێی شارەزایی وەلامم دایەوە.

# گەڕانەوە بۆ ناوچە و گەشتێکی بەر درێژ

وەرزی بەهار بە جوانی خەملا بوو، سەهۆڵ و سەرما پشتی شکابوو. کەوانەی کۆلکە زێڕینە بەرەو دیمەنی دەستکاری وەستاکاری سروشت، پشتی چەمابوو. مەل و پەلەوەر شەیداو سەر سوڕماو ئاهەنگ و بەستەیان هەڵ دەدا و شادی لە دڵیان گەڕابوو. هەلومەرجی گەڕانەوە بۆ مەڵبەندی زەحمەتکێشان ، بە تایبەت دێ نشینە دڵپاك و پێشمەرگە خۆشەویستەکان، ڕەخسابوو. ئێمەش لە مێژ بوو بە تامەزرۆیی یەوە چاوەڕوانی ئەو هەلە بووین و خۆمان بۆ لە دەسك نابوو.

ڕۆژی 28ی مانگی بانەمەڕی ساڵی 1365 یهەتاوی ، بارگەو بنەمان تێك ناو هەتا خۆمان ئامادە کرد، ماشێنیان بۆ ڕاگرتین. ماڵاوایـیمان خواست و لێی سوار بووین. شارۆچکەی "چوارتا" و "کەناروێ"مان بەجێهێشت و عەسکەری حکوومەتی عێراقێ پێشیان پێگرتین و ئەخت و چارمان کرد ڕێگای ماشێنەکانیان پێ نەداین. بە ناچار ماشێنمان بە دواوە گێڕانەوە و بە پێیان ملمان پێوەنا. لە مێژبوو بە پێیان نەڕۆیشتبووین و هەموومان بە خاو کەوتین. ڕێگاکەشـمان گەلێك دوور بوو و نەدەبا وچانی لێبگرین. خواردەمەنیشمان تەنیا بەشی نیوەڕۆیە لە گەڵ خۆ هێنا بوو. بە هیوا بووین ئەو شەوە لە سوورکێوی تێپەڕین و خۆمان بگەیەنینە ئاوەدانی. هیچ ئەوەمان

لێك نەدابۆوە کە ماشێنمان لێ دەگێڕنەوە و بە پێیانیش بڕناکەین. ئەو مەڵبەندەش بە هۆی ڕێژیمی بەعسەوە لە مێژبوو گوندەکانی گوێزرابوونەوە و زیندەواری تێدا نەمابوو. ڕوو لە چۆڵی و پشت لە ئاوەدانی بە زگی برسی کوتامان، کاتژمێر نۆی شەوێ خۆمان گەیاندە بنکە چۆڵکراوەکانی لە مەڕ خۆمان لە مووسەکی، ئەو شوێنەی کە ماوەیەك کۆمیتەی شارستانی لێ بوو. بەڵام هەتا گەیشتینێ، بە تەواوی لە پێ پەڕیبووین.

ماڵەکان نەڕووخابوون، بەڵام دەرگاو پەنجەرەیان پێوە نەمابوو. خۆمان تێهەڵکێشان و هێندێك پەین و پاڵەکەمان لێوەدەرنان و هەڵ کورماین، بە بێ سەر بەرگ و پێخەو هەتا بەیانی سەرما لە قەپرغەی داین و نەیهێشت خەومان لێ بکەوێ. لە بەر ئەوەش کە لە نێوان پێگە نیزامییەکانی ئێران و عێراقیدا بووین، نەمان دەوێرا ئاگری وەکەین و هەر چۆنێك بوو ڕۆژمان کردەوە. دەبا ئەو ڕۆژەش لە جێی خۆمان نەبزووین. چونکە ڕێگاکەمان بە پەنای مۆڵگەی دوژمندا تێدەپەڕی و دەبا بە تاریکە شەوێ تێپەڕین. لە برسانیش بڕستمان لێ بڕابوو،24 کاتژمێر بوو زەوادمان نەخوارد بوو.

پێشمەرگەکان بڵاوبوونەوە و لە کۆخە چۆڵێکدا کە نازانم هی کەی بوو، بنە تەلیسێك ئاردیان دۆزیبۆوە. کاك هاشمی عەزیزی(1)لێی بوو بە نانەوا، سندووقە فیشەکێکی دۆزیەوە و دەستی کرد بە هەویر شێلان. پاشان تەنەکەیەکی هێنا لە سەر ئاوری ڕۆنا هەتا گەرم داهات. بەردێکی تەختی هێنا کردی بە پنەو گۆچانەکەی منیشی کردە تیرۆك، هەویرەکەی پاپۆکە دەکردو لە سەر تەنەکەی دادەنا هەتا دەبرژا. ئەوە هێندێك بەری دڵی گرتین، بەڵام چونکە خوێمان پێ نەبوو تێی کەین، هەر دڵمان پێی خاو دەبۆوە .

لە کورتی وەبڕین، زەردەی خۆر پەڕی و بە زگی برسی لە هەورازی سوورکێوێمان هەڵاویشت . دەبا زۆر بە گشتی بڕۆین. دەنا لە سەر چۆمی چۆمانێ ڕۆژمان لێ دەبۆوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به هیچ لایەکیشدا دەرەتانمان نەبوو، چونکە چۆمەکە بواری نەدەدا و دەبا یەك یەك خۆ لە سیمەکە هەڵبەستین و یەکتری ڕاکێشین بۆ ئەو بەرێ. لە بەندەنی سوورکێوی ئاودیو بووین و دەستەیەك هەر لایان نەدا و دایان قەڵاشتە خوارێ بۆ سەر چۆمی. ئێمە چەند کەسێك لە گوندی "دوونێسی" لاماندا ماڵێك و هەرچی نانی هەیان بوو بە ماستییەوە خواردمان و ماڵاواییمان لێکردن. پاشان بۆ سەر چۆمی داگەڕاینە خوارێ و کاتژمێر10ی شەو بوو گەیشتینە سەر سیمەکەی ئاشی مەلاکی. ئاوی پیرە چۆمان کڵەوی دەکردن و مەلەوانی بە توانا سامی لێدەکرد.

ماڵەکانی ئەو بەرێ کۆبووینەوە، هەتا ئەوەمان کرد، ڕۆژ کاڵ بۆوە و گزنگ لووتکەی کێوانی ئەنگاوت. ئەگەر پێ هەڵگەڕاباین، دەبا بە نێوەڕاستی مۆڵگەکانی دوژمندا ڕۆیشتباین و تووشی پێك هەڵپڕژان دەبووین. بە ناچار بۆ ئەوەی خۆمان لە تەشقەڵە و گێچەڵی دوژمن لادەین، خۆمان لێ مات کردو بڕیارمان دا ئەگەر دوژمن هێرشی کردە سەرمان، شەڕی مان و نەمانی لە گەڵ بکەین، چونکە لە هیچ لایەکەوە ڕێگای پاشەکشەمان نەبوو. بەڵام دیدەبانمان لە سەر شاخەکەی سەرووومانەوە دانابوو، ئەگەر شتێك بایە ئەوان دەیانتوانی بەرگری لە ئێمە بکەن. خواوڕاسان دوژمن پێی نەزانی و گیانێکی مفت و مەرحەبامان دەربرد.

لالە سێبەر شۆڕبوونەوە و دوان دوان بە لا شیواندا و بە کوێرە ڕێیاندا هێدی هێدی تێهەڵ خزاین و شەو درەنگانێك خۆمان لە ئاوایی خەجەکی کوتا. نان و چایەکمان خواردو بێ ئەوەی پشوویەك بدەین، وەڕێ کەوتینەوەو بۆ بەری بەیانی گەیشتینە گوندی"گەورەدار" و بە کۆخەکاندا بڵاوبووینەوە. ئەو ڕۆژە هێندێك ماندوویی‌مان حەسایەوەو سەر لە ئێوارێ بەرەو ناوچەی مەیدانان بە هەورازی هەڵ زناین. ڕێگامان کوتاو بۆ بەری بەیانی خۆمان گەیاندە گوندی "بێلوێ". هەر بەو شەوە کەمینمان ناردە سەرشاخی و لە نێودێش نیگابانیمان داناو لێی نووستین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەکان هێندەی دیکەش بەر تەسك ببوونەوەو تەپۆڵکە نەمابوو مۆڵگەیەکی لێ قوت نەکرابێتەوە. ئەگەر لە سەر بەرزاییەکەوە چاوت لێ کردبایە، هەروەك سەربازخانەیەکی گەورە دەچوو. جیا لەوەش دوژمن هێزێکی پۆشتەو تەیاری لە جاش و پاسدارو بەسیجی بۆ ڕاونانی پێشمەرگە بە ناوی « گروهی زەربەت» پێك هێنابوو کە سەرەڕای ئەوە بە تازەترین کەرەسەی شەڕ تەیار کرابوو، تۆپخانەی قورسیشی لە پشت بوو کە بست بە بستی گەرای ناوچەکەی لە دەست دابوو. لە هەر جێگایەك هەستی بە بوونی پێشمەرگە کردبایە، بە تۆپ و خۆمپارەو کاتیۆشا دەیکوتاو ئەمجار گرووهی زەربەتی تێ بەر دەدا.

بۆ ئەوەی زەبرمان وێ نەکەوێ ، دەبا زۆر لە جاران وریاتربین، لە هەر جێگایەك باین، ئیتر بە کەمین و دیدەبان کار تەواو نەدەبوو، دەبا کاتژمێرێك شەوی مابایە بە گشتی وەسەر بەرزاییەکانی ئەو مەڵبەندە کەوتباین و لە سەنگەراندا سەر لە سەر سیپە و قامك وەبان پیلکە هەتا دنیا بە تەواوی ڕوون دەبۆوە، نەدەبا جووڵەی بکەین. دەستمان کرد بە گەڕان وهەر بە شێوەی پێشوو درێژەمان بە ئەرکی ڕۆژانەمان دەدا .

سپارد، چوونەکەم زۆر پێ خۆشبوو، چونکە " سێونگ " یش لەوێ بوو. ئاخر زۆرم خۆش دەویست و زۆریش لە مێژ بوو نەم دیتبوو، کە چاوم پێی کەوت لە خۆشیان شاگەشکە بووم . دەستەملان بووین و تا شل بووین یەکترمان ماچ کرد. هێندێك دانیشتین و سێونگ بە چاو ئیشارەتی دامێ کە کاری تایبەتی پێمە، هەستام و چووینە ژوورێکی دیکەو دانیشتین، حەسەنی براشم کە لەوێ بوو ئەویشی بانگ کرد. سەرەتا قسەی خۆشمان دەست پێکرد و پاشان نۆبە گەیشتە ڕاز و گلەیی . لە درێژەی قسان دا هەستم بە مەبەستێکی شاراوە کرد کەوا دیار بوو درکاندنەکەی هێندێك لەبەر زەحمەت بوو، منیش گوتم :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ ئەریٚ کاکە بۆ کات بە فیڕۆ دەدەی ؟ ڕاست و ڕەوان چت لە دڵی دایە پێم بڵیٚ.

ئەویش بزەیەکی بێگاریی وەسەر لێوانی پەڕی و ڕوخساری هێندێك سوور هەڵگەڕا و بە مینگە مینگ گوتی :

ـ ئەریٚ برالە! ئەتۆ بۆنایەوە نێو خۆمان و چت لەم ژانە سەرەی داوە؟ تۆ بزانە لەوە تاوە دەرکەوتووی، باوکت نانێکی بە ڕەحەتیی نەخواردوە، یان لە زیندانیٚ دایە، یان لە هاتووچۆی ئیتلاعات و پایەگاکاندا. هەر ئێستا چەند ڕۆژێکە لە بەندیخانە ڕزگاری بووە. ئەتۆ بەشی خۆت کردوەو حیزبیش بە دانیشتنی تۆ لە بەریەك هەڵ ناوەشیٚ، ئەوە تۆ هەشت ساڵە پێشمەرگەی، دەی با ئەو خەڵکەش دوو ساڵان کوڕەکانی خۆیان بنێرن. جیا لەوەش ناشکوری نەبیٚ ئەتۆ جێی ساخت نەماوەو هەموو لەشت تێك ترشاوە، خۆ ئەگەر بە قانوونیش بیٚ کاتی ئەوە هاتوە کە بۆ خۆت پشوویەك بدەی. ئێمە زۆرمان کار بە تۆیە و ئەگەر لە نێۆ خۆمان دابی بۆمان جیٚ بەجیٚ دەکەی و ئا لەم وردە حیکایەتانە.

کاتێك ئەوەم بیست، زۆرم لا سەیر بوو، چونکە یەکەم جار بوو لە بنەماڵەی خۆماندا پێشنیارێکی ئەوتۆم پیٚ کرابیٚ. جاران کە دەچوومەوە قەوم وقیلەو دۆست وناسیاو لە دەورم کۆ دەبوونەوەو شانازی‌یان پێوە دەکردم و لە نێو خەڵکدا خۆیان بە سەر بەرز دەزانی کە بنەماڵەی پێشمەرگەن، بۆیە بە دەست خۆم نەبوو تووندوتیژ لە گژی هەڵپڕژامەوەو لێبڕاوانە هەڵوێستم گرت. ئەویش بەو هەڵوێستەی من ڕەنگی بڕسکاو تێك چڕژا. وابزانم چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستەی من نەبوو. هەر بۆیە منیش هێندێك خاوم کردەوەو بە نەرمی باسێکی دووروودرێژم بۆ دامەزراند و تێم گەیاند کە من بە هەڵە نەچووم . ڕۆژی بەریٚ هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای ژیانی پێشمەرگایەتیم لە بەرچاو بوون و ئێستاش شانازیی بە خۆمەوە دەکەم کە پێشمەرگەم. ئەویش سەری بەر خۆناو متەقی لەبەر دەرنەهات. پاشان بە دڵ شکاوی هەستام و چوومەوە بۆ دیوی دانیشتوان و زۆر وەسەر خۆم نەهێنا. بەڵام دانیشتوان هیچیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگاداری ئەو باسەی ئێمە نەبوون. ماوەیەکی دیکەش لایان دانیشتم و پاشان مالاواییمان لێك کردو بە جێم هێشتن. بەلام سێونگ و حەسەن هەتا دەمی دەرگای حەوشە بەدوامدا هاتن و ئەمن نە ئاورم لێ دانەوەو نەخوا حافیزەم لێکردن، گوێم لێ بوو حەسەن گوتی :

ـ ئەمن نەمگوت لە گەلّی باس مەکە لێت توورە دەبێ؟

کاتێك گەیشتمە لای پێشمەرگەکان چاوەڕوانییان دەکردم. سەرونانمان لە گیرفانێ ناو بۆ ڕۆژ کالّەوە بوونێ گەیشتینە "ئەستەم". دیدەبانمان داناو لە سەر کۆگای خەرمانەکە لێفەیەکم بە چاو ئەنگاوت، بالّتاوەکەم کرد بە سەرین و تێی خزام هەر بیرم لە چۆنیەتیی لێك هەلّبەزینەوەکەی خۆم و سێونگ دەکردەوە. داخوا ئەوەی لە گەلّی باس کردم بۆ چوونی هەموو بنەمالّەکەمان بێ ، یان هەر قسەی خۆی بووبێ؟ باشە ئەگەر قسەی هەموویان بوە، بۆچی تا ئێستا هیچکام لە ئەندامانی بنەمالّەکەم لەو بارەوە هیچیان لەگەلّ باس نەکردووم و... ؟ لە فکران ڕاچوو بووم و خەوم لێ زڕابوو کە چرپەی پێی کەسێکم هەست پێکرد، کاتێك چاوم کردەوە، حەسەنی برام لەسەر سەرم ڕاوەستا بوو. دیار بوو ئەویش زۆر نارەحەت بوو، لام دانیشت و مەسەلە گۆرینی هێنایە گۆڕێ ومنیش گلەییم لێکرد کە ئەو چاوەڕوانییەم لەوان نەبوە، ئەویش چاوی پڕلە ئاو کردن و دەستی کردە ئەستۆم و سوێندی خوارد کە ئەو ڕایە مافی بە سەر بۆچوونی ئەوییەوە نەبوە، بۆیە داوای لێبووردن و ئاشت بوونەوەی لێکردم. دەستمان لە ئەستۆی یەك وەرێناو، وچانێکمان بە دلّ پڕی تێ پەڕاند، پاشان گەردنی یەکمان ئازاد کردو جێتان بە تالّ دانیشتین و تێر قسەی خۆشمان کرد. لای ئێوارێ دەست و مۆستمان کردو ئەو بەرەو ئاوایی بایداوەو، ئێمەش خۆمان پێچاوەو گونداوگوند بە هەورازان هەلّ ڕۆسکاین و بە نشێواندا شۆڕ بووینەوەو پاش کۆبوونەوە لە چەند گوندان بەرەو ناوچەی ئاربەبا لێ نیشتین . بڕوانە وێنەی ژمارە 29) .

لەوێش گەشتێکی تێرو تەسەلـمان کردو بەرەو ناوچەی بابۆس بامان دایەوەو هەتا کازو کووزی بەیانی ڕێگامان کوتا . ئەو شەوە لە هەموو شەوەکانی دیکە زۆرتر بە ڕێگایەدا ڕۆیشتبووین، ئێوارێ لە باخی قازی وەڕێ کەوتین و کاتێك گەیشتینە گوندی"وشترمل" دە دوازدە خولەکی بۆ بانگی شێوان مابوو. زۆرم لە گەڵ گوتن هەتا ڕۆژووەکەم دەشکێنم لە سەرم ڕاوەستن کەچی هەر وەڵامیشیان نەدامەوە. هەر بەڕێوە بە پاکەتە بیسکویتێك ڕۆژووەکەم شکاند و لە قوم قومەی پێشمەرگەیەکیش قومە ئاوێکم بەسەر داکرد . بێ وچان ڕێگامان کوتاو مەنزڵ بڕیـمان کرد و لە سەر پردی چۆمەکەی نێوان بۆیەنی سەرێ و خوارێ لاقم لە بەندەوە چوون. سەلیمی کاویان لە پێشمەوە بوو، پشتێنەکەم گرت و گوتـم :

ــ کاك سەلیم لاقم لە دوو نایەن!

ــ برسیت نیە؟

ــ نازانـم.

ــ کێکم پێیە بت دەمێ؟

ــ بـمدەیە.

هەر بە ڕێوە دانەیەکی لە کۆڵەپشتی یەکەی دەرێنا و دایە دەستم، ئەوم خوارد و باوی لاقانـم خۆش بوو. یەکی دیشم لێ وەرگرت و قووتـم دا و سەر گەڕ کەوتـمەوە . کاتژمێر 2ی دوانێوە شەوێ گەیشتینە بۆیەنی سەروو. پێشمەرگەکان بە کوێستانی هەڵگەڕان ومنیش لە گەڵ کادرێك و دوو پێشمەرگەی دیکە کە نان و پێخۆریان بۆ پێشمەرگەکانی دیکە کۆ دەکردەوە، لامان دا نێو ئاوایی. هەتا ئەوان نان و پێخۆریان کۆ کردەوە، منیش لە ماڵێك پارشێوم کردو بانگی بەیانی بە کوێستانێ هەڵ گەڕاین . گزنگ لووتکەی پێکاو لە گەڵ پێشمەرگەکان یەکمان گرتەوەو لە بەرزترین لووتکەی ئەو مەڵبەندە(کلیلە چەوت) کۆبووینەوە و لە ئاوی کانیاوی ساردو سووکی کوێستانێ کە وەك چاوی قرژاڵی دەبریسکایەوە، چامان دەم کردو جێتان بەتاڵ لە دەوری کترییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەشی هالاَین، جا پێشمەرگە زۆر و پیالّەی کەم . هەی لەوەی چایەك برِفێنیّ و لەو لاوە هەلّ تروشکیّ و هەلّی قورِێنیّ. بەلاّم دلّتان بەخۆ نەمێنیّ ، بە خوای منیش وەکی ئێوە لێی بیّ بەش بووم. بن پلە بەردێکم بەچاو ئەنگاوت و بۆی ڕاخزیم، جێگایەکم گۆرِ کردو بالّتۆکەم کردە سەرین و لێی خەوتم. هەر ئەو ڕۆژە کادر و پێشمەرگەکانی مەلّبەندی دووی جنووبی کوردستانیش کە ویستبوویان بەرەو لای ئێمە بێن، لە پشتی ئاوایی "چیچۆران" بە هۆی تۆپ بارانی ڕێژیم پێشمەرگەیەکیان شەهیدو دوانیشیان بریندار ببوون.

ئەو ڕۆژەش وێڕای ڕۆژانی دی، خۆر لە کەلەپۆ ئاوا بوو. خۆمان پێچاوە و بەرەو ئاوایی "دەوسێنە" شۆرِ بووینەوە و لە گەلّ پێشمەرگەکانی مەلّبەندی دووش یەکمان گرتەوە . (برِوانە وێنەی ژمارە 30) .

بوومە لێلّەی نوێژی شێوان خۆمان بە ئاوایی دا کردو بە سەر مالاّن دابەش و ڕێشیان کردین. پاش ئەوەی کارەکانمان تەواو کردن، سەر خەوێکمان بۆ شکاندو کاتژمێر3 ی دوا نیوەشەویّ خۆمان لیّ هەلّ پاچی و بە کوێستانی شەك مەیدانی (2) هەلّگەڕاین، هێشتا درکەی نەدابوو گەیشتینە سەر دوندی چیاکە. دەوروبەری خۆمان بە چاو پشکنی و شوێنی دیدەبانمان دیاری کرد. کزەی تەزوو هێنەری بەرە بەیان ئارەقەی هەورازی لیّ وشك کردینەوەو لێوە لەرزەی ویّ خستین. لە ترسی ئەوەش کە نەبا دوژمن بۆ کوێستانیّ دزەی کردبیّ ، نەمان دەوێرا ئاگری وەکەین. لە لاشیواندا هەلّ کورماین و کوشمەلّەمان کرد. بەلاّم مەودای سەرماکە دوور نەبوو، کەمی خایاند کە زەردەی خۆر شابالّی لە ترۆپکان سرەواند و دواتر بە سەر سنگی زەویدا خۆی پان کردەوە. تاووبان گەرم بوون و خۆمان لیّ بلاّو کردەوە. ئەو ڕۆژەش هەتا ئێواریّ لەویّ ماینەوە، بەلاّم شەوەکەی چەندە سارد بوو، هەر بەو ڕادەیەش ڕۆژەکەی گەرم بوو.

شێوەکارێکی نویّ تر لە جاران بوو، شەوانە دەچووینە هەر دێیەك دوای کۆبوونەوەو برِە حەسانەوەیەك، نانی هەتا سبەینیّ ئێواریّمان لە کۆلّە پشتیان توونند



کتێبخانەی دیجیتالّی
www.rabari.org

دەکردو لە چیا بەرزەکانی مەمەڵخانی، شەك مەیدان و كونە قەلێ هەڵدەبووین و هەتا ئێوارێ خۆمان لێ هەڵدەخست وئێوارانیش دەمی نوێژی شێوان خۆمان بە ئاوایی دا دەکرد. زیاتر لە حەوتوویەك هەر بەو شێوە، لەو نێوە ماینەوە. قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا ، هەر چەند بە هۆی مانگی ڕەمەزانەوە بە پێی ویستی خۆم نەمتوانی لە نێو ئەو سروشتە خوا کردە و بەو کوێستانە پاراوەدا بگەڕێم، دیسانیش تام و چێژێکی تایبەتیم لێوەرگرت.

ئێوارەیەکیان زۆرمان مابوو بگەینە ئاوەدانی کە بانگی شێوانیدا، هیچم پێ نەبوو ڕۆژووەکەمی پێ بشکێنم ، دەتگوت ئەوە دڵێشم تۆقی بۆ مژێك جگەرەو لە خورێنیش نەم دەوێرا بکێشم. هەر بەرێوە بانگی ڕەحیم پەڕشەییم(3) کرد و گوتم :

ـــ ڕەحیم گیان ! هیچت پێیە ڕۆژووی پێ بشکێنم ؟

ئەویش هاتە خوارێ گەیشتە لام و هێندێك پێی هەڵ ڕوانیم و گوتی :

ـــ ئەرێ مردووت نەمرێ ئەتۆ بەم حاڵە کێ دەڵێ ڕۆژووت لە سەرن؟! پێم ناڵێی بۆ ئاوا خۆت لە برسان کوشتوە؟ تەماشاکە چۆن ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە! بەڵام بەوەندەم سوێند و قورعانە ناتوانی خواردەمەنی هەڵگری بۆیە بە ڕۆژوو دەبی، دەنا لە موسوڵمانەتیت نیە.

ـــ خۆی لێ شێت مەکە، ئەمن بۆیەم بانگ نەکردووی قەباڵەی موسوڵمانەتیم بۆ بنووسی، ئێستا بڵێ بزانم چت پێیە؟ ئەویش لەوە زیاتر لە سەری نەڕۆیشت، بەستێك بیسکویتی کرێم داری لە کۆڵەپشتییەکەی دەرێناو لە مستی نام، ئای لەو خۆشییەی! خۆزگە دەتان زانی چەندە بەلەزەت بوو. ڕۆژووەکەم پێ شکاند و جگەرەیەکیشم دەم دا. (بڕوانە وێنەی ژمارە 31) .

مانەوەمان لەوە زیاتر لەو ناوچەیەدا لەوانە بوو بە زیانمان تەواو ببێ، چونکە دوژمن دەیتوانی بەرنامە ڕێژیمان لە سەر بکاو زەبرمان لێ بوەشێنێ. بۆیە بە پێی بڕیاری کۆبوونەوەیەکی بە پەلە ، بەرەو ناوچەی مەیدانان وەرسووڕاینەوە. شەو درەنگانێك



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆمان بە شارە دێی "سەبەتلۆو" داکرد کە لە چەند کیلۆمیتریی شاری بانەو لە سەر شا ڕێیی سەقز ـــ بانە، هەڵکەوتوە. لە مێژبوو ڕێگامان تێی نەکەوتبوو، خەڵکی بە تامەزرۆیی‌یەوە پێشوازییان لێ کردین. ئەو شەوە کۆنە دۆستێکی زۆر خۆشەویستم بە ناوی "ڕەوەند" دۆزی‌یەوە و ماوەیەکی زۆر پێکەوە بووین و ڕازو نیازمان کرد. هەتا کاتژمێر لە نیوەی شەوی لای دا لەوێ ماینەوە و پاشان مالاّوایی‌مان لێ خواستــن ولە ئاوایی وەدەرکەوتین .

شەوە ڕەشێکی ئەنگوستە چاو بوو، ڕێگاش چەندی بلێی هەڵەت و دوورە قۆناغ بوو. بە هەر بارێكدا لێکمان دەدایەوە، لە نیوەی ڕێگایەدا ڕۆژمان لێ دەبۆوە و مەودای دەرباز بوونمان نەبوو. مەسیرەکەمان وا هەڵکەوتبوو کە دەبا بە ڕۆژی ڕووناك بە پانە دەشتێ‌دا و بە بەرچاوی مۆڵگەکانی دوژمن‌دا تێ‌پەڕین. مۆمی شەوگاریش خەریکی هەڵوەراندنی دوا فرمێسکی بوو. چاوێکم لە کاتژمێرەکەم کرد، شەوێکی وای نەمابوو. نۆردوە نانێك و هێندێك ڕۆنەکەرەم لە ماڵی کۆنە دۆستەکەم لە لکی پشتێنەکەم‌دا هەڵگرتبوو، پێشمەرگەیەکیش هێلکەیەکی کولاّوی دامێ و هەر بەرێوە پارشێوم کردو بە سەر چاوەی کانیاوێکدا نووسام و تێروپڕم لێ خواردەوە. هێشتا بە تەواوی وەپشت ماڵەکانی ئاوایی "ڕەشە قەلاّتێ" (4) نەکەوتبووین کە بوولبوولی شەیدا دواین بەستەی پێشکەشی خونچەی گوڵێ کردو شەو پەڕی خاسە کەوێ پەیامی کازیوەی بە ترۆپکی چیا ڕاگەیاند و قەلاّی مێردان ڕووخا. منیش بە هەڵ تروشکانەوە باڵتاوەکەم بە سەر سەری خۆم هەڵکێشا و دوا جگەرەم لە نێو قامکە ڕەق و چرچەکانــم دا هەڵمژی.

قۆناغێکی تا بلێی ناسك و حەساس بوو، دەبا بە پەلە بڕیار بدەین و بۆ بڕیارەکەش قوربانیی لە بەرچاو بگرین. تەنیا دوو ڕێگەشمان لە پێش بوو، مانەوە، یان ڕۆیشتن؟! ئەگەر ڕۆیشتباین دەبا خۆ دەم ئاگری بدەین و لە گەڵ شەڕی نەخوازراو بەرەو ڕوو

دەبووین و مەترسیی تێدا چوونمان لەبەر بوو. ئەگەریش مابایینەوە دەبا ڕیسك بكەین و خۆمان تەسلیمی قەزاو قەدەر كەین.

چارەنووسی ئەو ڕۆژەمان ، مەرگی هەڵواسراو بوو. كەس نەیدەزانی چارەنووس بەرەو كوێ مان ڕاكێش دەكا. كاك سەید برایم كە لە باری نیزامیی‌یەوە لە ئێمە شارەزاتر بوو لە سەر ئەوە سوور بوو كە دەبێ بڕۆین و كاك عوسمانی ڕەحیمی و ئێمەش وامان پێ باشتـر بوو كە لە نێو ئەو دارو دەوەنانەدا خۆ مات كەین و هەتا ئێوارێ نەبزووین.

سەرەنـجام پاش گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوون لە سەر ئەوە ڕێك كەوتین كە نەڕۆین. كاك سەید برایم لە گەڵ دەستەیەك لە پێشمەرگەكان خۆیان بۆ سەر ترۆپكی چیا كوتاو ئێمەش لە پشت ماڵەكانی ڕەشە قەڵاتێ لێی لە دەوەنان خزاین. دیارە مانەوە كە زۆر ئاقڵانە نەبوو، چونكە جیا لەوەی لە بەر مەتەرێزی تۆپخانەی قورسی دوژمندا بووین، لە گەڵ شاری بانەش زۆر نزیك و ئەمبەراوبەر بووین و هەر بە چاو لێك نانێك هێزی بێ ئەژماری دوژمن دەگەیشتە سەرمان و لە هەر چوار لاوە گەمارۆی دەداین. بەڵام دیسانیش مانەوەكە مەترسیی هێندێك كەمتر بوو لە ڕۆیشتنەكە. جا ڕۆژگار درێژو كوڕم دەویست خۆی بۆ ڕاگرێ و جووڵەی نەكا. بەڵام ئەوە سوننەتی حیزبەكەمانە كە « كادر دەبێ داهێنەر و لە تەنگانەدا خۆی نەدۆڕێنێ ».

سەرتان نەیەشێنم لە بن دارو دەوەناندا خۆمان لێ سیس كردو بە دووربین هەموو جموجووڵێكی دوژمنمان گرتە ژێر چاوەدێری. تەنانەت نەمان وێرا ئاورۆچكەیەكیش هەڵایسێنین و لەو ئاوە ساردو سووكەی كە خۆی بە سەر وردە زیخاندا پان كربۆوە و هەر وەك چاوی قرژاڵی دەچوو، چایەك دەم كەین. بەزارو گەرووی وشك و بە بێ چۆڕە ئاوە گەرمێك ، بەو تۆزە نانە ڕەقەی لە گیرفانیان ئاخنی بوو، پێشمەرگەكان ڕۆژیان گەیاندە كەلەپۆ. منیش كە لە خواردن و خواردنەوە بێ منەت بووم، هێندێك پێ هەڵگەڕام و سێ چوار مەلۆ هەڵزی وشكم لە پەنایەك بڵاو كردنەوەو لە سەریان لێی نووستم. كەم و زۆر نازانم چەندەم خەو لێ‌كەوت؟ كە سەرم هەڵێنا هێندێك حەسابوومەوە . دەوروبەرمان



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چۆڵ و بێ هەست و خوست بوو. بڕیاریشمان دابوو کە هەر کەس بەو دەورو بەرەدا ڕابرد، هەتا ئێواریێ لای خۆمان ڕایگرین و نەهێڵین بە هیچ لایەکدا بڕوا.

چێشتەنگاوێکی درەنگ بوو کە گوێم بە دەنگی گۆرانییەکی بە سۆزی ژنێکی دەنگ خۆش زرنگایەوە. دووربینەکەم تاو دایە و هێندێك بە دەوروبەری خۆمدا ڕوانی و لە بەرانبەر خۆم هێندێك بەرەوسەر ژن و پیاوێکم بە چاو ئەنگاوت کە تفاقیان هەڵ دەکەند. هەر دووکیان لاو بوون و لەوە دەچوو تازە بەو زووانە ژیانی هاوبەشییان پێك هێنا بێ. ژنەکە هێدی هێدی بۆ لای مێردەکەی داگەڕاو کەوتنە گەپ و گاڵتەو چنگە پەڵماسێ. هێندێك پێ چوو و لێیان بوو بە دەمە قاڵێ و لێك دوور کەوتنەوە. ئینجا ژنەکە بە دەنگێکی نەرم و بە سۆزو بەدەم گریانەوە بە خۆیدا هەڵ دەگوت، گلەیی لە بەختی خۆی دەکردو، بە سەبەبکارەکەی هەڵ دەشاخی کە تووشی کردوە بە تووشی ئەو کابرا تووڕە و تۆسنەوە. پاش ماوەیەك پیاوەکە چوو بە لایەوە و نازانم بە چ زمانێك ئاشتی کردەوە و سەر لە نوێ ملیان لە زۆرانبازی و یەکتر ژێرخۆنان نایەوە.

ئەو دیمەنە سەرنج ڕاکێشە کە هەتا لالە سێبەر شۆڕ بوونەوە درێژەی کێشا، بە ڕادەیەك کاری تێکردم کە ترس و دڵە خورپە و برسیەتی و هەموو شتێکی لە بیر بردمەوە. پاشان ئەوان بەرەو ماڵ بوونەوە ومنیش بۆ لای پێشمەرگەکان داگەڕامە خوارێ. ئەوانیش یەك و دوو لە دەوەنان سەریان وەدەرنا و ملمان بە هەورازییەوە نا. لە تەنگەی نوێژی شێوان دا بە دیوی "هۆمەرە شاڵی"دا ئاودیو بووین و لە پشت ماڵی "شویێ" و بە تەنشت مۆڵگەکاندا خۆمان باریك کردو شەو درەنگانێك خۆمان بە ئاوایی "سەدبار"دا کرد. ڕۆژی دوایەش هەر لەوێ ماینەوە و پاشان بە دیوی "نجنێ" و "نەمەشیر"اندا شۆڕ بووینەوە . لە کۆخەکانی "بەردە ڕەش"ی لە گەڵ هێزی مینەشەمی یەکمان گرتەوە کە ئەو کات بەرپرسی کۆمیتەی شارستانەکەیان کاك کەماڵی کەریمی و فەرماندە هێزیش کاك ئەحمەد نستانی(5) بوو. پاش حەسانەوە بڕیارماندا کە وێکرا گەشتێکی ناوچەی"ڕەبەتێ" بکەین. ئێمە خەریکی خۆ ڕێکخستن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووین کە دەستەیەك پێشمەرگەی سازمانی "خەبات "یش لە گەڵ کاك عەبدول کەریمی کوڕی مامۆستا شێخ جەلال پەیدا بوون و داوایان لیٚکردین کە چونکە ڕادەیان کەم بوو نەیان دەتوانی بە تەنیٚ لە ناوچەکە وەمێنن، پێکەوە بگەڕێین. ئێمەش ڕوومان پیشاندا و وێکرا وەڕیٚ کەوتین. پاش چەند ڕۆژان پێشمەرگەکانی خەبات لە ئاوایی "بێکەژی" لیٚمان جویٚ بوونەوە و بەرەو خوار جادە ملیان پێوەنا. ئێمەش بەرەو هەوارەکانی"سیسێرو نستان، بڵیندە ، مامر کوژە، مەیدان چۆغە و کانی شیلان" وەڕیٚ کەوتین. چەند تیمێکی چوست وچالاکیشمان لە نێو پێشمەرگەکان هەڵبژارد کە شەوانە سەر لە ئاواییەکان بدەن و بە ڕۆژانەش دەهاتنەوە لامان. شەوێك لە شەوان لە ئاوایی " گۆڵیٚ " تیمێکمان کەوتە نێو بۆسەی دوژمن و پێشمەرگەیەکمان شەهید کرا.

ئاخروئۆخری مانگی جۆزەردانی ساڵی 1365ی هەتاوی، بوو. لە هەواری مەیدان چۆغەی بڵاو ببووینەوە. عاسـمان بە تەواوی چۆڕابۆوە و خەڵك لە بارشت و تەڕو تووشی هیوا بڕاو ببوون، کەچی کتوپڕ و لە نکاو، هەر وەك تەلیسم چڵکە هەورێك بەری ڕۆژێی گرت و لێك کشایەوە وساماڵی شین و بێگەردی عاسمانی لە بەر چاوان ون کردین. دای ڕشتە گۆپاڵ باران و تاوە تەرزەیەك باڵدار و پیٚرۆی لە کونان خزاند! لێشاو هەستان و تەم لە ترۆپکان هالاو، زوقم کەڕە سیسە و تەوژمی سەرما لە گەڵ ڕق و قینی سروشت بەرەوڕووی کردین و چلەی زستانی وەبیر هێنداینەوە! مژە کوێرە خۆی بە سەر زەویدا مەلاس کردو چاو چاوی نەدەبینی. پێشمەرگە داوەرینە نێو چادران و خۆیان لە ڕەشـمالان هەڵکێشا.

ڕادەی پێشمەرگەکان زۆرو، چادرەکانیش لە چاو ئێمە کەمیان دەنواند. چەندی بیرم لیٚ دەکردەوە مەترسیی نەحەوانەوەمان لە ڕەگی بنا گویٚ نزیکتر بوو، هیچ شوێنێکی دیکەش لەو نزیکانە بەدی نەدەکرا کە پەنای پیٚ بەرین. بەڵام خەڵکی دڵسۆزو ئەرك وەخۆگری هۆبەکە، بە ڕادەیەك بەرچاو تێرانەو لێبڕاوانە ئامێزیان بۆ گرتنەوە، لە گەڵ ئەوەدا بە دەگمەن چادرێك وەبەر چاو دەکەوت کە دوو ژووری هەبیٚ ، ماڵ نەبوو لە دە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس کەمتری تێدا بێ . ئاگری دەشتەکی یان لە نێوەڕاستی چادراندا کردەوەو دووکەڵ لە ڕەشماڵان گەڕاو خۆمان لە دەوری گێڕا. ئەو تەنگانەی ئەو ڕۆژە بەربینگی پێ گرتین، لە یەك قسەدا دەتوانم بڵێم دوونەیەك بوو کە لەو سەروبەندەی وەرزی ساڵدا بە بیری مەمانان نەبووە. چوار ڕۆژی ڕەبەق درێژەی کێشاو مەودای سەر وەدەرنانی نەداین. لەو ماوەیەدا ژن ومنداڵ و پێشمەرگەو خاوەن ماڵ بە یەك چاو سەیر دەکراو ، نە پێشمەرگە میوان و نە خاوەن ماڵ خانە خوێ بوو.

ئەو دیمەنە ساکا ر و خۆمانەیە، شوێنەوارێکی قووڵی لە سەر ورەو ئیرادەو بیرو بۆچوونم بە جێهێشت. کاتێك بە چاوی خۆم فیداکاری و ئەمەگناسی و دڵسۆزیی ئەو گەلە دڵپاك و پێشمەرگە خۆشەویستەم دەبینی کە ئاوا لێبڕاوانە بە دەنگمانەوە هاتن و لە خێزانی ماڵیان هەڵ ناواردین، لە ناخی دڵمەوە شانازیم بە خۆمەوە دەکرد کە ڕۆڵەی ئەوانم و، لە پێناوی ڕزگاریی ئەواندا خۆبەخت دەکەم. هەستم بە ئاسوودەیی ویژدانی خۆم دەکرد کە ڕەنجەڕۆنیم و، ئەو هەموو تاڵی و سوێرییەی چێشتوومە بە فیڕۆ نەچووە و ئێستاش قەرزداریانم .

زیاتر لە دوو حەوتوان بە سەر گەشتەکەماندا تێ پەڕیبوو، ئاواتم ئەوە بوو لەوەش زۆرتر لەو ناوچەیەدا مابینەوەو لە گەڵ ئەو خەڵکە نیاز پاکە باشتر یەکتر بناسین. بەڵام حەیف و مەخابن، لەمێژ بوو دوژمن لە دوومان دەگەڕاو، بۆ لەداو خستنمان پیلانی دادەڕشت. سەرەنجام هەلی وەدەست هێناو لە شارەکانی بانە، ڕەبەت، سەردەشت، مهابادو بۆکانەوە هێزێکی لە ئەژمار نەهاتووی لە جاش و پاسدارو بەسیجی کۆ کردبۆوەو، بە نیازی وەشاندنی دواین زەبرو لە نێو بردنی یەکجارەکیمان ، بە کەڵك وەرگرتن لە تاریکایی شەو، زۆربەی بەرزاییەکانی ئەو نێوەی داگیر کردبوون و بە خەیاڵی خۆی چوار دەوری لە ئاڵقەی گەمارۆ وەرێنا بووین. کازو کووزەی بەیانیی دیدە بانەکانمان هەواڵی هێرشی دوژمنیان پێ ڕاگەیاندین. بەڵام ڕایەڵکەی پێوەندی گرتنمان لە گەڵ یەك بە هێز بوو. چەند ڕۆژ لەوە پێش بێسیمی"یاشا" و "ئیکۆم"ی باشمان بۆ هاتبوون.

له ماوەیەکی کورتدا پێشمەرگەکان بە گشتی لە هێرشی دوژمن ئاگادار کران و بە پەلە خۆیان سازماندا و بۆیان تێ هەڵ خزان.

شەڕێکی دەستەویەخە و سەنگەر بە سەنگەر دەستی پێ‌کرد. دوژمن لە هەموو جۆرە چەکێك بە پشتیوانیی تۆپخانەی قوورس و کاتیۆشا کەڵکی وەردەگرت. لە پشتی ئاوایی"گرشیلان"یەوە بەو زنجیرە چیایەدا هەتا دەگەیشتەوە چیای تەرخانی کە لە پشتی ئاوایی "سووتوو" هەڵکەوتوە، ئاگر باران بوو. لە شەڕگەی لای گرشیلانەوە بە کوژرانی بێسیم چیەکەی دوژمن و لێك دابڕانیان، هەر زوو دەس پێشخەری کەوتە دەست پێشمەرگەکان و تێکیان شکاندن. بەڵام لە لای ئێمەوە چیای تەرخانی کە بە سەر هەموو شەڕگەکەدا زاڵ بوو، لە دەست دوژمندا بوو، دیدەوانەکانیان زانیاری‌یان دەدانێ و بە چەکی قوورس ، بست بە بستی سەنگەرەکانیان ئاور باران دەکردین. لە ژێر ئاوری بێ ئەمانی تۆپخانەشدا هێزی پیادە بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان جمی و، بە هیچ باران گەڕانەوەی نەبوو. تەنیا ڕێگایەك کە لە بەردەم ئێمەدا بوو، پەلاماردان و شەڕی مانونەمان بوو. هەر بۆیە پێشمەرگەکان برووسکە ئاسا هەڵیان کوتایە سەر سەنگەرەکانیان و لە ماوەیەکی کورت دا ڕاوە دوویان نان.

دوژمن بۆ جاری دووهەم بەختی خۆی تاقیکردەوە و بە هێزی زۆرو حەساوە هێرشی هێنایەوە . پێشمەرگەکان ئەو جاریش لێ‌یان وەخۆ کەوتن و بەر هەڵستیان بوونەوە و تێکیان شکاندن و دەماودەمی عەسری هێزی هێرشکەر لەو پەڕی داماویدا کە زۆربەی کەلاکی کوژراوەکانیان لە مەیدانی شەڕدا بەجێ‌هێشتن، بۆ دواین جار پاشە کشەیان

بێ‌گومان هێزێکی ئاوا زۆر و لە ناوچەیەکی ئاوا بەرتەسك و نیزامی کراودا، حەوانەوەی کارێکی هاسان نەبوو. لە باری خواردەمەنی‌یەوە بە تەواوی لە تەنگوچەڵەمەدا بووین، ڕوومان لە هەر گوندێك دەکردو دەچووینە هەر ماڵێك ، ناندێنمان بۆ بەتاڵ دەکردن جا بەجێمان دەهێشتن. ئاخر دەبا ئەوەندەمان نان لە کۆڵە پشتی‌یان ئاخنی بایە، کە سبەینێ هەتا ئێوارێ لە کوێستانێ پێی ژیابایین. سەرەڕای

وەش بێخەوی و ماندووبوونی لە ڕادە بەدەر، چەندین کادرو پێشمەرگەی لێنەخۆش خستین کە یەکیان بۆ خۆم بووم. زۆر باش لە بیرم ماوە بەرە بەیانییەك بۆ پشوودان و حەسانەوە بە هەورازی سەرتوون و گوڵ زەردان هەڵ زنابووین، پێشمەرگەکان هەروا یەك و دوو لاڕێ دەبوون و خەویان لێدەکەوت . منیش بەدەم ڕێگا ڕۆیشتنەوە خەیاڵ هەڵی گرتبووم و ئاگام لە خۆم نەبوو کە لە بەر ماندوویی چۆن ڕەتەڵان دەبەم و بەملاولادا تلاسا دەبـم. هەر ئەوەندەم زانی کە لە دواوە هەرتك پیلیان گرتـم و دوو سێ جاران ڕایانتلەکاندم. کاتێك وەرسووڕامەوە، دیتم ڕەحیم پەڕشەیی بوو. سەری هێنا پەنا گوێمەوە و گوتی:

ــــ ئەرێ مردووت نەمرێ بۆ پێت وایە ئەگەر تۆ لە ناوچەی بانەدا نەمای حیزبی دێموکڕات لە بەر یەك هەڵ دەوەشێ یان عەرز و عاسـمان پێك دا دەدروێن! بۆ بەزەیـیت بە خۆت دانایە؟! دەبۆ ناچی لە دەفتەری سیاسی بۆ خۆت دانیشی و تێر وەحەسێی و هەر لەوێش کارێك وەئەستۆ گری ؟!

کاتێك ئەوەم بیست وهێندێك بە خۆمدا ڕوانی و هەستم بە ئازاری ماندوویی لەشم کرد. لێتان ناشارمەوە بەزەییم بە خۆم دا هاتەوە. قسەکانی بۆ دەمێك شوێنەواریان لە سەر هەستم دانا و هاتمە سەر ئەو ڕایە کە بە قسەی بکەم . بەڵام دوایە کە بیرم کردەوە ، چاوم بەرایی نەدا ئەو خەڵکە نیاز پاك و پێشمەرگە پەروەرە بەجێ بێڵم. بۆیە ملم پێوەنا و گوتـم : هەرچی دەبێ با ببێ .

چەند ڕۆژێك بوو لە پێوەندی لە گەڵ هێندێك جیاوازیی بۆچوون لە کاری ڕۆژانەماندا ، لە نێوان کاك عوسـمانی ڕەحیمی و کاك سەید برایـمی هاشـمی دا، هێندێك ناکۆکی خۆی دەنواند . بێگومان ئەگەر ئەو دوو کەسەش وەك بەرپرسی کۆمیتە شارستان و فەرماندەری هێز پێکەوە هاودەنگ و تەبا نەبان، شوێنەواری لە سەر بەشەکانی دیکەش دادەناو بێ سەرەو بەرەیی سەری هەڵ دەدا. هەر بۆیە بە مەبەستی بن بڕ کردنی ڕیشەی ناکۆکییەکە، کۆبوونەوەی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارستانـمان پێك هێنا، بەڵام كورد گوتەنی :«چاكی مەكە با خراپ نەبێ» . لە گەڵ ئەوەدا كە هیچ خاڵێكی بنەڕەتیی ئەوتۆ بۆ دژایەتی كردنی یەكتر لە نێوانیاندا وەبەر چاو نەدەكەوت، هەر تك لا بە قارِ داچوون و بوونە قیلی كەوا سپی، نەك هەر بۆمان ڕێك نەكەوتنەوە، بەڵكوو لێكیش عاجز بوون و كۆبوونەوەكەیان شێواندو هەر یەك بە لایەكدا بەجێیان هێشتین! ئێمەش زارمان بوو بە تاقەی چۆڵ و بە ناچار بلاوەمان كرد. ئێمە لە بیری چارەسەر كردنی ئەو مەسەلەدا بووین كە دەمەقاڵێ لە نێوان كاك ئەحمەدی محەممەد نژاد و سەید عومەریش(7)دا سەری هەڵداو كردیانە قەپ و قیڕو قرمەو هەرا. بەناچار بامان داوە بۆلای وان و هەرچۆنێك بوو دیزە بەدەر خۆنەمان كرد. بەڵام زۆری پێ نەچوو كە هەواڵی هەلاتنی سەید عومەرو ڕفاندنی چەكی پێشمەرگەیەكیان پێ‌داین . هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو كە خۆی تەسلیم كردەوە و چەكی جاشیەتیی كردە شان و لە هاوسەنگەرییەوە بووە دوژمنی خوێنی!!

شەو بە سەر داهات و ناكۆكیی كاك عوسمان و كاك سەید برایمیش هەر بە چارەسەر نەكراوی مایەوە. بەڵام پیاو هەق بڵێ هەر دووكیان جانمی منیان دەویست و حورمەتیان دەگرتم. منیش لەو نیاز پاكی‌یەیان بە نیسبەت خۆمەوە كەڵكم وەرگرت و پاش نانوچا خواردنی شەوێ خۆم بۆ لای كاك عوسمان كوتاو پاش ماوەیەك قسە كردن داوام لێ‌كرد كە بە گیانێكی لە خۆبووردوویی‌یەوە بیر لە مەسەلەكە بكاتەوە. ماڵم قەبرە ئەویش دڵی نەشكاندم و بەڵێنی پێ‌دام. پاشان چووم بۆ لای كاك سەید برایم و ئەویش هاتە ڕەدایە و هەر دووكیان بۆ كۆبوونەوەیەكی بەرین و چارەسەر كردنی مەسەلەكە لەو كۆبوونەوەیەدا، دڵیان نەرم بوو.

ڕۆژی14 ی پووشپەڕی 1365ی‌هەتاوی ، هەر لە كوێستانی پشتی قوڵقوڵە، بە بەشداریی ئەندامانی كۆمیتەی شارستان، كۆمیتەی ناوچەكان و هەموو كادرە نیزامی‌یەكان، كۆبوونەوەمان دەست پێ‌كرد. سەرەتا باسەكە هاتە گۆڕێ و بە تێرو تەسەلی لە سەری دواین، بۆچوونە لێك جیاوازەكانمان لە تای تەرازوو نان و بە وردی



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵمان سەنگاندن. پاش دەمە قاڵێ و بەڵگە نواندن لە سەر بیرو بۆچوونەکان و شیکردنەوەیەکی وردی باسەکان کە ڕۆژو نیوەڕۆیەکی کێشا، لە سەر زۆربەی خاڵە سەرەکییەکان بە ئاکام گەیشتین.

هەرچەند هێشتا هێندێك خاڵ مابوون کە لە سەریان ساخ وەبین، بەڵام لە بەر ئەوە کە نە دەکرا لەوە زیاتر لەو شوێنە وەمێنین، پاشماوەکەمان بۆ داهاتوو لە شوێنێکی دیکە هەڵگرت و بەرەو پشتی" دەوسێنە و بنەخوێ" وەڕێ کەوتین . ئەو ڕۆژە و شەوەکەش هەتا بەیانیی بە ڕێگادا ڕۆیشتین و تاریك و ڕوونی بەیانیی خۆمان گەیاندە کوێستانی کونە قەڵێ. شەکەت و ماندوو ، پێشمەرگە بۆی لاڵ و پاڵ کەوتن. تیشکی خۆرەتاو زەویی گەرم داهێناو کاك ئەحمەدی محەممەد نژادیش لە کیسە خەوی‌دا لا ملی ئارەقەکەی دەرکردبوو. لەو دەمەدا کیسەڵێك بەلای‌دا ڕابرد بوو و تەماعی ئارەقە لستنەوە گرتبووی و بێ سێ و دوو لیێکردن خۆی گەیاند بوویە، کاك ئەحمەد کە وەخەبەر هاتبوو، تیلە چاوێکی دابوویە و سەری کیسەڵەکەی کە دیبوو، وای زانیبوو مارە، جا وەرە بە پێخواسی و کیسە خەو بە دوای‌دا ڕادەکشا و بە نێو چەقڵە کیفاراندا، دای قەڵاشتە خوارێ و هاواری کرد« مار». کاتێك چووین بە هاواریەوە و سەیرمان کرد ، کیسەڵ بوو. ئیتر لەو کاتەوە تا ئێستاش، شوێنی کیسەڵەکە بوو بە نەهێنی بۆ پێشمەرگەکان و بۆ ئاگادار کردن لە شوێنی یەکتری لەو نێوەدا کەڵکیان وەردەگرت.

چەند ڕۆژێکیش لەو نێوە ماینەوە و پاشان بەرەو ناوچەی ئاربەبا داکشاینە خوارێ. شەو درەنگانێك لە ئاوایی "ئەنجیلە و چیچۆران" کە ئاخرین دێی پشت جادەی "بۆیەن" بوون تیێپەڕین و بە چیای ئاربەبا هەڵ زناین. لووتکی ئاربەبا کە بە سەر هەموو ناوچەکەدا دەڕوانێ و شاری بانەی لە ئامێزگرتوە، مۆڵگەیەکی بە هێزی دوژمنی لێ جێگیر ببوو. هەورازێکی کووڕ و بەردرێژ، تینوێتی و شەکەتی بڕستی لێ بڕیبووین. بەڵام چارە هەر ڕێ پێوان ومەنزڵ بڕی بوو. بێ چرپە لە تەنیشت مۆڵگەکەوە تیێپەڕین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەو دیویدا کە پشتی ئاوایی "کانی بەن" و بە ئاربەباوە نووساوە، خۆمان بە بیشەڵانێك دا کرد.

کاتژمێر یەك و نیوی دوانیوە شەوێ بوو، ئەگەر چووباینایە نێو ئاوایی، مەودای ڕێگا بۆ شوێنی دیاری کراومان دوور بوو و نەمان دەتوانی تێپەڕین. ئەگەر لە نێو دێی کانیبەنیش مابایینەوە ، مەترسیی ئەوە دەکرا کە دوژمن هێرش بکاتە سەرمان و بە تەواویش لە گەمارۆش دا بووین. پێشمەرگەکانیش چەندی بلێی هیلاك و ماندوو بوون. مۆڵگەی ئاربەباش بە مەودایەکی کەم لە ژوور سەرمانەوە بوو. ڕێگای پاشەکشە کردنیشمان دەشتێکی کاکی بە کاکی و بەرەو شارێیی ئەسڵی بوو. هەر ئەوەندە ئاشکرا باین و تووشی شەڕباین ، لەوانە بوو تاقمان لێ دەرنەچێ. زۆرمان بیر لێکردەوە و جیا لەوەی کە ئەمجارەش ڕیسکمان کردبایە، ڕێگایەکی دیکەمان لە بەر نەبوو. لە سەر کانی و ئەستێراوێك لە بن سێبەری دار گوێزە چڕوپڕەکاندا خۆمان لێ مەلاسدا و هەست و خوستمان لە خۆ بڕی.

خواردەمەنیشمان هیچ پێ نەمابوو. ئەو ڕۆژەشمان بە برسیەتی بەڕێ کردو خواوڕاسان دوژمن پێی نەزانی و گیانێکی مفت و مەرحەبامان دەربرد.

بوومە لێڵەی نوێژی شێوانێکی درەنگی خۆمان بە ئاوایی "کانی بەن" دا کردو نانێکی بە تاڵووکەمان خوارد و بەرەو گوندەکانی " کۆخە مامۆ، بروێشکانی و کەپرە سەن" وەڕێ کەوتین. ئەو ڕۆژەشمان لەوێ گەیاندە زەردە پەڕێ و پێمان پێوەنا و"نێزە ڕۆ" بمگرەو هاتم . بۆ بەری بەیانیی گەیشتینێ و سەر خەوێکمان بۆ شکاند. پاشان هەموو کادرەکانمان کۆکردنەوەو پاشماوەی کۆبوونەوەکەمان دەست پێ کردەوە . باسەکانمان هێنانەوە گۆڕێ و بە دەنگی گشتی دوا بڕیارمان پەسند کرد کە ئاکامێکی باشی بۆ داهاتوو هەبوو.

حاجی مەلا برایمی ڕەحمەتی زۆر جاران دەی فەرموو: « قسە قسە دێنێ » منیش بە سەرهاتێکم وەبیر کەوتۆتەوە با لە ئێوەشی نەشارمەوەو ئەو هەلە لە کیس نەدەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەو گەشتەدا کاتێك لە ناوچەی مەیدانان بووین، ئێوارەیەکیان لە کۆخەکانی پشتی بەردەڕەشی خەریکی خۆ کۆکردنەوە بووین، پێشمەرگەکان چەکدارێکیان بە چاو ئەنگاوت و بۆی ڕاخزین. کاتێك هێنایان، « سەعید عوزاری» کۆنە پێشمەرگە بوو کە پێشتر خۆی تەسلیم کردبۆوە. بە قەڵافەتێکی لە خۆ ڕازیی سڵاوێکی لە زەوی کوتاو گوتی:

ـ هاتوومەوە دەریێ بۆ پێشمەرگایەتی و ئەم کلاشینکۆفە بێ قۆناغەش هی فەرماندەیەکی سوپایەو ڕفاندوومە!

ئەمن بڕوام پێ نەکردو گوتم :

ـ چەکی کەن .

کاك سەلیمی کاویانیش(8) پشتیوانیی لە بڕیارەکەی من کرد. پێشمەرگەکان چەکەکەیان لێوەرگرت و کۆڵە پشتییەکیان بە کۆڵ داداو بەرەو ئاوایی "دۆڵە هەرزن"وەڕێ کەوتین. نەفەرێکی دیکەشی بە بێ چەك لە گەڵ خۆی هێنا بوو کە هەر ڕۆژی دوایە خۆی نەگرت و بەرەو شار گەڕایەوە. کەوتینە بەیانیی و کاك سەید برایم گوتی :

ـ ئەوە پێوەندیی تەشکیلاتیی لە گەڵمان بووە و جێگای متمانەیە و ... .

چەکیان دایەوە و ڕەگەڵ کەوت و بەرە بەرە کار گەیشتە جێگایەك کە لە گەڵ بەرپرسەکان دەگەڕا و خۆی لە کارانیش هەڵ دەقورتاندو کوێخایەتی دەکردو تەنانەت کاك سەید برایم بێسیمێکی "یاشا"شی پێ سپارد بوو. هاوکات لە گەڵ ئەوەدا کاك ئەحمەدی محەممەد نژاد سەری هێنا بن گوێم و گوتی :

ـ هەواڵیان داوینێ کە ڕێژیم لە هەوڵی ئەوە دایە نموونەی بێسیمەکانمان وەدەست بێنێ. بۆیە من لە سەعید بە گومانم. منیش کە هەر لە سەرەتاوە لێی بە گومان بووم و بڕوام پێی نەبوو، چوومە لای سەید برایم و گوتم :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ـ براله! ئێمە شتێکی ئاوامان بیستووە و لەوە دەترسێم شەیتان زەللەی بەو کوڕە بکا و ئەو بێسیمە بڕفێنێ. باش بوو سەید برایم بەقای پێکردین و بێ سیمەکەی لێوەرگرتەوە. ئەو شەوە چووین بۆ نێزەڕۆیە و بەیانی ناردبوویان بۆ دیدەبانی ، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو کە دیدەبانەکان لە هەڵاتنی سەعید عوزار و ڕفاندنی چەکێکی دیکەش ئاگاداریان کردین! کاسبی‌یەکی خراپ نەبوو، بە دوو سێ شەو ، کلاشینکۆفێکی وەدەست هێنا و تێی تەقاند .

## پەراوێزەکان:

1: هاشم خەڵکی بانە و سەرەتا لە ڕێکخراوی موجاهیدیندا تێکۆشانی دەست پێکرد. پاشان ڕیزی پێشمەرگەکانی دێمۆکراتی هەڵبژاردو لە چاپەمەنیی کۆمیتەی شارستانی بانەدا کاری بۆ دیاری کرا. ماوەیەك چەکی دانا و کاسبیی دەکرد. پاشان بۆوە پێشمەرگە. ماوەیەك لە بنکەی بەغدایە کاری دەرمانیی پێ سپێردراو ئێستاش هەر لە سەنگەردایە .

2: شەك مەیدان کوێستانێکی سەر سەوزو زەنوێرو تا بلێی پان و پۆڕە. لە گەڵ ئەوەدا ئاخروئۆخری وەرزی بەهار یان سەرەتای هاوین بوو، هێشتا ڕنووی لانواڵان نەتوابوونەوەو تەوژمی سەرما لە ژێر سیفردا بوو. ئەگەریش بڕوا ناکەن، پێشمەرگەکان لە دەم ڕنووی بەفریێ کارگی تەڕو تازەیان دۆزیەوە و برژاندیان.

3: ڕەحیمی فەللاحی خەڵکی پەڕشە و هێشتا مێرمنداڵ بوو کە چەکی دەست دایە. لە بەشی نیزامی‌دا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوون. ئێستاش لە بەشی تەشکیلاتدا کار دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

4: ڕەشەقەڵات گوندێکە لە چەند کیلۆمیتریی شاری بانەو لە سەر شا ڕێیی بانە ـــ سەقزە. سەرچاوەی وزەی کارەبا (برق) و تۆپخانەی قورسی لێ دامەزراوە. لە گەڵ ئێمەش مەودایەکی ئەوتۆی نەبوو. لە گەڵ شاری بانە و چەندین مۆڵگەی دوژمنیش ئەم بەراوبەر بووین. بێجگە لە دارو دەوەن، هیچ سەنگەرێکی دیکەی لێ نەبوو. دوژمن هەر ئەوەندە هەستی کردبایین، بە تۆپ وکاتیوٚشاو دۆشکە و... شڕو شپرزەی دەکردین وکورد گوتەنی : « بە کولاوی دەگیراین ».

5: کاك ئەحمەد خەڵکی نستانی خەڵکی ناوچەی ڕەبەت و یەکێك لە کۆنە ئەندامانی حیزبە کە لە زەمانی شادا پەڕیوەی کوردستانی عێراق بوو. لە بەشی نیزامیدا بەرپرسایەتیی

جۆراوجۆری لە ئەستۆ بوو. لە دوو کۆنگرەدا بە جێگری کۆمیتەی ناوەنی هەڵبژێراو ئێستاش هەر لە سەنگەر دایە .

6: کاك سالح خەڵکی سەقزو ساسانیش خەڵکی بانە و هەر دووکیان نەترس و قارەمان بوون.

7: سەید عومەر خەڵکی "قایی بەرد"و ئامۆزای سەید برایمی هاشمی بوو. لە ساڵی 1358ی هەتاوییەوە پێشمەرگە بوو. سەرەنجام لە بەرگی جاشیەتیدا بە دەستی پێشمەرگەکان کوژرا.

8: کاك سەلیم خەڵکی بانەو کادرێکی لەمێژینە بوو. ماوەیەك بۆ ناوچەی ڕەبەت لە سەر داوای خۆی نەقڵ کرا. پاش کۆنگرەی هەشت لە گەڵ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کەوت و، بە داخەوە لە گوندی سەید سارم لە گەڵ چوار کادری دیکە بە ناوەکانی "ڕەشید عوسمانی(ڕەشە نەمەشیری)، تاهیری مەلا عەلی، مستەفای گولاویاغا(مستەفا چکۆل)و عوسمانی فەتاحی " کە تیم بوون و لە ماڵێکدا خۆیان حەشاردا بوو، لە لایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆ فرۆشێکەوە ڕاپۆرتیان لێدرا و، دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە گەمارۆی دان و پاش شەڕێکی قارەمانانە هەر پێنجیان شەهید کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئامۆژگاری یەکانی باوکم

ئەم بابەتە دەبا زووتر تۆمار کرابایە بەڵام هۆی ئەوە کە وە دوا خراوە، بە مەبەستی پاراستنی باری ئەمنیــیەتی یەوە بووە . چونکە ئەگەر ئەو دەم ڕێژیم بەو نەهێنی یەی ئێمەی زانیبایە گیانی باوکم بە تەواوی لە مەترسی دابوو . هەربۆیە بە ناچار هەڵم گرت بۆ پاش کۆچی دوایی باوکم .

حەڤدە ساڵی ڕەبەق بوو لە دیداری باوکم بێ بەش بوو . بە ئاواتەوە بووم هەر نەبێ جارێکی دیکە چاوم پێی بکەوێتەوە و چێژ لە وتە بە نرخ و پڕ لە ئامۆژگاری یەکانی وەرگرم . بەڵام ئەو ئاوەتەشم وەك زۆربەی خۆزیاکانی دیکەم جیا لە خەون و خەیاڵ نەبوو . چونکە لە لایەکەوە بەوردی لە ژێر چاودێریی بەرماو خۆران و گوێ لە مستانی کۆماری ئیسلامی دا بوو . لە بیانوویەك دەگەڕان ڕاپێچی چالەڕەشەکانی بدەنەوە و داخی دڵی پڕ لە قینی خۆیانی پێ برێژن . بەڵێن یان پێ مۆر کردبوو کە : هەر کات دەرکەوێ پێوەندیی لەگەڵ من دا هەبێ، سێ ساڵی دیکەشی بەند کەن و لەتەك سلوولی یەکان دا تاڵە واری مەرگی پێ بچێژن لە لایەکی تریشەوە بە هەورازی کووڕی تەمەن هەڵزنابوو، گوڕ و تینی جارانی لە دەست دابوو، خۆی گوتەنی : " تاقەتی زیندان و ئەشکەنــجەی نەمابوو" سەرنج بدەنە دوا نامەی کە لە وەڵامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نامەیەکی خۆم دا بۆی نووسی بووم و، بەم چەند وشە پڕ لە سۆز و هەستی باوکانەی لە بەرانبەر ڕۆڵەی تەرەو ئاوارەی دا دەربڕی بوو کە ئاوا دەست پێ دەکا :

نووری چاوەکانــم، ئارامی دڵ و گیانــم، ئەحــمەد گیانــم!

ساغی و سلاْمەتیت لە یەزدانی مەزن و بە توانا بۆ داوا دەکەم .

کوڕە خۆشەویستەکەم! پێنج مانگ بوو زۆر نەخۆش بووم . چوومە لای حەوت دوکتوران، ئیستا باشتــرم . بە چاو پێ کەوتنی نامەکەت بە تەواوی چاك بوومەوە و بۆم بوو بە شیفا .

ئەحــمەد گیان! دایکت چاوەکانت ماچ دەکا، دووعای خێرت بۆدەکات، تامزرۆی دیدارتە، بەلاْم ئەویش هەرساغ و نەخۆشە توانای هاتنی بۆ چاو پێ کەوتنت نیە، هەرجارێك لە ڕادیۆ خۆشەویستەکەمانەوە گوێ مان لەدەنگت دەبێ، بۆدیتنت کزە لەجەرگمان هەڵ دەستێ و فرمێسکانت بۆ هەل دەوەرێنین . بەلام پیبکەین ؟ رۆژگار وای کردوە کە هەر لە دوورەوە دەنگت ببیستین! هیوادارم تەمەن درێژبی و لەبەریوەبردنی ئەرکی پیــرۆزی رۆژانەت داکە خزمەت بەخاك ونیشتیمان و گەلە چەوساوەکەمانە، سەربەرزو سەرکەوتووبی .

ئەحمەد گیان! پەپوولە چەندە عاشقی شەمعە، ئەمن سەد ئەوەندە تامەزرۆی دیدارتــم . بەلاْم گلەیــیم لێ مەکە، زیندان زۆر ناخۆشە و منیش پیــر بووم، تاقەتی زیندانــم نەماوە، دەوڵەتەکە زۆر غەددارە، باوەڕی بە هیچ قانوونێکی مرۆڤایەتی نیە . ئەوەی تۆسقاڵێك لە بەرژەوەندیی ئەوان لابدا، بە کافر و دوژمنی خودا و ئیسلامی لە قەڵەم دەدەن، ڕوحم بە هیچ کەس ناکەن، هەموو یاسایەکی ئیسلامی و ئینسانی بۆ مانەوەی خۆیان و پاراستنی دەسەلاْتەکەیان ژێر پێ دەنێن!!

نووسیبووت کار نەکەم و لەوە زیاتر خۆم ماندوو نەکەم . بەلاْم من پێم وایە کار جەوهەری ئینسانە، بۆیە لە قەدەر خۆم وردە کاران هەر دەکەم و خەرجی خۆم دایکت پەیدا دەکەم . دەمەوێ تا ماوم بە ڕەنــجی شانی خۆم بژیم و منەتی کەس هەڵ نەگرم .

خۆ به ناشكوری نه‌بیٚ له سیٚبه‌رتان دا نه‌حه‌سامه‌وه، ئه‌تۆ ده‌ربه‌ده‌ر و حه‌سه‌نیش قاچیٚكی له ده‌ست داوه . به‌ڵام شوكور به به‌شی خودا . به‌وه‌ی خۆشحاڵم كه ئه‌و ڕیٚگایه‌ی تۆ گرتووته ڕیٚگایه‌كی پیاوانه‌یه . شانازی پیٚوه ده‌كه‌م، هیوادارم ئامۆژگاری یه‌كانــم له بیــر نه‌به‌یه‌وه . هه‌تا ماوی پیاوانه بژی، هه‌ر كاریٚكت كرد به پاكی بیكه، سه‌داقه‌ت و ڕاستی و پاكی له سه‌رووی هه‌موو شتیٚكه‌وه‌یه .

ئه‌حــمه‌د گیان! ئه‌گه‌ر كتیٚبی باشت هه‌ن كتیٚبیٚكم بۆ بنیٚره . خۆ له سایه‌ی سه‌ری جــمووریی ئیسلامی یه‌وه لیٚره كتیٚبی باش قات بووه . به ئاواتی دید ارت، به خودای گه‌وره‌ت ده‌سپیٚرم . سلاوم بۆ هه‌موو ڕه‌فیقه‌كانت هه‌یه، چاویان ماچ ده‌كه‌م . قه‌ت له خۆتان ئه‌مین مه‌بن . دوژمنی به‌كه‌م مه‌گرن و له خۆ بایی مه‌بن . خودای گه‌وره ئاگادارتان بیٚ .

## باوكی دڵ به زامت قادر 1371/6/1 ی هه‌تاوی

ڕۆژان هاتن و چوون و قۆناغه‌كان جیٚ گۆڕكیٚ یان كرد . منیش هه‌ر به ئاواتی دیتنه‌وه‌ی باوكم له ئاسۆی چاوه‌ڕوانیم ده‌ڕوانی و خه‌وم پیٚوه ده‌بینی . به‌ڵام وه‌ك ده‌ڵیٚن : " كه خوا كردی كاریٚ كه‌سی پیٚ ناچاریٚ " چه‌رخی چه‌پ گه‌ڕ كه بۆ ده‌میٚك به پیٚی ویستی من خولیٚكی لیٚ نه‌دا بوو، بۆسه‌یه‌كی دیكه‌ی بۆ نامه‌وه و ژاراویٚكی دیكه‌ی پیٚ چیٚشتم . ده‌ماوده‌می نویٚژی عه‌سری ڕۆژی 9 ی مانگی ڕه‌شه‌مــه‌ی ساڵی 1382 ی هه‌تاوی بوو، له ماڵی خۆمان دانیشتبووم و خه‌ریكی نووسینی ژیاننامه‌یه‌ك بووم . له نكاو ده‌نگی مامه قاله‌ی سووتوو په‌رده‌ی گویٚی له‌راندمه‌وه، له‌گه‌ڵ چه‌ند هاوڕیٚی دیكه له ده‌رگایان دا و، وه ژووریٚ كه‌وتن . ئه‌من لام وابوو هه‌ر بۆ سه‌ردان و دیدار بینی هاتوون . به‌ڵام بۆ چوونه كه ته‌واو پیٚچه‌وانه بوو . پاش به‌خیٚر هاتن و چاك و



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشی، مامە قالە چاوێکی لێ کردم و، وەك هەمیشە بە وتە نەرم و لەسەر خۆکانی دەستی پێ کرد و گوتی :

ـ کا ك ئەحمەد! ئەتۆ مرۆڤێکی دنیادیدە و شوکور بۆ خودا موسوڵمانیشی . پیاو جارێك لە دایك دەبێ و جارێکیش دەمرێ . بەشی ئێمەش کە پێشمەرگەین هەموو شتێکمان لە پێناوی وەدی هێنانی ئامانجی پیرۆزمان دا بەخت کردوە، دووری و دیدار ئاخرەتیی کەس کار و ئازیزانمانە . دەبێ هەمیشە چاوەڕوانی کۆچی دوایی یەکێك لە نزیکانمان بین . باوکت کە تەمەنێکی لێ گوزەرابوو، عەمری خودای کردوە . هیوادارم لە بەرانبەر ئەو ڕووداوە گەورەش دا خۆ ڕاگربی . خوا سەبووریت بد ا و جێگای ئەویش بەهەشت بێ . سوپاس بۆ خوا پیاوێکی ناودار و خزمەتگوزار، لە خواترس و قورعان خوێن و، خۆشەویستیی خەڵك بوو . چونکە خەڵکی لێ ڕازی بوو، ئیشەڵڵا خوداش دەی بەخشێ .

بە دوای ئەو چەند وشەیە دا فاتیحایان دادا و سەرە خۆشی یان لێ کردم . ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارێ چەند کەس لە دۆستان هاتن بۆ لام و هاو دەردی یان لەگەڵ کردم . وە سبەینێ ڕا لە سالۆنی کۆبوونەوەکان پرسەی ڕەسمی مان دانا، لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ڕا بگرە تا کۆمیتەی ناوەندی و زۆربەی نزیك بە تەواوی کادر و پێشمەرگەکان بەشداری پرسەکە بوون . دوای سەرە خۆشی و قوڕئان خوێندن، کاك عوسمانی ڕەحیمی(2) چوە پشت تریبوون و بە تێر و تەسەلی سەبارەت بە کەسایەتی و ڕابردووی باوکم و، خزمەتەکانی بە خەڵك و بزووتنەوەکەمان لە زەمانی کۆماری کوردستانەوە تا کاتی ماڵاوایی خواستنی لە ژیان بۆ بەشداران دوا . دواتر منیش وێرای باس کردنی چەند خاڵێك لە ئیرادەی پۆڵاین و ئیمانی بەهێزی بە خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان، سوپاسی بەشدارانم کرد کە بە هەق خەمەکەیان لەگەڵ بەش کردم .

بە دوای ڕێو ڕەسمەکەش دا کە چووینەوە ماڵێ، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی تێکۆشەرانی حیزبی لە هەموو کەمپەکان بە سەردان و، لەنێو خۆ و دەرەوەی وڵاتیش

دۆستان و دڵ سۆزان بە نامە و تەلەفوون و فاکس و ئیمەیل و ڕاسپاردە، بە ماوەی زیاتر لە مانگێك هاو دەردیان لەگەڵ کردم و، دڵ خۆشی یان دامەوە .

باوکم تەنیا باوك نەبوو بەڵکو بۆ من و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەمان و دەر و بەریشی، مامۆستایەکی شارەزا و دڵسۆز بوو . لە چارەسەر کردنی ناکۆکیی دەر و جیــرانان دا ڕیش سپی و پیاو ماقووڵ بوو، خەمی چەوساوە و زۆر لێ کراوانی لەبەر بوو، دوژمنی زۆڵم و چەوسانەوە بوو . دژی زۆر داران و جێی بڕواو متمانەی مرۆڤ دۆستان بوو . خوێندەوار بوو، ئۆگری خوێندنەوە بوو، قوڕعان خوێن و بانگ بێژ و ديندارێکی ڕاستەقینە بوو . هەربۆیە لەگەڵ ئەوە دا کە منیش وەك هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دیدار ئاخرەتی بووم و، نەمتوانی لە ژوور سەری دانیشم و دوا هەناسەکانی تەمەنی بەڕێ بکەم، ئەو شانازی یەم هەیە کە درێژە دەری بیــر و ڕێبازی ئەویم . هەروەك ئێستام لە بیــر ماوە کاتێك قوتابی بووم، شەو درەنگانێك لە ماڵی خۆمان لەگەڵ شەهید مامۆستا مەلا ڕەحیمی وردی کە مامۆستای ئایــینیی ئاوایی یەکەمان بوو و دەرسیشی بە ئێمە دەگوت، لەگەڵ باوکم سەریان بەسەری یەکەوە نابوو، بە سرتە پێکەوە دەدوان، ئەوەندەیان لێ حاڵی بووم کە باوکم گوتی :

ـ باشە مامۆستا گیان! ئەمن لە دەورانی کۆماری کوردستان دا شەرەفی ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانــم هەبووە و هەتا ئێستاش پێی وەفادارماوم . سبەینێ ئەگەر خۆدا کردی ئەو حیزبە سەرکەوت و بە مافی خۆی گەیشت، پاداشی من وەك ئەندامێك چ دەبێ؟

مامۆستا هەندێك مات بوو، لە فکران ڕا چوو، پاشان سەری هەڵێنان و چاوێکی لە باوکم کرد و، وەك ڕەوشتی هەمیشەی بە دەنگێکی نەرم و حەکیمانە گوتی :

ـ کاك قادر! پاداشی ئەندامێکی وەفا دار و ڕاستەقینەی حیزب، زۆر لەوە زیاترە کە بە چەند وشە بە تۆی ڕابگەیەنــم . تەنیا ئەوەندەت پێ دەڵێم : هەرکاتێك حیزب بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافی خۆی گەیشت، لە یەکەم هەنگاو دا دەستی بەگ و بەگلەرانت لەسەر کورت دەکاتەوە .

باوکم بەو مژدە خۆشە وەك گوڵ گەشایەوە، بزەیەك وە سەر لێوانی پەڕی و لێ بڕاوانە گوتی :

ــ دەسا هەتا زووە ناوم بنووسەوە، وەڵڵاهی ئەگەر بزانم حوکمی ئاغایانم لەسەر لا دەبا، هەر ئێستا هەڵم واسن حیزبیم و هەتا ئەو ڕۆژەی گیانم لەبەر دا بێ لێی ژێوان نابمەوە . جا دەسکەوت لەوە گەورە تر بە نسیب کێ دەبێ؟!

ئیتر لەو کاتەوە منیش ئاشق و ئەویندارى ڕێبازی حیزبی دێمۆکڕات کوردستان بووم، ئاواتم ئەوە بوو زوو تر گەورە ببم و بتوانم پێوەندیی بەو حیزبەوە بگرم کە سەرەنجام بەو ئاواتە مەزنە گەیشتم .

پاش سەر کەوتنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلانی ئێران لە ساڵی 1357 ی هەتاوی داو، تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، چومە لای باوکم و دوای هەندێك باس و خواس گوتم :

ـ بابە گیان! دەمەوێ ڕێبازی تۆ درێژە پێ بدەم . پێوەندیم لەگەڵ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان نوێ کردۆتەوە، ئەگەر تۆ ڕازی بی ئاواتم ئەوەیە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لەبەرکەم و، ئەوەندەی لەدەستم بێ و لەتوانام دابێ، خزمەت بە حیزب و بزووتنەوە ڕەواکەمان بکەم و بەشێکمان لەو شۆڕشە دا هەبێ و لە و شانازیە مەزنە مەحرووم نەبین .

کاتێك ئەوەی لێ بیستم کە نازانم چاوەڕوانی بوو یان نا! سەرەتا ماتی دایگرت و هێندێك لە فکران ڕاچوو . پاشان سەری هەڵێنا و، چاوێکی پڕ لە هەست و سۆزی باوکانەی لێ کردم و، بەڕاوێژێکی مامۆستایانە و لەسەرە خۆ گوتی :

ـ ئەحمەد گیان! ئەمن تازە لەو تەمەنە دا توانای بەڕێوەبردنی ئەرکی پێشمەرگایەتیم نەماوە، ئاواتیشم ئەوەیە ئەو ڕێبازە پیرۆزە کوێر نەکەینەوە . بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەندی بیــری لێ دەکەمەوە لە هێز و توانای جیسمیی تۆ ڕانابینم کە بتوانی ئەو ئەرکە قورسە وە ئەستۆگری . ژیانی پێشمەرگایەتی پڕ لە تەنگ چەڵەمەیە، چاوت لە ئێستا نەبێ کەحیزبی دێمۆکڕات دەسەڵاتی بە دەستەوەیە و حوکماتێ دەکا . ئەمن لە ماهییەتی ئەو دەوڵەتە ڕا نابینم هەروا سووك و حاسان مافی کوردی وەبەر چاو گرێ . حیزب تووشی شەڕێکی خوێناوی دەبێ، دەوڵەتیش بە قەوەتە، تانگ و تۆپ و تەیارەی هەیە، ڕۆژی هەزار کەسی لێ بکوژرێ بە خەیاڵی دا نایە، ئێوە باشاری ناکەن، هەموو شار و دێهاتەکانتان لێ داگیــر دەکەنەوە و ئێوە بە شاخی هەڵ دەگەڕێن . دەر بە دەر دەبن، برسی و تینوو دەبن، شوێنی حەوانەوە و حەسانەوەتان لە کوردستان بۆ نامێنێ . زۆران پاڵ وە ڕێژیم دەدەن، جاش و جاسووس پەید ا دەبن و ژیانتان لێ تاڵ دەکەن . ئەتۆش ناشکوری نەبێ وەك بێشکەی شکاو هەر بەملاولا دا دەکەوی، پشتت عەمەل کراوە، وجوودت زەعیفە و بەرگەی سەرما و گەرما ناگرێ . بۆیە بەپەلە بڕیار مەدە، بیــری لێ وەکە، هەموو لایەنەکانی لایەنەکانی وەبەرچاو گرە، نەکا پاش ماوەیەك ماندوو ببی و ئابڕووی خۆت و ئێمەش بەری!

وتەکانی باوکم کە لە دڵێکی کەیلی مەیلی دڵسۆزی، ڕاستی، پاکی، سەداقەت و ورد بینی یەوە سەرچاوەیان گرتبوو، لەسەر سەفحەی دڵم نەخشیان بەست . دەم زانی چ دەڵێ، ئەو دوور دەی ڕوانی و پاشەڕۆژی وەبەر چاو گرتبوو . بەڵام منیش ڕەمەکی و سەرپێیی بڕیارم نەدابوو . بۆیە بە خاتر جەمی گوتــم :

ـ بابە گیان! وتەکانی تۆ هەڵ دەگرن بە ئاوی زێڕ لاپەڕەی مێژوویان پێ پڕ بکرێتەوە، هەموویان پەند و ئامۆژگاری بوون . بەڵام بە دڵ نیایی یەوە دەڵێم : هەموو ئەو خاڵانەم وەبەر چاو گرتوون . دەزانــم لەوانەیە دەر بە دەر بین و دیدار ئاخرەتی هەمووتان ببم . بەڵێنت پێ دەدەم هەتا هێزم لەبەر دا بێ ئەو ڕێگا پیــرۆزە بەر نادەم . ئیشەڵڵا کەسایەتیی تۆ ناخەمە ژێر پرسیارەوە و سەری تۆ و بنەماڵەکەشــمان بەرز ڕا دەگرم .



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

به دوای ئەو باس و خواسە دا کە دوو بە دوو لەسەر بانیژەکەی خۆمان دانیشتبووین، دەستێکی بەسەری دا هێنام و، ئایەتەلکورسی یەکی خوێند و فووی لێ کردم و گووتی :

ـ هەرچەند دوور کەوتنەوەی تۆ بۆ من و دایکت عەزابێکی ڕووحی یە و هەتا دەمرین لەگەڵمان دەبێ، بڕۆ بە خودام سپاردی . بەڵام ئەگەر کوڕی منی و لە عەمر و نیەم دای، هەتا ماوی ئەم چەند ئامۆژگاری یەی باوکت لە بیر مەکە :

1 ـ لە هەر جێگایەك و لە هەر پۆست و مەقامێك دا بووی، خودات لە بیر نەچێ .

2 ـ ئەگەر بەرپرسایەتی یەکت لە ئەستۆ بوو، لە خۆ بایی مەبە و بەچاوی ڕێزەوە بڕوانە ئەو کەسانەی لە بەر دەستت دان و کارت لەگەڵ دەکەن، چونکە ئەوان تۆیان بەو پایە گەیاندوە .

3 ـ هەمیشە کارێك وە ئەستۆ گرە کە لە حەوودەی بێی و تێی دا سەرکەوی .

4 ـ هەوڵ بدە حیزبەکەت و گەلەکەت و نیشتمانەکەت لە هەموو شتێك خۆشتر بوێ .

5 ـ ڕاستی و پاکی و سەداقەت بکە بە سەر مەشقی ژیانی شۆڕشگێڕیت و، مافی کەس بۆ کەس ژێر پێ مەنێ و، هەمیشە ویژدانی خۆت بکە بە قازی .

6 ـ لە سەرکەوتن دا غروور نەتگرێ و دوژمن بە کەم مەزانە .

7 ـ قەت درۆ مەکە، درۆزن دوژمنی خودا و خەڵکە، خودا ڕاستە و ڕاستی لێ خۆش دێ .

8 ـ حورمەتی هاوڕێ و هاو سەنگەرانت بگرە با شەخسییەتت بپارێزن . هەرکەس حورمەتی خۆی بە شانی خۆیەوەیەتی .

9 ـ لە قەزاوەت دا هێدی و لەسەرە خۆ بە، لەگەڵ کەسانی لە خۆت زانا تر ڕاوێژ بکە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

10 ــ هەڵس و کەوتی ڕۆژانەت لەگەڵ خەڵکی دا ژیرانەبێ و، بێ حورمەتی بەکەس مەکە .

11 ــ لە هەڵچوون دا بڕیار مەدە با دەستی ژیوانی لە ئەژنۆ نەدەی .

12 ــ بە خۆ هەڵکێشان و بە خۆ دا هەڵگوتن نەك هەر کەسایەتیت ناچێتە سەرێ، بەڵکوو سووك دەبی . هەروەك خۆ بەکەم گرتنی لە ڕادە بە دەریش زیانت پێ دەگەیەنێ . بۆیە ئەو داوەری یە بە خەڵك بسپێرە .

13 ــ شتی ناڕەوا لەکەس قەبووڵ مەکە . چونکە مرۆڤ جارێك دەبێ و جارێکیش دەمرێ . هەق وێژ و خاوەنی فکری خۆت بە و هەتا ماوی بە سەر بەرزی بژی .

14 ــ لە دەست تەنگی و نەبوونی دا عیززەتی نەفست هەبێ . سەری بێ ڕۆزی لە بن خاك دایە، خودا کڵاوی بۆ بەڕوو دروست کردوە .

15 ــ ئەگەر لە شەڕ دا دوژمنتان ئەسیــر کرد، بێ حورمەتی بە دیلەکان مەکە . چونکە لەبەر دەستت دا بێ دەسەڵاتن، حیز فرسەت مەبە .

جاکوڕی خۆم! ئەگەر ئەو ئامۆژگاری یانە لە گوێ گری، هەم خودا و هەم خەڵکیش لێت ڕازی دەبێ و، لە لایەن منیشەوە گەردنت خۆش و ئازا بێ . چاوەڕوانــم تاریفی تۆ لە خەڵکی وەبیەم . ئەو کات خۆم بە سەربەرز دەزانــم و شانازیت پێوە دەکەم . بڕۆ خودای گەورە لەسەر لانی خێر و چاکە دەست بە عەمرتەوە بگرێ .

ئەوە کۆمەڵە ئامۆژگاری یەك بوون کە لە یەکەم قۆناغی دەست پێ کردنی ژیانی پێشمەرگایەتیم دا وەك یادگارێکی پڕ دەسکەوت لە باوکم وەرگرتن . هەر لەبەر چاوی خۆی لە دەفتەرە گیــرفانی یەکەم دا خاڵ بە خاڵ یادداشتم کردن و لەتەنکەی باخەڵم نان . بۆیە دەڵێم پردەسکەوت : چونکە لەو سەردەمە دا کەبە هگاوە کرچ و کاڵە کانــم قۆناغی لاوەتیم دەپێوا و، ئەزموونێکی ئەوتۆم لەژیان نەبوو، بوونە گەورەترین مامۆستا و ڕێ نوێنم لەوە بەدواوەش هەرجارێك چووبامەوە لای، یەکەم پرسیاری ئەوە بوو داخوا ئامۆژگاری یەکانــم لە گوێ گرتوون یاننا؟ هەموو جارێکیش لە کاتی خوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حافیزی دا ئایەتەلکورسی یەکەی دەخوێند و، فووی لێ دەکردین و بە سۆزەوە دەیگوت :

ــ دەبڕۆن ڕۆڵە! بە خودای بێ هاوتاو دەسپێرم . ڕەببی بەردی سارد و گەرمتان وەبەر پێ نەیە و بەو دووعایانەبن کە من بۆتان دەکەم . ڕێگای ڕاست بگرن ئیشەڵڵاسەردەکەون . بە خودای هەموو شەوێك لە وەختی نووستــن دا ئایەتەلکورسی یەك دەخوێنم و بۆ لای ئێوەی بەڕێ دەکەم و لە خودا دەپاڕێمەوە کە لە بەڵای ناگەهان و تیــری چڵکنان بتان پارێزێ . چی بکەم هەر ئەوەندەم لە دەست دێ .

هەروەك ئێستا لە بیــرم ماوە پاییــزی ساڵی 1365 ی هەتاوی بوو کە بۆ دواجار چوومەوە بۆ لای، تازە لە گرتوو خانە ڕزگاری ببوو، باسی زیندان و چۆنیەتیی بەندی وانەکان و، بێ حورمەتی کردن بە زیندانی یە سیاسی یەکان و، جۆری ئەشکەنــجەکانی بۆ گێڕامەوە، لە ئاخرخریی قسەکانی دا هەناسەیەکی بۆ کڕووزاوی هەڵکێشا و گوتی :

ــ ئەحمەد گیان! لە زیندانێ سوێندیان داوم کە دڵخۆشیت بدەمەوە خۆ تەسلیم بکەیەوە! ئەمن بۆ ئەوەی سوێندەکەم لێ نەکەوێ، پێت دەڵێم وەرەوە . بەڵام بە قسەم مەکە . چونکە ئەو ڕێژیــمەی ئەمن ناسیومە، بۆیە نابێ سەری بۆ نەوی بکەی . ئەو شانازی یە لە کیس خۆت و بنەماڵە کەمان مەدە . هەتا حیزبی دێمۆکڕات هەبێ ئیشەڵڵا هەر دەش بێ، ئەوە بەخێوت دەکا . ئەگەر خوای نەخواستە حیزبیش نەما، لە دێ یەکی کوردستانی عێراق دانیشە، دڵ نیابە ئەگەر سواڵم بۆ کردبی نایەڵم بێ ناز بی و بەخێوت دەکەم . بڕوانە وێنەی ژمارە 32) .

بەهاری ساڵی 1366ی هەتاوی کە بە هۆی دەرێنانی گورچیلەیەکمەوە توانای گەڕانەوە بۆ ناوچەم نەما و لە شاری سلێمانی ئەرکم بۆ دیاری کرا، باوکم هاتە سەردانــم و بۆ ماوەی چەند ڕۆژان پێکەوە بووین . دوای باس و خواسێکی زۆر فەرمووی :



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەحمەد گیان! هەوڵێکی زۆرم دا بۆ ئەوەی بێم بۆ لات و بت بینمەوە . ئیتلاعات بەو مەرجە ڕێگەی پێ داوم کە دڵخۆشیت بدەمەوە و لەگەڵ خۆم بت بەمەوە! تەنانەت گوتیان : " ئەگەر بەقسەی نەکردی و لەگەڵیشت نەهاتەوە، با چەکەکەی دانێ و هەر لەوێ درێژە بە ژیانی شەخسیی خۆی بدا . ئەگەریش نەیتوانی خۆی بژیەنێ، ئێمە لەباری ماددی یەوە یارمەتی دەدەین . ئەگەر پێشی خۆش بوو بچی بۆ خاریج، بەمەرجێك هاوکاریـمان بکا ئێمە کار هاسانی بۆ دەکەین " ئەمن بۆ ئەوەی ئیجازەم پێ بدەن بەڵێنم پێ داون کە دڵخۆشیت بدەمەوە و لەو ڕێگایەی بۆیان دیار کردووی، یەکیان هەڵ بژێری . بەڵام ئەمـجاریش پێت دەڵێم بەقسەم مەکە . چونکە ئەوانە کۆمەڵێك ئاخوندی ڕەگەز پەرستی بەرچاو تەنگ و بێ قەول و بەڵێنن کە تەنیا مانەوەی خۆیان و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان مەبەستە و هیچی دیکە . لەو پێناوەدا لە ئەنـجام دانی هیچ پیلان و کردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتی دەست ناپارێزن . ئەوانە درۆزنن، چاو بەستن، فێڵاوین، دوو ڕوون . سادەش نین، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان زیرەکن . دەزانن کوێی زەویەکەیان نۆکان دێنێ . خەریکی ئەوەن بە هەر فڕ و فێڵ و کەڵەك و داوێك بێ، کەسایەتی یەکەت لێ وەستێنن! دەیانەوێ ناوت بەخراپە بزڕێنن . ڕەنگە جاری دیکەش بە هۆی کەسانی دیکەوە لێت ڕاپرسن و سێوە ڕەت بۆ هەڵ ڕێژن، وریای خۆت بە، فریوی خۆش گوزەرانی و قەول و بەڵێنی بە درۆ نەخۆی . ئەم ژیانەی ئێستا ی تۆ کە ڕەنگە لە زۆر بوارانەوە دژوار بێ و لە زۆر شتان مەحرووم بی، سەد بەرابەری ژیانی ئێمە خۆشتـرە، چونکە جێگای شانازیی هەمـوو مرۆڤێکی ئاقڵ و تێ گەیشتووە، چونکە کەسایەتیی شۆڕشگێڕانەی لەگەڵە، چونکە سەرت بۆ ئەو دوژمـنە غەددارە نەوی نەکردوە، چونکە بە ئازادی دەتوانی دەنگ هەڵ بڕی .

ئەحمەد گیان! ئەمن دەمرم و ڕەنگە جارێکی دیکە نەت بینمەوە، ئامۆژگاری یەکانـم لە بیـر مەبەوە . ئێوە لەبەر چاوی دۆست و دوژمن زۆر گەورەن، خۆتان بە کەم مەزانن، ئەوەش بەو مانایە ناڵێم کە لە خۆبایی بن و خەڵك بە کەم بگرن! ئێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوڕی ئەو خەڵکەن، ئەگەر خەڵك و بە پشتیوە نەبێ، بەرگەی ساڵێك ناگرن . بۆیە دەبێ حورمەتی خەڵکی بگرن، بۆ ڕاویژ و بیــر و ڕاکانیان گوێ ڕادێرن، ڕێ نوێنی یان لێ وەرگرن، پێشنیارەکانیان وەبەر چاو گرن . ئەگەر ڕەخنەیان لێ گرتن پێ یان هەڵ مەشاخێن و لێ یان تورە مەبن . زۆر شت هەیە ئەوان دەیزانن و ئێوە لێی بێ خەبەرن . ئاگاشتان لە خۆتان بێ، دوژمن لێ تان خافڵ نیە، هەمیشە بۆتان لە کەمین دایە . ئیتــر بە خودای گەورەتان دەسپێرم .

ئەوە دوا دیدار و دوا وتەی باوکم بوو لەگەڵم . ئیتــر بە خزمەتی نەگەیشتمەوە و دیدار ئاخرەتی یەکتــر بووین . بەڵام ئامۆژگاری یەکانی هەروا لە گوێم دا دەنگ دەدەنەوە . هەر لەوێ بەڵێنم بۆ دووپات کردەوە کە لە قسەی دەرنەچم و تا ئێستاش لەسەر ئەو بەڵێنە ماوم . پاش ماوەیەك منیش ئەم پارچە شیعرەم لەگەڵ نامەیەك بۆ بەڕێ کرد کە بە داخەوە وێنەی نامەکەم نەماوە :

حەز دەکەم بت دوێنم بابە!
باوکی ئازیزم! قیبلەی هیواکەم
تاجی سوڵتانیم، پشت و پەناکەم
بڕبڕەی پشتم هێز و هەناوم
ڕووناکیی دیدە گلێنەی چاوم
پڕشنگی ڕێزێن وەرزی بەهارم
شەوبۆی نیو باخچەی گوڵ و گوڵزارم
بابە گیان! قەسەم بەقەلبی پاکت
بە مەوجی دەریای بیــری ڕووناکت
یادی ڕۆژانی پێکەوە بوونــمان
تاسەی ئەوینی ناخی دەروونــمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێ مان ون ناکا گێژاوی دووری
هەستم دەبزێوێ ڕەمزی سەبووی
دژی کۆیلەتی و زوڵم و بن دەستی
ڕێگام گرتوە بەرەو سەربەستی
شەرابی عەشق و ئازادیم نۆشی
بەرگی پیـرۆزی پێشمەرگەم پۆشی
نەینووکی خەبات هەر دەم لە شوێنی
ناخی دەروونی هەستم دەدوێنێ
دەی ڕازێنمەوە بەخوێنی گەشـمان
تابلۆ زێڕینی باڵای کوردستان
هەستم چلا و چڵ وێنەی باڵداران
دەبڕێ پێ دەشت و کەل و کۆساران
کام نەغمە جوان بێ بۆ کوردەواری
لەهەستی دەروون دەیکەم بە دیاری
دژی دژخیم و نامۆ و بێ گانە
خوێنم ئاگرە و سینەم گڕکانە
دەست لە نێو دەستی برای هاو خوێنم
بە زۆری بازوو زنـجیـر دەپسێنم
بۆ جەستەی دوژمن زمان پشکۆیە
هاوارم گرفە و گڕ و بۆ سۆیە
چینی زۆر داران هەڵ دەپڕووکێنێ
مژدەی ئازادیی گەلـم بۆ دێنێ
دەخیل بابە گیان! مەگری بۆ ڕۆڵە

**مەڵێ جێگاکەی لە نێو مان چۆڵە**
**کارت تێ نەکا پەژارەی دووری**
**دەبینی بەهرەی ڕەنــجی سەبووری**
**بڵێ بە دایکم ئەسرین نەڕێژێ**
**بۆ دووریی ڕۆڵەی حەسرەت نەچێژێ**
**بە هیوای بەرز و بڕوای سەبووری**
**بشکێنێ تاسەی ڕۆژانی دووری**
**بە خوات دەسپێرم سەرچاوەی ژینم**
**ئاواتە خوازم سیمات ببینم**

**( بـــــڕوانـــــە وێـــــنـــــــەی ژمـــــارە 33 )**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قسەی خۆش و نوکتەی بە تام و چێژ

هەروەك لە پێشەکیی کتێبەکە دا ئاماژەم بۆ کردوە، بۆ ئەوەی باسە کان خوێنەر ماندوو نەکەن، بۆ زاخاوی مێشك و دەمە زەرد کردنەوەی هەستی خوێنەران، نێو بە نێو قسەی خۆش و نوکتەی بەتامیشم تێکەڵ کردوون . نوکتەکانم لە هەر کەسێك بیستبن هەر بە ناوی ئەو کەسەوە تۆ ماریان دەکەم و لە خێر و شەڕیان بێ بەریم .

کاك هێمنی سەیدی بۆی گێڕامەوە و گوتی : ماشێنێکم بە کابرایەکی هەولێری دەفرۆشت . دوای یەکتر سوونەوەیەکی زۆر ڕێك نەکەوتین . لە کاتی لێك جوێ بوونەوەمان دا کابرا گوتی : تکایە ئەو ماشێنەت بە هەر کەس فرۆشت وێنەیەکی لێ هەڵ گرە . منیش پێم سەیر بوو! نەمدەزانی مەبەستی چیە . بۆیە گوتم : دەی پێشم بڵێ بۆ ئەو کارە بکەم؟ گوتی وەڵڵا هەر بۆوەی دوایە بزانی ئەو ماشێنەت بە چ کەرێك فرۆشتوە! کاك هێمن گوتی : ئەو کاتە تێ گەیشتم کاتێك ئەو کابرایەی ماشێنەکەی پێ فرۆشتم بۆچی وێنەیەکی لێ هەڵ گرتم .

****



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر کاك هێمن گێڕایەوە و گوتی : برادەرێکمان بوو مەشرووبی نەدەخواردەوە . لێمان پرسی بۆ ناخۆیەوە؟ گوتی : وەڵڵا دەڵێن تاڵە بۆیە ناخۆمەوە . برادەرێکمان گوتی : کاکە وەڵڵا هەر پێکی هەوەڵی تاڵە بۆ ئەوانی دی هەست بە تاڵی ناکەی . کابرا گوتی : دە بۆم تێ کەن . پیاڵەیەکیان بۆ تێ کرد و هەڵی گرت و لەو لا خۆیەوە ڕشتی و گوتی : ئەوە تاڵەکەم ڕشت ئەوجار بۆم تێ کەن .

❊❊❊❊

دوکتور ئەبوبەکر عوسمان گێڕایەوە و گوتی : کوردێك تووتی یەکی بە عەرەبێك فرۆشت . عەرەبە هەر چی هەوڵی دا بۆی فێری زمانی عەرەبی نەبوو، هەر بە کوردی دەدوا . عەرەبە قینی لێ هەڵ گرت و پەڕ و باڵی لە بن هەڵ کەندن و بە ڕووت و قووتی بەڕەڵڵای سەر شەقامی کرد . خەڵکیی لێی وەکۆ هاتن و بەسەر سوڕمانەوە گاڵتەیان پێ دەکرد . تووتی یەکە چاوێکی پێ دا گێڕان و گوتی : خەڵکینە پێم پێ مەکەنن، بە خوای لەسەرکوردایەتی تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە بووم .

❊❊❊❊

کاك فەتاحی کاویان گێڕایەوە و ناوی نەفەرەکانیشی برد، بەلام ئەمن بە هۆیەك لە ناو بردنیان خۆم بوارد . دوو کەس لە ناوچەی مهاباد لەم دێ بۆ ئەو دێ بوون بە هاو سەفەر . لە ڕێگا دا یەکیان بەوی دی دەڵێ : بۆ دوو قسەی خۆشمان بۆ ناکەی؟ ئەویش لەو دەمە دا بایەکی لێ دەبێتەوە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگەنە سەر كانی و ئاوێك و دەست نوێژێ دەگرن و نوێژێ دەكەن و وەڕێ دەكەونەوە . هێندێك دەڕۆن و ئەوجار ئەوی دی دەڵێ : ئەرێ كاكە بۆ قسەیەكی خۆشـمان بۆ ناكەی؟ ئەویش لەسەرەخۆ دەڵێ : قوربان! دەست نوێژم هەیە!

❊❊❊❊

لە مێرووڵەیان پرسی سەرت بۆ هێندە زلە؟ گوتی : ئەوە نیشانەی ئاقڵ و تێ گەیشتنە . گوتیان : نێو قەدت بۆ ئەوەندە باریكە؟ گوتی : ئەوە نیشانەی نەجابەت جوانـخاسی یە . گوتیان : ئەدی قوونت بۆ ئەوەندە ئەستوورە؟ گوتی : جا توخوا كەسێك نامووسی هەبێ باسی قوون دەكا؟!

❊❊❊❊

مامە قالە سووتوو گێڕایەوە و گوتی : پۆلێك مامۆستا ئایـینی و كۆمەڵێك خەڵك كۆڕی مەجلیس و قسەی خۆشیان گەرم بوو . لەو دەمە دا نەفەرێك گوتی: ئەرێ مامۆستا! سەگ بۆچی گولاوە؟ یەكێك لە مامۆستا كان نەی هێشت ئەوانی دیكە وە جواب بێن و گوتی : وەڵڵاهی كاكە! سەگی فەقیـر گولاو نەبوو و مەلا گولاویان كرد .

❊❊❊❊



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم نوکتانەی خوارەوە بە گشتی کاک سـمایل قەلەڕەشی بۆی گێڕامەوە کە زۆربەیان لەسەر ناوچەکەی خۆیانن . هیوادارم سەردەشتی یەکان لیم عاجز نەبن . ئەمن چۆنی بۆ گێڕاومەوە و هەر وەك خۆی تۆماریان دەکەم :

پیاوێك بە ناوی مام سلێمان خەڵکی یەکێك لە دێهاتەکانی ناوچەی سەردەشت، ڕۆژێك ئاوی وێنجەی دەدێرێ . مام سلێمان کە سەبیلە کێش بوو سەبیلەکەی لەنێو وێنجەکە دا لیّ ون دەبێ . دەست دەکا بە گەڕان بە دوای سەبیلە دا . هەوا تاریك دەبێ هەر نای دۆزێتەوە . خێزانەکەی بانگی دەکا : ئەرێ سلێمان ئەوە بەو درەنگ وەختە لە چی دەگەڕێی بۆ نایەوە بۆ ماڵێ؟ مام سلێمان دەڵێ : وەڵا ژنەکە سەبیلەکەم لیّ ون بووە بۆ وی دەگەڕێم . خێزانی دەڵێ : وەرەوە لیّی گەڕێ بەو تاریکە تازە نای دۆزیەوە . مام سلێمان کە زۆر تامەزرۆی سەبیلە کێشان دەبێ، بە توو ڕەیی یەو دەڵێ : ئەی بووك زێڕین، ئەمشۆ بە (ق . . .)ی تۆ سەبیلە بکێشم؟!

****

پیاوێك بە ناوی مام حەسەن خەڵکی یەکێك لە دیهاتەکانی ناوچەی سەردەشت، ڕۆژێك لەگەڵ کوڕەکەی سەفەری ورمێ یان بەر دەکەوێ . بەیانیی خۆیان ئامادە دەکەن و بە خێزانەکەی دەڵی نان و قەند و چامان بۆ وەپێچە . کوڕەکەی کە ناوی محەممەدە دەڵێ : کوڕە بابە ئابڕوومان دچێ خۆ ئێمە ناچینە چۆڵەوانی، نان و قەند و چامان بۆ چیە؟! بەڵام مام حەسەن بە گوێی دا ناچێ و دەڵێ : کاکە شتی خۆمان بێ منەتبا پێمان بێ .

نان و قەند و چای لە هەمبانەی داخنێ و لە شانی دەکا . دەگەنە ورمێ و بەبەر دەمی دووکانەکان دا تێ دەپەڕن . مام حەسەن لا دەکاتەوە بۆ لای کوڕەکەی و دەڵێ : محەممەد، محەممەد . . ئاها تۆ دەتگوت حەیبە هەمبانەی بەرین ئەوە ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرایەش وەك ئێمە هەمبانەی بە شانیەوەیە . مـحەمـمەد کە چاو لێ دەکا دەڵێ : کورِ بابە ئەو خۆمانین لە شووشەی دووکانەکە دا دیارین .

❊ ❊ ❊ ❊

ژنێکی خەڵکی قەلەڕەشێ دەچێ بۆ شاری سەردەشتێ . کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ مەلای ئاوەدانی لە ماڵێ ئەوان دەبێ . سلاوێ دەکا و دا دەنیشێ . مامۆستا کە پیاڵە چای بە دەستەوە دەبێ دەڵێ : دەی براژن خەبەر و باسی شاری مان بۆ بگێڕەوە ، هەرزانی و گرانی چۆنە؟ ژنەش دەڵێ : خەبەر و باسی چی مامۆستا شت لە کڕین نایە ، بە خوای گووسەگەی لە زاری تۆدایە (مەبەستی قەندەکە دەبێ) تەورێزیی بە دووسەد و پەنـجا توومەنە .

❊ ❊ ❊ ❊

پیـرێژنێکی خەڵکی ڕەشە هەرمێی ناوچەی سەردەشت بۆ مەڕ دۆشین دەچێ بۆ نێو مەڕی لە ڕێگا دا کوڕە جحێڵەیەکی تووش دەبێ . کوڕەکە دەڵێ پووریێ وەرە سواری ئەو گوێ درێژەبە ، بەڵام چەقڵە کەنگری پێوە یە لە دەستانت هەڵ نەچن . پیـرێژن دەڵێ : ئەدێ دەلێی گوونی تۆم تێ هەڵ دەچێ .

❊ ❊ ❊ ❊

کابرا یەکی قەلە ڕەشی لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە کاروان دەبن . لە ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق دەبن . لای نیوە ڕۆیە کابرا بۆ کۆ کردنەوەی دار و چێو بۆ

چایی دەم کردن لە کاروانە کە دوور دەکەوێتەوە و گاوانێکی پیـر و یەکی گەنج بە چاو دەنگێوێ کە گەنـجەکە خەریکی پیـرەکەیە . کابرای قەلە ڕەشی خۆیان تێ ناگەیەنێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای کاروان چی یەکان . دوای ماوەیەك کابرا پیـرە دەچێ بۆ لای کاروان چیەکان و سلاوێ دەکا و دەڵێ : ئەرێ خزمینە! خەبەر و باسی ئێرانێ چیە؟ کابرای قەلە ڕەشی دەڵێ : وەڵا خاڵە گیان! لە وێش پیـر و گەنـجە گاوانەکان هەروەك ئێرە دەکەن . پیـرە کە دەزانێ تەقەڵی دەرکەوتوە ، سەر وەبەر خۆ دەنێ و دەڵێ : کەوابێ خوا حافیز . کابرای قەلە ڕەشی دەڵێ : ئەگەر حاڵی بووبی خوات لەگەڵ .

****

ئەو کات وەك ئێستا جاددەی ماشێن بۆ دێهاتەکان نەکشابوو . کابرایەکی خەڵکی شڵماشێ بارێك ترێ لە گوێ درێژێك دەنێ و بەرە و شاری سەردەشت وەڕێ دەکەوێ . لە ڕێگا دا تووشی بە تووشی چەند سەرباز و گروبانێکەوە دەبێ . گروبان تەما لە گوێ درێژی کابرا دەکا . بە سەربازە کان دەستوور دەدا کە کابرا بـخافلێنن و بۆ خۆشی خەریکی گوێ درێژەکە دەبێ! کابرای شڵماشی کە دەبینێ گروبان فێڵی لێ کردوە و دەسەڵاتیشی نابێ، بە دەنگێکی مەزلوومانە دەڵێ : بە قوربانت بـم جەناب سەر وان زوو زوو بژەنە بازارِم لێ درەنگ دەبێ .

****

دوو کچی هەولێری بەرەو شاری کۆیە سواری تاکسی دەبن . لە ڕێگا دا تووشی دەستەندازێك دەبن و کابرای لێخورِ فریا ناکەوێ هێواشی بکاتەوە . لە دەستەندازی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدا و هەڵ دەبەزنەوە . یەکێك لە کچەکان دەڵێ : ئۆخخەی وەڵڵا بە نیوە (گ . . . ) یێك دەبوو . کابرای شۆفیـر کە گوێی لێ دەبێ پاشە و پاش دەکشێتەوە . کچەکە دەڵێ : ئەوە بۆ دەگەڕێـیەوە؟ کابرای لێخور دەڵێ : دادە گیان! دەمەوی (گ . . . .)کەت تەواو کەی .

****

کابرایەکی گوندی سنجوێ سەر بە ئالانی سەردەشت، تووشی مـنداڵێکی هەشت نۆ ساڵەی فێڵ باز دەبێ کە دوو کەو بارِی پێ دەبن . کابرا دڵی دەچێتە کەوبارِەکان و داوا لە مـنداڵەکە دەکا پێی بفرۆشێ . سەودایان سەر دەگرێ و هەتا کابرا پووڵەکەی بۆ دەردێنێ، مـنداڵە کە کەو بارِەکان لە باخەڵێ دەخا و کوولەکەکەی بە بەتاڵی وێ دەدا و دەڵێ : جا هەتا ماوەیەك نابێ سەری کولەکە کە بکەیەوە، دەنا لێت بەرِەڵڵا دەبن و بۆت ناگیـرێنەوە . کابرا بێ ئەوەی چاوی لێ بکا کولەکە بە بەتاڵی دەباتەوە بۆ گوندی و هەتا دوو رۆژان هەر بە کوونی کوولەکە کە دا کوللەیان بۆ تێ داوێ و سەرەکەی ناکاتەوە . پاش دوو رۆژان کە تـماشا دەکا کوولەکە بە تاڵ و حەتاڵە . ئەوجار تێ دەگا کە مـنداڵە کە خەڵە تاندوویەتی .

****

کابرایەکی بانەیی کاروان چی دەبێ . ساڵانی زووش کە چەتە و رِێ گر بە پێی فیلان بوون، چەندین جا ر رِووت کرابوو . کابرا بیـر دەکاتەوە کە پارەکەی لە کوێ وە شێرێ و چەتەکان رِێی پێ نەبەن؟ سەرنـجام گوێچکەی ئێستـرەکەی لە هەموو جێگایەك بە بێ شك تر دەزانێ . پارەی دە توورەکەیەك دەخا و لە گوێی ئێستـرێ دا حەشاری دەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێك دەگاتەوە ماڵێ بە لە خۆ بایی بوونەوە بە خێـزانی دەڵێ : بڕۆ ئەو پوولەی بێنە ئەمـجارەیان فیلم لە چەتەكان كرد و نەیان دۆزیوەتەوە، ئەوە لە گوێی ئیستــرە كەدا شار دوومەتەوە . چونكە چەتەكان تەنیا جێگایەك كە ئاقڵیان پێ نەشكا بی پشكنن ئەوێ بوو . بەڵام كاتێك دەچن لە مێژە ئێستــر گوێی پێكدا داون و پارە هەڵ وە ریوە .

* * * *

لە یەكێك ل دێهاتەكانی ناوچەی سەردەشت پیاوێك ناوی ڕەمەزان و خێزانەكەشی ناوی هەمینە . ڕۆژێك ڕاپۆرت دەدرێ كە پێشمەرگە لەو نێوەدان . حەجەم بە ناوچەی وەر دەبن و دەچنە مووچەی مام ڕەمەزان كە خۆی و خێزانەكەی لە وێ دەبن . حەجەمە دەڵێ : حاجی! كۆمەڵەیی دێمۆكراتی نەدیدی؟ مام ڕەمەزان دەڵێ نە بەخوای نەم دیون . دەڵێ : ئەهلی كوجایی؟ دەڵی قەلە ڕەشێ . حەجەمەكە دەڵێ : كارتی شناسایی بدە . مام ڕمەزان تێی ناگاو ئەو داوایە چەند جار دووپات دەبێتەوە . ئەوجار خێزانەكەی دەڵێ : پێم وایە داوای سجیلی دەكا . مام ڕەمەزان سجیلەكەی لە گیـرفانی دەردێنێ و دەیداتە دەستی . حەجەمە دەڵێ : خوب من یەك ساعەتە همین و میگم . مام ڕەمەزان دەڵێ : زۆر حەیبە بۆ تۆ جەناب سەروان دەڵێی هەمێنێ دەگێم! هەمین خێزانی منە! ( ئەم نوكتەیە خدر بەگیش بۆی گێڕامەوە) .

* * * *

مەلایەك دەچێتە سەردەشێ ماڵ بە كرێ دەگرێ و شان دەداتە بەر كاسبی . لەو لاشەوە مەلاژن لەگەڵ كوڕە جحێڵەیەك دەست تێكەڵاو دەكا . جیـرانەكان كە تێ دەگەن مەلا ژن هێلكان دەدۆڕێنێ زۆریان لەبەر گران دەبێ . بە مەلا دەڵێن كە مەلا ژن



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگەڵ فلان کەسێك دەستی تێکەڵ کردوە . مەلا دەڵێ : باوەڕ ناکەم خێزانم خەیانەتم پێ بکا . دەڵێن : مامۆستا دیتوومانە . دەڵێ : بۆ نەتان گرت؟ دەڵێن لەبەر کەسایەتیی تۆ پێمان باش نەبوو بیگرین . دەڵێ : جا ئەگەر ڕاست دەکەن جارێکی دیکە دەرگای لەسەر داخەن و بانگم کەنەوە .

ڕۆژێکی دیکە کوڕە پارێز دەباتەوە بۆ مەلا ژنێ . جیرانەکان بۆی دەچن و کوڕە لە دەستیان خۆی پەل دەکا و هەڵ دێ . جیرانەکان مەلای ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام مەلا هەر باوەڕ ناکا و دەڵی : بۆ نەتان گرت؟ جیرانەکان کە زۆر نارەحەت دەبن مەلای جواب دەکەن . بەڵام مەلا بە قسەیان ناکا . جیرانەکان شکایەتی لێ دەکەن . مەلا و مەلاژن بانگ دەکرێنە دادگا و مەسەلەکەیان لەگەڵ باس دەکەن . مەلا دەڵێ درۆ دەکەن . ڕوو دە مەلاژنێ دەکەن و ئەویش دەڵی بەڵێ ڕاستە . لێی دەپرسن بۆ خۆت ئەو کوڕەت خۆش ویستوە یان بە زۆر هاتوە؟ دەڵێ : بە زۆری نەبوە و بۆخۆم خۆشم دەوێ .

ئەوجار دادگا ڕوو دەکاتەوە مەلا و دەڵێ : ئەتۆ دەڵێی چی؟ مەلا دەڵێ : جیرانەکان منیان خۆش ناوێ و بوختان بۆ خێزانم هەڵ دەبەستن . دادگا دەڵێ : ئەوە نیە خێزانت بۆ خۆی پێ لە ڕاستی یەکە دەنێ . مەلا دەڵێ : خێزانم تەحریك کراوە، ڕاست ناکا، لە من زیاتر کەسی خۆش ناوێ .

****

مام سمایل هەبوو لە قەلە ڕەشێ لە ژیانی دا حاجەتی وە کەس نەدەدا . ڕۆژێك محەممەد ناوێك دەچێتە لای و دەڵێ : مام سمایل هاتووم بۆ گوێ درێژەکەت هێندێك گیام لە پەرێزێ ماوە پێی دێنمەوە . مام سمایل دەڵێ : بریا بۆ گا جووتەکان هاتبای ئەو ڕۆ کەرەکەم بۆ خۆ کار پێ یە . محەممەد دەڕوا و دوای چەند ڕۆژان دەچێتەوە و دەڵێ : مام سمایل! زەویەکەم داشتوە هاتووم بۆ گا جووتەکان پێی

بکێڵم . مام سمایل دەڵێ : بریا بۆ کەرەکەی هاتبای ئەو ڕۆ گا جووتەکەم بۆ خۆ کار پێن . محەمەد قسە ناکا و دەڕوا .

ڕۆژێك مام سمایل دەچێتە ماڵی محەمەد و دەڵێ : حەمە گیان! هاتووم خەشەکانم وێ دەی هێندێك کام لەسەر خەرمانێ ماوە پێی دێنمەوە . محەمەدیش نایکاتە نامەردی و دەڵێ : مام سمایل خۆزگە بۆ ڕەشکەکان هاتبای ئەم ڕۆ خەشەکانم بۆ خۆ کار پێن . مام سمایل قسەی خۆی دەناسێتەوە و دەڵێ : باشە خوا حافیز . محەمەدیش دەڵێ : ئەگەر حاڵی بووبی خوا حافیزت بێ .

****

لە سەرەتای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلانی ئێران لە ساڵی 1257 ی هەتاوی دا، بەرەبەرە پاسگاکانی ڕێژیمی شا لە لایەن خەڵکەوە دەستیان بەسەر دادە گیرا و تاڵان دەکران . پاسگای نێو کورداریش یەکێك لەو پاسگایانەی ناوچەی سەردەشتە و دەکەوێتە بەر پەلاماری خەڵکی ناوچەکە . کابرایەکی خەڵکی شڵماشێ کە هەواڵە کە دەزانێ تەماعی تاڵان دەیگرێ و خۆی بۆ دەکوتێ . بەڵام دەبینێ کە پاسگا تاڵان کراوە و هیچی لێ نەماوە . لەو کاتە دا لە تەنشت پاسگاکە حەمامێکی سەیاری بە چاو دەنگێوێ . بێ ئەوەی بزانێ حەجەمێك لە وێ دا خۆی شاردۆتەوە گوریسی تێ وەردێنی و لە کۆڵی دەنێ . حەجەمەش لە ترسان نقەی ناکا . کابرا دەگاتەوە پشت ماڵەکانی شەڵماشێ و، حەجەمەکە بە دەستی لە حەمامەکە دەدا و دەڵێ : برا برادری شڵماشی! ئگر ئجازە بدی من پیادە می شم! کابرا کە گوێی لە دەنگی حەجەمە کە دەبێ، حەمامی فڕێ دەدا و بەرەو ئاوایی دەی قووچێنێ .

ـــ ناوی کاك حوسێن بوو ـــ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

❊❊❊❊

کابرایەکی شڵماشی دەچێتە ئاوایی کۆڵەسەی خوارێ و لە ماڵێك میوان دەبێ . ئێوارێ دەبینێ جیرانەکەی ئەو ماڵە کەرێك لە ژێر خانە کە دەبەستنەوە . کاك حوسێن شەو تامی کەر دزین لە کەللەی دەدا . زەویش بەفر گرتوویەتی و بە شوێنەکەی دەدۆزریتەوە . بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێ، گوریسی داوێتە نێو قەدێ و لە کۆڵێی دەنێ بۆ شڵماشێ . بەیانی قاو بلاو دەبێتەوە و میوانی کابراش نەماوە . بەلام شوێنی کەرەکەی لە ئاوایی نەچۆتە دەرێ . کابرایەکی شوێن گێڕ کەلە شوێنی کاك حسێن دەڕوانێ، دەڵێ : ئەم شوێنە کەرەکەی بە کۆڵ هەڵ گرتوە . ئەوەی چۆن بۆ دەرکەوتووە؟ ئەم شوێنە زۆر لە بەفرە کە چەقیوە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە سەڵت نەبوە و کۆڵەکەی قورس بووە . وەسەر شوێنەکە دەکەون بۆ شڵماش و کەرەکە لە ماڵی کابرا دەدۆزنەوە .

❊❊❊❊

کاك سمایل دەڵێ پوورئامانی خەڵکی قەلە ڕەشێ بۆ خۆی گێڕاویەوە کە ئێواری مانگای دۆشیوە . لەو دەمە دا کوڕێك بە ناوی ئەحمەد لە دواوە ناوەشی پێ دا دەکا و دەڵێ : پوور ئامان! بە قوربانت بم کاری وام دەگەڵ بکە! پوور ئامانیش کە لە حەودەی نایە و خۆشی لە دەستانی بۆ پەل نابێ، ئەو کارە لێرە ناکرێ، خەڵك دەزانن ئابڕووم دەچێ، بەرمەدە با بچینە ژوورێ . ئەحمەد لە خۆشیان پوورئامانێ بە ردەداو لە ژوورێ هەڵ دەکێشێ . پوور ئامانیش بە دوای دا وە ژوورێ دەکەوێ و، کلکە پاچێکی لێ دەست دەداتێ و بە هەموو توانای خۆی لە گازرای پشتی ئەحمەدی دەسرەوێنی و یەکی دی و . . . . . . . . . شی لێ دەدا . لەگەڵ هەر کلکە پاچێك بە قسەی خودی

پوورئامان ئەحمەد دەڵێ : پوور ئامان! بە قوربانت بـم، گووم خوارد، حاریكی دیكە غەڵەتی وا ناكەم .

****

خدر بەگ بۆی گێڕامەوە گوتی : مام ئەحمەدی دۆڵە تووی ناوچەی سەردەشت دەچێتە ژێر خانەكەیان و سەری لە كۆڵەكەیەك دەكوتێ . زۆری ئێش پێ دەگا و دەڵێ : دەتگێم، وەڵڵاهی دیخۆنی بەردێكی لە دەستان خۆش هەڵ دەگرێتەوە و لیی دەكشێتەوە لە كۆڵەكەی دەسرەوێنێ . بەڵام بەرد هەڵ دەبەزێتەوە و لە تەختی نێو چاوانیی دەدرێ و خوێن فیچقەی دەكا! .

****

حەسەنی مامە قالە گێڕایەوە و گوتی : كاك مەنافی خەڵكی پیـرانشار دیواری بۆ هەمزە سارتكەیی دادەنا . شاگردەكەی بەردێكی بۆ هەڵدا ولە تەنافەكەی دراو پچڕاندی و گوتی : وەڵڵا تەناف و منافم گا . مەنافیش هیچ قسە ناكا . نیوەڕۆیە دەچنە نێو ماڵێ و نان و چای دەخۆن و مەنافیش لیوانێك هەڵ دەگرێ و بەری دەداتەوە و دەڵێ : وەڵڵا لیوان و میوانـم گا .

****

لە سلێمانی حیزبی كەرانیان پێك هێنابوو . كادرێك دەنێرنبۆ هەولێرێ بەڵكو لەوێش هێندێك لایەنگر وە خۆكەن . پاش چەند ڕۆژان كادر دێتەوە و لێی دەپرسن



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داخوا چەند کەسی وە لای حیزبەکەیان ڕاکێشاون . ئەویش دەڵێ : خەمتان نەبێ، دیوارێك بە دەوری شارە کە دا بکێشن هەموو هی خۆمانن .

❊❊❊❊

کاك هەمزە ئاگووشی گێڕایەوە و گوتی : کابرایەکی سلێمانی و یەکی هەولێری بە زیرەکی خۆیان هەڵ دەگوت . ئەوی هەولێری دەیگوت : خەڵکی هەولێر لە هەموو بارێکەوە لە هی سلێمانی زیرەك ترن . ئەوی سلێمانیش گوتی : بڕۆ ماڵت خرانەبێ زیرەکی چی ؟ وەڵڵاهی قەڵایە لابەن هیچتان ماڵێ خۆتان نادۆزنەوە .

## بەم زووانەچاوەڕوانی لە چاپدەرچوونی بەرگی دووهەمی : بەدەم ڕێگای ژیانەوە بن .

هاوکاری و ماندوو بوونی ئەم بەڕێـزانە جێگای ڕێـز پێ زانینە :

1 ـ هاوڕێی لە مێژینە و دۆستی دڵسۆزم، خوا لێخۆش بوو کاک عوسـمانی ڕەحیمی لە پێداچوونەوە و ڕێ نوێنی کردنـم لەباری سیاسی یەوە .

2 ـ کاک سەید جەلالی ساڵحی لە تایپی بەشێکی کتێبە کە .

3 ـ ئاکامی کوڕم لە تایـپی بەشێکی کتێبە .

4 ـ کاک جلیلی گادانی لە هەڵە چنی و نووسینی پێشەکی .

5 ـ کاک فەتاحی کاویان لە هەڵە چنی .

6 ـ کاک بیـرەوەر مەهدەوی لە هەڵە چنی .

7 ـ کاک ئەیـوبی شەهابی ڕاد دیزاین وێنەی سەربەرگی کتێبە کە .

8 ـ کاک فایەق مەحـموودی لە ئیسکانی وێنەکان .

9 ـ کا ک خالیدی یووسفی ، مۆنتاژی کتێبەکە .

10 ـ ئاکامی کوڕم لە ڕیزبەندی بابەتەکان .

11 ـ سوپاس بۆ کاک هاوژین خاوەنی چاپخانەی _____ کە لە هەمو بارێکەوە یارمەتی داوم و بۆ لە چاپ دانی کتێبە کە هاوکاریی تەواوی کردووم .

هەروەها ئەم بەڕێـزانە کە دڵگەرمیان کردم و هانیان دام بەردەوام بـم لە نووسینی ئەم کتێبە :

کاک هەیاس کاردۆ، کاک قادر وریا، کاک برایم لاجانی، مامۆستا ئەبووبەکری فەلسەفی .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ١ :

شەهید مامۆستا مەلا برایمی حیکمەت

لە ئەرشیڤی کاک حەسەنی مامە ڤالە وەرگیراوە ، سپاسی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٢ :  شەهید مامۆستا مەلا ڕەحیم وێردی

لە ئەرشیڤی کاک حەسەنی مامە قالە وەرگیراوە کە سپاسی دەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٣ : لە راستەوە : نەسرین ساڵحی- تەڵاپزشکی (نەرمین )-دڵکەش قادری- هاجەرقادری-گەلاوێژپزشکی-بۆخۆم-عیسمەت ساڵحی-مریەم پزشکی- ئەختەرقادری-

لە ڕاستەوە : کوڕەکان : عەلی خودایی-عەلی شایان-مەجیدعلی زادە- فەتاحی خودایی-حەسەنی عەبدوڵلایی-حسین فرووزش- رەسووڵ رەحمانزادە-سدیق رەمەزانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٤ : لە راستەوە چوارکەسەکە : قوربان مروەتی (مەلاقوبە ) –بۆخۆم –
حەسەن عەبدوڵلایی – عوسمان بارانی(مەلا عوسمان) –دانیشتووەکە : حسەین فرووزش



وێنەی ژمارە ٥ : لە راستەوە : ئەحمەدی قادری – شەهید دوکتورقاسملوو

دیارە ئەو وێنە هی ئەوکات نیە .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژمارە ٦ : لە راستەوە : ١ ـ سەید برایم هاشمی ـ ٢ ـ ئاسۆ حەسەن زادە - ٣ ـ ئەحمەدی قادری ـ ٤ ـ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




وێنەی ژمارە ٧ : لە راستەوە : مامۆستا مەلا ئەبووبەکر فەلسەفی ـ ئەحمەدی قادری

بەهاری ١٣٧٨ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٨ :

شەهید مەلا قادری وێردی

لە ئەرشیفی کاک حەسەنی مامە قالە وەرگیراوە کە سپاسی دەکەم .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٩ - مزگەوتی نیروان - لە راستەوە : عوسمان رەحیمی -
رەحمان خدری - ئەحمەدی قادری - عەلی خورشیدی - حەمە سوێروەیی -
میرزاحسەین بەدیعی - کاک هاشم کەریمی - ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ١٠ : ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە: شەهید سمایل ئەمینی - ڕەحمان محەممەدی- عەلی ئەمینی(بووبە جاش وکوژرا) -عەبدوڵڵاکەریمی- عەزیزمەحموودی- حامیدی سەعیدئاغا- شەریف قارەمان- قادری یوسفی(شەهیدقالەوسوو) -ئەحمەدقادری-شەهیدناسر ڕەشیدی –

دانیشتووەکان لە ڕاستەوە : نووری کەریمی- ڕەحیم پەڕشەیی- حسەین کەریمی- مەنسورئەسراری- برایم شارعی- سەعیدشێنانی- ڕەحیم ڕەحمانزادە(ڕەحیم شازدە)- سەلیم چاوشین ...ئەم وێنە پاش گێرانەوەی " دۆڵی نجنێ ومەنیجەڵان" کێشراوە ولە ئارشیڤی ڕەحیم پەڕشەیی وەرگیراوە کە سپاسی دەکەم.



وێنەی ژمارە ١١ : لە راستەوە : ئەحمەدی قادری – محەممەدی سپەند -
عەزیز مەحموودی -



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ١٢ : ئەحمەدی قادری ـ بانە
- گوندی سالووک ـ ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ١٤ : شایی پێشمەرگەکان - بانە-گوندی کانی برایم –

لە ئارشیڤی هاشم عەزیزی وەرگیراوە کە سپاسی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ١٥ : بانە - چۆمی سارتکێ – ساڵی ١٣٦٤



وێنەی ژمارە ١٦ : لە راستەوە : ١- ئەحمەدی قادری -٢- محەممەدی سپەند -
٣- نەناسراوەتەوە - ٤- ئەحمەدی محەممەد نەژاد – ساڵی ١٣٦٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ١٧ : ناوچەی بانە - گوندی مێوەکاژاو – جێژنی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٤ی هەتاوی کە بەڕێوەبەری بەرنامە بووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژمارە ١٨ : جێژنی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٦٤ی هەتاوی ـ ناوچەی بانە-
گوندی مێوەکاژاو ـ بەڕێوەبەری بەرنامەی جێژنەکە بووم .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژمارە ١٩ : لە راستەوە : کەریم ساڵحی (کەریم سووتاو) ـ عەزیز مەحموودی ـ خاڵە مستەفا(شەهید مچەڕەش) ـ لە ئەرشیفی هاشم عەزیزی وەرگیراوە کە سپاسی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٢٠ : لە ڕاستەوە : سدیق مامی جەمال – ڕەحیم پەڕشەیی – لەسەر جەنازەی شەهید جەمال خانە کۆخانی – پاییزی ١٣٦٤- بانە- گوندی ماڵتە- وەرگیراوە لە ئاڕشیوی ڕەحیم پەڕشەیی کە سپاسی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




وێنەی ژمارە ٢١



وێنەی ژمارە ٢٢ : کۆنگرەی ٧ ــ ١٣٦٤ی هەتاوی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٢٣ : کۆنگرەی ٧ – لە راستەوە : محەممەدی مەدەنی – ئەحمەدی قادری –
خوالێخۆشبوو مەلا خالید عەزیزی – ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



وێنەی ژمارە ٢٤ : لەگەڵ شەهید کاک دوکتورقاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژماره ٢٥ : مزگەوتی زەرواو : لە راستەوە : ١ ـ ئەحمەدی قادری ـ ٢ ـ ئەحمەدی محەممەد نەژاد



ژماره ٢٦ : کۆبوونەوەی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ کادروپێشمەرگەکانی هێزی ئاربەبا ـ خاکەلێوەی ١٣٦٥



ژماره ٢٧ : ئاسایشگای گەڕەدێ : سەردانی شەهید دوکتور قاسملوو لە
کادروپێشمەرگەکانی هێزی ئاربەبا ـ خاکەلێوەی ١٣٦٥ ی هەتاوی



ژماره ٢٨ : ئەحمەدی قادری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژماره ۲۹ : لە راستەوە : ١ـ حەسەنی برام
ـ ٢ ـ ئەحمەدی قادری --- ئەم وێنە هی
کاتی سەربازی یەکەیەتی.



ژماره ٣٠ : ئەحمەدی قادری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژماره ٣١ : ئەحمەدی قادری ـ بەندەنی کونە قەل ـ ساڵی ١٣٦٥ ی هەتاوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ژماره ٣٢ : پاییزی ١٣٦٥ : لەراستەوە : ١- رزگار -٢- خۆم -٣- باوکم



وێنەی ژمارە ٣٣ : باوکم ودایکم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org